hewalname.com/ku/

# سیکیولاریزم و
# دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا
(ئەزموونی پارتی داد و گەشەپێدانAKP)

hewalname.com/ku/

# سیکیولاریزم و
# دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا

(ئەزموونی پارتی داد و گەشەپێدانAKP)

hewalname.com/ku/

م. هاکان یاڤوز
و. لە ئینگلیزییەوە: عومەر عەلی غەفوور

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە (٨٣٤)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.sardem.info

Secularism and Muslim
Democracy in Turkey
M. Hakan Yavuz
University of Utah

hewalname.com/ku/

■ **سیکیولاریزم و دیموکراسیی ئیسلامی لە تورکیا**

نووسینی: م. هاکان یاڤوز
وەرگێڕانی: عومەر عەلی غەفوور
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٧٠٠ دانە
نرخ: ١٢٠٠٠ دینار
چاپی سێیەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٧ کوردستان ـ سلێمانی
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٤٣)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە
■مافی لەچاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# پێرست


پێشەکیی وەرگێڕ ........ ٩
ئەم کتێبە ........ ١٧
کورتکراوەکان ........ ٢٩
حزبی ئیسلامی چییە؟ ئایا ئاکپارتی حزبێکی ئیسلامییە؟ ........ ٣١
گۆڕانی حزب/ بزوتنەوەیەکی ئیسلامی ........ ٤٠
حزبی ئیسلامی چییە؟ ........ ٤٤
کەی و چۆن حزێکی ئیسلامی لە ئیسلامیبوون دەکەوێ؟! ........ ٥٠

-١-

**پاشخانی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی ........ ٥٩**
فاکتەرە یاریدەدەرەکانی سیکیولاریزم: خزمەت و یاسا ........ ٦٥
ئەرکی DRA: ئیسلامێکی ڕۆشنگەر ........ ٧٨
پێنج قۆناغەکەی گەشەسەندنی سیاسیی تورکیا ........ ٨٣
گوتاری سێ سەرەی دەوڵەت: ........ ١٠٤
دیمەنی ئیسلامی: مالیکردن لەڕێی هاندان و سزادانەوە ........ ١٢١

-٢-

**بنەچە سیاسی و ئابوورییەکانی AKP: ........ ١٢٩**
کایەی سیاسی: بوون بە حزب ........ ١٣٦
دەرفەتی ئابووری ........ ١٤١
ئەکتەری نوێ: بۆرژوازیی ئیسلامی ........ ١٤٤
کاریگەریی بازرگانانی ئیسلامی لەسەر کایەی گشتی و بەکاربەرگەرایی ١٥٣
بەکاڵاکردن و بەکۆمەڵایەتیکردنی چالاکیی ئیسلامی ........ ١٥٨
فەلسەفەی شارەوانییەکانی پارتی ڕەفا ........ ١٦٧
پرۆسەکەی ٢٨ی شوبات و دەسەڵاتە دەستوورییەکان ........ ١٧١
حزبێکی سیاسی: حزبی فەزیڵە ........ ١٨٧


hewalname.com/ku/

-٣-

**ئایدیۆلۆژیا، سەرکردایەتی و ڕێکخستن ........................................ ٢٠٣**
ناسنامە و ئایدیۆلۆژیای AKP: موحافیزەکار بەبێ ترادیسیۆن ٢١٠
دیموکراسیی موحافیزەکار ........................................ ٢٢١
سێکوچکەی موحافیزەکاری: خێزان، عوسمانیزم و دینداری ..... ٢٣٦
سەرکردایەتی لە بەرانبەر دیموکراسی ........................................ ٢٤٨
دەنگدەران و ناسنامەی ناوچەیی حزب ........................................ ٢٦٢

-٤-

**شەقاوە و مافخوراو: ئەردۆگان و گیول.... ........................................ ٢٨٧**
ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ........................................ ٢٩٣
کەسایەتیی ئەردۆگان ........................................ ٢٩٦
ژیانی ئەردۆگان ........................................ ٢٩٩
ئەردۆگانی سیاسەتمەدار ........................................ ٣٠٨
زمانی سیاسیی ئەردۆگان ........................................ ٣١٥
عەبدوڵلا گیول: پیاوی دووەم ........................................ ٣٢٥
پاڵەوانە فیکرییەکەی گیول: نەجیب فازیڵ کیساکورەک ............. ٣٢٩
گیول وەک پەرتکەری حزبی فەزیڵە ........................................ ٣٣٨

hewalname.com/ku

-٥-

**مۆدەکانی سیکیولاریزم ........................................ ٣٤٣**
جۆرەکانی سیکیولاریزم (عەلمانییەت) ........................................ ٣٤٥
ڕەخنەی ئیسلامی لە سیکیولاریزم و دیموکراسی ........................ ٣٥٦
سێ مۆدێلی سیکیولاریزم لە تورکیا ........................................ ٣٦٣
عەلمانییەتی ئاکەپە: نە "جیاکردنەوە" نە "کۆنترۆڵ" ............... ٣٧٥
ناوچە جێمشتومڕەکانی سیاسەتی عەلمانی ........................................ ٣٨٤
شەڕی سەرپۆش ........................................ ٣٨٨
زینا و ئاکەپە ........................................ ٣٩٣

-٦-

**پرسی کورد و ئاکەپە** ........................................ **٣٩٩**
ئیسلامیزمی کوردی ........................................ ٤١٤
گژبەری بۆ دەسەڵاتی کلاسیکیی ئایینی: حزبوڵڵای کوردی ...... ٤٢١
سیاسەتە کوردییە ناکۆکەکانیAKP ........................................ ٣٤٠
دیدی ئەردۆگان بۆ پرسی کورد ........................................ ٤٣٦
"تورکیبوون" وەک ناسنامەی سەرەکی لە بەرانبەر ناسنامەی لاوەکی ٤٤٤
بەربەستی ١٠% و DTP لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٧دا ................ ٤٤٩
پەخشی کوردی و ڕۆژ تیڤی ........................................ ٤٥٧
عێراق و پرسی کورد ........................................ ٤٦٠

-٧-

**سیاسەتی دەرەوەی AKP** ........................................ **٤٦٧**
سیماکانی سیاسەتی دەرەوە و چینەکانی ناسنامە .................... ٤٧٤
چینەکانی ناسنامەی تورکیا و تێڕوانینەکانی بۆ سیاسەتی دەرەوە ..... ٤٧٧
پێوەرەکانی کۆپنهاگن: سەرمەشقیی ئاکەپە بۆ گۆڕانی ناوخۆیی ........ ٤٨٦
ئیسلاماندنی ناسنامەی ئەوروپی لە بەرانبەر ئەورووپاندنی ئیسلام ٤٩٤
وێنەی ئەورووپا لای ئاکەپە: "بوونە..." لە بەرانبەر "چوونە ناو..." ...... ٤٩٨
کاریگەریی گەشتەکەی یەکێتیی ئەورووپا .................... ٥٠٦
گرێگوێرەکە: کێشەی قوبرس ........................................ ٥١٢
کزبوونی نەشوەی یەکێتیی ئەورووپا ........................................ ٥٢٠
تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا-ئەمەریکا .................... ٥٢٣
تێکشکانی متمانە: جوولەکەی یەکی ئاداری ٢٠٠٣ .................... ٥٣١
سیاسەتی پێچەوانەی بەردەوام ........................................ ٥٣٦

**قەیرانی سیاسی و هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ ........................................ ٥٤٥**
ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ٥٤٨
گردبوونەوە کۆمارییەکان .................................................................. ٥٥٤
نیگەرانییەکانی سوپا: جیاخوازیی کورد و جەماعەتی گیولەن .. ٥٥٩
جیاخوازیی کوردی ......................................................................... ٥٦٦
چالاکییەکانی جەماعەتی گیولەن ..................................................... ٥٦٨
گۆڕانی ئاکەپە .............................................................................. ٥٧٣
شیکردنەوەیەک بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ ........................................ ٥٧٦
نیگەرانیی پاش هەڵبژاردن: دەستووری نوێ .................................... ٥٨٥
ترس لە "زۆرینەگەرایی"ی ئیسلامی ................................................... ٥٩٤
دەرەنجام: کۆتایی جووت دەسەڵاتی و زمانی سیاسیی کریۆل ٦٠٣
پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان: کۆتایی جووتسەروەری .... ٦٠٥
زمانێکی سیاسییانەی نوێ ............................................................... ٦٠٦
ئەخلاقی بازرگانی ......................................................................... ٦٠٨
زمانی سیاسیی کریۆل .................................................................... ٦٢٧

hewalname.com/ku

## پێشەکیی وەرگێڕ

دەزگەی چاپەمەنیی زانکۆی کامبریدج، کە ساڵی ٢٠٠٩ ئەم کتێبەی چاپ کردووە، پێشەکییەکی کورتی بۆ ناساندنی ناوەرۆکەکەی کردووە، کە پوختکردنەوەیەکی بیرۆکە سەرەکییەکانی کتێبەکەیە و دەکرێ ئێمەیش بیکەینە بەشێک لە پێشەکییەکەمان بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە. پوختەکە دەڵێ:

"ساڵی ٢٠٠٢ پارتی داد و گەشەپێدانی ئیسلامی (ئاکەپە) لە تورکیا گەیشتە دەسەڵات. لەو کاتەوە لە هەڵوێستە ئایدیۆلۆژییە توندڕەوانەکەی پاشەکشەی کردووە بە ئاڕاستەی ڕێبازێکی موحافیزەکارانە و دیموکراسییانە.

بیرمەندی ناسراوی تورکی **م. هاکان یاڤوز** ئەم بادانەوەیە شرۆڤە دەکات و دەپرسێ: ئاخۆ دەکرێ پارتێکی سیاسی کە ڕیشەیەکی قووڵی ئایدیۆلۆژیای ئایینیی هەیە، لیبراڵیزە ببێ و دیموکراسی لە ئامێز بگرێ، یان نەخێر -وەک ئەو پێداگریی لەسەر دەکا- گرووپە ڕادیکاڵییە ئایینییەکان کاتێ ناچار دەبن لە سایەی سیستەمێکی سیاسیدا کە لەسەر کێبرکێ و سەروەریی یاسا دامەزرابێ خۆ بگونجێنن، مومارەسە و ئایدیۆلۆژیاکانیان میانڕەو دەکەن؟

نووسەر لەڕێی گەشە و پەرەسەندنی ئاکپارتی AKP و بەتایبەت دوایین سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٧دا

بابەتەکە شی دەکاتەوە، ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووە –کە بریتییە لەوەی ڕاستییە سیاسییە ڕۆژانەکان ئایدیۆلۆژیا و عەقیدە (دۆگما) تێدەپەڕێنن- دەکرێ لە ڕووی بەراوردکارییەوە بۆ ئەو وڵاتە ئیسلامییانەی تریش بەکار بێ کە ڕووبەڕووی هەمان گژبەری بوونەتەوە.

ئەم کتێبە، کە قسە لەسەر ژمارەیەک پرسی گرنگ دەکا، لەوانە بەشداریی سیاسی، زانستی ئابووری، ئاسایشی ناوخۆ، کێشەی کورد و هەوڵی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپا، ڕووپێوێکی نایاب لەبارەی تورکیای نوێ و سیاسەتی ئیسلامی پێشکەش بکا، کە سوودی بۆ ڕوبەرێکی بەرفراوانی خوێنەران دەبێ، لە قوتابییانەوە بۆ پسپۆڕان و بۆ بڕیاربەدەستان.

**م. هاکان یاڤوز** مامۆستای بەشدارە لە بەشی زانستە سیاسییەکان و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی یوتا Utah. چەند کتێبێکی تری هەن، لەوانە: دەرکەوتنی تورکیای نوێ: دیموکراسی و ئاکپارتی (٢٠٠٦)، ناسنامەی سیاسیی ئیسلامی لە تورکیا (٢٠٠٥)". تەواو.

***** *****

ئەزموونی حوکمڕانیی حزبی داد و گەشەپێدان لە تورکیا، کە بە کورتکراوەیی بە ئاکەپە AKP یان ئاکپارتی و سەرۆکایەتییەکەیشی زیاتر بە ناوی (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان)ی سەرکۆماری ئێستای وڵاتەکەوە ناسراوە، ئەزموونێکە ڕەنگە زۆرترین قسە و باسی لە ناوەندە سیاسی و میدیاییەکاندا لەبارەوە کرابێ.

بایەخ و جێسەرنجیی ئاکەپە لە چەند ڕوویەکەوە، لەوانە:



hewalname.com/ku

*ئـەو حزبـە بـە پاشـخانێکی ئیـسلامییەوە لـە وڵاتێکـدا گـەیـشتووەتـە دەسـەڵات و جێپێـی خـۆی قـایم کـردووە، کـە دێرینتـــرین و ڕادیکـــاڵترین ئـــەزمـــوونی عـــەلمانییـــەت (سیکیولاریزم)ە لە جیهانی ئیسلامی، بە شێوەیەک عەلمانییەت کراوەتە ڕێبازی ڕەسمی و بنەمای دامەزرێنەر و پیرۆزکراوی دەوڵەتی نەتەوەیی و دامەزراندنی حزب لەسەر بناغەی ئایین بە ڕەسـمی قـەدەغـەکـراوە و سـوپا و (لـە پالیـشیدا دەسـەڵاتی دادوەری) بووەتە پارێزەری ئەو سروشتە عەلمانییەی دەوڵەت و لەو پێناوەدا چەندین کودەتای لە دژی دەسـەڵاتی مـەدەنی ئـەنجـام داوە (سـالانی ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ و ١٩٩٧) کـاتێ هەستی کردبێ ئاڕاستەی پرۆسەی سیاسی بەرەو لاوازکردنی ئەو سروشتە عەلمانییەی دەوڵەت دەڕوات کە مستەفا کـەمال ئـەتـاتورک لـە نـاوەڕاسـتی بیـستەکـانی سـەدەی ڕابـردوودا دایمەزراند، کە لە هەندێکیاندا سەرۆکوەزیران لە سێدارە دراوە (عەدنان مەندریس ١٩٦٠) و لە هـەندێکیشاندا سـەرۆکوەزیـران ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کراوە (نـەجمـەدیـن ئـەربـەکان ١٩٩٧)، هـەروەهـا حزبـە هـەڵبژێـردراوە جێگومانـەکـانیش هەڵوەشێنراونەتەوە (پارتی ڕەفا و پاش ئەویش پارتی فەزیڵە). لـە ١٥ی تـەممـووزی سـاڵی پاریـشدا (٢٠١٦)، کـودەتایـەکـی سەربازیی سەرنەکەوتوو بەسەر دەسەڵاتەکەی ئاکەپەدا ڕووی دا، کە حکومەت جـەماعـەتی فـەتحوڵا گیولـەنی بە ئـەنجامدانی تۆمەتبار کرد.

*لەو ڕووەوە تا ئەم ساتەیش سیستەمی سیاسیی تورکیا بـە ڕەسـمی سیـستەمێکـی سـیکیولارە و قـەدەغـە لـەسـەر دامەزراندنی حزبی ئایینی هەڵنەگیراوە، واتە ئاکەپە خۆی وەک حزبێکی خاوەن ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی نەناساندووە،

بەڵکو سەرکردەکانی هەموو جار جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوان وەک حزبێکی موحافیزەکار لە چوارچێوەی پرنیسپەکانی عەلمانییەتدا بۆ هێنانەکایەی دیموکراسیەکی موحافیزەکار و دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک کار دەکەن، نەک ئیسلامی. ئەوە غەیری خۆیانن، چ لە ناوەندە ئیسلامییەکان و چ لە ناوەندە سیکیولارەکان، کە ئەو حزبە بە (ئیسلامی) دادەنێن، لەو ڕووەوە کە سەرکردەکانی خاوەن پاشخانی ئایینین و پێشتر لە ڕێکخراوە ئایینییەکاندا ئەندام بوون، سیمای ئایینی بە جلوبەرگ و گوتار و سیاسەتەکانیانەوە دیارە و لە ماوەی حوکمڕانییاندا بە شێنەیی کاریان لەسەر هەڵگرتنی لەمپەرەکانی بەردەم ئازادیی ئایینی و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، لەوانە پۆشینی حیجاب لە ناوەندە ڕەسمییەکاندا، کە پێشتر قەدەغە بوو، کردووە، بە شێوەیەک هەندێ لە چاودێران گومان لە سیما دیموکراسییەکەیان بکەن و بە دەمامک و (توقیە)یەکی بزانن بۆ خۆپاراستن لە زەبری سوپا و دەسەڵاتی دادوەری، هاوشێوەی ئەوەی بەسەر حزبە پاشخان ئایینییەکانی، وەک ڕەفا و فەزیلە هات.

* لەو ڕووەوە ئاکەپە کە درێژکراوەی ڕەفا و فەزیلەیە، جیاواز لەو تەسەورەی بۆ حزبە ئیسلامییەکان هەیە، کە زیاتر وەک گرووپی ئایدیۆلۆژی و شمولی و دژەدیموکراسی ناوبانگیان چووە، بوو بە بەیداخهەڵگری ئازادی و دیموکراسی و کرانەوە و گەشەپێدانی ئابووری و هەوڵی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپی، ئەویش لەڕێی پاشەکشەکردن بە دەسەڵاتی تەقلیدیی سوپا و کەمکردنەوەی ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، هەروەها پێشکەشکردنی ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە بواری ئازادیی سیاسی و گەشەی ئابووریدا،



newnama.com/kurd

ڕەنگە هەر بەو هۆیەشەوە بێ پاش لە چوار خولی هەڵبژاردندا، زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ (دوایین هەڵبژاردن لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠١٥دا بوو کە ئاکپارتی زیاتر لە نیوەی دەنگەکانی بەدەست هێنا و توانیی بە تەنیا حکومەت پێکبێنێ، کە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنێکی تر بوو لە حوزەیرانی هەمان ساڵدا). ئەمە وای کردووە زۆر لە حزبە ئیسلامییەکانی دنیا وەک ئەزموونێکی سەرمەشق چاویان تێببڕن.

*لەو ڕووەوە ئاکەپە کرانەوەیەکی بەرچاوی بەرانبەر کێشەی کورد لەو وڵاتە پیشان دا کە یەکێکی ترە لە کێشە دێرینەکانی تورکیا، کە ڕژێمی ئەتاتورک لەسەر بنەمای تاکنەتەوەیی (تورکی) دامەزراوە و نکوڵی لە بوون و مافە سیاسی و کولتوورییەکانی گەلی کورد دەکرد، بەو هۆیەوە شۆڕشی گەلی کورد لە دژی دەوڵەت بە سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە سەرەتای هەشتاکاندا دەستی پێ کرد و هەزاران کەس لەو شەڕەدا کوژراون و ژێرخانی ئابووری و عیمرانیی کوردستانیش وێران بووە.

ئاکەپە لە چوارچێوەی ستراتیژێکدا بۆ (سفرکردنەوە)ی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی، لە کۆتاییەکانی دەیەی ڕابردوودا پرۆژەیەکی کرانەوەی دیموکراسیی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەست پێ کرد، تێیدا جیاواز لە حزبە دەسەڵاتدارەکانی پێشوو، زۆر لە لەمپەرە یاسایی و دەروونییەکانی بەردەم مافەکانی کوردی هەڵگرت، لەوانە خوێندن و پەخش بە زمانی کوردی و گێڕانەوەی ناوە کوردییەکانی گوندەکانی کوردستان، لەوانەیش گرنگتر دەرگای وتووێژی لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد، بەتایبەت سەرکردەی

زیندانیکراوی پەکەکە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) کردەوە و هەنگاوی گەورەی بۆ پێشەوە بڕی و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی پەکەکە دەست بە دانانی چەک بکەن، بەڵام پاشتر ئەو پرۆسەیە پاشەکشەی کرد و هەر لایەک ئەوی تری بە هۆکاری تۆمەتبار دەکرد، لە ٢٤-٧-٢٠١٥دا پرۆسەکە پاش دوو ساڵ لە ئارامی و گفتوگۆ، بە تەواوی وەستا، کاتێ تورکیا کوشتنی چەند پۆلیسێکی لە لایەن پەکەکەوە کردە پاساو و بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی لە کوردستانی تورکیا و هەرێم دەست پێ کردەوە.

دیارە ئەم هەنگاوە ڕیفۆرمییانەی ئاکەپە بەشێکن لە پێویستییەکانی بەئەندام وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا کە ساڵانێکی زۆرە تورکیا هەوڵی بۆ دەدا، کە بە لای نووسەری ئەم کتێبەوە ئاکەپە ئەو هەوڵانە بۆ بەهێزکردنی پێگە و شەرعییەتی خۆی لە ناوخۆ و خۆپاراستن لە زەبری سوپا بەکار دێنێ.

پرسیاری سەرەکیی ئەم کتێبە ئەوەیە، ئایا هۆی ئەم گۆڕانانە لە سیاسەتی ئاکەپەدا، لە ئاڕاستەیەکی ئایینییەوە بۆ ئاڕاستەیەکی دیموکراسیی موحافیزەکار و پراگماتی و ئایدیۆلۆژییەوە، چییە؟ ئایا ئاکەپە حزبێکی ئیسلامییە، یان نەخێر بە ئیسلامی نەماوە؟ ئایا گۆڕانەکە بەرهەمی فشارەکانی سوپایە، یان گۆڕانە لە هزری سەرکردایەتیی حزبەکەدا؟

ئەگەرچی کتێبەکە لە ٢٠٠٩دا چاپ بووە و تەنها باس لە دوو هەڵبژاردن (٢٠٠٢ و ٢٠٠٧) دەکا، کە پاش ئەوە دوو هەڵبژاردنی تری پەرلەمانیش کراون (٢٠١١ و ٢٠١٥)، واتە ماوەی حوکمڕانیی ئاکەپە لەوکات درێژتر بووە و ئەزموونی ئەو پارتە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەزموونی دیموکراسی قسەی

زیاتر و جیاوازتر هەڵدەگرێ، تەنانەت پۆست و ناونیشانی زۆر لەو کەسایەتییانەی لەم کتێبەدا باس کراون، لە ماوەی پاش نووسینی کتێبەکەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە سەروویانەوە پۆستەکەی ئەردۆگان کە وەک سەرۆکی ئاکەپە و سەرۆکوەزیران ناو دەبرێ، بەڵام ئێستا سەرۆککۆمارە. عەبدوڵڵا گیول سەرکۆمار بوو، ئێستا هیچ ڕۆڵێکی سیاسیی بەرچاوی نەماوە، ئەحمەد داودئۆغلۆ کە لەو کاتەوە چەند پۆستێکی گۆڕیوە –وەزیری دەرەوە، بۆ سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئاکەپە- و ئێستا ئەویش ڕۆڵێکی بەرچاوی نییە. هەروەها لەو ماوەیەی دواییدا هەندێ لەو قەیدانەی سەر چالاکیی ئایینییش (لەوانە سەرپۆشی ئافرەتان) هەڵگیراون، ئەمانە هەموو لە لایەک... لە لایەکی ترەوە، پاش کودەتا شکستخواردووەکەی پار و هەڵمەتەکانی حکومەتی ئاکەپە بە گرتن و لەکار دوورخستنەوەی ئەندام و لایەنگرانی سەر بە بزوتنەوەی گیولەن و داخستنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان لە لایەک و هەڵمەتە سەربازییەکانی لە ناوچە کوردییەکان و تەنگهەڵچنینی بە پەرلەمانتارانی هەدەپەی کوردی و دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆریان بە تۆمەتی پەیوەندی بە پەکەکەوە، لە سەروویانەوە سەلاحەدین دەمیرتاشی هاوسەرۆکی هەدەپە، لە لایەکی ترەوە، هەوڵەکانی بەئەندامبوونی تورکیای لە یەکێتیی ئەورووپی –کە فشاری سەر دەسەڵاتەکەی ئاکەپە بوون بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسیی زیاتر- ڕاگرتووە و چیتر تورکیا بەو حەماسەی جاران هەوڵێ بۆ نادات، ئەمەیش ئەو گومانەی لە لای بەشێک لە چاودێرانی دۆخی تورکیا دروست کردووە کە ئاکەپە بەرەو بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات

هەنگاو دەنێ، بەتایبەت پاش دوایین هەوڵی ئەردۆگانی سەرکۆمار بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی، بە گۆڕینی سیستمی سیاسیی وڵات لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، کە لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا لە ١٦ی نیسانی ٢٠١٧دا لەسەر هەموارکردنەکانی دەستوور بەو ئاڕاستەیە، بە بەدەستهێنانی ٥١.٣%ی دەنگەکان، سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

بەڵام لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەی ورد و تا ڕادەیەکی باش بابەتییانەی لەبارەی ئەزموونی ئاکەپە و بزوتنەوەی ئایینی لەو وڵاتە و هەڵوێست لە کێشەی کورد و دیموکراسی تێدایە.

**عومەر عەلی غەفوور**

**٢٠١٧-١-١**

**هەولێر-کوردستان**

hewalname.com/ku/

## ئەم كتێبە:

ئەم كتێبە لەو لوغزە سەرەكییە دەكۆڵێتەوە كە ڕووبەڕووی زۆر وڵاتی موسڵمان و ناموسڵمان دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە: ئایا ڕێی تێدەچێ بزاڤگەلی سیاسیی خاوەن پاشخانی ئایینی (ئیسلامی) ببنە ئامرازی دیموكراتیزەكردن، یان تەنانەت لیبراڵیزەكردن؟ یان ئایا پەیڕەویكردن لە ئایدیۆلۆژیا و دامەزراوە سیكیولارەكان لەڕێی پرۆسەیەكی چاكسازیی ناوخۆیی و عەلمانیزەكردنەوە شتێكی زەروورە بۆ دامەزراندنی سیستەمێكی لیبراڵ و دیموكرات لە كۆمەڵگە ئیسلامییەكاندا؟ بە دەربڕینێكی تر، ئەم لوغزە پەیوەندییەكی نزیكی بە یەكێك لە پرسە مەركەزییەكانەوە هەیە كە بووەتە جێبایەخی كۆمەڵناسان، ئەویش ئەوەیە: پەیوەندی چییە لە نێوان بزوتنەوە ئایینییەكان و دیموكراسی لە لایەك و لە نێوان دیموكراسی و عەلمانییەت (سیكیولاریزم) لە لایەكی ترەوە؟ ئایا باڵادەستبوونی فیكر و بنەما ئیسلامییەكان دەبێتە بەربەست لە بەردەم پرۆسەی گواستنەوە بۆ دیموكراسی، وەك هەریەك لە دانیال لێرنەر و بێرنارد لویس و سامۆئیل هینتنگتۆن دووپاتی دەكەنەوە؟

قەناعەتی گشتیم بەو شێوەیەیە كە گرووپە ئایینییە ڕادیكاڵەكان كاتێ دەچنە نێو سیستەمێكی بەشدارییانەی

سیاسی، کە لەسەر کێبرکێ و سەروەریی یاسا دامەزرابێ، کردار و ئایدیۆلۆژیاکانیان نەرم و میانڕەو دەکەن. کراوەیی سیاسی کە ئەم جۆرە سیستەمەی پێ دەناسرێتەوە، ڕەنگدانەوەی دەبێت و دەبێتە هۆی میانڕەوی پلەبەپلە لە ڕاڤەکردنی عەقیدەی ئایینی و لە بەرنامەی سیاسیی گرووپە ئایینییەکاندا. ئەم پرۆسەیە لای خۆیەوە دەرفەت بۆ شکاندنی ئەو بەستەڵەکەی لە نێوان هەردوو هێزە جەمسەرگرتووە سیکیولار و ئایینییەکەدا هەیە، دەڕەخسێنێ، کاتێ هەر لایەکیان ئیتر دەتوانن ڕاستەوخۆ لەڕێی چەندین کەناڵی کارلێککردن لە بوارە سیاسی و گشتییەکەدا کار لێک بکەن...

زیاد لەوەیش، گواستنەوەی ئاشتییانە بۆ سیاسەتێکی پلورال و دیموکراسییانە ئاسان دەبێ، ئەگەر دوو مەرج هەبن: بازاڕێکی ئابووریی ئازاد و زیندوو کە لەسەر باج دامەزرابێ + کایەیەکی گشتیی ئاوکێش porous کە ڕێگە بۆ کارلێک و موتوربەی نێو بەها و ناسنامە ناکۆکەکان خۆش بکات.

ئەو جۆرە پەرەسەندنە لە هەندێ وڵاتی ئیسلامیدا ڕووی داوە، لەوانە تورکیا، مالیزیا و ئەندۆنیسیا، کە تێیاندا بزوتنەوەی ئیسلامییە سیاسییە سەرەکییەکان خۆیان لە ئایدیۆلۆژیا ڕادیکاڵەکان دامالیوە و ئێستا بەرنامەی دیموکراسییان لە ئامێز گرتووە. ئەم کتێبە لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن و بۆچی ئەو گۆڕانە گەورەیە لە بزوتنەوە ئیسلامییەکاندا ڕووی داوە؟

لێکۆڵینەوەکانی پێشتر کە هەوڵیان داوە لە غیابی دیموکراتیزەکردن بکۆڵنەوە، تەنیا لەسەر دوو خاڵ وەستاون، یان لەسەر هۆکارە پەیکەربەندەکان، یان دامەزراوی و

نەگۆڕیی تێڕوانینی عەقیدە ئیسلامییەکان و تێگەیشتن لە دەقەکان.

ئەم لێکۆڵینەوە هەوڵ دەدا ستراکچەر (جێبەندە سۆسیۆ-سیاسییەکە) و کارەکتەرەکان (سەرکردە و باوەڕدارە ئایینییەکان) لێک نزیک بکاتەوە، تا شیی بکاتەوە کە چۆن و بۆچی بزوتنەوە ئایینییەکان دەتوانن بەشداری لە پرۆسەکانی گۆڕانی دیموکراسییانە و فرەییدا بکەن، لەو دەوڵەتانەی زۆرینە موسڵمانن لەڕێی سەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی داینەمیکییانە بۆ کەلەپوورە ئایینییەکە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر چڕ دەکاتە سەر توانای بکەرە ئایینییەکان بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی مانای دەقە ئایینییەکان لەڕێی تەئویلەوە، تا بەکارهێنانی عەقیدە ئایینییە دامەزراوەکە، لە شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی سیاسی لە کایەی گشتیدا.

کتێبەکە شێوازێکی زیندووی پەرە پێ داوە لە کارلێکی نێوان فاکتەرە پەیکەربەندەکانی وەک جۆری سیستەمی سیاسی و هەلومەرجی ئابووری، لەگەڵ توانای باوەڕدارەکان بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی کەلەپووری ئایینی تا بتوانن وەڵامی گژبەرییە نوێکان بدەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، کتێبەکە سەرەتا مەرجە پەیکەربەندەکانی سەرهەڵدانی گوتارێکی لیبراڵانەی ئایینی دەستنیشان دەکا، پاشان لە توانای لێکدانەوەی سەرکردە ئایینییە خولگەییەکان دەکۆڵێتەوە.

کتێبەکە پەرەسەندنی هەڵوێستە سیاسییە لیبراڵەکان لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی نێوان بیروباوەڕە سیاسییەکان، تەئویلە ئایینییەکان، ڕاڤەی دەقەکان و کارلێکە سیاسی/ستراتیژییەکان ڕوون دەکاتەوە.

لە گرتنەبەری ئەم ڕێبازە ئینسانییە سەبارەت بە دەق و هەروەها گوتار، خوازیارم بتوانم ڕێبازە کلاسیکییەکانی زانستی کۆمەڵایەتی تێبپەڕێنم، کە بۆ شرۆڤەکردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ئیسلامییەکان تەرکیز دەکاتە سەر فاکتەرە سۆسیۆ-ئابووری و هەیکەلییەکان.

جگە لەو فاکتەرە هەیکەلییانە، گرنگە لە چالاکییە گوتارییەکانی بزوتنەوە ئیسلامییەکانیش بکۆڵرێتەوە، لەبەر ئەوەی دەستەواژە ئیسلامییەکان هێشتا کاریگەرترین هێزن لە جۆشدانی سیاسی لە وڵاتە ئیسلامییە جیاوازەکاندا، ئەویش بە هۆی نەبوونی پرۆسەی بەعەلمانیکردن، وەک ئەوەی لە خۆرئاوا ڕووی دا.

ئەم گوتارە ئاینییە باڵادەستە تەنیا تێگەیشتنی ڕۆحی و ئەخلاقیی باوەڕداران دیاری ناکا، بەڵکو لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی تایبەت و گشتیدا ڕێنمایی موسڵمانان دەکا، بە بواری سیاسییشەوە. لە ڕووی مێژووییەوە ئیسلام بووەتە یەکێک لە دیارترینی ئایینەکان لە ڕووی بەسیاسیکردنەوە و وای لە خۆی کردووە هەردەم بۆ ئەو ڕیفۆرمیست -و تەنانەت بۆ شۆڕشگێڕانەیش- بەردەست و لەبار بێ کە بانگەشە بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەن، هەروەها بۆ ئەو موحافیزەکارانەیش لە هەر گۆڕانێک لە دابونەریتی وڵاتەکانیان بەگومانن.

لە ئەنجامی ئەمەدایە، لە کاتێکدا بزاڤە ئیسلامییەکان بە پشتبەستن بە کەلەپووری دەقی و مێژوویی و کولتووری و تەئویلییەکان، لە چەندین وڵاتی ئیسلامیدا لە زۆر دیمەندا وەک ئامڕازی گۆڕانکاریی دیموکراسی ڕۆڵیان بینیوە، لە هەمان



hewalname.org/ku

کاتدا لە زۆر وڵاتی تر وەک بەربەستی سەرەکی لە بەردەم ڕیفۆرمە دیموکراتییەکان دەرکەوتوون.

بزاڤە ئیسلامییەکان ڕەنگدانەوەی دیدگە ڕکابەرەکانی کۆمەڵگە، دەسەڵات، شەرعییەت و ناسنامەن. ئەسلەمەکردنی زمانی سیاسیی تورکی لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆڵی گەورەی لە بەرپاکردنی ململانێ لەپێناو سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی نەتەوە و واتای ژیانی باش هەبوو. ئایدیا ئیسلامییەکان چوونەتە نێو مشتومڕەکانی تایبەت بە مانای نەتەوە و ژیانی سیاسی.

ئیسلام لە سەردەمی پێشکەوتنی میدیای نوێدا لە ڕووی توانای دەستەبەرکردنی ڕەمز و تۆڕی ڕێکخستن و ئەفسانە و ناسنامەکانەوە گرنگیی زیاتری پەیدا کردووە تا (ئەوانە) بۆ، یان لە دژی دوژمنانی ڕاستەقینە، یان وەهمی جۆش بدرێن.

لە ناوجەرگەی گژبەریی ئیسلامی لە تورکیای نوێدا، گفتوگۆیەکی بەردەوام هەیە لەبارەی ئەوەی چۆنچۆنی پێناسەی کایەی گشتی، سیکیولاریزم و کۆمەڵگەی سیاسی بکرێتەوە. ململانێکە لە نێوان ئەوەنەدایە کۆمەڵگەیەکیان دەیانەوێ لەسەر تێڕوانینێکی جاکۆبیانەی سیکیولار بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی –کە بە دوورخستنەوەی ئیسلام لە کایەی گشتی دەناسرێتەوە- دامەزرابێ، لەگەڵ ئەوانەی وێنایەکی ئیسلامییانەن بۆ کۆمەڵگە و سیستەمی ئەخلاقی هەیە. لە کاتێکدا یەکەمیان جەخت لەوە دەکا چارەسەری کێشەی تورکیا لە مۆدێرنێتەدایە، بەبێ ئیسلام، ئەوەی دواییان داکۆکی لە هەم مۆدێرنێتە و هەم لە ئیسلام دەکا.

ئیسلام وەک بەهێزترین سەرچاوە بۆ هەرەوەزی یارمەتیدەرە لە دیاریکردنەوەی ئەوەی کێ ئەندامی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە، بەهای ئەخلاقیی هاوبەش بۆ ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکا[1]. بەم شێوەیە، هەروەک باقیی ئایینەکانی تر، لە هەمان کاتدا هەم هۆکاری یەکخستنە و هەم لێکدابڕینیش.

ئەم توێژینەوەیە لە شێوازی بڵاوکردنەوەی هزرە ئایینییەکان لە لایەن گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە بە مەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانیان و ڕەنگدانەوەی ئەوە لەسەر ئیسلام و سیاسەت و سیستەمی کۆمەڵایەتی، دەکۆڵێتەوە.

لەو ڕووەوە ئایین و سیاسەت هەردووکیان بە قووڵی چوونەتە ناو پرسەکانی سیستەمی پێوەری و ناسنامەی دەستەجەمی و دەسەڵاتی شەرعی، ناتوانرێ لێک جیا بکرێنەوە، وەک هەندێ عەلمانیی توندڕەو دەیانەوێ. لە ڕاستیدا لێدوانە ئیسلامییەکان دەرفەت بۆ ئەجێندایەکی سیاسیی دیاریکراو دەستەبەر دەکەن و بە باشترین بەرژەوەندیی کۆمەڵگە دەیناسێنن، کە لەڕێی جۆشدانی جەماوەرییەوە بەدی بێ. بەم شێوەیە، ئیسلام کار لە ناسنامەی جەوهەریی ئاکپارتیی دەسەڵاتدار و ڕا و بۆچوونی لەبارەی سیاسەت و ناسنامە دەکا.

1 ڕۆبێرت وثناو سیستمی ئەخلاقی پێناسە دەکا بەوەی "ئەو بەها و ڕێسایانەن کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخەن و شەرعییەتیان پێ دەدەن" . بڕوانە:

Wuthnow, Meaning and Moral Order: Explorations in Cultural Analysis (Berkeley: University of California Press, 1987), p. 1.

ئەم توێژینەوەیە، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی گرووپە ئیسلامییەکانی تورکیا، ئەو هەلومەرجە بابەتییە دیاری دەکا، کە تێیدا ئیسلامییەکان لەباتی ڕووبەڕووبوونەوە، میانڕەوی هەڵدەبژێرن.

حاڵەتی تورکیا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، ئەویش بە هۆی ئەزموونی پێشتری تورکیا لە پێکەوەژیان و هاوپەرەسەندنی لە بابەتی گۆڕانی بزاڤە ئیسلامییەکان و دیموکراتیزە و لیبراڵیزەکردنی سیستەمی سیاسی و ئابووریدا.

لە تورکیا گرووپێکی لیبراڵ-دیموکرات لە هەناوی ڕیزەکانی بزوتنەوەیەکی سیاسیی ئیسلامیی بێزراوەوە سەریهەڵدا، کە سەرکەوتوانە پلاتفۆرمێکی بەرفراوانی دیموکراتیی پێک هێنا، کە بە لای توێژێکی بەرفراوانی ئەو هێزە تایفی، ئەتنی، کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی تا ئێستا لە لایەن دەوڵەتی کەمالییەوە پەراوێز خرابوون، مایەی سەرنجڕاکێشانە.

لە دیراسەکردنی کەیسەکەدا لە تورکیا، من بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی وڵاتانی ئیسلامی، پەیڕەویکردن لە ڕێبازی جەوهەرگەرایی ڕەت دەکەمەوە. بە پێچەوانەوە پێم وایە گۆڕانی بزاڤە ئیسلامییەکان بە ئاڕاستەی ڕەوتێکی دیموکراسییانەی ئیسلامیی ڕاستەقینە، بەڵگەیەکە لەسەر پێویستی بە خۆدوورگرتن لە جەوهەرگەرایی essentialism، هەروەها دەرەنجامی کۆمەڵێ گۆڕانکاریی وابەستە بە جێبەند (واتە سیاق)ەوەیە، لەوانە: پرۆسەی بەردەوامی لیبراڵیزەکردن کە فەزایەکی سیاسی و ئابووریی کێبرکێئامێزی بەرهەم هێناوە، ڕۆڵی ڕوو لە گەشەی بۆرژوازیی ئیسلامی، فراوانبوونی کایەی گشتی و داخڵکردنی ڕۆشنبیرانی نوێ بۆ نێو بزوتنەوەکە. گرنگترین فاکتەر لە پەرەسەندنی

newalname.com/ku

بزوتنەوەیەکی دیموکراسیی ئیسلامیدا گەشەی بۆرژوازی و بەردەوامیی پابەندبوونیەتی بە بەها دیموکراتییەکان، وەک لە پاڵپشتیکردنیدا بۆ ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان و پرۆژە فیکرییە نوێکاندا گوزارشتی لێ کرا.

ئەم کتێبە لە سێ بەش پێک دێ. لە بەشی یەکەمدا، پێشەکییەکەی ژمارەیەک پرسیاری تیۆری دەورووژێنێ لەبارەی پێناسە و پەرەسەندنی بزاڤە ئیسلامییەکان، هەروەها هەوڵ دەدا ئەو مەرجانە ئاشکرا بکا کە لە سایەیدا بزاڤێکی ئیسلامی سیاسی لەوە دەوەستێ ئیسلامی بێ و دەبێتە نا-ئیسلامی، یان پۆست ئیسلامی. ئەز بڕوام وایە بە هۆی سێ فاکتەری پەیکەربەندەوە (بەشداریی سیاسی، سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکان و فراوانبوونی بازاڕ) پەرەسەندنی پارتە ئیسلامییە سیاسییەکانی تورکیا گەیشتووەتە ئاستێک، ئیتر لەوە کەوتوون ئیسلامی بن.

چاپتەری یەکەم لەو جێبەند contextـە دەکۆڵێتەوە کە AKPەی تێدا دەرکەوت بە وەستان لەسەر کاریگەریی مێژوو و ئابووری لەسەر سیاسەتی هاوچەرخی تورکیا. ئەم بەشە لە پێنج قۆناغی هەستیاری مێژووی نوێی تورکیا دەکۆڵێتەوە، بە مەبەستی تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و گەشەسەندن. هەروەها لە ڕۆڵی دەوڵەت و سیاسەتە ئابوورییەکان لە گەڵاڵەکردنی دیمەنی ئیسلامیی تورکی دەکۆڵێتەوە.

بەشی دووەم لەگەڵ چاپتەری دووەم دەست پێ دەکات و لە بنەچە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بزوتنەوەی ئاکپارتی AKP دەکۆڵێتەوە. بەدوای ڕەگوڕیشەی بزاڤی ئیسلامی سیاسیدا دەچێ، کە بە دامەزراندنی بزوتنەوەی دیدگەی

نیشتمانیNOM دەست پێ دەکا تا بە AKP کۆتایی دێ. هەروەها بە وردی لە بنەچە سیاسی و ئابوورییەکانی جیابوونەوەی AKP لە پارتی فەزیلە VP دەکۆڵێتەوە، کە بوو بە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی لە گواستنەوەی بزوتنەوەکە بۆ هێزێکی لیبراڵ-دیموکرات و پشتکردنە گوتاری پێشووی. ئەو هەلومەرجانەیش شی دەکاتەوە کە زەمینەیان بۆ سەرکەوتنی ئاکپارتی لە هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۲دا ساز کرد.

چاپتەری سێیەم لەسەر پرسەکانی ناسنامە و ئایدیۆلۆژیا و سەرکردایەتی لە نێو AKPدا دەوەستێ. چاپتەری چوارەم لە دوو سەرکردەی دیاری ئاکپارتی، ڕەجەب تەیپ ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گیول و ڕۆڵیان لە پەرەسەندنی ناسنامەی پارتەکە دەکۆڵێتەوە.

بەشی سێیەم لە سێیەم چاپتەر پێک دێ. چاپتەری پێنجەم کاریگەریی سۆسیۆسیاسیی حکومەتەکەی AKP لەسەر سیاسەتی ناوخۆی تورکیا و ئەو گژبەرییە سیاسییە نوێیانەی لە حکومەتدارییەکەیدا ڕووبەڕوویان بووەوە، شی دەکاتەوە. هەروەها باس لە کارلێکی داینامیکییانەی نێوان سیاسەتەکانی ئاکەپە و لایەنگرانی دەکا. لەو پرسیارە سەرەکییانەی پێویستە بکرێن، ئەوەیە: ئایا ئاکەپە زۆرینەکەی لە هەڵبژاردندا دەگۆڕێ بۆ بنکەیەکی دەنگدەرانی بەهێز؟ AKP چۆنچۆنی مامەڵە لەگەڵ هەژاری، سیکیولاریزم و پرسی سەرپۆش دەکا، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هێزە سیکیولارە بەهێزەکان لە نێو دامەزراوەی دەوڵەتدا ببێتەوە؟

چاپتەری شەشەم قورسایی دەخاتە سەر بەمشتومڕترین پرسی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەویش کێشەی کورد و سیاسەتی ئاکەپەیە لەم بوارەدا.

چاپتەری حەوتەم لە بەردەوامی و گۆڕان لە گەلاڵەکردن و پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەکۆڵێتەوە. پرۆسەی بەئەندامبوون لە یەکێتیی ئەورووپا و کێشەی قوبرس و پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا سەبارەت بە عێراق شی دەکاتەوە. چی سیاسەتی دەرەکیی AKP ڕێنمایی و ئاراستە دەکا؟ ئایا ناسنامەی نەتەوە/پارتەکەیە، یان بەرژەوەندیی نەتەوە/پارتەکەیە؟ ئایا سیاسەتی دەرەکیی تەمومژاوی و پەرتی AKP ڕەنگدانەوەی ناسنامە تەوفیقییەکەیەتی syncretic identity؟

چاپتەر هەشتەم هۆ و دەرەنجامە سیاسییەکانی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی ٢٠٠٧ شی دەکاتەوە. ئەنجامگیریی کتێبەکە ئەو گۆڕانە گەورەیە پیشان دەدا، کە ڕێسای سیاسی لە تورکیا لە ڕووی کۆتاییهێنان بە "دوو حکومەتی" (دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتی هەڵنەبژێردراوی سوپا و و دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی سیاسییەکاندا)، هەروەها پێداگری لەسەر گوتاری مافەکانی مرۆڤ.

بە کورتی، من ئەو گۆڕانە هاوچەرخەی تورکیا بە شۆڕشێکی موحافیزەکارانە ناو دەبەم، ئەویش لەبەر دوو هۆ: ئەو شۆڕشەی ئێستا لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕابەرایەتی و ڕەنگڕێژ دەکرێ + هەروەها گۆڕانە کۆمەڵگەیی و ئابوورییەکان پێش گۆڕانی سیاسی کەوتوون. شۆڕشی موحافیزەکارانە گۆڕانێکی میللییە لە ڕووی بەدامەزراوەکردنی زمانی کریۆل، هەروەها لە ڕووی ئەکتەرە نوێکانەوە –کە لە ڕووی سیاسییەوە ڕاستە. واتە ئەمە شۆڕشێکی جەماوەری و

پلەبەپلەیە لە کۆمەڵگەدا بۆ کۆنترۆڵکردنی زمان و کۆمەڵگەی سیاسی و سەرەنجامیش دەوڵەت[1].

گرووپە ئیسلامییەکان پێشتر کۆمەڵگەی سیاسی و پاشتریش هەوڵ دەدەن دەوڵەت کۆنترۆڵ بکەن. لەگەڵ هاتنی حکومەتی ئاکەپەدا، ئیسلام بووەتە ناسنامەی مەرجەع و بێڕکابەری تورکیا. کارەکتەرەکانی ئەم شۆڕشە موحافیزەکارە لەڕێی دەستگرتنیان بەسەر سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بوونەتە گژبەری (تەحەدا)ی گەورە و فرە ڕەهەند دژ بە پێگەی ئارای کەمالی لە تورکیا. بە کورتی، شێری بێرمان Sheri Berman تا ڕادەیەک ڕاست دەکا لەوەدا کە پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی بووەتە "دایەنگەی ڕادیکالیزمی نالیبراڵ"[2].

بە پێچەوانەی ئەو ئەدەبیاتەی لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوە، کۆمەڵگەی مەدەنی فەزایەکی بە سروشت لیبراڵ و لێبوردە نییە، کە تێیدا خەڵک و ڕێکخراوەکان کار لێک بکەن لەپێناو بەدیهێنانی دیموکراسی و ڕیفۆرمدا. لە حاڵەتی تورکیادا هەندێ دەنگی نالیبراڵ و کۆنەپارێز لە لایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پاڵپشتی و بەهێز کراون.

---

[1]Asef Bayat, "Revolution without Movement, Movement without Revolution: Comparing
Islamic Activism in Iran and Egypt," Comparative Studies in Society and History, 40:1
(January 1998), 136–169.

[2]Sheri Berman, "Islamism, Revolution and Civil Society," Perspectives on Politics, 1 (June
2003), 257.

ئـەو پرسـیارانەی لـەم کتێبـەدا خراونـەتـە ڕوو، لـە سـاڵی ١٩٩٨ەوە مێـشکیان سـەرقـاڵ کـردووم، پێـشتریش لـەسـەر هـەندێکیان وەسـتاوم، بـەتایبـەت لـە هـەردوو کتێبی "ناسنامەی سیاسیی ئیسلامی لە تورکیا"(٢٠٠٣) + "دەرکەوتنی تورکیایەکی نـوێ"(٢٠٠٦). لێـرەدا جـارێکی تـر چوومـەتـەوە سـەر ئـەو پرسـیارانە، لـەبـەر ئـەوەی بۆچوونـەکـانم لـە پـەرەسـەندن و تەنانەت لە گۆڕان بەردەوام بوون.

ئەوەی لەم کتێبەدا دەیڵێم، درێژەی نووسـینەکانی پێشترمە لەبارەی ئیسلام و سیاسەت. هەرچۆن بێ، هـەندێ چاپتـەریان دابڕانێکن لەگەڵ کاری پێشترم. من لـەم پێشکەوتنە فیکرییـەدا قەرزداری ژمارەیەک هاوڕێمم لە ناوەوە و لە دەرەوە. لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا پێنج جار سـەردانی تورکیام کردووە و ژمارەیەک دیدارم ئەنجام داوە. پێم خۆشە سوپاسی هـەموو ئەوانە بکەم کە بە ڕێگەی جۆراوجۆر یارمـەتیی تـەواوکردنی ئەم پرۆژەیەیان دا. (لیستێک ناوی نووسیوە-وەرگێڕ).

## کورتکراوەکان:

AKP   پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی، یان ئاکەپە)

ANAP پارتی نیشتمانی دایک

AP      پارتی داد

BBP   پارتی یەکێتیی مەزن

CHP   پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)

DEHAP پارتی گەلی دیموکرات

DP      پارتی دیموکرات

DRA  بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی

DSP   پارتی چەپی دیموکرات

DTP   پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات

DYP   پارتی ڕێگەی ڕاست

ECHR دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

FP      پارتی فەزیلە

HADEP پارتی گەلی دیموکرات

HEP   پارتی کاری گەل

MÇP  پارتی کاری نەتەوەیی

MHP  پارتی بزوتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە)

MNP  پارتی ڕێکخستنی نەتەوەیی

MSP   پارتی سەلامەتی نەتەوەیی

MÜSİAD ڕێکخراوی سەربەخۆی پیشەساز و بزنسمانەکان

NOM بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانی Milli Görüş Hareketi

PKK پارتی کرێکارانی کوردستان

RP پارتی ڕەفا

RTÜK دەستەی باڵای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان.

SP پارتی سەعادەت

TİP پارتی کرێکارانی تورکی

TOBB یەکێتیی تورکی بۆ ژوور و بۆرسەکان

TSK هێزە چەکدارەکانی تورکیا

RTUK دەستەی باڵای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن

TÜSİAD ڕێکخراوی سەربەخۆی تورکە پیشەساز و بزنسمانەکان

EU یەکێتیی ئەورووپا/ US ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

## پێشەکی:

### حزبی ئیسلامی چییە؟
### ئایا ئاکپارتی حزبێکی ئیسلامییە؟

لە تشرینی دووەم/نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ و تەمموز/یۆلیۆی ٢٠٠٧دا دەنگدەرانی تورکی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە دەنگیان بە پارتی داد و گەشەپێدان ( Adalet ve Kalkınma Partisi (AK Parti)) دا -کە لێرە بەدواوە بە کورتکراوە تورکییەکەی (واتە ئاکەپە AKP) ئاماژەی بۆ دەکرێ- و بەوە پیشانی دا دەیەوێ سەرکێشی بکا بە ئەنجامدانی گۆڕانێکی سیاسیی بەرفراوان[1]. دەنگدەران نەوەیەک سیاسەتمەداری

[1] پارتی داد و گەشەپێدان Adalet ve Kalkınma Partisi (AK Parti) وا باوە بە Justice and Development Party وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و هەندێ جاریش بۆ AKP کورت دەکرێتەوە. ئەو پارتە ڕایگەیاندووە کە کورتکراوەی ڕەسمیی ناوەکەی ئاکپارتی "AK Parti,"ە، لەبەر ئەوە لە ئینگلیزیشدا هەندێ جار بە "AK Party." ئاماژەی بۆ دەکرێ. بەڵام بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە هەندێ جێ مشتومڕە لەو ڕووەوە "ak" لە تورکیدا بە مانای ڕووناکی، بێگەرد، سپی، پاک و پیسنەبوو دێ. AK Party مانای "پارتی ڕووناکی" دەگەیەنێ و هێمای پارتەکەیش گڵۆپێکی ڕووناکە. ئەو ڕۆشنبیرانەی نەیاری ئەو پارتەن AK Parti یان Ak Party بەکار ناهێنن، بەڵکو کورتکراوە ئینگلیزی یان تورکییەکەی بەکار دێنن واتە AKP، لەو ڕووەوە Ak Party دیلالەتێکی زۆر پۆزەتیڤ هەڵدەگرێ. لەبەر ئەوە هەم لە تورکی و هەم لە ئینگلیزیدا کورتکراوە "بێلایەن" و بێ مشتومڕەکەی بریتییە لە AKP.

دێرینیان ناردەوە ماڵەوە تا کورسیی پێویست لە پەرلەمان ببەخشنە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، تا بتوانێ بە تەنیا خۆی حکومەت پێک بێنێ[1]. هەڵبژاردنەکە گژبەرییەکی دراماتیکی بوو، کە ئاخۆ پارتێکی دیموکراتی مۆدێرن، کە ڕیشەیەکی قووڵی لە نێو ئیسلامی سیاسیدا هەیە، دەتوانێ ئازادییە مەدەنییەکان فراوان بکات و پارێزگاری لە سیستەمی دیموکراسی بکا؟

بەر لە هەڵبژاردنەکەی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢، زۆر کەس لە میدیای غەربیدا ئاکەپەیان بە "پارتێکی ئوسولگەرا fundamentalist" وەسف دەکرد. پاش هەڵبژاردنەکە، هەمان ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەستەواژەی "ئیسلامی یان پارتی ئیسلامی"یان بەکار دەهێنا، کاتێکیش ئەو پارتە دەستی دایە پەسەندکردنی پێوەرەکانی کۆپنهاگنی یەکێتیی ئەورووپا، بە ناوی "پارتی پاشخان ئیسلامی" ئاماژەیان پێ دەدا[2]. دوو ساڵ پاشتر، کاتێ پەرلەمان چەند پاکێجێکی سەرەکیی چاکسازیی پەسەند کرد، ئاکپارتی وەک "پارتێکی ڕیفۆرمخوازی ئیسلامی" ناو دەبرا[3]. پاشتر کاتێ پەرلەمان قسەی لەسەر یاسایەکی نوێ

---

[1]Emmanuel Sivan, "The Clash within Islam," Survival 45:1 (Spring 2003), 30.

سیڤان سەرکەوتنی ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکاندا بە هەڵکشان و بەهێزبوونی ئیسلامیزم لە تورکیا دەبینێ. گشتاندنە سەرتاپاگیرەکانی ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی سنووردارە لە سیاسەتی تورکی، ئەمەیش بە ژمارەیەک ئەنجامگیری ئایدیۆلۆژییانەی گەیاندووە.

[2] گراهام فولەر Graham Fuller لە نووسینەکانیدا ڕەخنە لە وەسفکردنی AKP بە پارتێکی ئیسلامی دەگرێ. بڕوانە:

"Freedom and Security: Necessary Conditions for Moderation," American Journal of Islamic Social Sciences, 22:3 (Summer 2005), 23–24.

[3]The Economist, November 27, 2004..

لەبارەی زیناوە دەکرد، میدیای ئەورووپی جارێکی تر سیفەتی "ئیسلامگەرا Islamist" یان "ئیسلامی Islamic"ی بۆ وەسفکردنی AKP بەکار هێنایەوە.

پاش هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ The Economist ئاکەپەی بە پارتی "نیمچە ئیسلامی" ناو بردبوو[1]. جێنی وایت Jenny White لە زانکۆی بۆستن بە "AKPی پێشتر ئیسلامی" و "مانیفێستکردنێکی سەرکەوتوانەی ئیسلام" وەسف دەکرد. لەو کاتەی AKP لە ساڵی ٢٠٠١دا دامەزراوە، مرۆڤ سەری سوورِ دەمێنێ ئاخۆ مەبەستی (خاتوو جینی) لە "پێشتر ئیسلامی" و لە پیشاندانی ئاکەپە وەک "مانیفێستکردنی ئیسلام" چییە. ئایا ئەو ئیسلام لە AKPدا کورت دەکاتەوە؟[2]

پارتی ئیسلامی چییە؟ مرۆڤ چۆنچۆنی دەتوانێ پارتێکی ئیسلامی لە یەکێکی عەلمانی (سیکیولار) جیا بکاتەوە؟ کەی و لە چ هەلومەرجێکدا بزاڤێکی پێشتر ئیسلامی لەوە دەکەوێ ئیسلامی بێ؟[3] ئەم کتێبە لەم سێ پرسیارە دەکۆڵێتەوە لە زەمینەی تورکیادا.

دەبێ AKP چۆنچۆنی پۆلبەندی بکرێ؟ ئایا ئیسلامییە، یان موحافیزەکارە، یان سیکیولار؟ لەبارەی بنەچە ئیسلامییەکەی، AKP بە توندی پێداگری لەوە دەکا کە ئەو پارتێکی

[1]The Economist, August 2, 2007.
[2]Jenny White, “ The End of Islamism?” in Robert W. Hefner (ed.), Remaking Muslim Politics (Princeton: Princeton University Press, 2005), pp. 87–111.
[3]Stathis N. Kalyvas, “Religious Mobilization and Unsecular Politics,” in T. Keselman and
J. Buttigieg (eds.), European Christian Democracy: Historical Legacies and Comparative
Perspectives (Notre Dame: University of Notre Dame Press, 2003).

"موحافیزەکاری دیموکراتە" و نکوڵی دەکا لەوەی ئەجێندایەکی ئیسلامیی هەبێ. ئیسلامگەراکان و هەندێ لە عەلمانییەکان پێیان وایە ئەمە تەنیا دەمامکێکە و AKP چاری ناچارە کە خۆی وەک "موحافیزەکار" بخاتە ڕوو، لەبەر ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە ناتوانێ خۆی وەک ئیسلامی بناسێنێ. لە ڕاستیدا قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئایین لە سیاسەتدا بووەتە مایەی سەرهەڵدانی سیاسەتی دەمامکپۆشین. پارتە ئیسلامی و ئەتنیەکان ناچارن لە کایە سیاسییەکەدا زمانێکی نائایینی و نائەتنی بەکار بێنن. خەڵک بەزۆری ناچارن پەنا بۆ زمانێکی سیاسیی شفرەدار ببەن. هەندێ لە ڕووناکبیران، لەوانە یاسین ئەکتای، پێیان وایە "دیموکراسیی موحافیزەکار" "conservative democracy" تاکە ناسنامەی گونجاوی ڕێپێدراوە کە لە پرۆسەی سیاسیی تورکیدا بۆ AKP فەراهەم بێ، لەبەر ئەوەی دامەرزاندنی حزبی سیاسی لەسەر بناغەی ئایدیا ئایینییەکان دابمەزرێنێ[1].

ئەگەرچی سەرکردایەتیی AKP لەڕێی بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانیی ئەربەکانەوە، کە پرۆ-ئیسلامی بوو، پێی نایە نێو دنیای سیاسەت، بەڵام سەرکردەکانی هەمیشە نکوڵی لە بوونی هیچ پەیوەندییەک بە ئەجێندا ئیسلامییەکەی ئەربەکانەوە دەکەن. سەرکردایەتیی پارتەکە ڕووکاری مۆدێرن و بزۆزی ناسنامەیەکی نوێی ئیسلامیی جیهانی پیشان دەدات، تۆڕە ئیسلامییەکان بە ئامرازی جۆشدانی ئیسلامی دادەنێ.

یالچین ئاکدۆگان کە ئایدیۆلۆژیستێکی ئاکەپەیە، نکوڵی لەوە دەکا پارتەکە هیچ لینکێکی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی هەبێ، بگرە

---

[1]Yasin Aktay, "Siyasette Islamiliğin Sınırları ve İmkanları," Tezkire, 33 (July–August 2003), 31–41.

تـــەنانـــەت ناونیـــشانی پـــارتی "دیمـــوکرات ئیـــسلامی"ش ڕەت دەکاتـــەوە[1]. AKP ســـنووری دەرەکیـــی ئیـــسلامی سیاســـیی تورکیـای لـەپـاش پرۆسـەکـەی ٢٨ی شـوباتی ١٩٩٧ دیـاری دەکات.

بیروبۆچوونە ئیسلامییەکان و جیهانبینیی ئیسلامی هێشتا بەشێکن لە ناسنامەی سەرکردەکانی، هەروەها لەوانەیە لە فەلسەفەی قوولّی AKPیشدا هەبێ، بەلاّم AKPهەرگیز زمانە ڕاشکاوەکەی ئیسلامی سیاسی بەکار ناهێنێ، لە ڕاستیدا هەردەم هەست دەکا ناچارە ئەوە دووپات بکاتەوە کە پارتێکی ئیسلامی نییە. بە دەربڕینێکی تر، AKP لە پەرچەکرداری تاکڕەوی و تا ڕادەیەک مزگێنیبەخشی و سەرکردایەتیی نەجمەدین ئەربەکاندا گەشەی کرد: دژی فەلسەفەی بزوتنەوەکەی -بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانی- کە دژە-سیستەم anti-systemic و ڕووبەڕووخواز بوو، کە پشتی بە تۆڕ (ڕێکخستن)ـە ئایینییەکان و ناسنامەی ئیسلامی دەبەست بۆ خۆجیاکردنەوە لە حزبە سیاسییەکانی تری تورکیا. ستراتیژی ئەربەکان بریتی بوو لە "ئێمە یەکێک نین لەوانەی نوێنەرایەتی سیستەمەکە دەکەن"، ئەمە لە کاتێکدا ئەردۆگان هەوڵ دەدا متمانە بە خەڵک بکا کە "ئێمە یەکێکین لە پارتە ئاساییەکان، هەر وەک DPی مەندرێس وAPی دیمیرێل".

---

[1] بڕوانە دیمانەکەی ئاکدۆگان، ڕۆژنامەی سەباح، ١٦ی ئابی ٢٠٠٣. دەڵێ ئاکەپە پەیڕەوی لە سیاسەتێکی ناسنامەگەرای ئەتنی یان تایفی ناکا. پارتێکی ناسنامەزاد identity-based party نییە، بەلاّم ناسنامەی کراوەی خۆی هەیە.

ناسنامە سەرکوتکراوەکەی ئاکەپە ناوبەناو سەرهەڵدەداتەوە. بەدڵنیاییەوە ناسنامەی ئاکەپە هەم بەوەی دەیەوێ لە بیری بکا (واتە ئیسلامیزم) و هەم بەوەی دەیەوێ ئاشکرا ببێ (دیموکراسیی موحافیزەکار) گەڵاڵە دەکرێ. ڕەنگدانەوەی ململانێیەکە لە نێوان ئیسلامیزم و ناونیشانە نوێیەکە (دیموکراسیی موحافیزەکار)، ئەو دەستەواژەیەی سەرکردەکانی پارتەکە بەکاری دێنن تا وا پیشان بدەن ئەوان پارتێکی ئیسلامی نین. پارتەکە بە شێوەیەکی تایبەت وەبەر هێنرا، بەڵام هاوکات وابەستەش بوو بە پرۆژەی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا تا پیشانی بدات لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکیدا ئیسلامی نییە، ملکەچکردن بۆ پێوەرەکانی کۆپنهاگن بەشێکە لەم پرۆسەی دروستکردنی ناسنامەیە. بە دەربڕینێکی تر، پرۆسەی چوونە پاڵ یەکێتیی ئەورووپا ڕۆڵێکی گرنگی لە گۆڕینی ناسنامەی گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسییە جۆراوجۆرەکانی تورکیادا، بە AKPیشەوە، هەبووە.

ئەو گرووپانەی لایەنگری بوونە ئەندامن لە یەکێتیی ئەورووپا، پەیوەندیی توندوتۆڵیان بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی تورکیاوە هەیە. پاش بڕیارەکەی هیلسنکی لە ١٩٩٩ بە ڕازیبوون بە کاندیدکردنی تورکیا بۆ چوونە نێو یەکێتیی ئەورووپا، پاڵپشتی بۆ ئەو ڕیفۆرمانەی یەکێتیی ئەورووپا داوایان دەکا، فراوانتر و قووڵتر بوو. پرۆسەی کۆپنهاگن ڕێڕەو و چوارچێوەیەکی بۆ گۆڕانکاری لە ئابووری و چاکسازییە دیموکراسییەکان و هەروەها گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەدا ڕەخساند.

لەم پێنج ساڵەی دواییدا، زیاتر لە سی دەیەی ڕابردوو ڕیفۆرمی سیاسی و یاسایی لە تورکیا پەسەند کراون. پاش

١٩٩٩ سزای لەسێدارەدان هەڵوەشێنرایەوە، ئازادیی دەربڕین فراوان بوو، زمانی کوردی ئازاد کرا و مافە کولتوورییەکانیان دەستەبەر کران. چاکسازییەکان دەسەڵاتی سوپایان کەم کردەوە و کۆنترۆڵکردنی مەدەنییانەی هێزە ئەمنییەکانیان بەهێز کرد.

ئاکەپە چاکسازییەکانی یەکێتیی ئەوروپای کردە ئەولەویەتی کارنامەی سیاسیی سەرەکیی خۆی، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک. سوپای تورکیا ئەگەر بە ڕاشکاویش نەیلێ، تا ڕادەیەکی زۆر دژی چاکسازییە پەیکەربەندەکانە، لە کاتێکدا AKP چوونە ناو یەکێتی ئەورووپی بە ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوونی سیاسی، هەروەها ئامرازێکیش بۆ جڵەوکردنی دەسەڵاتی سوپا دەبینێ. بە کورتی، AKP هەوڵ دەدا کۆتایی بە دوو حکومەتی بێنێ کە جموجۆڵی دیموکراسی بە شێوەیەکی زەق سنووردار دەکا. لەگەڵ ئەوەیشدا، AKP هێشتا لەژێر سێبەری ترس لە سوپا و بیرۆکراسیی دەوڵەت و مەترسیی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکەی ئاکەپە و لەباربردنی گورزە چاکسازییە نوێکەدا کار دەکا.

بە لای نەیارنی ئاکەپەوە هێشتا ئەندازەیەکی زۆر بێمتمانەیی لەبارەی نیاز و نیەتی ئەو پارتەوە لەئارادایە. زیاتر لە دەیەیەک لەمەوپێش کاتێ ئەردۆگان سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبووڵ بوو وتوویەتی "سوپاس خوایە، من لەگەڵ شەریعەتم"[1]. "کەسێک ناتوانێ لە هەمان کاتدا عەلمانی و موسڵمانیش بێ" هەروەها "بۆ ئێمە، دیموکراسی تا

[1]Milliyet, November 19, 1994.

سنووریکە"[١]. تاقیکردنەوەیەکی نەگۆڕ لە شێوەی "تاقیکردنەوەی تویکلی گولەبەڕۆژە" litmus test نییە کە پابەندیی ئاکەپە بە تێڕوانینێکی لیبرالانە بۆ سیکیولاریزم و دیموکراسی بسەلمێنێ[٢].

بەم مانایە کۆتبەند و ئیغرائاتەکانی یەکێتیی ئەورووپا و ڕژێمە عەلمانییەکە ڕۆلێکی یەکلاکەرەوەیان بینیوە لەوەی سەرکردایەتیی ئەو پارتە بە بیروباوەڕە جەوهەرییەکان و کارنامەکانیدا بچێتەوە و پێناسەیان بکاتەوە.

## بەگوێرەی پرۆگرامی پارتەکە، ئاکەپە:

"ئایین بە یەکێک لە گرنگترین سیستەمەکانی مرۆڤایەتی و سیکیولاریزمیش وەک پێویستییەکی بنچینەیی دیموکراسی و مسۆگەرکردنی ئازادیی ئایین و ویژدان دادەنێ. هەروەها دژ بەوەیە سیکیولاریزم بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە کە بیشێوێنێ و بە دژی ئایین دابنرێ... پارتەکەمان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بەها پیرۆزەکانی ئایین و نەتەوایەتی بقۆزرێنەوە و بۆ مەرامی سیاسی بەکار بێن"[٣].

دەبێ AKP چەندە لە هەردوو پارتی ڕەفا و فەزیلە جیاواز بێ، کە لەوانەوە پەرەی سەندووە؟ ئەو پارتە شەبەنگێکی فراوان لە چالاکوانی ئیسلامی، ناسیونالیستی تورک و کورد و

---

[1]N. Bowcott, "Islamic Party Wins in Turkey," Guardian, November 7, 2002.

[2]بڕوانە:

Jose Casanova, Public Religion in the Modern World (Chicago: The University of Chicago Press, 1994).

[3]Development and Democratization Program 2:1. www.akparti.org.tr/programeng3.asp.

ڕیفۆرمخوازانی لیبراڵی یەک خستووە. سەرکردە دیارەکانی حزبەکە بە ڕوونی وازیان لە تەفسیرکردنە ڕادیکاڵانەکانیان بۆ ئیسلامی سیاسی هێناوە، ئەویش بە هۆی پالەپەستۆی سوپا و ڕێکخراوی سەربەخۆی تورکە پیشەساز و بزنسمانەکان، واتە TÜSİAD.

AKP لە هەوڵدایە ناسنامەی خۆی لە حکومەتدا لەژێر سەرکردایەتیی بەهێزی ئەردۆگاندا بنیاد بنێ، بەڵام بنکە جەماوەرییە تێکەڵوپێکەڵ (ناهۆمۆجین)ەکەی پارتەکە و چاوەڕوانییە جیاوازەکانیان لە پارتەکەیان، ئەو پرۆسەیەی ئاڵۆز کردووە کە پێویست دەکا پلە بە پلە بێ، کە پڕ لە دژیەکی دەبێ و بە حەتمی ململانێ لەناو پارتەکەدا دروست دەکا.

سەرکردایەتیی AKP لە دەستەیەک سیاسەتمەداری دیندار پێک دێ، کە لە ڕێگەی تۆڕ و پارتە ئیسلامییەکانەوە هاتوونەتە ناو دنیای سیاسەت. بە سەرنجدان لە پاشخانە ئیسلامییەکە و چالاکی و لێدوانەکانی پێشتری سەرکردایەتییەکەی، مرۆڤ ئەو پرسیارەی لە لا دروست دەبێ کە ئاخۆ چۆن و بۆچی ئەو پارتە ئەو ئاڕاستە لیبراڵەی گرتە بەر؟ گۆڕانی ئەم بزوتنەوە سیاسییە ئیسلامییە تورکییە، وەک لە ئۆپۆزسیۆنەوە بەرەو دەسەڵاتی سیاسی هەنگاوی ناوە، دەرەنجامی گۆڕانە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، بەتایبەت دەرکەوتنی چینێکی نوێی ئابووری، هەروەها توێژێکی خوێندەواری نوێ.

ئەگەرچی پێوەرەکانی کۆپنهاگن گرنگن، بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە هۆکانی ئەو گۆڕانە سیاسییە تەنیا لە قبوڵکردنی AKP بۆ ستاندارەکانی یەکێتیی ئەورووپیدا کورت بکرێتەوە.

## گۆڕانی حزب/بزوتنەوەیەکی ئیسلامی

حزبی ئیسلامی چییە؟ لە سایەی چ هەلومەرجێکدا گۆڕانی حزب-بزوتنەوەیەکی ئیسلامی ڕوو دەدات؟ چ هەلومەرج و چ جۆرە بزوتنەوەیەکی ئایینی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن ئاسان دەکەن و دەچەسپێنن؟ لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا حاڵەتی تورکیا گرنگە. نموونەی AKP وەک حزبێکی دیموکراتی حوکمڕان و خاوەن پاشخانێکی ڕیفۆرمخوازانەی ئیسلامی، چۆنچۆنی کار لە باقیی جیهانی ئیسلامی دەکات؟

حاڵی حازر زۆربەی چاودێران بەو ئاستە سەرنجڕاکێشەی دیموکراتیزەکردن و گەشەی ئابووری کە لەم دواییەدا تورکیا بەخۆیەوە دیوە، سەرسام بوون و دێن لەڕێی خوێندنەوەیەکی سادەوە حسابی ڕادەی کاریگەریی تورکیا لەسەر جیهانی ئیسلامی لە ئایندەدا دەکەن. بە هەرحاڵ کۆمەڵێ کێشە لەم خوێندنەوە سادەیەدا بۆ ئەزموونی تورکیا هەیە.

پێش ئەوەی لەو پرسیارانە بکۆڵمەوە، گرنگە پێناسەی چەمکی "ئیسلامی Islamic" لە حاڵەتی تورکیادا بکەین. چەمکی "ئیسلامی" لە جێبەندی تورکیادا چ مانایەک دەگەیەنێ؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ هەر بە ڕەفتار و شێوەی ژیان ببێتە ئیسلامی، وەک بوونی هاوسەرێکی سەرپۆشبەسەر، یان نەخواردنەوەی ئەلکهول و پابەندبوون بە ئەخلاقی ئیسلامییەوە، بەبێ ئەوەی بە زەرووڕەت هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەک بێ کە کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بکا؟

لە جێبەندی تورکیادا "ئیسلامی" بەو کەسە دەوترێ هەوڵ دەدا لە ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەدا ئاکار و ڕەفتارە ئیسلامییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێ. AKPبە ئەنقەست

خۆی لادەدا لەوەی سیاسەتێکی خاوەن مۆرکی ئیسلامییانە بگرێتە بەر، لەگەڵ ئەوەیشدا سیاسەتەکانی تا ڕادەیەکی زۆر لە شێوەژیانی ئیسلامییانە وەرگیراون. ئەم سیاسەتی شێوەژیان، یاخود ناسنامەیەی هەر پارتێک لە ناسنامەی کادیرە سەرەکییەکان و هەڵسوکەوتە دیندارانەکانیان لە نێو خەڵکدا وەردەگیرێ. زمانی جەستەی خودی ئەردۆگانیش پشتگیریی ئەم سیاسەتی شێوەژیانەی دووپات کردووەتەوە.

سەرکردایەتیی پارتەکە، بە یاوەریی ژن و کچە سەرپۆشبەسەرەکانیان بەشداری لە چالاکییە ئایینییەکاندا دەکەن و هەردوو ڕەگەز بەپێی نەریتی ئایینی ڕۆڵ دەبینن، کە ئەوە لە پارتەکانی تریان جیا دەکاتەوە و یارمەتیی ئایدیۆلۆژیا شاراوەکەی پارتەکە دەدا. بە کورتی، سەرکردایەتیی AKP دەیەوێ ژیانی تایبەت و ڕۆژانە لە دەستتێوەردانی دەوڵەتی "مۆدێرنیزەکراو" ئازاد بکا، لە کاتێکدا پارتی گەلی کۆماری دەیەوێ ئایین لە دەرەوەی ژیانی گشتی و لە هەمان کاتدا ژیانی تایبەتییشەوە بهێڵێتەوە.

لەگەڵ ئەو فراوانبوونە گەورەیەی تورکیا لە بواری دەرفەتی ئابووریدا بەخۆیەوە دەبینێ و پەیدابوونی بۆرژوازییەکی ئیسلامیی متمانەبەخۆ، پرۆسەی میانڕەوی moderation پابەندبوون بە لیبراڵیزەکردنی سیاسیی لە نێو بزاڤە ئیسلامییەکاندا بەهێز کردووە[1]. دیارە زیاتر لە بزوتنەوە

---

[1]Nazih Ayubi, Political Islam: Religion and Politics in the Arab World (New York: Routledge,
1991); Olivier Roy, The Failure of Political Islam, translated by Carol Volk (Cambridge,
MA: Harvard University Press, 1994) and Globalized Islam: The Search for a New Ummah

ئیسلامییە میانڕەوەکان، نەک هەموویان، چاوەڕوان دەکرێ ببنە پاڵپشتی دیموکراسی ئەگەر هەست بکەن دیموکراسی باشترین ڕێگەچارەیە بۆ ئەو کێشە سۆسیۆ-سیاسییانەی هەن. بۆ بزاڤێک یارمەتیی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بدات، پابەندبوون بە دیموکراسی زۆر گرنگە.

ناسنامە و دامەزراوە و تۆڕ (ڕێکخستن)ـە ئایینییەکان لە دروستکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی بزاڤدا گرنگن. ناسنامە و ئایدیۆلۆژیا ئایینییەکان یارمەتیی پاراستنی گرووپە پەراوێزخراوەکان دەدەن لەدەست چینە باڵادەستەکان و کەرەستەیەکی فیکری بۆ گژبەریکردنی حکومەتێکی سەرکوتکەر، بە ناوی دادپەروەرییەوە دەستەبەر دەکا[1]. جگە لەوە، لەم

(New York: Columbia University Press, 2004); L. Carl Brown, Religion and State: The Muslim Approach to Politics (New York: Columbia University Press, 2000); James Piscatori and Dale Eickelman, Muslim Politics (Princeton: Princeton University Press,1996); John Esposito and François Burgat (eds.), Modernizing Islam: Religion in the Public Sphere in Europe and the Middle East (New Brunswick, NJ: Rutgers University Press, 2003); Joel Beinin and Joe Stork (eds.), Political Islam: Essays from Middle East Report (Berkeley and Los Angeles: University of California Press, 1997); Seyyed Vali Reza Nasr, Mawdudi and the Making of Islamic Revivalism (New York: Oxford University Press, 1996); Charles Kurzman, “Bin Laden and Other Thoroughly Modern Muslims,” Contexts, 1 (Fall/Winter 2002), 13–20.

[1] سەبارەت بە خەسڵەتی (پرۆتۆ-مۆدێرن)ی هەریەک لە پیوریتانیزم و ئیسلامیزم گۆلدبێرگ پێی وایە:

ژینگەیەدا بزاڤە ئیسلامییەکان دەتوانن نوێنەرایەتیی گرووپە بێبەشکراوەکان بکەن و کار بکەن بۆ دروستکردنی سنوورێکی ڕێدەرتر لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا لەڕێی دیموکراتیزەکردنەوە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی پارتە دیموکراتە مەسیحییەکان لە ئەورووپا و ئەمەریکای لاتین کراون، دەریدەخەن سیکیولاریزەبوونی گوتاری ئەو حزبانە ئازادییە بنەڕەتییەکانی جەماوەری دەنگدەر پتەوتر دەکا. بۆ ڕاکێشانی

---

گەلڤنیزم و بزاڤە ئیسلامییە سوننییەکانی ئێستای میسر گوتارن لەبارەی سروشتی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا. لە ڕووی مێژووییەوە هەردوو بزاڤەکە لەو کاتەدا سەریان هەڵداوە کە دەسەڵاتی مەرکەزیی دەوڵەت داوای موتڵەقگەرایی لە دەسەڵاتی سیاسیدا کردووە و لەو پرۆسەیەدا هەوڵی داوە بە ڕێگەی نوێ کۆنترۆڵی کۆمەڵگە کشتوکاڵییە گۆڕاوەکان بکا. لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، هەردوو بزاڤەکە جەخت لەوە دەکەن ئیددیعاکردنی دەسەڵاتی ڕەها لە لایەن دەسەڵاتە سیکیولارە مەرکەزییە بە ناو ئایینییەکەوە، خۆپەرستییەکی بێباوەڕانەیە کاتێ لەگەڵ ویستی خوا بۆ بالادەستی بەسەر ویژدانی باوەڕداراندا لێک دەدا. لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە، هەردوو بزاڤەکە دەسەلاتی ئایینییان لەو کەسانە دوورخستووەتەوە کە بە ڕەسمی ڕێگەیان پێ دراوە دەقەکان بۆ خەڵکی ئاسایی لێک بدەنەوە. لە ڕووی دامەزراوەییەوە، هەردوو بزاڤەکە کۆمەڵگەی تایبەت لە باوەڕدارانی خۆبەخش، زۆر بەجۆشوخرۆش و خود کۆنترۆڵ دروست دەکەن، کە ئاستێکی بالاتر لە یەکگرتوویی ناوخۆیی و ملکەچی لەوەی دەسەلاتی ڕەها دەیکا، بەدی دێنێ. بۆیە دەتوانن ببنە بناغە بۆ دەسەلاتێکی سیاسی پۆستئەبسلوت postabsolutist لە بەرگێکی دەسەلاتگەرایانەی نادیموکراتدا.

.Ellis Goldberg, “Smashing Idols and the

State: The Protestant Ethic and Egyptian Sunni Radicalism”, in Juan R. I. Cole (ed.), Comparing Muslim Societies: Knowledge and the State in a World Civilization (Ann Arbor, MI: University of Michigan Press, 1992), p. 195.

سەرنجی فراوانترین ڕووبەری دەنگدەران، پارتە ئایینییەکان گوتار و ڕێکخستنی پارتەکانیان لە دامەزراوە ئایینییەکان دوور خستووەتەوە و پراگماتیتر بوون. ئەنجامی ئەمەیش پەرەسەندنی ناسنامەیەکی سیاسیی کاسۆلیکیی سیکیولار بووە.

جگە لەمە، فشارەکانی دەنگدەران بۆ میانڕەوبوون و ئەو بەربەستانەی ڕژێم دایناون، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە گۆڕانی پارتە ئایینییەکاندا.

## حزبی ئیسلامی چییە؟

لە هەر گفتوگۆیەکدا لەبارەی پارتە ئایینییەکان کێشەی پێناسە بە حەتمی سەرهەڵدەدا. بۆ نموونە ئایا ئاکەپە پارتێکی ئیسلامییە؟ مرۆڤ چۆن دەتوانێ پێناسەی پارتی ئایینی بکا؟ چۆن جیاوازی لە نێوان پارت/سیاسەتە ئایینی و پارت/سیاسەتە سیکیولارەکاندا بکا؟

بە لای منەوە پارتی ئیسلامی ئەو پارتەیە ئایدیۆلۆژیاکەی لە ئایدیا ئایینییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە و جەماوەر لەسەر بنەمای ناسنامەی ئایینیی هاوبەش جۆش دەدا. ئەم جۆرە پارتانە هەوڵ دەدەن بە پیادەکردنی جیهانبیی ئایینیی خۆیان ڕژێم بگۆڕن، کە لە جیهانی ئیسلامیدا ئامانجی سەرەکییان ئەسلەمە (ئیسلامیزە)کردنی دەوڵەت و کۆمەڵگەیە. پارتە ئایینییەکان هەوڵ دەدەن لەسەر بناغەی ئینتیمایەی ئایینیی هاوبەش بەسەر دابەشبوونە چینایەتی و ئەتنیەکاندا زاڵ ببن[1].

---

[1]Scott Mainwaring and Timothy R. Scully (eds.), Christian Democracy in Latin America:
Electoral Competition and Regime Change (Stanford: Stanford University Press, 2003).

پارتە ئایینییەکان تەنیا چڕ ناکەنە سەر نۆرم (ڕێسا) و پرسە ئایینییەکان، بەڵکو بەرنامەکانیان داواکاری و پرس و بابەتە ئایینی و هەروەها عەلمانییەکانیش لەخۆ دەگرن، ئەمەیش ئەرکی شیکردنەوەی ئەو هۆیانەی وا دەکەن دەنگدەران پاڵپشتی ئەو پارتانە بکەن، قورس دەکا[1]. ئایا دەنگدەران بۆیە ئەو حزبانە هەڵدەبژێرن لەبەر ئەوەی هەوڵ دەدەن ئایین بگێڕنەوە بۆ نێو فەزای گشتی، یان بۆ ئەوە دەنگیان پێ دەدەن ئەو پارتانە وەک کەمتر گەندەڵ و پابەندتر بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دێنە بەرچاو، یان لەبەر ئەوەیە دەرفەتی سیاسی بۆ کەرتە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر دەکەن تا بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن؟

پارتە ئایینییەکان دەشێ لەبەر هۆکارە پەیوەندار و ناپەیوەندار بە هەڵبژاردن ئەجێنداکەیان میانڕەو و سیکیولاریزە بکەن. لێرەوەیە پێویستە لێکۆڵینەوە لە پارتە ئایینییەکان بە چڕی لەسەر توانای ئەو حزبانە بۆ ئاوێتەکردنی ئەجێندا ئایینی و سیکیولارەکان، سەرکەوتن و ژێرکەوتنیان لە هەڵبژاردن و بەتایبەت لەسەر سروشت و پەرەسەندن و ئەمبەر و ئەوبەرکردنی بەردەوامیان لە نێوان خەم و سازشە ئایینی و سیکیولارەکاندا.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە لەبارەی حزبە دیموکرات مەسیحییەکان کراوە، دەریدەخا پەرەسەندنی ئەو حزبانە بەرەنجامی گۆڕانکارییە ناوخۆیی و جیهانییەکانە. حزبە دیموکرات مەسیحییە ئەوروپییەکان بەزۆری لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی فەیلەسووفی تۆماسی (تۆماس ئەکیوناس)ی

[1] Vali Nasr, “The Rise of ‘Muslim Democracy’,” Journal of Democracy, 16:2 (April 2005), 13–27.

فەڕەنسی جاک ماریتەیندان لە کتێبی: مرۆڤگەرایی کامل Integral Humanismدا داکۆکی لە "دیموکراسییەکی کامل" دەکا کە لە چەمکە پلوراستی (فرەییخواز) و کەسخوازی و کۆمەڵگەخوازی پێک هاتووە[1].

فیکرە سەرەکییەکەی ئەوە بوو پەرە بەو تێزە بدات کە یەکتاپەرستی theism بناغەیەکی باشتر بۆ دیموکراسی دەستبەر دەکا تا لیبراڵیزم. بەرگری لە کەسانیزم دەکرد لە بەرانبەر تاکانیزمی خۆپەرستانە، بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی و کۆمەڵگەیی لە بەرانبەر بەرژەوەندیی شەخسی، هاوبەشی لە بەرانبەر بزوێنەری بەرژەوەندی.

ماریتەین دیموکراسی بە گرنگترین چوارچێوە دەبینی بۆ هێنانی بەها مەسیحییەکان بۆ کایەی گشتی، هەروەها بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەکان. هاوکات پێی وایە دیموکراسی پێویستی بە ئازادیی تەواوی ئایینی هەیە لەپێناو بەکۆمەڵایەتیکردنی ئیمان لە ژیانی ڕۆژانەدا[2].

گرنگە پارتە ئایینی (ئیسلامی)یەکان لە سیاسەتی ئایینی (ئیسلامی) جیا بکرێنەوە. دەشێ پارتێک ئیسلامی نەبێ، وەک حاڵەتی پارتی دیموکراتیی عەدنان مەندریس، یان پارتی دادی سلێمان دیمیرێل و پارتی نیشتمانی دایکی تورگوت ئۆزال، بەڵام دەکرێ پەیڕەوی لە "سیاسەتێکی ئیسلامی" بکا بەوەی

[1]Jacques Maritain, Integral Humanism (New York: Scribner’s, 1938).

[2]بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی بیروبۆچوونەکانی ماریتەین بڕوانە

Paul Sigmund, “Maritain on Politics,” in Deal Hudson and Matthew Mancini (eds.), Understanding Maritain (Macon: Mercer University Press,
1987), pp. 153–170.
1987), pp. 153.170.

بەگوێرەی خەون و خواستە ئایینییەکانی خەڵک ڕەفتار بکا. مەبەستم لە سیاسەتی ئیسلامی ئەوەیە کێبڕکێ و ململانێ بکا تا لەڕێی بەها ئیسلامییەکانەوە پێناسە بۆ مانای ژیان و ناسنامە و کۆمەڵگە بکا. بیروبۆچوونە ئیسلامییەکان ئەو لێدوانە ئاشکرا یان وتارانەن لەسەر بناغەی دابونەریتێکی دامەزراون.

لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە ناتوانرێ AKP بە پارتێکی ئایینی دابنرێ، چونکە هەوڵ نادات گۆڕانکاریی ئایینی لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا بکا، بەڵکو زیاتر هەوڵ دەدات ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمان بگەیەنێتە بەرزترین ئاست تا دەسەڵاتی سیاسیی خۆی بەهێز بکا، بەڵام هەوڵ نادا شەریعەتی ئیسلامی لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەدا جێبەجێ بکا، یان داواکارییە سیاسییەکان لەسەر بناغەی ئایین دابمەزرێ.

هەرچۆن بێ، AKP بە قووڵی چووەتە نێو ئاکارە کۆمەڵایەتی و نۆرمە کولتوورییە ئیسلامییەکان و پێداگری لە بەها و بەرژەوەندییە ئایینییەکانی دەنگدەرە دیندارەکانی دەکا. ڕێک وەک BJP لە هیندستان، کە ڕیشەیەکی قووڵی ئایینیی هەیە، بەڵام بە ڕادەیەک پەرەی سەندووە چیتر کەسێک ناتوانێ وا بە سادە و ئاسانی بە پارتێکی ئایینیی دابنێ. ئاکەپە لە چالاکییە سیاسییەکانیدا بایەخێکی گەورە بە مافە ئایینییەکان دەدا، وەک بەرگریکردن لە ئازادیی ئەوانەی پەرۆشن بۆ هەندێ شتی وەک سەرپۆش و قوتابخانەکانی ئیمام-خەتیب، کە لەوێ قوتابییان پەروەردەیەکی ئایینی و هەروەها سیکیولار وەردەگرن، هەروەها خوێندنی ئارەزوومەندانەی خولی قورئان لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا.

ئاکەپە پاش گەیشتنی بە دەسەڵات، لەژێر فشاری سوپا و بیرۆکراسییەتی کەمالیدا ڕەنگی ناسنامە و ئەجێندا ئیسلامییەکەی کاڵ کردووەتەوە. پارتەکە دەبوو لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا پابەند بێ بە چوارچێوە توندەکەی ڕژێمە عەلمانییەکەوە، تا بتوانێ پارێزگاری لە پێگە یاساییەکەی بکا. ناسنامەی عەلمانیی ڕژێم لە تورکیا لە لایەن سوپاوە پارێزراوە، ئەویش لەڕێی زنجیرەیەک کودەتای سەربازییەوە لە ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ و ١٩٩٧. دەستەبژێری کەمالی هەمیشە بە گومانەوە تەماشای چالاکییەکانی گرووپ و پارتە ئایینییەکانی کردووە و وەک پەرچەکردار لە دژی پەیامی مۆدێرنیزە و سیکیولاریزەکردنی کەمالیزمیان بینیون.

جگە لەو قەیدانەی ڕژێمە سیکیولارەکە، ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی تورکیا لەگەڵ ناتۆ، ئەنجوومەنی ئەورووپی و یەکێتیی ئەورووپا، پارتە ئیسلامییەکانی بەرەو خۆگونجاندن بردووە. لە هەندێ حاڵەتدا، شەرعییەتی ناوخۆیی بە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ئەمەریکا، گەرەنتی دەکرێ. لەم سالانەی دواییدا پاڵپشتیی یەکێتیی ئەورووپا بۆ گۆڕانە دیموکراتی و ئابوورییەکانی ئەو وڵاتە گرنگ و گەورە بوون. لێرەوە، سەرکردەکانی ئاکەپە بوونە پراگماتی و دەرفەتەکانیان بۆ پیشاندانی پابەندییان بە پرۆژەی بەئەورووپیکردن بەکار هێناوە و بە وریاییەوە خۆیان لە هەر بابەتێک لاداوە، کە بکرێ بە هۆیەوە بە ئیسلامی دابنرێن. لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا زمانێکی ئیسلامییان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسانەی سۆزوورووژێنن بەکار هێنا، ئەمەش بەزۆری بۆ ئەوە بوو تا هەست و سۆزی ئیسلامی بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەنگ ئاڕاستە بکەن. ئاکەپە لە کاتێکدا ڕەگوڕیشەی ئیسلامی و بە

ئاشکرا ئایینییە، وەک پارتێکی سیاسی سەرکردایەتیی ئاکەپە سازشی لەسەر بیروباوەڕە ئایینی-سیاسییەکەی و ئامانجەکانی کردووە.

بە هەرحاڵ، ئایا ڕاستە ئاکەپە بە ئایدیۆلۆژیاکەیدا چووەتەوە و تەنانەت دەستبەرداری دیدە ئیسلامییەکەی بووە، کە ئەو پێگە گەورەیەی لە لای سەرکردایەتی و بنکردایەتیی بزاڤەکە هەیە؟ یان نەخێر وردتر ئەوەیە بگوترێ ئاکەپە لە ڕاستیدا خۆی بۆ پارتێکی سیاسیی تایبەت گۆڕیوە، کە لە میانی هەڵسوڕانی لە نێو بەربەستەکانی سیستەمی تورکیدا چوارچێوە عەلمانییەکەی دەوڵەتی قبوڵ دەکا. ئەگەر ئەمە دۆخەکە بێ، چ پەرەسەندنێک بووە مایەی ئەم جۆرە گۆڕانە دراماتیکییە لە ئایدیۆلۆژیا و ئامانجەکاندا؟

ئەڵبەت ساویلکانە دەبێ گەر وا بزانرێ ئامانجە ئیسلامییەکان لە بیر کراون، بەڵام وا دیارە لانیکەم لەپێناو کۆمەڵێ ئامانجی کرداریدا بە شێوەیەکی کاتی خراونەتە لاوە. پێدەچێ بۆ ئەم قۆناغە بوونی دیموکراسییەکی تورکیی سەقامگیر و بەهێزتر کە تێیدا ئاکەپە حزبی سیاسیی باڵادەست بێ، بە لایانەوە بەس بێ. لە گۆڕانی بزوتنەوەکەدا کایەکانی دەرفەت ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان دیوە. هەروەها کەموکوڕییەکانی کودەتاکەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧یش دەرفەتێکی زێڕینی ڕەخساند، تا لە سایەیدا بیرۆکەی نوێ لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمێکی سیاسیی دیموکرات لە لایەن سەرکردایەتییەکی نوێوە پەرەیان پێ بدرێ.

ئەم کتێبە تیشک دەخاتە سەر سروشتی ئەو پاڵنەرانەی کە وا لە بڕیاربەدەستانی سیاسی دەکا تێڕوانینیان بگۆڕن، هەروەها لەو مەرجانە دەکۆڵێتەوە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی-

سیاسی ئاسان دەکەن. قۆناغی پاش کودەتاکەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ خاڵێکی وەرچەرخانی یەکلاکەرەوە بوو، کاتێ گۆڕانێکی سەرەکی لە پرۆسەی چوونە پاڵ یەکێتیی ئەورووپا ڕووی دا. لە گۆڕانی پارتە ئیسلامییەکاندا، لەپاڵ پەنجەرەکانی دەرفەتدا، پێویستە لە فاکتەرە یارمەتیدەر و ڕێگرەکان بکۆڵینەوە.

## کەی و چۆن حزبێکی ئیسلامی لە ئیسلامیبوون دەکەوێ؟!

نووسینەکانی ئەم دواییە لەبارەی میانڕەوبوونی ڕوو لە زیادی بزاڤ و پارتە ئیسلامییەکان، پێیان وایە پارتە ئیسلامییەکان لە ئەنجامی ژمارەیەک فاکتەرەوە خۆیان میانڕەو دەکەن[١]. من ئەو فاکتەرانەی پەیوەندییان بە ئۆپۆزسیۆنەوە هەیە، لەوانەی پەیوەندییان بە حکومەتەوە هەیە، جیا بکەمەوە[٢].

[1]بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی بزاڤە ئیسلامییەکان و دیموکراسی بڕوانە:
Vali Nasr, “The Rise of ‘Muslim Democracy’,” Journal of Democracy, 16:2 (2005), 13–27; Njorn Olav Utvik, “Hizb al-Wasat and the Potential for Change in Egyptian Islamism,” Critique: Critical Middle Eastern Studies, 14:3 (2005), 293–306. For Indonesia, Robert W. Hefner, Remaking Muslim Politics: Pluralism, Contestation, Democratization (Princeton: Princeton University Press, 2005). For Turkey, M. Hakan Yavuz, Islamic Political Identity in Turkey (Oxford: Oxford University Press, 2003). For Morocco, Isabelle Werenfels, “Between Integration and Repression,” SWP Research Paper, S 39 (December 2005).

[2]Stathis N. Kalyvas, “Commitment Problems in Emerging Democracies: The Case of Religious Parties,” Comparative Politics, 22 (July 2000), 379–397; John Waterbury,

پارتـه ئیـسلامییه‌کـان کـاتێ لـه ئۆپۆزسـیۆندان، حـساباتی ستراتیژی به‌کار دێنن بۆ ئه‌وه‌ی پاڵپشتیی ده‌نگده‌ران بگه‌یه‌ننه ئه‌وپه‌ڕی. کاتێکیش ده‌رفه‌تێک ده‌بێ بۆ گه‌یشتنه ده‌سه‌ڵات، یان بـه‌شـداریکردنی حکومـه‌تـه هاوپـه‌یمـانی (ئیئتیلافـی)یـه‌کـان، هه‌ڵوێستی خۆیان میانڕه‌و ده‌که‌ن به مـه‌بـه‌ستی بـه‌ده‌ستهێنانی ده‌نگه‌کانی ناوه‌ڕاست. له ده‌رکه‌وتـن و گـه‌شـه‌کردنـی ئاکـه‌پـه‌دا، سـه‌رکـوتکردنی ده‌وڵـه‌ت و سـتراتیژه‌کـانی هـه‌ڵبـژاردن بـۆ به‌ده‌ستهێنانی ده‌نگی زیاتر، ڕۆڵی گه‌وره‌یان هه‌بووه. ئاکه‌په بۆ ئه‌وه‌ی بمێنێته‌وه، بنکه‌ی ده‌نگده‌رانی فراوان کرد، هه‌روه‌ها بۆ ئه‌وه‌ی خۆی لـه سـه‌رکوتکردنی ده‌وڵه‌ت لابدات، پابه‌نـدبوونی خۆی به ڕێسا دیموکراته‌کان دووپات کردەوه. هـه‌ر کـه سـاڵی ٢٠٠٢ زۆرینـه‌ی ده‌نگه‌کانی بـه‌ده‌ست هێنا و ده‌سـه‌ڵاتی گرتـه ده‌ست، تـه‌نانـه‌ت چـه‌ند هـه‌نگاوێکی چـاوه‌ڕواننـه‌کراویشی بـۆ سازشـکردن لـه‌گـه‌ڵ دامـه‌زراوه‌ی کـه‌مالیـدا هاویـشت، تـا بـه‌وه پارێزگاری له شه‌رعییه‌تی ناوخۆیی و نێوده‌وڵه‌تیی خۆی بکا.

لـه حاڵـه‌تـی پارتـه ئیـسلامییه‌کـانی تورکیـادا، تێبینیـی ئـه‌وه ده‌کرێ که مـه‌رجـه‌کانی میانڕه‌وبـوون پێش و پاش گـه‌یشتنی پارته‌کان به ده‌سه‌ڵات، هه‌مان شت نین. پارتێکی ئیسلامی بـه‌ر لـه‌وه‌ی بتـوانێ بگاتــه ده‌ســه‌ڵات، ســه‌رکـوتکردنی ده‌وڵــه‌ت، سـتراتیژه‌کـانی هـه‌ڵبـژاردن بـۆ فراوانکردنـی بنکـه‌ی خـۆی و هه‌روه‌ها توانای سیسته‌مه‌که بۆ پاداشتکردنی گۆڕانه‌که لـه‌ڕێی

"Fortuitous By-Products," Comparative Politics, 29 (April 1997), 383–402; Nancy Bermeo,
"Myths of Moderation: Confrontation and Conflict during Democratic Transitions,"
Comparative Politics, 29 (April 1997), 305–322.

ڕێگەپێدانی بۆ حوکمکردن، کۆمەڵە مەرج یان فاکتەرێکی زەروورن بۆ ئەوەی میانڕەوبوون moderation ڕوو بدات.

سەرکوتکاریی دەوڵەت دەبێتە بایسی لەتبوون لە نێو بزاڤی ئیسلامیدا، بە هۆی بوونی دەرفەتی نوێ بۆ گرووپی میانڕەوتر. بە هەرحاڵ، مەرجی سەرکوتکردن بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی پارتێکی ئیسلامی بەرەو میانڕەوی ببات، بەڵکو پێویستە گرووپە جیابووەوەکە دەرفەتی بەشداریکردن و ئەگەر دەنگی پێ درا، حوکمکردنی بدرێتێ. کاتێ ئەو پارتە لە دەسەڵاتدا بێ، پێویستە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە بەدوور بگرێ و هەوڵ بدا میانڕەوتر بێ تا پارێزگاری لە شەرعییەتە ناوخۆییەکەی بکا.

زیاد لەوەیش، لە پەرلەمان، یان حکومەتدا پارتە ئیسلامییەکان لە ئەنجامی فێربوون و پەیڕەوکردنی بەها و ڕێسا دیموکراسییەکانەوە میانڕەوتر دەبن. بۆ کۆتاهێنان بە سەرکوتکاریی دەسەڵاتخوازانەی دەوڵەت، پارتە ئیسلامییەکان خەریکە لە فەزیلەتی دیموکراسی و پلورالیزم تێدەگەن. بە هەرحاڵ، هەندێ بەشی پارتەکە، نەک هەمووی، زیاتر بۆ گۆڕانی دیموکراسی ئامادەیە.

بۆچی هەندێ لە ئەندامانی حزب لەوانی تر زیاتر بۆ گۆڕانی دیموکراسی ئامادەن؟ پێدەچێ ئەو ئەندامانەی زیاتر کەوتوونەتە بەر سەرکوتکردنی دەوڵەت، زیاتر ئەزیەتیان دراوە و تەنگیان پێ هەڵچنراوە، لە سەروەختی کاری یاسایی، یان ژێرزەمینیدا بەند کراون، یان تەنانەت ئەشکەنجە دراون، کەمتر ئەگەری ئەوەیان لێ دەکرێ کاتێ دەگەنە دەسەڵات بە پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسییەوە پابەند بن. لەگەڵ ئەوەیشدا

ڕێگەیەک هەیە بۆ ڕەنگڕێژکردنی ڕەفتاری کەسێک لەڕێی پێشکەشکردنی نموونەوە.

بەشداریکردنی AKP و مانەوەی لە حکومەتدا ڕۆڵی هەبووە لە میانڕەوکردنی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتەکانیدا. بەشداریکردنی سەرجەم دەنگە ئیسلامییەکان، وەک پارتی ڕەسمی و یاسایی لە کێبرکێیەکی سیاسی و ململانێی هەڵبژاردندا، گوتار و سیاسەتکردنیان بەرەو میانڕەوی دەبات، بۆ نموونە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥ و پاشتردا، تێبینیی پەیوەندییەکی گەورە لە نێوان ئایدیۆلۆژیا و زیادبوونی دەنگەکانی پارتی ڕەفا (Refah Partisi (RPدا دەکرا. پاش داخستنی ڕەفا، پارتی سەعادەت (Saadet Partisi (SP وەک درێژەی ڕەفا سەری هەڵدا و تاکە ئامانجی خۆپاراستن بوو لە سەرکوتکردن و داخستنی پارتەکە. بەم شێوەیە هەوڵدان هەم بۆ دەنگ و هەم بۆ شەرعییەت، ئەدای پارتی سەعادەتی لە قاڵب دابوو. بە دەربڕینێکی تر، بۆ ئەوەی سیستەمێکی دیموکرات دابمەزرێنیت، سەرکردەکان پێویستیان بەوە نییە بە دیموکراتی پابەند بن. بە پەیڕەویکردن لە یاسا دیموکراسییەکان، ئەو پارتانە وردەوردە هەڵوێست و سیاسەتەکانیان گۆڕیوە. لێرەوە میانڕەوبوونی دەنگە ڕادیکاڵەکان کە هەوڵ دەدەن ڕژێم بگۆڕن، زیاتر لە ئەنجامی بەرژەوەندیی خودییەوە ڕوو دەدا تا گۆڕانی ئایدیۆلۆژیا. بە دەربڕینێکی تر، میانڕەوبوونی سلوکی، پێش میانڕەوبوونی ئایدیۆلۆژی دەکەوێ. کاتێ نەوەی لاوی پارتی ڕەفا زانییان ئایدیۆلۆژیا ڕێکخراوەکەیان لەگەڵ ڕاستییە واقیعییەکانی تورکیادا هاوئاهەنگ نییە، دەستیان لێ هەڵگرت و لەباتی ئەوە چوارچێوەیەکی نیو-لیبراڵیان پەیڕەو کرد.

تەنانەت ئەگەرچی من لەگەڵ ئەو ڕووناکبیرانە هاوڕام کە سەبارەت بە هۆکارە سەرەکییەکانی میانڕەوبوونی پارتە ئیسلامییەکان جەخت لە: ا- دیدگەی ستراتیژی. ب- سەرکوتکردن و پاداشتی دەوڵەت. ج- فێربوونی سیاسی، دەکەنەوە، بەڵام من پێداگری لەسەر فاکتەرە پەیکەربەندەکان دەکەم، کە بریتین لە: ا- دەستەبەرکردنی دەرفەتی ئابووری کە بە شێوەیەکی ئاسایی شانبەشانی فراوانبوونی کایەی گشتییە. ب- پاراستنی یاسایی کە ڕێگەی حوکمڕانیکردنیان پێ بدرێ، ئەگەر هەڵبژێردران.

لە دۆخی تورکیا و AKPدا، هەڵکشانی بۆرژوای ئیسلامی (یاخود موسڵمان)ی ناوچەی ئەنادۆڵ بووە سەنتەری چی "شۆڕشە بێدەنگەکە"، هەروەها دیموکراتیزە و لیبراڵیزەکردنی کارەکتەرە ئیسلامییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن ئەو بۆرژوازییەوە بەدی هێنرا. سیاسەتە ئابوورییە لیبراڵە نوێکانی ئۆزال بە یارمەتیی دروستبوونی چینێکی ناوەڕاستی نوێ کە بوو بە هەوێنی "ڕێککەوتنێکی مێژوویی" لە نێوان سیکیولاریزم و ئیسلام، هەروەها لە نێوان کەمالیزم و دیموکراسیدا.

پارتە ئیسلامییەکان لە حکومەتدا لەڕێی کۆت و بەندە سیستەمییەکانی دەستوور، یاسای ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکان، دامەزراوەی سەربازی و خواستەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەبەسترێنەوە. لە هەندێ حاڵەتدا میانڕەوبوون کاتێ ڕوو دەدات پارتەکە لە دەسەڵاتدایە، ئەمە دۆخی ئاکەپەیە تەنانەت ئەگەرچی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا هێندە ڕادیکاڵ نەبوو.

جگە لە ڕوبەری دەرفەتە ئابوورییەکان و پەرەسەندنی بۆرژوازییەکی ئەنادۆڵییانەی موحافیزەکاری نوێ، پێویست

دەکا ڕۆڵی دامەزراوە سیاسییەکانیش لەم مشتومڕەی حاڵی حازر دەربارەی ئەو "ڕێککەوتنە" نوێیە لە نێوان ئایین و سیاسەت لەئارادایە، لەبەرچاو بگرێ.

سیاسەتی ئیسلامی لە تورکیا گەمەیەکی بێئەنجام نییە لە نێوان عەلمانییە کەمالییەکان و گرووپە ئایینەکاندا، کە تێیدا ڕژێمە سیکیولارەکە وردەوردە بەرەو نەمان دەچێ. پێویستە لەوە بکۆڵێتەوە ئاخۆ ململانێی عەلمانی و ئیسلامییەکان چۆنچۆنی کار لە شێوەی هەریەکەیان و لە پرۆسەی سیاسیی وڵات دەکا.

ئاخۆ کارنامەی ئیسلامی سیاسی لە کاتی چوونە پەرلەمان و حکومەتەوە، عەلمانییانەتر بووە؟ بەرخورد لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت چ کاریگەرییەکی هەیە؟ لە حاڵەتی تورکیادا سنووری نێوان ئایینی و سیکیولارەکان تا دێ کاڵتر و تەمومژاویتر دەبێ. دەوڵەتی تورکیا ژمارەیەک ستراتیژی بەرانبەر ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی گرتووەتە بەر، کە بریتین لە: جەمسەرگیری، سەرکوتکردن و دابەشکردنی دەسەڵات. ئەم کارلێکە لە نێوان ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بووەتە مایەی گۆڕانی دووسەرە، لە هەردووکیاندا و هاتنەکایەی ڕێککەوتنێکی کاتی. بەڵام هێشتا گرژییەکی بەردەوام لە نێوان بۆچوون و هێزە ئایینی و سیکیولارەکاندا هەیە سەبارەت بە شێوەژیانی شەرعی و سروشتی دەوڵەت و کۆمەڵگە. گرژییەکە لە نێوان دەوڵەت و گژبەرە ئایینییەکانیدا نییە وەک لە زۆر دەوڵەتی موسڵماندا باوە، بەڵکو لە نێو هەناوی کۆمەڵگەی تورکی خۆیدایە. ئەم گرژییە یەک شێوەی نییە، بەڵکو بەگوێرەی ئەو جێبەندە ئابووری و کولتووری و

سیاسـییه گـۆڕاوەی بزاڤـە ئیـسلامییەکـان و سیاسـەتـەکـانی دەوڵەت تێیدا ڕیشەدارن، دەگۆڕێ.

ئەگەرچی سیاسەتە نوێخوازانەکانی دەوڵەت بە یەکێک لەو فاکتـەرانـە دادەنـرێ کـە ڕۆڵـی گـەورەی لـە پـەرەسـەنـدنی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی ئیسلامیدا هەبووە، بەڵام لەم سالانەی دواییدا ڕووبەرەکانی دەرفەتە ئابووری و سیاسییەکان ژینگەی پێویـستیان بـۆ گـەڵاڵـەبـوونی مۆدێرنێتـەیـەکـی ئیسلامی سـاز کردووە. جگە لەوەیش، هەندێ دەوڵەت دەستیان داوەتە ئەوەی لـەڕووی چـەمـک و هێمـا ئیـسلامییەکانـەوە شـەرعییـەت بـە سیاسەتەکانیان بدەن.

پـەیوەنـدیی نێوان عـەلمانییـەتـی دەوڵـەت و دامـەزراوەکـانی ئیسلامی ڕەسمی لە لایەن بەعەلمانیبوونی کۆمـەڵگە، هـەروەهـا ئیسلامیزمی کۆمەڵگەوە گژبەری کراوە. بەم شێوەیە، گۆڕەپانی ئـاییـنی پێـک دێ لــە: ئیــسلامی ڕەســمیی دەوڵــەت + تــۆڕە نەریتییەکانی تەریقەتی سۆفیگەری+ نوورییە نوێکانی فەتحوڵڵا گیولەن + هەروەها حزبوڵڵای کوردی کە ئەگەرچی بچووکە، بەڵام مەترسیدارە.

لە حاڵـەتی تورکیادا گۆڕەپانی ئایینی بووەتـە زۆنێکی پڕ کێـشمەکـێش لــە نێـوان "شــارەزایـانی ئــاییـنی" کـە دەیانــەوێ "ئامرازەکانی ڕزگاربوون" ئیدارە بکەن. کێبڕکێ لەسـەر مانـا و ڕۆڵـی ئیسلام شـێوەیـەکـی نوێ لـە گوتـاری سیاسـی پێکدێنێ. سیاسـەت ڕەگوڕیشەی قووڵی لە نێو ئەو شێوە ژیانانەدا هـەیـە کە لە ڕەمزە جیاوازە ئایینی و سـیکیولارەکاندا گوزارشـتی لـێ دەکــرێ، بــۆ نموونــە ســەرپــۆش (یــاخود حیجــاب) ڕەمــز (سیمبۆل)ێکە ئاماژە بۆ هەندێ بەها و شێوەژیانێکی دیـاریکراو دەکا. ئیکلمان Eickelman و پیسکاتۆری Piscatori ڕاسـتی

بۆی چوون کە دەڵێن زمان و بەکارهێنانی ڕەمز "هێمان بۆ هەندێ بەها"[١].

پێناسەی ئیکلمان و پیسکاتۆری بۆ سیاسەت یارمەتیدەرە بۆ هەوڵەکەی ئێمە سەبارەت بە تێگەیشتن لە سیاسەتی هاوچەرخی تورکی. ئەوان پێناسەی سیاسەت دەکەن بەوەی "کێبرکێ و ململانێیە لەسەر مانای ڕەمزەکان، هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئەو دامەزراوانەی بەها کۆمەڵایەتییەکان پێناسە و گوزارە دەکەن"[٢]. سیاسەت لە تورکیا بووەتە ململانێ و کێبرکێ لەسەر شێوەژیان و سیستەمی بەهایی جیاواز.

دەتوانرێ ئەم گۆڕانە لە بزاڤی ئیسلامیی تورکیادا بە "شۆڕشێکی موحافیزەکار" conservative revolution ناو ببرێ، لەبەر ئەوەی هەوڵ دەدا دابونەریتە گشتییە موحافیزەکارانەکانی تورکیا بپارێزێ و نۆرم و ناسنامە ئاستلۆکاڵییەکان بکاتە ئاستنیشتمانی (نەتەوەیی)، شۆڕشێکی پێودانگییە لەوەدا هەوڵ دەدا دامەزراو و ڕێکخستنە سیاسییەکان بەئەخلاقی بکا. "مەبەستم لە "شۆڕشی کۆنەپارێز" پەیڕەوکردنی گۆڕینێکی سەرانسەری، یان گۆڕانێکی لەناکاو نییە، بەڵکو زیاتر مەبەستم هێنانەکایەی ڕوبەری مەعریفیی نوێیە بۆ بیری ڕابردوو و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئێستایەر[٣].

---

[1]Dale F. Eickelman and James Piscatori, Muslim Politics (Princeton: Princeton University Press, 1996), p. 9.
[2] Eickelman and Piscatori, Muslim Politics, p. 9.
[3]Bjorn Olav Utvik, "The Modernizing Force of Islam," in John Esposito and François
Burgat (eds.), Modernizing Islam: Religion in the Public Sphere in Europe and the Middle East (New Brunswick, NJ: Rutgers University Press, 2003), pp. 43–68.

ئەم شۆڕشە موحافیزەکارە تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بناغەی خەونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ "گەورەتربوون" و "باشتربوون" لەڕێی زاڵبوون بەسەر ئایدیۆلۆژیا چەقبەستووەکەی دەوڵەتی نەتەوەییدا. ئەم بیرکردنەوەیە بەرهەمی چینی دەستەبژێر نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیەکی میللییانەی ئەوانەیە هەست دەکەن هەلاوێردراون و بەو هەلومەرجە کۆمەلایەتی-سیاسییەی لە تورکیادا بالادەستە، ڕازی نین.

سەرکردایەتیی ئاکەپە لە تەسەوری خۆیدا بۆ تورکیای نوێ، چاوی بڕیوەتە ڕێکخستنەوەی هاوپەیمانێتییەکان و دابەشکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی. بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەی دروستکردنی دامەزراوەی نوێ و بەهای نوێوەیە، لەوە گرنگتریش هەوڵی داوە ئەو مۆدێل، یان شێوازە ڕیشەداکوتاوەی کەمالیزم سەبارەت بە بیرکردنەوەی "پێشکەوتنخوازانە" و دەستەبژێرانە لەناو ببات. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کۆمەڵگە بە شێوەیەک ڕێک بخرێ کە لوتکە و بنکە زۆر لێک جیاواز نەبن. بە کورتی، خەونی AKP ئەوەیە سیاسەت بەگوێرەی ناسنامە و پێویستییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دابڕێژێتەوە. بە هەرحاڵ، خەونی ئەو حزبە بۆ ئەوەی دەسەلات بە تەواوی بخاتە نێو دەستی خەڵک، تەواو سەرکەوتوو نەبوو، ئەویش بە هۆی مەیلی تاکڕەوانە و دەسەلاتخوازانەی ئەردۆگان و کێشە پەیکەربەندەکانی تورکیای نوێوە.

-١-

# پاشخانی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی

هەندێ جار شۆڕشە گەورەکان بە بێدەنگی ڕوو دەدەن، گرنگییەکەیان لەڕێی کۆمەڵێ ڕووداوی دراماتیکیترەوە دەشارێتەوە. بە تێپەڕینی کات هەست بە گۆڕانەکە دەکرێ. تورکیا گۆڕاوە، بەڵام نەک بە هۆی جەنگ، یان قەیرانی گەورەوە، بەڵکو بە هۆی سەرهەڵدانی بۆرژوازیی ناوچەی ئەنادۆڵەوە کە خەونی چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپای هەیە.

بزوێنەرەکانی ئەم گۆڕانە چەند شتێک بوون، لەوانە کودەتاکەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧، قەیرانی ئابووریی ٢٠٠١ و پێوەرەکانی کۆپنهاگن بۆ بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا. پرۆسەی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپی لە ساڵی ١٩٩٩وە ڕۆڵێکی گرنگی لە خێراکردن و چڕکردنەوەی چاکسازییە سیاسییەکاندا بینیوە. بە هەرحاڵ کاریگەریی پرۆسەکە تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن هێزە بزوێنەرەکانی سیاسەتی ناوخۆی تورکیاوە دیاری کراوە، بەتایبەت پابەندییەکانی ڕێکخراوە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها پابەندیی حزبەکانی ناو حکومەت بە پرۆسەی یەکێتیی ئەورووپاوە[1].

---

[1] گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (TÜSİAD) و دەزگەی ئابووری و گەشەپێدان (IKV)، هەروەها دەزگەی لێکۆلینەوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی تورکیا ڕۆڵێکی گەورەیان بینی و گومانەکانی حکومەتیان ڕەواندەوە و میدیایان قایل کرد.

ئـــەگـــەرچـــی زۆر لـــە ڕۆشـــنفکران ئـــەم شـــەپۆلـــەی دیموکراتیزەکردن بە پێوەرەکانی کۆپنهاگنەوە دەبەستنەوە، بەڵام من لەم دیموکراتیزەکردنەی لە دەوڵەت و کۆمەڵگەی تورکیادا لەئارادایە فاکتەرە دەرەکییەکان زیاتر وەک هۆکاری یاریدەدەر دەبینم، تا ئەوەی هۆی ڕاستەوخۆ بن، هەروەها پێداگری لەسەر ڕۆڵی زیادبوونی دەرفەتەکان دەکەم لە گەڵاڵەکردنی هۆشیارییەکی مەدەنیتر و دیموکراتیانەتر لە تورکیا[1].

ئەم کتێبە هەروەها ئەو میکانیزم و هەلومەرجە ڕوون دەکاتەوە کە پرۆسەی بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا لە ڕێیانەوە سیاسەتی ناوخۆی تورکیای داڕشتووەتەوە.

ئەم گۆڕانەی ئێستای سیاسەتی تورکیا بەرەنجامی کارلێکی نێوان ڕووداوە ناوخۆیی و دەرەکییەکانە. بەرهەمی تێکەلکردنێکی سەیرە لە نێوان کەلەپووری ئیسلامی و ڕێساکانی یەکێتیی ئەورووپادا و کار لە سیاسەتە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکان دەکات. بێگومان چوارچێوەی ئەم گۆڕانە، پرۆسەی بەئەندامبوونە لە یەکێتیی ئەورووپا. ئەو پرۆسەیە

---

[1] لەبارەی ئەوانەی جەخت زیاتر لە هۆکارە دەرەکییەکان دەکەن تا ناوخۆییەکان بڕوانە:

E. Fuat Keyman and Ziya Öniş, "Helsinki, Copenhagen and Beyond: Challenges to the New Europe and the Turkish State," in Mehmet Uğur and Nergis Canefe (eds.), Turkey and European Integration: Accession Prospects and Issues (London: Routledge, 2004), pp. 173–193; Ziya Öniş, "Turkish Modernization and Challenges for the New Europe," Perceptions, (Autumn 2004), 5–28.

هەڵگری کۆمەڵێ مانای کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناوکۆییە. لە ڕووی سیاسییەوە تورکیا وا کراوەتر و هەمەڕەنگتر دەبێ، ئاکەپەیش هەم ئەنجامی ئەم گۆڕانەیە، هەمیش ئامڕاز و بزوێنەری ئەو شەپۆلە نوێیەی گۆڕانکارییە لە تورکیا.

ئەگەرچی هەندێ بیرمەند پێیان وایە شۆڕشەکەی AKP زادەی گەڕانیەتی بەدوای ئاسایش و شەرعییەتدا لە بەرانبەر دامەزراوەی کەمالیدا، بەڵام من جەخت لەسەر فاکتەرە پەیکەربەندی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەکەم. ئیحسان داغی İhsan Dağı پەسەندکردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ئاکەپەوە بە قەڵغانێکی لۆژیکی و پێکهێنانی "هاوپەیمانییەکی لیبراڵ-دیموکرات لەگەڵ ئەو کەرتە مۆدێرن/سیکیولارانەی وەک ئەکتەرێکی شەرعی ددان بە AKPدا دەنێن" وەسف دەکا. لەگەڵ ئەوەیشدا کودەتا سەربازی-مەدەنیەکەی ساڵی ١٩٩٧ دژی حکومەتە بە دیموکراسییانە هەڵبژێردراوەکەی ئەربەکان، لاوازیی هێزە سیاسییە ناوخۆییەکانی دەرخست و پاڵی بە گرووپە ئیسلامییە تورکییەکانەوە نا تا بەدوای پاڵپشتیی نێودەوڵەتیدا بگەڕێن لە دژی دەسەڵاتە سیاسییە ڕیشەداکوتاوەکەی سوپا.

سەرکردایەتیی AKP دەزانن بۆ درێژەدان بە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن و فراوانکردنی مافەکانی مرۆڤ، پێویستیان بە پاراستنی یەکێتیی ئەورووپا هەیە. من پێم وایە ئەم پشتبەستنە بە یەکێتیی ئەورووپی تەنها شتێکی تاکتیکی نییە، بەڵکو زیاتر هەوڵێکە بۆ قووڵکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی. گەورەترین تێکشکانی ڕەوتی ڕاستی ناوەڕاست center-right لە ئەنجامی کودەتا سەربازی-مەدەنییەکەی ٢٨ی شوباتدا ڕووی دا. پێش لەوە، دەنگدەرانی تورکی لە

نێوان چەپ (لە سەدا بیستوپێنج) و ڕاست (لە سەدا حەفتا)دا دابەش بووبوون. ڕاست دوو ئایدیۆلۆژیا بەسەریدا زاڵ بوون: ئیسلامگەرایی و نەتەوەگەرایی (ناسیونالیزم)ی تورکی. خەڵک بە بەردەوامی لە نێوان بازنە تێهەڵکێشەکانی ئەم دوو ناسنامەیەدا (ناسیونالیزم و ئیسلامیزم) لە جووڵەدا دەسووڕێنەوە.

بازنە ئیسلامییەکە هەندێ تێهەڵکێشبوونی لەگەڵ ناسیونالیزمی کوردییش هەیە. ناسنامەی ئیسلامی، بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک لینکێک، ئەگەرچی وەک پردێکیش نەبێ، لە نێوان ناسیونالیزمی تورکی و کوردیدا کار دەکا. هێشتا ناسنامەی ئیسلامی زیاتر مۆرکی عوسمانی و تورکی بەسەریدا زاڵە تا کوردی، ئەویش لەو ڕووەوە ناسنامەی ئیسلامیی باڵادەست تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی کەلەپووری عوسمانییە و لەوەوە هاتووە. ناسنامەی ئیسلامی نەیتوانی پرسی کورد چارەسەر بکا، بەڵام سنوورێکی بۆ ڕادیکاڵبوونی هەردوو گرووپە ئەتنیەکە داناوە.

لە کودەتاکەی ٢٨ی شوباتەوە، ئەم بازنانە زیاتر سەربەخۆ و کەمتر تێهەڵکێشن. لە ڕووی مێژوویییەوە تێهەڵکێشبوونی ئیسلامیزم و ناسیونالیزمی تورکی، زمانی ئایدیۆلۆژییانەی ڕاستی ناوەڕاست وەک لایەنگری دەوڵەت و کۆمەڵگەرا بەرهەم هێناوە، کە هەوڵ دەدا بە چوونە ژێر باڵی دەوڵەت پارێزگاری لە خۆی بکا لە دژی هێزە چەپ و بیانییەکان. گرووپە ئیسلامییەکانی ڕاستی ناوەڕاست جەخت لە گرنگیی کۆمەڵگە دەکەن بەسەر تاکگەرایی خۆپەرستانەدا. ئەو ڕاستی ناوەڕاستانە، شانبەشانی گرووپە ئیسلامییەکان، ئازاد بوون کە دەسەڵاتی دەوڵەتیان کردە ئامانجی یەکەمیان.

کودەتای ٢٨ی شوبات لەڕێی لێدانی حزووری بەها ئیسلامییەکان لە کایەی گشتیدا، هێرشی کردە سەر بنکە کلاسیکیەکەی ڕاستی ناوەڕاست لەڕێی تەنگهەڵچنین بە گرووپە نەقشبەندی و نوورییەکان. بۆ یەکەم جار ئەو گرووپە لایەنگری دەوڵەت و ڕاستی ناوەڕاستە ئیسلامییان پرسیاری سەختیان لەبارەی شەرعییەتی سوپای تورکی کرد. چینوتوێژە موحافیزەکارە و ئیسلامییەکانی کۆمەڵگە لە دژی ئەو ئەرکەی سوپا لە ئەستۆی گرتبوو، لە ئەستۆگرتنی ڕاگەیاندبوو وەستانەوە و هەوڵیان دا لەڕێی پشتیوانیکردن لە پرۆسەی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، دەوڵەت و ئازادییەکانی خۆیان لە هەژموونی سوپا ئازاد بکەن. لە ئەنجامدا، گەورەترین دۆڕاوی کودەتاکەی ٢٨ی شوبات سوپا خۆی بوو. توانیی ئەو حکومەتەی بە دیموکراسی هەڵبژێردرابوو، لابدات، بەڵام چیتر ئەو متمانەیەی پێشووی لە چاوی ڕاستی ناوەڕاستدا نەما.

دەرەنجامی هەژێنەری ئەو شۆڕشە کۆنەپارێزە هەڵبژاردنە گشتییەکەی ٢٠٠٢ بوو، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی شۆڕشەکەی ئۆزال لە ١٩٨٠کاندا ناتوانین بەتەواوی لێی تێبگەین.

تورگۆت ئۆزال پرۆسەی ئازادکرنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی تورکیای دەست پێ کرد. ئامانجی سیاسەتە چاکسازیخوازانەکەی ئۆزال فراوانکردنی کایەی سیاسی و کردنەوەی دەرفەتی نوێ بوو لە بواری پەروەردە و ئابووری و یاسادا. شۆڕشی فەزای نوێ و جووڵەی نوێ بوو.

لە مردنی لەناکاوی ئۆزالەوە لە ١٩٩٣، تا ٢٠٠٢، وڵاتەکە لە لایەن گرووپێک لە سیاسی و سەرمایەدار و بەرپرسی میدیایی

گەندەڵەوە حوکم دەکرا، کە هەرکات پێویست بوایە سوپایان بۆ لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆنی "ئیسلامیی ڕادیکاڵ" بەکار دەهێنا.

من دەمەوێ ڕووداوەکانی ئێستا لە نێو چوارچێوەی دوو سەدە لە پرۆسەی غەربانـدن (بەخۆرئاواکردن)ی تورکیادا بکۆڵمەوە، بەبێ پشتگوێخستنی ڕۆڵی ئەو بزاوتە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرەنگاری هەندێ گۆڕانی پەیکەربەندیان دەکرد. لە نەبوونی بۆرژوازییەکی نیشتمانیی بەهێزدا، دەسەڵاتی تورکی، بەتایبەت سوپا، بەرپرسیارێتیی تەواوی هەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەی غەربانـدنە و بنیادنانی دەوڵەت و نەتەوەیەکی نوێ.

مێژووی تورکی پاش ١٩٦٠ مێژووی ململانێی نێوان بۆرژوازییەکی سەرهەڵداو و هەژموونی دەسەڵاتی مەدەنی-سەربازییە لەسەر پێناسە و خێرایی پرۆسەی نوێگەری modernization، کە لە غەرباندندا خۆی دەنواند. لەم ڕووەوە، پێکهاتەی چین و پێکهاتەی هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان لە سەردەمی ئۆزالدا بە گۆڕانێکی ڕیشەییدا تێپەڕین، کاتێ هەژموونی دەسەڵاتە سەربازی-مەدەنییەکە دای لە کزی و چینی ئابووریی نوێی ناوچەی ئەنادۆڵ، شانبەشانی پیشەسازەکان کە لە ئیستەنبووڵ نیشتەجێن، دەسەڵاتی خۆی زیاد کرد. ئەم پرۆسەیە دەرفەتی نوێی ئابووری، سیستەمێکی سیاسیی سیکیولار و بەشدارکار و فۆرمی نوێی تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی هێنایەکایە، هەروەها جەختی لەسەر زمانی مافەکانی مرۆڤ کرد.

ئاکەپە بەرهەمی ململانێی نێوان مۆدێرنێتەیەکی میللی و غەرباندنە، کە دوو ڕووداوی سەرەکی تیشکیان خستە سەر: کودەتای ١٩٩٧ و قەیرانی ئابووریی ٢٠٠١. AKP گەیشتە

دەسەڵات تا پرۆسەکە بگێڕێتەوە، بگرە خێراتری بکا لەڕێی بەدیهێنانی پێوەرەکانی کۆپنهاگن بۆ بوونی تورکیا بە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا.

لێرەوەیە نابێ AKP وەک "یاخیبوون" لە دژی مۆدێرنێتە، یان تەنانەت ئەورووپاندنیش تەماشا بکرێ، بەڵکو زیاتر دژی کەمالیزمی چەقبەستوو و ئەو ڕووداوانەیە کە بە کودەتاکە و قەیرانە ئابوورییەکەوە بەستراونەتەوە.

## فاکتەرە یاریدەدەرەکانی سیکیولاریزم: خزمەت و یاسا

میتۆدی مێژوویی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی ئاخۆ دەکرێ ئەزموونی تورکیا لە نوێگەری و دیموکراسی ببێتە مۆدێلێک و لە لایەن وڵاتانی تری موسڵمانەوە چاوی لێ بکرێ. لێرەوە من بە وردی سەرنج دەدەمە پێنج قۆناغەکەی گۆڕانی تورکیا[١]. بەر لەوەی لەو پێنج قۆناغە بکۆڵمەوە، گرنگە باکگراوندێک لەبارەی دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵگە و ڕۆڵی ئیسلام تێیاندا بخەینە ڕوو.

لەگەڵ دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانیدا، تورکەکان لەپێناو فراوانکردنی ئیسلامدا خزمەتیان کردووە (hizmet) و ئیسلام لە سایەی عوسمانییەکاندا گەیشتە گەورەترین هێزی خۆی. تورکەکان بەهێزترین و سەقامگیرترین دەوڵەتیان دامەزراند کە ناوچەکە بەخۆیەوە دیبێ. بە هاتنیان لە ئاسیای ناوەڕاست و دامەزراندنی ژمارەیەک بنەماڵەی حوکمڕان لە ئەنادۆڵ،

---

[1] قۆناغی تەنزیمات (١٨٣٩-١٩٢٣) + قۆناغی کۆماری (١٩٢٤-١٩٥٠) + قۆناغی فرەحزبی و جەنگی سارد (١٩٥٠-١٩٨٣) + شۆڕشی نیۆ-لیبراڵ (١٩٨٤-١٩٩٩) + ئەورووپیزەکردن، واتە پەیڕەویکردن لە پێوەرەکانی کۆپنهاگن، (١٩٩٩-تائێستا).

عوسمانییەکان لە سێ کیشوەردا پەلیان هاویشت: ئاسیا، ئەورووپا و ئەفریقیا. لە سەدەی حەڤدەیەمدا دەوڵەتی عوسمانی گەیشتە لوتکەی فراوانبوونی خۆی لە ناوچەکەدا. (دەوڵەتی عوسمانی) لە ئەنجامی شێلگیری و هەمەجۆری و تواناکانی ڕێکخستنەوە، هەروەها لاوازیی دوژمنەکانیەوە، لە دەروازەکانی ڤیەنناوە تا ئازربایجان و لە کریمیا (قرم)ەوە تا سودان پەلی هاویشت.

ئیسلام سەرچاوەی شەرعییەت، یەکێتیی دەوڵەت و ئایین و هەروەها سەرچاوەیەکی بۆ ناسنامە دەستەبەر دەکرد. ئیسلام هەر بناغەی دەوڵەت نەبوو بە تەنیا، بەڵکو هێمای یەکێتیی کۆمەڵگەی تورکی بوو، نەخشەیەکی مەعریفی بۆ کار و مانا، گەنجینەیەکی یادەوەری و مانایەکی بۆ دەسەڵات دەستەبەر دەکرد.

دەوڵەت و کۆمەڵگە ناوەرۆکێکی قووڵی ئایینییان هەبوو و پێکەوە پەرەیان دەسەند.

بە هەرحاڵ، ئیسلامی ئەنادۆڵی هەمیشە لەڕێی گرژیی نێوان **مەدرەسە** medrese (حوجرەی خوێندنی پیاوانی ئایینی)ی ئیسلامی تەقلیدی (ئۆرسۆزۆکسی) و **تەکیە** tekke (خانەقای سۆفییەکان)ی ئیسلامی بیدعەگەراوە ڕەنگرێژ کراوە. ئەم دوالیزمەیە زۆر بەسوودە بۆ تێگەیشتن لە پەرەسەندنی مومارەسە و دامەزراوە ئیسلامییەکان لە تورکیای هاوچەرخدا.

لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا مەزەبی حەنەفیی سوننی بوو بە ئایینی دەسەڵاتی ناوەندی لە ناوەندە شارستانییە سەرەکییەکاندا، لەگەڵ تۆڕەکانی فێرکردنی تایبەت بە خۆیدا، لە کاتێکدا ئیسلامی بیدعەگەرای تەریقەتە سۆفییەکان کە کولتوورێکی زارەکییان هەیە، بە ئایینی گرووپە پەراوێزخراو و

چەوسێنراوەکان مایەوە و هەمیشە لەبار بووە بۆ ئەوەی وەک ناسنامەیەکی بەرهەڵستکار لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی بەکار بهێنرێ.

زیاد لەوەیش ئیسلامی سوننی لاهوتێکی بە باشی دارێژراو و نووسراوی لەسەر بناغەی قورئان و سوننە بەرهەم هێنا، لە کاتێکدا ئیسلامی بیدعەگەرا ناسیستەماتیکە، تا ڕادەیەکی زۆر تەوفیقی syncretic و پشت بە گواستنەوەی دەماودەم دەبەستێ[١].

فۆرمەڵەکردنی ئایدیۆلۆژیای جیهاد (غەزا gaza ideology، دین و دەوڵەت din-ü-devlet (یەکگرتنی ئایین و دەوڵەت) و هەروەها خیلافەت لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەموو ئەوانە سەرچاوە ئیسلامییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و کۆمەڵگە ڕوون دەکەنەوە[٢]. نەریتی جەنگی غەزاکان، یان ئەنجامدانی جەنگ بە ناوی بڵاوکردنەوەی ئیسلامەوە، سەرچاوەی سەرەکیی چالاکییە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانیی پێک دەهێنا[٣].

---

[1]Halil İnalcık, “Turkey,” in Robert E. Ward and Dankwart Rustow (eds.), Political
Modernization in Japan and Turkey (Princeton: Princeton University Press, 1964), pp. 42–63; Serif Mardin, “Ideology and Religion in the Turkish Revolution,” International Journal of Middle East Studies, 2 (1971), 197–211.

[2]Niyazi Berkes, The Development of Secularism in Turkey (London: Routledge, 1999).

[3]ژمارەیەک لە مێژوونووسە دیارە عوسمانییەکان، وەک کۆلین ئیمبەر، ڕدی پاول لیندەر، جیولا کالدی-ناگی، ڕۆناڵد س.جێنینگ و کۆلین هێیوود پێیان وایە بەڵگەی مێژوویی پێویست نیدە بۆ سەلماندنی تێزی غەزا. بڕوانە:
Heath W. Lowry, The Nature of the Early Ottoman State (Albany: State University of New York Press, 2003); Colin

ئەمڕۆ ئەو ئایدیۆلۆژیای غەزایە هەر ماوە، بەتایبەت بۆ لایەنگرانی ڕاستی ناوەڕاست، هەروەها پێکهێنەرێکی گرنگی تێڕوانینی سوپای تورکیایە بۆ خۆی. دەستگرتن بەسەر مەککە و مەدینە و سەرکەوتنیان بەسەر مەمالیکەکانی میسردا لە ١٥١٧دا یارمەتیی دەسەڵاتدارانی عوسمانیی دا تا لە ئایدیۆلۆژیای غەزاوە بگۆڕێن بۆ "بەرگریکارانی سەرەکی لە ئیسلام" لەو ڕووەوە سوڵتانەکان نازناوی (پارێزەری هەردوو حەرەمی پیرۆز)یان بە میرات بۆ مایەوە (واتە خاوەنی هەردوو شاری پیرۆزی مەککە و مەدینە).

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٨) جەختی لەسەر چەمکی خیلافەت دەکرد تا شەرعییەتی خۆی بچەسپێنێ و دەوڵەت لە دژی دەستدرێژییەکانی ئەورووپییەکان بەهێز بکا. لەگەڵ لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانیدا دامەزراوەی خیلافەت جەماوەری پەیدا کرد و بۆ یەکەم جار لە ڕێککەوتنامەی کاینارکا Kaynarcaدا بەکار هات، کە ساڵی ١٧٧٤ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیدا ئیمزا کرا.

خەلیل ئینالجیک دەڵێ دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە پاساودانی ڕەفتار و بڕیارەکانیاندا بایەخێکی گەورەیان بە شەریعەتی ئیسلامی دەدا[1]. لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، حاکم

---

Imber, "The Ottoman Dynastic Myth," Turcica, 19 (1987), 7–27. Imber's interpretation has been challenged by Camal Kafadar, Between Two Worlds: The Construction of the Ottoman State
(Berkeley: University of California Press, 1995), p. 152.

[1]Halil İnalcık, "Islam in the Ottoman Empire," Turcica, 5–6 (1968–70), 23–25.

قانون kanunی دەردەکرد، کە یاسایەکی نووسراوی دنیایی بوو و بە تەواوی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا دەگونجا. ئەو کانونە ڕیشەی لە نێو دابونەریتە تورکۆ-مەنگۆلیدا هەبوو کە جەختی لەسەر ڕۆڵی یاسای دەوڵەت دەکرد و لە لایەن حوکمڕانەوە لەپێناو پاراستنی یاسا و سیستەم و بەرژەوەندیی گشتیدا دەردەکرا[1].

لە دەوڵەتی عوسمانیدا زانایانی ئایینی (عولەما) ulema، واتە دەستەی پیاوانی خوێندەوار کە شارەزاییان لە یاسا ئیسلامییەکاندا هەبوو، بەرپرس بوون لە فێرکردن (tedris)، ڕاڤەکردن (فتوادان)(ifta) و پیادەکردنی یاسا ئیسلامییەکان (قەزا) (kada). ئەگەرچی دەستەی زانایان هەرگیز دامەزراوەیەکی وەک کەنیسەیان پێک نەهێناوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی عوسمانی کردبوویە مەرکەزی و ڕێکیان دەخستن، بەتایبەت پاش سەدەی شازدەیەم. واتە زانایان لە ڕووی دامەزراندن لە وەزیفە و مووچەوە بە تەواوەتی بە ئیدارەی دەوڵەتەوە گرێدرابوون. قازییەکان (دادوەران لە قەزای شەرعیدا) ژمارەیەک ئەرکیان لە ویلایەتەکاندا هەبوو بۆ پاراستنی سیستەم و بەرقەرارکردنی دادپەروەری لە وڵاتدا. ئەوان تەنانەت باجیشیان کۆدەکردەوە و دامەزراوە ئایینییەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو. دەوڵەت لەڕێی بەستنەوەی زانایانەوە بە دەسەڵاتداریتیی عوسمانییەوە، توانیی زۆر بە باشی کۆنترۆڵیان بکات. لێرەوە "کۆنترۆڵکردنی ئایین" ئەرکی سەرەکیی سیستەمی عوسمانی بوو و ئەم نەریتە دامەزراوەییە لە کۆماری تورکیشدا بەردەوام بوو، کە تێیدا ئیسلام هەمیشە ملکەچی پێویستییەکانی دەوڵەت کراوە. یەکێک لە هۆکارە

[1] İnalcık, “Islam in the Ottoman Empire,” 20–21.

سەرەکییە یاریدەدەرەکان لە سیکیولاریزەکردنی تورکیای نوێدا پەیوەندیی توندوتۆڵی بەم نەریتە عوسمانییە لە کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەییانەی ئایینەوە هەیە لە لایەن دەوڵەت و ڕۆڵی قانون kanunـەوە.

لەدوای چەمکی خزمەت hizmet بە مانای خزمەتی کەسێک بۆ دەوڵەت، دووەم گرنگترین چەمک کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە بەشداریی عوسمانییەکان لە عەلمانییەتی تورکیادا تۆمار بکرێ بریتییە لەوەی بە kanun ناسراوە (واتە قانون)، یان ئەو مەرسومانەی سوڵتان دەریکردوون لەو ناوچانەی شەریعەتی ئیسلامی نەیدەگرتنەوە. یاسا کارگێڕییەکانی سوڵتان، یان "مەرسومی سوڵتان""Sultan Prerogative,” ڕاستەوخۆ کارەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و فەرمانبەرانیان ڕێک دەخست. لە قوتابخانەکانی کۆشکدا فێر دەکران و دەستیان لە پارێزگاریکردن لە شەریعەتی ئیسلامی شل دەکرد. لەژێر بەزەیی سوڵتاندا دەمانەوە و لە ڕووی خزمەتکردنیان بە دەوڵەتەوە هەڵدەسەنگێنران. بەم شێوەیە کانون یارمەتیی هێنانەکایەی فەزایەکی لە دەرەوەی یاسای ئایینی دا، ئەمەیش لای خۆیەوە ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە سیکیولاریزەکردنی سیستەمی عوسمانی لە سەدەی بیستەمدا.

ئەگەرچی عولەماulema (زانایانی موسڵمان کە فێری زانستە ئایینییەکان کرابوون) دەیانتوانی هەر کانونێک هەڵبوەشێننەوە ئەگەر باوەڕیان وا بوایە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامییە، بەڵام بە دەگمەن شتی وایان دەکرد، لەو ڕووەوە ئەوان فەرمانبەری دەوڵەتیش بوون. بە کورتی لە سیستەمی عوسمانیدا، ڕۆڵی ئیسلام لە لایەن هێزی کانون وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی دەوڵەت دیاری دەکرا. بەم شێوەیە، ئەم دابڕانە لە

نێوان شەریعەتی ئیسلامی و کانوندا جڵەوەکەی بۆ ئیدارەی گشتی گواستەوە و دەوڵەت وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ تەماشا دەکرا.

دەوڵەتی عوسمانی بە هۆی هێزی کانون و ڕۆڵی فراوانی بیرۆکراسییەوە، هەرگیز نەبووەتە دەوڵەتێکی سیۆکراتیی ئیسلامی. دامەزراوە ئایینییەکان بە توندی لە لایەن دەوڵەتەوە جڵەو کرابوون.

بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی لاوازبوونی دەوڵەت ببێتەوە، سوڵتان –پشتئەستوور بە شەرعییەتی بۆماوەی کانون-مەرسومەکانی تەنزیمات Tanzimat (چاکسازی)ی دەرکرد، کە کۆمەڵێ یاسا بوون بە مەبەستی داڕشتنەوەی دەوڵەت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە.

ئامانجی سەردەمی تەنزیمات (١٨٣٠-١٨٦٠) ئەوە بوو لەڕێی بەمەرکەزیکرنی دەوڵەتەوە، دەوڵەت و کۆمەڵگە مۆدێرنیزە بکا، لەڕێی گرنگیدان بە ڕۆڵی پەروەردە و خوێندنەوە بەشداریکردنی ئیداری باشتر بکا، هەروەها سیستەمێکی نوێی بەهایی دابهێنێ، لەڕێی چاکسازیکردن لەو سیستەمە بەهاییەدا کە هەیە.

گژبەرییەکان لە بەرەکانی جەنگ و لە نێو کۆمەڵگەی عوسمانیدا هانی بەرپرسانیان دا چاکسازی لە سیستەمەکانی کارگێڕی و پەروەردە و یاسادا بکەن و مانایەکی نوێ بۆ ناسنامەی عوسمانی بێننە کایە. ئەم ڕیفۆرمە بەرگریکارانەیەی مشتومڕی تەنزیمات دانانی دەستووری ساڵی ١٨٧٦ و پێشکەشکردنی یەکەمین پەرلەمانی عوسمانیی لێ کەوتەوە[١].

[1] لەبارەی سەردەمی تەنزیمات بڕوانە:

بە هەرحاڵ، مەبەست لەم چاکسازییانە لاوازکردنی ئیسلام نەبوو، بەڵکو مەبەست زیاتر دامەزراندنی سیستەمێکی عەلمانیی هاوتەریب بوو، بگرە هەندێ لە ڕیفۆرمەکان تەنانەت لەسەر بناغەی ئیسلام پاساو دەدران، یاخود وەک ئیسلام پێشکەش دەکران. لەبەر ئەوە تەنزیمات گژبەریی سیستەمە بەهاییە ئیسلامییەکەی نەدەکرد وەک ئەو بنەمایەی دەوڵەتی عوسمانیی لەسەر دامەزرابوو و ئیسلام هەر وەک سەرچاوەی شەرعییەت مایەوە.

دەوڵەتمەدارانی تەنزیمات ئەو قۆناغە لیبراڵەیان بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەکار هێنا، بەتایبەت سیستەمی کارگێڕی (بەڕێوەبردن). سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە دەرەوەی هەژموونی دامەزراوە ئایینییەکان یارمەتیی پەیدابوونی چینێکی نوێی بیرۆکراتیی دا کە لە ئایندەدا سەرکردایەتیی بزوتنەوەی دەستووری لە ئیمپراتۆریەتەکەدا دەکەن. هەندێ قوتابی بۆ خوێندنەوە ڕەوانەی فەرەنسا و ئەڵمانیا کران و لەوسەرەوە بە خەون و خەیاڵە غەربییەکانەوە کە لە ڕۆژنامەوانی و ڕۆمانەکان کۆکرابوونەوە، گەڕانەوە و بەشدارییان کرد لە گەڵاڵەکردنی هەستێکی پرۆتۆ-ناسیونالیستی بە دەوری دەوڵەت و نیشتمان، یان وەتەن vatan-دا.

ئەم گرووپە، کە بە "لاوە تورکەکان" دەناسرێن، هەریەک لە ئیبراهیم سیناسی ئەفەندی (١٨٢٤-١٨٧١)، نامیق کەمال بەگ (١٨٤٠-١٨٨٨) و زیا پاشا (١٨٣٠-١٨٨٠)یان تێدا بوو، کە

---

Tanzimat I (Istanbul: Devlet Basımevi, 1940); İlber Ortaylı, İmparatorluğun En Uzun Yüzyılı (Istanbul: Hil Yayınları, 1995).

ڕۆڵی هەرسێکیان لە بڵاوکردنەوەی چەمکە ئەورووپییەکانی وەک ئازادی، هاووڵاتیبوون، ڕای گشتی، مافە سروشتییەکان، نەتەوە، حکومەتی نیشتمانی و دەستووری. ئەوە ئیبراهیم ئەفەندی بوو پاش خوێندنی لە پاریس، میللەت-ی بە مانای نەتەوە "nation" بەکار هێنا، هەروەها گفتوگۆی لەبارەی دەسەڵاتی حکومەتی دەستوورییەوە کرد[١].

نامیق کەمال لە پێناسەکردنەوە ڕۆڵی دەوڵەت وەک ئامرازێک بۆ بەرگریکردن لە مافی هاووڵاتییان ڕۆڵی گەورەی هەبوو، هەروەها بیرۆکەی سەروەریی گەلی خستە ڕوو کە دەکرێ بەگوێرەی حوکمی یاسا لە لایەن حکومەتەوە بەکار بێ. ئەو دەیویست سەرلەنوێ و لە چوارچێوەی دەستوورگەرایی و مانایەکی نوێی ناسنامەدا، کە میللەتە (نەتەوە)(nation) ، خوێندنەوە بۆ چەمکە ئیسلامییەکان بکرێتەوە. نامیق کەمال بوو بە مونەزیر (تیۆریست)ی گەورەی عوسمانیزم. ئەو چەمکی وەتەن (نیشتمان)ی وەک چوارچێوەیەک بۆ لابەندی و ئینیتما بۆ عوسمانییەکان بە چاوپۆشین لە ئایین و نەژاد، بڵاو کردەوە[٢].

---

[1] Berkes, The Development, pp. 197–198.

[2] Şerif Mardin, The Genesis of Young Ottoman Thought: A Study in the Modernization of Turkish Political Ideas (Princeton: Princeton University Press, 1962); Şerif Mardin, Jön Türklerinin Siyasi Fikirleri, 1895–1908 (1964, 2nd edn., Istanbul: İletişim, 1983); David Kushner, The Rise of Turkish Nationalism, 1876–1908 (London: Cass, 1977). See also Masami Arai, "Jön Türk Dönemi Türk Milliyetçiliği," in Mehmet Ö. Alkan (ed.), Tanzimat ve Meşrutiyet'in Birikimi: Cumhuriyet'e Devreden Düşünce Mirası (Istanbul: İletişim, 2001), pp. 180–195.

هەروەها چەمکی نیشتمانیی بە سەروەریی میللییەوە بەستەوە و پێی وا بوو خۆشەویستیی نیشتمان دەخوازێ خەڵک دلان بە سەروەریی ئەو نیشتمانەدا بنێن. لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا نامیق کەمال هەوڵی دەدا لە نێو چوارچێوەی ئیسلامدا بناغە و پاساو بۆ بیروبۆچوونەکانی بدۆزێتەوە و هەرگیز بە گژ سیستەمی پێوەری ئیسلامیدا نەچووەتەوە.

گفتوگۆکانی ئەو ڕووناکبیرانە بووە پاشخان بۆ دەستووری ساڵی ١٨٧٦، کە لە لایەن نامیق کەمالەوە ئامادە کرا و لە لایەن مستەفا پاشاوە (١٨٢٢-١٨٨٤) لە کردنەوەی یەکەمین پەرلەمانی عوسمانیدا لە ١٩ی ئاداری ١٨٧٧دا خرایە واری جێبەجێکردن. لە ئەنجامی پێشڕەوییەکانی وڵاتانی ئەورووپی و شکستەکان لە بەلقان و سەرهەڵدانی پشێوی و پاشاگەردانی لە ناوخۆی وڵاتدا، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ١٨٧٨دا پەرلەمانی داخست، بەڵام لە ١٩٠٨دا جارێکی تر کردیەوە.

سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم بە کاردانەوەی لە دژی لاوانی تورک و هەوڵدانی سوڵتان بۆ بەهێزکردنی باسکی دەوڵەت لەڕێی پێداگری لەسەر ڕۆڵی ئیسلام دەناسرێتەوە. بە هەرحاڵ ئەزموونەکەی نەیتوانی ڕێگە لە شکستەکان لە بەلقان بگرێ. جگە لەوە، زۆر لە ڕووناکبیران ڕێچکەیەکی سیکیولارانەتر و وەزعیانەتریان بۆ حوکمڕانی و بنیادنانەوەی کۆمەڵگە بەگوێرەی بنەماکانی ناسیونالیزمی تورکی، گرتەبەر.

لاوانی تورک-ی پاشتر، جیاواز لە نەوەکەی نامیق کەمال، داوایان دەکرد کۆمەڵگەی عوسمانی لەڕێی دەسەڵاتی سیاسییەوە بە تەواوەتی بێتە گۆڕین. خۆیان بە "دەستەبژێری مەعریفی" دادەنا و بە قووڵی کەوتبوونە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی وەزعی positivism و هەوڵیان دەدا کۆمەڵگە

سەرلەنوێ بەگوێرەی بنەما زانستییەکان دابرێژنەوە. دروشمەکەی پۆزەتیڤیزم: سیستەم و پێشکەوتن "Order and Progress" کاری تەنیا لە بیرکردنەوەی لاوانی تورک نەکردبوو، بگرە ناوی ڕێکخراوەکەشیانی گرتەوە "یەکێتی و پێشکەوتن" (ئیتیحاد و تەرەقی). "پێشکەوتن"یان هێشتەوە، بەڵام "سیستەم"یان گۆڕی بە "یەکێتی"[1].

بە هەرحاڵ، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایدیاکانیان و هەروەها بەدەستهێنانی پاڵپشتیی کۆمەڵگە لە دژی عەبدولحەمیدی دووەم، لاوانی تورک قەت لە قۆستنەوەی ئیسلامیش دوودڵ نەبوون، لەو ڕووەوە ئیسلام هێشتا هەر سەرچاوەی باڵادەستی شەرعییەت بوو.

پاش لادانی عەبدولحەمیدی دووەم لە ١٩٠٩دا، ژمارەیەک کۆمەڵەی فیکری دامەزران بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە. هەندێ لە ڕووناکبیران، لەوانە کۆمەڵناس و چالاکوانی سیاسی زیا گۆکالپ Ziya Gökalp ئیسلام-ی بە توخمی بنەڕەتیی ناسنامەی نەتەوەیی تورکی دادەنا. گۆکالپ بە تەواوی ددانی بە هێزی نەتەوەگەری (ناسیونالیزم)دا دەنا و پێی وا بوو کاتی ئەوەیە گۆڕانێکی هۆشیارانەی پێویست لە ئوممەتەوە ümmet (کۆمەڵگەی بڕواداران، کۆمەڵگەیەکە بناغەکەی ئایینە) بۆ نەتەوە بکرێ، بە مەبەستی گەیشتن بە "ژیانێکی نوێ"، ئەویش بە هێنانەکایەی

[1] لە باشترین شیکارییەکان بۆ ناسیونالیزمی تورکی، بڕوانە:
Yusuf Sarınay, Türk Milliyetçiliğinin Tarihi Gelişimi ve Türk Ocakları (1912–1931) (Istanbul: Ötüken Neşriyat, 2004); Şükrü Hanioğlu, The Young Turks in Opposition (New York: Oxford University Press), p. 204.

سیستەمێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی، لەسەر بناغەی ناسنامە و یەکێتیی نەتەوەیی[1].

گۆکالپ چوارچێوەیەکی نوێی بۆ سەرلەنوێ دارِشتنەوەی کۆمەڵگە و سیستەمی حوکمرِانی داهێنا. ئەو کولتوور (نەتەوەیی) لە شارستانێتیی (نێونەتەوەیی) جیا دەکردەوە و داوای لە تورکەکان دەکرد بە رِەخنەگرتن لە دابونەریتی خۆیان بەشداری لە شارستانێتیدا بکەن. هەروەها خوێندنەوەیەکی زۆر عەقڵانی بۆ ئیسلام، وەک کەتیرەیەکی کۆمەڵایەتی social glue و سەرچاوەیەکی ئەخلاق کرد و بەرگری لە بەعەلمانیکردنی ئیدارەی گشتی دەکرد. هزرەکانی بوونە دارِێژەری چاکسازییە نوێگەرییەکانی لاوانی تورک لە نێوان ١٩١٣ و ١٩١٨دا. لە سایەی دەسەڵاتی رِێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقیدا لاوانی تورک یاسایەکی نوێی سیکیولاریان بۆ باری کەسایەتی دانا، سیستەمی پەروەردەیان سیکیولاریزە کرد و دادگە شەرعییەکانیان ملکەچی دادگە سیکیولارەکان کرد. جیاواز لە زۆربەی لاوانی تورک، گۆکالپ هێرشی نەدەکردە سەر ئایین و وەک بەربەرستێک لە بەردەم زانست و پێشکەوتندا مامەڵەی لەگەڵ نەدەکرد.

هەندێ لە لاوانی تورک کە پاڵپشتیی ئایدیاکانی "یەنی هەیات" (ژیانی نوێ) و گۆڤارەکەی " Yeni Felsefe Mecmuası"یان دەکرد، بە توندی رِەخنەیان لە ئیسلام دەگرت و بە سەرچاوەی دواکەوتن و "کێشەیەک"یان دادەنا، "کە پێویستە چارەسەر بکرێ". لەنێو دامەزرێنەرانی کۆمارە

---

[1] گۆڤاری Yeni Felsefe Mecmuası واتە (گۆڤاری فەلسەفەی نوێ) لە ساڵی ١٩١١ دەرچوو بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی گرووپەکە لەبارەی ژیانی نوێوە(yeni hayat).

نوێکـەدا، ئـەم جـۆرە لـە سـیکیولاریزمی تونـدڕەو بـەهێزتـر و دەنگدلێرتر لە ئایدیاکانی گۆکالپ مایەوە[1].

عەبدوڵڵا جـەودەت Abdullah Cevdet کـە عـەلمانییـەکی توندڕەو بـوو، دەڵـێ نـاتوانرێ ئیـسلام لـەگـەڵ زانـست و پێویستییەکانی سـەردەمی نوێدا جۆر بکرێ[2]. جـەودەت یـەکێک بوو لە بەحەماسترین ئەندامانی لاوانی تورک لە ڕەخنەگرتن لە ئیسلام و بـەرگریکـردن لـە پرۆژەی شۆڕشـێکی کۆمـەڵایـەتیی وەزعی بۆ کۆتاهێنان بە ڕۆڵی ئایین لە کۆمـەڵگـەدا. تـەسـەوری گۆکالپ بۆ ناسنامەی نەتـەوەیی لەسـەر خوێندنـەوە وردەکـەی بۆ کولتوور (hars) و شارستانێتی (medeniyet)دامەزرابوو.

ئـەو ئیسلامی بـە فاکتـەری هـەسـتیاری کـولتـووری تورکیـا دادەنا. بە لای گۆکالپەوە کولتوور هەڵگری بەها و بیروباوەڕ و

---

[1]14 Ziya Gökalp, Türkçülüğün Esasları (Istanbul: Toker Yayınevi, 1999); Gökalp, Türkleşmek, İslamlaşmak, Muasırlaşmak (Istanbul: Toker Yayınevi, 1999); Mehmet Ö. Alkan, “Laik Bir Ideolojinin Doğusu ya da II. Meşrutiyet’te Türkçüluğün Toplumsal Ideolojisi: Yeni Hayat ve Yeni Felsefe Mecmuası,” Tarık Zafer Tunaya’ya Armağan (Istanbul: Istanbul Barosu Yayını, 1992), p. 378.

[2] شکست لە شەڕەکانی بەلقان و جەنگی جیهانیی یەکەم کاریگەرییەکی بریندارکەری لەسەر دەستەبژێریی عوسمانی هەبوو. ئەم هەست بە زەلیلییە لە بەردەم دەوڵەتانی ئەورووپیدا دەستەبژێری تورکی لە ئیسلام هەڵگێڕایەوە. ئیسلام و ڕابردووی عوسمانییان بە هۆی ئەو زەلیلییە و لەدەستدانی شکۆمەندی دادەنا. بۆ گێڕانەوەی شکۆ و متمانەبەخۆبوون دەستەبژێرانی کۆماریخواز هەموو وەسیلەیەکیان بەکارهێنا بۆ خەلقکردنی مانایەکی تر بۆ ناسنامە و یەکێتیی سەربەخۆ لە ئایین و کۆمەڵگەیەک کە زانست ڕەنگڕێژی بکا. دەستەبژێری کۆماریخواز DRA (واتە: بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی)یان دامەزراند بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئیسلام و ڕێگرتن لە ڕۆڵە پاشەکشەئامێزەکەی.

نموونە باڵا هاوبەشەکانە، کە یارمەتیی پێکهێنانی نەتەوەیەک دەدەن. پێی وایە شارستانێتی دیاردەیەکی نائایینی و بەرهەمی مرۆڤایەتیی هاوبەشە[1]. لێرەوە گۆکالپ پێی وا بوو تورکەکان دەتوانن ببنە بەشێک لە شارستانێتیی خۆرئاوا، لەو ڕووەوە شارستانێتییەکە لەسەر بناغەی مەسیحییەت دانەمەزراوە.

## ئەرکی DRA: ئیسلامێکی ڕۆشنگەر

پڕۆژەی ڕیفۆرمی سەدەی نۆزدەیەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕووی جۆرایەتییەوە لە پڕۆژەی ڕیفۆرمی کۆماری لە سەدەی بیستەمدا جیاوازە. ئەوەی یەکەمیان ئامانجی ئەوە بوو لەڕێی کۆمەڵێ چاکسازییەوە پارێزگاری لە دەوڵەتێکی فرەنەتەوە بکا تا بتوانێ کێبڕکێ لەگەڵ ئەورووپا بکا. ئامانجی ئەو ڕیفۆرمانە وەلانانی دیدگەی ئیسلامی، یان هێنانەکایەی "ئیسلامێکی ڕیفۆرمکراو" نەبوو، بەڵکو بۆ شەرعییەتدان بە دامەزراوە و سیاسەتە نوێکان بە مەبەستی بەهێزکردنی دەوڵەت زیاتر چەمکە ئیسلامییەکان بەکار دەهێنران، واتە چاکسازییەکان زیاتر نوێگەری بوون بە ئیسلام، نەک دژ یان بەبێ ئیسلام. بەڵام دەوڵەتە کۆمارییەکە پەیڕەوی لەم مۆدێلەی نوێگەری کە شەرعییەت لە ئیسلامەوە وەردەگرێ، نەکرد، لەباتی ئەوە سیاسەتێکی نوێی پەیڕەو کرد کە بریتی بوو لە دوورخستنەوەی ئیسلام لە کایەی گشتی،

---

[1]Selim Deringil, “From Ottoman to Turk: Self-Image and Social Engineering in Turkey,”
in D. Gladney (ed.), Making Majorities: Constituting the Nation in Japan, Korea, China,
Malaysia, Fiji, Turkey and the United States (Stanford: Stanford University Press, 1998),
pp. 217–226.

هـەروەهـا ئـەگـەر پێویـستی کـرد، خـەڵقکردنـی "ئیـسلامێکی ڕیفۆرکراو" کە پرۆژەی بەعەلمانیکردن ئاسان بکا.

هەنگاونان لە ڕیفۆرمەکانی سـەدەی نۆزدەیـەم بـە (لـەگـەڵ) ئیـسلام بـۆ ڕیفۆرمــە کۆمارییــەکــان دژی ئیـسلام، دەبێتــە دابڕانێـک، کـە دواجـار ئیـسلام دەگـۆڕێ بـۆ ناسـنامەیـەکـی بەرهەڵستکار[1].

لـە کـاتی جـەنگی سـەربـەخۆییدا هـەندێ لـە زانایـانی ئـایینی ulema گوێڕایـەڵیـی خـەلیفـەیـان نـەکـرد و پـشتیوانییان لــە دەستپێشخەرییەکانی ئەتاتورک دەکرد[2]. ئەم زانـا ناسیونالیستانە بوونـە هـۆگری خـەبـاتی نـەتـەوەیـی و پاڵپـشتیی عـەلمانییـەتـی ئەتاتورکیان کرد تا پێگەیەکی گرنـگ بـۆ ئـایین بـەدەست بێنن لـە ڕووی خزمەتکردن بە پێشخستنی نەتەوەوە، بـۆ نموونـە ئـەحمـەد ە. ئاکسەکی کە ئەو کاتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی (DRA) بوو، دەیگوت موسـڵمانێکی بـاش لـە هـەمـان کاتدا هاووڵاتییەکی تورکیی باشیشە. هەوڵی دەدا پێداگری بکـا لـەسـەر ڕۆڵـی ئـایین لـە پاراسـتنی خۆشـگوزەرانیی نـەتـەوەی تورکیـدا و بەرگریی لە بەها ئایینییـەکـان دەکـرد لـەپێنـاو پتـەوکردنـی ئـەرکی مەدەنیدا. هـەوڵێکی ڕاسـتەقینـە هـەبـوو بۆ هێنانـەکایـەی ئـایینێکی نەتەوەیی (یاخود نیشتمانی).

---

[1]Halil Ibrahim Yenigün, “Islamism and Nationalismin Turkey: An Uneasy Relationship,” paper read at 2nd Annual Graduate Student Conference of the Department of Politics, March 28, 2005 at the University of Virginia, Charlottesville. <www.virginia.edu/politics/grad_program/print/wwdop-2006-paper-yenigun.pdf>

[2]Paul Dumont, “Hojas for the Revolution: The Religious Strategy of Mustafa Kemal
Atatürk,” Journal of the American Institute for the Study of Middle Eastern Civilization, 1
(1980–1981), 17–32.

ئاکسەکی هەروەها پێداگریی لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتییانەی ئیسلام دەکرد لە بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا... دەکرێ ئەم هەوڵانە وەک ڕێگەیەک بۆ داهێنانی "ئایینێکی مەدەنی" بخوێنرێنەوە، کە ئایینێکە خاڵییە لە دۆگما و سرووتەکان، بەڵام هەڵگری کۆمەڵێ پرنسیپە بۆ بەهێزکردنی ئەخلاق و هەستکردن بە ئەرکی مەدەنی، ئەویش بە مەبەستی پتەوکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە. کۆماری تورکیا هەوڵی دا لەڕێی DRAەوە "ئیسلامی مۆدێرنیست"ی خۆی دروست بکا[1].

لە ١٩٢٤ەوە DRA بوو بە بەرپرس لە کاروباری ئایینی و ڕاڤەکردنی ئیسلام لەڕێی:

ا- کۆنترۆڵکردنی ناوەرۆکی وتاری ئایینیی ڕۆژی هەینی و بیروبۆچوونە ئایینییەکان بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی فیکری دژەکۆمار.

ب- فۆرمەلەکردنی "ئیسلامێکی مۆدێرن" کە لەگەڵ پێویستییەکانی دەوڵەتدا بگونجێ[2].

---

[1] Kamil Kaya, Türkiye’de Din-Devlet İlişkileri ve Diyanet İşleri Başkanlığı (Istanbul, 1998), pp. 188–189.

[2] لێکۆلینەوەی زۆر کەم لەبارەی DRA هەن، کە لە ٣ی ئاداری ١٩٢٤دا پاش هەڵوەشاندنەوەی خیلافەت و وەزارەتی دامەزراوە ئایینی و خێرخوازییەکان دامەزرا. سەرۆکی لە لایەن سەرکۆمار و بە ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆکوەزیران دیاری دەکرا. لێکۆڵینەوە یاساییەکەی ئیشتار گۆزایدن İştar Gözaydin لەبارەی DRA باشترین لێکۆڵینەوەیە لەسەر ڕێکخراوەکە. یەکەمین لێکۆڵینەوەی سیاسییانەی سەرتاپاگیر لە لایەن TESEVەوە کراوە، کە دامەزراوەیەکی فیکریی سۆشیال-دیموکراتە لە ئیستەنبوول، کە ژمارەیەک وتاری شیکارییانەیشی لەخۆ گرتووە. بڕوانە:

İştar Tarhanlı-Gözaydın, Müslüman Toplum, “Laik” Devlet, Türkiye’de Diyanet İşleri Başkanlığı

دەوڵـەت مزگـەوتـەکـانی خـستە ژێـر دەسـتی خـۆی و بەرپرسانی ئایینی وەک فەرمانبەری دەوڵەت دادەمەزراند و مووچەی مانگانەی دەدانێ. ئەم بەرپرسانە لە قوتابخانەکانی پێشنوێژی و وتـاربێژی Imam Hatipدا دەیانخوێند، کە لەژێر چاودێریی وەزارەتی پەروەردەدا بوون.

ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی (DRA) فراوان بوو لە تەنها چاودێریکردنی ئایین و خواپەرستی لە سایەی دەستووری ١٩٢٤دا بۆ "گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ مسۆگەرکردنی لابەندی (وەلا)ی موسڵمانان، بۆ ئایدیا نەتەوەییەکان"ی کۆمار. یاسای ژمارە ٦٣٣ی ساڵی ١٩٦٣ جارێکی تر ئەرکی DRAی دەستنیشان کردەوە، کە بریتییە لە "بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی بیروباوەڕ و خواپەرستی، هەروەها هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسە ئایینییەکان و لایەنە ئەخلاقییەکانی ئایینی ئیسلامدا".

یاسا تازەکە چەمکەکانی ئەخلاق و "کۆمەڵگەی هۆشیار، یاخود ڕۆشنگەر"ی لە پرسە ئایینییەکاندا زیاد کرد. بە دەربڕینێکی تر دەوڵەت هەوڵی دەدا سیستەمێکی ئەخلاقی لەسەر بناغەی بەها ئیسلامییەکان بێنێتە کایەوە.

دەستووری ١٩٨٢ لەوە زیاتریش چووە پێش، داوای لە DRA کرد "ئەرکەکانی لەناو چوارچێوەی پرنسیپەکانی عەلمانییەتدا جێبەجێ بکا، بە ئامانجی بەدیهێنانی یەکێتی و

---

(Istanbul: Afa, 1993); Ruşen Çakır and Irfan Bozan, Sivil, Şeffaf Ve Demokratik Bir
Diyanet İşleri Başkanlığı Mümkün Mü? (Istanbul: TESEV, 2005).

تەبایی نیشتمانی". بە کورتی، ئەمڕۆ DRA سێ ئەرکی هەیە: ئەرکی یەکەمی ئەوەیە لەڕێی دامودەزگە ڕەسمییەکانییەوە عیبادەت و شوێنەکانی عیبادەت کۆنترۆڵ و ئیدارە بکا. دووەم، خولەکانی قورئانخوێندن لە وەزارەتی پەروەردە کۆنترۆڵ و ئیدارە بکا. سێیەم، DRA بەرپرسە لەوەی بیری خەڵک لەبارەی بابەتە ئایینییەکان ڕۆشن بکاتەوە، ئەویش بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بڕواداران، ڕێکخستنی کۆنفرانس و وۆرکشۆپ، دەرکردنی بڵاوکراوەی ئایینی بە مەبەستی ڕۆشنگەرکردنی موسڵمانان و تەوزیفکردنی وتارەکانی هەینی (hutbes) بۆ بەهێزکردنی بەهاکانی خێزان و یەکێتیی نیشتمانی. ئەرکی سەرەکیی DRA بوو پێداگرتن لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتییانەی ئیسلام لە بەیدیهێنانی خۆشگوزەرانی بۆ دەوڵەت و نەتەوە.

لە تورکیا، شۆڕشی کەمالی نە تەنیا پەلاماری دابونەریتە ئیسلامییەکان، بەڵکو پەلاماری ڕەفتارە ئیسلامییەکانیشی دەدا. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا سەرجەم دامەزراوە و یاساکانی دەوڵەت بە ئیسلامەوە بەسترابوون، واتە دەوڵەت و کۆمەڵگە نوێیەکە سەرچاوەیەکی تری شەرعییەتیان دەویست. تورکبوون هێشتا مانای موسڵمانبوونی دەگەیاند. ئەرکی سەرەکیی مستەفا کەمال گۆڕینی کۆمەڵگە بوو بە ئاڕاستەی "گەیاندنی بە ئاستی شارستانێتیی هاوچەرخ".

ئەم "شارستانێتیی هاوچەرخ"ـە (muasır medeniyet) مانای بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ بوو لەسەر بیچم (مۆدێل)ی ئەورووپی. ئەمەیش دەشێ، بگرە ڕاستییەکەی مانای

دوورخستنەوەی ئیسلامیشی دەگەیاندن لەو تەلارە نوێیە. ئیسلام بە ئەنقەست لە دارشتنەوەی ناسنامە و دامەزراوە نوێکاندا دوورخرایەوە. بە کورتی، ڕیفۆرمە کەمالییەکان نووسینەکانی گۆکالپیان فەرامۆش کرد و کاریان بە بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا جەودەت کرد، ئەویش بە ڕەتکردنەوەی ڕابردووی ئیسلامی-عوسمانی و لاساییکردنەوەی و دەزگە و ڕەفتارە خۆرئاواییەکان. ڕژێم لەڕێی ڕیفۆرمە عەلمانییەکانەوە هەوڵی دا ناسنامەیەکی نوێی تورکی دابڕێژێت و خۆی لەگەڵ شارستانێتیی ئەورووپیدا جۆش بدات.

## پێنج قۆناغەکەی گەشەسەندنی سیاسیی تورکیا

یەکەمین قۆناغی پەرەسەندنی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا بە نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستی پێ کرد[١]. بۆ پاراستنی دەوڵەتەکە لە هەرەس، ڕووناکبیرانی عوسمانی کۆمەڵێ پرسیاریان دەربارەی شێوە و ناوەرۆکی ڕیفۆرمە نوێکان لە پەروەردە و سیستەمی دادوەری و سوپادا وروژاند، کە پێویست بوون بۆ ڕاستکردنەوە و بەهێزکردنەوەی دەوڵەت[٢]. هەروەها هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی دامەزراوە ئایینییەکان و دەسەڵاتی ئایینی لاواز و بنکۆڵ بکەن.

چاکسازییەکانی تەنزیمات بە مەبەستی جۆشدانی کۆمەڵگە لەگەڵ دەوڵەتدا مەرکەزیەتی دەسەڵاتی بەهێز کرد. دەوڵەت

---

[1]Stanford J. Shaw and Ezel Kural Shaw, History of the Ottoman Empire and Modern Turkey
(New York: Cambridge University Press, 1977).
[2]Eric Zürcher, Turkey: A Modern History (New York: I. B. Tauris, 1997).

بوو بە میکانیزمی سەرەکی بۆ گۆڕین و مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگە[1]. دەوڵەت لەڕێی سیاسەتی چاکسازیکردن لە سەرەوە بۆ خوارەوە دیمەنی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی تورکیای گۆڕی. بە هەمان شێوە، مێژووی کۆماری تورکیا لە سەرەتاکانیدا بریتی بوو لە چیرۆکی فراوانکردنی ڕۆڵی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگەدا. دەسەڵاتدارانی عوسمانی و کۆماری، هەروەها ڕووناکبیرانیش زیاتر بۆ پاراستن و بەهێزکردنی دەوڵەتی تورکی شوێنی بەغەربیکردن کەوتن، نەک دیموکراسی، نەتەوە یان غەربیبووندا[2]. بەم شێوەیە، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان بەغەربیکردن و بەهێزکردنی دەوڵەتدا هەیە.

لەگەڵ دامەزراندنی کۆمار لە ساڵی ١٩٢٣دا، دەوڵەت بەرژەوەندییەکانی لە ڕوانگەی سیکیولاریزە و دروستکردنی نەتەوەیەکی تورکیی نوێ لە گرووپە ئەتنی و ئایینییە هەمەجۆرەکان دیاری کرد. لە ڕاستیدا دەوڵەتی کەمالی، دەوڵەتێکی تەبشیرییە missionary. ئامانجی ئەوە بوو نەتەوەیەکی تورکی دروست بکا بیگەیەنێتە ئاستی شارستانێتیی ئەورووپی. پاش ١٩٢٣، مستەفا کەمالی دامەزرێنەری دەوڵەتەکە، زنجیرەیەک ڕیفۆرمی بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکڕەنگ (هۆمۆجینی) ئەنجام دا، ئەویش لەڕێی لەقاڵبدانی ناسنامە ئەتنی و ئایینییەکان لە بۆتەی ناسیونالیستێکی تورکیدا کە لە لایەن

[1]Yusuf Oğuzoğlu, Osmanlı Devlet Anlayışı (Istanbul: Eren, 2000).
[2]Şerif Mardin, "Center and Periphery Relations: A Key to Turkish Politics?" Daedalus, 102
(1973), 169–190.

دەوڵـەتـەوە ڕەنگڕێژ دەکرێ. ئامـانج لـەو چاکسازییانە کـە بـە کـەمـالیزم ناسـراون، کـۆنترۆڵکردنی ئـایین و هێنانـەکایـەی کۆمـەڵگـەیـەکـی نـوێی سـیکیولار بـوو. هـەردوو پایـەکـەی ئایدیۆلۆژیای کەمالی، کە بریتین لـە ناسیونالیزمی تـورکی و سیکیولاریزم (عـەلمانییـەت)، سـەرچاوەی سـەرەکیی قـەیرانی ئێستای تورکیان.

سیکیولاریزم تەنیا مانای جیاکردنەوەیەکی ڕەسمیی نێوان دەسـەڵات و دامـەزراوە ئایینی و سیاسییەکان نـەبوو، بـەڵکو زیـاتر مانـای ئایدیۆلۆژیایـەکـی وەزعیـی دەوڵـەتـی بـوو، وەک نەخشەڕێی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی هۆمۆجین و چینایەتی stratified. عـەلمانییـەتـی تورکیـا لـە ترادیسـیۆنی فـەڕەنـسیی یەعقوبییە-دەوڵـەتی و وەزعییـەکـەی کۆماری سێیەم (١٨٧١-١٩٤٢) وەرگیراوە و لێرەیشەوە جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ تێگەیشتنی ئـەنگلۆ-ساکسۆنی لـە عـەلمانییـەت هـەیـە. لـەباتیی دەوڵەتێک کە لە پرسی بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتە ئایینییەکانی هاووڵاتییانـدا بێلایـەنـە، دەوڵـەتـە سـیکیولارەکـەی سـەر بـە ترادیسیۆنی یەعقوبی، هەوڵی دەدا هەموو ڕواڵەتەکانی ئایین لە کایەی گشتیدا بسڕێتەوە و ئایین بخاتـە ژێر چاودێریی تونـدی دەوڵـەت. عـەلمانییـەتـی تورکیـا وەک پـرۆژەیـەکـی فیکـری و سیاسی لـەو وڵاتـە، مێژوویـەکی دوورودرێژی لـە جیاکـاری و پەراوێزخستن و هـەڵاوێران و بێبەشکردنی سێکتەری گـەورە گەورەی کۆمەڵگەی تورکیدا هەیە[1].

---

[1] لە بڕیارەکانی دادگەی دەستووریی تورکیادا تەنها کایەی گشتیی عەلمانی گریمانە دەکرێ ئاشتی پێشکەش بکا، ئەویش لەڕێی نەهێشتنی هەر جۆرە جیاوازییەک کە سەرچاوەکەی نەژاد یان ئایین بێ. دەوڵەت دەیەوێ لەوە خاتەرجەم بێ کە کایەی گشتی لە تورکیا هۆمۆجێنی و یەکگرتووە بەبێ

سیکیولاریزەکردنی یاسا و پەروەردە دوو ئامرازی بیری کەمالی بوون بۆ سیکیولاریزم[1]. لە لێکۆڵینەوە لە هێزە سیاسییە ئیسلامییەکانی تورکیا لەمڕۆدا، پێویستە ئەم مێژووەی عەلمانییەت لە هەلاوێران exclusion لە بەرچاو بگیرێ. پرۆژە کەمالییەکە سیستەمێکی سیکیولاریزمی تۆکمەی دامەزراند بە مەبەستی "کۆنترۆڵکردن"ی ئایین و قەتیسکردنی لە باوەڕی تاکەکەسدا. لەبەر ئەوە تێگەیشتن لە عەلمانییەتی تورکی تەنیا لە جێبەندی پرۆژەیەکی نوێی بنیادنانی نەتەوەدا دەکرێ. ئیسلام وەک ئایین، دەوڵەت و ئایین لێک جیا ناکاتەوە و دەیەوێ ژیانی گشتی بەگوێرەی تەسەوری خۆی بۆ یاسا ڕێک بخات و مانایەکی بەدیل بۆ لابەندی و ناسنامە و کۆمەڵگە دەستەبەر دەکا. ئەو لایەنە ئایدیۆلۆژی و مێژووییانە بوونە سەرچاوەی زانیاریی تێگەیشتنی کەمالی لە سیکیولاریزم، هەروەها تیشک دەخەنە سەر نهێنیی ئەو هەستیارییەی بەرانبەر هەر جۆرە بانگەشەیەکی بناغە ئیسلامی هەیە.

لە ئەنجامی ڕیفۆرمە سیکیولارانەکانی مستەفا کەمالدا، ئایدیا و دامەزراوە ئیسلامییەکان چیتر وەک سەرچاوەی شەرعییەت لە ژیانی سیاسیدا کاریان نەکرد. سیستەمی پەروەردە بە شێوەیەکی تایبەت بە وردی لە هەر جۆرە کاریگەری، یان دەستتێوەردانێکی ئایینی جیا کرایەوە. زیاد

---

هیچ نیشانەیەکی ئایینی. بە دەربڕینێکی تر، خواست و بانگەشەی ئایینی لە کایەی گشتیدا بە مایەی پەرتکردن و هەڕەشە لەسەر ئارامیی کۆمەڵگە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. لێرەوەیە سیکیولاریزم بەو شێوەیەی لە تورکیا دەستنیشان کراوە، ویستوویەتی ببێتە ئایدیۆلۆژیایەکی تاکڕەوانەی دەوڵەت، تا بە ناوی بەهاکانی ڕۆشنگەری و هۆمۆجینکردنەوە جیاوازییە ئایینی و ئەتنییەکان لەناو ببات.

[1] Berkes, The Development, pp. 467–468.

لــــەوەیـــش، حـــزووری ئیـــسلام لـــە کایـــە کـــولتـــووری و کۆمەڵایەتییەکاندا لەڕێی ئەلف-بێی نوێ و جلوبەرگی نوێ و ساڵنامەی نوێ و ڕۆژە نوێکانی پشووی ڕەسمییەوە، بنکۆڵ کرا. بە کورتی، کۆمارەکە چەپکێک سیمبۆلی نوێی وەک نیشانە بۆ گۆڕان لـە شارستانێتیی ئیسلامییەوە بۆ شارستانێتیی غـەربی خـستە ڕوو. بـەڵام عـەلمانییـەتـی تورکیـا لـە ڕووی کۆنترۆڵکردنی ئایین لە لایەن دەوڵەتەوە پارێزگاریی لە میراتی دەوڵـەتـی عوسـمانی کـرد، ئـەویـش بـە هـۆی خواسـتە سەرتاپاگیرەکانی ئیسلامەوە، بەتایبەت لە کایەی سیاسیدا. بەم شێوەیە، عەلمانییەتێکی ڕادیکاڵ بوو لە بەرکەرناکردنی ئایین لە ڕووی ڕەمزی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جڵەوکردنی توندی مەعریفەی ئایینی لە لایەن دەوڵەتەوە.

بینـاز تـۆپراک Binnaz Toprak فۆرمـە تورکییـەکـەی سـیکیولاریزم (عـەلمانییـەت) بـە دەوڵـەتـی "نیمچـە-سـیکیولار" دادەنێ، لەو ڕووەوە لەسەر جیاکردنەوە دانەمـەزرابـوو، بـەڵکو زیـاتر لـەسـەر کـۆنترۆڵی تونـدی ئـایین دامـەزرابـوو[1]. بولـەنت داڤـەر Bülent Daverیش ئەو فۆرمـە لـە سـیکیولاریزم بـە جیـاواز لـەوەی فـەڕەنسـا دادەنـێ دەڵـێ سـیکیولاریزمی تورکیـا "بەرتەسکە". ئایینی لـە سیاسـەتـەکانی دەوڵـەت جیـا دەکاتـەوە، بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر کاروباری ئایینی دەهێڵێتەوە[2].

---

[1] Binnaz Toprak, Islam and Political Development in Turkey (Leiden: E. J. Brill, 1981);
Binnaz Sayarı, "Türkiye'de Dinin Denetim İşlevi," A.U. Siyasal Bilgiler Fakültesi
Dergisi, 33 (March–June 1978), 176.
[2] Bülent Daver, Türkiye Cumhuriyetinde Layiklik (Ankara: Son Havadis Marbası, 1955),

لــە ڕوانگــەی لێکدانــەوەکــانی دادگــەی دەســتووری بــۆ بنەماکانی سیکیولاریزم، ئیشتار تارهانلی Istar Tarhanlı پێی وایە سیکیولاریزمی تورکی "ئایدیۆلۆژیایەکی شمولی"یە کە دەیەوێ سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێک بخات[١]. بە کورتی، ئەو عەلمانییەتە دوو خەسڵەتی سەرەکیی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردنی ئایین لە لایەن دەوڵەتەوە دامەزراوە بە هۆی سروشتی ئیسلام و میراتی عوسمانی و ڕیفۆرمە ڕادیکاڵەکانی مستەفا کەمالەوە، دووەمیشیان ئەوەیە هەوڵ دەدا چاپی خۆی لە "ئیسلامی مۆدێرن" دروست بکا تا پەرە بە چاکسازییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی بدات.

پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا، پرسی زاڵ ئەوەبوو چۆنچۆنی ڕژێمی سیکیولار-ناسیونالیستی کەمالی بەهێز بکرێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە (قۆناغی دووەم)، دەوڵەت یەکەم شت بیرۆکراسییەتی ئایدیۆلۆژییانە (کەمالیستی) ئاڕاستەکراوی خۆی دروست کرد تا سەربەخۆیی خۆی لە کۆمەڵگە بپارێزێ[٢]. کەمالیزم ئایدیۆلۆژیایەکە ئامانجی سەربەخۆیی دەوڵەتە لە هێزە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی هێنانەکایەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن (واتە سیکیولار) و هۆمۆجینی (تورکی). پاسەوانە کەمالییەکانی

p. 234; Halide Edip, “Dictatorship and Reform inTurkey,” The Yale Review, 19(1929), 38.

[1]Istar Tarhanlı, Müslüman Toplum ve “Laik” Devlet (Istanbul: Afa, 1993), p. 164.

[2]بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەم پلانە کۆمەڵایەتییەی لە لایەن دەستەبژێری کەمالییەوە جێبەجێ کرا بڕوانە:

Jeremy Salt, A Fez of the Heart (Washington, PA: Harvest Books, 1996).

دەوڵەت، واتە سوپای تورکیا، هاوکات بوونە پاسەوانی نەتەوە و مۆدێرنیزەکردنیشی. ئەوان بۆ پاراستنی دەوڵەت لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان هەرگیز سڵیان لەوە نەکردووەتەوە، ئەگەر پێویستی کردبێ، دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن[١].

دیارە مستەفا کەمال تەنیا کەسایەتییەکی مێژوویی نییە، بەڵکو لە قووڵایی ئەو تۆڕە شرووڕەی شەرعییەت کە کۆماری تورکیای لەسەر دامەزراوە. ئەو بەشێکە لە میسۆلۆژیای دامەزرێنەری شۆڕشی تورکی کە خوازیار بوو تورکیا ببێتە ئەورووپی، هەر بۆیە وێنەی لە هەموو قوتابخانەکان هەڵواسراوە و پەیکەرەکەی لە هەموو گۆڕەپانە گشتییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. تەنانەت لە خەیاڵی خەڵکی ئاسایی تورکیشدا جێگەی خۆی هەیە و هەندێ لە تورکانی شارنشین ئەو بە بەرجەستەی تورکیای هاوچەرخ دادەنێن. بە بڕوای من سەختگیریی ئەتاتورک لە هەندێ شتی وەک ڕیفۆرمی زماندا لەو کاتەدا کارەسات بووە، بەڵام چیرۆکەکە شتی تریشی تێدایە. ئەو بناغەی لەدایکبوونەوە و هەستانەوەی تورکیای نوێی پاش دوو سەدە لە پشێوی و شکست دامەزراند[٢].

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، سیستەمێکی نوێی نێودەوڵەتی تورکیای ناچار کرد تا لە دژی هەڕەشەی کۆمۆنیزم هاوپەیمانی لەگەڵ خۆرئاوا بکا. جەنگی سارد

---

[1]یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی دەستوورەکانی ١٩٦١ و ١٩٨٢ بریتییە لە فراوانکردنی "کایە پارێزراوەکان"ی هێز و دەسەڵاتی سوپا و بیرۆکراسییەتی مەدەنی، کە ڕاستەوخۆ لە بەردەم دەنگدەراندا بەرپرس نین.

[2] Vamik Volkan and Norman Itzkowitz, The Immortal Atatürk (Chicago: University of Chicago Press, 1984); Andrew Mango, Atatürk: The Biography of the Founder of Modern Turkey (Woodstock, NY: Overlook Press, 2000).

پێویستییە ئەمنییەکانی تورکیای خستە ڕوو و بۆ چارەسەرکردنیان ئەنکەرە چووە نێو پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) NATO. لەم قۆناغی سێیەمەی گەشەسەندنی سیاسیدا (١٩٥٠-١٩٨٣) تورکیا سیستەمی فرەحزبی پەسەند کرد، بۆ ئەوەی جێگەی خۆی لە نێو سیستەمە دیموکراسییەکانی خۆرئاوادا بکاتەوە. پرسە سەرەکییەکانی ئەو کاتە بریتی بوون لەوەی: چۆنچۆنی بەرگری لە وڵات (لەدژی یەکێتیی سۆڤیەت) و ڕژێم (لە دژی گەشەی ئیسلامی) بکات و ببێتە نەتەوەیەکی پێشکەوتوو؟ بەرگریکردن لە ڕژێم (کەمالیزم) بوو بە ئەولەویەتی سوپا لە نێو سیستەمە فرەحزبییەکەدا، لەو ڕووەوە پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە CHP) پاڵپشتیی جەماوەریی پێویستی نەبوو تا پارێزگاری لە هەژموون و باڵادەستیی کەمالیزم بکا. لە سایەی سیستەمە فرەحزبییەکەدا گرژییەکی بەردەوام لە نێوان بەرپرسانی هەڵبژێردراو و سوپای هەڵنەبژێردراو و پاسەوانە مەدەنییەکانی ڕژێمدا هەبووە.

پارتە سیاسییەکان دەبوو لە هەمان کاتدا گەمەی هەڵبژاردن و ڕژێمیش بکەن. لە گەمەی هەڵبژاردندا هەوڵیان دەدا لە بەرانبەر پارتە نەیارەکانی تردا دەنگ و کورسییەکانیان بۆ ئەوپەڕی بەرز بکەنەوە، لە کاتێکدا لە گەمەی ڕژێمدا هەوڵیان دەدا ڕیفۆرمی ڕژێمە هەبووەکە بکەن. بەم شێوەیە، نزیکەی سەرجەم پارتە موحافیزکارە ڕاستی ناوەڕاستەکانی وەکDP وAP و ANAP و ئێستایش AKP لە هەمان کاتدا ئەم گەمە دووسەرەیان کردووە.

پارتی جەهەپەی پرۆ-ڕژێم pro-regime[1] زانیبێتی ناتوانێ لەڕێی گەمەی هەڵبژاردنەوە بگاتە دەسەڵات، قەیرانێک لە ڕژێمدا دروست دەکا و هەوڵی داوە شەرعییەت لەو پارتە ڕاستی ناوەڕاستانە بکێشێتەوە. ستراتیژی ئێستای CHP ئەوەیە لەڕێی تۆمەتبارکردنی AKP بەوەی پارتێکی دژەڕژێمە و هەوڵ دەدا ڕژێمی عەلمانی بگۆڕێ، شەرعییەت لەو پارتەیش بکێشێتەوە.

بەم شێوەیە، AKP گەمەیەکی هەڵبژاردنی لە بەرانبەر پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکانی تر و پارتە ئایینییەکان بەرپا کرد تا دەنگەکانی بگەیەنێتە ئەوپەڕ و شانەخڕێ لەگەڵ هێزە دەسترۆیشتووەکانی ڕژێم، وەک سوپا و دەسەڵاتی دادوەری و زانکۆکان بکا، بەوەی وا پیشان بدات پارتێکی دژە-ڕژێم نییە.

هێزە دەسترۆیشتووەکانی ڕژێم، بەتایبەت سوپا، هەمیشە هێندە بەهێز بوون بتوانن لەڕێی فشار و ڕێوشوێنی جۆراوجۆرەوە ئەو سیاسەتانەی حکومەت ڤیتۆ بکەن کە دەست بۆ گۆڕینی ڕژێم دەبەن.

ئەو هێزانە ڕێگە بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە دەدەن، هەروەها ڕێگە دەدەن هەر پارتێکی براوە

---

[1] لەم کتێبە لە زۆر شوێن پێشگری -pro بەکار هاتووە کە بە مانای (لایەنگر یان پاڵپشت) دێ و پێچەوانەی دژ -antiیە، ئەمەی دوایی لە نووسینی کوردیدا بووەتە باو و جێی گرتووە و بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرێ (ئەنتی-...)، بۆیە دەکرێ ئەوەی یەکەمیش بەکار بێ، بەتایبەت کە لە زۆر شوێندا بەکارهێنانی مانا کوردییەکەی لەگەڵ کورتبڕی و سروشتی ئەو جێبەندەی تێیدا بەکارهاتووە ڕێک نایەتەوە. لەبەر ئەوە لە زۆر شوێندا پێشگری proم هەر بە (پرۆ-..) بەکارهێناوە. (وەرگێڕ).

حوکمی وڵات بکا، بەو مەرجەی هەوڵی گۆڕینی ڕژێم نەدات. ئەگەرچی سیستەمی فرەحزبی ئەزموونی دیموکراسیی تورکیای بەهێز کرد، بەڵام هەلومەرجەکانی جەنگی سارد دەسەڵاتی سوپا و ڕۆڵی لە ڕژێمدا بەهێز کرد. پاش جەنگی جیهانیی دووەم تورکیا بە تەواوی هەژارکەوت و سەرچاوەکانی هێندە سنووردار بوون، نەتوانێ تا چ لە بواری پەرەپێدان یان بەرگریدا وەبەرهێنان بکا. هەرچۆن بێ بە کۆمەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هێزە چەکدارەکانی تورکیا (TSK) بوو بە دووەم گەورەترین دامەزراوەی سوپا لە نێو ناتۆ و ڕۆڵی تورکیا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پەرەی سەند. ئەگەرچی تورکیا بۆ ئەو مەبەستە چووە ناو ناتۆوە، تا بتوانێ داهاتی زیاتر بۆ پەروەردە و گواستنەوە و گەشەپێدانی ئابووری بەدەست بێنێ، بەڵام ناچار بوو خەرجیی بەرگریی نیشتمانی زیاتر بکا و بە خێرایی وای لێ هات پشت بە ویلایەتە یەکگرتووەکان ببەستێ. ئەمە لای خۆیەوە باسکی سوپای ئەستوورتر کرد و کردی بە جێمتمانەترین بریکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە تورکیا.

دەرهاویشتەی سیاسییانەی سەرەکیی ئەم باڵادەستییەی سوپا، سەرهەڵدانی جۆرە "دوو دەسەڵاتی"یەکە:

دەسەڵاتی سوپایەکی هەڵنەبژێردراو و بیرۆکراسییەتێکی مەدەنی + دەسەڵاتی حکومەتێکی هەڵبژێردراو. لەو ماوەیەدا، سیستەمی فرەحزبی، دەستووری لیبراڵیی نوێی ساڵی ١٩٦١، هەروەها جەمسەربەنیی ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵگە لە ١٩٧٠کاندا،

هەر هەموو ئەوانە کارلێکی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەیان زیاتر کرد[1].

دەوڵـــەت وێـــڕای ســـنووردارێی داهـــاتی گـــشتی، تـــوانیی پـەروەردە، ئـابووری، هـەلومـەرجی شارنـشینی و گواسـتنەوە پەرە پێ بدا. ئـەم گۆڕانانـە دزەکردنـی کۆمـەڵایـەتییان لـە نـاو دەوڵەتدا ئاسان کرد.

دەوڵەت هەر کۆمەڵگەی نەگۆڕی بە تەنها، بەڵکو خۆیشی لە پرۆسەکەدا گۆڕا[2].

بە هەرحاڵ، هەلومەرجی جەنگی سارد یارمـەتیی تورکیای دا کـە بـە نـاوی ئاسایـشی نـەتـەوەیـی و بـەگژاچوونـەوەی کۆمۆنیزمی جیهانییەوە ناسنامە نەتەوەیی و ئایینییە ناکۆکەکان سڕ بکا. کاتێ عـەلـەوی و کـوردەکـان هـەوڵیـان دا جێپێیـەک بۆ خۆیان لە نێو ئایدیۆلۆژیای چەپدا بکەنەوە، لە ڕاستیدا ئـازادیی جموجۆڵی خۆیان سنووردار کرد و بوونـە ئامـانجی هـەڵمـەتی دژەچەپی دەوڵەت[3].

قۆنـــاغی چـــوارەم لـــە مێـــژووی تورکیـــا (١٩٨٣-١٩٩٩) سیاسـەتـی ناسـنامە و گـەڕان بـەدوای سـامانی تاکـەکـەسـی بەسەریدا زاڵ بوو، ئەمـە شـانبەشـانی هێنانـەناوەوەی زمـانێکی نوێ لەبارەی تایبەتاندن privatization و مافەکانی مرۆڤ و

---

[1] 33 Walter F. Weiker, The Turkish Revolution: 1960–1961 (Washington, DC: Brookings Institution, 1963).

[2] 34 Robert Bianchi, Interest Groups and Political Development in Turkey (Princeton: Princeton University Press, 1984).

[3] Elisabeth Özdalga, et al., Alevi Identity (Istanbul: Swedish Research Institute in Istanbul, 1998); Yasin Aktay, Türk Dininin Sosyolojik İmkanı (Istanbul: İletişim Yayınevi, 2006).

کۆمەڵگەی مەدەنی[1]. سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکان (لیبراڵییە نوێکان) پەرەیان پێ درا و بۆرژوازییەکی ئەنادۆڵییانەی نوێ سەری هەڵدا، گرووپە کوردی و ئیسلامی و عەلەوییەکان متمانەیان بەدەست هێنا و لە خۆیانیان دەپرسی: چۆنچۆنی دەتوانم ناسنامە تایبەتە کوردی، ئیسلامی، یان عەلەوییەکەم ببەمە کایەی گشتی؟

ئەگەرچی ئەو گرووپانە سەرەتا هەوڵیان دا وەک قەوارەی دەستەجەمی و هێزی دیموکرات و بازاڕ دەربکەون، بەڵام گۆڕان بۆ تاکەکەسی و شەخسی و بە تێپەڕینی کات ناسنامەکانیان پارچەپارچە کرد. لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە نی-لیبراڵیانەی لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کاندا پەیڕەو کران، وای کرد خەڵک ئیتر بایەخ بە پرسە "تاکەکەسی" و "خود ئاڕاستە"کان بدەن. ئیتر ئابووری، نەک سیاسەت ڕێڕەوی کۆمەڵگەی تورکیی دیاری دەکرد.

مەبەستم لە نیۆ-لیبراڵیزم (لیبراڵیزمی نوێ) شوێنکەوتەیی دەوڵەت و سیاسەتە بۆ هێزەکانی بازاڕ و بژارەی تاکەکەس[2]. نیۆ-لیبراڵیزم واتە تایبەتاندن، لامەرکەزییەت و بەشداریی هاووڵاتییان. تایبەتاندن لەو گریمانەوە دێ کە پرۆژەکانی دەوڵەت بە هۆی کەمیی زانیاری و هاندەرەوە کە تەنها بە بازاڕ دەستەبەر دەکرێن، سست دەبن، لەبەر ئەوە بۆ بەدیهێنانی کارایی ئابووریی تایبەتاندن دەبێتە ئامانج. لامەرکەزییەت وەک بەدیموکراسیکردنی حوکمڕانی و هەروەها

[1]Nilüfer Göle, The Forbidden Modern: Civilization and Veiling (Ann Arbor: University of Michigan Press, 1997).

[2]David Harvey,A Brief History of Neoliberalism (New York: Oxford University Press, 2005), pp. 2–3.

وەک بەرپرسیارێتیی گشتی بەرانبەر دەنگدەران لەسەر ئاستی ناوخۆ خرایە ڕوو. پەیڕەوی لە تایبەتاندنی هەندێ خزمەتگوزاریی گشتی دیاریکراو دەکا وەک چاودێریی تەندروستی، پەروەردە و تەنانەت ئاسایشیش. بەشداریکردنی هاووڵاتییان دەبێتە ئامرازی تایبەتاندن و لامەرکەزییەت.

نیۆ-لیبراڵیزم لە تورکیا زیاتر لە هەر وڵاتێکی تری ناوچەکە چووە و ئەو نەخشە مەعریفییەی گۆڕیوە کە خەڵک لە ڕێیەوە لەبارەی کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە بیر دەکەنەوە. بەرهەڵستیی دەستوەردانی دەوڵەت لە ئابووری و کایەی گشتی، هەروەها پێداگری لەسەر ئەقڵییەتی بازرگانی entrepreneurial mentality لە سیاسەتدا دەکا. دەوڵەت سەرلەنوێ لە ڕوانگەیەکی بازرگانییەوە پێناسە کرایەوە بەوەی دامەزراوەی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بۆ بەکاربەران (هاووڵاتییان). سەرۆکوەزیران(ی پێشوو) ئەردۆگان ئەو ئەقڵییەتە بازرگانییەی بە زمانی تورکی بە زهنیەتی بازرگان "tüccar zihniyeti" ناو دەبات و دەیەوێ لە حکومەت و حزب و باقیی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی تردا بیگشتێنێ[1].

[1] ئەردۆگان دەڵێ: "لە کاتی گفتوگۆ لەسەر بودجەدا، من زاراوەی (سیاسەتی بازرگانی).(tüccar siyaset) م بەکار هێنا، پەرلەمانتارێکی ئۆپۆزسیۆن کە تەنها بە کتێب و لە ڕوانگەی کتێبەوە قسە دەکا، گوتی "ئەوە یەکەم جارە ئەو زاراوەیە ببیستم". ئەو زۆر شت هەیە فێری ببێ! ژیانی ئەو هەمیشە کتێب دایدەڕێژێ. ئەوان بە پشتبەستن بەو کتێبانەی کەسێک دەیخاتە بەردەمیان ژیانی پیشەییان بنیات دەنێن. وا دەزانن ئەوە هەموو شتێکە لەبارەی ژیان. ئەوان هەرگیز تیۆر و پراکتیکیان پێکەوە نەگونجاندووە. قەت ئەوە لە بیر مەکە کە ژیان شتێک نییە تیۆر بێ، ژیان خودی پراکتیکە، ئەگەر تۆ پراکتیک نەزانیت ناتوانیت حوکمی کۆمەڵگە بکەیت".

مەبەستی ئەردۆگان لە سیاسەتی بازرگانی سیاسەتێکە ئەنجامی هەبێ... لەم سیاسەتە نوێیەدا ئەنجامەکان لە ئامڕاز و یاساکان گرنگترن. واتە فراوانکردنی شێوە سیاسەتی بازرگانییانە. لە ڕاستیدا گۆڕانکاریی گەورە لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیادا لە ڕووداندایە، کە سیاسەتی زرنگانەی بۆرژوازییە نوێکە و ڕۆڵی لە قایمکردنی دەسەڵاتی خۆی لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەدا، ئاڕاستەی دەکا.

کاتێ دەوڵەت هەوڵی دا لەڕێی بەتاواندانان (تەجریمکردن)یەوە ناسنامەی ئیسلامی دوور بخاتەوە، لە بەردەم سووربوونی کۆمەڵگە لەسەر ڕەنگرێژ و پێناسەکردنەوەی دەوڵەتدا شکستی خوارد. کۆمەڵگە هەوڵەکانی ئیختیراقی دەوڵەتی بۆ ڕۆچوونە ناو کۆمەڵگە بە چۆکدا هێنا و لە ڕاستیدا توانیی دەوڵەت ملکەچی تایبەتمەندیی خۆی بکا[١].

---

R.T. Erdoğan, “Türkiye’nin İmkanları ve Kaynaklarıyla Türkiye’yi kaldıracağız, April 1, 2003”, in Konuşmalar (Ankara: AK Party, 2004), p. 130.

بەرنامەی پارتی ئاکەپەی دەسەڵاتدار لەبارەی "چاکسازی" و "گۆڕان"ە بە مانای تایبەتاندن و بەلامەرکەزیکردنێک کە وەک بەکاربەر و کڕیار مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتییان دەکا. ئەردۆگان دەڵێ:

“Kitapta ne yazıyorsa o. Bunun dışına asla çıkmayacaksınız; hayır çıkacaksınız.Onun için tüccar siyaset diyoruz. ‘Siyaset literatüründe bu yok’ diyorlar; bu da girsin.’’ See also Erdoğan’s speech, “Diyarbakir’a Giden Neden Erzurum’a Rize’ye Gitmiyor,” Yeni Şafak, December 25, 2004.

[1]Jenny B. White, Islamist Mobilization in Turkey: A Study in Vernacular Politics (Seattle: University Washington Press, 2003); M. Hakan Yavuz, Islamic Political Identity in Turkey (Oxford: Oxford University Press, 2003).

من له کتێبی "ناسنامەی سیاسیی ئیسلامی له تورکیا" له قۆناغی پێنجەمی پەرەسەندنی سیاسیی تورکیام کۆڵیوەتەوە. ئەو کتێبەکەی له دارِشتنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەت-کۆمەڵگە پاش بریارەکەی هلسنکی له دێسەمبەری ۱۹۹۹ دەکۆڵێتەوە، ئەو بریارەی ڕێڕەوێکی ڕوونی بۆ تورکیا له چەند دەیەی داهاتوودا دیاری کرد. ڕەنگە دەستخستنە سەر بەشداریی کاریگەری سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی تورکی لەم گۆڕانە مێژووییەدا زەحمەت بێ. لەچاو خۆیدا، گەلاڵەکردنی گێڕانەوەیەکی تۆکمە بۆ ئەم گۆڕانە کارێکی ئاسانە. بە هەرحاڵ، ئەم تۆکمەییە بە وەلاخستنی کەنارە زبرەکە بەدەست دێ کە بەشی زۆری زیندوویی خەڵک لەوێیە. لەم کتێبەدا، من چڕ دەکەمە سەر یەک هێزی گرنگ، ئەویش ئاکەپەیە لە نێو جێبەندێکی گەورەتری نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا.

لە کرۆکی ئەم ئەزموونە تورکییەدا، چەند فاکتەرێکی پێکهێنەر formative هەن کە بەسەر دیمەنە سیاسییەکەدا زاڵن. لەناو دەوڵەتانی ئیسلامیدا تورکیا خاوەنی بەهێزترین کەلەپووری دەوڵەتداری و کولتووری سیاسی دەوڵەتییە. لە ڕووی مێژووییەوە، سیستەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کێشەدا نەبوو لەگەڵ ئیسلام، بەڵکو زیاتر ئیسلام ملکەچی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت کرابوو[1]. میراتێکی قووڵی کۆڵۆنیالیزم، یاخود ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆرئاوا نەبووە.

[1] Carter Vaughn Findley, The Turks in World History (New York: Oxford University Press,2004).

سەرەنجام، بیرکردنەوەی سیاسییانەی تورکیا (سێکیولار بێ، یان ئیسلامی) ڕەنگی ئایدیا دژە-ئەورووپییەکانی نەگرتووە[١].

سوپای تورکیا دامەزرێنەری کۆمارەکەیە و ڕێبازێکی ڕوون و ئاشکرای بۆ ئەرکی مۆدێرنیزە و سیکیولاریزەکردن هەیە. هەرگیز هاوکاریی هێزە دەرەکییەکانی نەکردووە و قەتیش ڕێگەی بە دەستە و تاقمە ئایدیۆلۆژییەکان نەداوە پرۆژەکەی لەدەست بڕفێنن. سوپا، کە خۆی بە پاسەوانی ڕژێمە عەلمانییەکە دادەنێ، هێشتا لە هەر ڕێکخراوێکی ئایینی بەهەیبەتتر و ڕێزلێگیراوترە.

یەکەمین نیشانەی سەرەکیی سیاسەتی تورکی بریتییە لەو کولتووورە سیاسییە دەوڵەت-سەنتەرەی لە لایەن کەمالیزمەوە بەردەوامیی پێ دەدرێ، کە سیاسەتی پێناسە کردووە بەوەی "بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە" لە ڕووی پیادەکردنی پرنسیپەکانی سیکیولایزم و ناسیونالیزمەوە. دووەمین نیشانەی سەرەکیی شەرعییەتیی جەماوەریی دیموکراسییە. ئەم دوو نیشانە ڕیشەدارە بە بەردەوامی لەگەڵ بەرهەڵستیی ئایینی لە باری گرژی و ناوبەناویش لە باری هاوکاریدان.

ڕەگوڕیشەی سەرچاوەی قەیرانی هاوچەرخی تورکیا لە هەناوی ئایدیۆلۆژیای کەمالیدایە، کە دەیەوێ لەڕێی ئامرازەکانی دەوڵەتەوە کۆمەڵگە بەمۆدێرن بکا. ئەم چاپە

---

[1]M. Hakan Yavuz, “Islam and Europeanization in Turkish–Muslim Socio-Political
Movements,” in Peter J.Katzenstein andTimothyA. Byrnes (eds.), Religion in an Expanding
Europe (Cambridge: Cambridge University Press, 2006), pp. 225–255.

تورکییەی مۆدێرنیتە هەوڵ دەدا "هاووڵاتییەکی عەلمانیی تورکی"ی نوێ بە شێوەژیان و ناسنامە و ئەرکێکی تایبەتەوە، بەرهەم بێنێ. سیستەمی پەروەردە، کە ئەرکی هێنانەکایەی ئەم بوونە سیکیولارە نوێیەی لەئەستۆدایە، بووەتە ئامڕازی سەرەکیی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. ئەوانەی بەرهەڵستیی ئەم پلانە دەکەن، یان سوورن لەسەر ناسنامە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان، بە "دوژمن"ی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیا بنچینەییەکەی دادەنرێن.

لە ڕاستیدا، دەوڵەت ڕێگە بە پارتە چەپ و ڕاستەکان دەدا کار بکەن مادام لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتدا بمێننەوە و بە ئاراستەی ئاوێتەبوونی کۆمەڵگە بەگوێرەی ڕێبازی کەمالیستی کار بکەن. دەوڵەت هەموو ڕێگەیەک بەکار دێنێ تا وا لە پارتەکان بکا کە دەنگە کەنارییەکان بگۆڕن بۆ زمانی نەتەوەسازی، یان ببنە کەرەستەی جڵەوکردنی هێزە دژەسەنتەرەکان.

بەم شێوەیە دیموکراسی لە تورکیا ڕێگە بە ناسنامە کەنارییەکان دەدا تەنها لە نێو کایەی تایبەتدا نەشونما بکەن، تەنها ئەو کاتە لە کایە گشتییەکاندا وجوودیان دەبێ کە لە ناوچەکانی دەوڵەت هەلاوێدرێن، یان دەست لە بانگەشەکردن بۆ ناسنامەی تایبەتە ئەتنی، یان ئایینییەکانیان هەڵبگرن. ئەوە دەوڵەتە سنوورەکانی سیاسەت دەکێشێ، نەک بە پێچەوانەوە.

گرژیی نێوان سیکیولاریزم (شێوەژیانی خۆرئاوایی) و شێوەژیانی تورکی-ئیسلامی، ڕیشەی دابەشبوونی سیاسییە لە سیستەمی هەڵبژاردندا. لە تورکیا، زیاتر خەسڵەتە

شەخسییەکانی سەرکردەکان و شێوەژیانیان و هەڵوێستیانە لە پرسە ڕۆژانەکان بڕیاردانی خەڵک لە دەنگداندا دیاری دەکەن، تا ئایدیۆلۆژیای پارتەکە. لەگەڵ ئەوەیشدا لەم ساڵانەی دوایدا خەڵک، لانیکەم لەسەر ئاستی ناوخۆ، لەسەر بناغەی ناسنامە و بەرژەوەندییە ناوچەییەکان دەنگ دەدەن. بە شێوەیەکی ڕوولەزیاد پرسەکانی ناسنامە و شێوەژیان زیاتر لە دابەشبوونی چینایەتی هەڵوێست لە دەنگداندا دیاری دەکا. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ١٩٩٥، ١٩٩٩، ٢٠٠٢ پرسە ئەخلاقییەکان، فێرکردنی ئایینی، پۆشینی حیجاب لە زانکۆکان، پرسی کورد و پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپی (سەبارەت بە قوبرس و ئەندامێتیی تورکیا) و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (سەبارەت بە عێراق)، هەموو ئەمانە پرسە ئایینی-کولتوورییەکانیان لە سەرتۆپی کارنامەکانی هەڵبژاردندا هێشتەوە. هێشتا زیاتر جیهانبینی و بنەچەی ئەتنیی مرۆڤ بەسەر جەمسەرگیریی نێو کۆمەڵگەدا زاڵە تا پرسەکانی چین.

لە تورکیا سیاسەت لەبارەی بەریەککەوتنێکە لە نێوان ئەو شێوەژیان و بەهایانەدا کە درێژە بە شێوەژیانە ڕکابەرەکان دەدا. لەگەڵ فراوانبوونی ڕوبەرەکانی دەرفەتدا ناسنامە ئیسلامی و کوردییەکان هەوڵ دەدەن شێوەژیانی خۆیان فراوان بکەن. ئەمە لای خۆیەوە سەردەکێشێ بۆ بەریەککەوتنی دیدگەکان و ڕێگە لە دەرکەوتنی زمانێکی دەستەجەمیی هاوبەش دەگرێ. لێرەوە، دابەشبوونی کۆمەڵایەتی لە ڕووی شێوەژیان و بەهاکانی کۆمارەکە (سیکیولاریزم، دەوڵەتی

نەتەوەیی، مەرکەزییەت) لە بەرانبەر شێوەژیان و بەهاکانی کۆمەڵگەی موسڵمانی گەورەتردا (ئەخلاقی ئایینی، بەها نەریتییەکان، لامەرکەزییەت، بازاڕی ئازاد) هێشتا بەسەر چۆنێتیی دەنگدان و جەمسەربەندیی حزبیدا زاڵە. جگە لەم دابەشبوونە ئایینی-عەلمانی و سوننی-عەلەوییە، بنەچەی نەتەوەیی بە شێوەیەکی ڕوولەزیاد دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ لە لایەنگریی دەنگدەردا.

زۆر لە تورکەکان هێشتا هێرشە (تیرۆریستی)یەکانی PKK[1] بە گەورەترین مەترسی لەسەر یەکپارچەیی نەتەوە و ئاسایشی دەوڵەت دادەنێن، بۆ نموونە، پاڵپشتیی دەنگدەران بۆ پارتە کوردییەکان HADAP و DEHAP بە تەواوی لە ناوچە کوردنشینەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتدا چڕ بووەتەوە. ئەو پارتانە داواکاریی زۆریان لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە نیە. بەم شێوەیە، ئەم پارتە نەتەوەیی و ئایینییانە ڕەنگدانەوەی سروشتی کولتووره سیاسییە

---

[1] ئەگەرچی نووسەر لەم توێژینەوەیەدا تا ڕادەیەکی زۆر بابەتییانە چەمک و کێشەکانی شی کردووەتەوە و خوێنەر هەست بە لایەنگریکردنی بۆ هێز یان ڕەوت و تەوژمێک ناکا، لە باسی کێشەی کوردیشدا بۆچوونەکانی هاوسەنگن، بەڵام لە چەند شوێنێکدا چالاکییەکانی پەکەکە بە "تیرۆریستی" ناو دەبا، کە ئەوە بۆچوونی خۆیەتی و بۆ توێژەرێکی تورک نامۆ نییە، بەتایبەت کە کردەوە چەکدارییەکانی پەکەکە بەگوێرەی یاساکانی تورکیا تیرۆرە، هەروەها تا ئەم ساتە بە لای وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکایشەوە هەر لەو چوارچێوەدایە، ئێمە لێرەدا وەک ئەمانەت دەستەواژەکەی وەک خۆی لەناو دوو کەوانە دەگوێزینەوە، ئەگینا بەندە ئەگەرچی دژی هەر جۆرە توندوتیژییەکم بەوانەی پەکەکەیشەوە، بەڵام بە شێوەخەباتێکی ڕەوای گەلی کوردی دادەنێم. (وەرگێڕ)

لێکترازاوەکەی تورکیان، کە پڕە لە دابەشبوون: دابەشبوونی تورکەکان بەرانبەر کوردەکان، موسڵمانە سوننەکان بەرانبەر موسڵمانە عەلەوییەکان، عەلمانییەکان بەرانبەر گرووپە ئیسلامییەکان، ئەمە جگە لە جیاوازییە سۆسیۆ-ئابوورییەکان. سیاسەت لە تورکیا هێشتا بەزۆری لەسەر سێ دابەشبوونە کولتوورییەکەی یەکەم وەک سەرچاوەی جۆشدانی سیاسی، دامەزراوە.

ئیسلام ڕۆڵێکی دووسەرە دەبینێ: لە لایەکەوە زمانێکی هاوبەش بۆ یەکێتیی نیشتمانی و لە لایەکی ترەوە سەرچاوەیەک بۆ ناتەبایی و ململانێ دەستەبەر دەکا. جگە لەم گرژییە سیاسییە بەردەوامە، تورکیا خاوەن ئابوورییەکی ڕەیعی rentier (قازانج) نییە، بەڵکو خاوەن ئابووریی بازاڕە کە پشت بە باج دەبەستێ لەگەڵ چینێکی ناوەڕاستی گەشەسەندوو. ئیسلام بووەتە ئەڵقەی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەت و نەتەوەدا، هەروەها ئابووریی هەمەجۆر زەمینەی پێویستی بۆ فرەییخوازاندن (پلوالیزەکردن)ی بزاڤە ئیسلامییەکان ساز کردووە.

دەیان ساڵ لە پیادەکردنی سەختگیرانەی سیکیولاریزم شکستی هێنا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕاستییەی تورکەکان خەڵکانی ئایینپەروەرن و دابونەریتە ئیسلامییەکانیش بەردی بناغەن لە پەرەسەندنی شەخسی و ژیانی ڕۆژانەیاندا.

لە کۆمەڵگەی تورکیدا بۆ ئەوەی لە ژیانێکی مانادار‌دا بژییت، پێویستە نەخشەیەکی مەعریفیت هەبێ کە ڕیشەی لە نێو شارستانێتیی تورکی-ئیسلامیدا هەبێ.

دەرەنجام، مێژووی تورکیای نوێ بریتییە لە چیرۆکی کێشمەکێشی نێوان هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ "مۆدێرنیزەکردن" و هێزەکانی کەنار کە دەیانەوێ دەوڵەت پێناسە بکەنەوە.

پێوەرەکانی دەوڵەت هێشتا لە کاریگەرییە دەرکەوتووەکانی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکانی ئۆزال بە هەژموونترنن لە ڕووی هێنانەکایەی ڕێکخستنێکی سیاسییانەی نوێی هاوپەیمانێتییەکان لە نێوان گرووپە ئیسلامییەکان و گەورە پیشەسازەکان industrialists. پیشەسازە پرۆ-دەوڵەتەکان وردەوردە لە کەمالیزمی توندڕەوەوە گواستیانەوە بۆ دیدگەیەکی زیاتر لیبراڵانە (یەکێتیی ئەورووپا).

# گوتاری سێ سەرەی دەوڵەت:

## ئایدیۆلۆژیای تورکی:
## ناسیونالیزم، کۆنسێرڤەتیزم و ئیسلامیزم

*"دەوڵەت دامەزراوەیەکی مەزنە. ئەگەر بابەتەکە دەوڵەت بێ، ئێمە نابێ بە سووکی قسە بکەین. پرسەکە هەرچی بێ، برۆ پێشەوە و لێکۆڵینەوە بکە. بەڵام لۆمەی دەوڵەت نەکەیت"*

***سلێمان دیمیرێل***

*"دەوڵەت مەزن، بەشکۆ و بەنرخە. من هەرگیز دەوڵەت تۆمەتبار ناکەم. تەنها کەسەکان بەرپرسیارن ئەگەر ساغ بووەوە، بەڵام دەوڵەت هەرگیز"*[1].

***یەکتا گونەر ئۆزدەن***

لە تورکیا پەیوەندییەکی زۆر کەم لە نێوان فیکری ئەبستراکت و سیاسەت، یاخود لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا هەیە. لەگەڵ ڕیفۆرمە کەمالییەکاندا سیاسەت لە بەڕێوەبردن (ئیدارە)دا کورت کرایەوە بۆ ئیدارە هەمیشە لە هەوڵی بەهێزکردن و پاراستنی دەوڵەتدا بووە. فیکری سیاسی هەردەم بە دەوری بەرگریکردن، یان کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتدا پەرەی سەندووە. لە تورکیا چینێکی بەهێز نەبووە تا گژبەریی ئەو گۆڕانە ڕادیکاڵەکانە بکا کە لە دەوڵەتەوە دەستی بۆ بردوون.

---

[1]Quoted in Mithat Sancar, Devlet Aklı Kıskacında Hukuk Devleti (Istanbul: İletişim, 2000),p. 64.

له حاڵەتی تورکیادا ئەگەرچی ناسیونالیزم، ئیسلامیزم و کەمالیزم تەسەوری ڕکابەریان لەبارەی کۆمەڵگە و ناسنامە هەیە، بەڵام ئەوانە هەمیشە ئاوێتەی یەکتر بوون. ئەو مەودا ئایدیۆلۆژییە مامناوەندە هەمشە بە موحافیزەکاری conservatism پێناسە کراوە. یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی موحافیزەکاریی تورکی بریتییە لە پاراستن و بەهێزکردنی دەوڵەت. دەوڵەت و نەتەوە بەیەک گشتی ئۆرگانی دانراون و هەمەجۆریی ئەتنی و ئایینی بەئاستەم قبوڵکراون. مادام دەوڵەت کار بۆ پاراستنی بەهاکانی نەتەوە دەکا، تەنها ئەویش مافی ئەوەی هەیە بەرژەوەندیی نیشتمانی دیاری بکا. لەم مۆدێلەی بیرکردنەوەدا هەمەجۆری بزر دەبێت و کۆمەڵگە دەبێتە نەتەوەیەکی هۆمۆجینی (یەکڕەنگ) و نەتەوە یەکسان دەبێ بە دەوڵەت.

هەر کەس دژی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیاکەی بوەستێ بە یاخی حسێب دەکرێ و شەرعییەتی لێ دەسەنرێتەوە. دەوڵەت، لە چوارچێوەی مێژووی تورکیادا، هەمیشە بەرەنگاریی دەرکەوتنی ناوەندی نوێی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆی کردووە و هەرگیز هانی فرەیی سیاسیی نەداوە.

کێشەی سەرەکی لە تورکیا، کە کێشەی کەمالیزمیشە، پەیوەندیی بە مانای جیاواز و فرەئەتنی و فرەئایینییانەی نەتەوایەتییەوە هەیە. دەوڵەت هێشتا لە هەر جیاوازی و تایفەبوون (cemaatleşme)ێکی نەتەوە دەترسێ. دامەزراوەکانی دەوڵەت بەتایبەت سوپا، هەر جۆرە بەسیاسیکردنێکی هەرە ناسنامەیەک لە دەرەوەی ناسیونالیزمی تورکی و چاپە کەمالییەکەی (هاووڵاتیبوون و نیشتمانپەروەری

وەک سەرچاوەی تورکیبوون) [1] بە نەخوازراو دادەنێ. ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە دەوڵەت باڵاترین دەسەڵاتە، لە نێو دەنگدەرانی ئاکەپەدا باڵادەستە، با سەرکردایەتیی پارتەکەیش هەمان بۆچوونیان نەبێ. ئەم جۆرە موحافیزەکارییە لە چەقی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی تورکیادایە و یارمەتیی هێنانەکایەی تێڕوانینێکی ڕوون لەبارەی دەوڵەتێکی ملهوڕ و دەسەڵاتگەرا. زۆر گرووپی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی ئەم وێنەیەدا یارمەتیدەر بوون و وەک هێزێک کە موحافیزەکارییەکەیان ڕەنگڕێژ دەکا، بەرجەستەی دەکەن.

---

[1] ناسیونالیزمی تورکی ناوچەیەکی جێناکۆکە لەنێوان سێ وێناکردنی جیاواز بۆ تورکیبووندا: ئەتۆ-ئایینی کە ئیسلام بە دیاریکەری تورکیبوون دەبینێ + ناسیونالیزمی ئەتنۆ-تورکی، کە پێداگری لەسەر نەتەوایەتی و زمان دەکا + ناسیونالیزمی مەدەنیی تورکیی مستەفا کەمال، کە بە ئەتاتورک میللیەتجیلی ناسراوە کە جەخت لە لابەندی loyalty بۆ دەوڵەت و ئەجێندا سیکیولاریستە پێشکەوتنخوازانەکەی دەکا.

## بەراوردێک لە نێوان ناسیونالیست، موحافیزەکار و ئیسلامگەراکان لە تورکیا[1]

| | ناسیونالیست | کۆنەپارێز | ئیسلامگەرا Islamist |
|---|---|---|---|
| ئایدیۆلۆژیا | ناسیونالیزم | پێکهاتەی ئیسلامی-تورکی | ئیسلامی Islamic |
| ناسنامە | ئەتنۆ-زمانەوانییە و ناسنامەی تورکی یەکەم و پاشان موسڵمان-عوسمانی. هاووڵاتییان جەستەی ئۆرگانیی نەتەوەی تورکی پێکدێنن. ئەرکی سەرەکیی لابەندی و خزمەتکردنە بە دەوڵەتی تورکی. ناسنامە لەسەر بناغەی ناوخۆیی | ناسنامەیەکی ئەتنۆ-ئایینی. ناسنامەی تورکی-موسڵمان لە لایەن بەها نەریتییە ئەنادۆڵییەکانەوە دیاری دەکرێ. لایەنگری دەوڵەت و حەز لە فراوانکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە لە جەماعەت cemaats و دراوسێیەتی پێک دێ. خزمەتکردن | ئیسلام و لابەندیی ئیسلامی یەکەم، نەتەوە و لابەندیی نەتەوەیی دووەم. ناسنامەی نەتەوەیی لە لایەن بەها ئیسلامییەکان و مێژووی ئیسلامیی گەلی تورکی لە خزمەتی ئیسلامدا دیاری دەکرێ. پێداگری لەسەر ڕابردووی ئیسلامیی سەلجوق و دەوڵەتەکانی عوسمانی. خزمەتکردن بە |

[1] ئەم بەراوردە لەم سێ لێکۆڵینەوەیە وەرگیراوە:
Conservatism (Muhafazakarlık), Islamism (Islamcılık), and Nationalism (Milliyetcilik) (Istanbul: İletişim, 2004).

| | | | |
|---|---|---|---|
| | و دەرەکی دادەمەزرێ (بەتایبەت هاوسێ) "ئەوانی تر". بە جیهانگەرایی ئاسوودە نییە. لە هەرێم نیگەرانە). | بە بەها نەتەوەیی و ڕۆحییەکان پێشوازیی لێ کراوە و بە گەورەترین ئەرک دادەنرێ. | کۆمەڵگە، ئوممەت umma و دەوڵەتی موسڵمان ستایشکراوە. بەرامەیەکی دژە-ئیمپریالیزمی هەیە. |
| دەوڵەت | دەوڵەت بە پیرۆزترین قەوارە دادەنرێ کە شەڕی لەپێناودا بکرێ و کوشتاری بۆ بکرێ. خۆشەویستی و لابەندیی بێقەیدوشەرت بۆ دەوڵەت خوازراو و پارێزراوە. | دەوڵەت گوێڕایەڵیکراو و ڕێزلێگیراوە: پێناسەکراوە بەوەی پاسەوانی بەها نەتەوەیی و نەریتییەکانە. دەوڵەت وەک "باوک" تەماشا دەکرێ. | دەوڵەت ڕێزلێگیراوە مادام بەها ئایینییەکان و یادگە بپارێزێ. دەوڵەت ڕەخنەلێگیراوە ئەگەر ماف و ئازادییە ئایینییەکانی بەستەوە. ئامانج ئەسلەمەکردنی دەوڵەتە. دەوڵەت پێویستە بەها ئایینییەکان بپارێزێ. |
| سیکیولا ریزم (عەلماند ییەت) | ئایین بابەتێکی تایبەت (کەسی)یە و پێکهێنەرێکی گرنگی | ئایین پرسێکی گشتی و تایبەتە و سیستەمی دەوڵەت دەبێ ئازاد بێ لە کاریگەریی ئایینی، | سیستەم گشتی و تایبەت لێک جیا ناکاتەوە، پێداگری لە حزووری بەها ئیسلامییەکان دەکا لە کایەی گشتیدا. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | کولتووره. سەرپۆش یاخود حیجاب دەکرێ بەگوێرەی پێویستییەکانی سیستەمی گشتی مامەڵەی لەتەک بکرێ. ئەوە گرنگترین ماف نییە. | بەڵام دەوڵەت دەتوانێ بۆ پارێزگاریکردن لە بەها ئایینییەکان دەست وەربدات. سیکولاریزم بابەتێکە پەیوەندیی بە کاروباری دەوڵەتەوە هەیە و لە هاووڵاتیان چاوەڕوان ناکرێ سیکولار بن. | پێویستە خواستە ئایینییەکان دیمەنی سیاسی ڕەنگرێژ بکەن. سەرپۆش ئەرکێکی ئایینییە و پێویستە لە هەموو شوێن و دەزگا و ئەرکێکدا ڕێگەی پێ بدرێ. لە خەمی ئەسلەمەکردنی هەر شتێکدا لە ژیانی نوێدا پێی دەگا. |
| کێشەی کورد | دژی هەر جۆرە سازشێکە و پاڵپشتی لە تەجریمکردنی چالاکیی سیاسییە کوردییە. | یەکپارچەیی خاک و یەکێتیی نیشتمانی باڵاترین پرنسیپە. ناسنامەی کوردی ناسنامەیەکی نیشتمانیی لاوەکییە و دەتوانێ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و تایبەت بمێنێ. دژی هەر جیابوونەوەیەکی سیاسییە کوردییە. باوەڕی بە بوونی کولتووری هاوبەش لەگەڵ | پاڵپشتی لە "یەکێتیی نیشتمانی" بەئایینییانە پێناسەکراو دەکات و ناسنامەی و لابەندیی ئیسلامی بە چارەسەری کێشەی کورد دادەنێ. پاڵپشتی لە مافە کولتوورییەکانی فێرکردن و پەخشی ئاشکرا و فێرکردن بە زمانی کوردی دەکا. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کوردەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەیە. | |
| سیاسەتی دەرەوە | ئاسوودەیە بەو پەیوەندییانەی لەگەڵ ناتۆ هەن. ئەولەویەتدان بە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوە و گرووپە تورکزمانە هاوسێکان. نەیاری هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانە و پاڵپشتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل دەکا. | ئاسوودەیە بە ئاڕاستەی ناتۆ و تورکیای ئەورووپی. چاوی لە پەیوەندیی نزیکترە لەگەڵ وڵاتانی تورک و موسڵمان. حەزی لە پەیوەندیی نزیکە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل. بەکورتی، زۆر پراگماتییە. | دڵگەرم نییە لەبارەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ناتۆ. پاڵپشتیی لە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان دەکا. حەزی لە یەکپارچەیی پان-ئیسلامییە. نەیاریی ڕۆڵی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا و زۆر هەستیارە بە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل. لەژێر ئیلهامی ڕابردووی عوسمانیدایە، چاوی لە ڕۆڵێکی سەرکردانەیە بۆ تورکیا لەنێو وڵاتانی ئیسلامیدا. |

ئەگەر دەوڵەت پایەی یەکەمی موحافیزەکاریی تورکی بێ، ئەوا پایەی دووەمی بریتییە لە ڕۆحی ئیسلامییانەی کۆمەڵگە: بەها تایفییەکان communitarian values ژیانی ڕۆژانەی تورکەکان ڕەنگڕێژ دەکەن[1]. لەم ئاوێتەیەدا سیکیولاریزم ڕۆڵێکی دژیەکانە دەبینێ- لە لایەک ڕۆحی ئیسلامی لاواز دەکات و لە لایەکی ترەوە دەوڵەت بەهێز دەکا. سیکیولاریزمی تورکی فەزایەکی کۆنترۆڵکراوی داوەتە چالاکیی ئیسلامی و هەرگیز هیچ دەرفەتێکی پێ نەداوە کە ناسنامەی عەلمانیی دەوڵەتەکە بگۆڕێ[2]. یەکێک لە بنەما گرنگەکانی دەستوورەکانی تورکیا لە ١٩٦١ و ١٩٨٢ بریتییە لە پابەندبوونی دەوڵەت کە سروشتی عەلمانییانەی سیستەمی حوکمڕانی (دەوڵەت) و کۆمەڵگە دابمەزرێنێ و بیپارێزێ.

پێوەرە دامەزراوەییەکەی تورکیا ڕێگریی لە هەر پارتێک کردووە لەوەی هەر لێدوانێکی ڕاشکاوانە بدات کە دەریبخات پارتێکی ئیسلامییە، یان بە هەر شێوەیەک بێ گژبەریی سروشتی عەلمانییانەی دەوڵەت بکا. یاساکانی ڕژێم گرووپە ئیسلامییەکانی ناچار کرد لە چوارچێوەی پارتە ڕاستی

---

[1]Şerif Mardin, Religion and Social Change in Modern Turkey: The Case of Bediüzzaman Said Nursi (Albany: State University of New York, 1989); ŞerifMardin (ed.), Cultural Transitions in the Middle East (Leiden: E. J. Brill, 1994); Şerif Mardin, "The Nakshibendi Order of Turkey," in Martin E. Marty (ed.), Fundamentalisms and Society (Chicago: University of Chicago Press, 1993), pp. 204–233.

[2]M. Hakan Yavuz, "The Case of Turkey," Daedalus, 132:3 (Summer 2003), 59–62.

ناوەڕاستەکاندا کار بکەن، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لە نێوان گرووپە ئیسلامییەکان و موحافیزەکاران و هەندێ ناسیونالیستی تورکیدا دروست کرد.

بەم شێوەیە، تائیفیبوون mukaddesatcı (ناسنامەی موحافیزەکارانەی پیرۆزئامێز) بوو بە ناسنامەیەکی بەدیل بۆ گرووپە ئیسلامییەکان. ئەم هاوسۆزییە توندوتۆڵەی نێوان موحافیزەکاران (کە پێداگری لەسەر ئەخلاق و لابەندی بۆ نیشتمان و دەوڵەت دەکەن) و ئیسلامگەراکان (کە پێداگری لەسەر کردنی ئیسلام بە بەرنامەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەن و داوای یەکێتیی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکەن) پەیکەری پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکان پێکدێنێ. موحافیزەکاران ئەرکی خۆیان لە پارێزگاریکردن لە بەها نەتەوەیی و نەریتی و ڕۆحییەکانی نەتەوەدا دەبینن[1]. ئیسلام بە بەستەری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە و توخمێکی سەرەکیی کولتووریی نەتەوەیی دادەنێن.

گرووپە ئیسلامییەکان هەمیشە بەدوای دەرفەتێکدا گەڕاون بۆ گۆڕینی کەسایەتیی ڕژێم لەڕێی پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکانەوە، لە کاتێکدا موحافیزەکارەکان کە پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، گوتاری بەها ڕۆحی (ئیسلامی)یەکان و سیمبۆلە ئایینییەکان بە مەبەستی فراوانکردنی بنکەی دەنگدەرانی خۆیان، هەروەها بۆ

---

[1]Nazim İrem, "Turkish Conservative Modernism: Birth of a Nationalist Quest for Cultural
Renewal," International Journal of Middle East Studies, 34 (2002), 87–112.

جێکردنەوە (ئیحتیوا)ی داواکارییەکانی گرووپە ئایینییەکان لە چوارچێوەی ڕژێمە عەلمانییەکەدا، بەکار دێنن. ئیتر ئامانجی سەرەکی زیاتر بوو بە گۆڕانکاری لەناو ڕژێمدا، نەک گۆڕینی ڕژێم.

نورای مەرت Nuray Mert پێی وایە جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئیسلامگەرا و موحافیزەکارەکان لە شێوەی دیاریکردنی گوتاری سیاسییاندایە: بزاڤە ئیسلامییەکان خۆیان بە بەرهەڵستکاری ڕژێم دەناسێنن و چاویان لە گۆڕینی ڕژێمە، لە کاتێکدا موحافیزەکارەکان پێداگری لەسەر گوتاری دەسەڵات و گونجاندن دەکەن[1].

سەربارى ئەم جیاوازییانە، پارتە موحافیزەکارە ڕاستی ناوەڕاستەکان بوونەتە پارێزەری گرووپە ئیسلامییەکان لە دژی عەلمانییەتی توندڕەو. پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکان وەک DP و AP و ANAP هەمیشە سەرکەوتوو بوون لە بەدەستهێنانی پاڵپشتیی توێژێکی بەرفراوانی دەنگدەرانی ئایینی. ئەم لێک نزیکییە مێژووییە لە نێوان ئیسلامیزم و کۆنسێرڤەتیزمدا ڕۆڵێکی یاریدەدەری بینیوە لە گۆڕینی گوتار و ڕێکخراوە ئیسلامییەکاندا. بە هۆی ئەو میراتەوە بۆ گرووپە پێشتر ئیسلامییەکان ئاسانتر بوو وەک موحافیزەکار conservative خۆیان ڕێک بخەن.

---

[1]Nuray Mert, Hep Muhalif Olmak (Istanbul: İletişim, 2001), p. 238.

## ناسیونالیزم و ئیسلامیزم

سـیکیولاریزمی تـورکی بریتییـه لـەوەی "ئـایین بخرێتـە دەرەوەی سیاسەت، لە کاتێکدا ڕێگە بە دەوڵەت بدرێ خۆی لە کاروبـارە ئایینییـەکـان بگلێنـێ"[1]. سـیکیولاریزمی تورکیـا کەرەستەیەکە بۆ دانان و کۆنترۆڵکردنی تخوبەکانی ئیسلام. ئـەگـەرچـی لـەوانـەیـە سـیکیولاریزمی تـورکی وەک ڕادیکاڵ و پێشکەوتنخـواز بێتـە بـەرچـاو، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دەسـەڵاتگـەرا (ئیستیبدادی) و کۆنەپەرستە. ئامانجی سەرەکیی مستەفا کەمال وەلاخستنی ئـایین نـەبوو، بـەڵکو زیـاتر هێنانـەکایەی کۆمـەڵێ دامـەزراوە و سیـستەمێکـی یاسـایی بـوو بـۆ "کـۆنترۆڵ" و "بـەکارهێنـان"، هـەروەهـا ئـەگـەر پێویـستی کـرد، "سـەرلـەنـوێ داڕشـتنەوە"ی ئیسلام، لـەپێناو پتـەوکردنـی بـەرژەوەندییـەکـانی نیشتمان و دەوڵەتدا".

دەوڵەت هەر پارت یان گرووپێکی کۆمـەڵایـەتـی کـە لـەسـەر بناغەی ناسنامەی ئایینی یان بۆ داکۆکیکردن لە بـەرژەوەندییە ئایینییـەکـان دامـەزرابـوون، قـەدەغـە کـرد، وەک تـەریقـەتـە سۆفییەکان، ڕێگە بە هیچ ڕەمز یان زمانێکی ئیسلامی لە کایەی سیاسیدا نـەدرا، کـە ئـەویش لـە لایـەن دەوڵـەتـەوە دادەڕێژرا. ئـەرکـی دەوڵـەت ڕێکخـستن و شـێوەپێـدانی پێویـستییە

[1]Turhan Feyzioğlu, “Türk İnkılabının Temel Taşı: laiklik,” in Ethem Ruhi Fığlalı (ed.),
Atatürkçü Düşüncesinde Din ve Laiklik (Ankara: ATAM, 1999), pp. 137–198: this edited
volume provides the best essays on the official version of Turkish secularism; Reşat Genç,
Türkiye’yi Laikleştiren Yasalar 3 Mart 1924 Tarihli Meclis Müzakereleri ve Kararları
(Ankara: Atatürk Araştırma Merkezi, 2005).

ئایینییەکانی خەڵک بوو، بەو شێوەیەی لەگەڵ سروشتی دەوڵەتە سیکیولارەکەدا بگونجێ. هەروەها سانسۆرێکی توندوتۆڵی سەربازی-یاسایی لە دژی بەسیاسیکردنی ئیسلام هەبوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، دەوڵەت سیستەمێکی کراوە و ڕکابەرییانەی سیاسی دەستەبەر کردبوو، مادام پارتەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانی کەمالیزمدا کار بکەن.

ئەو ڕووناکبیرە تورکانەی لە تورکیا گەورە بوون و خەون بە جێپێهەڵگرتنی خۆرئاوا و گۆڕینی وڵاتەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئەورووپی دەبینن، هەمیشە ئەو دەنگە ئیسلامییانەی ڕەخنە لە بەغەربیکردن دەگرن، بە دژایەتیکردنی جۆرە مۆدێرنێتەکەی خۆیان لێکداوەتەوە[1]. بە هەمان شێوە، شارەزایانی سیاسەتی تورکییش لە دەرەوەی تورکیا بە لای ئەوەدا دەچن کە بزاڤی ئیسلامی زیاتر وا وەک بەرهەڵستکاری دەوڵەت بخوێننەوە، تا ئەوەی تەرکیز بکەنە سەر پەیوەندیی هاوکاری، یان شوێنکەوتەیی نێوان ئەو دوانە[2]. ئەم نەریتە لە گریمانەکردنی بەریەککەوتنێکی حەتمی لە نێوان ئایدیۆلۆژیا کەمالی و ئیسلامییەکاندا ئەو پەرەسەندنە وردتر و گۆڕانە دووسەرەیەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی فەرامۆش کردووە. یەکێک لە دەرەنجامە لۆژیکییەکانی ئەم خوێندنەوەیە ئەوەیە گەشەی ئیسلامی سیاسی بە شکستی کەمالیزم، یان پاشەکشەی ئیسلامیزم بە گەشەی کەمالیزم ببینرێ، ئەم شیکردنەوە حەسرییە

---

[1]Tarık Zafer Tunaya, İslamcılık Akımı (Istanbul: Simavi Yayınları, 1991).

[2]Feroz Ahmad, TheMaking ofModern Turkey (New York: Routledge, 1993); Bernard Lewis, The Emergence of Modern Turkey, 2nd edn. (London: Oxford University Press, 1969).

دووسەرەیە بووەتە یەکێک لە مۆدێلە باوەکان لە لێکۆڵینەوە تورکییە هاوچەرخەکاندا.

چاکسازییەکانی مستەفا کەمال و ئازادکردنی ئابووری لە لایەن ئۆزالەوە فۆرمەلەبوونی کایەکانی دەرفەتیان ئاسان کرد، کە ئەوانەیش لای خۆیانەوە بوونە ناوک بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئیسلام. لەبەر ئەوەی سیکیولاریزمی کەمالی وەک دژە-ئایینی تەماشا کراوە، نزیکەی سەرجەم بیرمەندان ئاشتەواییکردنەوەی کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ ئیسلام و چالاکییە ئیسلامییەکان، بە بەرهەمهێنی ئیسلامگەرایی پاش ١٩٨٠ی لە تورکیا دەبینن. ئەم خوێندنەوەیە پەیوەندیی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی نێوان ئیسلام و دەوڵەت فەرامۆش دەکا. لە ناسنامەی عەلمانییانەی دەوڵەتدا زیادەڕەوی دەکات و ئەو ڕاستییە فەرامۆش دەکا کە لقەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە پارێزگاکان، زۆر جیاواز لە دامەزراوەی دایک لە ئەنکەرە هەڵسوکەوت دەکەن.

سەرچاوەی سەرەکیی شەرعییەت لە دەوڵەتی تورکیدا هەمیشە ئیسلام و هەروەها پەیوەندیی پتەوی دەوڵەت بە گرووپە ئیسلامییەکانەوە بووە. ئیسلام و سیکیولاریزمی کۆماری دوو جیهانی جیا نین کە لە ململانێدا بن، بەڵکو بەشە هاوکارەکانی هەمان پەرەسەندنی مێژوویین. بێرکس Berkes و تونایا Tunaya و لویس Lewis بە هەڵە خوێندنەوەیان بۆ پەیوەندیی نێوان ئیسلام و دەوڵەت کردووە، کاتێ ئەو پەیوەندییەیان وەک بەریەککەوتنێکی حەتمی لە نێوان دوو ئایدیۆلۆژیا و شێوەژیاندا خستووەتە ڕوو[1]، ئەویش لەو ڕووەوە ئەو پەیوەندییە لەوە هەمەجۆرتر و ناکۆکتر بووە کە

[1]Niyazi Berkes, Teokrasi ve Laiklik (Istanbul: Adam, 1997).

هەندێ بیرمەندی سیکیولاری تەقلیدی دەیانەوێ ئێمە باوەڕی پێ بێنن.

ناسیونالیزمی تورکی، لۆژیکی پشت ئاڵوگۆڕەکانی دانیشتوان لەگەڵ وڵاتانی بەلقان و سیاسەتە جیاکارییەکانی باج کە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا پیادە دەکران، ڕەنگدانەوەی ڕیشە قووڵە ئایینییەکانی دەوڵەتن. نە ئیسلام و نە ئیسلامیزمی تورکی، بەڵکو زیاتر ئیسلامیزمی جلەونەکراو یان ئیسلامیزمی عەرەبی بە "ئەوی تر"ی ئایدیۆلۆژی بۆ دەوڵەتی تورکی دادەنرێ. لە جێبەندە تورکییەکەدا، دامەزراوەکانی دەوڵەت، هەروەها چاپە تورکییەکەی ناسیونالیزم، ڕۆڵێکی گەورە و بەهێزیان لە پێکهێنانی بزاڤە ئیسلامییەکاندا بینیوە. چالاکیی ئیسلامی یان ئیسلامگەرایی لە چوارچێوەی ناسیونالیزمی تورکیدا ئیحتیوا و شکڵگیر کراوە. ئیسلامی تورکی، کە هەردەم دەوڵەت سەنتەرە (واتە لە دەوری دەوڵەت دەخولێتەوە) وەک ئایدیۆلۆژیایەکی نەتەوەیی/نیشتمانی و فۆرمێکی ناسنامە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا بەکار هێنراوە[1].

ئەم بەرخوردە بەردەوامەی نێوان ناسیونالیزم و ئیسلامیزم، یارمەتیی ڕیشەداکوتانی موحافیزەکاری دا لە کایە سیاسییەکەدا. لە کاتی جەنگی سارددا چالاکیی ئیسلامی سیمای پارتە ڕاستی ناوەڕاستە دژە شیوعییەکان بوو. ئیسلام

---

[1]M. Hakan Yavuz, “Is there a Turkish Islam? The Emergence of Convergence and
Consensus,” Journal of Muslim Minority Affairs, 24:2 (2004), 1–22.

لەگەڵ ناسیونالیزم پێکەوە ئایدیۆلۆژیایەکی موحافیزەکاریان لە دژی لیبراڵیزم و پارتە چەپڕەوەکان گەڵاڵە کرد[١].

لە تورکیا ناسیونالیزم بوو بە چوارچێوەی بیرکردنەوە لە بوونی ئیسلامگەراییەک کە قابیلی قبوڵ بێ. لە ڕووی مێژووییەوە ڕووناکبیرانی کۆتاکانی سەدەی نۆزدەیەمی دەوڵەتی عوسمانی کە لەژێر کاریگەریی بیری نەتەوەییدا بوون، چاویان لەوە بوو نەتەوەیەک لەسەر بنەمای پەیوەندی و ئینتیمای ئیسلامی دروست بکەن. ئەو ڕووناکبیرانە ئوممەت ümmet (ئەو کۆمەڵگەیەی ئایین ناسنامەیەتی) بە نەتەوە nation و ئیسلامیزم-یان بە ناسیونالیزم وێنا دەکرد. شەریف ماردین وەک پرۆسەیەکی نەتەوەسازی لە بەسیاسیکردنی ئیسلامی کۆڵیوەتەوە و باس لەوە دەکا چۆنچۆنی ناسیونالیزمی تورکی لە ئیسلامیزمی سەدەی نۆزدەیەمەوە گەشەی کرد[٢]. لە جێبەندە تورکییەکەدا، ئەم نزیکییە فیکرییە لە نێوان ئیسلامیزم و ناسیونالیزمی تورکیدا وای کردووە سنووە ئاساییەکانی نێوانیان ڕوون نەبێ[٣].

ناسنامەی تورکی بە شێوەیەک لەگەڵ ئیسلام تێهەڵکێش لێک جیا ناکرێنەوە، هەروەها خزمەتکردنی تورک بۆ بەردەوامیی ئایینی ئیسلام جێی ستایشە. هەر بۆیە کەسێک ناتوانێ تورک بێ و موسڵمان نەبێ. گریک و ئەرمەن و

---

[1]Howard A. Reed, “Revival of Islam in Secular Turkey,” The Middle East Journal, 8:3 (1954), 267–282.

[2]Şerif Mardin, Türkiye’de Din ve Siyaset (Istanbul: İletişim, 1991), p. 56.

[3]M. Hakan Yavuz, “Nationalism and Islam: Yusuf Akçura, ‘Üç Tarz-i Siyaset,’” Oxford Journal of Islamic Studies, 4:2 (1993), 175–207.

جووڵەکە ناموسڵمانەکان دەتوانن هاووڵاتیی تورکی بن، بەڵام نەک تورک[1]. بە لای ئەو ناسیونالیستە ئەتنۆ-ئایینییە تورکییانەوە نەتەوەی تورک بە نەتەوەیەکی موسڵمان دادەنرێ، کە ئەرکێکی تایبەت لەناو ئیسلام و بۆ ئیسلام لەسەرشانە. ئەوان وەک باشترین بەرگریکار لە ئیسلام بەرانبەر مەسیحییەت مامەڵەیان لەگەڵ دەوڵەت کردووە.

لە گەرمەی ڕۆژانی کەمالیزمدا بەتایبەت پاش یاخیبوونەکەی مینەمەن Menemen لەساڵی ١٩٣٠دا دژی ڕیفۆرمەکانی مستەفا کەمال، دامەزراوەکانی دەوڵەت پێداگرییان لەسەر تێڕوانینی عەلمانییانەی ناسیونالیزم دەکرد و هەموو ڕێگەیەکیان بۆ دوورخستنەوەی ئیسلام لە کایەی گشتی بەکار هێنا. لەگەڵ سەرهەلدانی سیستەمی فرەحزبی لە ١٩٥٠کاندا، جەماوەر بەگشتی دژی ئەو سیاسەتە بوون و چوونە پاڵ پارتی دیموکرات Democrat Partyی ئۆپۆزسیۆن.

لە سەروەختی جەنگی سارددا، ئیسلامیزم و چالاکییە سیاسییە ئیسلامەشرەبەکان بە دەوری تەریقەتە سۆفییە نهێنییەکاندا خڕ بوونەوە. ئەو ماوەیە پرۆسەیەکی دووسەرەی بەخۆوە بینی: ناسیونالیزەکردنی ئیسلام و ئیسلامیزەکردنی ناسیونالیزم دژی زیادبوونی چالاکیی چەپەکان لە تورکیا. بزوتنەوەی سۆفییە نوێکانی نوور Nur لێک نزیکبوونەوەیەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ ناسیونالیزم دروست کرد، هەروەها تەریقەتی نەقشبەندی پێداگریی لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت کرد. هەروەها هەستی دژە کۆلۆنیالیش بەشدارییانی لە جەنگی

[1]M. Çağatay Okutan, Tek Parti Döneminde Azınlık Polikaları (Istanbul: Bilgi Universitesi,2004).

سەربەخۆیی لەژێر سەرکردایەتیی مستەفا کەمالدا بەهێزتر کرد.

لە سەردەمی نەجیب فازیڵ کیساکویرەک Necip Fazıl Kısakürek (١٩٠٤-١٩٨٣) لە ١٩٦٠ەکان و عوسمان یوکسەل سەردەنگێجتی (١٩١٧-١٩٨٣)دا ناسیونالیزمی تورکی لە چوارچێوەی ئیسلامدا پێناسە دەکرا. ڕۆڵێکی بنیادنەرانەیان بینی لە فۆرمەلەکردنی ئیسلامیزمی ناسیونالیستی تورکی. لەو ماوەیەدا بەرهەڵستکاریی ئیسلامی لەسەر بناغەی ناسیونالیزم بوو، کیساکویرەک و سەردەنگێجتی ڕەخنە ئیسلامییەکانیان لە سیستەمی کەمالی بە زمانێکی نەتەوەیی دەردەبڕی. لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا، بە لای زۆر کەسی تورکەوە "خۆشەویستیی ئایین و خۆشەویستی بۆ نەتەوە تێهەڵکێش و بگرە ئاوێتە بوون"[1].

لە کاتێکدا ئیسلامگەرا عەرەب و فارس و پاکستانییەکانی وەک سەید قوتب (١٩٠٦-١٩٦٦)، عەلی شەریعەتی (١٩٣٣-١٩٧٧)، مەولانا مەودودی (١٩٠٣-١٩٧٩) فۆرمێکی نوێی ئیسلامی ڕادیکاڵیان دامەزراند، لەگەڵ ئامانجی ڕزگارکردنی ئیسلام لە کولتووورە لۆکاڵییەکان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، بیرمەندانی ئیسلامیی تورک وەک نەجیب فازیڵ و نورەتین تۆپچو (١٩٠٩-١٩٧٥)، هەروەها گرووپە سۆفییەکان کاریگەریی ئەم نووسەرە ڕادیکاڵە "دەرەکی"یانەیان ڕەت کردەوە و ئیسلامیان وەک پێکهێنەرێکی بنچینەیی کولتووری تورکی ناساند.

لە کاتێکدا ئیسلامگەرا ڕادیکاڵەکان هەوڵیان دەدا کۆمەڵگە و دەوڵەت بگۆڕن، ئەو بیرمەندە سۆفیمەشرەبە نەریتگەرایانە

[1] Tunaya, Islamcılık Akımı, p. 202.

پێداگرییان لەسەر پاراستنی دەوڵەت و بەها کولتوورییەکانی تورکیا دەکرد.

بەم شێوەیە، موحافیزەکاریی AKP ڕیشەیەکی قووڵی لەناو ئیسلامێکی تورکیدا هەیە کە لەپێناو پاراستنی بەها تورکی-ئیسلامییەکاندا گەلاڵە کراوە. هەندێ بواری ناسیونالیزمی تورکی وەک بەدیل بۆ ناسنامەی ئیسلامی، هەروەها وەک فەزایەکی فیکری کە تێیدا بەها ئایینییەکان بتوانرێ بهێنرێنە کایەی گشتییەوە، کاریان کردووە.

### دیمەنی ئیسلامی:ماڵیکردن لەڕێی هاندان و سزادانەوە

بەم شێوەیە، مێژووی بزاڤی ئیسلامی بریتییە لە چیرۆکی هاوکاریی نێوان تۆڕە کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتوورییە نوێکان. تۆڕەکان بوونە بزاڤ، بزاڤەکان بەهێز بوون و بوونە حزب، حزبەکانیش ڕۆڵێکی گرنگیان لە پێشکەوتنی مۆدێرنێتەیەکی جێگرەوەدا بینی. دیبەیتە ڕۆشنبیرییە ئیسلامییەکان هەردەم بۆ پێشەوە دەچن. ئەو دیبەیتانە ناتوانرێ بە شێوەیەکی سەرتاپاگیر لە لایەن هیچ پارتێکەوە نوێنەرایەتی بکرێ، یان ڕابردوو و ئێستا بە ڕوونی پوخت بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، موسڵمانان بۆ چارەسەری سێ کێشەکەی گلۆبالیزەیشن (واتە بەجیهانیکردن) کە بریتین لە: ناسنامە، دادپەروەری و ئەخلاق، ئاماژە بۆ ئیسلام دەکەن. لەبەر ئەوە پێویستە گەنگەشەی ئیسلامی وەک پرۆسەیەک سەیر بکرێ، گفتوگۆکە کۆتایی پێ ناهێنێ و دوا پەیڤ نالێ، بەڵکو زیاتر زەمینەیەکی هاوبەش بۆ گفتوگۆ پێشکەش دەکا. دیبەیتی ئیسلامی ڕێگە بە خەڵکانی ئاسایی دەدا بە زمانی

ئاشنای کۆمەڵگە بەشداری لە پرۆسەیەکدا بکەن، کە بریتییە لە چەمکە ئیسلامییەکان و گوتاری ئەخلاقی.

بزاڤی ئیسلامی پەرەی سەند و تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەنجامی کارلێککردنەکانی لەگەڵ دەوڵەت پێناسە کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کارلێکەکانی نێوان دەوڵەت و بزاڤە ئیسلامییەکان بەریەککەوتنێکی دووسەرە نییە لە نێوان ناسنامە و ئایدیۆلۆژیاکان، بەڵکو زیاتر سەنگەرلەیەکگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ناوبەناو، یان کارلێکی دووسەرەیە.

سێ فاکتەری سەرەکی لەم ململانێیەدا هەن کە بریتین لە کێبرکێی ناوخۆیی لەسەر سەرچاوەکان، تەفسیرکردنی قورئان لە نێو بزاڤە ئیسلامییە جیاوازەکاندا، هەروەها چەمکی خزمەت hizmet لە کولتووری تورکی-ئیسلامیدا (پێشکەشکردنی خزمەت بە دەوڵەت و کۆمەڵگە) [١].

نزیکەی هەموو بزاڤە ئیسلامییە سیاسییەکان بەوە شەرعییەتی جەماوەریی خۆیان لەوێوە بەدەست دێنن کە چالاکییەکانیان دەخەنە قاڵبی خزمەتکردنەوە. چالاکییە ئیسلامیدەکان پاشخانی ناوخۆیی خۆیان هەیە (خزمەتکردنی خەڵک لەبەر خوا)، بەڵام بە هەمان شێوە پێویستە بە زاراوەکانی زمانی عەلمانییەتیش شەرعییەت بە بوونیان بدەن.

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی چەمکی خزمەت hizmet بڕوانە:
For more on the concept of hizmet, see M. Hakan Yavuz, "The Gülen Movement: The Turkish Puritans," in M. Hakan Yavuz and John Esposito (eds.), Turkish Islam and the Secular State: The Gülen Movement (Syracuse: Syracuse University Press, 2003), p. 26.

هـەمـەڕەنگیی نـاوخۆیی و کێبرکێی ڕێکخـراو لـە نێو بزاڤـە ئیـسلامییە جۆراوجـۆرەکانـدا کاریگـەرییـەکـی دایـنـامیکی و خۆماڵیکارانەی هەیە. دیمەنـی ئایینیی تورکیا چـوار هێز لـەخۆ دەگـرێ: ئیـسلامی سیاسـی، ئیـسلامی کۆمـەڵایـەتیی گرووپـە سۆفییە نوێ بەربڵاوەکان، ئیسلامی دەوڵەتیی بەڕێوەبەرایەتیی کاروبـاری ئـایینی (DRA)، هــەروەهــا گرووپــە ئیــسلامییە ڕادیکاڵەکان[١].

ململانێیـەک لـەسـەر ڕۆحـی ئیـسلام لـە ڕووداندایـە، لـەم ململانـێ جـەماعییـەدا گرووپـە ڕادیکاڵـەکـانی وەک حزبـوڵڵای کوردی چیتر بەهێز نـابن لـەو ڕووەوە سیستەمـە سیاسییە تـا ڕادەیەک کراوەکە گفتوگۆیەکیی دایـنـامیکی دروست کـردووە و ڕێگـە لـە هـەر گرووپێک دەگـرێ کـە مانـای ئیسلام بسەپێنـێ (بڕوانە چاپتەر ٦).

بـوونی پـارتێکی ئیـسلامی لـە ژیـانی سیاسـیی نـاوخۆیی و نیشتمانیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دەستەمۆکردنی زیادەڕەویی

[1]DRA

یەکێکە لە گەورەترین دامەزراوەکانی تورکیا، کە خاوەن بودجەی تایبەتی خۆیەتی و لقی لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا هەیە. دووەم گەورەترین نوێنەرایەتی لە دەرەوەی تورکیا هەیە پاش وەزارەتی کاروباری دەرەوە. خاوەنی زیاتر لە ١٢٠ مزگەوتە و سەدان کەسی لە وڵاتانی ئەورووپیدا دامەزراندووە. DRA مۆڵەت دەداتە مزگەوتەکان، پێشنوێژەکان دادەمەزرێنێ، موچەیان دەدات و سەرجەم چالاکی و گوتارەکانی پێشنوێژان دەکا. خوێندنی ستافی بەڕێوەبردنی دامەزراوە ئایینییەکان بەدەست وەزراەتی پەروەردە و ئەنجوومەنی سەربەخۆی خوێندنی باڵایە کە بە YÖK ناسراوە. پەروەردە و خزمەتی ئایینی و مانای ئیسلام لە تورکیا بە توندی کۆنترۆڵ کراون. ئەم ئیسلامە دەوڵەتییە بە شێوەیەکی سیستماتیک لێکدانەوە جۆراوجۆرەکان بۆ ئیسلام ئیحتیوا دەکات و بەرپەرچ دەداتەوە.

داخوازییــە ئیــسلامییەکــان و "فێربــوون"ی گوزارشــتکردن لــە بــەرژەوەنــدی و خواســتە ئایینییــەکــان بــە زاراوە سیاســییە عەلمانییەکان.

لـەگـەڵ سـەرهـەڵدانی سیـستەمـی فرەحزبی لـە ١٩٥٠کانـدا، ئـەوە پـارتی دیمـوکرات DPی ڕاسـتی نـاوەڕاسـت بـوو کـە خواسـتە ئیـسلامییەکانی هێنایـە نێو کایـەی سیاسـی لـە ڕووی مافـەکـانی مـرۆڤ و ڕێزگرتنـی کـولتـوورەوە[1]. DP پرســە ئایینییەکانی بەکار هێنا تا گژبەریی سیاسەتـە ستەمکارانـەکانی جەهـەپـە CHP بکـا. نزیکـەی سـەرجـەم سیاسـییەکانی ڕەوتـی ڕاسـتی نـاوەڕاسـت، هـەر لـە عـەدنـان مـەندریـسەوە، زمـانی ئایینیان خستووەتە نێو گوتاری گشتییان. هەر هەموو جەخت لـە ڕۆڵـی یـەکخـەرانـەی ئیـسلام و پابـەنـدکردنی دەوڵـەت بـە پاراستنی بەهاکانی گەلی تورکیا دەکەنەوە.

هەندێ بیرمـەند ئـەم گوتـارەیان ناونـاوە "ئـایینی مـەدەنی"، تێیدا سەرکردە سیاسییەکان جەخت لـە سیمبۆلە ئایینییـەکان و پرنــسیپە باڵاکــان دەکــەن تــا هــەســتکردن بــە یــەکێتــی و ناسنامەیەکی هاوبەشی نیشتمانی بەرهـەم بێنێ. هـەرچۆن بێ، ئیسلامیــستە سیاســییەکــان بــەوە خۆیانیــان لــە ڕاســتی نـاوەڕاسـتەکـان جیـا کـردەوە، بـەوەی هـەوڵ دەدەن بـاوەڕ بـە لایەنگرانیان بێنن کە پاڵپشتیکردنی بەرنامە سیاسییەکەی ئەوان ئەرکێکی ئایینییە.

---

[1]Cem Eroğlu, Demokrat Parti: Tarihi ve Ideolojisi (Ankara: Imge, 1998).

پاش داخستنی DP لە ١٩٦٠، پارتی داد (AP)ی سلێمان دیمیرێل لە هەڵمەتی هەڵبژاردنیدا جەختی لە پرسە ئیسلامییەکان و ئازادییە ئایینییەکان دەکرد، هەروەها زۆربەی سۆفییەکان، بەتایبەت بزووتنەوەی نوور، پاڵپشتیی ئەجێندا سیاسییەکەیان کرد.

بۆ بەهێزکردنی پیشەسازییە نیشتمانییەکان، دیمیریل پەیڕەوی لە سیاسەتی ئابووریی جێگرەوەی هاوردەکردن import-substitutionی کرد لەڕێی سێ بەرنامەی پێکەوەگرێدراوەوە: ا- دانانی کۆتوبەند لەسەر هاوردەکردن و بەرزکردنەوەی تاریفەی گومرگی لەپێناو پارێزگاریکردن پیشەسازییە خۆماڵییەکان. ب- جێگیرکردنی نرخی ئاڵوویری دراو تا نرخی لیرە بە بەرزی بهێڵرێتەوە و هانی کۆمپانیا تورکییەکان بدرێ دۆلار لە دەوڵەت قەرز بکەن تا ماددەی خاوی پێ هاوردە بکەن. ج- کۆمەکیکردنی جووتیاران لە ڕووی داراییەوە، لەگەڵ کرێی زیاتر لە نرخی بازاڕ بۆ کرێکارانی کەرتی پیشەسازی.

ئەم سیاسەتانە لە دژی بەرژەوەندیی بۆرژوازییە بچووکەکە بوو، واتە پیشەساز و پیشەکاران و وردەبازرگانان، کە بوونە بنکەی جەماوەریی سەرەکیی بزوتنەوەیەکی سیاسیی ئیسلامی سەربەخۆ بە سەرکردایەتیی نەجمەدین ئەربەکان، سەرۆکی ژووری کاغەزە داراییەکان و بازرگانیی تورکیا[1].

---

[1] Binnaz Toprak, Islam and Political Development in Turkey (Leiden: E. J. Brill, 1981); Ali

زیـاد لـەوەیـش، هـەنـدێ سیاسـەتمـەداری نـەتـەوەگـەرای موخـافیزەکـار (پرۆفیـسۆر عوسـمان تورهـان و یوکـسەل سـەردەنگـەچتـی) زۆر لـە سیاسـەتـە کـولتووریـیەکانی ڕاسـتی ناوەڕاست، پارتی AP ناڕازی بوون و بڕیاریان دا پاڵپشتی لـە ڕێکخـراوە سیاسـییە نوێکـە، بـە سـەرۆکایـەتیـی نـەجمـەدیـن ئەربـەکان بکـەن. زۆربـەی دامـەزرێنـەرانـی بزوتنـەوەی Milli Görüş ئەندامی پێشووی AP بوون[1]. پارتی نیزامی نیشتمانی Milli Nizam Partisi (MNP) سالّی ١٩٧٠ دامـەزرا، ئـەویش پاش ئـەوەی ئـەربـەکان وەک کـەسێکی سـەربـەخۆ لـە سـاڵی ١٩٦٩دا لـە پارێزگـای کۆنیـە هـەڵبژێـردرا. لـە ١١ی ئۆکتۆبـەری ١٩٧٢دا دەسـتـەبژێـری MNP پـارتی سـەلامـەتـی نیـشتمانی دامەزراند.

---

Yaşar Sarıbay, Türkiye’de Modernleşme Din ve Parti Politikası: “MSP Örnek Olayı”
(Istanbul: Alan Yayıncılık, 1985).
[1]Süleyman Akif Emre, Siyasette 35 Yıl (3 Vols.) (Ankara: Keşif Yayınları, 1991), pp. 130, 163.

# دەرەنجام

هەندێ چاوەڕوانی هەبوو پرۆژەی مۆدێرنیزەکردنی کەمالی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و سیکیولاری لێ بکەوێتەوە، بەڵام هیچ لەم چاوەڕانییە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تورکیا نەیسەلماند، بەتایبەت هەڵکشانی ئیسلامی سیاسی.

عەلمانییەت و بەکاربەرگەرایی consumerism لە هەموو کونوقوژبنێکی ژیاندا بڵاو دەبنەوە، بەڵام بە خێرایی جیاواز و بە ئاسەواری جۆراوجۆرەوە. تورکیا وا بە بوونی تۆڕە ئیسلامییەکان و ناسنامەیەکی خۆسەلمێنی ئیسلامییەوە مۆدێرنتر دەبێ. ئەم پرۆسانە، بەتایبەت ئەوانەی لە لایەن سیاسەتە نیۆ-لیبراڵەکانی ئۆزالەوە ئەنجام دراون، وا لەباتی عەلمانییەتێکی یەکڕەنگ، ناسنامە و شێوەی هەمەجۆری ژیان بەرهەم دێنن. پرۆژەی نوێگەریی کەمالی بەشی زۆری ژیانی ڕۆژانەی بە دەستلێنەدراوی بەجێ هێشت تا ١٩٨٠کان. بە هەرحاڵ، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سیاسەتە ئابوورییە لیبراڵییە نوێکاندا، جۆر و شێوەکانی بەکاربەران بە شێوەیەکی ڕیشەیی گۆڕان.

تورکیای کۆن کە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیای کەمالییەوە پێناسە کراوە، هێشتا خۆی بە "مۆدێرن" ناو دەبا، ئەگەرچی لە ڕاستیدا پیر بووە، ئەمە ئەگەر نەشمردبێ. تورکیایەکی نوێ بە تێگەیشتنێکی نوێوە لە دەوڵەت، نەتەوە و سیاسەت وا لەدایک دەبێ. مردنی تورکیای کۆن و سەرهەڵدانی تورکیایەکی نوێ بە لای هەندێکەوە شتێکی شۆڕشگێڕانە و بە لای هەندێکی ترەوە کۆنەپەرستانەیە. تەکاندان بەرەو نوێگەری لە لایەن دەستەیەکی نوێ لە ئەکتەرانی کۆمەڵایەتییەوە سەرکردایەتی

دەکرێ، بەتایبەت گرووپە ئیسلامییەکان و بۆرژوازیی سەرهەلداو.

له ٢٠٠٨ەوه گرووپه ئیسلامییەکان له تورکیا ئەجێندایەکی جیاواز پەیرەو دەکەن. ئەوان داوای سیستەمێکی ئیسلامی ناکەن، بەڵکو زیاتر داوای ئازادکردنی ئایین لە کۆنترۆڵی دەوڵەت و هەڵگرتنی ئەو بەربەستانه دەکەن که رێگرن لەوەی ژیانێکی ئاینییانه بژین. له هەمان کاتدا دەیانەوێ دەوڵەت: بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگه بپارێزێ، که باوەڕیان وایه له ئیسلام و وێناکانی بۆ ژیانێکی باشەوه هەڵگۆزراون + بەهێزکردنی گیانی یەکگرتوویی لەگەڵ وڵات و کۆمەڵگه موسڵمانەکان + نوێنەرایەتیی شارستانێتی ئیسلامی بکا له جیهاندا، له سەرجەم ڕەهەندە ئابووری و کولتووری و زانستییەکانیدا. کاتێ ئەم هەستە میانڕەوانه پەرە دەسێنن، مەرجەکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ بوونەئەندام دەبێته بەهێزترین بزوێنەر بۆ پتەوکردنی دیموکراسی.

کۆماری تورکیا لەڕێی شۆڕشەوه دروست کراوه و ناتوانرێ پرنسیپه بنچینەییەکانی به ئاسانی لەڕێی دیموکراسییەوه بێنه گۆڕین. ئەمە مانای ئەوه نییه که دیموکراسی تەنیا ئیدارەدانه لەنێو چوارچێوەی ڕژێمی کەمالیدا. لەگەڵ ئەوەیشدا، له حاڵەتی تورکیا -هەروەها هیی ئێرانیشدا- پێویسته مرۆڤ به وردی ئاگەداری جیاوازی بێ له نێوان جێپەسەندی (مەقبولیەت makbuliyet) و شەرعییەت (مەشروعیەت meşruiyet)دا. پێویسته چاوەڕوانی گۆڕانێکی پلەبەپلەی سیاسەت بکرێ، ئەویش لەڕێی ڕێکەوتنێکی ژیرانه له نێوان پاسەوانانی شۆڕش و ئەوانەی دەیانەوێ لەڕێی بەشداریی خەڵکەوه گۆڕانکاری دروست بکەن.

# -٢-

# بنەچە سیاسی و ئابوورییەکانی AKP: ڕووبەرەکانی دەرفەت و کاردانەوەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧

*ئەوە بەرژەوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانن ڕەفتاری مرۆڤەکان ڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبەن، نەک ئایدیاکان. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر جار ڕوو دەدا ئەو "وێنانەی جیهان" کە "ئایدیاکان" خولقاندوونیان، وەک کرێکاری گۆڕینی هێڵی ئاسنین، ئەو ڕێڕەوانەیان دیاری کردووە کە چالاکییەکان بە پاڵنەری داینەمیکییەتی بەرژەوەندییەکان پێیاندا تێپەڕیون*[1].

گۆڕانی پارتە پرۆ-ئیسلامییەکانی تورکیا بە سێ هۆکاری جیاوازەوە دەبەسترێتەوە: کاریگەریی سەرکوتکردن + مەرجەکانی یەکێتیی ئەورووپی لەنێو چوارچێوەی پێوەرەکەی کۆپانهاگندا + سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ. ئەگەرچی ئەو سێ "کاریگەری"یەیش ڕۆڵی گرنگی یارمەتیدەر و جلەوکارییان بینیوە، بەڵام هیچ کامیان هۆی گۆڕانە قووڵەکە نەبوون. من گۆڕانەکە لە ڕووی دەرکەوتنی کۆمەڵێ ڕووبەری دەرفەتی ئابووریی نوێ و پەرەسەندنی کۆمەڵێ بکەری نوێوە لێکدەدەمەوە.

---

[1]Max Weber, “Social Psychology of the World Religions,” in H. H. Gerth and C. W. Mills
(eds.), From Max Weber: Essays in Sociology (New York: Oxford University Press, 1958), p. 280.

ئەم چاپتەرە باس لەوە دەکا هۆی سەرەکیی پەرەسەندنی بزاڤی لیبراڵیی ئیسلامی لە تورکیا ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆییانەن لە سەردەمی سەرۆکوەزیرانیی تورگۆت ئۆزالدا لە نێوان ۱۹۸۳ تا ۱۹۹۳ ڕوویان دا. ئەم گۆڕانانە بە کۆمەڵێ فاکتەری دەرەکی پشتقایم کران، بەتایبەت ئارەزووی تورکیا بۆ بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا. لێرەوەیە من پێم وایە بنەچەکانی ئەم گۆڕانە ڕیشەیان لەنێو مێژووی ئابووریی نیۆ-لیبراڵەکەی تورکیادایە، بەڵام پرۆسەکەی یەکێتیی ئەورووپی (واتە هەوڵی بوونەئەندام لەو ڕێکخراوە) هەنگاونانی بەرەو دیموکراتیزەکردن بەهێز کرد.

ئەم چاپتەرە هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەکا: هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکانی جیابوونەوەی AKP لە بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانی (NOM)ی نەجمەدین ئەربەکان چین؟ ڕۆڵی بازرگانانی ئیسلامی لە دەرکەوتنی بزاڤێکی ئیسلامی لە تورکیا کە لایەنگری بەئەورووپیبوون و بازاڕ و لیبراڵیزمە چییە؟ دواجاریش، تەفسیر بۆ ئەم گۆڕانە چییە؟

تورکیا ڕێگەیەکی نوێ بۆ بیرکردنەوە لەبارەی گۆڕانی چالاکیی ئیسلامی و کارلێکی نێوان ئیسلام و دیموکراسی پێشکەش دەکا. بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا دەبێ چڕ بکرێتە سەر فاکتەرە بنیاتییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. سێ فاکتەر هەن: ۱- "ڕووبەرەکانی دەرفەت" لە بازاڕ و میدیا و سیاسەتدا، کە ڕۆڵێکی بنیادنەرانەیان هەبووە لە گەشەی بکەرە ئیسلامییەکان و قبوڵکردنیان بۆ فرەیی (پلورالیزم) [1]. ۲- تایبەتمەندیی دەستوور کە ئاڕاستەی گۆڕانی

---

[1] بۆ زیاتر لەبارەی ڕووبەرەکانی دەرفەت بڕوانە:
Yavuz, Islamic Political Identity, pp. 22–23.

سیاسیی دیاری کردووه لەڕێی قەدەغەکردنی پارتە ئیسلامییە دژە-سیستەمەکان و هەندێ سیاسەتمەداری دیار لە پرۆسەی سیاسی. ئەو قەدەغەکردنانە لای خۆیانەوە دەرفەتی نوێیان بۆ نەوەی نوێ و ڕیفۆرمخوازی ناو سیاسەتمەدارانی موحافیزەکاری ئیسلامی ڕەخساندووە و یارمەتیی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی سیاسیی دەستەبژێری سیاسی دا.
٣- پابەندیی حاشاهەڵنەگری توکیا بە بوونەئەندامی ئەورووپی لەڕێی چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپا، ئەو پرۆسەیەی کە بووە بە فاکتەری سەرەکی لە گۆڕانی بزاڤی ئیسلامیدا.

من لە کاتێکدا لە چاپتەری ٧دا بە درێژی لە کاریگەریی پرۆسەی یەکێتیی ئەورووپی دەکۆڵمەوە، گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە پاش لوتکەی هلسنکی لە ١٩٩٩ کە یەکێتیی ئەورووپا ددانی بە کاندیدبوونی تورکیا بۆ بوونەئەندامی تەواوەتی، لەپێناو ژمارەیەک ڕیفۆرمی سیاسیدا "ڕێککەوتنێکی گەورە" لە نێوان کۆمپانیا و سوپا و سیاسییەکاندا گەڵاڵە کرا.

لە لوتکەی ئەنجوومەنی کۆپنهاگن لە ١٩٩٣، پێوەری بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا لە ئایندەدا دیاری کرا. ئەو پێوەرانە بریتی بوون لە: ١- سەقامگیریی ئەو دامەزراوانەی گەرەنتیی دیموکراسی، سەروەریی یاسا، مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی مافی کەمینەکان، دەکەن. ٢- بوونی ئابوورییەکی بازاڕی چالاک، هەروەها بوونی توانای خۆگونجاندن لەگەڵ هێزە ڕکابەرەکانی بازاڕ لە نێو یەکێتیی ئەورووپا. ٣- بوونی توانای لەئەستۆگرتنی پابەندییەکانی ئەندامێتی، وەک پابەندبوون بە ئامانجەکانی یەکێتیی سیاسی و ئابووری و دراوی.

یەکەمین چەپکی پێوەرەکان بە "پێوەرە سیاسییەکان" ناسراون و پێویستە وڵاتانی پاڵێوراو بۆ بوونەئەندام بەر لەوەی دەست بە دانوستاندنەکانی بوونەئەندام بکەن، سەرجەمیان جێبەجێ بکەن. دەبێ لیژنەیەکی یەکێتیی ئەورووپا ساڵانە ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە پێشکەوتن لەو پێوەرانەدا ئامادە بکا. لەبەر تیشکی ئەو ڕاپۆرتەدا ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا بڕیار دەدات ئاخۆ وڵاتە پاڵێوراوەکە دەتوانێ دەست بە دانوستاندنەکانی بوونەئەندام بکات یان نا[1].

بۆ بەئەندامبوونی وڵاتێک ڕەزامەندیی پەرلەمانی ئەورووپی، هەروەها ڕەزامەندیی پەرلەمانە نیشتمانییەکان پێویستە. هەندێ دەوڵەت دەشیانەوێ بۆ بڕیاردان لەسەر وەگرتنی دەوڵەتی نوێ بە ئەندام ڕیفراندۆم بکەن. لەو ڕووەوە بەپێی "پێوەرەکانی کۆپنهاگن" پێویستە وڵاتانی کاندید ژمارەیەک ڕیفۆرمی دیموکراتی بکەن شانبەشانی دداننان بە مافەکانی گرووپە کولتوورییەکاندا، تورکیا کۆمەڵێ ڕیفۆرمی یاسایی سەرەکیی ئەنجام دا کە پەیوەندییەکانی دەوڵەت-کۆمەڵگە لەسەر حسابی دەسەڵاتی دەوڵەت دەگۆڕن.

لە سایەی پێوەرەکانی کۆپنهاگندا یەکێتیی ئەورووپا ڕێگەیەکی کاریگەری داهێنا بۆ گۆڕینی بنیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتانی کاندید لەڕێی دەستەبەرکردنی پاداشتی ماددی و پاڵپشتیی یاسایی بۆ ئەکتەرە ناوخۆییەکان بۆ گۆڕین و ژێراوژوورکردنی کۆمەڵگە و سیستەمە سیاسییەکەیان. بەم شێوەیە، یەکێتیی ئەورووپا ستراکچەرێکی بەهێزی دەرفەت بۆ ڕەگەزە ڕیفۆرمیستەکان لە تورکیا

---

[1]See Copenhagen European Council, Presidency Conclusions, June 1993.

دەستەبەر دەکا. بەم شێوەیە پێوەرەکانی کۆپنهاگن بوونە دروشمێک بۆ AKP بۆ پتەوکردنی دیموکراسی و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەم چاپتەرەدا پیشانی دەدەم گۆڕانی بزاڤە ئیسلامییەکان لە تورکیا دەرەنجامی ئاوێتەبوونی: پرۆسەیەکی لیبراڵیزەکردنی بەردەوامی هێنانەکایەی کایەکانی کێبرکێی سیاسی، هێزی ڕوولەگەشەی بۆرجوازیی ئیسلامیی ئەنادۆڵی، فراوانبوونی کایەی گشتی و جێکردنەوە ڕۆشنبیرانی نوێیە لە بزاڤەکەدا. گرنگترین فاکتەر لە پەرەسەندنی بزاڤە دیموکراتە ئیسلامییەکاندا گەشەسەندنی بۆرژوازی و پابەندبوونیەتی بە بەها دیموکراتییەکانەوە لەڕێی پاڵپشتیکردنی چالاکیی کولتووری و سیاسیی هەمەجۆرەوە. فراوانکردنی بەشداریکردنی سیاسی گرنگترین فاکتەر بووە لە میانڕەوکردنی ڕادیکاڵیزمی ئایینیدا. بەشداریی سیاسی کۆمەڵێ دەرفەتی هەمەجۆری فێربوونی شێلگیر بۆ ئەکتەرە ئایینییەکان دەستەبەر دەکا تا لە نێوان ئایدیۆلۆژیاکەیان و زیادکردنی دەنگەکانیاندا یەکێکین هەڵبژێرن. بۆ ئەوەی وەک حزبێکی سیاسی هەبن و پاڵپشتیی ڕاستەقینەی جەماوەری بەدەست بێنن، حزبە ئایینییەکان پێویستە هاوپەیمانی دروست بکەن و سازشی پراگماتی بکەن.

جگە لە خۆلادان لە سەرکوتکردن، حزبە ئایینییەکان بۆ ئەوەی هێزی سیاسی بەدەست بێنن، دەبێ لە نێوان حەزی ئایدیۆلۆژیبوونی ساف لە لایەک و زیادکردنی دەنگەکان لە لایەکی ترەوە هەڵبژاردن بکەن، ئەویش بەوەی بایەخێکی زۆر بە ڕای گشتی بدەن. زیاد لەوەیش، ڕکابەریی سیاسی کێبڕکێکارانە و ڕاستگۆیانە و گەرەنتییە یاساییەکان بۆ

ئەوانەی بەگوێرەی یاسا کار دەکەن، ئەم گواستنەوەیە بۆ میانڕەوبوون و پلورالیزمی سیاسی بەهێز دەکا. بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەڵبژاردن و چەسپاندنی، سەرکردایەتیی سیاسیی پارتە پاشخانئایینییەکان دەبوو ستراتیژیی هەڵبژاردنی خۆیان بۆ ئەودیو خواستە سافئایینییەکان فراوان بکەن، هەروەها ئایدیۆلۆژیاکەیان میانڕەو بکەن. پارتە ئیسلامییەکان چوونە نێو چەند حکومەتێکی ئیئتیلافی، ئەوەیش ئەزموونێک بوو لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا، کە لە قووڵکردنەوەی میانڕەوی لە سیستەمی سیاسیدا کاریگەر بووە.

سەیر لەوەدایە لە کاتێکدا پارتە ئیسلامییەکان بەگشتی نەیانتوانیوە "کۆمەڵگە ئەسلەمە بکەن"، سندووقی دەنگدان بەو ئاڕاستەیە چووە ئەو پارتانە لیبراڵیزە بکا. لە کایەیەکی کراوەی گشتیدا، کە دەزگەکانی ڕاگەیاندن بە تەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا نەبن، ئایدیای جیاواز و ململانێ لە نێو پارتە ئایینییەکان و سەرمایەداراندا ڕێگە لە هەژموونی هەر دەنگێکی خۆسەپێن دەگرێ. کارەکتەرە ئایینییەکان هەستیاری و بیروبۆچوونە ئایینییەکانیان دەبەنە کایەی گشتی، ئەویش بە تەرجەمەکردنیان بۆ زمان، یان چوارچێوەیەکی سیکیولار کە جێپەسەندی توێژێکی بەرفراوانی خەڵکن.

لە تورکیا موسڵمانە دیموکراتخوازەکان فێربوون چۆنچۆنی سازش، پاشەکشە، گفتوگۆ بکەن و پرسە ئایینییەکان بخەنە چوارچێوەی ئەو چەمکە عەلمانییانەی جێپەسەندی توێژێکی بەرفراوانی خەڵکن...

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سێ فاکتەرە، ئەم کتێبە میتۆدێکی تۆکمەی بنیاتییانە بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانە بەردەوامەی بزاڤە

ئیسلامییە تورکییەکان دەخاتە ڕوو. ئەگەرچی مەرجە بنیاتییەکان ڕۆڵی کاریگەریان لە پەرەسەندنی بزاڤەکەدا هەیە، پرۆسەی فێربوونی دیموکراسییانەی سەرکردایەتییە ئابووری و سیاسییە نوێیەکە یارمەتیدەر بووە بۆ فۆرمەلەکردنی بزاڤێکی میانڕەو و خاوەن ئاڕاستەیەکی دیموکراسیانەتر. ئەم پرۆسەی فێربوونە لەسەر هەردوو ستوونی پاداشت (حوافز) و سزا دامەزراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی شێوەی کارکردنی ئەو جووتە پرۆسەیە، من سەرەتا لە ڕوبەرەکانی دەرفەتە سیاسی و یاسایی و ئابووری و پەیوەندییەکان دەکۆڵمەوە وەک جێبەندی کۆمەڵایەتیی پرۆسەی فێربوونەکە، لەڕێی هەڵوەستەکردن لەسەر فاکتەرە سۆسیۆ-مێژووییە هەمەکییەکانی سیکیولاریزم و ناسیونالیزم.

بەشی دووەمی ئەم چاپتەرە ئەو کۆتوبەندە یاسایی و سیاسییانە شی دەکاتەوە کە بوونە هۆی داخستنی پارتە ئیسلامییەکان، بەتایبەت کاریگەریی بڕیارە یاساییەکان لەسەر پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە چوارچێوەی سیستەمی پاداشت و سزادا. لەوێ لە کاریگەرییەکانی کودەتاکەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ لەسەر بزاڤە ئیسلامییەکان و دابەشبوونی بۆ دوو گرووپی ڕکابەر دەکۆلمەوە[١]، کە بریتین لە: پارتی

[1] ئەو کودەتا نەرمە بە سەرکردایەتیی سوپا ئەربەکانی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد لە حوزەیرانی ١٩٩٧. دادگەی دەستووری بە تۆمەتی چالاکیی دژەعەلمانی پارتی ڕەفای داخست. سەرەنجام ئەربەکان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە کاری سیاسیی قەدەغە کرا. پاش ئەوە پارتی فەزیلە FP بە سەرۆکایەتیی ڕەجای کۆتان هاوڕێی جێمتمانەی ئەربەکان دامەزرا، کە هەوڵی دا پارێزگاری لە ڕێبازی ئەربەکان بکا. بە هۆی فشاری ئەندامە لاو و ڕیفۆرمیستەکانی حزبەکە، بەرنامەی هەڵبژاردنی ١٩٩٩ چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپای بە ئامانجی لەپێشی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا جێگیر

سەعادەت Saadet Partisi–ی ئەربەکان و ئاکەپە AKPی ئەردۆگان. بەشی سێیەم لەسەر ئەنجامە سیاسییەکانی پێوەرەکانی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپی سەبارەت بە پەسەندکردنی بەها دیموکراتییەکان لە لایەن ئاکەپەوە.

## کایەی سیاسی: بوون بە حزب

بزاڤی ئیسلامی بە سوودوەرگرتن لە کرانەوەی دەرفەتی کێبرکێی لە سیستەمە فرەحزبییەکەی وڵاتدا، ساڵی ١٩٧٠ حزبی تایبەت بە خۆی دامەزراند. پرۆسەی "بوون بە حزب" و کارکردن لە نێو حکومەتێکی ئیئتیلافیدا، سەربەخۆیی حزبە ئیسلامییەکە و تێکەڵبوونی لەگەڵ سیستەمەکەدا بەهێز کرد. زیاد لەوەیش، بوون بە بەشێک لە چەند حکومەتێکی ئیئتیلافیدا وای لە حزبی سەلامەتی نیشتمانی (MSP) کرد، بەرپرسانە بجووڵێتەوە و خۆی لە گرووپە ڕادیکاڵە توندڕەوەکان دوور بخاتەوە.

لەسەرەتاکانی ١٩٧٠دا پارتی نیزامی نیشتمانی (MNP) کە لە ڕووی سیمبۆلی و سیاسییەوە ئیسلامیمەشرەبتر بوو، بە سەرکردایەتیی ئەربەکان دامەزرا و ئەربەکان بوو بە گوتەبێژی بۆرژوازیەتی بچووک و ئەو پیشەکارانەی لە پاڵپشتیی دەوڵەت بێبەش کرابوون[1].

---

کرد. بە هەرحاڵ، لە حوزەیرانی ٢٠٠١دا دادگە بە تۆمەتی چالاکیی دژەعەلمانی پارتی فەزیلەیشی داخست، کە ئەوە بووە مایەی دابەشبوونی زیاتر و گۆڕان لە سەرکردایەتیی ئیسلامی سیاسیدا.

[1] Sevket Kazan, Refah Partisi Gerceği (Ankara: Keşif Yayınları, 2002); Yavuz, "Political Islam and the Welfare (Refah) Party in Turkey," Comparative Politics, 30:1 (October 1997), 63–82.

پاش کودەتاکەی ۱۹۷۱، دادگەی دەستووری بە پاساوی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئایینی (سیۆکراتی) و پێشێلکردنی یاسای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئایین بۆ مەرامی سیاسی، MNPی هەڵوەشاندەوە[1]. ئەربەکان پەنابەریی لە سویسرا وەرگرت، پاشتر گەڕایەوە تورکیا و پارتی سەلامەتی نیشتمانی (MSP)ی دامەزراند، کە جەختی لەسەر ئەخلاق و بەها گشتییەکان (ئەخلاق و فەزیڵەت ahlak ve fazilet) دەکرد تا خۆی لە پارتەکانی تر جیا بکاتەوە.

بزاڤی دیدگەی نیشتمانی NOMی ئەربەکان بنکەیەکی چینی بۆرژوازیی بچووکی هەبوو، کە لەگەڵ بەشداریکردنی (پارتی سەلامەتی نیشتمانی)ی ئەربەکان لە چەند حکومەتێکی ئیئتیلافیدا لە ۱۹۷۰کاندا، گۆڕا. جەماوەری دەنگدەرانی ئەربەکان لە بنکەیەکی یەکڕەنگی موسڵمانی سوننی لە: جووتیاران و بۆرژوای بچووکی موحافیزەکاری وەک دوکانداران و بازرگانانی بچووک و پیشەکارانی شار و شارۆچکەکانی پارێزگاکان پێک دەهات.

گوتاری NOM لەسەر بناغەی دواکەوتوویی ئەنادۆڵ و پەراوێزخستنی ئابوورییانەی بۆرژوازیی پارێزگاکان لە لایەن سەرمایەدارانی کەمالیستی لە ئیستەنبووڵ، دامەزرابوو. ئەم بۆشاییە لە ڕووی سیاسەتە سیکیولاریستە کەمالییەکانی پارتە سیاسییەکانی ترەوە بەرجەستە دەبوو، کە بووبووە مایەی پەراوێزخستنی "ڕۆڵەکانی ئەنادۆڵ". بە دەربڕینێکی تر، NOM یاخیبوونێکی چینایەتی لە دژی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عەلمانیی کەمالی پێک هێنابوو. بە لای ئەربەکانەوە ئەم

---

[1] BinnazToprak, Islam and PoliticalDevelopment in Turkey (Leiden: E. J. Brill, 1981), pp. 98–99.

"سیستەم"ە نامۆ و نامۆکارە لەو ڕووەوە خاوەنی بەها ئەخلاقییەکانی بۆرژوازیی ئەنادۆڵ نییە. بەم شێوەیە، NOM تەنیا ڕەخنە نەبوو لە سیاسەتە کولتوورییەکانی کەمالیزم، بەڵکو ڕەخنە بوو لە سیاسەتە ئابوورییەکانی کەمالیزمیش، بەڵام ڕەخنەکە قەت دژە مۆدێرن و دژە بازاڕی ئازاد نەبوو. ئامانجی مۆدێرنیزەکردنێکی موحافیزەکارانە بوو، واتە مۆدێرنبوون، بە ئیسلامەوە.

مەبەستی ئەربەکان لە مۆدێرن بەپیشەسازیکردن، چاودێریی تەندروستیی باشتر، تەکنەلۆژیای زیاتر و هەلومەرجی باشتری ژیان لەڕێی ئاوێتەکردنی بەها تورکی-ئیسلامییەکانەوە. پرۆژە ئابوورییەکەی ئەربەکان لەسەر بناغەی بەپیشەسازیکردنی نیشتمانی دامەزرابوو، بەڵام لە لایەن گەورە پیشەسازە ئیستەنبووڵنشینەکانەوە بەرهەڵستی دەکرا، هەروەها پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ بازاڕی هاوبەشی ئەورووپای ئەو کاتەدا هەبوو.

بەرنامەی پارتەکەی ئەربەکان دوو ئامانجی سەرەکیی هەبوو: بەرهەمهێنانی نیشتمانییانەی ئامێرە قورسەکان لە لایەن کۆمپانیاکانی دەوڵەتەوە، هەروەها متمانەی سەخاوەتمەندانەی ئابووری و پاڵپشتیی میکانیکییانەی زیاتر بۆ کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان. مەبەست لەم سیاسەتانە کەمکردنەوەی دزەی خۆرئاوا بوو بۆ نێو ئابووریی تورکی کە لەڕێی پرۆژە هاوبەشەکانی نێوان کۆمپانیا گەورەکانی ئیستەنبووڵ و کۆمپانیا غەربییەکانەوە ڕووی دەدا، ئەوەیش دەبووە مایەی قازانجێکی ناشایستە بۆ کۆمپانیا گەورەکان لەو ڕکابەرییەدا. کۆمپانیا بچووکەکان، هەروەها سکاڵایان لەوە

دەکرد سیاسەتی متمانەی بانکە گەورەکان کۆمپانیا گەورەکان بەسەر کۆمپانیا بچووکە کەمقازانجترەکاندا هەڵدەبژێرن.

سەبارەت بە بواری کولتوورییش، ئەربەکان بایەخی بە بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی ئیسلام و عوسمانی دەدا لە بەرانبەر بەها ئەورووپییە هاوردەکراو و لە لایەن دەستەبژێرەوە سەپێنراوی دەستەبژێری کەمالی. سەرکردەکانی ئاکەپەی ئێستا پەروەردەی سیاسییان لەژێر باڵی سەرکردایەتیی ئەربەکاندا وەرگرتووە.

ئەربەکان پیاوێکی پراگماتی (واتە واقیعی) و لە ڕووی سیاسییشەوە هێندە سەرکەوتوو بوو بتوانێ کلیلی پێکهێنانی ژمارەیەک حکومەتی ئیئتیلافی هەڵبگرێ لە ١٩٧٠کاندا، لەوانە یەکێکیان لەگەڵ (پارتی گەلی کۆماری)ی چەپی ناوەڕاست بە سەرۆکایەتیی بولەند ئەجەوید لە ١٩٧٤، یەکێکیش لەگەڵ (پارتی داد AP)ی ڕاستی ناوەڕاست-ی دیمیریل لەنێوان ١٩٧٥ و ١٩٧٧دا. لەبەر چەقبەستوویی سیکیولارزمی تورکی، کە بە توندی لەژێر کاریگەریی هزرە سیاسییەکانی ئەتاتورکدا بوو، ئەربەکان و ئەو خەڵکەی لە دەوری بوون، بەبێ بەکارهێنانی زمانێکی ئایینیی ئاشکرا، قسەیان لەسەر خواستە ئیسلامییەکان و ناسنامەی سیاسی دەکرد.

بەم شێوەیە، ئایدیۆلۆژیای براقی دیدگەی نیشتمانی milli görüşی ئەربەکان، حزبە سیاسییەکانی تری بە لاسایکەرەوەی خۆرئاوا دەبینی، براقەکەی خۆیشی وا پیشان دەدا کە پارتێکی ئەنتی-سیستەمە لە کاتێکدا، لە چوارچێوەی سیستەمەکەشدا کاری دەکرد[1]. ئەو پێداگریی لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت لە پەسەرەندنی ئابووری و ڕۆحی نەتەوەدا دەکرد،

[1]Necmettin Erbakan, Milli Görüş(İstanbul: Dergah, 1975).

جەختی لە ڕێبازێکی موحافیزەکارانە بۆ خێزان دەکرد و پاڵپشتیی لە پەروەردەیەکی ئایینیی دەکرد کە دەوڵەت بەڕێوەی ببات بە مەبەستی هێنانەکایەی نەوەیەکی نوێی تورکیی موسڵمان.

بە هۆی زیادبوونی جەمسەرگیریی کۆمەڵگە و لێکترازانی بنیاتی دەوڵەت، سوپا لە ساڵی ١٩٨٠دا دەستی وەردا و MSP و بەشی هەرەزۆری پارتەکانی تری داخست. قەیرانی ئابووری لە ١٩٧٠کاندا بووە هۆی سەرهەڵدانی جەمسەرگیری لەنێو کۆمەڵگەدا، تەوەری چەپ دژی ڕاست، ئیسلامی دژی عەلمانی، کورد دژی تورک، عەلەوی دژی سوننی. زیاد لەوەیش، شۆڕشی ئیسلامی ئێران ساڵی ١٩٧٩ و داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە لە کاتێکی پاشتری هەمان ساڵدا هەستکردنێکی قووڵی بە نائارامی لای سوپای تورکیا دروست کرد، کە هەندێ بە هۆی سەرەکیی پشت کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠یان دادەنا (لە کاتێکدا ڕەنگە پەلاماردانی ئەفغانستان خۆی کاردانەوەیەک بێ بۆ شۆڕشەکەی ئێران، هەروەها شۆڕشی ئێران خۆیشی کاردانەوەیەکی درەنگوەخت بوو بۆ کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٣ی ئێران بە پاڵپشتیی CIA).

ساڵی ١٩٨٠ سوپای تورکیا هەوڵی دا پرۆسە سیاسییەکە جارێکی تر ڕێک بخاتەوە لەڕێی پێشکەشکردنی ئاوێتەیەکی تورکی-ئیسلامی وەک بەستەر glueێکی نیشتمانیی نوێ بۆ بەگژداچوونەوە، یان هێورکردنەوەی هێزە ئەتنی و ئایینییە ناکۆکەکان. سوپا وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی و دەستەی پلاندانانی دەوڵەتی بەکارهێنا بۆ

جێبەجێکردنی ئەوەی کە بۆ ئاستی پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی بەرز بووەوە.

لەگەڵ گواستنەوە بۆ دیموکراسی و سیستەمی فرە حزبی، پارتی ڕەفا (RP) لەساڵی ١٩٨٣دا دامەزرا، بەڵام لە سایەی پارتی نیشتمانیی دایک-ی تورگۆت ئۆزالدا، کە پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ گرووپە کاریگەرەکانی نەقشبەندی و نووریەکان هەبوو، نەیتوانی دەسکەوتی گەورە بەدەست بێنێ. لە ١٩٨٠کاندا پرۆژەیەکی گەورەی گواستنەوەی ئابووریی ئەنجام دا، ئەویش بە جاڕدانی سیاسەتە نیو-لیبراڵییەکان، کە یەکێک لە بەرەنجامەکانی، سەرهەڵدانی بازرگانانی ئیسلامیی نوێ بوو.

سیستەمی فرەحزبی و بەشداریکردن لە زنجیرەیەک هاوپەیمانیدا تەنیا دەنگە ئیسلامییەکانی لەنێو سیستەمە ئیسلامییەکەدا جێ نەکردەوە، بەڵکو هانی بەکۆمەڵایەتیکردنی یاسا دیموکراسییەکانیشی دا لەڕێی گرووپە ئیسلامییەکانەوە. ئەم پرۆسەی فێربوون و بەشدارکردنە inclusion، ڕێگەی لە توندڕەوی، یان بەکارهێنانی هێز لە لایەن پارتە ئیسلامیمەشرەبەکانەوە لە تورکیا.

## دەرفەتی ئابووری

بۆ تێگەیشتن لە بنەچە و سیاسەتەکانی ئاکەپە، مرۆڤ نابێ تەنیا جێبەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی کارەکتەرە ئیسلامییە نوێکان، واتە بۆرژوازیی ئیسلامیی ئەنادۆڵی کە گرنگترین هێزە لە پەرەسەندنی بزاڤە ئیسلامییە تورکیەکاندا، بزانێ، بەڵکو پێویست بە دۆزینەوەی ناسنامە و سیاسەت و پەیوەندییان بە گرووپە سیاسییە ئیسلامییەکانی ترەوە دەکا.

لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ئەو کارەکتەرە تایبەتانە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەو بۆرژوازییە ئەنادۆڵییەیە کە کەرەستەکانی پارەدارکردنی بۆ پەرەپێدانی بزاڤ و گوتارە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان لەڕێی دامەزراوە خێرخوازییەکانی و وێستگە تەلەڤزیۆنی و ئێزگەییەکان و ڕۆژنامەکانەوە، دەستەبەر کردووە. ئەو کارەکتەرانە کێن؟ ناسنامە و سیاسەتەکانیان چین؟ چۆنچۆنی ڕەوت و ڕێچکەی AKPیان ڕەنگڕێژ کردووە؟ ڕۆڵی بۆرژوازیی ئیسلامی چییە لە لەبەریەکهەڵوەشاندن و تەنانەت ئەگەر بکرێ سەرەنجام کۆتاییپێهێنانی ئیسلامگەرایی ئوسوڵی fundamentalist Islamism لە سیاسەتی تورکیادا؟

گرنگە تێبینیی ئەوە بکەین کە بزاڤە ئیسلامییەکان لە تورکیا لە شارۆچکە جەمەلۆنیانەی دەوری شارە گەورەکاندا ڕەنگڕێژ نەبوون، بەڵکو زیاتر لەڕێی هەڵکشانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە بووە لەڕێی سامان و خوێندنەکەیانەوە. لە ڕاستیدا ئەوە ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە هەڵکشاوانە بوون، بەتایبەت بۆرژوازیی ئیسلامی، کە بوونە کەرەستەی ئەسلەمەکردنی جۆرەکانی بەکاربەران و پێشڕەوی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ئەم دواییەی تورکیا.

لەسەر دەستی ئەم بازرگانە ئیسلامییە نوێیانە بوو کە ڕەمز و ئاکار و هەڵسوکەوتە ئایینییەکان کرانە کاڵای باڵای شێوەژیانەکانی چینی ناوەڕاستی باڵا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم مۆرالیزەکردنە ئیسلامییە هێشتا لە سنووری گوتاردا قەتیس بووە و بە زەرورەت بە ئاڕاستەی مامەڵەکردنێکی دادپەروەرانە و بەئینسافانە لەگەڵ کرێکاران پەلی نەکێشاوە.

گرنگترین ماوە بۆ تورکیای نوێ لە ساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٧دا بوو، کە ئەو ماوەیە ئایدیا و کەسایەتیی تورگوت ئۆزالی تێدا بوو، پیاوێک بە باوەڕێکی قووڵی ئایینییەوە، بەڵام لەگەڵ پابەندییەکی بەهێز بە سەرمایەداری و ئابووریی بازاڕ. ئۆزال هێزە ئابووری و ئایینییەکانی ئەناتۆلی ئازاد کرد و یەکخست بە مەبەستی هێنانەکایەی "فۆرمێکی نوێ" لە بۆرجوازی، کە سەرەنجام زەمینەیەکی بەپیتی بۆ گۆڕانە سیاسی و کولتوورییەکانی شۆڕشی سیاسیی دووەمی ئەردۆگان خۆش کرد.

سیاسەتە ئابوورییە نیۆ-لیبراڵەکانی ئۆزال بوونە مایەی فراوانکردنێکی گەورە لە ڕووبەرەکانی دەرفەت لە سیاسەت و ئابووری و پەروەردە/خوێندن و ڕاگەیاندندا. مەبەستم لە ڕووبەرەکانی دەرفەت "گۆڕەپانێکە بۆ کارلێککردنی کۆمەڵایەتی، کە ئەگەری نوێ بۆ فراوانکردنی تۆڕەکانی مانا هاوبەشەکان و ژیانی دۆستانە دێنێتە کایە". ئەم جۆرە گۆڕەپانانە کۆڕبەندە مەدەنی و سیاسییەکان، میدیای ئەلیکترۆنی و چاپ، سیبەرسپەیس و بازاڕی ئازاد دەگرێتەوە. پانتاییەکانی دەرفەت تەنیا سترەکچەرە جۆشدەرەکان نین، چونکە ئەو شێوازەی کاری پێ دەکەن، زیاتر لەڕێی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و فەزای دەربڕینەوەیە تا ئەوەی لەڕێی سترەکچەرە ڕێکخراوەییە ڕەسمی، یان ناڕەسمییەکانەوە بێ.

ڕووبەری سەرەکیی دەرفەت هێشتا هەر بازاڕە، لەبەر ئەوەی خۆشگوزەرانیی ئابووری ڕێگە خۆش دەکا مرۆڤ بە پرۆسە کولتووری و سیاسییە فراوانترەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە ببەسترێتەوە.

ڕووبەرەکانی دەرفەت توانا دەداتە هەر کەسێک بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی پێناسەی خۆی بۆ ناسنامەی شەخسی، بەرەنگاریی سیاسەتەکانی دەوڵەت، یان بازاڕ بکات و گرنگتر لەوەیش، مانای ژیانی ڕۆژانە بگۆڕێ. ڕووبەرەکانی دەرفەت هەوڵەکانی دەوڵەت یان کۆمەڵگە بۆ بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیایەکی هەژمونگەرا و تێکەڵکردنی هەردوو کایەی تایبەت و گشتی لاواز دەکا. ڕووبەرەکانی دەرفەت دەنگە جیاوازەکان ئازاد دەکات و مەعریفەی ئاینیی باو بگۆڕێ بۆ پرۆژەی کۆمەڵێ ڕێسای هاوبەش بۆ هاوکاری و کێبڕکێ. لەو ڕووبەرانەدا تەنها تاکەکەس و چالاکییە بەکۆمەڵەکان نین کە تەمومژاوی دەبن، بەڵکو سنووری نێوان گشتی و تایبەت بە بەردەوامی دادەڕێژرێتەوە.

## ئەکتەری نوێ: بۆرژوازیی ئیسلامی

بۆرژوازی ئیسلامی لە تورکیا زادەی سیاسەتە ئابوورییە نیۆ-لیبراڵەکانی دەوڵەتە، کە هەلومەرجی ئابووریی لەباری بەرهەم هێناوە، هەروەها دەرکەوتنی تۆڕە داراییە نەتەوەبڕەکان لە ئەنجامی هەڵگرتنی کۆتوبەندەکان و کردنەوەی ئابووری. بۆرژوازیی ئیسلامی، هەروەها سوودی لە سەرکەوتنەکانی حکومەتە لۆکاڵییەکەی پارتی ڕەفا وەرگرت، بەتایبەت پاش هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە ساڵی ١٩٩٤دا. لەو ڕووەوە پەیوەندیی تەواوکارییانەی نێوان دەوڵەت و گەورە سەرمایەدارەکانی ئیستەنبوول لەسەر بناغەی ڕێککەوتنێک سەبارەت بە سیکیولاریزم و ئایدیۆلۆژیای کەمالی دامەزرابوو، پارتی ڕەفا RP بوو بە گژبەریەکی ئایدیۆلۆژیی چینایەتی بۆ ئەم هاوپەیمانییە عەلمانییە بەهێزە.

دەرکەوتنی بۆرژوازی ئیسلامیی ئەناتۆلی دژە پرۆسەیەک بوو بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە ئابووری و کولتوورییەی لەنێوان دەوڵەت و سەرمایەدارە ئیستەنبوولییەکاندا هەبوو. ئەم ئەکتەرە نوێیە هۆ و هەروەها ئەنجامی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکەیە کە لە لایەن تۆرگۆت ئۆزالەوە پاڵپشتی دەکرا. زۆربەی بازرگانە ئیسلامییەکان نەوەی یەکەمی دەرچوانی کۆلێژ بوون و بەزۆری بەشێک بوون لە بۆرژوازیی بچووکی ئەنادۆڵنشین، کە سوودیان لە سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکەی ئۆزال وەرگرت کە جموجووڵی کۆمەڵایەتی زیاد کرد و ڕێگەی پێ دان کۆمپانیای قەبارە ناوەند، یان بچووکی خۆیان دابمەزرێن.

ئەوان یەکەمین نەوەی دەستەبژێرێکی ئابوورییانەی شارنشینە urbanizing، کە هێشتا پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ شارۆچکە و گوندەکانی ئەنادۆڵدا هەیە، چونکە ئەوان سەرەتا لە تەمەنی گەنجیدا لە شارۆچکە و گوندەکانیاندا هۆگری بەها ئیسلامییەکان بوون، پاشان چەند ساڵێکیان لە بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆدا بەسەر بردووە کە بەزۆری لە لایەن ڕێکخستنەکانی نووریەکان، یان تەریقەتە سۆفییە نەقشبەندییەکانەوە بەڕێوە دەبران. فێر بوون ئیسلام وەک پرۆژەیەکی بەدیل پێشکش بکەن و بوونە موسڵمانی هۆشیار (şuurlu) کە تێگەیشتنێکی ڕوونیان لەبارەی ناسنامەی ئیسلامی هەبوو[1].

---

[1] پاش کودەتاکەی ١٩٩٧، موسڵمانانی هۆشیار وازیان هێنا لەوەی خۆیان وەک موسڵمان لە دژی خۆرئاوا و هەڵسوکەوتە خۆرئاواییەکان بناسێنن. مرۆڤ دەتوانێ پەرەسەندنی شێوەژیانە ئەوروویی-ئیسلامییەکان وەک شتێکی تێکەڵ و ناهۆمۆجین ببینێ.

مەبەستم لە موسڵمانی هۆشیار ئەو باوەڕدارانەن هەوڵ دەدەن لەڕێی کردەوەکانیانەوە خۆیان لە خەڵکی تر جیا بکەنەوە کە بەناو یان بە عادەت موسڵمانن. ئەو باوەڕدارە خۆناسانە دەیانەوێ وەک موسڵمانی "ڕاستەقینە" بژین کە بە لای ئەوانەوە ژیانی تەندروست ئەوەیە بەگوێرەی بنەما و ڕێنماییەکانی ئایینی ئیسلام بێ.

وەک یاسین ئەکتای Yasin Aktay کۆمەڵناس و ئیسلامناس دەڵێ، ئەو باوەڕدارانە پێیان وایە ئەوان موسڵمانی هۆشیارن، لەبەر ئەوەی بڕیاریان داوە بەو شێوەیە کار دەکەن، دەژین و بیردەکەنەوە کە پێیان وایە ئەوە دنیابینیی ئیسلامییە[1].

ئەوان خۆیان بە شارەزا لەبارەی ڕێنماییەکانی ئیسلام دادەنێن و لەڕێی ڕاڤەکردنی پرنسیپە ئیسلامەوە بەگوێرەی هەلومەرجی نوێ ڕووبەڕووی گژبەرییەکانی ژیانی نوێ دەبنەوە[2]. لەگەڵ هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتە ئایینییەکاندا (ulema) هەندێ ئەکتەری موسڵمانی نوێ دەرکەوتن، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ تەفسیری ئیسلام دەکەن، ئەویش بە مەبەستی هێنانەکایەی ژیانێکی مانادار. بەم شێوەیە، لێکۆڵینەوەی ورد دەریدەخا زۆربەی ئەندامانی گرووپی بزنسی ئیسلامخوازی تورکیا ناسراو بە MÜSİAD (کۆمەڵەی بزنسمان و پیشەسازە سەربەخۆکان) لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی موسڵمانی موحافیزەکارەوە هاتوون بە

---

[1] دیمانە لەگەڵ یاسین ئاکتای، ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٦، کۆنیە.

[2] دیمانە لەگەڵ سەرۆکی شارەوانیی کۆنیە، تاهیر ئاکیورەک، ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٦.

مێژوویەکی نائاسوودەی دژ بە دامەزراوەی دەوڵەتەوە[1].
ئەوانە ڕەخنەیان لە پاڵپشتییەکانی حکومەت بۆ بزنسکلاسەکانی ئیستەنبوول هەبوو، هەروەها لە دۆخی ئارا بێتاقەت بوون، واتە لەگەڵ کارەکانی تەوەرە بازرگانییە زەبەلاحەکەی دەوڵەت.

بۆرژوازیی بچووکی ئەنادۆڵنشینی بەزۆری لەڕێی سیاسەتی جێگرەوەی هاوردەکردنەوە هەلاوێر و بێبەش کرابوون و پەراوێز خرابوون، کە ئەو سیاسەتە هەمیشە بایەخی بە سیکیولارمەشرەبەکان و بۆرژوازیی شارە گەورەکان دەدا. ئەم گرووپەی پێشوو بەو شێوەیە ساز و ئامادە کرابوو، تا ببێتە وەک ئامرازی دەستی حکومەت بۆ پرۆژەکانی مۆدێرنیزەکردنی، هەروەها مۆدێلی شێوە ژیانی خۆی. زۆربەی دەستەبژێرە ئابوورییە نوێ ئەنادۆڵییە شارنشینەکە بەشدارییان لە پرۆژەکانی ڕستن و چنینی خێراگەشەکردوو و بیناسازیدا کرد. دواجار خزمەتگوزارییەکان، گواستنەوە و گەشتیارییش بوونە گۆڕەپانی گرنگی چالاکیی ئابووری[2]. زۆربەی ئەو کۆمپانیا بچووک و مامناوەندییانە هیی خێزانەکانن و پارێزگاری لە

---

[1]Şennur Özdemir, MÜSİAD: Anadolu Sermayesinin Dönüşümü ve Türk Modernleşmesinin
Derinleşmesi (Ankara: Vadi, 2006); Ayşe Buğra, State and Business in Modern Turkey: A
Comparative Study (Albany: State University of New York, 1994); Buğra, "Class, Culture,
and State: An Analysis of Interest Representation by Two Turkish Business Associations,"
International Journal of Middle East Studies, 30:4 (1998), 521–539.
[2]Abdullah Topçuoğlu, Akrabalık.

بنیاتە نەریتییەکانی خێزان دەکەن کە بە بەها ئایینییە موحافیزەکارانەکان دەناسرێن.

بەم شێوەیە، ئەگەرچی بە نزیکە هەموو دەستەبژێرە نوێیە ئەنادۆڵییەکە لە پاشخانێکی بۆرژوازیی بچووک و تەقلیدی و ناوەندێکی کولتووریی پەراوێزخراوەوە دێ، بەڵام توانییان هەلومەرجە نوێ پەروەردەیی و ئابووری و سیاسییە نوێکەی پاش ١٩٨٠کان بقۆزێتەوە و پەرە بە توانا بازرگانی و ئیدارییەکان بدەن بۆ ئەوەی جارێکی تر وەک ئەکتەری ئابووریی نوێ جێگەی خۆیان بکەنەوە بە ئامانجی مۆدێرنیزەکردنی شارەکانیان و شێوەژیانیان لەڕێی فۆرمێکی نوێ، یان پێشکەوتووی ئیسلامیزەکردنەوە. ئەوان سیاسەتی دەستتێوەردانی دەوڵەت و پەیوەندییەکانی بە کۆمپانیا زەبەلاحەکانەوە بە بەرپرس لە گەشەکردنی ناڕێکیی ئابووریی تورکیا و کێشە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان دادەنا، کە سێکتەری گەورەی بۆرژوازیی بچووکیان بێبەش کردبوو. ناسنامەی ئیسلامی کە لە لایەن دەستەبژێری کەمالییەوە بەرکەنار کرابوو و بە هۆی دواکەوتنی تورکیایان دادەنا، لە لایەن ئەو ئەکتەرە نوێیانەوە زیندوو کرایەوە بە مەبەستی گژبەریکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەت و پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نوێ بۆ گوزارشتکردن لە سیاسەتە تایبەتەکانیان. بە دەربڕینێکی تر، ناسنامەی ئیسلامی خۆی لە خۆیدا بزوێنەر نەبوو بۆ گۆڕان، بەڵکو زیاتر وەک وزەبەخشێک لە دژی کاری هێزەکانی بازاڕ بەکار هێنرا، هەروەها وەک ئامرازێک بە هۆیەوە ئەو دەستەبژێرە نوێیە توانای ئەوەی پەیدا کرد پشکی خۆی لە بازاڕ بپچڕێ.

مێـژووی گـۆڕانی MÜSİAD بریتییـە لـە مێـژووی ئـەم نوخبــە (دەســتەبژێــرە) شارنــشینە ئابوورییــە نوێیــە کــە دەستپەروەردەی ئاکار و ڕێکخستنە ئیسلامییەکان بوون. ئەم نوخبـە ئـەنادۆڵییـە نوێیـە کـە نـەیاری نوخبـەی سـیکیولاری ئیستەنبوولـە و داکۆکیکردنیـان لـەسـەر چـەمکـی (ئـەصـناف) esnaf(واتە چینوتوێژە پیشەییەکان) کە چەمکێکی تەقلیدیی ئیسلامییە (وردە بازرگان و بزنسمانی تەقلیدی)، جۆرێکی نوێ لە ئیسلامی بازرگانی لێ بەرهەم هات[1]. ئەم بۆرژوازییە نوێیە زۆر خوێندەوار، زۆر عەجول و بەگشتی زۆر سەرکەوتوون و گژبەریی گریمانەکانی ڕۆژهەڵاتناسان دەکا لەبارەی ئیسلام و نەگونجانی لەگەڵ سەرمایەداری capitalism.

ئەو بۆرژوازییە نوێیە هاوکات نـەیاری عـەقڵیـەتی نـەریتیی ئیسلامییە بـەرانبـەر بازاڕ و داکۆکی لـەسـەر بـوونی پـرۆژەی خودکـــەفـــایی self-sufficiency دەکـــا. ئـــەنـــدامانی بـــەرهـــەمهێنـــەرانـــی ئیـــسلامی بازرگـــانین کـــە هـــەوڵ دەدات سـەرلـەنوێ مێژووی ئیسلامی دابڕێژرێتـەوە تا تێگـەیشتنێکی

[1] بنیامین دوران چەمکی "ئەسنافی ئیسلام" "esnaf Islam"ی شی کردووەتەوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە پێشڕەوانی بوژانەوەی ئیسلامی. دوران ئەو پێشڕەوە "ئەسناف"انەی بەو کەسانە داناوە کە خاوەنی پرۆژە یاخود کۆمپانیای قەبارە مامناوەندن و داهاتەکانیان بۆ پاڵپشتیکردنی چالاکییە کولتووری و فیکرییەکان و گەڵاڵەکردنی ئیسلامێکی فیکری بەکار دێنن. بە بڕوای دوران، پێشڕەوانی فیکری تەنها بە پاڵپشتی ئەو "ئەسناف"انە گەشە دەکەن.

. Duran, Islam Toplumlarında Sosyo-Ekonomik Değişmeye Yönelik Tezler (Istanbul: Osmanlı Araştırmaları Vakfı, 1995), pp. 116–119.

نوێ لە هەلومەرجی ئێستای ئیسلام بەدەست بێ و ڕەخنەی لێ بگیرێ.

تێگەیشتنی MÜSİAD لە ئیسلام مۆدێرنێتە ڕەفز ناکا، بەڵکو زیاتر پاڵپشتی لە فیکرەی ڕێژەییبوونی بەها ئیسلامییەکان دەکا. لەگەڵ مۆدێرنێتە تەبا و سازە. لەبەر ئەوە، بە پێچەوانەی ئیددیعاکانی ڕۆژهەڵاتناسان ئیسلامگەرا نوێکان پێیان وایە ئیسلام لەمپەر نییە لەبەردەم گەشەپێدانی ئابووری. بە هەرحاڵ بەپێچەوانەدانانی مەککە و میکانیزەیشن mechanization لە لایەن دانیال لێرنەرەوە لەو گریمانەوە دێ کە بەها ئیسلامییەکان لەگەڵ سەرمایەداریی نوێدا ناگونجێن[1].

ئەتاتورکیش وەک بەربەستێک لە بەردەم پێشکەوتندا مامەڵەی لەگەڵ ئیسلام دەکرد و هەوڵی دەدا یان خۆی لە ئیسلام ڕزگار بکا، یان بە توندی کۆنترۆڵی بکا. بۆرژوازییە ئیسلامییە نوێکە، بە پێچەوانەوە، کاری لەگەڵ بەها ئیسلامییەکان کردووە بۆ بەگژاچوونەوەی هەژموونی دەستەبژێرە عەلمانییە غەربیزەکراوەکە و سیاسەتە ئابوورییەکانیان. هەروەها ڕەخنەی لە ئەسناف-یش گرتووە بەوەی دیندارانەیە، بەڵام بەبێ لێبڕان و بەبێ بوونی توانای بازرگانی بۆ دەستگرتن بەسەر بازاڕدا.

MÜSİAD کە ڕێکخراوی سەرەکییە هەوڵ دەدا ئاکارێکی لێبڕاوانەی کار بنیات بنێ و پێی وایە "موسڵمانی باش" ئەو کەسەیە بە جیددی کار دەکات و کارسازێکی باشە، کارکردن بە "جۆرە خواپەرستی"یەک دادەنێ، کە ئەمە ئامۆژگارییەکی

[1] D.Lerner, The Passing of Traditional Society: Modernizing the Middle East (New York: Free Press, 1964).

قورئانە[١]. هەروەها جەخت لە گرنگیی سامان و ساماندااران دەکاتەوە لە بنیاتنانی جیهانێکی نوێدا. گوتەیەکی باوی ئیسلامی هەیە دەڵێ "خوا ژیانی کەسێک چاک ناکا، تا خۆی هەوڵ نەدا ژینگەکەی خۆی بگۆڕێ". جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەو بازرگانە ئیسلامییە نوێیانە و سیکیولاریستەکان لە تورکیا تەنها بنەچە کۆمەڵایەتییەکەیان، شوێنە کولتوورییەکەیان، قەبارەی کۆمپانیاکانیان و پێداگرتنیان نییە لەسەر ئەخلاق و ناسنامەی ئیسلامی نییە، بەڵکو لەوە گرنگتر، گەڕانیانە بەدوای ڕزگارکردنی کۆمەڵگەدا لەڕێی بەدیهێنانە کەسییەکانەوە.

ڕزگارکردنی کۆمەڵایەتی لەڕێی کردەوە ئایینییەکانی هەر کەسێکەوە هەوڵی بۆ دەدرێ، هەڵسوکەوتی هەر کەسێکیش لە ژیاندا لەنێو چوارچێوەیەکی ئیسلامیدا بەڕێوە دەبرێ، یان مانای دەبێ. پێویستە ئامانج کۆششی شەخسی (کە شێوەیەکە لە جیهاد) چ لەنێو عیبادەت و چ لە کاردا پێشخستنی کۆمەڵگەی ئیسلامی بێ لەڕێی فێرکردن، وەبەرهێنان و باشکردنی هەلومەرجی سیاسی و ئابوورییەوە. هەڵسوکەوتی باوەڕداران وەک ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێ، هەروەها ڕزگاربوونی شەخسیی هەر کەسێکیش پشت بە ڕزگاربوونی کۆمەڵایەتی دەبەستێ.

لەگەڵ سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکاندا بازاڕ بوو بە مۆدێل بۆ فۆرمەلەکردنی کۆمەڵگە، سیاسەت و تەنانەت ئایینییش. لەو ڕووەوە زۆربەی ئەو بازرگانە ئیسلامییانە لە کاتی گواستنەوە لە سەرمایەداریی دەوڵەتەوە بۆ سەرمایەداریی بازاڕ وەک ئەنجامی سیاسەتەکانی ئۆزال، سەریان هەڵدا، بە وەکالەت،

---

[1] بیرۆکەکە بۆ حەدیسێکی پێغەمبەر محەمەد دەگەڕێتەوە. ; Erol Yarar, 1997: 33.

بوونە پاڵپشتی سەرەکیی ئابووریی بازاڕ و بەستنەوەی تورکیا بە ئابووریی جیهانییەوە. بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین ئەم گرووپە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە موحافیزەکار، مەیلە بازاڕی ئازاد و تا ڕادەیەک دژە دەوڵەتن.

لە چوارچێوەی جێبەندی دەوڵەتگەرایی کەمالی سەختگیر و پەراوێزخستنی سۆسیۆ-کولتوورییەکەیان بۆ خەڵکانی کەنار، ئەو بازرگانە نوێیانە مێژووی کەسیی خۆیان بە توندی لەنێو چوارچێوەی نیولیبراڵیزمی ئابووریدا دەبەستنەوە و ئایندەی خۆیان زیاتر لەنێو سیستەمی ئابووریی بازاڕ و کەمتر لەنێو سیستەمی سیاسیی دەوڵەتیدا دەبیننەوە. بۆ شەرعییەتدان بەم ئایدیۆلۆژیایە، گرووپەکە ئاوڕ لە مێژووی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەداتەوە و بازاڕ لە شاری مەدینە بە شێوە و نموونەیەکی میسالی بۆ سیستەمی بازاڕی ئازادی ئیسلامی دەخاتە ڕوو. ئەم بازاڕە وا پیشان دەدرێ کە ناقۆرخکارانە، بێ باج، بێ دەستتێوەردان، دادپەروەر و ئەخلاقییانەیە[1].

ئەوانەی لەو پانتاییە نوێیانەی دەرفەت سوودمەند بوون، ئیسلامێکی ئازادتریان دروست کرد و جەخت لەوە دەکەن بەهاکانی چینی ناوەڕاست لە ئیسلام وەرگیراون، هەروەها دەبێتە سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی متمانە و کارلێک لەنێو خەڵکدا. پێغەمبەر محەمەد لەو ڕووەوە خۆی بازرگان بووە، بە بازاڕساز و پاڵپشتی بازاڕی ئازاد دادەنرێ. دەوڵەت تەنها خزمەتکاری گەلە و دەبێتە کۆمەڵە دەزگایەک بۆ پاراستنی کایەکانی کێبرکێ، ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕین.

پاش سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکانی ئۆزال، زۆر بازرگانی دیندار دەوڵەتی جڵەوکراویان بۆ موسڵمانان بە

[1]Çerçeve, 18, 1996

زەروور دەزانی تا توانا کۆمەڵایەتی و ئایینییە شاراوەکانیان بناسن. دۆڕاوانی نێو ئەم جیهانە نوێیەی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکان ئەوانەن کە ئامادە نین کەڵک لە سەرچاوەکانی پانتاییە نوێکانی دەرفەت وەربگرن و دەیانەوێ دەوڵەت بۆ دابەشکردنەوەی قازانجەکان بەکار بێنن.

براوەکان هەوڵ دەدەن سیستەمێکی ئیسلامی دابمەزرێنن، بە لای ئەوانەوە محەمەد دەوڵەتی دامەزراندووە و ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بووە لە ڕووی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسییەوە. بە لای ئەوانەوە، پێویستە ئیسلام هێزەکانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی ملکەچ بکا تا کۆمەڵگەیەکی دادپەوەر بێنێتە کایە. هێشتا یەکەم تێڕوانین بۆ ئیسلام کە هیی ئیسلامی لیبراڵە، ئەمڕۆ بووەتە گوتاری زاڵ لە تورکیا، ئەویش لەبەر ئەو ڕاستییەی براوەکان دامەزراوەکانی تەفسیرکردن و ڕای گشتی کۆنترۆڵ دەکەن.

## کاریگەریی بازرگانانی ئیسلامی لەسەر کایەی گشتی و بەکاربەرگەرایی

گۆڕانە ڕیشەییەکە لە کایەی گشتیدا کاتێ ڕووی دا کە سیاسەتە ئابوورییەکانی ئۆزال پەیوەندییەکی لەنێوان کایەی گشتی و بازاڕدا دروست کرد[1]. سەرهەڵدانی بۆرژوازیەکی نوێ شانبەشانی شێوەی نوێی بەکاربردندا، بڵاوبوونەوەی دەزگا سەربەخۆکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەیان لێکەوتەوە. لە ئەنجامی ئەمەدا، تورکیا بوو بە پڕ میدیاترین

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کایەی گشتی، بڕوانە:
Nilüfer Göle and Ludwing Ammann (eds.), Islam in Public: Turkey, Iran, and Europe (Istanbul: Bilgi University, 2006).

وڵاتی زۆرینە موسڵمان لە ڕووی بوونی وێستگەی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی تایبەتی نیشتمانی و لۆکاڵی، لەگەڵ سەدان ڕۆژنامە. ئەمڕۆ گرووپە ئیسلامییەکان بوونەتە خاوەنی ١٩ ڕۆژنامەی ڕۆژانە، ١٢٠ گۆڤار، ٢١ ئێزگەی ڕادیۆ و ٢٠ کەناڵی تەلەڤزیۆن. ئەم سەکۆ نوێیانەی کایەی گشتی و کاریگەری، گرووپە ئیسلامییەکانی هان داوە، بگرە ناچاری کردوون، سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان لەگەڵ گرووپەکانی تر بەشداری و مامەڵە بکەن.

لێرەوە و لە ئەنجامی لیبراڵیزەکردنی سیاسی و ئابووریدا کایەیەکی ئیسلامیی گشتی وەک پێچەوانە، یان بەدیلی کایە عەلمانییەکان کە لە لایەن ئەو هێزانەی بەزۆری کەمالین، کۆنترۆڵ کراون، گەڵاڵە بوو. لەو ناوەندە گشتییە نوێیانەدا ئیسلام سەرلەنوێ داڕێژرایەوە تا لەگەڵ پێویستییەکانی ئابووریی بازاڕی ئازاد، دیموکراسی، جیهانگەرایی و گوتاری مافەکانی مرۆڤدا بگونجێ. ئەمە پیشانی دەدا پێکهاتنی چینێکی ئابووریی نوێ ڕۆڵێکی سەرەکیی بینیوە. بە دەربڕینێکی تر، پرۆسەی بەعەلمانیکردن لە تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن هێزەکانی بازاڕ و زاڵبوونی لۆژیکی بازاڕەوە ئەنجام دراوە. بەکورتی، لەگەڵ چاکسازییە نوێکانی ئۆزالدا، کایەی گشتی پلەبەپلە لە باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیانەی دەوڵەت ڕەها بوو. ڕۆشنبیرانی ئیسلامیی نوێ، تۆڕەکانی پەیوەندی و بۆرژوازیی پرۆ-ئیسلام ڕۆڵێکی مەرکەزییان لە ڕزگارکردنی کایەی گشتی لە چنگی دەوڵەت بینیوە.

ئەم خولگەییبوونە ڕوو لەزیادەی ئیسلام لە کایەی گشتیدا لە تورکیا، دەرەنجامی پێکهاتنی بۆرژوازییەکی خاوەن هۆشیاریی ئیسلامی و ئەو تۆڕە داراییە نوێیانەیە کە لەنێوان

تورکیا و ڕەوەندی پەرتوبڵاوی تورکی نێو یەکێتیی ئەورووپادا پێک هێنراوە. یەکێک لە دەرەنجامە سەرەکییەکانی پانتاییە نوێکانی دەرفەت "دابەشکردنەوە"ی ژیانی کۆمەڵایەتییە بەگوێرەی پێویستییەکانی مۆدێرنێتە. ئەو دەرفەتانە لە بوارەکانی سیاسەت و کولتوور و ئابووریدا ڕێگەیان بۆ گرووپە ناسنامەییەکان خۆش کردووە تا ناسنامە تایبەتەکانیان بهێننە ناو کایەی گشتی. لەو پانتاییە نوێیانەی دەرفەتدا شێوازی نوێی ژیان، ناسنامە و کۆدی نوێی هەڵسوکەوت دروست بوون. هەلومەرجی بازاڕ کێبرکێ و جیاوازبوون دەخوازێ و سەرەنجام ئەو کێبرکێیە ئامرازی تێگەیشتنی جیاوازە لە ئیسلام. لەسەر بناغەی هێزە نوێکانی بازاڕ شێوازی نوێ و جۆری نوێی بەکاربەران، هەم لە ڕووی بازرگانی و هەم لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، دروست بوون.

ئەکتەرە موسڵمانەکان کایەی گشتیی ئیسلامی، کە لە پاش سیاسەتە ئابوورییە نیو–لیبراڵەکانی ئۆزال هاتووەتە کایە، بۆ نوێکردنەوەی ڕەفتار و چەمکە نەریتییەکان بەکار دێنن بە مەبەستی گەیاندنی دەنگی ئەو توێژانەی کۆمەڵگەی تورکی لە ڕووی ئابووری و کولتوورییەوە بێبەش کراون.

خەسڵەتە سەرەکییەکانی کایە گشتییە ئیسلامییەکە بریتین لە تەوفیقیەکەی syncreticism، واتە: توانای بۆ پێکەوەگرێدانی کۆن و نوێ، توانای بەرهەمهێنانی زمانێکی ڕەخنەگرانەی بەهێز بۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵات، هەروەها توانای بۆ بەئەخلاقیکردنی پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. ئەگەرچی هەوڵێک هەیە بۆ یەکڕەنگکردن (هۆمۆجین)ی دەنگە نەیارەکان، بەڵام پەرتەوازەیی لەنێو کایە گشتییە ئیسلامییەکەدا قووڵ و فراوانە. لێکترازان و کێشمەکێش سیمای هەمیشەیی

کایە گشتییەکەیە... ئیسلام لەڕێی نمایشی جلوبەرگ (فاشن شۆ)کانەوە، لەڕێی دروستکردنی فەزای پەروەردەیی و سیاسی و تەنانەت بە ئەسلەمەکردنی تەرفیهیشەوە خراوەتە ڕوو.

گرووپە ئیسلامییەکان بە هەنگاونان بەرەو کایەی گشتییە تازەکە و سوودبینین لە فەزا نوێکانی دەرفەت هەوڵ دەدەن فەزای گشتی چاودێری و دیسپلین بکەن، ئەگەرچی ئەمە سەردەکێشێ بۆ لەبەریەکهەڵوەشاندن و تێکدانی زیاتری ئەو گرووپانە لە لایەن ناسنامە و نیگەرانییە جۆراوجۆرەکانەوە. ئەمە تەسەوری ئیسلامی بۆ ئیسلامێکی هۆمۆجین و ئوممەتی ئیسلامی لەبەین دەبات و زیاتر جیاوازی زەق دەکاتەوە.

ئەکتەرە ئیسلامییەکان لەیەک کاتدا لەگەڵ گرووپە سیکیولارەکان و هەروەها لەنێو خۆیشیاندا کێبرکێ دەکەن. ئەو ئەکتەرانە بە مەبەستی سوودمەندبوون لە هێزی نوێی سیاسی و ئابووری و کارتێکردنیان، تۆڕ و کایەی گشتیی ئیسلامییانەی خۆیان دروست دەکەن.

ڕووبەرە نوێکانی دەرفەت لە بازاڕ زەمینەی بۆ ئەکتەرە ئیسلامییەکان ساز کردووە تا فەزای تایبەت بە خۆیان دروست بکەن، ئەویش لەڕێی فیلم و نۆڤل و شیعر و میوزیک و نمایشی جلوبەرگ و تەرفیە و مەگەزینو چێشتخانە و هۆتێلی تایبەتی خۆیان و چەندین شتی ترەوە.

ناسنامە و ڕۆڵی ئاوێتەی نەتەوەیی-ئیسلامی، مۆدێرن-کلاسیکیی نوێ لە دروستبووندان. ئەگەرچی بزاڤە ئیسلامییە تورکییەکان هێشتا هەوڵ دەدەن کایەی گشتی کۆنترۆڵ و دەستەمۆ بکەن، بەڵام هاوکات دواجار ناچارن مامەڵە لەگەڵ

پرسەکانی ژیانی ڕۆژانە بکەن و کایە تایبەتەکان لە بەردەم چاوی گشتیدا "بکەنەوە".

دەشێ زاراوەی کایەی گشتی public sphere سوودبەخشتر بێ، ئێمە زاراوەکە بە مانای پانتاییەکانی پەیوەندی spaces of communication وەربگرین. ئەو پانتاییە نوێیانە، کە لە ئەنجامی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکانی ئۆزالەوە دەرکەوتن، "گفتوگۆی کراوە"یان لەسەر زۆر پرس کردەوە، لەوانە مافی کورد و عەلەوییەکان. ئەو بابەتانە بوونە گژبەری بۆ لەقاڵبدانە دەسەڵاتگەراکانی کەمالیزم بۆ ئامانجە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان کرد. پێشتر "گفتوگۆی کراوە" لە تورکیا تەنیا لەنێو چوارچێوەی تێگەیشتنی کەمالی بۆ "کۆمەڵگەی باش"دا ڕێگەی پێ دەدرا. هەرچۆن بێ، ئەگەرچی کایەی گشتی هەمیشە وەک شتێک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت پەیدا دەبێ، بەڵام لە تورکیا دۆخەکە بەم شێوەیە نەبووە. سیاسەتەکانی دەوڵەت ڕۆڵی گرنگیان بینیوە. زیاد لەوەیش، ئەگەرچی "جەماوەر"ی ئیسلامی لە دەرەوەی دەوڵەت وەستاوە، بەڵام هاوکات هەوڵی داوە بە پاڵپشتیی دەوڵەت گوتارێکی باڵادەست بدۆزێتەوە.

لە کۆتاییدا سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکانی ئۆزال تەنیا نەبوونە هۆی پاشەکشەی ئیسلامیزمی ڕادیکاڵ، بەڵکو بوونە مایەی بووژانەوە و گۆڕانی ئیسلامی تورکی. بە سیاسەتی بازاڕی ئازاد و فراوانبوونی کایەی گشتیی تورکیا، ژمارەیەک کۆمپانیای ئیسلامی دەستیان کرد بە نەخشکردنی دیمەنی ئابووریی ئەنادۆڵ بە دامەزراوە ئابوورییە ئیسلامییەکانیان و میدیای ئیسلامی و سیستەمی پەروەردەی ئیسلامیدا. فراوانبوونی پانتاییەکانی دەرفەت زەمینەی بۆ ئەم

هەستانەوەیەی جموجووڵی ئیسلامیی خۆش کرد. ئەم بنکە ئابوورییە نوێیە هەروەها یارمەتیی سەرهەڵدانی ڕۆشنبیرانی موسڵمانی نوێی دا کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت مانەوە و لە لایەن سەرمایەدارانی ئیسلامییەوە پاڵپشتیی دارایی دەکران.

## بەکاڵاکردن و بەکۆمەڵایەتیکردنی چالاکیی ئیسلامی

تا ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکان بزاڤە ئیسلامییەکان تا ڕادەیەکی زۆر هاوپەیمانییەکی هێزی جۆراوجۆر بوون. پاش سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکان "براوە" و "دۆڕاو"ەکان دەستیان کرد بە سەرلەنوێ وێناکردنەوەی ئیسلام لەسەر بناغی ئەزموونی تایبەتی خۆیان. لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٨٩دا دەنگدەرە ئیسلامیمەشرەبەکان دەستیان بە کۆچ بەرەو پارتی ڕەفا RP کرد، بەتایبەت ئەوانەی لە سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵەکانی ئۆزال سوودمەند نەبووبوون. بەم شێوەیە، لە ئەنجامی بارودۆخە ئابوورییە نوێکەی ١٩٨٠کاندا ڕەفا بنکەیەکی کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەبوو لەوەی MSP لە ١٩٧٠کاندا هەیبوو. توانیی بازنەی دەنگدەرانی کلاسیکیی خۆی فراوان بکات و بگات بە هەژارانی شار، بە پیشەگەرانی بزۆز و گەڕۆکی چینی ناوەڕاستی نوێ و تایبەت بە بازرگانانی سەرهەڵداوی ئیسلامیی شار. ئەمە هاوپەیمانییەک بوو کە لە سێکتەرە "پەراوێزخراو" و "بێبەشکراو"ەکانی کۆمەڵگەی تورکی پێکهات، ئەویش لە ئەنجامی مایەپووچبوون (ئیفلاس)ی ئایدیۆلۆژیای بێگیانی سیکیولاریزمی کەمالی.

ئەوە بازرگانانی نوێ بوو کە بە شێوەیەکی تایبەت سوودیان لە سیستەمی پەروەردە و سیاسەتە نوێکانی ئۆزال

وەرگرت. پاش خڕکردنەوەی هەندێ سامان ئیتر هەوڵیان دا وەک موسڵمانانی هۆشیار لەنێو سیستەمە سیاسی و کولتوورییەکانی تورکیادا جێ بکرێنەوە. هەلاوێرانیان لە ئاستەکانی نوخبەی باڵادەست تەنها لەبەر شێوەژیانەکەیان و ناسنامە ئیسلامییەکەیانەوە، پاڵی پێوەنان دەست بدەنە کۆششێکی گەورە لەپێناو ددانپێدنان و دەسەڵاتدا. ئەو تێکۆشانە ڕیشەی شۆڕشە موحافیزەکارانەی ئێستایە لە تورکیا.

بە سەرکەوتنی ڕەفا لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە ١٩٩٤دا، پەیوەندییەکانی نێوان بازرگان و سیاسییە ئیسلامییەکان جۆرە هاوکارییەکی نوێی هێنایە کایە لەگەڵی بە دوو ئامانجەوە، ئەوانیش گواستنەوەی بودجەی گشتیی (شارەوانی)ەکان بۆ بۆرژوازییە تازە سەرهەڵداوەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو تۆڕە دامەزراوانە بۆ ڕەنگڕێژکردنی مومارەسە و ئایدیاکانی بزاڤی ئیسلامی. لەگەڵ ئەوەیشدا، گوتاری سیاسیی ئەربەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر گوتاری ئابووریی MÜSİAD و سیاسەتە دژە یەکێتیی ئەورووپییەکەی ئەو ڕێکخراوەدا زاڵ بوو. بە هەرحاڵ، ئەم هەڵوێستە پاشکۆییە لە کۆتاکانی ١٩٩٠کاندا دەستی بە گۆڕان کرد، بەتایبەت پاش کودەتاکەی ١٩٩٧.

ئاخۆ ئەم ئەکتەرە نوێیانە چۆنچۆنی بوونە ڕەنگڕێژی نەوەیەکی نوێی ئیسلامیزم لە تورکیا؟ بازرگانانی ئیسلامی ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە پاڵپشتیکردن و پێشخشتنی "ئیسلامی چاپەمەنی" یان "ئیسلامی میدیا" لە وێستگە نوێکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا.

لەو کاتەی لە ئەنجامی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکە دامەزراوەکانی دەوڵەت پاشەکشەیان کرد و کۆمەکیەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی بڕان، گرووپە ئیسلامییەکان و بازرگانانی ئیسلامی، لەڕێی پاڵپشتیکردنی پەروەردە و چاودێریی تەندروستی و خزمەتگوزاریی نوێی چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ هەژارانی شارنشین و بەشە ناوخۆیی بۆ قوتابییان، ئەم بۆشاییەیان پڕ کردەوە.

ئەم پەرەسەندنە بۆرژوازییە نوێیەکەی گۆڕی بۆ ئەکتەرێکی سەرەکی لە پاراستن و گەشەپێدانی گوتاری ئیسلامیدا. کاریگەرییەکی تری بۆرژوازییە نوێیەکە لەسەر ئاستی پارتە سیاسییەکان بوو لە ڕووی پارەدارکردنی کاندیدەکان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و هەروەها پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوە میللییەکان. بە لای ئەم گرووپانەوە ئازادبوون بریتی نییە لە ئازادبوون لە خوا، بەڵکو ئازادبوونە لە دەوڵەتی دەستوەردەر، ئەمەیش مانای یەکگرتنی نێوان بازاڕ و ئایین دەگەیەنێ، کە ئایین بووەتە یارمەتیدەری کارکردنی دامەزراوەکانی بازاڕ. لە کۆتاییدا، لە ئەنجامی ڕووبەرە نوێکانی دەرفەت لە بازاڕە نیشتمانی و جیهانییەکاندا، بۆرژوازییە موحافیزەکارە بچووکەکەی ئەنادۆڵ گۆڕا بۆ خاوەن کۆمپانیای قەبارە مامناوەند و گەورە بە خەونی ستراتیژیی زیاترەوە، هەروەها بە ناسنامەیەکی ئیسلامیی نوێوە کە ئەخلاقیاتی کار و بەرپرسیاریێتیی کۆمەڵایەتی گەشە پێ دەدات لەپێناو هێنانەکایەی هەلومەرجی باشتری ئابووریدا.

یەکێک لە کاریگەرییە گەورەکانی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکان پەرەسەندن و سەربەخۆکردنی گرووپە جیاوازەکانی بەرژەوەندی و دواجار لەتبوونی بزاڤی ئیسلامی

بوو لەنێوان هێزە بازاڕ-خواز pro-market و دژە-بازاڕ anti-marketەکاندا.

بەستەری ئیسلام لە سایەی سەرکردایەتیی ئەربەکاندا بەس نەبوو بۆ هێشتنەوەی ئەو گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە ئیسلامییە جیاوازانە پێکەوە. گرژیی سەرەکی لەنێوان بۆرژوازیی ئیسلامی MÜSİAD و هەژارە شارنشینەکانی هاکیش Hak-İşدا بوو[1] (یەکێتییەکی بازرگانیی ئیسلامییە) و وەک دوو وێنەی دژبەیەکی ئیسلام دەردەکەوتن.

ئەم جیاوازییە چینایەتییانە لە بواری بەکاربەرگەرایی و شێوەژیانی دەوڵەمەندە نوێ ئەنادۆڵییەکاندا کاریان دەکرد. لەگەڵ ئەسلەمەکردنی جۆرەکانی بەکاربەران و دەرکەوتنی ئیسلامی بازرگانیدا، کۆمپانیا ئیسلامییەکان شوێنی خۆیان لە بازاڕدا قایم کرد. لەگەڵ ئەم سامانە ئابوورییەدا مرۆڤ پەیدابوونی "چێژی ئیسلامی" و "ڕێکپۆشیی ئیسلامی" و "بەرهەمە ئیسلامییەکان" و "پیشەی ئیسلامی" دەبینێ. هەندێ کۆمپانیا بە ئەنقەست ناوی ناسراوی ئیسلامی و عەرەبییان

---

[1]هاکیش Hak-İş کۆمەڵەیەکی بازرگانیی مەیلە ئیسلامییە، تەنانەت ئەگەرچی ساڵی ١٩٧٤ لەلایەن گرووپی بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانییەوە دامەزراوە، بوو بە سێیەمین گەورەترین یەکێتی لە تورکیا کە لە کۆتایی ١٩٨٠کاندا ژمارەی ئەندامانی گەیشتە ٣٥٠ هەزار ئەندام. Hak-İş هەمیشە پاڵپشتی حزبە پرۆ-ئیسلامییەکانی کردووە.

Yüksel Işık, Siyasal Islam ve Sendikalar (Ankara: Öteki Yayınevi, 1996), pp. 219–231.19 M. Hakan Yavuz, “Political Islam and the Welfare (Refah) Party in Turkey,” Comparative
Politics, 30:1 (October 1997), 63–82; Birol Yesilada, “The Virtue Party,” Turkish Studies,
3:1 (Spring, 2002), 62–81; Haldun Günalp, “Globalization and Political Islam: The
Social Bases of Turkey’s Welfare Party,” International Journal of Middle East Studies, 33
(2001), 433–448.

هەڵبژاردووە وەک تەوحید Tevhid (یەکتایی خوا)، ئیتتیفاق Ittifak (هاوپەیمانی)، ئیخلاص Ihlas (دڵسۆزی) و تەکبیر Tekbir (ناوبردنی خوای گەورە). ئەم پرۆسەی "ئیسلامییانە بەڕێوەچوون لە بازاڕ" ئەو گرژییە بەرچاوەی پێشتری زیاتر کرد کە نێوان هێزە ئیسلامییەکانی بازاڕ و هەژموونی چێژ و مۆدە سیکیولارییانەکەی بەکاربەرگەراییدا هەبوو.

بزاڤە کۆمەڵایەتییە ئیسلامییەکان نیشانەی "سەرهەڵدان"ی ناسنامەی تایبەتی ئیسلامین لە کایە گشتییەکاندا. ئەوە تەنیا هەوڵدانێک نییە بۆ بەدەستهێنانی ددانپێدانان بە ناسنامەدا، بەڵکو مۆدێلێکیشە بۆ "بەجەماوەریبوون" لەڕێی ناسنامە تایبەتەکانەوە. لەو کایە گشتییانەدا، ناسنامە و شێوەژیانە تایبەتەکان ئەنجام دەدرێن، مشتومڕ دەکەن و پیادە دەکرێن. ئەم "سەرهەڵدانە" سێ کاریگەریی سەرەکیی هەبووە: پاڵپشتیی دارایی کایە گشتییە ئایینییەکەی کردووە لە ڕووی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و وێستگەی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ، ئەویش بە پاڵپشتیکردنی دارایی کۆمەڵێ دامەزراوە بۆ کارکردن لەسەر مێژوو و چالاکییە فیکرییەکان. پاڵپشتیی بنکەیەکی سەربەخۆی ئابووریی کردووە بە مەبەستی پەرەپێدانی زیاتر بە بیرمەندانی ئیسلامیی نوێ. سەرەنجام ئەم فروانخوازییە ئابوورییە بووە مایەی سەرهەڵدانی ئەکتەرە ئابوورییە ئیسلامییە نوێکان و بوو بە یارمەتیدەر بۆ بەشداریکردنی زیاتری ئەو ئەکتەرانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

لە ئەنجامی ئەو سێ فاکتەرەدا، شێوازەکانی ژیان، شێوازەکانی بیرکردنەوە و پێوەرەکانی کارکردنی کۆمەڵگەی تورکی گۆڕان، بۆ نموونە، فراوانکردنی کایەی گشتی بووەتە مایەی سەرلەنوێ وێناکردنەوەی ئیسلام و ڕەفتارە

ئیسلامییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی لیبراڵ-سیکیولاردا، هەروەها وێناکردنەوەی ئەورووپایش بە شێوەیەک کە چیتر "ئەویتر"ی ئیسلام نەبێ.

ئەم ماوەیە لەنێوان ١٩٨٣ و ١٩٨٧ شۆڕشی ئابووری و ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە زنجیرەکانی دەوڵەتێک کە مەراقی ئاسایش بوو، بەسەریدا زاڵ بوو. ئەوە ماوەی ئاساییکردنەوە بوو بۆ تورکیا. فراوانبوونی ڕووبەرەکانی دەرفەت لە سەروەختی حوکمی کۆمەڵێ سیاسەتوانی خۆبەموحافیزەکارناسێندا سەریان هەڵدا، کە "شۆڕشە موحافیزەکارنەکەیان"یان مشتومڕێکی یاسایی و کولتووریی خولقاند، کە ڕەنگی لابەندییە ناکۆکەکانی ناسنامە، یاخیبوون، هەروەها سووربوون لەسەر پێناسەکردنەوەی مانا و ڕۆڵی دەوڵەتی گرتبوو، کە پێشتر ئەو (واتە دەوڵەت) دەمڕاست و چاوساغ بوو لە تێگەیشتنی "ڕاست" لە کولتووری تورکی.

گرنگیی ئەو گۆڕان و ڕووداوە دراماتیکییانەی ١٩٨٠کان تەواو جیاوازە لە گۆڕانی ئاکەپە بە چاوساغیی یەکێتیی ئەورووپا لە ٢٠٠٠ەکاندا. یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی پارتی نیشتمانی دایک-ی ئۆزال و AKPی ئەردۆگان ئەوەیە ئۆزال پێکانی لە نێوجەرگەی ڕاستی ناوەڕاستی سیستەمەکەدا بوو و پارتەکەی وەک پارتی سیستەمەکە تەماشا دەکرا. وەک پارتی سەنتەر (ناوەند) هەوڵی دەدا زمانی کەنار periphery کۆنترۆڵ بکا. بەڵام AKP خۆی پارتی کەنار بوو و هەوڵی دەدا لەڕێی پێداگری لەسەر "بەها نەگۆڕەکان"ی کۆمەڵگەوە سەنتەری سیاسەت بگێڕێتەوە. هەرچۆن بێ، AKP ئێستا زمان و سیاسەتەکانی گونجاندووە تا ببێتە پارتی سەنتەر.

## پارتی خۆشگوزەرانی (ڕەفا) (Refah Partisi) (RP)

| بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانی (National Outlook Movement) | سەرکردە | ماوە | هۆی داخستن |
|---|---|---|---|
| پارتی نیزامی نیشتمانی (MNP) | نەجمەدین ئەربەکان | ١٩٧٠-١٩٧١ | دادگەی دەستووری |
| پارتی سەلامەتی نیشتمانی (MSP) | نەجمەدین ئەربەکان | ١٩٧٢-١٩٨٠ | کودەتای سەربازی |
| پارتی ڕەفا (RP) | ئەحمەد تەکدال | ١٩٨٣-١٩٨٧ | |
| پارتی ڕەفا (RP) | نەجمەدین ئەربەکان | ١٩٨٧-١٩٩٧ | دادگەی دەستووری |
| پارتی فەزیلە (FP) | ڕەجای کۆتان | ١٩٩٧-٢٠٠١ | دادگەی دەستووری |
| پارتی سەعادەت (SP) | ڕەجای کۆتان | ٢٠٠١-ئێستا | |
| پارتی داد و گەشەپێدان | ڕەجەب تەیپ ئەردۆگان | ٢٠٠١-ئێستا | |

پاش ڕیفراندۆمەکەی ١٩٨٧ کە ڕێگەی بۆ فرەیی سیاسی و بەشداریی سیاسیی والآتر کرد، نەجمەدین ئەربەکان توانیی ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ پارتی ڕەفا دەربکەوێتەوە[١]. ناسنامەی

[1]M. Hakan Yavuz, "Political Islam and the Welfare (Refah) Party in Turkey," Comparative

سیاسیی ئاشکرای ڕەفا وای کرد شوێنکەوتوانی بە ئاسانتر ناسنامەی خۆیان ئاشکرا بکەن و خۆیان لە گرووپە ئیسلامییەکانی تر دوور بخەنەوە. مردنی ئۆزال لە ١٩٩٣دا و شکستی مەسعود یەڵماز سەرۆکی ئەوکاتی پارتی نیشتمانیی دایک لە پارێزگاریکردن لە هێشتنەوەی هێزە موحافیزەکارەکان لەنێو پارتەکەدا لە لایەک و چڕکردنی ڕەفا لەسەر خراپبوونی هەلومەرجی ئابووری، گەندەڵی و جینۆسایدی لە بۆسنە لە لایەکی ترەوە، دەرفەتی نوێی بۆ ئەربەکان ڕەخساند.

خاڵی وەرچەرخان بۆ سیاسەتە ئیسلامییەکەی ئەربەکان هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بوو لە ساڵی ١٩٩٤دا کە تێیدا ڕەفا نزیکەی پێنج-یەک (١٩%)ی دەنگەکانی دەنگدەرانی بەدەست هێنا، ئەویش لە ئەنجامی چالاکیی ڕێکخراو و تۆڕەکانی گەڕەکەکان شانبەشانی کۆمەڵەی چالاک لە شاری زێد hometown (hemşerilik) هەروەها بەرنامەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی لەنێو هەژاران و ئەوانەی تازە لە گوندەوە کۆچیان کردبوو بۆ شار و لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ بوون[١].

ڕەفا خۆی وەک پرۆژەی دژەسیستەم ناساند و لە باقیی پارتەکانیتر کە وەک "نوێنەری سیستەمێکی سەرکوتکەر" و

---

Politics, 30:1 (October 1997), 63–82; Birol Yesilada, “The Virtue Party,” Turkish Studies, 3:1 (Spring, 2002), 62–81; Haldun Günalp, “Globalization and Political Islam: The Social Bases of Turkey’s Welfare Party,” International Journal of Middle East Studies, 33 (2001), 433–448.

[1]A. Cengizhan Köse, “Yöresel Dayanışma Örgütlerinin Kentlileşme Sürecindeki Rolü” (unpublished thesis), Selcuk University, Konya, 1996.

لایەنگری دۆخی ئارا پۆلبەندی دەکران، خۆی جوێ کردەوە. لە دروشمە جەماوەرییەکانیدا بازنە "ڕەیعی (قازانج)"یەکانی کۆمپانیا گەورەکان و ئەو میدیایانەیان دەکردە ئامانج کە پەیوەندیی نزیکیان لەگەڵ دەوڵەت هەبوو. بەرنامە ئابوورییەکەی، کە بە "سیستەمی دادپەروەر" ناسرابوو، جەماوەری بوو بە ئاڕاستەی شارۆچکە جەمەلۆنییە هەژارنشینە ڕوو لە فراوانەکەی تورکیا، چینی ناوەڕاستی تازە سەرهەڵداو، کوردەکان و هەندێ دەنگدەری گوندنشین، ئەویش بە پێداگرتن لەسەر "ڕۆڵی دابەشکارانە"ی دەوڵەت لە ئابووریدا. لەگەڵ ئەوەیشدا، وەک چۆن جیاوازیی چینایەتی زەق بووەوە، هێڵە سیاسییەکانی نێو پارتەکەیش بە هەمان شێوە درزیان تێکەوت. چینی ناوەڕاستی ڕوو لە گەشەی نێو ڕەفا پاڵپشتییان لە سیاسەتی زیاتر میانڕەوانە و خۆگونجێن دەکرد، لە کاتێکدا توندڕەوەکان داوای دەستوەردانی زیاتری دەوڵەتیان لە ئابووریدا دەکرد.

ئەم سەرکەوتنە لەسەر ئاستی شارەوانییە خۆجێییەکان وای لە خەڵک کرد حەز بکەن چالاکی و بەرنامەکانی ڕەفا تاقی بکەنەوە و ببینن. ئەو شارەوانییانەی لە لایەن ڕەفاوە بەڕێوە دەبران مانایەکی جیاوازیان بۆ سیاسەت پێشکەش کرد، لەڕێی پێداگرتن لەسەر هاوکاری، هەروەها کێبرکێ لەنێوان یەکە ئیدارییە لامەرکەزییەکاندا. ئەو ڕێکخراوە بە ئاسۆیی پێکەوە بەستراوانە ڕێکخراو و خزمەتگوزارییە خۆبەخشانە، قازانجنەویستانە و تایبەت (private)ەکانی دەگرتەوە. پارتەکە سەرکەوتنی گەورەی لە بواری بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیی نوێ، باشترکردنی ئەوانەی هەن و کردنەوەی کایەی گشتیی نوێ بۆ چینە ناوەڕاست و خوارەوەکان، لەوانە کردنەوەی پارکی گشتیی نوێ، بەدەست هێنا.

ئامڕازی سەرەکیی گۆڕان لە تورکیا شارەوانییەکان بوو کە پارە و بەکاربەرگەرایی و جلوبەرگی بۆ ئیسلامییە موحافیزەکارەکان دەستەبەر کرد. هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٤ خاڵێکی وەرچەرخانی گەورە بوو بۆ بزاڤی ئیسلامیی تورکیا لە ڕووی ئاوێتەبوونی لەگەڵ بازاڕ و کایەی گشتیدا.

### فەلسەفەی شارەوانییەکانی پارتی ڕەفا

فەلسەفەی حکومەتە خۆجێییەکەی پارتی ڕەفا کە بە milli görüşbelediyeciliği ناسراوە (واتە: حکومەتی خۆجێیی شارەوانییەکان)، کاتێ دەرکەوت کە ڕەفا لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٤دا ١٩%ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و بە هۆیەوە ٣٢٩ شارەوانیی کۆنترۆڵ کرد، بە شارەوانییەکانی هەردوو شاری ئیستەنبوول و ئەنکەرەوە[1].

ڕەفا ڕێگەیەکی نوێی بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتە خۆجێییەکان گرتەبەر، ئەویش بە مامەڵەکردن لەگەڵ وەک ڕێگە و ئامڕازێک بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ شار، هەروەها بە دروستکردنی سازانێکی شارییانە بە مەبەستی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە سەرەکییەکانی ناوچە شارییەکان. پاش بردنەوەی هەڵبژاردنەکە، ئەردۆگان بوو بە سەرۆکی شارەوانیی گەورەی ئیستەنبوول لەگەڵ شازدە ناوچەی تر و پلانێکی سەرکەوتووی جێبەجێ کرد تا ژێرخانێکی نوێ و زیندوو بە ئیستەنبوول ببەخشێ. لەو ماوەیەی ١٩٩٠ـەکاندا ڕەفا، هەروەها بیرۆکەی "شارەوانیی کۆمەڵایەتی" (sosyal belediyecilik) داهێنا بە مەبەستی چارەسەرکردنی هەژاری

---

[1]Kenan Camurcu, Ak Parti'nin Stratejik Meseleleri (Istanbul: Şehir Yayınları, 2006), pp. 118–120.

لـەڕێـی داهێنـانی کۆمـەڵـە تـۆڕێکی ئاسـۆیی بـۆ یارمـەتیـدانی نــەداران. لــەڕێــی "مێــزی ســپی" (beyaz masa)یــەوە شارەوانییەکان هاووڵاتییانیان بە ئیدارەی شارەوە بەستەوە و وەڵامـی پرسـیار و داخوازییـە گرنگـەکـانی خـەڵکـی ئاسـاییان دەدایـەوە. ڕەفـا لـەڕێـی "ئـەنجوومـەنـی خــەڵـک" (halk meclisleri)ـەوە توانیی خەڵک بەشدار پێبکا لە دارِشتنەوەی سیاسییانەی شـارەوانییـەکان و دەزگایـەکی بۆ گـەڵاڵـەکردنـی سازانی شارییانە urban consensus دروست کرد.

لەو ماوەیەدا شارەوانییەکان زۆر کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و پانێل و کۆنگرەی نیشتمانی و نێودەوڵەتییان بە مەبەستی دیـاریکردنی کـولتـووری سیاسـی و ڕێـڕەوی سیاسـیی وڵات، ساز کرد. ئـەمـە ئـەو مـاوەیـە بـوو شـارەوانییـەکان دەسکەوتـە دارایـی و سیاسـییە گـەورەکـانی خۆیانیـان تێدا بـەکـار هێنـا بـۆ بنیاتنـانی یـادەوەرییـەکی مێژوویـی نـوێ کـە لـە کایـەی گشتیدا دەنــگ دەداتــەوە. لــەم مــاوەیــەدا شــارەوانییــەکــان باخچــە و چێشتخانە و هاوینەهەواری کەنار دەریاری گشتییان کردەوە، بـەڵام فرۆشـتنی خواردنـەوە کهولییـەکانیـان قـەدەغـە کـرد، بـەم شـێوەیـە ئـەو ناوچانـەیـان کـردە ناوچـەی زیـاتر خێزانـی و دۆستانە و ئیسلامی.

شــارەوانییــەکــان ڕۆڵێکـی گرنـگ و گـوێزەریـان بینـی لــە ڕێکخستنەوەی ئایدیۆلۆژیا و ڕەفتارەکانی پارتی ڕەفادا. کاتێ ڕەفا گەشەی کرد و شارەوانییەکانی بردەوە، ناچار بوو شان بداتــە ژێــر داخــوازیی نــوێ کــە گرتنــەبــەری شــێوازی پراگماتییانەیان دەخواست بۆ چارەسەری کێشەکان، هـەروەهـا ڕووبـەڕووی فشاری گـەورە بـووەوە بـۆ مامـەڵـەکردن لـەگـەڵ پێویـستییە ڕۆژانـەکـانی خـەڵـک. میـانڕەوانـی نێـو پارتـەکـە

دەیانزانی دەتوانن هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانیش ببەنەوە، ئەگەر بێتو ئاستی وابەستەییە ئایدیۆلۆژییەکانیان نزم بکەنەوە و سیاسەتێکی واقیعییانە (پراگماتی) بۆ چارەسەری کێشەکان پەیڕەو بکەن.

ئەمە ئەو ماوەیە بوو کاتێ دەستەبژێری ئێستای ئاکەپە لە تورکیا بۆ یەکەم جار ئایدیاکانیان ئەزموون کرد و دەستیان بە دروستکردنی تۆڕەکان کرد. (ئەزموونی شارەوانییە سیاسییەکانی ئاکەپە زۆر گرنگ بوو بۆ پێگەیشتنی سەرکردایەتیی پارتەکە. فێری کردن چۆنچۆنی شانە قەرەباڵغەکانی گەڕەکەکان دابمەزرێنن و بەکاریان بێنن، چۆنچۆنی پرسە سیاسییە لۆکاڵییەکان بگۆڕن بۆ سیاسەتی نیشتمانی، هەروەها چۆن پەیوەندیی توندوتۆل لەگەڵ خەڵکی ئاسایی دروست بکەن).

سەرکەوتنە بەرچاوەکەی ڕەفا لە شارەوانییەکاندا تەرجەمە کرا بۆ سەرکەوتنێکی گەورە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٩٥، کە ڕەفا بە بەدەستهێنانی زیاتر لە ٢١%ی دەنگە گشتییەکان بوو بە گەورەترین حزب لە پەرلەمان. هەردوو پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکەی چیللەر و یەڵماز حکومەتێکی ئیئتیلافیان پێکهێنا بۆ دوورخستنەوەی ڕەفا و ڕێگرتن لەوەی بە لای هەندێکەوە بریتی بوو ئەسلەمەکردنی سیاسییانەی دەوڵەت.

بە هەرحاڵ بە هۆی ئەو تۆمەتانەی گەندەڵی کە ئاڕاستەی چیللەر و یەڵماز کران، حکومەتە هاوبەندییەکە لەبەریەک هەڵوەشا و چیللەر، بە شێوەیەکی سەیر، هاوپەیمانییەکی لەگەڵ ئەربەکان وەک سەرۆکوەزیران پێکهێنا. کاتێ ئەربەکان دەستی دایە ئەوەی لە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەدا گوێ بۆ

توندڕەوەکان بگرێ کە ئەوکاتە کرۆکی بنکە جەماوەرییەکەی ڕەفایان پێک دەهێنا، پارتەکە زۆر گرووپی میانڕەوی پەراوێز خست و ئەربەکانیشی دووچاری فشاری سوپا کرد. شکستهێنانی ئەربەکان لە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییە جەماوەرییەکەی، پەیوەندیی بە پەسەندکردنی بۆ هەڵوێستی باڵی توندڕەوەوە هەبوو.

لەو ڕووەوە ئابووریی تورکیا و هەڵوێستی دارایی نێودەوڵەتی لەژێر کاریگەریی بەهێزی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی IMF و بانکی نێودەوڵەتیدا بوو، نەدەکرا هیچ سیاسەتێکی گرنگ لە دەرەوەی ئەو بەرنامەیەی لە لایەن ئەو دامەزراوانەوە دەسەپێنرا، پەیڕەو بکرێ، ئەمە لای خۆیەوە هانی ئەربەکانی دا تا زیاتر چڕ بکاتە سەر سیاسەتی دەرەوە تا ناوەوە و کارنامە کولتوورییە تایبەتەکەی خۆی بسەپێنێ، تا لە پارتەکانی تری جیا بکاتەوە.

بە دەربڕینێکی تر، سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکان و پشتبەستنی تورکیا بە متمانەی نێودەوڵەتی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، پارتەکانی بەستبووەوە لە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییە تایبەتەکانی خۆیان. بەم شێوەیە، ڕەفا هەوڵی دا لەڕێی کۆمەڵێ دەستپێشخەریی جێمشتومڕ لە سیاسەتی دەرەوەدا خۆی لە باقیی پارتەکانی تر و حکومەتەکانی پێشوو جیا بکاتەوە، لەوانە سەردانی لیبیا و ئێران و ڕاستەوخۆ ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی شەوی قودس Jerusalem Night (Kudus Gecesi) بۆ ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل.

ئەربەکان هەروەها سیاسەتێکی ئیسلامیزەکارانەی بۆ کایە کولتوورییەکان پەیڕەو کرد، ئەویش بە هەوڵدان بۆ

دروستکردنی مزگەوتێک لە گۆڕەپانی تەقسیم Taksim لە ئیستەنبوول، داواکردنی گۆڕینی ڕۆژانی پشوو، هاندانی پۆشینی سەرپۆش، دروستکردنی پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ تەریقەتە سۆفییەکان و بانگهێشتکردنی ڕابەرە سۆفییەکان بۆ سەردانی شوێنی نیشتەجێبوونی ڕەسمیی سەرۆکوەزیران بۆ بەربانگی ڕۆژووی ڕەمەزان.

ئەم دەستپێشخەرییانە دامەزراوەی کۆماریی تورکیای تووڕە کرد و سەرەنجام کودەتا سەربازییە "نەرم"ەکەی ٢١ی شوباتی ١٩٩٧ی لێ کەوتەوە[١].

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی داوای لە حکومەت کرد سیاسەتی "پاکسازیکردنی ئیسلام لە کایەی گشتیدا" پەیڕەو بکا، لەڕێی جێبەجێکردنی سیستەمێکی پەروەردەیی زۆرەملێی هەشتساڵی، کە بووە هۆی داخستنی قوتابخانەکانی خوێندنی ئایینی (قوتابخانەکانی پێشنوێژی و وتاربێژی).

## پرۆسەکەی ٢٨ی شوبات و دەسەڵاتە دەستوورییەکان

کاتێ دەوڵەت نەیتوانی پێشوەخت مامەڵە لەگەڵ ئەم ئەکتەرە نوێیانەدا بکا، هەوڵی دا لەڕێی پرۆسەکەی ٢٨ی شوباتەوە تاوانباریان بکا[٢]. ڕووداوەکانی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ بە "کودەتای نەرم" ناسراوە لەبەر ئەوەی سوپا گرووپە

---

[1] ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی داوای لە حکومەت کرد سیاسەتی "پاکسازیکردنی ئیسلام لە کایەی گشتی" پەیڕەو بکا، لەڕێی جێبەجێکردنی سیستمی خوێندنی زۆرەملێ بۆ ماوەی هەشت ساڵ، کە بووە هۆی داخستنی سیستمی خوێندنی ئایینی- قوتابخانە ناوەندییەکانی ئیمام خەتیب.

[2] M. Hakan Yavuz, “Cleansing Islam from the Public Sphere and the February 28 Process,” Journal of International Affairs, 54:1 (Fall 2000), 21–42.

بازرگانییە گەورەکان، کارتلە میدیاییەکان، سەرۆکی زانکۆکان و دەسەڵاتی قەزایی کە لەمێژە ملکەچی فەرمانەکانیەتی، جۆش دا تا هەڵمەتێک لە دژی ڕەفا ڕێک بخەن و حکومەتە تازە هەڵبژێدراوەکەی ئەربەکان ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە بکەن.

پەیامی ئاشکرای پشت ئەم هەڵمەتە بەرفراوانە ئەوە بوو پێویستە حکومەتەکەی ئەربەکان "خۆبەخشانە" دەست لە کار بکێشێتەوە، ئەگینا لە لایەن ژەنراڵەکانەوە ناچار بەوە دەکرێ. کودەتاکە ناسنامەی ئیسلامی بە هەڕەشەیەکی نەتەوەیی دەبینی و کۆمەڵێ ڕێنمایی دەرکرد بۆ پاکسازیکردنی وجوودی ئیسلامی لە کایە گشتییەکان، لەو شوێنانەیش کە تەنانەت لە کۆنەپەرستانەترین سەردەمی جۆشی کەمالیدا هەبوون.

ئەم "کودەتا نەرم"ـە بە "پرۆسەکەی ٢٨ی شوبات"یش ناسراوە، لەبەر ئەوەی کودەتاکە تەنیا لە ڕامالینی کابینەی حکومەت بە سەرۆکایەتیی ڕەفادا قەتیس نەبوو، بەڵکو هاوکات پرۆسەیەک بوو بۆ دامەزراوەی دەوڵەت، بە شێوەیەکی سەرەکی سوپا و دامودەزگای مەدەنی، بۆ چاودێری و کۆنترۆڵ و تەجریمکردنی هەموو چالاکییەکی ئیسلامی وەک هەڕەشەیەکی ئەمنی، هەروەها دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی هەمیشەیی بۆ دوورخستنەوەی هەر موسڵمانێکی تورکیی دیندار، یان چالاک لە بازاڕ و کایە پەروەردەیی و سیاسییەکان.

زیاد لەوەیش، "بەئەمنیکردن"ی داواکارییەکانی ناسنامەی کوردی و ئیسلامی تا دەهات کۆمەڵگەی زیاتر بەسیاسی دەکرد.

بەم پێیە، بەئەمنیکردن securitization وەک چەمکێک ئاماژەی بۆ دەکرێ کە لە لایەن باری بوزان و ئۆل وەیڤەرەوە

بەکارهێنراوە، دەوڵەت لەڕێیەوە هەندێ گرووپ، یاخود بزاڤی ئایینی و نەتەوەیی و چینایەتی، یان ئایدیۆلۆژیی دیاریکراو وەک هەڕەشەی نیشتمانی، یان تەنانەت هەڕەشەی "وجوودی" دەناسێنێ، بەوەیش پاساو دەداتە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی زۆرەملێیانە و بگرە تەنانەت نایاساییش لە دژیان[1].

داواکارییە پێداگرەکانی ناسنامە کوردی و ئیسلامییەکە "بەئەمنیکردن"ی سیاسەتی ناوخۆ و بەدامەزراوەییکردنی ئاسایشی نیشتمانیی دەوڵەتییان لە تورکیا بەهێز کردووە، کە تێیدا سوپا ڕۆڵی چاودێریکردنی خۆی فراوان کردووە تا کایە مەدەنییەکانی وەک دادوەری و ئابووری و پەروەردە و سیاسەتی دەرەوەیش بگرێتەوە.

بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیا کەمالییەکەی، سوپای تورکیا ددانان بە جیاوازییە ئەتنی و ئایینییەکان بە هەڕەشەیەکی چاوەڕوانکراو و ڕێگەخۆشکردن بۆ دابەشکردن دادەنێ. لە ١٩٩٠ەکاندا ئەم ترسە لە هەوڵی خۆسەلماندنی ئایینی و ئەتنی و ئەگەری ئەوەی ببێتە مایەی بنکۆڵکردنی هەژموونی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی دامەزراوەی کەمالی، سیاسەتی نکوڵیکردنی دەوڵەتی لە ڕێگەنەدان بە تاک و گرووپەکان بۆ گوزارشتکردن لە خواستەکانی ناسنامە ئایینی و ئەتنییەکانیان لە دەرەوەی مەودا زۆر تەسک و بەڕەسمی ڕێپێدراوەکەدا، بەهێز کرد.

---

[1]Carsten Bagge Laustsen and Ole Waever, “In Defence of Religion: Sacred Referent Objects for Securitization,” Millennium: Journal of International Studies, 29:3 (2000), 705–739; Ole Waever, “Securitization and Desecuritization,” in Ronnie D. Lipschutz (ed.), On Security (New York: Columbia University Press, 1995), pp. 46–86.

### کۆتوبەندە یاساییەکان

سوپا لە تورکیا هەمیشە خۆی بە پاسەوانی کەمالیزم و سیکیولاریزم و پارێزەری دەوڵەت لە دژی دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە لە ناسیونالیزمی ئەتنیکی و پەڕگیریی ئیسلامی (کە بە ئیرتیقا irtica ناسراوە)، داناوە. لەم ساڵانەی دواییدا، دادگەی دەستووریی تورکیا (CCT) هاوشێوەی سوپا توندڕەوانە بەرگریی لە میراتی کەمالی دەکا[1]. لە ڕاستیدا، (CCT) بەشێک نییە لە شۆڕشی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا، لەبەر مێژووی دامەزرانی دەوڵەتە سیکیولارەکە و مامەڵەکردنی لەگەڵ تاک و گرووپە بەرگریکارە کورد و ئیسلامییەکان. لێرەوەیە، لە ئایدیۆلۆژیای دامەزرێنەری کۆماری تورکیادا دوو "ئەویتر"، یان دوژمن هەبووە: کوردەکان و براقە ئیسلامییەکان. بەبێ باسکردن لە جێبەندی مێژوویی پرۆسەی دامەزرانی دەوڵەت لە تورکیا، مرۆڤ ناتوانێ لە هەڵوێستی دەوڵەتگەرایانەی قەزای تورکیا تێبگات. هەندێ بیرمەند، لەوانە مستەفا ئەردۆگان، پێیان وایە CCT لیبراڵیزەکردنی گواستنەوەی دیموکراسییانەی تورکیا پەک دەخات. قازییەکانی CCT کەسانی بێلایەن نین. هەموویان بەنێو پرۆسە دەوڵەتییەکەی پێگەیاندنی

---

[1]Dicle Koğacıoğlu, "Dissolution of political parties by the constitutional court in Turkey:
Judicial delimitation of the political domain," International Sociology, 18:1 (2003), 258–
276; Koğacıoğlu, "Progress, Unity, and Democracy: Dissolving Political Parties in
Turkey," Law & Society, 38:3 (2004), 433–462; Mustafa Erdoğan, "Fazilet Partisi'nin
Kapartma Kararı Işığında Türkiye'nin Anayasa Mahkemesi Sorunu," Liberal Düşünce, 23
(Summer 2001), 36–40.

کۆمــەڵایــەتییانــەی یاســایی و سیــستەمــی خوێنــدنی زۆر تــەلقینییانــەی قوتابخانــەی ئامــادەیــی و زانکــۆدا تێــدەپــەڕن. قوتابخانەکانی یاسا لە تورکیا، بە شێوەیەکی تایبەت هەمان بەها کەمالییەکانی بنیاتنانی دەوڵەت لە مێشکدا دەچێنن.

ئەم نەخشە مەعریفییە هاوبەشە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە فۆرمەلەکردنی هاوپەیمانێتی لەنێوان قازییەکانی CCT لەگەڵ دامەزراوەکانی تری دەوڵەت، هەروەها لەگەڵ هەندێ سێکتەری کۆمەڵگەی مەدەنی. قازییەکانی CCT بەشێکن لە هاوپەیمانیی کەمالی. سوپا و دەسەڵاتی دادوەری هەردووکیان خۆیان بە پاســـەوان و چـــاودێری پـــرۆژەی کۆمـــاری دادەنـــێن و ناسـنامەیـەکـی دەسـتەجـەمیـی بـەهێزیـان پـەرە پـێ داوە – (ڕۆحییەتی کاری بەکۆمەڵ esprit de corps)- لە بەرانبەر سیاسییە هەڵبژێردراو و بەجەماوەرەکاندا. ئەم هاوپەیمانییە ڕەگـی قـووڵی لـەنێو کـەلـەپووری دەوڵـەتـی تورکیدا هـەیـە و ناتوانیـت بـەدەر لـە کـۆ-یـادەوەری سـەبـارەت بـە هـەرەسـی ئیمپراتۆریـەتـی عوسـمانی، هـەروەهـا فـەلـسەفـەی بنچینـەیـی کۆمـارەکـە، لێـی تێبگـەیـت. CCT زۆر چـالاک بـووە لـە بـەرگریکـردن لـە سـەربـەخـۆیی مامۆسـتاکان، فـەرمانبـەرە مـەدەنییـەکـان و دادوەرەکـان لـە دژی حکومـەت و بگـرە دژی هاووڵاتییانیش.

دەسـتەبژێـری حـوکمڕانیی بـاڵادەسـتی کـەمـالی لـەڕێـی بەهێزکردنی CCTەوە دەیەوێ پارێزگاری لە دەسەڵاتی خۆی بکا لـە بـەرانبـەر بـەرپرسـە هـەڵبژێـردراوەکـان و نـاوەنـدەکـانی بڕیـار دروسـتکردنیان. CCT دامـەزراوەیـەکـی بـەهێـزە بـۆ پاراستنی بیروباوەڕی کەمالی و پاسـەوانـەکـانی، وەک سـوپا و ئـەو زانکۆیانـەی زیـاتر لـە دۆخـی ئـارا سـوودمەنـدن. لـۆژیکی

پشت دامەزراندنی دادگەی دەستووری CCT لە دەستووری ١٩٦١، لەگەڵ دامەزراوە سەربەخۆکانی تردا، پاراستنی هەندێ ناوەند بوو لە دەسەڵاتی بەرپرسانی هەڵبژێردراو. خەم و بایەخی سەرەکی داڕێژەرانی دەستووری ١٩٦١ دەسەڵاتی حکومەت نەبوو بەسەر هاووڵاتییاندا، بەڵکو دەسەڵاتی بوو بەسەر دامەزراوە کۆمارییەکان و دەزگاکانی دەوڵەتدا. ژمارەیەک قەوارە (واتە دەزگا) لە زانکۆکانەوە بۆ کۆمپانیاکانی پەخشی گشتی بە ناوچەی سەربەخۆ و بەدەر لە کۆنترۆڵی بەرپرسانی هەڵبژێردراو دانران. ئامانج پاراستنی هەندێ ناوەند بوو لە سەروەختی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتدا لە دیموکراسیی زۆرینە، کە لە لایەن DPەوە لە پەنجاکاندا مومارەسە دەکرا.

بڕیارەکانی CCT لەبارەی پاراستنی سیکیولاریزم لەسەر حسێبی ئازادییە ئایینییەکان، تەنانەت لە لایەن دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤی یەکێتیی ئەورووپیشەوە پاڵپشتی کرا. CCT لە ١٩٩٠ـەکاندا موحافیزکارتر بوو، ئەویش بە هۆی ئەو گژبەرییانەی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیای کۆماری لە لایەن ناسیونالیستە کوردەکان و ئیسلامگەراکانەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە.

وەک بەشێک لە پرۆسەی ٢٨ی شوبات، ژمارەیەک سەرۆکی شارەوانیی حزبی ڕەفا بوونە ئامانجی لێکۆڵینەوەی توند، لەوانە سەرۆکی شارەوانیی کایسەری Kayseri. سەرۆکی شارەوانیی سینجان Sincan بەند کرا، لەبەر ئەوەی ڕێگەی بە خۆپیشاندانێک دا لە دژی ئیسرائیل، کە چەند وتارێکی ئایینیی تێدا پێشکەش کران. بە تۆمەتی "هاندان بۆ ڕق و کینەی ئایینی" سزای بەندکردنی بەسەردا درا. دادگە

هـەروەهـا شـوێنی ئـەردۆگـانیش کـەوت. داواکـاری گـشتی ژمارەیەک تۆمەتی لە دژی پێشکەش کرد و بە "هاندان بۆ ڕق و کینەی ئایینی" و داواکردنی "ڕوخاندنی حکومەت" تۆمەتباری کـرد، ئـەویـش بـە هـۆی ئـەوەی ئـەردۆگـان سـاڵی ١٩٩٧ هۆنراوەیەکی خوێندووەتەوە گوایە شعوری ئایینیی لە شاری سیرت Siirt لـە باشـوری ڕۆژهـەڵاتـی تورکیا وروژانـدووە، هۆنراوەکە دەڵێ:

**مزگەوتەکان سەربازگەمانن**

**گومەزەکان خودەمانن**

**منارەکان ڕمەکانمانن**

**باوەڕداران سەربازەکانمانن**

بە هۆی خوێندنەوەی ئەم هۆنراوەیەوە، ئەردۆگان ٢١ی نیسانی ١٩٩٨ لـە لایـەن دادگـەی ئاسایشی دەوڵـەتـەوە حـوکم درا[1]. بڕیـارەکـەی دادگـە کۆتـایی بـە پۆسـتەکـەی وەک سـەرۆکشارەوانی هێنا و ماوەی دە مانگ زیندانیی بەسـەردا سەپێنرا و لێی قەدەغە کرا خۆی بۆ پۆستەکانی هـەڵبژاردن بپاڵێوێ. بە هـەرحاڵ، بە پێچـەوانـەی ویستی کـەمالییـەکان، دە مانگ بـەندکردنـەکـەی ئـەردۆگان کۆتایی ژیانی سیاسیی ئـەو نەبوو، بـەڵکو سـەرەتایـەکی نوێ بوو. ماوەی بـەندکرانـەکـەی جـەمـاوەری زیـاتر کـرد و لـە غیـابی هێزێکـی تـری سیاسـیی جێمتمانە و خراپتربوونی دۆخی ئابووری، لە ئەنجامی قـەیرانـە ئابوورییەکەی ساڵی ٢٠٠١دا، پارتەکەی ئەردۆگان، واتە AKP، بـوو بـە تاکـە بژارەی شایـستە لـە زەینـی دەنگـدەرانـدا. زیـاد

---

[1] Faik Işık, Recep Tayyip Erdoğan Davası, No. 1998/36 Esas (Istanbul: Keskin, 1998).

لەوەیش، خراپبوونی باری تەندروستیی ئەجەوید وای کرد زۆر لە تورکەکان لەبارەی سەقامگیریی سیاسیی وڵاتەوە نیگەران بن.

پرۆسەی ٢٨ی شوبات ژمارەیەک جێکەوتی لەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵات هەبوو. بۆ نموونە، AKPی حوکمڕان ئێستا وا دەجووڵێتەوە وەک ئەوەی بترسێ لەوەی کودەتایەکی هاوشێوە لە هەر کاتێکدا ڕوو بداتەوە. سێبەری کودەتاکەی ١٩٩٧ هێشتا بەسەر سیاسەت و ئاڕاستەی پارتەکەوە زاڵە. وەک کە ئاکپارتی لە دووبارەبوونەوەی کودەتاکەی ٢٨ی شوبات دەترسێ، دامەزراوە عەلمانییەکەیش لە زاڵبوونی سیستەمێکی ئیسلامیی توندڕەو کە بە حوکمی شەریعەت ناسراوە، لە ترس و شڵەژاندا دەژی[1]. AKP لەسەر هێڵە ئاسنینەکانی حکومەتی پێشوو دەچێ و نیازی نییە ئاڕاستەی سیاسیی خۆی بگۆڕێ، یان نەخشەڕێگەی نوێ زیاد بکا.

سەرکردایەتیی AKP، لەنێو هەندێ شتی تردا، ناچار بوو پرۆسەی چوونە پاڵ یەکێتیی ئەورووپی پەسەند بکا. لە جەوهەردا، AKP "ئەرکێک(ی تایبەت) یان دیدگەیەکی ڕوونی بۆ سەرکردایەتیکردنی وڵات نییە"[2]. جێگری سەرۆکوەزیران عەبدوڵڵا گیول دەڵێ لەڕێی پرۆسەی ٢٨ی شووباتەوە "ئێمە هەموو گۆڕاین و وانەیەکی گەورە فێر بووین، ئەزموونی نوێمان بەدەست هێنا. هەندێ لە هاوەڵانمان بەند کران و پاشتر ئازاد کران. هەندێ لە ئێمە پۆستی زۆر هەستیارمان لە

[1]Author interview with Ersin Gürdoğan, January 15, 2005.
[2]Author interview with Ersin Gürdoğan, January 16, 2005.

دەوڵـەتـدا گـرت. ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن ئـەوەی لـە تواناماندایـە بیکەین تا وانەی باش لەو ئەزموونانە وەربگرین"[1].

بولەند ئارینچ Bülent Arınç سـەرۆکی پـەرلـەمـان[2] بـە ڕۆژنامـەنووسـێکی گـوت کـودەتـای ٢٨ی شـوبات خـاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ بووە لـە تێڕوانینی سیاسیی ئـەودا. دەڵێ: ئێمـە وا ڕاهـاتووین کـە تێگـەیشتنێکی جیاوازمـان بـۆ دەوڵـەت هـەبێ... ئێمـە (پاش کودەتاکـەی ٢٨ی شـوبات) گـەیشتینە ئـەو دەرەنجامەی پێویستمان بە تێگەیشتنێکی نوێیە بۆ دەوڵەت کە پیرۆزیی دەوڵەت ڕەت دەکاتەوە، پارێزگاری لە تاک دەکات و خزمەتگوزاریی باشتر بۆ تاک دەستەبەر دەکا. ئەوەی گرنگە تاک و خۆشگوزەرانیی تاک و ئاسوودەیی مێشکیەتی. ئـەگـەر دەوڵەت ئـەم ئـەرکانـە جێبـەجێ بکـا، ئـەوا لـە خزمـەتی تاکدایـە. ئـەمـەیـە ئێمـەی گـەیانـدە بـاوەڕهێنـان بـە ئامـانجی یـەکێتیی ئەورووپا[3].

کودەتاکە هـەروەهـا ئـەردۆگـانی فێـر کـرد تـا سـنوورەکـانی دیموکراسـی و دەسـەڵاتـی دامـەزراوە عـەلمانییـەکـە بزانـێ و ناچاری کرد میانڕەو و دیموکرات ببێ. زیاد لەوەیش پرۆسەی

---

[1] Gül’s interview in Vatan, September 28, 2003.

[2] لەم کتێبەدا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گیول و باقیی سەرکردە دیارەکانی تری ئاکپارتی بەو پۆستانەوە باس کراون کە لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا تێیاندا بوون، دیارە پاشتر و ئێستا کە ساڵی ٢٠١٦یە ڕەنگە هیچیان لەو پۆستانەدا نەمابن و پۆستی تریان وەرگرتووە، بۆ نموونە گیول بۆ دوو خول بوو بە سەرکۆمار و ئێستا ڕۆڵێکی سیاسیی دیاری نییە، ئەردۆگان ئێستا سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئاکەپە نییە، بەڵکو سەرکۆمارە، ئەحمەد داودئۆغلو سەرۆکوەزیران و سەرۆکی ئاکەپەیە. ئارینچیش بە سەرۆکی پەرلەمان نەماوە- وەرگێڕ.

[3] Murat Yetkin, “Beni 28 Şubat AB’ci Yaptı,” Radikal, June 5, 2005.

٢٨ی شوبات بە قەدەغەکردنی کاری سیاسی لە ئەربەکان، "دەرفەت"ی نوێی بۆ سیاسییە گەنجترەکانی وەک گیول ڕەخساند. لەژێر فشاری سوپادا CCT پارتی ڕەفای داخست و شەش سیاسەتوانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە کاری سیاسی قەدەغە کرد، لەنێویاندا ئەربەکان خۆی[١].

دادگە ڕەفای بە ناوی ئەوەی "ناوەندێکە بۆ چالاکیی دژ بە بنەماکانی سیکیولاریزم" هەڵوەشاندەوە. دادگە پێناسەی "سیکیولاریزم"ی کردووە بەوەی ڕێگەیەکی مەدەنییانەی ژیانە کە دۆگماتیزمی سەدەکانی ناوەڕاست فڕێ دەدات و بەردی بناغە بۆ عەقڵانییەت، زانست، برەودان بە چەمکی ئازادی و دیموکراسی، بوون بە یەک نەتەوە، سەربەخۆیی، سەروەریی نەتەوەیی و بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی، دادەڕێژێ... ئەگەرچی لە مانایەکی بەرتەسکدا پێناسە کراوە بەوەی جیاکردنەوەی دەوڵەتە لە کاروبارە ئایینییەکان، هەروەها بە شێوازی جیاواز تەفسیر کراوە، لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەیش پێی وایە سیکیولاریزم کۆتا قۆناغی پەرەسەندنی فەلسەفی و ئیداریی کۆمەڵگەکانە، لە ڕووی تیۆرییەوە هاوبەشە... سیکیولاریزم لەڕێی دوورخستنەوەی ئایین لەوەی جێی زانست لە کاروبارەکانی دەوڵەتدا بگرێتەوە، نوێگەری خێرا کردووە. ناکرێ سیکیولاریزم بەرتەسک بکرێتەوە لە جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەتدا... لە دەوڵەتی سیکیولاردا، نابێ باوەڕی پیرۆزی ئایینی بە هیچ شێوەیەک تێکەڵ بە سیاسەت و کاروبارە مەدەنییەکان و سیستەمە یاساییەکان بکرێ، کە

---

[1] دوو لە دادوەرانی دادگەی دەستووریی تورکیا لەسەر بنەمای ڕێککەوتنامەی ئەورووپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان، جیا بوونەوە.

ئەمانە پێویستە بەگوێرەی پێویستییەکانی تاکەکان و تەواوی کۆمەڵگە و بە بەکارهێنانی داتا زانستییەکان گەلاڵە بکرێن[1].

پاش داخستنی پارتی ڕەفای ئەربەکان، سەرکردایەتیی پارتەکە کەیسەکەیان بردە لای دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەهیوای ئەوەی حوکمەکە پێچەوانە ببێتەوە، بەڵام دادگەکەی ئەورووپا پشتگیریی بڕیارەکەی دادگەی تورکیای کرد بۆ داخستنی پارتەکە، لەسەر بناغەی ئارەزووی ڕەفا بۆ دامەزراندنی پلورالیزم و جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی (کە بە لای دادگەکەوە ناکۆکیی بنچینەیی لەگەڵ ڕێککەوتنامەکە هەیە) و بانگەشەکردن بۆ جیهاد و توندوتیژیی سیاسی[2].

دادگەی ئەورووپی ڕایگەیاند بەدڵنیاییەوە پرنسیپی سیکیولاریزم یەکێکە لە پرسنیپە بنچینەییەکانی ئەو دەوڵەتەی کە لەگەڵ حوکمی یاسا هاوئاهەنگە و ڕێز لە مافی مرۆڤ و

---

1 "هەندێ بەشی پەیوەندار بە بڕیاری دادگەی دەستووری لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی پارتی ڕەفا (پاشتر بڕیاری TCC). ئەم وەرگێڕانە لە لایەن پارێزەرانی ڕەفاوە پێشکەشی ECHR کرا". pp. 21–23.

2 Christian Moe, "Refah Partisi (The Welfare Party) and Others v. Turkey," The International Journal of Not-for-Profit Law 6(1): 2003. European Court of Human Rights (ECHR), Refah Partisi and Others vs. Turkey (No. 41340/98).

١٠ی تەمموزی ٢٠٠١ ئەنجوومەنێکی دادگەکە بە چواردەنگ بەرانبەر بە سێ، پاڵپشتی لە قەدەغەکردنی پارتی ڕەفا کرد. بڕیارەکە لە بەردەم ئەنجوومەنی باڵای دادگەکەدا خرایەوە ڕوو. لە شوباتی ٢٠٠٢دا، حەڤدە دادوەرەکەی ئەنجوومەنی باڵا بە حوکمەکە ڕازی بوون.

Özlem Denli Harvey, Islam and the Freedom of Religion or Belief: Perspectives from Contemporary Turkey, Human Rights Report No. 1/2000 (Oslo: Norwegian Institute of Human Rights, 2000).

دیموکراسی دەگری. هەر هەڵویستێک نەتوانێ ڕێزی ئەم پرنسیپە بگرێ، بە زەروورەت ناچێتە ژێر خانەی ئازادیی دەربڕینی ئایینی مرۆڤ[1].

وانەی سەرەکیی ئەزموونەکەی ڕەفا ئەوە بوو هەر پارتێک تا ئەو کاتە پاداشت دەکرێ و ڕێگەی پێ دەدرێ بەشداریی پرۆسەی سیاسی بکا کە لە چوارچێوەی دەستووردا بمێنێتەوە. هەر پارتێک بڕیار بدات گژبەریی سیستەمە دەستوورییەکە –ڕێڕەوی عەلمانییانەی دەوڵەت- بکا، ئەو پارتە دەبێ ڕووبەڕووی هێزی بەهێزی سوپا ببێتەوە لە شێوەی ڕوودانی کودەتایەکی چاوەڕوانکراودا، دادگەیش ئەو پارت، یان کۆمەڵە مەدەنییە قەدەغە دەکا، ئەوەیش بە پاڵپشتیی گەورەی گرووپە بازرگانییەکان و ئەو کۆمەڵە مەدەنییانەی وابەستەی بەها باڵاکانی کەمالیزمن.

ئەم سێ کۆتبەندە دامەزراوەییە گرنگن، بەڵام داینامیکە ناوخۆییەکانی ئەم گۆڕانە شەرح ناکەن: ڕۆڵی بۆرژوازییە نوێیەکە و ڕۆشنبیران لە پێکهێنانی نەخشەیەکی دیموکراسییانەی مەعریفیی نوێ لە سیاسەتدا.

لە ١٩٩٤ەوە "بزاڤی دیدگەی نیشتمانی" (NOM)ی ئەربەکان بە گۆڕانێکی ناوخۆیی گەورەدا تێپەڕیوە، ئەویش بە پێداگرتنی لەسەر کێبرکێ و بازاڕی ئازاد لەباتی چاودێریی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت و سیاسەتە ئابوورییە دابەشکارییانەکان، مافە تاکەکەسییەکان لەباتی بەها کۆمەڵگەییەکان،

---

[1]Refah Partisi (The Welfare Party) and Others vs. Turkey, Judgment, Strasbourg, February
13, 2003 (includes a concurring opinion of Judges Ress and Rozakis and a concurring
opinion by Judge Kovler).

لامەرکەزییەت و بەهێزکردنی شارەوانییە خۆجێییەکان لەباتی مەرکەزییەت، هەروەها جەختکردن لە بەها ئەورووپییەکان لەباتی بەها موحافیزەکارانە تورکی-ئیسلامییەکان.

ڕەفا لە پارتێکی ئەنتی-سیستەم (ئەنتی-کەمالیزم)ەوە بەرەو سیستەمخواز (پرۆ-سیستەم) و پارتێکی دیموکرات پەرەی دەسەند. لەئەنجامی ئەم گۆڕانەدا، ڕەفا لە ١٩٩٦دا گەیشتە دەسەڵات. لە ماوەی یازدە مانگی حوکمڕانییەکەیدا، ڕەفا زۆر هەوڵی دا سیاسەت و دیدگە دژە سیستەمەکەی بخاتە لاوە. بەڵام سەرەنجام، هەرچۆن بێ، نەیتوانی بەو خێراییە بگۆڕێ کە سیستەمەکە دەیخواست. لەولایشەوە لایەنگرانی دۆخی ئارا، لەپێشیانەوە سوپا، ئەو گۆڕانانەیان نەدەویست و هەموو تواناکانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەت خستە کار. پاش کودەتاکەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧، حکومەت دەستی لە کار کێشایەوە و پرۆسەی گۆڕانی NOM چڕتر بووەوە و لەئەنجامدا بوو بە خاوەن تێڕوانینێکی تەواو پرۆ-ئەورووپییانە.

لە کاتێکدا بەعەلمانیکردنی سیاسەتی ناوخۆیی بەردەوام بوو، سوپا یارمەتیی هێنانی ئەجەویدی دا بۆ حکومەت، کە خواستەکانی سوپای جێبەجێ کرد. خاڵی وەرچەرخان بۆ ئەجەوید لە ساڵی ١٩٩٩دا بوو، کاتێ هێزە تایبەتەکانی تورکیا بە یارمەتیی CIAی ئەمەریکی و ڕەنگە مۆساد MOSSADی ئیسرائیلییش، سەرکردەی کورد عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان لە نایروبیی پایتەختی کینیا قۆڵبەست کرد و هێنایانەوە بۆ تورکیا. ئەو ڕووداوە وای کرد ئەجەوید وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی دەربکەوێ، لانیکەم لە چاوی زۆربەی تورکە نەژادپەرستەکاندا.

سەرەنجام لە هەڵبژاردنەکانی نیسانی ١٩٩٩دا دەنگی هێنا و چووە دەسەڵات. پارتەکەی DSP ٢٢%ی دەنگە گشتییەکانی هێنا و بوو بە گەورەترین پارت و حکومەتێکی ئیئتیلافیی لەگەڵ MHP و ANAP پێکهێنا. بە هەرحاڵ متمانە جەماوەرییەکە بە ئەجەوید بە هۆی کارەساتێکی سروشتییەوە هەرەسی هێنا، ئەویش بومەرلەزەکەی ئابی ١٩٩٩ بوو.

حکومەت لە بەدەمەوەچوونی نەهامەتییە مرۆییەکانی پاش ڕووداوەکەدا خاوخلیچک بوو و بەو هۆیەشەوە ٢٥ هەزار کەس گیانیان لەدەست دا. زۆر کەس نائامادەیی حکومەتیان بە نیشانەی لێنەوەشاوەیی دەبینی، لەگەڵ ئەوەیشدا بومەلەرزەکە هاوسۆزییەکی چاوەڕواننەکراوی دراوسێ ڕکابەرە مێژووییەکەی تورکیا، واتە یۆنان و هەروەها یەکێتیی ئەورووپای بۆ تورکیا بەدەست هێنا. ئەم هاوسۆزییە نێودەوڵەتی -ئەورووپییە- لە لوتکەی هێلسنکیدا لە دیسەمبەری ١٩٩٩دا گۆڕا بۆ دانانان بە تورکیا وەک کاندید بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپا.

ئەم بڕیارە ئومێد و چاوەڕوانییەکانی لای حکومەتی ئەجەوید زیاد کرد تا دەست بداتەوە کۆمەڵێ گۆڕانکاریی سیاسیی نوێ لە چوارچێوەی پێوەرەکانی کۆپنهانگندا. لە میانەی ئەم ئومێدە باڵایانەدا بە گێڕانەوەی حوکمی یاسا، ئەحمەد نەجدەت سیزار سەرۆکی دادگەی باڵا، لە ئایاری ٢٠٠٠دا بوو بە سەرۆکی تورکیا و جێگەی ئەو کەسەی گرتەوە کە بووبوو بە سیمبۆڵی گەندەڵی، واتە سلێمان دیمیرێل.

کێشمەکێش لەنێوان سەرۆکی نوێ و حکومەتدا قەیرانی دارایی شوباتی ٢٠٠١ی لێ کەوتەوە، کە نزیک بوو لە

بومەلەرزەیەکی دارایی. بووە مایەی هەرەسی کەرتی بانکی تورکیا، دراوی نیشتمانی، واتە لیرە، ٥٤%ی بەهای خۆی لەدەست دا و بە هۆیەوە ڕێژەی سوود فڕی و بووە هۆی دابەزینی کۆی داهاتی ناوخۆیی GDP بە ڕێژەی ١٠% و لەدەستدانی سێ ملیۆن هەلی کار لە ٢٠٠١دا. لە سایەی ئەم سیناریۆی ئیفلاسی ئابووریدا حکومەت داوای لە کەمال دەرویش کرد -کە ئەوکاتە جێگری سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی (ئێستا سەرۆکی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانە)- ئابووریی تورکیا "چارەسەر بکات و سەرلەنوێ پەیکەربەندی بکاتەوە". دەرویش بە پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان سندووقی دراوی نێودەوڵەتی IMF و بانکی نێودەوڵەتیی قایل کرد ١٠ ملیاری تر دۆلار قەرز بدەنە حکومەتی تورکیا لە پاکێجێکدا کە سەرجەمی ١٧.٥ ملیار دۆلار بوو.

لەگەڵ ئەم هێڵە نوێیەی متمانەدا بە مەبەستی یارمەتیدانی سەقامگیرکردنی ئابووری، دەرویش کەوتەخۆ بۆ ئیدارەکردنی ئابووریی تورکیا، کە ئیتر ئێستا بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد پشت بە دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان دەبەستێ. لە کاتێکدا پرۆسەکانی سەقامگیریی ئابووری بەردەوام بوون، ژمارەیەک تۆمەتی گەندەڵی بوونە مایەی زنجیرەیەک دەستلەکارکێشانەوە لە DSP، لەناویاندا دەستلەکارکێشانەوەی دەرویشیش.

ئەم ڕووداوانە وایان لە ئیسمایل جەم کە ئەوکات وەزیری دەرەوە بوو، کرد، پارتێکی سۆشیال دیموکراتی نوێ دابمەزرێنێ. ئەم دەستلەکارکێشاوانە هانی دەوڵەت باخچەلیی سەرۆکی مەهەپە MHPو جێگری سەرۆکوەزیرانیان دا

بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەخت بدات لە ٢٠٠٢دا، تەنانەت ئەگەرچی ڕاپرسییەکان ئەوەیان پیشان دەدا خەڵک متمانەیان بە تەواوی ئەو پارتانەی هەن، هەرەسی هێناوە.

پارتێکی تازەدروستکراو و تاقینەکراوە بە ناوی ئاکەپە، بوو بە پڕجەماوەرترین پارت لە مێشکی خەڵکدا. لە تووڕەییان لە خراپ بەڕێوەبردنی وڵات و ئابوورییەکەی، ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە چینە پەراوێزخراوەکان و چینی ناوەڕاست لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا دەنگیان دا بە ئاکەپە. بەڵام هەرچۆن بێ ئاکەپە زادەی قەیرانەکەی شوباتی ٢٠٠١ نەبوو. لە کاتێکدا قەیرانەکە ئاگری تووڕەیی خەڵکی تاو دەدا و زەمینەی پێویستی بۆ سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکەدا دەڕەخساند، سەرکردایەتیی ئاکەپە و بەرنامە سیاسییەکەیشی ڕۆڵی گرنگیان گێڕا.

## حزبێکی سیاسی: حزبی فەزیلە
(Fazilet Partisi) (FP)

لەگەڵ داخستنی ڕەفا، پەرلەمانتارە پرۆ-ئیسلامییەکان پارتی فەزیلەیان لە ساڵی ١٩٩٧دا دامەزراند، کە بەشداریی هەڵبژاردنە گشتییەکەی ١٩٩٩ی کرد و نزیکەی ١٥.٥%ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و وەک سێیەم گەورەترین پارت چووە پەرلەمان[١]. خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا دوودڵ بوون لە دەنگدان بە پارتی فەزیلە، لەبەر ئەوەی نەیاندەویست قەیرانێکی بەردەوام لەنێوان دەوڵەت (سوپا) و حکومەت (پارتە ئیسلامییەکان)دا هەبێ.

پێش هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٩، سوپا و هاوپەیمانەکانی لە میدیاکان ئەوەیان ئاشکرا کرد کە ڕێگە بە FP نادرێ حوکمی وڵات بکا. سوپا پێشوەخت پەیامەکەی گەیاندبوو کە فەزیلە تەنانەت ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەیشدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ، ڕێگەی پێ نادرێ حکومەت پێک بێنێ. مەبەست لەم ئاگەدارکردنەوەیەی پێش هەڵبژاردن، ڕێگرتن بوو لە ئەگەری خراپترین سیناریۆ، ئەویش بەڕەسمی دەستگرتنی سوپا بوو بەسەر دەسەڵاتدا.

زیاد لەوەیش سیاسەتە هەلپەرستانەکانی ئەربەکان زۆر کەسی لەنێو پارتی فەزیلەدا تووڕە کرد و لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٩دا پشکی لە دەنگەکان لە ٢١%ەوە بۆ ١٥% دابەزی.

---

[1] For a discussion on the Virtue Party, see Birol A. Yesilada, “The Virtue Party,” Turkish Studies, 3:1 (2002), 62–82.

بڕیارەکەی ئەربەکان بە پاڵپشتیکردنی پەرلەمانتارە تووڕەکان کە هەوڵیان دەدا هەڵبژاردنەکان هەڵبوەشێننەوە، وەک هەوڵێکی هەلپەرستانە بۆ خۆلادان لە هەڵبژاردن تەماشا دەکرا[1]. بە هەرحاڵ، لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا زۆر بە باشی کاری کرد.

ترس لە داخستن چوارچێوەی سەرەکیی سیاسەتی فەزیلە بوو، لەبەر ئەوە بەرنامەیەکی میانڕەوانەتری پەیڕەو کرد لەڕێی زیاتر جەختکردن لە هێزەکانی بازاڕ و تایبەتاندن تا لەسەر ڕۆڵی دابەشکارانەی دەوڵەت و مافە تاکەکەسییەکانی و مافەکانی مرۆڤ. هەروەها بە هیچ شێوەیەک بە ڕوونی ئاماژەی بۆ ئیسلام، یان بەها ئیسلامییەکان نەدەکرد، جەختی لە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ شارەوانییەکان دەکرد و خۆی پابەند کرد سیاسەتی دەرەوەی ئەورووپییانە (لایەنگری یەکێتیی ئەورووپا)ی تورکیاوە.

پارتی فەزیلە گەورەترین بارستەی لە پەرلەمان پێک هێنا و لە ڕۆژانی ڕەفابوونیەوە گۆڕانی بەرچاوی بەسەر خۆیدا هێنا[2].

---

[1]Yavuz Selim, Yol Ayrımı: Milli GörüşHareketindeki Ayrışmanın PerdeArkası (Ankara: Hiler, 2002); Karaman, “İlkeli mi Faydacı mı?” Yeni Şafak, March 21, 1999; Taşgetiren, “Fazilet Yara Alıyor Farkında mısınız?” Yeni Şafak, March 11, 1999.

[2] محەمەد بەکرئۆغلو کە ئیسلامییەکی دیموکراتخوازی دیارە باشترین لێکۆڵینەوەی لەبارەی پەرەسەندنی ئاکەپە و سەرکردایەتییەکەی نووسیوە. بڕوانە:

M. Bekaroğlu, “Adil Düzen”den “Dünya Gerceklerine”: Siyasetin Sonu (Ankara: Elips, 2007).

خۆی دوور گرت لە بەکارهێنانی ئاشکرای شێوازی ئەربەکان لە گوتاری "دژە غەربی و بەئەسپاییش دژە-سامیدا". کرۆکی سەرکردایەتی کە کەسانی موحافیزەکاری ناسیونالیستی وەک جەمال چیچەک و عەلی جۆسکون و نەوزاد یالجینتاش و نازلی ئیلیجاکی تێدا بوو، سەرپەرشتیی گۆڕانەکەیان دەکرد. ئەم سەرکردایەتییە نوێیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە موحافیزەکاری و لە ڕووی کولتوورییەوە نەتەوەیی، مەیلە بازاڕی ئازاد، وەک پەرچەکردار ئەنتی-خۆرئاوا نەبوون و هەوڵیان دەدا سەرلەنوێ وێنەیەکی مەرکەزی بۆ پارتی فەزیلە دروست بکەن.

زیاد لەوەیش، کۆمەڵێ سیاسەتی نوێیان پەیڕەو کرد لەڕێی گۆڕینی میکانیزمی بڕیاڕدروستکردن لە حزبەکەدا و ڕێگەدان بە بەشداریی زیاتری مامۆستایانی زانکۆ، هەم لە لیژنەی ناوەندی و هەم لە ئەنجوومەنی شووراداا، کە لەوێ ١٥ کورسییان هەبوو. نەوە لاوەکە پێی وا بوو پارتی ڕەفا لە ڕابردوودا هەڵەی کردووە کاتێ نەیتوانیوە بە ئەندازەی پێویست دوورتر بڕوات و ترسی سیکیولاریست و سەنتەریستەکان بڕەوێنێتەوە و قەناعەتیان پێ بکەن، کە ئەوان بەنیاز نین دید و بۆچوونی ئایینی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن.

---

ئەم کارە درێژ و بە وردەکارییە خوێندنەوەیەکی قووڵی سۆسیۆلۆژییانە و سایکۆلۆژییانە بۆ پاشخانی ئاکەپە دەکا.

بۆ نموونە، بولەند ئارینچ سەرۆکی پێشووی پەرلەمان کە ئەو کاتە ئەندامێکی چالاکی فەزیلە بوو، پێی وا بوو فەزیلە پێویستی بەوەیە لەباتی پێداگری لەسەر بابەتە سافئایینییەکان، پرۆسەی دیموکراتیزەکردن زیاتر بکات، هەروەها فەزای زیاتر بۆ ئافرەتان برەخسێنێ، کە بووەتە توخمێکی کاریگەر بۆ بزوتنەوەکە.

ئەمە گواستنەوە نەبوو لە سیاسەتێکی خیتابییەوە بۆ سیاسەتێکی جەدەلی، بەڵکو زیاتر گواستنەوە بوو لە جیهانبینییەکی دژە-هەژموونیانەوە بۆ (وەسەتییەت)ێکی نیشتمانیی موحافیزەکار.

سیاسەتی فەزیلە زیاتر تەواوکردنی تایپێکی ڕاستی-ناوەڕاستانەی ئایدیۆلۆژیای کەمالی بوو تا ئەوەی خستنەڕووی ئایدیا و ستراتیژێکی نوێ بێ بۆ فۆرمەلەکردنی گرێبەندێکی کۆمەڵایەتیی نوێ.

## خشتەی ٢-١:
## بەراورد لەنێوان ڕەفا و فەزیڵە و ئاکەپە:

| | پارتی ڕەفا RP | پارتی فەزیڵە FP | پارتی داد و گەشەپێدان AKP |
|---|---|---|---|
| ڕۆڵی ئابوورییانەی دەوڵەت | ڕۆڵی دەوڵەت لە دابەشکردنی داهاتەکان و هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەردا گرنگە. ڕۆڵی دەوڵەت وەک تایبەتاندن privatization گرنگە. | جەختنەکردن لە ڕۆڵی دەوڵەت مامەڵەکردن لەگەڵ تایبەتاندن وەک ڕێگەیەک بۆ زاڵبوون بەسەر نایەکسانییە ئابوورییەکاندا. | مامەلەکردن لەگەڵ بازاڕ وەک دەرمانی سەرجەم کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. باشکردنی لێوەشاوەیی و بەرهەمهێنی. پاڵپشتیکردن لە تایبەتاندن و ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووریدا.. |
| دیموکراتیزەکردن | وێنای کۆمەڵگەییان بۆ دیموکراسی، تاکایەتی ناو بەڵکو زیاتر کەسگەرایی. پێداگرتن لەسەر مافە تائیفی و ئایینییەکان. سیستەمی | گوتاری مافەکانی مرۆڤ بەتەواوی پەسەند کراوە و پرۆسەی بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا پێشوازیی لێ | پرۆسەی بوونە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا بە تەواوی پەسەند کراوە، وەک پرۆژەی دیموکراتیزەکردن. سەرکردە سەنتەر و دیموکراسیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سەرکردە- سەنتەریی حزب و نەبوونی هیچ هەستێکی فرەیگەرایی (پلورالیزم) و هۆمۆجینکردن لەڕێی ئیسلامەوە ئامانجی پرۆسەی سیاسین.. | کراوە بۆ باشترکردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ. ئازادییە ئایینییەکان وەک کرۆکی گوتاری مافەکانی مرۆڤ مامەڵە دەکرێ | زۆرینە. نەبوونی بەشدارییەکی ئوتۆ لەناو حزب و جولاّن لەنێوان ناسیونالیزم و دیموکراسیی تایفیدا. |
| ناسیونالیزم | تورکبوون لە لایەن ئیسلام و میراتی عوسمانی و تورکیایش وەک سەرکردەی شارستانێتیی ئیسلامی پێناسە دەکرێ. ئیسلامۆ- ئیمپرالیزم | نەبوونی کات بۆ باسکردنی ئەم بابەتانە.. | نیشتمانپەوەرییی دەستووری. پێناسەکردنەوەی تورکبوون لەسەر بناغەی نەژاد بۆ ددانپێدانان و دەمجکردنی کوردەکان لەسەر بناغەی ناسنامەکەیان. گوتارێکی ناڕوون و تەمومژاوی سەبارەت بە ناسیونالیزم و دەوڵەتگەرایی. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرچاوەی بەهاکان | بەها ئایینییەکان وەک سیستەمی فێرکاری بۆ بوونە "کەسێکی ئەخلاقی". پێویستە بەها ئیسلامییەکان تێکەڵ بە سیستەمی سیاسی بکرێن بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر. شوێنێکی ئەوتۆ بۆ بەها عەلمانییەکان نییە. | بەها ئەخلاقییەکان بایەخپێدراون، بەڵام گوتاری عەلمانی بۆ مافەکانی مرۆڤیش وەک سەرچاوەیەکی زیادە بۆ بەهاکان مامەڵە کراوە. | بەها ئایینییەکان بە گرنگ دانراون، بەڵام سیستەمێکی بەهایی نین بۆ گفتوگۆی گشتی. گوتاری مافەکانی مرۆڤ بەکارهێنراوە بۆ هێنانەکایەی سیستەمێکی بەهایی نوێ. خودا بەشێک نییە لە گفتوگۆی بەهاکان. بایەخدان بە بەرپرسیارێتی و سەرکەوتنی تاک و کێبڕکێکردن. |
| مەرکەزیەت لەبەرانبەر حکومەتی خۆجێیی | رۆڵی چالاک بۆ حکومەتی ناوەندی لەپێنا بەرقەرارکردنی دادپەروەری و بەدیهێنانی پێشکەوتن | جەختکردن لەسەر لامەرکەزییەت و بەهێزکردنی شارەوانییە خۆجێیەکان. | تایبەتاندن و لامەرکەزییەت وەک "تاکە گەمەی شار". هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی شارەوانییە خۆجێییەکان و لاوازکردنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | دەسەڵاتی ئەنکەرە. |
| ڕێڕەوی سیاسەتی دەرەوە | بە نەزعەیەکی زۆر دژە غەربی و دژە یەکێتیی ئەورووپا دەستی پێ دەکا، بەڵام وردەوردە هەڵوێستی نەرم دەکا. حەز لە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامی دەکا و پان-ئیسلامیزم بەشێکی سەرەکییە لە گوتاری سیاسەتی دەرەوەی. لە حکومەتدا پەیڕەوی لە سیاسەتی تەقلیدیی تورکیا دەکا. | زیاتر پرۆ-ئەورووپی و پرۆ-یەکێتیی ئەورووپایە بۆ فراوانکردنی شەرعییەتی خۆی. جەختنەکردن لەسەر ناسنامەی ئیسلامی وەک سەرچاوەیەک بۆ سیاسەتی دەرەوە. | پرۆ-یەکێتیی ئەورووپایە تا بەسەر تۆمەتکردنیدا بە ئیسلامیزم زاڵ بێ، دیموکراسی بەهێز بکات و دەسەڵاتی سوپا لە سیستەمەکەدا لاواز بکا. EU وەک ڕێگەیەک دەبینرێ بۆ هێنانەکایەی بەدیلێک بۆ بەسەنتەربوونی US لە سیاسەتی دەرەوەدا. EU وەک بازاڕ و ڕاکێشانێکی شارستانییانە بۆ گۆڕانی تورکیا. زۆر بایەخ بە پرس و لایەندییە ئیسلامییەکان نادرێ. |

فەزیلە لەباتی جارێکی تر پێناسەکردنەوەی بۆ چەمکە تەومژاوییەکانی لە سیستەمی دادپەروەر و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەوڵی دەدا دەستبەرداری وێنە ڕادیکاڵانەکەی ببێت و وێنەیەکی "ئاسایی" mainstream پەیڕەو بکا بە مەبەستی ئەوەی وردەوردە دەوڵەت و کۆمەڵگە بەرەو هەڵوێستەکانی بگۆڕێ.

بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیادا بمێنێ، فەزیلە بڕیاری دا ڕاستەوخۆ خۆی وەک دژی پارتەکانی تر و سیستەمی کەمالی پیشان نەدا. لەبەر تیشکی داخستنی ڕەفا لە لایەن سوپاوە، هەندێ کەس وا هەست دەکەن فەزیلە هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ دامەزراوەی کەمالیدا بگونجێنێ، بەمەیش پاڵنەرە دەسەلاتگەراکانی تاو دا. فەزیلە هەرگیز هەوڵی نەداوە ببێتە ئامرازێک بۆ گۆڕان، بەڵکو زیاتر بابەتێک بووە بۆ گۆڕان. ئەو پارتە ئامانجی نەبوو سیستەمی سیاسی ڕیفۆرم بکا، بەڵکو زیاتر وای بە باش دەزانی خۆی بەگوێرەی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت بگۆڕدرێ. خەمی سەرەکیی فەزیلە ئەوە بوو خۆی لە داخران لابدات، ئەوەیش ڕێگەی ئەوەی لێ گرت وەک پارتێکی سیاسیی ئاسایی کار بکا.

زیاد لەوەیش، ڕەجای کۆتان سەرۆکی فەزیلە، شێوازێکی مەراییکارانەی لەئاست ئیستیفزازاتەکانی سوپا گرتەبەر، بەوەی ڕایگەیاند کە دەشێ سوپا لە ڕووی یاساییەوە مافی هەبێ دەست وەربداتە کاروبارە مەدەنییەکان. فەزیلە بە ڕوونی خوازیار بوو بە نمایشکردنی ئەم ڕووە میانڕەوانەیە بتوانێ خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتر لابدات. بە هەرحاڵ، ئەم ڕێبازە هانی زیادەڕەوییەکانی کەمالیستەکانی دا لە کاتێکدا کڵپەی زیاتری بە ئاگری تووڕەیی ڕوولەزیادیی خەڵک دەدا، لە

دژی شکستی سیاسییە مەدەنییەکان بۆ وەستانەوە بە ڕووی ژەنراڵە ڕەزاقورسەکاندا.

بە هەرحاڵ، کەیسەکەی مەروە قاوەقچی، کە ژنە پەرلەمانتارێکی فەزیلە بوو بە سەرپۆشەوە هاتە ناو پەرلەمان و ڕەتی کردەوە لە کاتی سوێندخواردندا لاییبات، ناڕەزایییەکی گەورەی لە پەرلەمان دروست کرد. هەم سەرکۆمار و هەم سەرۆکوەزیران قاوەقچییان بە "توخمێکی ئالۆسکێنەر" وەسف کرد. دادگەیش لای خۆیەوە ڕەگەزنامەی لە قاوەقچی سەندەوە و لە مافی پەرلەمانتاری بێبەشی کرد، گوایە دەسەڵاتدارانی وڵاتی لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی ئەمەریکیی ئاگەدار نەکردووەتەوە[١].

زیاد لەوەیش، ڤورال شاڤاس داواکاریی گشتیی باڵای دادگەی بەرایی داوای داخستنی فەزیلەی کرد و تۆمەتباری کرد بەوەی "دومەڵێکی پیسە تەشەنەی کردووە"[٢]. کەیسەکەی قاوەقچی لە دادگەی دەستووری لە حوزەیرانی ٢٠٠١دا کۆتایی بە ژیانی سیاسیی پارتی فەزیلە FP هێنا.

نەوەی نوێی سیاسییەکانی فەزیلە حەزیان لە تاکڕەویی ئەربەکان نەبوو لە دروستکردنی بڕیاردا و ڕەخنەی زۆریان لە سەرۆکی فەزیلە "ڕەجای کۆتان" هەبوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزاڤەکەدا، دوو کاندیدی بەهێز لە یەکەمین کۆنگرەی

---

[1]Merve Safa Kavakcı, Basörtüsüz Demokrasi (Istanbul: Timaş, 2004).

کاڤاکسی لەم کتێبە بە سۆزەوە نووسراوەیدا زانیاریی ڕاستەوخۆی لەبارەی زەحمەتییەکانی قاوەقچی پێشکەش کردووە.

[2]Sabah, January 19, 2000.

پارتەکەدا دژی یەک وەستان. گیول Gül[١]، کاندیدی نەوەی نوێ، ٥٢١ دەنگی بەدەست هێنا، ئەگەرچی هەڵبژاردنەکەی بەرانبەر کوتان (کە ٦٣٣ دەنگی بەدەست هێنا) دۆڕاند. هاوڕێیەکی نزیکی ئەردۆگانە[٢]. ئەمە یەکەمین بومەلەرزەی سیاسی بوو لەنێو NOMو یەکەمین یاخیبوونی ئاشکرا بوو لە دژی باڵادەستیی سیاسیی ئەربەکان. بەم شێوەیە، NOM نەیتوانی خۆی لە بەرانبەر ئایدیا و ئەزموونە دیموکراسییەکان بپارێزێ.

پاش یەکەم کۆنگرەی فەزیلە، گیول گوتی: ئەگەرچی پارتی فەزیلە FP پارتێکی سیاسییە، هەڵە نابێ بوترێ FP بۆ یەکەم جار ڕۆژی یەکشەممە لە کۆنگرەی حزبدا ڕووبەڕووی سیاسەت بووەوە. کۆنگرەی حزب کۆنگرەیەکی زیندوو و چالاک بوو، لەبەر ئەوەی بە دوو کاندیدی جیاوازەوە چووە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پارتەکە... بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا FP پێش لە ڕای گشتی ڕەخنەی لە خۆی گرت[٣].

---

[1] گیول لە ١٩٥٠ لە کەیسەری لەدایک بووە و وەک ئابووریناسێک لە بانگی گەشەپێدانی ئیسلامی لە جەددە کاری دەکرد (١٩٨٣-١٩٩١). ساڵی ١٩٩١ لەسەر لیستی پارتی ڕەفا لە پارێزگای کەیسەری هەڵبژێردرا. ١٩٩٦-٩٧ وەزیر بوو. گیول بە"شێوازە نەرم و خاکییەکەی" ناسراوە.

Jim Bodgener, Briefings, No. 1420 (Nov. 2002).

[2] دەربارەی کۆنگرەکە بڕوانە: Milliyet, May 15, 2000.

دەربارەی گیول و بیروبۆچوونەکانی بڕوانە: Yavuz Selim, Gül'ün Adı (Ankara: Kim Yayınları, 2002).

[3] Abdullah Gül, "Fazilet Kongresi," Milliyet, May 17, 2000.

پاش ئەم کۆنگرەیە، پاسەوانە کۆنەکەی حزب دەستی دایە شەڕێکی ناوخۆ لە دژی گیول و هاوەڵانی، بەوەیش لێکترازانی حزبەکەیان قووڵتر کردەوە.

پاش داخستنی فەزیلە، دوو گرووپی لێ جیا بوونەوە و هەریەکەیان حزبێکی سەربەخۆیان دامەزراند. پاسەوانە کۆنەکە لەژێر فەرمانی ئەربەکاندا، تەممووزی ٢٠٠١ پارتی سەعادەت Saadet Partisi (SP)یان دامەزراند، بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی نزیکی ئەربەکان، ڕەجای کۆتان. لەبەر ئەوەی زۆربەی سیاسییە لیبراڵەکان پارتەکەیان بەجێهێشت، (SP) گوتارە ئیسلامییە کۆنەکەی زیندوو کردەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، تەنانەت (SP)یش گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر بەرنامەی پارتەکەدا هێنا، ئەویش بە داکۆکیکردنی لەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا "گرنگن بۆ پیادەکردن و بەدیهێنانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێساکانی دیموکراسی و پەرەسەندنی زیاتری تورکیا لەڕێی پەیوەندیی بەهێزتر لەگەڵ ئەورووپا"[١].

جیاوازییە ئایدیۆلۆژی و چینایەتییەکان و جیاوازیی نەوەکان ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە لەبەریەکهەڵوەشانی بزاڤی دیمەنی نیشتمانیدا هەبوو. بۆرژوازییە ناوچەییە ئەنادۆڵییە تازە سەرهەڵداوەکە بە تەواوی پاڵپشتی لە گرووپە ڕیفۆرمیستەکە دەکرد، کە بە پێچەوانەی ئەربەکان و تاقمەکەی سیاسەتێکی زیاتر بسازانەیان پەیڕەو کرد. ئەو بزنسمانە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە ناوچەییە لاوازانە پشتگیرییان لە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەت نەکرد و بڕیاریان

[1] دەربارەی بەرنامەی پارتەکە بڕوانە: www.saadet.org.tr

دا پاڵپشتیی ئەجێندا لە ڕووی ئابوورییەوە لیبراڵ و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە موحافیزەکارانەکەی گیول بکەن.

لەبەریەکهەڵوەشانی هاوپەیمانییە چینایەتییەکە و دابەشبوونی سەرکردایەتیی پارتەکە بەرەنجامی پێکهاتنی بۆرژوازییەکی کاریگەر بوو لەنێو بزاڤە ئیسلامییەکە و پاڵەپەستۆی سەربازی-یاسایی بوو بۆ جوڵانەوە لەنێو چوارچێوەی یاساکانی سیستەمە دەستوورییەکەدا. لە سەردەمی فەزیلەدا، لە ئەنجامی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، گۆڕان لە ئەنتی-سیستەمەوە (دژەسیستەم) بۆ پرۆ-سیستەم (سیستەمدۆست) و بوون بە پارتێکی دیموکراسییانەتر بە تەواوی جێبەجێ بوو. زۆر لە سەرکردەکانی فەزیلە دەرکیان بەوە کرد بژارەکانی سیاسەتی تورکیا بە ڕێسا و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بەستراونەتەوە، بۆ نموونە ڕێساکانی کۆپنهاگنی یەکێتیی ئەورووپا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، مافە کولتوورییەکان و پتەوکردنی حوکمی یاسا بوونە مەرجەع بۆ گۆڕان و سەرچاوەیەک بۆ پاراستن لە دژی زیادەڕەوییەکانی دەوڵەت[1].

بڕیاری دادگەی دەستووری بە داخستنی FP دەرفەتی نوێی بۆ سیاسییە موسڵمانە گەنج و میانڕەوەکانی نێو فەزیلە ڕەخساند کە ئێستا قەدەغە کراوە. جگە لە پارتی سەعادەت SP کە لە ئابی ٢٠٠١دا، وەک پارتێکی نوێ دامەزرا، ئەندامە

[1]Saban Kardas, “Human Rights and Democracy Promotion: The Case of Turkey-EU
Relations,” Alternatives: Turkish Journal of International Relations, 1:3 (2002), 136–150;
Hasan Kösebalaban, “Turkey’s EU membership: a clash of security cultures,” Middle
East Policy, 9 (June 2002), 130–146.

میانڕەوترەکانی فەزیلەیش ئاکەپەیان بە سەرکردایەتیی ئەردۆگان دامەزراند. هێشتا ژمارەیەک پرسیار هەن لەبارەی بنەچە و نیاز و ئامانجەکانی ئاکەپە. خەڵک دەپرسن: ئاخۆ ئەو پارتە تازەدامەزراوەی ئاکەپە کۆپییەکی هاوشێوەی پارتە ئیسلامیمەشرەبەکانی پێشووە، یان هەر بەڕاستی قەوارەیەکی سیاسیی نوێیە لە گۆڕەپانی سیاسیی تورکیادا؟ ئەگەر پارتێکی نوێیە، "نوێبوون"ەکەی چی دەخوازێ؟

## دەرەنجام

چاکسازییەکانی ئۆزال لە ١٩٨٠کاندا یارمەتیی دروستبوونی ئەوەی پێی دەوترێ "پڵنگە ئەنادۆڵییەکان"ی دا، کە هێزێکی سەربەخۆیە لە مێژووی تورکیادا لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت و کاری بۆ ڕێکخستنەوەی تورکیا لەڕێی پاڵپشتیکردنی گۆڕانێکی ئابووریی لیبراڵیانەی نوێوە، بە کولتوورێکی موحافیزەکارانەی ئایینییەوە. مرۆڤ دەتوانێ ڕەگوڕیشەکانی ئەم گۆڕانە لە ئایدیاکانی ئەو چینە بازرگانە نوێیە و ڕووناکبیرە ئیسلامییە نوێکاندا بدۆزێتەوە، کە زۆر نەیاری تێگەیشتنی کەمالیانە بوون بۆ مۆدێرنێتە، کە پێیان وا بوو قورسی کەوتووەتە ژێر هەست و سۆزی دژە ئیسلام.

ئەم دوو گرووپە –واتە بازرگانە و بیرمەندە ئیسلامییەکان– جگە لە هەڵوێستە دژەکەمالییەکیان، بەدەستهێنانی بەختەوەرەیان بۆ ئەودنیا دوانەخست، بەڵکو خستیانە ئێرە و ئێستا. ئەوانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەیان بەشداریی ژمارەیەک پرۆژەیان کرد. بە لای ئەوانەوە، جیاواز لە مەسیحییە پرۆتێستانتە گەلڤنییەکانی سەدەی شازدەیەم،

بەختەوەری لە ڕووی قازانج و کۆشش لەپێناو بەرەوپێشچوون، هەروەها دروستکردنی کایەی ماددیی گەورە بۆ چێژوەرگرتنی کەسی دیاری دەکرێ.

ئەم فەلسەفەیە بوو بە خەونی نوێی تورکیا: بەدەستهێنان و سەرکەوتن لە بازاڕ و سوودبینین لە سەرچاوەکانی ئابووری و زانستیی نوێ، بە مەبەستی پێشخستنی تاک و کۆمەڵگە: بە چەسپاندنی لە سەرکەوتنی ئابووریی بازاڕ بەسەر دەوڵەتگەرایی کەمالی، هاتنەکایەی خوێندنی تایبەت، بڵاوبوونەوەی تۆڕە نوێکانی ڕاگەیاندن، فراوانبوونی کایەی گشتی و فۆرمی نوێی بیرکردنەوەی ڕووت، ساتی ئەوە هات سەرلەنوێ شوێنی دەوڵەت و سیکیولاریزم لە کۆمەڵگەدا دیاری بکرێتەوە و ئەو پرسیارە بکرێ ئاخۆ تورکبوون، یان هاووڵاتیبوونی تورکی چ مانایەک دەگەیەنێ؟

ئۆزال زاراوەی "ماف" و کۆمەڵگەی مەدەنیی هێنایە نێو گوتاری سیاسیی تورکیاوە. AKP دەرەنجامی گۆڕانی ئیسلامی لیبراڵە کە چوار فاکتەری سۆسیۆ-سیاسی بزوێنەری بووە: بۆرژوازیی نوێی ئەنادۆڵ + زیادبوونی کایەی گشتی و ڕووناکبیرانی ئیسلامیی نوێ + پێوەرەکانی کۆپنهاگن + کودەتا نەرمەکەی ٢٨ی شوبات.

ئایا دەکرێ ئەزموونی ئیسلامیزمی لیبراڵی تورکی و AKP هەناردە بکرێ؟ کۆمەڵناسی تورکی شەریف ماردین AKP بە بەرەنجامی چوار میراتی کۆماری دادەنێ: هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئیسلام کە ئیسلامێکی مۆدێرنیزەکراو و زیندووی لێ بەرهەم هات + گواستنەوە لە ئوممەت umma ەوە بۆ هاووڵاتیبوون + دەرفەتە ئابوورییە نوێکان + هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەگەڵ سیستەمی نوێی

پەروەردەییدا[1]. ماردین دامەزراندنی تۆڕە نارەسمییەکان بە گرنگترین خاڵی هێزی ئاکەپە دەستیشان دەکا.

بە هەرحاڵ ماردین دەپرسێ ئاخۆ ئاکەپە دەتوانێ تۆڕی ڕەسمیتر دابمەزرێنێ و کاریان لەگەڵدا بکا.

ماردین گومانی هەیە لە قابیلیەتی هەناردەکردنی ئەزموونەکەی تورکیا (ئەزموونی گواستنەوە لە ئیسلامیزمەوە بۆ دیموکراسی) بۆ وڵاتانی تری ئیسلامین، لەو ڕووەوە ئەو وڵاتانە خاوەن ئەزموونی کەمالی نین[2].

لە چاپتەری داهاتوودا لە ناسنامە و سیاسەتەکانی ئاکەپە دەکۆڵمەوە.

---

[1] دیمانەی خۆم لەگەڵ ماردین، ئیستەنبوول، یەکی نیسانی ٢٠٠٥. بۆ دیمانەکەی شەریف ماردین، پێویستە سەرکەوتنی ئاکەپە وەک سەرکەوتنی کەمالیزم تەماشا بکرێ، بڕوانە: Vatan, September 30, 2003.

[2] Vatan, September 30, 2003.

-٣-

# ئایدیۆلۆژیا
# سەرکردایەتی و ڕێکخستن

لە ئابی ٢٠٠١دا باڵە ڕیفۆرخواز و لاوەکەی نێو فەزیلە بە سەرکردایەتیی عەبدوڵڵا گیول بە پاڵپشتیی بۆرژوازیی ئەنادۆڵیی گەشەکردوو ئاکەپە AKPیان دامەزراند. پارتی داد و گەشەپێدان Adalet ve Kalkınma Partisi، بە ئینگلیزی دەبێتە (Justice and Development Party) پێی دەوترێ Ak Parti. ئاکپارتی بەواتای پارتی "بێگەرد" یان "پیسنەبوو"، تا بەوە خۆی لە پارتەکانی تر جیا بکاتەوە، کە گوایە بەر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ لە گەندەڵیی گەورەوە گلاون[١].

ئاکپارتی خۆی پابەند کرد بەوەی ئیسلام بۆ مەرامی سیاسی بەکار نەهێنێت و کۆتایی بە سیاسەتی ڕووبەڕووبەڕووبوونەوە هێنا. ئەوەی بە لای زۆر لە چاودێرانەوە مایەی حەپەسان بوو، ئەوە بوو ئەگەرچی ئاکەپە لە هەناوی بزوتنەوەی سیاسیی ئیسلامییەوە هاتە دەرەوە، بەڵام لایەنگری ئەورووپایە و لەگەڵ فرەڕەنگیدا لێبوردەیە. بە

[1]سکاڵای هاوشێوە لەسەر گەندەڵی و مەحسوبیەت لە دژی ئاکەپەیش بەرز کرایەوە.
Fahrettin Altun, “AKP ve Muhafazakar Demokrasi,” Anlayış, March 2004, 32–34.

هـۆی ڕوخـانی حکومـەت لـە ٢٠٠٢دا، AKPی تـازەدامـەزراو خۆی لـە نـاوەنـدی هـەڵبژاردنێکدا لـە ٣ی نۆڤـەمبـەری هـەمـان ساڵدا بینییەوە. پاش کـەمێک زیـاتر لـە سـاڵێک لـە دامـەزرانـدنی ٣٤%ی دەنگـەکـان و ٣٦٣ کورسـیی لـە کـۆی ٥٥٠ کورسـیی پەرلەمـان بـەدەست هێنـا، واتـە زۆرینـەی نزیکـەی دوو لـەسـەر سێی کورسییەکان[١].

لـە هـەمـان هـەڵبژاردنـدا پارتی سـەعـادەت (SP)ی ڕەجـای کوتان تەنیا ٣%ی دەنگەکانی بەدەست هێنا[٢].

سەرکەوتنەکەیAKP لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٢دا دەکرێ بە کۆبوونـەوەی چـەنـد فاکتـەرێـک لێـک بدرێتـەوە[٣]. بێـزاری و نـاڕەزایی بەربڵاوی خەڵک لە ئابووری و پارتـە سیاسـییەکـان، هانی زۆر کەسی دا دەنگ نەدەن، یاخود لە دژی ئەو پارتـانـەی هەن، دەنگ بدەن و لـەباتی ئـەوان ئاکـەپـەی تاقینـەکـراوە، تـاقی بکەنەوە.

---

[1] لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا ٨.٩ ملیۆن کەس (٢٠.٩%ی کۆی گشتی) دەنگیان نەدا. زیاد لەوەیش ١.٢ ملیۆن کەس (٣%)ی دەنگەکان سووتان. ئەم بێزارییەی دەنگدەر دەرەنجامی پاشەکشەی ئومێدە بە سیاسەت بە هۆی قەیرانە داراییەکەی ٢٠٠١ و کزبوونی متمانە بە حکومەتە ئیئتیلافییەکان. گەندەلی و مەحسوبییەت لەنێو حزبە دەسەلاتدارەکاندا ڕیشەیان داکوتابوو. زۆر کەس نیشانەی پرسیاریان لەسەر سەرکردەکانی حزبەکان دروست کردبوو کە دەست و پێوەندەکانیان لەناو تۆڕێکی پەیوەندیی ئابووریدا پێکەوە بەسترابوون.

[2]Fulya Atacan, “Explaining Religious Politics at the Crossroad: AKP-SP,” Turkish Studies, 6:4 (September 2005), 187–199.

[3]Ali Carkoğlu, “Turkey’s November 2002 Elections: A New Beginning,” MERIA e-Journal, 6:4 (December 2002) (http://www.biu.ac.il).

بەم شێوەیە کاریگەریی بەربەستی ١٠% (کە بۆ چوونە ناو پەرلەمان پێویستە) و ڕێژەی بەرزی دەنگنەدەران (٤٦.٣%ی ڕێژەی دەنگدان) بوو، بە سەرکەوتنێکی پەرلەمانیی گەورە بۆ AKP.

هەڵبژاردنەکە مشتومڕێکی گەورەی هێنایە کایە لەو ڕووەوە ٢١%ی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو (٨ ملیۆن و ٦٧١ هەزار و ٩٨٢ کەس) دەنگی خۆیانیان بەکار نەهێنا، هەروەها ٣%ی دەنگە بەکارهێنراوەکان (یەک ملیۆن و ٢٦٢ هەزار و ٦٧١ کەس) بەتاڵ بوون. جگە لەمە ٤٦%ی هەڵبژاردنی دەنگدەران بە هۆی بەربەستی ١٠%وە لە پەرلەماندا ڕەنگی نەدایەوە. بەکورتی ٢٥ ملیۆن کەس لە پەرلەماندا نوێنەرایەتی نەکران.

**خشتەی ١-٣:**

| پارت | کۆی دەنگ | % |
|---|---|---|
| پارتی چەپی دیموکرات (DSP) | ٣٨٤.٠٠٩ | ١.٢ |
| پارتی گەلی دیموکرات (DEHAP) | ١.٩٦٠.٦٦٠ | ٦.٢ |
| پارتی وڵات (YP) | ٢٩٤.٩٠٩ | ٠.٩ |
| پارتی کاری نەتەوەیی (MHP) | ٢.٦٣٥.٧٨٧ | ٨.٤ |
| پارتی ڕێگەی ڕاست (DYP) | ٣.٠٠٨.٩٤٢ | ٩.٥ |

| | | |
|---|---|---|
| پارتی نیشتمانی (MP) | ٦٨.٢١٧ | ٠.٢ |
| پارتی یەکێتیی مەزن (BBP) | ٣٢٢.٠٩٣ | ١.٠ |
| پارتی نیشتمانی دایک (ANAP) | ١.٦١٨.٤٦٥ | ٥.١ |
| پارتی لیبراڵ دیموکرات (LDP) | ٨٩.٣٣١ | ٠.٣ |
| پارتی سەعادەت (SP) | ٧٨.٤٩٥ | ٢.٥ |
| پارتی سەربەخۆی تورکیا (BTP) | ١٥٠.٤٨٢ | ٠.٥ |
| پارتی ئازادی و دەستەبەری (ÖDP) | ١٠٦.٠٢٣ | ٠.٣ |
| پارتی کۆمۆنیستی تورکیا (TKP) | ٥٩.١٨٠ | ٠.٢ |
| پارتی لاو (GP) | ٢.٢٨٥.٥٩٨ | ٧.٣ |
| پارتی کرێکاران (İP) | ١٥٩.٨٤٣ | ٠.٥ |
| پارتی گەلی کۆماری (CHP) | ٦.١١٣.٣٥٢ | ١٩.٤ |
| پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) | ١٠.٨٠٨.٢٢٩ | ٣٤.٣ |
| پارتی تورکیای نوێ | ٣٦٣.٨٦٩ | ١.١٥ |
| سەربەخۆکان | ٣١٤.٢٥٢ | ١.٠ |

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ڕابورد، سەرکەوتنەکەی ئاکەپە جێی سەرسووڕمان نەبوو. دەنگدەرانی تورکی عادەتیان وایە بۆ سزادانی ڕابردوو دەنگ دەدەن تا بۆ حوکمکردنی ئاییندە. بەم شێوەیە سەرکەوتنی AKP لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا زیاتر دەرەنجامێک بوو بۆ بڕیاری دەنگدەران بە سزادان و تەنانەت لەناوبردنی ئەو سیستەمی حزبایەتییە "گەندەڵ"ـەی هەبوو، تا ئەوەی دەنگدان بێ بۆ ئاکەپە و سەرۆکەکەی "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان". دەنگدەران بە هەق سەرزەنشتی هاوبەندییە حکومەییەکەی هەرسێ پارتی: DSP و MHP و ANAPیان دەکرد لەسەر هەرەسە ئابوورییەکەی ساڵی ٢٠٠١، هەروەها سەرزەنشتی DYPیشیان دەکرد لەسەر کودەتا نەرمەکەی ساڵی ١٩٩٧. لەبەر ئەوە سەیر نییە کە دەنگەکانی DSP لە ٢٢% لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٩ بۆ ١.٢% لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ دابەزێ. (بڕوانە خشتەی ١-٣).

داتەپینە داراییەکەی ٢٠٠٠-٢٠٠١ لەتەک بەرزبوونەوەی تێکڕای هەلاوسان و ڕێژەی بێکاری، سێکتەرێکی گەورەی کۆمەڵگەی ناچار کرد لە خوار یان لە پەراوێزی هێڵی هەژاریدا بژین. لە کاتێکدا ئابووری لە هەرەسدا بوو، پارتە سیاسییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی وڵات ناچالاک بوون، هەروەها لە ژمارەیەک ئابڕووچوونی گەندەڵییەوە گلابوون.

ئەم گەڕانە بەدوای "هیوا" و ئارەزووی ڕزگاربوون لە سەرکردایەتیی پارتە سیاسییە ئاراکان بوونە بزوێنەرێکی زەروور بۆ دەنگدان بە گۆڕان. لە کاتی هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢دا، زۆر دەنگدەر ئاکەپەیان بە تاکە دەموچاوی نوێ و خاوەن سومعە دەبینی کە بتوانێ لەڕێی چارەسەرکردنی قەیرانە سۆسیۆ-ئابوورییە ئاڵۆزەکەوە

هیواکانی خەڵک ببوژێنێتەوە. سەرکردایەتیی پارتەکە بوو بە ڕەمز بۆ ئەو دەنگدەرانەی تورکیا، کە فەسالی نوێ و ڕێگەی نوێی سیاسەتکردنیان دەیویست. خەڵک لە شێوازی بازرگانیکردن بە سیاسەت بێزار بوون و پەرۆشی شێوازێکی نوێ بوون. ئەگەرچی ئەزموونەکانی ڕابردوو و زمانە هاوبەشە سۆسیۆ-کولتوورییەکە ڕۆڵی گەورەیان لە سەرکەوتنی ئاکەپەدا هەبوو، بەڵام دەنگدەران تێڕوانینێکی هاوبەشیان بۆ هەمان ئاینده و هەمان خەون بۆ تورکیا هەبوو، کە بریتی بوو لە: قەوارەیەکی سەرمایەداری، دیموکرات، پلورالیست، کە تێیدا عەلمانییەت ئایدیۆلۆژیایەک نەبێ لە لایەن دەوڵەتەوە بێتە پاراستن، بەڵکو زیاتر بەرهەمێکی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری بێ. بەم شێوەیە ئاکەپە نوێنەرایەتیی تورکیای نوێ و دەنگە نوێکانی دەکرد.

زیاد لەوەیش تەنگپێهەڵچنینە یاساییە بەردەوامەکەی ئەردۆگان، جەماوەری زیاتر کرد، بگرە کردیە "پاڵەوان"ی ئومێد و گۆڕان. کاریزماکەی ئەمرۆی بەزۆری پشت بەو تەسەورەی خەڵک کە پێیان وایە ئەو مامەڵەیەکی نادادپەروەرانەی لەگەڵ کراوە و دەرکەوتنی وەک ستەملێکراوێک mazlum، دەبەستێ، ئەمە جگە لەوەی کاتی خۆی سەرۆکی شارەوانییەکی سەرکەوتووی ئیستەنبوول بووە و ژیانێکی گشتیی سەرراستانەی دوور لە گەندەڵیی گەورەی هەبووە. ئەوانەی دەنگیان بە ئەردۆگان دا، ئەویان بە سەرمەشقی ژیانی خۆیان دەزانی و خەونیان بەوەوە دەبینی وەک ئەو سەرکەوتوو بن. ئەردۆگان لای خۆیەوە حەزی لە کۆبوونەوەی جەماوەرییە کە تێیاندا هیوا دەچێنێ و عاتیفە و

چاوەڕوانیی خەڵک دەورووژێنێ و یارمەتیی مرۆڤی ئاسایی دەدا تا بڕوا پەیدا بکا کە دەتوانێ لە ژیاندا سەرکەوتوو بێ[1].

سەرباری جەماوەرییبوونەکەی، ڕێگە بە ئەردۆگان نەدرا بچێتە پەرلەمان، ئەویش بە هۆی قەدەغەیەکی پێشتر لەسەر چالاکییە سیاسییەکانی لەو کاتەی سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوول بوو. لەبەر ئەوە سەرۆک ئەحمەد نەجدەت سیزار داوای لە گیول کرد ٥٨ـەمین حکومەتی تورکی پێک بهێنێ، کە ئاکەپە بەسەریدا زاڵ دەبێ.

کاتێ ئەنجوومەنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ناوچەی سیرت-ی لە باشووری ڕۆژهەڵات ڕەت کردەوە، کە ناوچەیەکی تێکەڵەیە لە کورد و عەرەب و تورک، ئەویش بە هۆی ئەوەی لانیکەم گوندێک نەیتوانیوە دەنگ بدات، ٩ی ئاداری ٢٠٠٣ وەک وادە بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ دیاری کرا.

بەم شێوەیە پەرلەمان کاتی بەدەست هێنا تا گۆڕانی یاسایی پێویست بکا بۆ ئەوەی ئەردۆگان مافی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی هەبێ. ئەردۆگان لەگەڵ کاندیدێکی تری ئاکەپە هەڵبژاردنەکەی ٩ی ئاداریان بردەوە و کورسییەکانی ئاکەپە لە پەرلەمان بۆ ٣٦٥ کورسی بەرز بووەوە و زۆرینەیەکی ئاشکرای پێ بەخشی و وای لێ کرد هێندە بەهێز بێ بتوانێ هەندێ گۆڕان لە دەستووردا بکا.

---

[1] حەزی لە دیمانەی ڕووبەڕوو نییە کە تێیدا خەڵک دەتوانن سەرنج لەسەر قسەکانی بڵێن. لێرەوە دەکرێ بوترێ ئەردۆگان زیاتر پیاوی کۆبوونەوە جەماوەرییەکانە تا دیموکراسیی ئاڵوگۆڕکارانە.

ئەم پەراوێزە فراوانەی سەرکەوتن دەسکەوتێکی گەورەی سیاسی بوو، کە لانیکەم لە ماوەی پازدە ساڵدا هیچ حزبێک لە تورکیا بەدەستی نەهێنابوو. فاکتەری یەکلاکەرەوە لە سەرکەوتنی ئاکەپەدا بەرنامەی پارتەکە نەبوو، بەڵکو سووربوونی دەنگدەران بوو بۆ ڕزگاربوون لە پارتە سیاسییەکانی پێشوو کە وا تەماشا دەکران تا بینەقاقا لە گەندەڵیدا چەقیون.

ئەم فەزا سیاسییە کراوەیە ڕێگەی بە دەرکەوتنی AKP دا بە بەرەنگارییەکی کەمی ئەکتەرە سیاسییەکانی ترەوە.

## ناسنامە و ئایدیۆلۆژیای AKP: موحافیزەکار بەبێ ترادیسیۆن

ئەزموونی ئەردۆگان وەک سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوول تێگەیشتنی ئەوی لە سیاسەت ڕەنگڕێژ کرد و ئەو فیکرەیەی لە لا گەڵاڵە کرد کە خەڵک چاوەڕوانی خزمەت (hizmet) دەکەن، نەک ئایدیۆلۆژیا، یان ئایدیای گەورە گەورە. بەم شێوەیە، بە لای ئەردۆگانەوە سیاسەت ئامڕازێک نەبوو بۆ سەپاندنی جۆرە شێوەژیانێک، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە بوو هەلومەرجێکی باشتری ژیان بۆ شێوەژیانە جیاوازەکان برەخسێنێ تا پێکەوە بژین. سیاسەت لە خەیاڵی ئەردۆگاندا دەستەبەرکردنی "خزمەتگوزارییەکان"ـە بۆ خەڵک، تەنانەت ناوی حزبەکەیشی "داد" و "گەشەپێدان"، ڕەنگدانەوەی هەمان ئەم بیرکردنەوەیە.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەیدا لە پەرلەمان لە هۆتێلی بیلکەنت Bilkent لە ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢دا، ئەردۆگان بۆ شەرحکردنی ئەرکی پارتەکەی لانیکەم

هەشت جار وشەی (خزمەت)ی بەکار هێنا، وەک گەشەپێدانی ئابووری و دیموکراتیزەکردن[1]. تێڕوانینی بۆ سیاسەت بە مانای پێشکەشکردنی خزمەت شێوەی تێگەیشتنی لە دەوڵەت و ئیدارەیش دیاری کرد. تێگەیشتنی ئەردۆگان لە سیاسەت تا ڕادەیەکی زۆر لە تەسەوریەوە بۆ ئەرکەکانی دەوڵەت سەرچاوەی گرتووە. هاوشێوەی ئۆزال، ئەردۆگان وەک ئامرازێک بۆ خزمەتی گشتی و باشکردنی ژیانی ڕۆژانە، مامەڵەی لەگەڵ دەوڵەت دەکرد. بە لای ئەردۆگانەوە دەوڵەت دامەزراوەیەکی پیرۆز نییە کە بەرژەوەندیی نەتەوە دەزانێ و لە سەرووی ئەقڵەوەیە:

*ئاکەپە هەستی نەتەوە سەنگینەکەمان لە حکومەتی تورکیادا بەرجەستە دەکا. ئەمە ئەرکی ئێمەیە وەک حزب. ئەو بەهایانەی لەپشت ئەو هەستەوەن، بوون و بۆ هەمیشەیش دەبنە بەها بنچینەییەکان لە داڕشتنی سیاسەتدا. ئێمە*

---

[1]شیکردنەوەیەکی وردی ناوەرۆکی وتارە پێشتر بڵاوکراوەکانی دەریدەخا کە بە بەردەوامی وشەکانی خزمەت، خەڵک (halk)، نەتەوە millet (هەرگیز ناڵێ نەتەوەی تورکی)، وڵات memleket، دەوڵەت (هەرگیز ناڵێ دەوڵەتی تورکی)، تورکیا و بەشارستانیکردن سەبارەت بە بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا، بەکار دێنێ. وتارەکانی ئەردۆگان ئەوە پیشان دەدەن وتارەکانی بە شێوەی جاڕدان پێشکەش دەکا بەبێ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئەوتۆ. ئەو پیاوی جیاوازییە گەورەکان یان بیرکردنەوەی گەورە نییە، بەڵکو زیاتر کەسایەتییەکی کاریزماییە بەتوانایەکی باشی قسەکردنی زارەکییەوە. ئەو گوتی بەئەندامبوون لە یەکێتیی ئەورووپا پرۆژەیەکی شارستانییانەیە.
Recep Tayyip Erdoğan, Konuşmalar (Ankara: Ak Parti, 2004). This book includes Erdoğan’s speeches in parliament November 10, 2002–July 28, 2003.

*لێکنزیکبوونەوەیەکی گەورەمان بەدی هێناوە لەڕێی والاکردنی دەرگا بۆ هەر کەسێک کە خەم و خەونەکانی نەتەوە لە ئامێز بگرێ. پێویستە دەوڵەتی مۆن و بارگرانکار لەناو ببرێ و بە دەوڵەتێکی دەمبەخەندە و لێوەشاوە جێی بگیرێتەوە. چیتر چەمکی نەتەوەیەک بۆ دەوڵەت ناسەپێنرێ و لەباتی ئەوە چەمکی دەوڵەتێک بۆ نەتەوە گەشە دەکا. ئیتر ڕێگە بە دەوڵەت نادرێ ببێتە زنجیر و لە پێی نەتەوە بئاڵێ، کە ڕێگە لە پێشکەوتنی دەگرێ*[1].

ئەردۆگان هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە دەوڵەت بۆ ئەوە هەیە تا خزمەتی خەڵک بکات و ئەرکی یەکەمی لابردنی بەربەستەکانی بەردەم بەدیهێنانی توانا شاراوەکانی تاکە و داکۆکی لەوە دەکا کە "بەهای بنچینەیی بریتییە لە مرۆڤ و ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە خزمەتی ئەم مرۆڤە بکا"[2]. ئەو داوای وابەستەبوون بە فەلسەفەکەی ئۆزالەوە دەکا لە بەڕێوەبردنی گشتیدا لە ڕووی گۆڕینی کولتووری بیرۆکسییانە لە ئەرکی بەشارستانیکردنەوە بۆ خزمەتکردنی خەڵک و باشکردنی ژیانی ڕۆژانەیان[3]. ئەردۆگان دەڵێ:

ئەرکی یەکەم و وەزیفەی بنچینەیی ئەوانەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەکار دێنن، واتە دامودەزگا ئیدارییەکانی حکومەت (بیرۆکراسی)، ئەوەیە خزمەتی گەل بکەن. بە لای ئێمەوە بیرۆکراسی (مەئمورییەت memuriyet) نابێ شوێنێک بێ بۆ

---

[1] وتارەکە لە لایەن حزبەکە خۆیەوە وەرگێڕدراوە. لەم سایتەدا بەردەستە: www.akparti.org.tr.

[2] Erdoğan, Konuşmalar, p. 194; speech at the TBMM, May 6, 2003.

[3] داکۆکیی لەوە کرد بیرۆکراسی پێویستە "خزمەتکاری مەدەنی" بێ وەک ئەو لایەنەی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک دابین دەکا.

Erdoğan, Konuşmalar, p. 194; speech at the TBMM, May 6, 2003.

سەرماف (ئیمتیاز) و پارێزبەندی (حەسانە). نابێ کەسی بیرۆکرات بە چاوی سووک تەماشای کۆمەڵگە بکا، نابێ شتەکان قورس بکا، بەڵکو دەبێ "خزمەتکارێکی مەدەنی" بێ، وەک لە خۆرئاوا پێناسە کراوە، واتە خزمەتی بەرژەوەندییە گشتییەکان بکا[1].

زیاد لەوەیش، کولتووری باڵادەست لەبارەی بەڕێوەبردنی گشتی، کە لەسەر بناغەی خانەگومانی و بێمتمانەیی دەوڵەت بەرانبەر خەڵک دامەزرابوو، تێکشکێنرا و ڕێسای نوێی بەڕێوەبردنی گشتی خرانە ڕوو بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی شۆفێری، پاسپۆرت و شتی تری لەو چەشنە، لە لایەن هەر کەسێکەوە. بیرۆکەی خانەگومانیی دەوڵەت لە ژێردەستەکانی و مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتییانی وەک هەڕەشەیەکی موحتەمەل کۆتایی هات. ئەمە یارمەتیی تەسککردنەوەی دووریی نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییانی دا.

ئەردۆگان ویستی لەسەر ئەم گۆڕانەی بیرۆکراسی بەردەوام بێ، بەوەی وەک زەرورەتێکی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا بۆ بوونە "ئەورووپی" پیشان بدات. گرنگە لەوە تێبگەین کە چەمکی موحافیزەگەرایی، مێژوو و مانایەکی تایبەتی لە تورکیا هەیە. جۆرە تورکییەکەی موحافیزەگەرایی هەرگیز دژی مۆدێرنێتە، یان مۆدێرنیزەکردن نەبووە، بەڵام نەیاری شێوەژیانی لە دەوڵەتەوە سەپا و بە ناوی بەغەربیکردنەوە بووە.

---

[1] Erdoğan, Konuşmalar, pp. 193–194; speech at the TBMM, May 6, 2003.

بەبێ تێگەیشتن لە ماستەر چەمکی خزمەت ("پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان" بە ناوی ئیسلامەوە) ناتوانین بە تەواوی لە کرۆکی چەمکی موحافیزەکاری لە زەمانی سیاسیی تورکاندا تێبگەین[1]. بە لای ئەردۆگانەوە موحافیزەکاری ناسنامەیەکی سیاسییە کە جەخت لەسەر ئەخلاق و خێزان و گۆڕانی ڕێکخراو دەکا. لەو ڕووەوە موحافیزەکاری چەندین جۆری جیاوازیی هەیە، جۆری باڵادەست بە لای ئاکەپەوە موحافیزەکاریی باوەڕدارانەیە fideistic کە جەخت لە ڕۆڵی ئایین لە دیاریکردنی ژیانی باش دەکا[2].

موحافیزەکارانی ئاکەپە زیاتر جەخت لە ڕۆڵی مێژووی عوسمانی و ئیسلام دەکەنەوە تا عەقدێکی ڕووت، یان سیستەمێکی سیاسی کە بە خەیاڵدا بێ. ئەوان لە ڕوانگەی سیستەمە مێژووییە ئەزموونکراوەکانەوە پێناسەی ژیانی مانادار و لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ئەخلاقییانەی هاوبەشەوە کە لە ئیسلامەوە وەرگیراوە، پێناسەی بەرژەوەندیی گشتی دەکەن. هەوڵ دەدەن لەسەر بناغەی باوەڕ و سازانێک، کە مێژوو تەوەرەکەیەتی، پێناسەی کۆمەڵگەی چاک بکەنەوە. چەمکی خزمەت hizmet سەرجەم ئەو بیرۆکانە پێکەوە

---

[1] ئیمپراتۆریەتە سەلجووقی و عوسمانییە تورکەکان زۆر پراگماتی (واقیعی) و کەم ئایدیۆلۆژی بوون بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە سیستم و دادپەروەری و ئاشتی. ئەم پراگماتیبوونە وەک لایەنێکی سەرەکیی کولتووری سیاسیی تورکی ماوەتەوە.

[2] موحافیزەکارانی ئەقلگەرا هەن کە جەخت لە یاسا ئەبەدی و ڕەهاکان دەکەن، هەروەها موحافیزەکارانی گومانگەرایش هەن. باوەڕگەرایی Fideism جەخت لە پشتبەستن بە باوەڕ و نەفیکردنی ئەقڵ دەکا.

کۆدەکاتەوە. بە دەربڕینێکی تر، خزمەت کراوەیی لە بەردەم پرۆسەی گۆڕان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەپێناو بەدیهێنانی هەلومەرجێکی ئابووریی باشتردا، دەخوازێ.

گۆڕانی ئابووریی گەورە لە تورکیا لە سەردەمی حکومەتە موحافیزەکارەکانی سەرۆکوەزیران عەدنان مەندرێس (١٩٥٠-١٩٦٠) و تورگوت ئۆزال (١٩٨٣-٩١)دا ڕوویان دا. پارتە ڕاستی-ناوەڕاستەکان، یان ئەوانەی نەیاری پرۆژی مۆدێرنیزەکردن بە ڕابەرایەتیی دەوڵەتی کەمالیزم بوون، پاڵپشتیی گەشپێدانی ئابوورییان دەکرد، بەڵام جەختیان لەسەر موحافیزەکاریی کولتووری لەسەر بنەمای ئیسلام و دابونەریت و ناسیونالیزم دەکردەوە. لێرەیشەوە بە هۆی پێداگرتنی لەسەر سیاسەت وەک ڕێگەیەک بۆ دەستەبەرکردنی "خزمەتگوزارییەکان" بنەمای سەرەکیی ئایدیۆلۆژیای ئاکەپە، بوو بە پراگماتیزم. بەم شێوەیە ناسنامەی پەرەسەندووی ئاکەپە تا ڕادەیەکی زۆر پراگماتیزم بەسەریدا زاڵ بوو، لەگەڵ تەنیا هەندێ ئاماژەی تەمومژاویی موحافیزەکاری لە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و لیبراڵیزم لە پرسە ئابوورییەکاندا.

ئاکەپە حزبێکە زیاتر هەوڵ دەدا خزمەتگوزاری و پڕۆژە پێشکەش بکا، تا ئایدیۆلۆژیا. ئەم خەسڵەتە بە دڵی دەنگدەران بووە، هەربۆیە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٧دا خەڵک دەنگیان بە ئایدیۆلۆژیا، یان ناسنامە نەدا، بەڵکو زیاتر دەنگیان لە دژی گەندەڵیی حزبەکانی تر دا تا ئەوەی بەتایبەت دەنگیان بە ئەردۆگان دابێ. لەبەر ئەوە لە هەندێ ڕووەوە ئەردۆگان دژە-کاندید "anti-candidate." بوو. هێشتایش وێنە و سەرکردایەتی و توانای ئەردۆگان بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە زیاتر لە هەر ئایدیۆلۆژیایەک، ڕۆڵی

لــە ســـەرکــەوتنــی AKP لــە هــەڵبژاردنــەکانــدا هــەبــووە. جەماوەریبوونی ئەردۆگان هەمیشە لەپێش پارتەکەی، یان کابینەکەیەوە بووە. لێرەوەیە ناسنامە یان ئایدیۆلۆژیای پارتەکە لە بەرانبەر کەسایەتیی کاریزماتیکیی ئەردۆگاندا بابەتێکی پلە دوو بووە[1].

لە گفتوگۆیەکدا لە شاری موحافیزەکاری کۆنیە لە باشووری وڵات کۆمەڵێ خەڵک گوتیان "ئێمە دەنگمان داوە بە ئاکپارتی، بەڵام مەرج نییە (ئەندامی) ئاکپارتی بین". لەنێو دەنگدەرانی هەمان توێژینەوەدا هیچ کەس باسی لەوە نەکرد کە ئەندامێکی چالاکی ئاکپارتی بێ، بەڵکو تەنها وەڵامیان دەدایەوە "ئێمە دەنگمان پێ دا".

ناسنامەی ئاکەپە بە خەڵکەوە نانووسێ. ئەو چوارچێوەیەکی شێلگیر flexibleیان بۆ دەستەبەر دەکا، کە تێیدا لە سایەی هەلومەرجی جیاوازدا دەروماڵ بکەن. مرۆڤ دەشێ دەنگدەرانی ئاکەپە بە "گەشتیارانی سیاسی"ی نوێ ببینێ، کە بەردەوام لە جووڵەدان تا شوێنی نوێ و ڕێگەی نوێی ئەزموونکردن و کارکردنە سەر سیاسەتی نیشتمانی بدۆزنەوە. بەم شێوەیە، لەبەر ئەوەی ئاکەپە پارتێکی ئایدیۆلۆژی یان ناسنامە نییە، دەنگدەرێکی کەم دەیانەوێ

[1] بۆ نموونە لە ڕاپرسییەکانی ANARدا وەڵامی ٧٣%ی ئەوانەی بەشدارییان کردووە لەبارەی ئەدای ئەردۆگانەوە ئەرێنی بووە، ٦٢%یش لەبارەی ئەدای حکومەت. بڕوانە:
"İşte Son Anket!," Dünyaonline, 4.5.2004 (www.dunyaonline.com/143964.asp).
بەکورتی، یەکەم شت تەیب هەبوو، پاشان دەرکەوتنی ئاکەپە لە دەوری تەیب، پاشان حکومەت بە سەرۆکایەتیی تەیب، پاشان گەڕان بەدوای ناسنامەیەکدا بۆ ئاکەپە.

خۆیان بە ئاکەپە دابنێن، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر دەنگدەر لە پاڵپشتیکردنی بەردەوام دەبن. زۆر کەس دەڵێن دەنگیان داوە "لەبەر ئەوەی سەرکردایەتیی پارتەکە ڕێک وەک ئێمە ژیاون". ئەمە ڕێک ئەو بیرۆکەیە دەسەلمێنێ کە لە تورکیای ئەمڕۆدا خەڵک چاوەڕوانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و باشکردنی ژیانی ڕۆژانە دەکەن، نەک بە زەروورەت ئایدیۆلۆژیا یان ناسنامەیەک.

عەبدوڵڵا گیول یەکەمین سەرۆکوەزیرانی AKP، گوتی "ئێمە (ئاکەپە) ناسنامەی خۆمان ناشارینەوە. شێوە ژیانمان ئاشکرایە و لەناو خەڵکداین. ئایا هیچ شتێک هەیە سەرۆکوەزیران دەیشارێتەوە؟ ژنەکەی و منداڵەکانی لە بەرچاوی خەڵکدان"[1]. ئەمە زیاتر ناسنامەیەکە بە شێوەژیانەوە، یان ناسنامەیە بە کردەوە، تا ئەوەی بەئایدیۆلۆژیاکردنی ناسنامە بێ.

حوسێن بەسلی هاوڕێی نزیکی ئەردۆگان و ئەندامی پەرلەمان، دەڵێ:

ئاکەپە "ناسنامە یان ئایدیۆلۆژیای نییە. ئەمە شتێکی زەروورە تا بتوانێ ببێتە پارتێکی سەرۆک سەنتەر، لەو بارەیشدا سەرۆک دەتوانێ چۆنی بوێ ڕەنگڕێژی بکا. ئەگەر حزبەکە ئایدیۆلۆژیا، یان ناسنامەیەکی چەسپاوی هەبێ، ناتوانێ بمێنێتەوە، ئەویش لەبەر بوونی زۆر گرووپی جیاواز

---

[1] دیمانەی ڕوشەن چاکیر لەگەڵ گیول، ڕ.وەتەن، ٢٨ سێپتەمبەری ٢٠٠٣.
لەو دیمانەیەدا گیول جیاواز لە سیاسیەکانی تری ئاکەپە تێگەیشتنی دەوڵەمەندتر و وردتر لەبارەی موحافیزەکاری دەخاتە ڕوو، بەوەی "کۆمەڵێ بەهایە لە مێژوو و کولتوور و ئایین وەرگیراون... ئێمە داوای ئازادیی ئایینی دەکەین بەو شێوەیەی لە وڵاتانی ئەورووپی پیادە دەکرێ".

لەنێو پارتەکەدا. ئەمە جگە لەوەی دەشێ ئایدیۆلۆژیای حزبەکە چالاکییەکانی سنووردار بکا. لەگەڵ ئەوەیشدا، باوەڕم وایە بوونی پارتێک بەبێ ئایدیۆلۆژیا پێگەیشتنی کۆمەڵگەی تورکی پیشان دەدا. خەڵک پێویستیان بە ناسنامە یان ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵکو زیاتر سەرکردەیەکیان دەوێ خزمەت (خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان) و ئیش iş (ئەنجامدانی شتەکان)ی بۆ دابین بکا. بە دەربڕینێکی تر، AKP ناسنامەی نییە، بەڵام ئەندام و چالاکوانەکانی ناسنامەی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەرکی حزبەکە ئەوە نییە ئەو ناسنامانە هاوشێوە بکا، یان بتوێنێتەوە... دووەم گرنگترین خەسڵەتەکانی پارتەکە ڕۆڵی دیاریکەرانەی تۆڕە نارەسمییەکانە لە هەڵبژاردنی دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوەکان لەنێو حکومەت و حزبدا"[1].

ئایا خەڵکی تورکیا لە هەڵبژاردنی ئاکەپەدا دژی ناسنامە و ئایدیۆلۆژیا دەنگ دەدەن؟ ئایا ئەوان لە شکستە دووبارەکان بۆ جەختکردن لە ناسنامە جیاوازەکانیان لەسەر ئاستی نیشتمانی وەڕس بوون و سەرەنجام دەستبەرداری بیرۆکەی پارتە لەسەر ناسنامە دامەزراوەکان بوون لە بەرژەوەندیی هەندێ پارتی بنکە بەرینتر، کە بەڵێنی گۆڕانی گەورە لە ژیانیاندا دەدەن؟ ئایا هەڵبژاردنیAKP گۆڕاوە بۆ کۆتاهێنان بەو سیاسەتە ناسنامەزاکان لە تورکیا، یان ئایا ئەوە زیاتر

---

[1] دیمانەیەکی خۆم لەگەڵ حوسێن بەسلی لە ئیستەنبوول، ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣. شەریف ماردینیش پێی وایە خاڵی گەورەی بەهێزیی ئاکەپە توانای دروستکردن و بەکارهێنانی تۆڕە نارەسمییەکانە. Vatan, September 30, 2003 : لە ڕاستیدا زۆر لە پیاوانی پۆلیس لە ئیستەنبوول سکاڵایان کردووە لە ڕۆڵی موراد ئاکسو، کوڕی وەزیری ناوخۆ لە دیاریکردنی بەرپرسانی ئەمنیدا.

بەیەکگەیشتنێکی کاتیی بەرژەوەندییەکانی هەندێ گرووپی کەمن؟ ئەگەر ئەوەی یەکەمیانە، چ ڕووداوگەلێکی دیاریکراو ئەو گۆڕانە گەورەیەی لە سیاسەتی تورکیدا هێناوەتە کایە؟ ئایا دەشێ ئەمە هێمایەک بێ بۆ ئەوەی تورکیا ئێستا بەرەو جۆرێک لە دیموکراسی هەنگاوی ناوە، کە لەسەر بناغەی پرس دامەزراوە، وەک ئەوەی لە ئەورووپا هەیە؟ مەبەستم لەمە دیموکراسیی شێوە ئەورووپییانەیە، وەک ئەوەی فەرەنسا و ئەڵمانیا، کە لەوێ حزب نییە لەسەر بناغەی ناسنامەیەکی دیاریکراوی باڵادەست دامەزرابێ، بەڵکو زیاتر حزبی بابەتین، کە خەڵکیان لە هەموو ڕەنگەکانی شەبەنگی کۆمەڵگە تێدایە.

ئەمە ئەو پرسیارە دێنێتە پێشەوە کە ئاخۆAKP پێویستی بە ناسنامەیەکی ڕوون هەیە؟ لە ڕاستیدا ئاکەپە ناسنامەیەکی نێگەتیڤی هەیە، نەک پۆزەتیڤ. خۆی بە "پارتێکی بەرهەڵست"ی قەیرانەکانی پێش ٢٠٠٢ و سیاسەتەکانی کەمالیزم دەناسێنێ[1]. ئەم بەرهەڵستگەرایی "oppositionalism"ـەیە کە حزبەکە یەک دەخا، ئەگەرچی پێکهێنەرەکانی هەریەک هۆیەکی جیاوازیان هەیە بۆ ئەوەی لە بەرهەڵستیدا بن. ئەو ناوەندی گرووپ و دەنگە نەیار و بەرهەڵستکارەکانە.

ئەو گرووپانە لەبەر هۆی جیاواز خڕبوونەتەوە، هەندێ لەبەر هۆی ئابووری و هەندێ کولتووری. ئامانجی سەرەکی کۆتاهێنان بەو هەلاوێردنە بەردەوامە و دروستکردنی چوارچێوەیەکی نوێ بووە بۆ گرێبەند (عەقد)ی کۆمەڵایەتی. ئەوە گرنگە داواکارییە سیاسی و کولتوورییەکان لە داوا

---

[1]M. Hakan Yavuz, “AK parti ve sorunları,” in Uluslarası Muhafazakarlık ve Demokrasi
Sempozyumu (Istanbul: Alfa, 2004), pp. 202–208.

ئابوورییەکاندا کورت نەکرێنەوە لە تورکیا، با هەندێ لەو داوایانەیش لەبەر پێویستییە ئابوورییەکان بەکار هێنرابن. لە ڕاستیدا AKP لە چەند پێهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی نەتەوەیی، ناوچەیی و ئایینیی جیا پێک دێ، کە ناسنامە بەرهەڵستکارە تورکی، کوردی، سوننییەکانە. ئەو ساف لیبراڵ نییە، لەبەر ئەوەی بارستە پێکهێنەرەکانی ئەو کۆمەڵگە ئەتنی، ئایینی و ناوچەییانەن. بۆ جڵەوکردنی سیاسەتی ناسنامە، وەک دەنگیر میرمحەمەد فیرات جێگری سەرۆکی پارتەکە دەڵێ، لە ئاکەپەدا سێ هێڵی سوور هەن نابێ ببەزێنرێن: "ناوچەگەرایی، ناسیونالیزمی ئەتنیکی و سیاسەتی ئایینی، قەدەغەن"[1].

فیرات جەخت لەوە دەکا AKP پارتێکی دیموکراتە و هەوڵ دەدات دیموکراسی، دیالۆگی گشتی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و سروشتی دەوڵەت و سیاسەتەکانی فراوان بکا.

جگە لەم دابەشبوونە ئەتنی و کۆمەڵایەتییە، دابەشبوونێکی ئابووریش هەیە لەسەر ئاستی بنکە جەماوەرییەکە سەبارەت بەو بەشەی دەنگدەران کە لە ڕووی ئابوورییەوە پەراوێزخراون و دەیانەوێ حکومەت زیاتر دەست لە ئابووری وەربدات، هەروەها سەبارەت بە بۆرژوازییە تازە سەرهەڵداوەکە، کە داوای بەدامەزراوەییکردنی سیاسەتەکانی بازاڕی ئازادی دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکان، واتە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی IMF و بانکی نێودەوڵەتی دەکا. بەرنامە و سیاسەتی پارتەکە لە ڕووی ئابوورییەوە لیبراڵن، بەڵام لە بەرانبەر ئەو ستراکچەرە ئابوورییە نێودەوڵەتییەی هەیە، هیچ بژاردەیەکی تری نییە. جا لە بارێکدا ناتوانێ

---

[1] دیمانەیەکی خۆمە لەگەڵ دەنگیر میر محەمەد فیرات لە ٨ی تەمموزی ٢٠٠٤دا لە ئەنکەرە.

سیاسەتی ئابووریی خۆی دابنێ و جێبەجێ بکا، هەوڵ دەدا بە پێداگرتن لەسەر پرسە کولتووری و ئایدیۆلۆژییەکان خۆی جیاواز بکاتەوە. ئەم کولتوورگەراییەش هۆی سەرەکیی ئەو خۆبەموحافزکارییە ناساندنەیشیەتی. لێرەوەیە ئاکەپە هەڵگری "موحافیزەکارییەکی تائیفییە" communitarian conservatism لەگەڵ کۆمەڵێ بەهای کۆمەڵایەتی کە بوونەتە بنەما بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەتەکانی.

## دیموکراسیی موحافیزەکار

سەرەتا پێویستە موحافیزەکاریی تورکی وەک بزاڤێکی سیاسی، هاوپەیمانییەکی فراوانی ئەو هێزانەی بەرگری لە یەکێتیی دەوڵەتە نەتەوەییەکە دەکەن، وەک گشتێکی ئۆرگانی، لە پرۆژەی ڕادیکاڵی کەمالی لە "داهێنانی زاکیرە و ناسنامەیەکی نوێ" بە ئامانجی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی غەربی، جیا بکرێتەوە.

موحافیزەکاریی تورکی دژە-دەوڵەت نییە، بەڵکو زیاتر نەتەوە-خواز، دەوڵەت-خواز و بە شێوەیەکی تایبەت عوسمانی-ئیسلام -خوازە. ئامانجی سەرەکیی ئەوە بوو فیکرەکانی نەتەوە و دەوڵەت و ئایین پێکەوە ئاوێتە بکات و بسازێنێ. سەرچاوە عوسمانی و ئیسلامییەکەی زیاتر تایفی و کەمتر ئازادیخوازانەن.

سەرەڕای ناوبەناو سەرڕاوەشاندن بۆ پەیامی سەفا، یان کەمال تاهیر، زۆربەی ئەو موحافیزەکارە تورکییانەی چالاکانە چوونەتە نێو ژیانی سیاسی، وەک تاکەکەس پەرۆش نین بۆ بەدەستهێنانی بەرچاوڕوونی سەبارەت بە پێناسەی موحافیزەکاری وەک بزوتنەوەیەکی فیکری.

بۆ ئەوەی ببێ و بتوانێ حوکم بکا، AKP دەبوو زمانی خۆی بشارێتەوە، یان بگۆڕێ تا خۆی لەگەڵ خواستە نیو-لیبراڵییەکانی جیهانگەراییدا بگونجێنێ. دەستبەرداری ئیسلامیزم بوو کە گوتاری توێژە بێبەشکراوەکانی کۆمەڵگەی تورکی بوو و بووە لایەنگری بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپی. کێشەی سەرەکیی AKP لە کاتی دامەزراندنیدا، شەرعییەت بوو. لەبەر ڕیشە ئیسلامییەکەی و سێبەری کودەتاکەی ٢٨ی شوبات، AKP هەوڵی دا لەڕێی پەسەندکردنی دیموکراسیی موحافیزەکار بە ناسنامەی خۆی و پێوەرەکانی کۆپنهاگن بە تاکە ڕێڕەوی خۆی لە حوکمڕانیکردندا، ئەو بەدگومانییە بڕەوێنێتەوە[1].

[1]Ali Bayramoğlu, "AK Parti makineleri stop etti." Radikal, March 21, 2005.
ئەم دیمانەیە ڕیشەی قووڵی بیری ڕۆژهەلاتناسی لای ڕۆشنبیرانی تورکی پیشان دەدا. تێگەیشتنی بایرەم ئۆغلو لە دیموکراسیی تورکی و سەرچاوە کۆمەلایەتییەکانی دەسەلات نیشانەی ئەم هەژارییە فیکرییەن لای ئەم ڕۆژنامەنووسە. بە بڕوای عەلی بایرەم ئۆغلو تاکە سەرچاوەی دەسەلاتی ئاکەپە سەرکەوتنی نەبوو لە هەڵبژاردندا، بەڵکو توانایەتی بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی یەکێتیی ئەورووپی. ئەم بڕیارە سیاسییە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی یەکێتیی ئەورووپا ئاکەپەی بەهێز کردووە و شەرعییەتی لە بەر دیدی میدیای بەهێزی تورکیا و گرووپە ئابوورییەکان زیاد کردووە. بایرەم ئۆغلو ئاستێکی بالای نوخبەگەرایی و نەبوونی متمانە بە بڕیاری خەڵک پیشان دەدا. ئەم ڕوانگە ڕۆژهەلاتناسگەرایانە موسڵمانەکان بە بکەری خاوەن سەرچاوەی شەرعییەت و پرۆژەی نوێگەری تایبەت بە خۆیان نابینێ، بەڵکو زیاتر شوێنکەوتەن کە دەکرێ ڕێگەیان پێ بدرێ سیناریۆی بەهێزەکان جێبەجێ بکەن. ئەم بێبەشکردنە بۆ گەلی تورکی بەگشتی و بۆ گرووپە ئیسلامییەکان بەتایبەت زۆر بەکێشەیە. دەڵێ ئەگەرچی ئاکەپە بە پاڵپشتیی خەڵکی کەنار گەیشتە دەسەلات، بەلام سەنتەرە کە ڕێگەی پێ دەدات حوکم بکا مادام پێوەرەکانی کۆپانهاگنی قبوڵ بێ وەک کۆتا پێوەر بۆ حوکمڕانی. بە دەربڕینێکی تر، ئێمە لە بیرکردنەوەکەی بایرەم ئۆغلو ئەوە دەبینین کە سەرچاوەی شەرعییەت خەڵک نییە، بەڵکو زیاتر هاوپەیمانی بەهێزی

پێویستی بە بوونی ناسنامەیەک، لە هەمان کاتدا ڕێگەیەکە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوڵەتە بیرۆکراتەکە و هەندێ لە ڕۆشنبیران، هەروەها ئەو هێزە دەرەکییانەی لە نیازە "ڕاستەقینە"کانی ئاکەپە بەگومانن، بەتایبەت ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. دیموکراسیی موحافیزەکار بۆ هەندێ ئەرک بەکار دەهێنرێ[1]. ئاکەپە زیاتر خۆی وەک

---

دامەزراوەکەیە. تێگەیشتنی ئەو بۆ دیموکراسی پەیوەستە بە بەشارستانیکردنی دەسەڵاتی سوپا و دوورخستنەوەی سوپا لە سیستم. دیموکراسی بە مانای باوەڕ بوونە بە خەڵک و قبوڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنە وەک گوزارشتکردن لە ئیرادەی خەڵک و حوکمی یاسا. لە هزری ئەودا دیموکراسی، واتە بەرهەڵستیکردنی سوپا و سوپای تورکیا بە سەرچاوەی سەرجەم کێشەکان و هۆی لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنیی تورکی دادەنێ.

[1]مستەفا ئەردۆگان بۆ یەکەم جار پێشنیاری کرد تەیب ئەردۆگان بە هۆی پاشخانەکەیەوە دەتوانێ ببێتە سەرۆکی بزوتنەوەیەکی "دیموکراسییەکی موحافیزەکار". Erdoğan, Radikal, July 10, 2001.

ئاکەپە ڕەتی کردەوە برەو بە خواستە ئیسلامییە سیاسییەکانی پێشوو سەبارەت بە سیستمی دادپەروەر بدات، واتە: یەکێتیی ئیسلامی، سەرپۆش، قوتابخانەکانی پێشنوێژ و وتارخوێنی (ئیمام خەتیب)، خولە ئیسلامییەکان لە قوتابخانە تایبەتەکان، سیستمی بانکی قازانج ئازاد، زمانی ئەنتی-غەربی و ئەنتی-ئەمەریکایی. واتە توانیی خۆی لە نزیکەی تەواوی داواکارییە ئیسلامییەکان دوور بخاتەوە. ئاکەپە بە ڕەسمی زمانی "گفتوگۆی شارستانێتییەکان" پەسەند دەکات بەسەر "پێکدادانی شارستانێتییەکان"دا، ئەویش بە مەبەستی نەهێشتنی بەدگومانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

لەبارەی ڕەخنە لەم ناسنامەیە بڕوانە:

Alev Alatlı, "PişmişAşa Su katmak," Zaman, April 4, 2004; Eyup Can, "AK parti neyi Muhafaza Ediyor?," Zaman, August 27, 2004; Muhsin Öztürk, "Muhafazakar mı Reformist mi?," Aksiyon, (no. 476) January 23, 2004.

یالچین ئاکدۆگان ڕاوێژکاری تەیب ئەردۆگان یەکەمین نامیلکەی لەبارەی دیموکراسیی موحافیزەکار نووسی، کە لە لایەن ئاکەپەوە وەک بڵاوکراوەی سیاسیی خۆی چاپ و بڵاوکرایەوە:

Akdoğan, Muhafazakar Demokrasi (Ankara: Ak Parti, 2003).

هێزی گۆڕان دەناسێنێ، تا ئەوەی هێزێک بێ بۆ پاراستنی ستراکچەرێکی کۆمەڵایەتی-سیاسیی تایبەت. ئەم دژەیەکییە لەنێوان "گۆڕان" و "پاراستن" دەرەنجامی دیمەنی سیاسیی تورکیایە.

لەبەر هۆی پراگماتی، سەرکردایەتیی پارتەکە وا بە باش دەزانێ خۆی وەک بەشێک لە "دیموکراسیی موحافیزەکار"

---

ئەم کتێبە کە لە لایەن حزبەکە خۆیەوە چاپ کراوە ناتۆکمەیە و بیرۆکەکان بە ڕوونی نەخراونەتە ڕوو... چاپی دووەمی تۆزێ باشترە و لە لایەن خانەیەکی بڵاوکردنەوەی کەرتی تایبەتەوە چاپ کراوە. پڕ کراوە لە سەرنج و گوتەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانی جۆراوجۆر لەبارەی چەمکی دیموکراسیی موحافیزەکار.

(Akdoğan, Ak Parti ve Muhafazakar Demokrasi (İstanbul: Alfa, 2004)

بەڵام هێشتا بیری قووڵی زۆر تێدا نییە. ئامانجی سەرەکیی چاپی دووەمی خستنەڕووی لێکدابڕانی ئیسلامگەرایی بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانی و دیموکراسیی موحافیزەکاری پارتی ئاکەپە. ئەکدۆگان پاش پێناسەکردنی بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانی NOM بە بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی میانڕەو، نوێخواز و دیموکرات، ئاماژە بەوە دەکا کە ئەگەرچی سەرکردایەتیی ئاکەپە لە NOM-ەوە هاتوون، بەڵام باڵی ڕیفۆرمیستی پارتی ڕەفا و کارەکتەری گۆڕان بوون لەناو ڕەفادا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئاکەپە بڕیاری دا بە ڕوونی خۆی لە ڕابردوو دابڕێ و دیموکراسیی موحافیزەکاری پەسەند کرد تا خۆی لە میراتی NOM دوور بخاتەوە و ئیسلامیزمی وەک "ئەوی تر"ی دیموکراسیی موحافیزەکار دەناسێنێ.

(Akdoğan, 2004, pp. 104– 113).

خوێندنەوەی وردی کتێبەکە دەریدەخا نە پارتەکە و نە ڕۆشنبیرەکانی لەبارەی چەمک یان مێژووی بیرکردنەوەی فیکری لە تورکیا ڕوون نین. بە لای ئەکدۆگانەوە "پەرلەمانتارەکان لە هەژاریی فیکریدان" و "کەس مامەڵە لەگەڵ ئایدیکان ناکا، جگە لە خۆم".

پیشان بدات: ڕیشە کولتووری و ئایینییەکانی سیستەمی بەها و ناسنامەی تورکی قبوڵ دەکا.

تاشگەتیرەن کە ڕۆژنامەنووسێکی دیاری ئیسلامی بوو و بە هۆی ڕەخنەگرتنی لە حکومەتەکەی ئاکەپە، لە ڕۆژنامەیەکی نزیک لە ئەردۆگان دوور خرایەوە، دەڵێ: "فیکرەی دیموکراسیی موحافیزەکار لەنێو هەلومەرجی پرۆسەی ٢٨ی شوبات و گەڕان بەدوای شەرعییەتی دەرەکی بۆ ئاکەپە فۆرمەلە کرا. ناوەرۆکی چەمکەکە بە کەسایەتییەکانی سەرکردایەتیی حزبەکە پڕ کراوەتەوە"[1].

تاشگەتیرەن پێی وایە چاوەڕوان دەکرێ ئاکەپە نەک تەنیا خۆی، بەڵکو بنکە جەماوەرییەکەیشی بە ئاڕاستەی دیموکراسییەکی سیکیولارانەتر بگۆڕێ. تاشگەتیرەن دەڵێ، ئەم "ئەرک"ی گۆڕانە ئەو نرخەیە ئاکەپە ناچار بوو بیدات بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە حکومەت.

لە ڕاستیدا ئەو پارتە لە گۆڕینی بنکە جەماوەرییە موسڵمانە موحافیزەکارەکەیدا سەرکەوتووتر بوو، تا دەوڵەت. ئەحمەد یەلدیز مامۆستای زانستە سیاسییەکان، کە نووسینگەی توێژینەوەی پەرلەمانی تورکیا بەڕێوە دەبات، پێی وایە "لەبەر ئەوەی ناسنامەی ئاکپارتی تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن سەرکردایەتییە بەرتەسکەکەیەوە گەڵاڵە دەکرێ، کە بارستە پەرلەمانییەکە و ڕێکخراوەکان و لایەنگرە گشتییەکانی لە دروستکردنی ناسنامەکەیدا هەڵاوێر دەکا، سیما

[1]Ahmet Taşgetiren, “Muhafazakar Demokrasinin içi yeterince dolu değil,” Anlayış, (December 2005), 55–57.

دیموکراتیکەکەی کاڵ بووەتەوە... لەبەر ئەوە، ئەم ناسنامەیە بە تەواوی پەسەند نەکراوە"[1].

ئەم ناسنامەیە پارتەکە لە دژی تۆمەتەکانی ئیسلامیزم دەپارێزێ، هەروەها ڕێگەی پێ دەدا لە یەک کاتدا خۆی هەم بە ئیسلام و هەم بە دیموکراسییەوە بنوێنێ، لەڕێی پێداگری لەسەر بەها پەسەندکراوەکانی کۆمەڵگەی نموونەیی تورکی. زیاد لەوەیش، دیموکراسییە موحافیزەکارەکەی پارتەکە زۆر لە "کایەیەک" دەچێ کە تێیدا خەڵکانی ناسنامە و بەرژەوەندیی جیاواز بەیەک دەگەن، تا گوزارشت لە حەزی خۆیان بۆ ڕوودانی گۆڕانێک لە دۆخی ئارادا بکەن.

ئیرۆڵ کایا سەرۆکی شارەوانیی پێندیک Pendik پێی وایە AKP "سوپەرمارکێت"ێکە خەڵک لەوێ پێویستییەکانیان دابین دەکەن، واتە لە خۆیدا "ناسنامەیەکی دروست نەکردووە". ئەو دیموکراسییە موحافیزەکارییەی ئیددیعای دەکا، بە زەروورەت لە هەموو سیاسەتەکانیدا ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکو زیاتر ناسنامەیەکی دەسکەلایە بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتی دەرەکی. ئەحمەد یلدیز پێی وایە دیموکراسییە موحافیزەکارەکەی ئاکەپە، هەوڵ نادات سیاسەتەکانی پارتەکە ئاڕاستە بکا، یان بەڕێوە ببا، بەڵکو وەسیلەیەکە بۆ زاڵبوون بەسەر خانەگومانیی دەوڵەت و قەوارە دەرەکییەکان، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا.

---

[1]"AK Partinin 'Yeni Muhafazakar Demokratlığı': Türkiye Siyasetinde Adlandırma
Problemi," Liberal Düşünce, 34 (Spring 2004), 44; Yıldız, "Muhafazakarlığın
Yerlileştirilmesi ya da AKP'nin Yeni Muhafazakar Demokratlığı," Karizma, 5 (January–
March 2004), 53–56.

بە گوتەی یلدیز، ئاکەپە لەڕێی چەمکی دیموکراسیی موحافیزەکارەوە جێگەیەک بۆ خۆی لەنێو ڕەوتی ڕاستی ناوەڕاست لە پرۆسەی سیاسیی تورکیادا بپچڕێ، تا بەوە بەسەر خانەگومانیی عەلمانییەکاندا زاڵ ببێ، هەروەها هەوڵ دەدا پەیوەندی لەگەڵ جەماوەرە ئیسلامیمەشرەبەکەدا دروست بکا.

بەکورتی، یلدیز ڕاست دەکا لەو ئەنجامگیرییەی پێی گەیشتووە، کە دیموکراسییە موحافیزەکارانەکەی ئاکەپە زیاتر هەوڵ دەدا حزبەکە بەو سیمایەوە پیشانی خەڵکی تر بدات، تا ئەوەی وەک ئایۆلۆژیایەک چاوساغیی حزبەکە بکا.

ئاکەپە ڕۆڵی ئایینی لە کایەی گشتیدا وەک دەنگێک لەو فرەدەنگییەی هەیە، دەناسێنێ، بەبێ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ پاساودانی هیچ سیاسەتێکی دیاریکراوی گشتی. AKP بە پیشاندانی خۆی وەک شوێنکەوتەی "دیموکراسیی موحافیزەکار" هەر جۆرە حسێبکردنێکی وەک پارتێکی ئیسلامی، یان موسڵمان، ڕەت دەکاتەوە[1]. هۆی سەرەکیی

[1]Y. Akdoğan, Ak Parti ve Muhafazakar Demokrasi.
ئەگەرچی ئەکدۆگان هەرچی توانای قەناعەتپێکردنی خۆی هەیە بەکاری هێناوە بۆ پڕکردنەوەی چەمکی "دیموکراسیی موحافیزەکار"، بەڵام پرسیاری زیاتر دروست دەبن. ئامانجی سەرەکیی لەو چەمکە دروستکردنی ڕیشەی سیاسیی خەیاڵکردی نوێیە لەگەڵ ئۆزال و مەندرێس و خۆ دوورخستنەوەیە لە ڕیشە "ڕاستەقینە"کانی پارتەکە لەگەڵ نەجمەدین ئەربەکان. بزاڤە موحافیزەکارەکان هەمیشە زیاتر لە ترس و نادڵنیایی لە ئایندەوە سەرچاوە دەگرن تا لە ترس لە ڕابردوو. دەیانەوێ ئەم ترس و نیگەرانییە ڕام بکەن. لە حاڵەتی تورکیادا ترس لە ڕابردوو گرنگترە. دەرفەتەکانی ئایندە و زەحمەتییەکانی ڕابردوو پاڵ بە ئاکەپەوە دەنێن تا پێداگری لەسەر ئایندە بکات و ئەو دەرفەتە نوێیانە بگرێتە دەست. ئامانجی پارێزگاریکردن نییە لە ڕابردوو، بەڵکو زیاتر زیادکردنی پشکیەتی لەنێو دەرفەتەکانی ئایندەدا. بەم شێوەیە، ئاکەپە موحافیزەکار نییە،

ئەوەی AKP دەیەوێ وەک پارتێکی موحافیزەکار بناسرێ، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە بە زەحمەت دەتوانێ ناسنامە کولتوورییە ڕیشە ئیسلامییەکەی بۆ هیی سیاسی بگۆڕێ. بۆ ئەوەی بەسەر کێشەکانی شەرعییەت و ئاسایشی حزبەکەدا زاڵ بێ، AKP چەمک و ئامانجی "دیموکراسیی موحافیزەکار"ی پەسەند کردووە[1].

بە پیشاندانی خۆی وەک میراتگری مەندرێس و ئۆزال دەیەوێ خۆی لە ڕەگوڕیشە ئیسلامییەکەی و ئەربەکان دوور بخاتەوە، لەڕێی پێشکەشکردنی ڕیشەی مێژوویی نوێوە. سەرکردایەتیی AKP، بەتایبەت ئەردۆگان، دەیەوێ ڕیشەی پارتەکە ببەنەوە سەر پارتی دیموکرات (DP)ی مەندرێس[2]. لێرەوە هەوڵێک هەیە بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ڕیشەی ئاکەپە، لە دەرەوەی میراتی ئەربەکان. پارتەکە دەیەوێ لەڕێی پێناسەکردنی خۆی وەک پارتێکی ڕاستی ناوەڕاست، کە

---

بەڵکو لە ڕووی بەرنامە سیاسی و ئابوورییەکەیەوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، حزبێکی لیبراڵە. ئاکەپە خۆی زیاتر بە ئایندەوە ئاڵاندووە تا ڕابردوو. سیاسەتی ئاکەپە پەیوەستە بە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان. بریتییە لە سیاسەتی شارەوانییەکان نەک کردنەوەی مشتومڕ لەسەر عەقدێکی کۆمەڵایەتی یان پەرەدان بە تێڕوانینێک بۆ شارستانێتی و سیستمێکی سیاسی نوێ. ئەوان خاوەن دیدگەیەک نین لەبارەی تورکیا، یان جیهانی ئیسلامی، بەڵکو زیاتر دەیانەوێ حکومەت کۆنترۆڵ بکەن و چوارچێوەیەکی یاسایی بەو شێوەیەی یەکێتیی ئەورووپا دەیەوێ، دروست بکەن. ئاماجی سەرەکییان بەدەستهێنانی عمولەیە لە پرۆژەکانی کەرتی تایبەتیان و دەوڵەمەندتربوونە. پارتێکە بەبێ دیدگە و ئەرک، بەڵکو زیاتر تۆڕی وەرگرتنی عمولە و بەرتیلە.

[2]"Erdoğan: Milli Görüş' ün Değil Demokrat Parti'nin Devamıyız," Zaman, May 17, 2003.

پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ میراتی عەدنان مەندرێس و تورگوت ئۆزالدا هەیە، خۆی لە میراتی ئەربەکان دوور بخاتەوە، تا بەوە بەسەر ترس لە ئیسلامیزم لە تورکیا زاڵ بێ.

بە هەرحاڵ، هەم بنەچە کۆمەڵایەتییەکان و هەم شێوەژیانی سەرکردایەتیی ئاکەپە لە میراتی DPی جیا دەکەنەوە. سەرکردایەتیی DP لە پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) CHP-ەوە هاتبوون و بەشێک بوون لە دامەزراوەکە. سەرکردایەتیی DP بە هۆی مشتومڕی ناوخۆی حزبەکەوە، لە CHP جیابوونەوە. سەرکردایەتیی DP وابەستەی ڕۆحی کەمالی بوو بۆ دروستکردنی دەوڵەت و سیکیولاریزم، مەندرێس، فورات کۆپرولو (وەزیری پێشووی دەرەوە) و جەلال بەیار (سەرکۆماری پێشوو) هەموو لە خێزانە دەستەبژێرەکانەوە هاتبوون و بەشێک بوون لە دامەزراوەکە. بەڵام سەرکردایەتیی AKP لە شارۆچکەکانی پارێزگاکان و خێزانەکانی چینی مامناوەندی-خوارەوە هاتبوون و لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسیی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە. لەبەر ئەوە لە دەستەبژێرێکی پێچەوانەیە و شێوەژیانێکی جیاواز لە سەرکردایەتیی DPیان هەیە.

سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیای DPیش، کەمالی-خواز pro-Kemalist ، ناتۆ-خواز pro-NATO و ئەمەریکی-خواز pro-American بوو. سیاسەتی دەرەوەی تورکیای بە درێژکراوەی پەیوەندییەکانی تورکیا-NATO دادەنا. جەنگی سارد وای کرد بزاڤە چەپ و کۆمۆنیستەکان وەک هەڕەشە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و دەوڵەت تەماشا بکرێن، هەروەها ناسنامەی خۆی بە پێچەوانەی "ئەویتری کۆمۆنیست" یان ئەوەی بە Moskofusağı (واتە خزمەتکارانی سۆڤیەت)

ناسرابوون، دادەنا. سەرکردایەتیی DP تا ئەندازەیەک ئازادیی بە گرووپە ئایینییەکان دەدا لەو ڕووەوە ئەنتی-کۆمۆنیست و پرۆ-ناتۆ بن. نە کۆمەڵگەی مەدەنی و نە مافەکانی مرۆڤ لە لوتکەی کارنامەی DPدا نەبوون. ئامانجی یەکەمی بەزاندنی کۆمۆنیزم بوو لە تورکیا. لە کاتێکدا سەرکردایەتیی AKP، بە پێچەوانەی ئەمەوە، خۆی بە دژی چەپ پێناسە ناکا، بگرە لە ڕاستیدا پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ڕووسیای پاش جەنگی سارد دامەزراند.

بەم شێوەیە لەبەر هۆکارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان، AKP بڕیاری دا لە بواری سیاسیدا زیاتر خۆی لەگەڵ ناسنامەیەکی "موحافیزەکار"دا دابمەزرێنێ تا یەکێکی ئیسلامی. ئەگەرچی موحافیزەکاری دەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر ئاستی بنکەی جەماوەری نییە، بەڵام سەرکردایەتیی ئاکەپە هەوڵ دەدا چەمکەکە بە ئیسلامی، نەریتی و تەنانەت لیبراڵ پێناسە بکا. بەم شێوەیە ناسنامەی کولتووری بە زەرووەرەت لەگەڵ ناسنامەی سیاسیدا تێهەڵکێش نابێ، بەڵکو هەندێ جار ئەو دوانە بەرئەکسی یەکترن. بۆ نموونە لە وتارەکەیدا لە ئیستەمبوول لە ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤دا، ئەردۆگان باس لەوە دەکا فەلسەفە و سیاسەتی ئاکەپە ڕیشەیان لەنێو "دابونەریتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان"ی تورکیادایە و "سیستەمێکی بەهایی نیشتمانی ڕیشەدار بەرجەستە دەکا". بەم شێوەیە، وەک ئەوان دەڵێن، سیستەمی بەها نیشتمانی و ناوخۆییەکان تا ڕادەیەکی زۆر ناسنامەی ئەو پارتە پیشان دەدەن[١].

---

[1] ئاتیلا یایلا یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵگەی لیبراڵیی تورکی دەڵێ: "ئاکەپە بەرهەمی ئێمەیشە. ئێمە لە ڕۆژە بەراییەکاندا شەرعییەتی

مەبەستی ئاکەپە لە دیموکراسی بریتییە لە "پرۆسە"ی دیاریکردنی بۆچوونی زۆرینە، کە تا ڕادەیەکی زۆر دیموکراسییەکی زۆرینەیە.

ئەردۆگان دەڵێ:

ڕۆژێک دێ کەس ناچێتە سەر سەکۆ تا بە نەتەوە بڵێ چی بکا. لەو ڕۆژەدا، دەوڵەت لە تورکیا بۆ نەتەوە دەژی و سەروەری هیی هەموو گەل دەبێ بەبێ جیاوازی. لەو ڕۆژەدا هیچ کەس بە بیانووی جۆراوجۆر بانگەشەی باڵایی گرووپێک بەسەر ئەوانی تردا ناکا... پێویستە نەتەوەکەمان بزانێ ئەوانەی ئەمڕۆ هەوڵ دەدەن تورکیا بکەنە وڵاتێکی پڕ بەدگومانی، ناتوانن ئەو ڕاستییە قبوڵ بکەن کە سەروەری هیی نەتەوەیە بەبێ جیاوازی[1].

---

پێویستمان پێ بەخشین، ئێمە یارمەتیمان دان بەسەر گۆشەگیرییەکەیان دەربچن کە دەکرا ڕادیکاڵتریان بکا، ئێمە هەمیشە لەگەڵیان پێکەوە کارمان کردووە و یارمەتیمان داون تا زمانی ماف و ئازادییەکان پەیڕەو بکەن. ئێمە ئەوەمان بە جوانی بۆ ڕوونکردنەوە کە نابێ موسڵمانێتی بکرێتە هەڵوێستی سیاسی و پێویستە بەدوای هەڵوێستێکی سیکیولاردا بگەڕێن بۆ بەشداریکردن و گۆڕینی سیاسەت و زمانی سیاسی لە تورکیا. ئێمە هانمان دان تا ببنە لیبراڵ بۆ ئەوەی شێوە ژیانی تایبەتی خۆیان بپارێزن. ئێمە بووین چاکەی بیرکردنەوەی موحافیزەکارانەمان فێری سەرکردایەتیی ئاکەپە کرد. بۆ نموونە، یالچین ئەکدۆگان "بۆچوونەکەی لەبارەی دیموکراسیی موحافیزەکار لە کارەکەی بەرات ئۆزیپەک وەرگرتووە کە لە لایەن لیبراڵ دوشونجەوە بڵاو کراوەتەوە". یالیا جەخت لە ڕۆڵی بیرکردنەوەی لیبراڵانە دەکا لە پەرەسەندنی ئاکەپەدا. دیمانە لەگەڵ یالیا، ١٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥.

[1] گوتارەکەی ئەردۆگان، بڕوانە: The New Anatolian, April 26, 2006.

ئاکەپە دەوڵەت لە حکومەت جیا دەکاتەوە و مەیلی بە لای دیموکراسیی زۆرینەدایە. کاتێ سەرکردەکانی AKP باس لە "دەسەڵاتی سیاسیی سنووردار" دەکەن، بەوە ئاماژە بۆ "دەسەڵاتی دەوڵەت" دەکەن. ئەو پارتە هێشتا خۆی بە نەیاری دەوڵەت دەناسێنێ و بە بەرهەڵستی سەرەکیی خۆی دەبینێ. بە بڕوای سەرکردەکانی AKP دەوڵەت پێویستە لە لایەن هاووڵاتییانیەوە پێناسە و ڕەنگڕێژ و جڵەو بکرێ. تێگەیشتنیان لە فرەکولتووری multiculturalism مانای بەستنەوەی لۆکاڵە بە گلۆباڵەوە، هەروەها ئەو ئامرازانەن بە هۆیانەوە موتوربەکردنی نێوان ئایدیا جیاوازەکان ئاسان دەبێ. کەچی هێشتا دەیەوێ بەها لۆکاڵییەکان بپارێزێ، ئەویش لەڕێی نوێکردنەوەی ماناکانیان و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە ئەردۆگان باس لەوە دەکا: بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی تورکی حەز دەکەن مۆدێرنێتە بە مانایەک وەربگیرێ، کە دابونەریت ڕەت نەکاتەوە، باوەڕێک بە جیهانەگەرایی (یونیڤێرسالیزم) هەبێ کە خۆماڵیگەرایی (لۆکاڵیزم) قبوڵ بکا، تێگەیشتنێک لە عەقڵانییەت rationalism هەبێ کە مانای ڕۆحیی ژیان نادیدە نەگرێ، هەروەها گۆڕانێک هەڵبژێردرێ کە ڕیشەگەرا نەبێ. لە ڕاستیدا چەمکی دیموکراسیی موحافیزەکار وەڵامێکە بۆ ئەم حەزە.

بە هەرحاڵ، بە چاوپۆشین لە پێناسەکردنی پارتەکە بۆ خۆی، ناسنامەکەی هێشتا لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە دیاری دەکرێ، بەتایبەت لەسەر ئاستی بنکە جەماوەرییەکە، لەگەڵ ئەو ناسنامەیەی ئاکەپە کە لە پراکتیک و لە سیاسەتەکانی پارتەکەدا دەردەکەوێ.

ئیسلامی سیاسی هەمیشە ئامانجی ئەوەیە سەرلەنوێ سەنتەر بەگوێرەی نۆرم و تۆڕە ئیسلامییەکان پێناسە بکاتەوە، لە کاتێکدا AKP دەیەوێ "ببێتە پارتێکی ڕاستی-ناوەڕاست" بە مەبەستی بەشکردنی قازانجەکانی سەنتەر. هەوڵ دەدا پشکە ئابوورییەکەی لە دەوڵەت وەربگرێ. بە دەربڕینێکی تر، AKP نایەوێ سەنتەر بگۆڕێ، بەڵکو زیاتر دەیەوێ شێوەی سەنتەری پێ بدرێ. بە هەرحاڵ، بەر لەوەی پارتەکە هەوڵی گۆڕینی سەنتەر بدات، پێویستە خۆی لە ڕووی بەها لیبراڵ و موحافیزەکار و دیموکراتییەکانەوە بگۆڕێ لەنێو جێبەند (سیاق)ێکی تایبەتی تورکیدا.

لە ١٠-١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤دا ئاکەپە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی لە ئیستەنبوول ڕێک خست بۆ تاوتوێکردنی چەمکی دیموکراسیی موحافیزەکار[1]. لە کاتی کۆنفرانسەکەدا نزیکەی سەرجەم ڕۆشنبیران ڕەخنەیان لە چەمکی دیموکراسیی موحافیزەکار گرت و بە "داهێنانێک"یان لەقەڵەم دا کە سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی، یان فیکریی کەمی هەیە، یان هەر نیەتی[2].

---

[1] لەبارەی بابەتەکانی کۆنفراسەکە بڕوانە:

, Uluslararası Muhafazakarlık ve Demokrasi Sempozyumu (Ankara: AK Parti, 2004).

من یەکێک بووم لە ٢٢ ڕۆشنبیر، لەگەڵ ٧ ڕۆژنامەنووسی تورکی کە لە کۆنفرانسەکەدا بابەتیان پێشکەش کرد.

[2] پێش و لەکاتی کۆنفرانسەکەدا سێ ڕەخنە لە دژی چەمکەکە بەرز کرانەوە:

١- چەمکی "دیموکراسیی موحافیزەکار" لەنێو ئەدەبیاتی زانستی سیاسیدا نییە، هەروەها چەمکەکە سەر بەکێشەیە لەبەر ئەوەی ناتوانرێ دیموکراسی بە موحافیزەکاری وەسف بکرێ. ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە سەرەتا لە لایەن

یالیاوە خرایە ڕوو، بەڵام ئەو پاش کۆنفرانسەکە ڕای گۆڕی. بڕوانە:
Atilla Yayla, “Muhafazakar Demokrasi ve Muhafazakar Demokratlar,”
http://liberaldt.org.tr/guncel/Yayla/ay_muhafazakar%20demokrasi.htm.
بە هەرحاڵ، عەلی ی. سارییەی و عەلی بایرام ئۆغلو بە توندی هێرشیان کردە سەر چەمکەکە،
(Uluslararası Muhafazakar ve Demokrasi Sempozyumu, 2004).
٢- زاراوەیەکی هەلپەرستانە و (تاکە بژاردەی بەردەستە) لە ڕووی ڕووماڵکردنی "ئیسلامی" یان دیموکراسیی ئیسلامییەوە، ئەویش لەبەر قەیدە یاساییەکانی ناو تورکیا، هەروەها هەلومەرجی نێودەوڵەتی. بۆ نموونە ئەحمەد تاشگەتیرەن کە لە ڕێزلێگیراوترین ڕۆژنامەنووسی ئیسلامیی تورکیایە دەڵێ دیموکراسیی موحافیزەکار (کۆنەپارێز یاخود پارێزگار) تاکە چەمکی بەردەستە کە ڕووماڵی ڕاستییە واقیعییەکانی تورکیا و سیستمی نێودەوڵەتی بکا. بڕوانە:
(Taşgetiren, “At Üstünde Durmak,” Yeni Safak, August 16, 2003).
هەروەها بڕوانە: Etyen Mahcupyan, “Muhafazakar bir Tür Mekez mi?,” Zaman, August 25, 2003.
Ahmet
یەلدز گوتی ئاکەپە کارێکی ڕاستی کرد کە وشەکانی "ئیسلامی" و "موسڵمان"ی بۆ پاراستنی ئیسلام لە ململانێی سیاسی بەکار نەهێنا. ئەو دەڵێ، دیموکراسیی موحافیزەکار سێ ناونیشانی هەیە: یەکەمیان دەنگدەرانی تورکی کە خەمی لۆکاڵییان هەیە. دووەمیان دەرەوەیە بەتایبەت خۆرئاوا، تا بە موحافیزەکاری شەرعییەت بەدەست بێنێ. دواجاریش ئاکەپە بە دیموکراسیی موحافیزەکار دەیەوێ دامەزراوەی کەمالی دڵنیا بکاتەوە کە ئەو هیچ پەیوەندیی بە ئیسلامی سیاسییەوە نییە.
Yıldız, “Muhafazakarlığın Yerlileştirilmesi ya da AKP’nin ‘Yeni Muhafazakar Demokratlığı,’” Karizma (January–March 2004), 53–56.
٣- چەمکەکە ئاماژە بەوە نادا کە دەویسترێ چی "بپارێزێ" و لەبەر چیش. ئەو بیرمەندانەی بەرگرییان لە بەکارهێنانی چەمکەکە دەکرد هەوڵیان دەدا

زۆر لە لیبراڵەکا بە ڕەتکردنەوەی پێکەوەهەڵکردنی نێوان دیموکراسی و موحافیزەکاری، یان بەکارهێنانی وشەی موحافیزەکار conservative وەک (سیفەت)ێک، ناتوانن لەوە تێبگەن کە دیموکراسی شتێک نییە دەربارەی ناوەڕۆک، بەڵکو زیاتر پرۆسە و فۆرمێکی حوکمڕانیکردنە. لە ڕاستیدا زاراوەکانی وەک موحافیزەکار، کۆمەڵایەتی، سۆشیالیست، لیبراڵ، ڕادیکاڵ و دیموکراسی لە لایەن بزاڤی سیاسیی جۆراوجۆرەوە بەکار هێنراون و پراکتیزە کراون. لەبەر ئەوە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانی قسە و گفتوگۆ دەربارەی دیموکراسیی موحافیزەکاریش بکا، لەبەر ئەوەی ئەوەیش فۆرمێکە لە دیموکراسی کە ڕیشەی لەنێو نۆرم و کولتوورە لۆکاڵییەکەدا هەیە. لە بارێکی وایشدا، ڕەخنەی ڕۆشنبیرانی لیبراڵ دەربارەی نەبوونی دیموکراسیی موحافیزەکار، تا ڕادەیەک لاوازە.

ئایدیۆلۆژیا و ناسنامەی ئاکەپە دەرەنجامی پرۆسەکە (کودەتاکە)ی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ـە. نیهات ئەرگون کە پەرلەمانتارێکی گەنجی ئاکەپەیە لە ساکاریاوە، دەڵێ "دیموکراسیی موحافیزەکار دەرەنجامێکی گۆڕانی ئیسلامی سیاسییە لە تورکیا بە دوو هۆکاری سەرەکی: پرۆسەکەی ٢٨ی شوبات و پێوەرەکانی کۆپنهاگن"[1].

---

بە تەوفیقکردن لەنێوان بەها لۆکاڵ و یونیڤێرسال، ڕابردوو و ئێستا، تورکی-ئیسلامی و ئەورووپییەکان، پێناسە بکەن، ڕێگەیەک بۆ بەیەکەوەبەستنی کەنار و سەنتەری تورکیا.

y. M. Hakan Yavuz, “Türk Muhafazakarlığı: Modern ve Müslüman,” Zaman, January 10, 2004.

[1] دیمانەی خۆم لەگەڵ نیهاد ئەرگون لە نووسینگەکەی خۆی لە پەرلەمان، ٩ی تەممووزی ٢٠٠٤.

ئاکەپە ئیسلامیزمی ڕاگرت، یان ناسنامە ئیسلامییەکەی خستە لاوە بۆ ئەوەی لە لایەن دامەزراوەکانی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیاوە قبوڵ بکرێ. ئەگەرچی بنکە جەماوەرییە لایەنگرەکەی ژمارەیەکی بەرچاو ئیسلامگەرایان تێدایە، بەڵام سیاسەتەکانی پارتەکە و کارەکانی حکومەتەکەی بە هیچ شێوەیەک ئیسلامی نین. ململانێ سەرەکییەکانی نێوان بنکە جەماوەرییەکە و دەستەبژێری پارتەکە لە ڕووی ناسنامە و بانگەشە سیاسییەکانی گۆڕینی سەنتەرەوەیە. پارتەکە بڕیاری داوە لە ڕووی ئابوورییەوە خۆی بە لیبراڵ و لە ڕووی سیاسییەوە بە پارتێکی موحافیزەکاری تورکیا (نەک تورکی) بناسێنێ، تا خۆی وەک پارتی ڕاستی-ناوەڕاستی سەرەکیی تورکیا پیشان بدات.

**سێکوچکەی موحافیزەکاری: خێزان، عوسمانیزم و دینداری**

موحافیزەکاری لە دیدی ئەردۆگاندا لە سێکوچکەی باو پێک دێ: خێزان، عوسمانیزم و دینداری piety. ئەو بۆ نموونە دەڵێ "ئەوە گرنگە کە موحافیزەکاری، وەک ڕێبازێکی سیاسی، کە گرنگی دەبەخشێتە مێژوو، کولتووری کۆمەڵایەتی و لەم سیاقەدا ئایینیش- لە بەرگێکی دیموکراتیدا سەرلەنوێ خۆی

---

ئەرگون دەیەوێ دیموکراسیی موحافیزەکار لە ڕووی هێنانی ئەخلاق بۆ کایەی گشتی و ڕێگرتن لە لایەنە ڕوخێنەرەکانی سەرمایەداری و پلانی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت، پێناسە بکاتەوە. ئەرگون داکۆکی لەوە دەکا کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێویستە دەسەڵاتی دەوڵەت لە لایەن ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و سەروەریی یاساوە سنووردار بکرێ. بە لای ئەوەوە دەوڵەت پێویستە بە توندی لە لایەن هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێ.

دابمەزرێنێتەوە"[1]. ئەو موحافیزەکاری کردووە بە ئامرازێک بۆ گۆڕانی سۆسیۆ-سیاسی. موحافیزەکاری لە تورکیا زیاتر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتییە تا ئەوەی سیاسی بێ. موحافیزەکاریی سیاسی لەم جێبەندەدا هەوڵ دەدا بەها نەریتی و بنیاتەکانی دەسەڵات بپارێزێ، لەگەڵ ئەوەیشدا دژە-تاکە لە بەرژەوەندیی گۆڕانی ئابووری و تەکنەلۆژی.

هەرچۆن بێ تێگەیشتنی ئاکەپە بۆ گۆڕان لەڕێی دابونەریتەوە فلتەر دەکرێ (ئیسلام بخوێنەوە) و پارتەکە کۆمەڵگە بە کارەکتەری سەرەکیی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی دادەنێ. زۆربەی بەرپرسانی ناوچەیی پارتەکە ڕیشەیان لەنێو ئەخلاقی موحافیزەکارانەی ئیسلامدایە. ئیسلام وەک ڕێسایەک بۆ ئەخلاق و ناسنامە و بەستەری کۆمەڵگە، لە پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی دیاریکراوی مەنتیقی بەردەوامە کە تێیدا پرسەکانی ژیانی ڕۆژانە، مانای ژیانی باش و گێڕانەوەیەکی باڵا a meta-narrative بۆ تێگەیشتن لە ڕابردوو و ئێستا تاوتوێ دەکرێن. گرنگتر لەوەیش، ئیسلام ڕەمز و پرنسیپی دەوڵەمەند پێشکەش دەکا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم ئیسلامە خراوەتە نێو جێبەندە گەورەترە سۆسیۆ-سیاسییەکە و لە کارلێکی بەردەوامدایە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی تورکی. مەرج نییە توێژاڵەکانی ناسنامە لۆکاڵی و ئایینییەکان سیاسەتەکانی پارتەکە دیاری بکەن، بەڵکو زیاتر ناسنامەی لایەنگرانی دیاری دەکەن. لە ڕوانگەی ئەو دیمانانەی لەگەڵ ٢٥ ئەندامی ئاکەپە و

[1]R. T. Erdoğan’s speech in M. Hakan Yavuz (ed.), The Emergence of a New Turkey:
Democracy and Ak Parti (Salt Lake City: University of Utah Press, 2006), p. 366.

٦٣ چالاکوانی پارتەکە کراون، من هەوڵ دەدەم چەمکی "دیموکراسیی موحافیزەکار" لە ڕووی سێ گوتاری وەک یەک پێکهێنەرییەوە، کە بریتین لە: بەهاکانی خێزان (جۆرە پیاوسالارانەکەی) + نیشتمانپەروەریی دامەزراو لەسەر مێژووی عوسمانی (خۆشویستنی نەتەوەی موسڵمانی-تورکی) + دینداری (سەرچاوەیەک بۆ ئەخلاق)، شی بکەمەوە.

یەکەمین توخمی یەکلاکەرەوە لە هەر پارتێکی موحافیزەکاردا پێداگرتنیەتی لەسەر خێزان وەک دامەزراوەیەک و لەسەر کۆمەڵێ بەها کە دەوری خێزانیان داوە. گرنگیدان بە خێزان شتێکی نوێ نییە لە تورکیا. لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و موسڵماندا خێزان بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی ناسنامە و بەهاکان و خەڵک بەزۆری لە ڕووی پابەندی و بەرپرسیارێتییە خێزانییەکانیانەوە دەناسرێن. لە سیاسەتی تورکیدا بوونە پیاوی خێزان فۆرمێکی سەرەکیی سەرمایەی سیاسییە. ئەم پێداگرییە لەسەر خێزان شانبەشانی سروشتی تایفەییبوون-ی کۆمەڵگەی تورکی و و ستراکچەری بەهاکانیدا دەڕوات. زیاد لەوەیش، بۆ پاراستن و درێژەپێدانی بەها ئایینییەکان خێزان یەکلاکەرەوەیە. لە جێبەندی تورکیادا دەکرێ بڵێین بەهاکانی خێزان هەر بەها ئایینییەکانن. دوو کاریگەریی سەرەکیی ئەم گرنگیدانە بە خێزان ئەوەیە تا ڕادەیەک بوارێکی بەرتەسکتر دەداتە تاکگەرایی، لە لایەکی تریشەوە دەکرێ ببێتە بەربەست لە بەردەم کۆششەکان بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی جێندەری (ڕەگەزی).

ئاکەپە لەوە تێدەگا ئازادیی تاک مانای نەهێشتنی دەستتێوەردان و قەیدەکانی دەوڵەتە لە بەردەم پێکهێنانی کۆمەڵگەدا. ئەم تێگەیشتنە بەهێزکردنی تاک بۆ فۆرمەلەکردنی

دیدگەیەکی ڕەخنەگرانە لەخۆ ناگرێ، هەروەک ئەو ژینگە کولتووری و کۆمەڵایەتییەیش بەرهەم ناهێنێ کە بۆ فۆرمەلەکردنی "جیاوازی" پێویستە. لەبری جیاوازی، هەستی ئایینیی "لێکچوون" بە بەردەوامی دروست کراوە، هەروەها جەخت لە پەیوەندییەکانی دەوڵەت-کۆمەڵگە دەکا، بەڵام پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە-تاک فەرامۆش دەکا.

خێزان بەزۆری لە ڕوانگەی بەها باوکسالارانەکانەوە پێناسە دەکرێت و دامەزراوەیەکی نێرسالارە کە تێیدا ئافرەتان ڕۆڵێکی پلە دوو دەگێڕن. بەم شێوەیە، پیاوان، نەک ئافرەتان، دەچنە نێو کایەی گشتی و بڕیار دروست دەکەن[1]. لێرەوەیە جێی سەرسووڕمان نییە کە ئافرەتان بوونێکی بەرچاویان لەسەر ئاستە لۆکاڵی و نیشتمانییەکانی ئاکەپەدا نییە. چالاکیی سیاسی بە پلەی یەکەم وەک چالاکییەکی نێرانە، یان نێرسالارانە دەردەکەوێ و لێرەیشەوە کایەی سیاسییەکانی ئاکەپە زیاتر نێر-سالارانەیە. لەبەر ئەوە ئاکەپە لە ڕووی بەها خێزانییەکان و نەبوونی تاکگەرایییەوە موحافیزەکارە.

چین (تویژال)ی دووەمی ئەم موحافیزەکارییە وێنەیەکی خەیاڵکردی دیاریکراوی مێژووی عوسمانییە، کە سەرکەوتن و شکۆمەندی و تورکاندن سیماکانی پێک دێنن[2]. یەکێک لە

---

[1]For a critical view of the AKP’s gender policies, see E. Fuat Keyman, “Muhafazakar
demokrasinin ‘kadın’la imtihanı,” Radikal II, May 16, 2004. For more on the gender
politics of the AKP, see Edibe Sözen, “Gender Politics of the AKP,” in Yavuz, The
Emergence of a New Turkey, pp. 258–280.
[2]Judd King, “The Battle for the Ottoman Legacy: The Construction of a Neo-Ottoman
Political Identity In Turkey” (Duke University, July 12, 2004).

فاکتەرە یەکخەرەکان لەنێو سەرکردایەتیی ئاکەپەدا ئەو قەناعە بەهێزەیە کە ڕابردووی عوسمانی کلیلی ئایندەی تورکیا هەڵدەگرێ. سۆزێکی قووڵ بەرانبەر سەردەمی عوسمانی و تەنانەت سەردەمی سەلجوقیش هەیە. ئەم بنیادنانەوەیەی ناسنامەی عوسمانی لە سێ دەیەی دواییدا کاری لەسەر کراوە و لەم دواییەشدا لە هونەر و ئەدەب و شێوازی چێشتلێنان و سیاسەتدا گوزارشتی لێ کراوە. بزاڤی ئیسلامی لە تورکیا هەمیشە جەختی لەسەر میراتی عوسمانی کردووە بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی بەدیل بۆ ناسنامەی هاوبەش پێشکەش بکا. ئەم گرنگیدانە بە عوسمانیزم، هەروەها تێڕوانینی پارتەکە بۆ ئەورووپا، لەمەڕ بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی، دیاری دەکا، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ چەندین سەدە حوکمی کردووە.

لە عوسمانیزمی ئەمڕۆدا، کە لە دیدی ئاکەپەدایە، ئەورووپا هێشتا "ئەویتر" و بگرە دوژمنێکە. لێرەوە، لەسەر ئاستی بنکە جەماوەرییەکە ئیزدیواجییەت (دوو هەڵوێستی) بەرانبەر یەکێتیی ئەورووپا هەیە، هەم وەک "ئەویتر"ی مێژوویی و هەم وەک کایەیەکی زێدە لەبار بۆ دەرفەت و خۆشگوزەرانی.

دواین چینی ئەم موحافیزەکارییە کە لە لایەن ئاکەپەوە بەرجەستە کراوە، بریتییە لە هەستێکی دینداریی بەتایفیکراو. جەخت لە خواستە ئایینییە تاکەکەسییەکان دەکا، بەڵام ئیسلام وەک ڕۆحی بنیادنەری کۆمەڵگە دادەنێ. هەم سەرکردایەتیی

---

ئەم توێژینەوە لە زیندووکردنەوەی مێژووی عوسمانی لە لایەن ئاکەپەوە دەکۆڵێتەوە. من سوپاسی جود دەکەم کە ڕێگەی پێ دام دەستنووسە بڵاونەکراوەکەی بخوێنمەوە. ئەو ڕیشەیە لەناو ئاکەپەدا زۆر بەهێزە. ئامانجی سەرەکییان پرنسیپە عەلمانییە دامەزرێنەرەکانی کۆمارەکەیە.

ئاکەپە و هەم زۆربەی لایەنگرانی بنکە جەماوەرییەکەی موسڵمانی سوننەن، کە پێداگری لە نوێژی بەکۆمەڵ و پاڵپشتی لە دەرکەوتنە جەماوەرییەکانی ئایین دەکەن بۆ دروستکردنی سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی لە متمانە و بەهێزکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕە شەخسییەکان. بەم شێوەیە، دینداریی ئیسلامی دەبێتە مارکە/نیشانە بۆ پارتەکە و هەستێکی قووڵی دڵسۆزی و وابەستەیی دروست دەکا. هەندێ لە سەرکردەکانی پارتەکە وەک وەزیری دەوڵەت محەمەد ئایدن و تایەر ئالتیکوچەک (سەرۆکی پێشووی DRA) ستایشی حیکمەتی ئایینی ڕابردوو دەکەن. ئەوان ئەو هەستە دروست دەکەن کە ئەو ڕاستییە دێرینانەی لە ئەزموونێکی دوورودرێژی ژیانی کۆمەڵایەتیدا تاقی کراونەتەوە و دەوڵەمەند کراون، کاریگەرترین ڕێگەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گژبەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەکنەلۆژییەکانی جیهان.

به لای سەرکردایەتیی ئاکەپەوە، ئیسلام ناسنامەی گەلی تورکی و سەرچاوەی ئەخلاقیان و سەرچاوەی شەرعییەتی دەوڵەتی تورکییە. لەنێو سەرکردایەتیی پارتەکەدا تێگەیشتنێکی هاوبەشی بەربڵاو هەیە کە بەبێ ئیسلام، ئەخلاق نییە و بوونی ئیسلام مەرجێکی حاشاهەڵنەگرە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەئەخلاق. وا بیر دەکەنەوە کە خەڵک ئەگەر نوێژ بکەن و ئەرکە ئایینییەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەوا ئەگەری گەندەڵبوونیان کەمتر و کارکردنیان لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگە زیاتر دەبێ. بە لای سەرکردایەتیی ئاکەپەوە، ئیسلام ڕابیتەیەکی نیشتمانییە، سەرچاوەیەکی ناسنامە و سەرچاوەی سەرەکیی شەرعییەتە. لەگەڵ ئەوەیشدا، لەبەر هۆی جۆراوجۆر پارتەکە ناچار بووە ئیسلام لە ژیانی سیاسی فلتەر بکا.

دیدی پارتەکە بۆ کۆمەڵگە ئۆرگانیيە و لەڕێی بەها ئیسلامییەکان و مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی تورکیاوە، یەک خراوە. پێی وایە کۆمەڵگە مافی هەیە لەڕێی دیموکراسییەوە دامەزراوە سیاسییەکان ڕێک بخا. لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکە کۆمەڵگەگەرایی و زۆرینەخوازییە بۆ دیموکراسی، خەسڵەتی سەرەکیی ئاکەپەیە. بەها ئیسلامی و خێزانییەکان و هێزەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدەن هاووڵاتییانی باوەڕدار لەگەڵ هەستکردن بە واجبی کۆمەڵگەیی لەقالب بدەن. ئاکەپە جەخت لە ڕۆڵی ئایین دەکا لە دارشتنی ئەم هاووڵاتییە "دیسپلینکراوە" کە لێی چاوەڕوان دەکرێ بەردەوامی بە "بەها نەگۆڕەکان" بدات. سەرکردایەتیی ئەو پارتە وەک "ئامراز"ێک تەماشای بیرۆکەی ئازادی دەکا، واتە ئازادی بە پلەی یەکەم لەو ڕووەوە بەنرخە کە ئامرازە بۆ کۆمەڵێ ئامانج-دەوڵەمەندبوون، یان هێنانەکایەی ژیانێکی گشتیی بەئایینیکراو. بە دەربڕینێکی تر، بە لای ئەردۆگانەوە ئازادی ئامرازێکە بۆ ڕێگەدان بە خەڵک بۆ شوێنکەوتن و تێرکردنی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیان. بەم شێوەیە ئاکەپە دەیەوێ سیستەمێک دابهێنێ کە تێیدا بژارەکانی تاک لە لایەن بەها ئایینی-کۆمەڵگەییەکانەوە ڕەنگرێژ دەکرێن.

ئاکەپە هەندێ پرسی ناسنامەی وەک بابەتی سەرپۆش، خستووەتە قاڵبی مافەکانی مرۆڤ و بژارەی شەخسی بۆ پۆشین، یان نەپۆشینی جۆرە جلوبەرگێک-ئیسلامی بێ یا نا. لە ڕووی ئابوورییەوە ئاکەپە تەوفیقییە syncretic تا لیبراڵ. بنکەی دەنگدەرانی جووتیارن، چینی ناوەڕاستی نوێی

شارنشین و بۆرژوازیی ئەناتۆلیی نوێ لەخۆ دەگرێ[1]. ئەو توێژە جیاوازنەی دانیشتوان پێکەوە لە دەوری "ناسنامەیەکی ئیسلامیی دیموکرات " کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی ئاکەپە بگەیەننە دەسەڵات.

سێ چینەکەی خێزان، مێژوو و دینداری خەسڵەتە دیارەکانی موحافیزەکاریی ئاکەپەیە. هەرچۆن بێ، ئەم موحافیزەکارییە لە بنەماکانی گوتاری ئازادیخوازانە و ئەخلاقی خاڵییە. لە لایەن بازرگانەکانی چینی ناوەڕاستەوە ڕەنگڕێژ دەکرێ کە خەمی یەکەمیان ئەوەیە دەوڵەمەند و بەهێز ببن. کەسە چالاکەکانی ئاکەپە ئەو خەڵکانەن تازە لە شار نیشتەجێ بوون و نیمچە شارین و بە بەردەوامی لەنێوان گەڕەکەکانی گوند و شارەکاندا هاتوچۆیانە. هەروەها وەلائاتە ناوچەیی و شاری (زێد)ی و کوردییەکان لەنێو ڕێکخستنەکانی پارتەکەدا زۆر بەهێزە. ئەم چینە شارییە نوێیە هێشتا لە دروستبووندایە و سیستەمی بەهاکانی تا ڕادەیەکی زۆر ئامانجگەرایە. ئایین و ئەخلاق و نەتەوایەتی بە سیاسی کراون لەپێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ناوەندە شارییە تازەکاندا. هیچ کێشەیان لەگەڵ مۆدێرنێتە و کاپیتالیزم نییە، مادام لە کولتووری بەکاربەردا بەشدارن. هەلومەرجی نوێی بازاڕ ڕێگەیان پێ دەدا بکرن و ناسنامەکانیان ئاشکرا بکەن.

زمانی ئەخلاقییانەی ئاکپارتی، زمانی ئارەزووەکانی مرۆڤ و گەڕانە بەدوای دەسەڵاتدا. دەستەواژە ئەخلاقییەکان بە مەبەستی سەرکەوتن لە بازاڕ ڕێک خراون. بەم شێوەیە، بە لای دەستەبژێری پارتەکەوە، ئەخلاق ئامرازێکە، نەک خۆی لە

---

[1]Nur Vergin, “Siyaset İle Sosyolojinin Buluştuğu Nokta,” Türkiye Günlüğü, 76 (2004), 5–9.

خۆیدا ئامانج بێ، بگرە تەنانەت ئیسلام خۆیشی بووەتە ئامرازێک بۆ سەرکەوتن. موحافیزەکاریی ئاکەپە ئەخلاقنەویست (پرنیسپنەویست) و ئامانجگەرایە: واتە ئامانج سەرکەوتن و بەهێزبوونە. زمانێکی دەسکەوتخوازی سیاسییە کە پێشکەوتن خولگەیەتی.

ئەگەر کەسێک لە سیاسەتەکانی پارتەکە لە ٢٠٠٢ەوە بکۆڵێتەوە، دەبینێ نەخشە مەعریفییەکەی لە لۆژیک و هیوای هێزە ئابووری و تەکنەلۆژییەکانەوە وەرگیراوە. هیچ جێگەیەک بۆ بەهای "ئەخلاقی"ی قووڵتری مرۆڤایەتیی هاوبەش نییە، بەڵکو زیاتر باوەڕە بە تەکنەلۆژیا و ئابووری لە ڕەنگڕێژکردنی ئایندەدا.

سەبارەت بە ناسنامەی ئاکەپە، ئەوەیە لە کرداردا دەیبێ. ناسنامەکەی زیاتر لە کرداردا دروست کراوە تا ئەوەی لەڕێی کۆمەڵی بیری ڕووتەوە هەڵبسەنگێنرێ. سیاسەتەکەی دەربارەی ئەوەیە دەیکات و ئەو ئەنجامەی لە "کردنی شتەکان" دەکەوێتەوە. وەک پارتێکی سەرۆک سەنتەر و ستوونییانە داڕێژراو، ئەندامێکی زۆر و کۆمەڵێ دامەزراوە و خاوەن ڕەگوڕیشەی کولتووری و جۆشدەری هەن.

کۆمەڵگەی تورکیی هاوچەرخ، کە بەزۆری پراگماتییە تا ئەوەی مەبدەئی بێ، لە ژمارەیەک بازنەی گرووپ و تایفەی جیا و تێهەڵکێش پێک دێ کە بەجیا، پێکەوە دەژین. دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکان سەرچاوەن هەم بۆ جەمبوون و هەم بۆ جیابوونەوە. زۆربەی چالاکی و

دامەزراوە مەدەنییە سەرکەوتووەکان بە بەکارهێنانی چەمک و پراکتیزە ئایینییەکان لەپێناو ژیانێکی باشتردا، بنیاد نراون[1].

خەڵک چ لە گوند بژین، یان شار، ناتوانن پێکەوە لەپێناو بەرژەوەندییەکی گشتیدا کار بکەن کە بەرژەوەندییە ماددییە هەنووکەییەکانی خێزان، یان گەڕەک تێبپەڕێنێ. تاکە سەرمایەی کۆمەڵایەتی کە سنووری خێزان و ڕێکخراوی لەسەر ناسنامە و زێد دامەزراو تێبپەڕێنێ، تۆڕە ئایینییەکان بوون. زۆربەی دامەزراوە و کۆمەڵەکانی پارێزگەکان لە دەوری بیرۆکە، یان دامەزراوەیەکی ئایینی دروست کراون. زۆر لە تورکەکان (هەروەها گرووپە ئەتنییەکانی تریش) لەگەڵ خێزانەکانیاندا دەژین و خێزانی سەڵت (تاکەکەسی) کەمن. کۆمپانیا تورکییەکان زۆربەیان هیی خێزانەکانن بە کەمتر لە بیست فەرمانبەرەوە لەژێر کۆنترۆڵکردنێکی باوکسالارانە، بە وەلایەکی باڵای خێزانییەوە. متمانەیەکی زۆر کەم بە حکومەت هەیە.

ئەم خاوەن دوکان و بازرگانە بچووکانە لایەنگرانی سەرەکیی ئەردۆگانن، کە بە ڕێژەیەکی گەورەتر لە باقیی دانیشتوان دەنگی پێ دەدەن. سیاسەت بە لای سەرکردایەتیی ئاکەپە تێکەڵەیەکە لە پەرەپێدانی بەرژەوەندییە تایفی، یان شەخسییەکان، هەروەها ناوبەناویش هاوپەیمانیی نموونە باڵا و پرنسیپەکان. ناکۆکییەکی بەردەوام لەنێوان پرنسیپ و بەرژەوەندییەکاندا هەیە و ئەو ناکۆکییە لە بەرژەوەندیی جەماوەرە گەورەترەکە چارەسەر نەکراوە. فیکر و بەها باڵاکان

[1] Jenny B. White, Islamist Mobilization in Turkey (Seattle: University of Washington Press, 2003).

هەمیشە گۆڕاون بۆ کەرەستەی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە شەخسی و تایفییەکان.

بەم شێوەیە سەنتەرەکانی هێز لە تورکیا هێشتا لە هاوپەیمانیی نێوان بەرژەوەندییەکان پێک دێ تا ئایدیالەکان. ئاکەپە کۆمەڵگە وەک یەکەیەکی ئۆرگانی نابینێ، کە بەرژەوەندی و ئایدیالی جیاوازی تێدایە و پێویست بە سازش و تێگەیشتنێکی هاوبەش لە سیاسەت و ناسنامە دەکا. هەوڵ نادا لەڕێی کارلێکەکانەوە کۆدێکی هاوبەش بۆ ئەخلاق و ناسنامە بدۆزێتەوە، بەڵکو زیاتر وەک ئاوێتەیەک لە گرووپ و بەرژەوەندیی جیاواز مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە دەکا. سیاسەت مانای فراوانکردنی کایەی ژیانی تاقمی باڵادەستە لەسەر حسابی لاوازەکە. مەرج نییە ئەمە باسی ئەو سیاسەتانە بێ کە لە پرنسیپەکانەوە وەرگیراون، بەڵکو زیاتر باسی سیاسەتی بەرژەوەندییە تایفییەکانە. ئەم تێگەیشتنە بۆ سیاسەت مانای دابەشکردن و گواستنەوەی سەرچاوەکانی حزبە بۆ ئەندام و لایەنگرەکانی.

ئەندام و هەوادارانی ئاکەپە لە کۆمەڵێ تۆڕ و گرووپی نارەسمی پێک دێن[1]. ئەوان بە شێوەیەکی ئاسایی تێکەڵ بەیەکتر دەبن، لەبەر ئەوەی لە هەمان شار، یان ناوچەوە هاتوون، یان سەر بە هەمان تەریقەتی سۆفین. کار بۆ یارمەتیدانی یەکتر دەکەن تا لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە پێش بکەون. ناسنامە و لابەندی (ولاء)ـە ناوچەییەکان

---

[1] بۆ زیاتر لەبارەی تۆڕە نارەسمییەکان بڕوانە:

Guilain Denoeux, Urban Unrest in the Middle East
(Albany: State University of New York, 1993); Francis Fukuyama, Trust: The Social
Virtues and the Creation of Prosperity (New York: Free Press, 1996); Jan van Deth (ed.),
Social Capital and European Democracy (London: Routledge, 1999).

(hemserilik- خـــەڵکـــی هـــەمـــان شـــوێن، ناوچـــەگـــەری regionalism) بـــەردی بناغـــەی ســـــەرەکیـــــی تـــــۆڕە نـــاڕەســـمییەکـــانن لـــەنێـــو پارتـــەکـــەدا. وەک تـــۆڕی جۆشـــدانی کۆمەڵایەتی، یان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکان کار دەکەن. یەکێک لە ئاسەوارەکانی ئەم تۆڕە ناڕەسمییانە باڵادەستیی کەسایەتییەکان یان کەسگەراییە. گرنگترین پەیوەندی و لایەندییەکان زیاتر کەسین. تۆرپیل Torpil، یان شێوازی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەسێک لەڕێی پەیوەندییە کەسییەکانەوە، شێوازی دامەزراندن و بەدەستهێنانی وەزیفەیە. ئەو تۆڕە ناڕەسمی و پەیوەندییە کەسییانە کەسگەرایی لە سیاسەتی تورکیادا بەهێز دەکەن، کە تێیدا هەمیشە کەسایەتییەکان لە بەرنامە، یان دامەزراوەکانی حزب گرنگترن. پەیوەندییە کەسییەکان لەنێو AKPدا، پێش قەناعەتە ئایدیۆلۆژییەکان دێن. ئەو گرووپە ناڕەسمییانە "وەک پوورەهەنگێک وان بە دەوری شاژنەهەنگدا". ئەگەر شاژنەکە مرد، بە پەلە یەکێکی تر دەدۆزنەوە تا پوورەی لێ بدەن[1].

لە پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکاندا سەرکردایەتی ڕۆڵێکی دامەزرێنەرانەتریان لە ئایدیۆلۆژیا بینیوە. دیمیرێل یان ئەربەکان تا ڕادەیەکی زۆر وەک "شاژنەهەنگ" کاریان کردووە. "شاژنەهەنگ"ی ئێستا ئەردۆگانە کە سەرکەوتوانە توانیویەتی پوورە هەنگەکە بە دەوری خۆیدا بهێڵێتەوە. خەڵک لەناو ئاکەپە سەرسەختانە کێبرکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن تا

---

[1] ئەم لێکچواندنە سەبارەت بە سیاسەت لە هیندستان کراوە. بڕوانە:
B.D. Graham, "The Succession of Factional Systems in the Uttar Pradesh Congress Party, 1937–1966," in J. Swartz (ed.), Local-Level Politics: Social and Cultural Perspectives (Chicago: Aldine, 1968), p. 355.

بتوانن بگەنە نێو ئەڵقە ناوخۆییەکەی ئەردۆگان. ئەڵقە ناوخۆییە بەرتەسکەکەی ئەردۆگان پێک دێ لە عومەر جەلیک، موجاهید ئەسلان و جونەید زاپسو کە هەر هەموویان گوێ لە مستی ئەون. هەندێ باس لەوە دەکەن کە هیچ ئەقڵێکی جیددی یان بیرمەندێکی گەورە لە دەوری ئەردۆگان نییە. تیمەکەی بچووک و ناوچەیی و حەسرین. بەکورتی، کەسگەرایی و ناڕەسمیبوون سیمای سەرەکیی حوکمی ئەردۆگانن.

ئاکەپە لەناو چەند دژیەکییەکدا گینگڵ دەخوا. لە کاتێکدا هەوڵ دەدا سیستەمی سیاسی و پەیوەندییەکانی دەوڵەت-کۆمەڵگە لە تورکیا "ڕیفۆرم" بکا، کەچی لە هەمان کاتدا ناسنامەی خۆی وەک دیموکراسیی "موحافیزەکار" ڕادەگەیەنێ. هانی بەشداریی سیاسی و فرەیی دەدا، کەچی لە هەمان کاتدا حەپولکێکی زۆر ناداتە دیموکراسییە ناوخۆییەکەی خۆی. بۆ چارەسەری بیرۆکراسییەتی بارگرانی تورکیا پێشنیاری لامەرکەزییەت و حوکمی خۆجێیی دەکا، کەچی هەیکەلیەتی حزبەکەی خۆی و شێوازی دروستکردنی بڕیار تێیدا بە مەرکەزی بکا. پارتەکە نزیکەی سەرجەم کەناڵە جەماوەرییەکانی هەڵوەشاندەوە و ئەردۆگان لەگەڵ ڕاوێژکارەکانی، کە سەرجەم نێرینەن، حوکمی دەکەن.

## سەرکردایەتی لە بەرانبەر دیموکراسی

شاچنایدەر Schattschneider کاتێ لەبارەی سیاسەتی حزبەوە دەنووسێ، تێبینی دەکا: "پرۆسەی کاندیدکردن بووەتە پرۆسەی یەکلاکەرەوەی کۆنترۆڵکردنی حزب. سروشتی ڕێوشوێنی کاندیدکردن لە هەر حزبێکدا، سروشتی ئەو حزبە دیاری دەکا، ئەو کەسەی کەسەکان کاندید دەکا، ئەو خاوەنی

پارتەکەیە. لەبەر ئەوە ئەمە یەکێکە لە باشترین خاڵەکان کە لێیەوە چاودێریی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان حزبدا بکرێ"[1].

ئەردۆگان گوتوویەتی: لە تورکیا ڕێگەیەکی دوورودرێژ بەرەو چەسپاندن و بەدامەزراوەییکردنی دیموکراسی بە تەواوترین مانای خۆی بڕدراوە، دیموکراسییەک کە فرەیی و لێبوردەیی تێدا بێ، نەک بەناو دیموکراسی. ئامانج ئەوە نییە دیموکراسییەکی میکانیکی هەبێ کە لە هەڵبژاردن و هەندێ دامەزراوەدا بەرتەسک بێتەوە، بەڵکو ئامانج دیموکراسییەکی زیندووە، کە سەرجەم بوارە ئیداری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بگرێتەوە. ئێمە ئەمە –زاراوەیەکی نوێمان بۆ داتاشیوە و پێم خۆشە جەختی لەسەر بکەم- بە "دیموکراسیی قووڵ" ئاماژە پێ دەدەین[2].

دیموکراسی بە لای ئاکەپەوە چییە؟ ئایا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە دوایین مەنزل، یان چوارچێوەیەکە بۆ دیاریکردنی ماناکانی ژیانی باش؟ ئەگەرچی ئاکەپە وا دادەنێ ئەو ڕەنگدانەوەی بەها بنچینەییەکانی "نەتەوە"یە و ناسنامەی خۆی بە ناسنامەی تورکیا دادەنێ، بەڵام نەیتوانیوە زمانێک دابهێنێ بۆ مامەڵەلەگەڵکردن، یان تێگەیشتن لەو جیاوازییە کولتوورییانەی هەن، بۆ نموونە لە پرسی کورد و عەلەوی و گرووپەکانی شێوەژیان، پارتەکە هیچ سیاسەتێکی نییە.

---

[1]E. E. Schattschneider, Party Government (New York: Holt, 1942), p. 64.
[2]R. T. Erdoğan's speech "Conservative Democracy and the Globalization of Freedom," in
M. Hakan Yavuz (ed.), The Emergence of a New Turkey (Salt Lake City: University of Utah
Press, 2006), p. 336.

دیموکراسـیی موحـافیزەکـار لـەسـەر بناغـەی تێگـەیشتنی تایبەتی خۆی لە نەتەوەی تورکی وەک نەتەوەیەکی نموونەیی، قـەوارەیـەکـی هۆمـۆجینی تـورکی-سـوننی-نـەتـەوەیـی تـورکی، دامـەزراوە، بـەبێ جیاوازییـە کـولتووری، یـان چینایـەتییـەکـان، هـەروەهـا گریمانـەی یـەکێتی لـەگـەڵ دەوڵـەت دەکـا. یـەکێک لـە ئامانجەکانی ئاکەپە بەدیهێنانی ئەو یەکێتییە گریمانەکراوەیە لەنێوان نەتەوەیەکی هۆمۆجین و دەوڵەتدا وەک پاسەوانی بەها ئایینی-نـەتـەوەییـەکان. بـەم شـێوەیـە، دیموکراسـی بـە تـەواوی پـەسـەنـد نـەکـراوە و هێـشتا دیموکراسـییەکـی زۆرینـەیـە بـە مەیلێکی بەهێزی تاکڕەوییەوە. بۆ نموونە دەنگیر میر محـەمـەد جێگری سەرۆکی ئاکەپە دەیەوێ متمانەنامەی دیموکراسییانەی democratic credentials ئاکـەپـە بسـەلمێنێ، کـاتێ دەڵێ: "ئێمە زیاتر نوێنەرایەتیی ئەو سێکتەرەی دانیشتوان دەکەین کە لە هەر سێکتەرێکی تر زیاتر پێویستی بە دیموکراسییە"[1].

لـەگـەڵ ئـەوەیـشدا نـەیتـوانی هـیچ ئـەرگومێنتێـک بـۆ دیموکراسی، یـان بـۆ متمانـەنامـەی دیموکراسـییانەی پارتـەکـە پـەرە پـێ بـدات. مـرۆڤ سـەری سـوڕ دەمێنـێ پارتێـک ماندوونـەناسـانە پاڵپشتیی لـە پێـوەرەکـانی کۆپنهـاگن لـەبـارەی دیموکراسـی کـردووە، چۆنچـۆنی ئـەو پێـوەرانـە لـەنێـو سترەکچەرەکەی خۆیدا پەیڕەو دەکا؟ سەمەرە لەوەدایە یەکێک لـە گـەورەتـرین توخمـەکـانی هێـزی پارتـەکـە ڕێگـرە لـەوەی بـەڕاسـتی "دیموکراسـی بێ و ببێ". کـەسـایـەتیـی کاریزمـایی

---

[1] دیمانەی فیرات لەگەڵ نەشە دوزەل، ڕادیکاڵ، ١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤.

ئەردۆگان یەکێکە لە بەربەستە گەورەکان لە بەردەم بەدامەزراوەییکردنی ناسنامەی پارتەکە و دیموکراتیزەکردنیدا[١].

مستەفا ئونال چاودێرێکی وردی پەرلەمانی تورکیایە، دەڵێ "پارتەکە دەسەڵاتی ئەخلاقی یان کەسایەتیی سەرکردەی نییە و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی بە زەحمەت دەتوانن پەیوەندییەکانی کار لەگەڵ حکومەت پەرە پێ بدەن"[٢]. هەندێ لە ئەندام پەرلەمانەکانی ئاکەپە داد و بێدادیان کردووە لەوەی "هیچ وەزیفەیەکیان لە پەرلەماندا نییە، جگە لە دەستبەرزکردنەوە بۆ پرۆژەیاساکانی حکومەت"[٣]. ئەندام پەرلەمانێکی دیار گوتوویەتی "تاکە ئەندامی جەستەمان کە لە پەرلەماندا بەکاری دێنین، دەستمانە".

پەرلەمانتاری ئاکەپە توران چۆمەز ڕەخنەی لە پارتەکەی گرت لەسەر نەبوونی دیموکراسی لە ناوخۆیدا، دەڵێ: "ئێمە سەربازی بووکەڵە نیین. ئێمە لێمان ئەرکمان بووەتە ئەوەی تەنیا دەستمان بۆ هەر پرۆژەیاسایەک بەرز بکەینەوە، کە حکومەت دەینێرێ"[٤]. ئەندامانی ئاسایی حزبەکە هیچ دەرفەتێکیان نییە بۆ بەشداریکردن لە گەنگەشەکانی ناو حزبەکە و گوزاشتکردن لە حەز و ویستەکانیان.

---

[1] دە ساڵ لەمەوبەر دیموکراسی بە لای ئەردۆگانەوە ترامێک بوو "سواری دەبیت تا دەگەیتە مەنزڵی خۆت، پاشان لێی دادەبەزیت". زۆر لەوانەی ڕەخنەی لێ دەگرن وا هەست دەکەن و ئەوەی "ئەجێندایەکی شاراوە"ی هەبێ بۆ گۆڕینی سروشتی عەلمانییانەی کۆمارەکە، تەنانەت با نەشتوانێ ئەسلەمەی بکا.

[2] Mustafa Ünal, "4.yılında AK Parti'nin ahvali," Zaman, August 18, 2004.

[3] This AKP deputy asked not to be named; October 12, 2004.

[4] Milliyet, December 9, 2005.

لــه ئاكــەپــەدا دەربڕینــی نــاڕەزایــی قــەدەغــەیــە و بەرهەڵستکردنیش نەبووەتە نەریت، هیچ دەرفەتێک نییە بۆ کێبرکێ بۆ پۆستەکانی سەرکردایەتی. کاتێ بەشداریی بنکەی جەماوەری زۆر سنووردار بێ، سەرکردایەتی پێویستی بەوە نییە وەلامگۆی ئەندامانی ئاسایی بێ و گۆڕان دەشێ تەنها کــاتێ ڕوو بــدات کــە شــکتێکی گــەورە لــە هــەڵبژاردنــە نیشتمانییەکاندا لە حزب بقەومێ. لەنێو ئاکەپەدا مشتومڕی ناوخۆیی یان گفتوگۆی دەستەجەمیی زۆر لەبارەی پرسە سەرەکییەکان نییە. محەمەد سەید ئارمەغان پەرلەمانتاری ئاکەپە دەستی لە حزبەکەی کێشایەوە و گوتی "پارتەکە چیتر کایەیەکی هاوبەش نییە بۆ گەلالەکردنی سیاسەتگەلێکی ئەقلانی و مانادار"[١]. هەروەها سکالا لە سروشتی نادیموکراسییانە و تــاکڕەوانــەی ئــەردۆگــان وەک بــەربــەســتێک لــە بــەردەم دیموکراتیزەکردندا، دەکا. ئاکەپە لە دامەزراندنیەوە چەند جارێک پەیڕەوی ناوخۆی خۆی بە مەبەستی توندکردنی "دیسپلینی پارتەکە، گۆڕیوە"[٢].

ئـەگـەرچـی وەک مۆدێلێک بـۆ "دیمـوکراتیزەکردنـی بنیـاتی حزب" لە تورکیا خۆی پیشان داوە، بەلام سەرەنجام دەسەلات لە دەستی ئەردۆگاندا چڕ بووەتەوە و وا دیارە ئەزموونی دیموکراتیزەکردنی ناوخۆیی پارتەکە لەگەڵ زیادبوونی ڕادەی جەماوەریی ئەودا کۆتایی هاتووە[٣]. بە هۆی گۆڕینی پەیڕەوی

---

[1] سەبارەت بە لێدوانەکەی محەمەد سەید ئەرماگان بڕوانە: Milliyet, March 10, 2005.

[2] Önder Kutlu, “AKP’de demokrasi eksik,” Radikal, October 20, 2003.

[3] ژمارەیەک هەمزارکردن بە سەرپەیڕەوەکانی ئاکەپەدا هاتوون. کاتێ کۆمەڵەی ئەندامە دامەزرێنەرەکانی ئاکەپە کۆبوونەوە تا دەسەلاتی بالا

ناوخۆی ئاکەپەوە، سەرۆکی دادگەی باڵای بەرایی نوری ئۆک Nuri Ok لە ٢٠٠٥دا داوای لە دادگەی دەستووری کرد ئاکەپە لە شکستهێنانی لە هەموارکردنی هەندێ لە پەیڕەوێکی ناوخۆی حزب ئاگەدار بکاتەوە، کە وەک ئەو دەڵێ بەزاندنی یاسای پارتە سیاسییەکانی تورکیایە.

ئۆک بە ئاکەپەی گوت کە پەیڕەوی ناوخۆی حزب دژە دیموکراسییە، ئەویش بە ئاماژەدان بەو دەسەڵاتە نائاساییەی بە سەرۆکی پارتەکە دراون. ئەو گوتی "لە دیموکراسییەکاندا ناتوانرێ یەک تاکە کەس (سەرۆکی پارت واتە ئەردۆگان) ئەو دەسەڵاتە نائاساییانەی پێ بدرێ لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان و قسەی کۆتایی لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەن باڵاکانی حزبەکەدا هیی ئەو بێ"[١].

لە ڕاستیدا، پاش هەموارکردنە نوێکانی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەردۆگان بە شێوەیەکی نیمچەدیکتاتۆرییانە کاندیدکردنە سەرەکییەکانی نێو پارتەکەی کۆنترۆڵ کرد.

پەرلەمانتاری ئاکەپە چۆمەز یەکەم کەس بوو دەنگی ڕەخنەی بەرز کردەوە لە کاتی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی

---

بدەنە ئەردۆگان بۆ بەڕێوەبردنی پارتەکە، یازدە گۆڕانکاریی کرد و ئەوەیش پشێوییەکی گەورەی نایەوە. ئەردۆگان دەسەڵاتی دیاریکردنی جێگری سەرۆکی پارتەکە لەنێو ئەندامانی MKYKدا بەدەست هێنا و کۆتایی بە دیموکراسییەتی ناوخۆی حزب هێنا لەڕێی ڕێگەدان بە بەرپرسانی پارتەکە لە پارێزگەکان سەرجەم ئەندامانی دەستەکانی پارتەکە دیاری بکەن.
Üzeyir Tekin, AK Parti’nin Muhafazakar Demokrat Kimliği (Ankara: Orient, 2003), pp. 78–79.
[1]“AKP’ye Tüzük Davası,” Radikal, December 1, 2005.

پارتەکە لەبارەی ئەوەی چۆن حکومەت سیاسەتەکانی بۆ پەرلەمانتاران شەرح نەدەکرد. بەگوێرەی چۆمەز، سەدان پرسیار هەبوون کە پێویست بوو مرۆڤ لەبارەی ئەوەی حکومەت دەیکردن، یان ئەوەی دەوترێ گوایە هەندێ لە پرۆژەکانی تایبەتاندن بە حزب حزبێنە و خزم خزمێنە (مەحسوبییەت و مەنسوبییەت) دیاری کراون، بیانپرسێ. ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوەدا وەزیری دەرەوە، کەمال ئوناکیتان کە پەیوەندیی زۆر نزیکی لەگەڵ ئەردۆگان هەیە، بەگوێرەی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی کاری کردووە.

ئەردۆگان، کە ئەوکاتە لە سەردانێکی ڕەسمیدا بوو بۆ ئوستralia، داوای لە دەستەی لێپرسینەوەی ئاکەپە کرد لێکۆڵینەوە لە لێدوانەکەی چۆمەز بکا. دەکرێ بڵێین ئەم بڕیارەی ئەردۆگان، تیشک دەخاتە سەر نەزعە تاکڕەوانەکەی و نەبوونی لێبووردەیی لە بواری دیموکراسیی ناوخۆی پارتەکەدا.

تەقینەوەکەی چۆمەز هەنگاوەکەی پەرلەمانتاری ئاکەپە ئافیۆن مەحمود کۆچەکی بەدوادا هات کە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتیی پەرلەماندا بە پەرلەمانتارانی گوت، ڕەفتارە نادیموکراتەکانی ناو پارتەکانی تورکیا وای کردووە خەریکە مەحاڵ بێ کەسێک بەشداری لە سیاسەتدا بکا. بە گوتەی کۆچاک، مرۆڤ بۆ ئەوەی بەشداریی سیاسەت بکا، دەبێ بە تەواوی شوێنکەوتەی سەرکردایەتیی پارتەکە بێ. کۆچاک دەڵێ "پێویستە سیاسییەکان خۆ لە ڕەخنەگرتن لە پەرلەمانتارەکانیان ببوێرن. ناسنامەی حزب و سەرکردەکانی لەیەک جیا نەکراونەتەوە. بوون بە پیاوی سەرکردەکان، هێشتا ڕێگەیە بۆ لوتکە".

لەو ڕووەوە ئاکەپە بە شێوازێکی لە سەرەوە بۆ خوارەوە ڕێک خراوە و ناسنامەکەیشی لەسەر هەمان تەرز، سەپێنراوە، بەشداریکردنی سیاسی و سیاسەتکردنی جەماوەرییانە بیرکردنەوەی خۆشخەیاڵانەن. بە شێوەیەکی گشتی ئەوە ئەردۆگان و ڕاوێژکارەکانین کە بڕیارە یەکلاکەرەوەکان دەدەن. ئەردۆگان لە زۆر ڕووەوە بووەتە پارتەکە و ناسنامە و بەستەرە یەکخەرەکەی. کاتێ لە دەرەوەی پارتەکەی جەماوەریتر دەبێ، دەشێ وردەوردە لە شێوازی کارەکانی پارتەکە دوور بکەوێتەوە و ئیرادەی پارتەکە فەرامۆش بکا[1]. ئەم ئاڕاستەیە تەنها بەوە بەری پێ دەگیرێ، کە گژبەرییەکی گەورە لەنێو پارتەکە خۆیدا هەبێ.

کاتێ فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی ئاکەپە و سەرکردایەتیی حزبەکە لە ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠٠٤دا لە دانیشتنێکی داخراودا لە کیزیلجی هەمام Kızılcı hamam، کە چیایەکە هەشتا کیلۆمەتر لە ئەنکەرە دوورە، کۆبوونەوە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکانی حکومەت، کۆبوونەوەکە سەرەتایەکی گەردەلوولییانەی هەبوو لەسەر دیموکراسیی ناوخۆی حزب. زۆر لە ٣٦٨ پەرلەمانتارەکە گلەیی ئەوەیان دەکرد دەستیان ناگاتە وەزیرانی حکومەت و هەندێ پەرلەمانتار ڕەخنەیان لە سەرۆک وەزیران گرت لە

[1] نزیکەی هەموو پارتەکانی تورکیا سەرۆکەکانیان بەسەریاندا باڵادەستن. بۆ نموونە مستەفا کەمال، عیسمەت ئەنۆنو، بولەند ئەجەوید لەنێو جەهەپەدا باڵادەست بوون. ئەربەکان چەقی پارتەکەی خۆی بوو. لەبەر ئەوە دادپەروەرانە نییە ئاکەپە لەبەر هەژموونی سەرکردایەتییەکەی بە تەنیا ببینین.

بەکارهێنانی ئۆتۆکراتییانەی دەسەڵات و نەبوونی دیموکراسی لە ناوخۆی حزبدا.

ئەرتۆغرول یالجینبایر پەرلەمانتاری پارێزگای بورسە Bursa گوتی "پێمان گوترا ئازادانە بۆچوونی خۆمان دەرببڕین و ئێمەیش وا دەکەین، پاشان ئێوە ئێمە دەهاڕن. بۆچی کاتێ داوای دیموکراسی لە ناوخۆی حزب دەکەین، هەندێ خەڵک بێتاقەت دەبن؟ ئەو بابەتانە بە بێتاقەتبوون چارەسەر ناکرێن"[1].

یالجینبایر ناڕەزایی لە دژی ترساندنی پەرلەمانتاران لە ناوخۆی حزب دەربڕی و داوای کرد دیاریکردنی پۆستەکان زیاتر بە هەڵبژاردن بێ، تا تەعینکردن لە لایەن ئەردۆگانەوە. کاتێ پەرلەمانتارانی لایەنگری ئەردۆگان دەستیان کرد بە بەرگریکردن لە سەرۆکوەزیران، یالجینبایر لە کۆبوونەوەکەی وەدەر نرا.

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم شێوازە تاکڕەوانەیە لە حوکمکردن ئەوەیە کەس لە سەرکردایەتیی پارتەکەدا نایەوێ هیچ بەرپرسیارێتییەک بگرێتە ئەستۆ. بەم شێوەیە، نزیکەی هەموو بڕیارێک لە ئەردۆگانەوە چاوەڕوان دەکرێ و نەریتێک نییە بۆ سپاردنی دەسەڵات بە ئەنجوومەنی حزب[2].

---

[1] "Milletvekilleri 'firça' dan şikayet etti," Milliyet, September 28, 2004; Zaman, September 28, 2004.

[2] پەرلەمانتارانی ئاکەپە بە تەواوی تەسلیمی سەرۆکی حزبەکە بوون بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پێگەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بکەن. ئەوان باوەڕیان وایە بۆ پۆستەکەیان قەرزاری ئەو سەرکردەیەن و ناچارن فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکەن. ئەوە ڕێگەی بیرکردنەوەی ئازاد و کردەوەی ئازادیان لێ دەگرێ.

زیاد لەوەیش، ئاکەپە بەر لەوەی ناسنامە و ڕێکخراوەکەی بەدامەزراوەیی بکا، گەیشتە دەسەڵات. لە تورکیا، بە پێچەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، نووسینگەکانی حزب و لقەکانی بە سەرجەم شار و پارێزگاکاندا بڵاو بوونەتەوە. ئەو ڕێکخراوە لۆکاڵییانەی حزب تۆڕە سەرەکییەکانی جۆشدان و پەیوەندیکردنن لەگەڵ جەماوەر. ئەوانە لە میکیاژکردنی سەرکردایەتی حزبدا گرنگن. ئاکەپە ئەو ڕێکخراوە لۆکاڵییانەی حزبی پشتگوێ خستووە و مرۆڤ زیاتر پارتێک دەبێ کە بناغەکەی سەرۆکە، نەک ڕێکخراو.

ئەردۆگان هەموو دەسەڵاتەکانی لە دەستی خۆیدا چڕ کردەوە و میدیا بەکار بێنێ تا ببێتە پارتەکە خۆی. نزیکەی سەرجەم ڕێکخراوەکانی حزبەکە لە قەیراندان و هەموو لە نەبوونی "کاریگەری"، لە بۆشایی نێوان حکومەت و پەرلەمانتارانی ئاکەپە، هەروەها ئاستی ڕوولەزیادی ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان و بیرۆکراسییەتی حزبەکە، سکاڵایانە. کێشەکە کاتێ دەست پێ دەکا پەرلەمانتاران دەبینن وەزیرانی حکومەت کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکرێ. هەروەها پەرلەمانتاران ناتوانن سەردان بکەن و لەگەڵ ڕێکخراوە لۆکاڵییەکان کۆببنەوە، هەروەها لەو ڕووەوە ئەو ڕێکخراوە لۆکاڵییانە پەیوەندییەکی زۆر کەمیان لەگەڵ نوێنەرەکانیان هەیە و بە کەمی جەماوەر دەیانبینێ، متمانە و دەسەڵاتیش لەدەست دەدەن.

کێشەی سەرەکیی پارتەکە، نەبوونی هاوئاهەنگی، زاڵبوونی تۆڕێکی هاوڕێی شەخسی و نەبوونی متمانەیە[1]. ئاکەپە ئەوە

---

[1] تورهان چۆمەز پەرلەمانتاری بالیکەسیر ژمارەیەک دۆسیەی گەندەڵیی بۆ کۆبوونەوەکانی گرووپی ئاکەپە AKP Group دروست کرد. کۆمەڵێ

دەزانێ، بۆ نموونە بەبێ پابەندییەکی سیاسیی کراوە بە پرۆسەی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، ڕێگەی پێ نادرێ حوکمی وڵات بکا. هەروەها دەزانێ بوونی سیاسەتێکی ئابووریی تۆکمە بۆ پارێزگاریکردن لە پاڵپشتی لەسەر ئاستی بنکەی جەماوەری زۆر گرنگە.

---

تۆمەتی دیاریکراوی داوەتە پاڵ وەزیری دارایی کەمال ئوناکیتان. ئەردۆگان لە کاردانەوەی گوتەکەی چۆمەزدا ناوبراوی ڕەوانەی لیژنەی بەرزەفتکردنی کرد، بەڵام پاشتر کەیسەکەی واز لێ هێنا. بڕوانە: Milliyet, December 8, 2005.

پەرلەمانتارێکی تری ئاکەپە بە ناوی محەمەد کوچاک پەرلەمانتاری ئافیۆن لە ٧ی دیسەمبەری ٢٠٠٥دا ڕەخنەی لە حزبەکەی گرت. کۆچاک ڕایگەیاند پێویستە دیموکراسییەتی ناوخۆی حزب بە شێوەیەکی شایستە کارا بکرێ. هەروەها جەختی لەوە کرد "پێویستە بەرهەڵستی لەناو حزبدا ڕێگەی پێ بدرێ و هان بدرێ. بە پێچەوانەوە ناتوانرێ دەزگای بەڕێوەبردنی حزب نوێ بکرێتەوە و بەرژەوەندیی شەخسی جێگەی گشتی دەگرێتەوە کە لای خۆیەوە سەری کێشا بۆ خراپەکاری و خزمخزمێنە.
ئەمڕۆ کەسێک بۆ ئەوەی هەر پێگەیەک لە حزبەکەدا وەربگرێ پێویستە بە تەبایی لەگەڵ سەرکردایەتیی حزبەکەدا کار بکات و ڕەخنە لە ئەردۆگان نەگرێ. بۆ ئەوەی پۆستێکت هەبێ پێویستە پیاوی کەسێک بیت. کەسایەتیی سەرکردەکانی حزب لە بەرنامەکانی حزب دیارترە".
The New Anatolian, December 8, 2005.
دەستەی لێپرسینەوەی ئاکەپە پەرلەمانتاری هاتای، فوئاد گەچەنی لە حزبەکە دوور خستەوە لەبەر "سووکایەتیکردنی بە حزبەکە و ئەندامانی لەڕێی میدیاوە". لە ٦ حوزەیرانی ٢٠٠٦دا گەچەن ڕایگەیاند حزبەکەی ئەو بەڵێنە دژەگەندەلییانەی لە بیر کردووە کە بەر لەوەی بگاتە دەسەڵات بە خەڵکی دابوو و حزبەکەی بە ڕێگریکردن لەوانەی جەنگیان لە دژی گەندەڵی ڕاگەیاندووە، تۆمەتبار کرد.
پەرلەمانتاری ئافیۆن، مەحمود کۆچاک کە بە ڕەخنەگرتنی توند لە ئەردۆگان ناسراوە، ڕەوانەی دەستەی لێپرسینەوەی ئاکەپە کرا بۆ بەڕێکردنی لە حوزەیرانی ٢٠٠٦دا.

ئێرۆڵ کایە، سەرۆکی شارەوانیی دیار و بە ئەزموونی پێندیک Pendik دەڵێ:

"کێشە سەرەکییەکانی ئاکەپە بریتین لە: پەیوەندی لەناو چوارچێوەی حکومەت، لەنێوان حکومەت و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی حزب، هەروەها لەنێوان و لەنێو ڕێکخستنەکانی حزبەکەدا. ئێمە هەر هەموومان لەڕێی ڕۆژنامەکانەوە هەواڵی یەکتر دەزانین. تۆڕی شیاوی پەیوەندیکردن نییە. حزبەکە نە ناسنامەی هەیە و نە هیچ فۆرمێکی ناسنامە پێشکەش دەکا. ڕێک وەک سوپەر مارکێت وایە، کە تۆ بە ڕێکوپێکی سەردانی دەکەیت و شت دەکڕی. فرۆشگە ناسنامەت پێ نابەخشێ. ئاکەپە پێویستی بەوەیە لە فرۆشگەیەک زیاتر بێ... ئەو (تەنها) چەپکێک خەڵک و تۆڕە کە هەوڵ دەدا کاڵای ئابووری دابەش بکا"[١].

حزب تێکەڵەیەکە لە پراگماتیزمێکی ئاستبەرزی دەستەبژێر، لەگەڵ پلورالیزمێکی ئایینی و ئەتنیی جەماوەری. ناسنامەی ئەتنیکی، ڕۆڵی ئیسلام و هەڵوێست بەرانبەر یەکێتیی ئەورووپا سێ سەرچاوەی دابەشبوونن لەنێو حزبەکەدا، کە چوار گرووپی سەرەکیی تێدایە: لیبراڵە پرۆ-یەکێتیی ئەورووپاییەکان، کوردەکان، ناسیونالیستە تورکەکان و ئیسلامگەراکانی بزاڤی دیدگەی نیشتمانی[٢].

---

[1] دیمانە لەگەڵ کایە (پەندیک)، ٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٦.

[2] بەگوێرەی توێژینەوەیەکی پۆلمارک لەبارەی پەرلەمانتارانی AKP، زمانی کوردی دووەم زمانە بە ڕێژەی ١٤.٦%ی ئەندام پەرلەمانەکان. ٠.٥% بە زازایی، ٢.٤% بە عەرەبی، ١.٤% بە جۆرجی قسە دەکەن. کاتێ پرسیاریان لێ کرا چ دامەزراوەیەک لە دیاریکردنی ئایندەی وڵاتدا بەهێزترینە، بەزۆرینەی ڕەها وەڵامیان دایەوە سوپای تورکیا.
"Ak Partilivekillerin profile," Yeni Safak, March 5, 2005.

سیاسەتی تورکی ڕێڕەوێکی بەهایی ئاڕاستەی دەکا، هەروەها دەستەبژێر ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنی وێنە بەدیلەکان بۆ کۆمەڵگەیەکی باش، دەگێڕێ. لە چوار هەڵبژاردنەکەی دواییدا (١٩٩٥، ١٩٩٩، ٢٠٠٢ و ٢٠٠٧)دا گرووپە ئەتنییە سەرەکییەکان (تورک و کورد)[1] و بەها ئایینییەکان (سیکیولارەکان لە بەرانبەر ئیسلامییەکان) ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی بژارەی دەنگدەراندا بینیوە. بە هۆی زیادبوونی جەمسەرگیریی ناسنامەی ئەتنییەوە، هەڵبژاردنەکان هاوکات لە لایەن گرووپە نەتەوەییە کوردەکانەوە وەک ململانێیەکی نەتەوەییش سەیر کراون. ناسنامە و دەنگدانی ناڕەزایی، گرنگیی زۆر پەیدا دەکەن. زیادبوونی بێئومێدی لە پارتە ناوەڕاستەکان پاڵیان بە دەنگدەرانەوە ناوە تا دەنگ بە "بەدیل"ێک، یان پارتە دژە سیستەمەکان بدەن.

دوو گرووپی سەرەکیی ئایدیۆلۆژی لەنێو ئاکەپەدا بریتین لە تورکی-ئیسلامی و ئیسلامی-تورکی. کێشمەکێشەکە لەسەر ئەوەیە ئاخۆ کامیان لەپێشترن: برایەتیی سیاسی (ناسیونالیزم) یان برایەتیی ئیسلامی. ناسیونالیستەکانی نێو پارتەکە پێناسەیەکی نەژادپەرستانە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی تورکی پێشکەش دەکەن و پێداگری لەسەر لابەندی و خزمەتکردنی دەوڵەتی تورکی وەک بالاترین ئامانج دەکەن، ئیسلام بە دووەم گرنگترین پێکهێنەری کولتووری نەتەوەیی دادەنێن.

---

[1] پارتی ناسیونالیستی کوردی DTP گژبەرییەکی ڕاستەوخۆیە هەم بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و هەم بۆ ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمی دەوڵەت. ئەندام و لایەنگرانی لە ناوچە کوردییەکاندا چڕ بوونەتەوە. ئەو حزبە هیچ پەیامێکی بۆ دەنگدەرانی تورک نییە.

بە پێچەوانەی ناسیونالیستە عەلمانییە تورکەکان، ئەوان ترادیسیۆنی پێش ئیسلام پیرۆز ناکەن، بەڵام جەخت لە "مەزنی"ی ڕابردووی عوسمانی دەکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا، هاوشێوەی ناسیونالیستە عەلمانییە تورکەکان، دەوڵەت بە دامەزراوەیەکی پیرۆز دادەنێن.

بەشە ئیسلامگەراکەی ئاکەپە یەکەم شت جەخت لە ئیسلام، پاشان لە نەتەوە دەکا. بە لای ئەم گرووپەوە، ناسنامەی نەتەوەیی بەها ئیسلامییەکان و ترادیسیۆنی عوسمانی دیاری دەکەن. بەهای ڕەها لای ئەوان خزمەتکردنی کۆمەڵگە/تایفەیە، نەک دەوڵەت. بە هۆی سنووردارییی مافە ئایینییەکان و ئایدیۆلۆژیای کەمالیی دەوڵەتەوە لە دەوڵەت بەگومانن. ئەم گرووپە، هەروەها کایەی تایبەت و گشتی لێک جیا ناکانەوە و ئایین بۆ مەرامی سیاسی بەکار دێنێ، وەک کۆبوونەوە لە دەوری پرسی سەرپۆش و پەروەردەی ئایینی. جەخت لە ڕۆڵی دەوڵەت لە دەستەبەرکردنی پەروەردەی ئایینی و هاووڵاتیبوون لەسەر بنەمای ئایین، دەکا.

گرووپی یەکەم دژایەتیی هەر جۆرە تەنازولێکە بۆ کوردەکان، بەڵام گرووپی دووەم بەرگری لە یەکێتیی نیشتمانی دەکا لەڕێی دداننان بە مافە کولتوورییەکانی کورددا و داوا دەکا نەتەوایەتی nationhood لەسەر بنەمای بەها ئیسلامییەکان پێناسە بکرێتەوە. سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، گرووپە تورکی-ئیسلامییەکە دەیەوێ پەیوەندیی توندوتۆڵتر لەگەڵ کۆمارە تورکەکانی ئاسیای ناوەڕاست دروست بکرێ و هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر یەکێتیی ئەورووپا و هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهاندا هەیە. گرووپە ئیسلامی-تورکییەکە لەباتی ئەوە پاڵپشتی لە

پەیوەندیی توندوتۆڵتر لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان دەکا، هەروەها پاڵپشتی لە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا دەکا لەپێناو پچڕینی کایەیەکی گەورەتر بۆ ماف و ئازادییە ئایینییەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنامەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ. هاوکات زۆر دژی بەغەربیکردن/بەئەورووپیکردنی تورکیان.

## دەنگدەران و ناسنامەی ناوچەیی حزب

ئێمە پارتێکی نوێین و هەر وەک ئاسورێکی نەکوڵاوین (ئاسور asure شیرینییەکی نەریتییە لە میوەی وشککراوەی جۆراوجۆر و کاکڵە و فاسۆلیا دروست دەکرێ). بزاڤەکەیشمان لە خەڵکی جۆراوجۆر و لە ڕەچەڵەک و ئایدیۆلۆژیای جیاواز پێک دێ[1].

بنەما کۆمەڵایەتییەکانی پاڵپشتیکردن لە ئاکەپە چین؟ ئایا دابەشبوونێکی ئایینی-کولتوورییە کە مەیلە بەها دیاری دەکا؟ چۆنچۆنی نایەکسانییە ئایینی، ئەتنی و ئابوورییەکان لەناو بنکە کۆمەڵایەتییەکەی ئاکەپەدا کار لێک دەکەن؟ جۆری دەنگدانی شوێنکەوتوانی ئاکەپە زیاتر ڕەنگدانەوەی ناسنامەکانیانە، تا ناسنامەی پارتەکە. ئەگەرچی ئاکەپە هەوڵ دەدا ببێتە پارتێکی سەرتاپاگیری ڕاستی ناوەڕاست، بەڵام پرسی شێوەژیانی ئیسلامی بە لای لایەنگرە بنچینەییەکانی ئاکەپەوە، زۆر گرنگە.

موحافیزەکاریی کۆمەڵایەتی و لیبراڵیزمی ئابووری دوو سیمای سەرەکیی ئاکەپەن. چینی ناوەڕاستی نوێی تورکیا پێویستە ڕێبەری تورکیا بێ لە گەڕان بەدوای ناسنامەدا و دەشێ ئەم گرووپە نوێیە ببێتە بەردی بناغە بۆ تورکیایەکی لە

[1]Mehmet Dülger’s comments in Milliyet, September 17, 2004.

ڕووی سیاسییەوە بەهێز و لە ڕووی ئابوورییەوە خۆشگوزەران. من بەر لەوەی لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم چینە نوێیە بکۆڵمەوە، ڕەنگە وا باش بێ بۆ چوار گرووپی سەرەکی دابەشی بکەین:

١- خانەدانانی پارێزگاکانی خاوەن مەیلی موحافیزەکارانە. ٢- هەرێمی لەگەڵ مەیلی کۆنەپارێزانە. ٢- پیاوانی کار و پیشەسازانی بچووک و مامناوەند. ٣- دوکانداران. ٤- گەورە پیشەوەران، جووتیارانی نیمچە پیشەساز، هەروەها خاوەن کۆمپانیاکانی بیناسازی.

ئەم سێکتەرانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە موحافیزەکار و لە ڕووی ئابوورییەوە لیبراڵ و ناوبەناویش هەمان هۆشیاریی سیاسی لەبارەی ئاراستەی وڵات بەسەریاندا زاڵ دەبێ. ئەم هاوپەیمانێتییە چینایەتییە ئاوێتە موحافیزەکارە کۆمەڵایەتی و لیبراڵە سیاسییەکانی پێکەوە کۆکردووەتەوە بۆ ڕەنگڕێژکردنی ئایندەی تورکیا. ئەم گرووپانە لە چینی شارنشینی نوێ، کە بە هۆی کاریگەرییەکانی جیهانگەراییەوە پەراوێز خرابوو، لەگەڵ دانیشتوانی گوند، پێک دێن.

شارۆچکە جەمەلۆنییەکان کە دەنگیان بە ئاکەپە داوە، بەرنامەی زیاتری چاودێریی کۆمەڵایەتییان دەوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی سەختی ئابوورییان، ناوچە گوندییەکان داوای یارمەتیی زیاتری دەوڵەت و پاراستنیان لە ڕکابەریی جیهانی دەکەن، هەروەها دەوڵەمەندە تازەکانیش داوای کۆنترۆڵی کەمتر لە لایەن دەوڵەت و سیاسەتی لیبراڵانەی زیاتر دەکەن. لەبەر ئەوە پارێزگاریکردن لە مانەوەی ئەم هاوپەیمانێتییەی چینەکان زەحمەتە.

ئەو بەستەرەی تا ئێستا ئەو سێ گرووپەی پێکەوە هێشتووەتەوە، دوو شتن: بەرەنگاریکردنیان بۆ سیاسەتەکانی بێبەشکردن لە لایەن دەوڵەتەوە + بوونی هەمان ڕێسای هاوبەشی جیاوازبوون کە ئەویش ئیسلامە.

ئاکەپە بووەتە دەنگی کەنار periphery کە دەیەوێ دیمەنی سیاسیی تورکیا بگۆڕێ. ئەم بنکە کۆمەڵایەتییە دژە-دەوڵەت نییە، بەڵکو زیاتر گەشەپێدانگەرایە، ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو پراگماتیکە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە موحافیزەکارە. تەنانەت ئەگەرچی AKP نەیتوانی گوتارێکی سیاسیی ڕوون بەرهەم بێنێ، خەڵک بە لەبەرچاوگرتنی شێوەژیانی سەرکردایەتییەکەی هەر دەنگیان پێ دا. لەباتی گوتار، دابونەریت بە پلەی یەکەم شێوەی دەنگدانی دەنگدەرانی موسڵمانی ئاسایی دیاری کرد. بە بۆچوونی کۆمەڵناس ئێرگون یەلدرم، بە لای دەنگدەرەوە "ئەوە گرنگ نییە ئەردۆگان چی دەڵێ، بەڵکو زیاتر ئەوە گرنگە چۆن ئەوە دەڵێ، چی دەکا، بۆ کوێ دەچێ، بۆ چ جۆرە پشوویەک ئاهەنگ دەگێڕێ و چۆنچۆنی مامەڵە لەگەڵ خێزانەکەی دەکا"[1].

چینی شارنشینی نوێ هێشتا لەنێوان شێوەژیانی شاری و لادێییدا دێ و دەچێ و بە تەواوی لەگەڵ گەشەسەندنە ئابوورییەکەی تورکیادا ئاوێتە نەبووە. ئەک کەرتە گەورەیە نە پێش-مۆدێرن و نە مۆدێرنە، بەڵکو زیاتر لە قۆناغی گواستنەوەدایە و هەوڵ دەدات پرۆسەی مۆدێرنیتە لە ڕوانگەی ڕەفتارە تایبەتەکانی خۆیەوە ڕەنگرێژ بکا. ئەم تەوفیقەی نێوان

---

[1]Ergun Yıldırım(Ahmet Harputlu), “Bir politik durum olarak müslüman democrat,” Bilgi
ve Düşünce, No. 5 (February 2003), 15.

نەریت و مۆدێرنێتە لە شێوە ژیان، چێژبینین لە مۆسیقا، خواردن و کەلوپەلی ناوماڵ، هەروەها لە جیهانبینییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. لەگەڵ پەیدابوونی کایە نوێکانی دەرفەتدا ئەم گرووپە نوێیە ڕێگەی پێ درا گوزارشت لە شێوەژیان و جیهانبینیی خۆی بکا لەڕێی کەڵکوەرگرتن لە چێشخانە و قاوەخانە و شوێنەکانی کاتبەسەربردن. ئەم چینە شارنشینە نوێیەیش دیسان موحافیزەکارە لە ڕووی پێداگرتنی لەسەر ڕۆڵی خێزان و گەڕەک و ئایین. وەک کایەیەک بۆ لابەندی تەماشای سیاسەت ناکا، بەڵکو زیاتر وەک ڕێگەیەک بۆ داواکاری و گوارشتکردن لە ماف و پێویستییەکانی هەر کەسێک تەماشای دەکا.

**سەرکەوتنی هەر پارتێک لە هەڵبژاردنەکاندا**

| ژمارەی ئەندام پەرلەمان | % دەنگ | پارت |
|---|---|---|
| 408 | 53.3 | 1950 DP |
| 490 | 56.6 | 1954 DP |
| 419 | 47.3 | 1957 DP |
| 240 | 52.9 | 1965 AP |
| ٢٥٦ | 46.5 | 1969 AP |
| ٢١٢ | 45.1 | 1983 ANAP |
| ٢٩٢ | 36.3 | 1987 ANAP |
| ٣٦٣ | 34.4 | 2002 AKP |
| ٣٤١ | 46.5 | 2007 AKP |
| | | |

سەرچاوە: ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی DIE .

دەرەنجامی سەرەکیی سیاسەتە ڕیفۆرمییەکانی ئۆزال، سەرهەڵدانی ئەم کولتوورەی چینی ناوەڕاست بوو. تێگەیشتن لە شعور و ناسنامە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی ئەم پیشەساز و بازرگان و پیشەوەرانە، کلیلی تێگەیشتنە لە کارەکانی ئاکەپە. کۆمەڵەکانی هاوپەیمانی ئاکەپە بۆ شۆڕکردنەوەی ئەو چێژ و شێوەژیانەی چینی ناوەڕاستی نوێ بۆ ناو جەماوەر، بەکار هێنران. بەبازرگانیکردنێکی ڕوو لە گەشەی سیمبۆڵ و شێوەژیانەکان وای کرد ئەمە مومکین بێ. ئەخلاق و بەهاکانی ئەم چینی ناوەڕاستە نوێیە بووەتە بابەتی سەرکۆنەکردن و هەروەها سەرسامبوون بۆ زۆر خەڵک کە ئەم چینە سەرهەڵداوە نوێیە وەک شێوێنەر، یان گونجێنەری جیهانگەرایی (پرۆسەی یەکێتیی ئەورووپا) دەبینن لە دژی ئیمتیازاتەکانی دەستەبژێری کەمالی، کە بۆ چەندین ساڵ لە گواستنەوە و دیموکراتیزەکردنی وڵاتدا شکستی هێناوە. خەسڵەتی سەرەکیی ئەم چینە نوێیە بریتییە لە لێوەشاوەیی، تێکۆشان و لیبراڵیزمی سیاسی. شۆڕشەکەی ئۆزال دەرگای چوونە نێو ئابووریی بۆ بزنسمانانی نوێ واڵا کرد و لەبەر ئەمە وردەوردە بوونە هێزی سیاسیی گرنگ.

ئەگەرچی ئەردۆگان لە یەکەمین کۆنگرەی پارتەکەیدا ڕایگەیاند ئاکەپە "هاوپەیمانی"ی نێوان گرووپی هەمەجۆر، یان پارتێکی "تەوفیقی" نییە، بەڵکو زیاتر "گشتێکی یەکگرتووە"، بەڵام نەیتوانی ناسنامەیەکی یەکانگیر coherent پێشکەش بکا، یان بەستەری یەکخەری پارتەکە دیاری بکا. لەو کۆنگرەیەدا ئەردۆگان گوتی ئەم "گشت"ە لەسەر بناغەی "بەها هەمیشەییەکانی نەتەوە" (میللەت) دامەزراوە و حزب هەوڵ دەدا هاوسەنگی لەنێوان ئەو بەها نیشتمانییانە و بەها

جیهانییەکاندا دروست بکا، هەروەها ئەو "بەها هەمیشەیی"انە (kadim değerler) بهێنێتە ڕووکاری پێشەوەی سیاسەتی تورکی[1]. ئەردۆگان ئەم بزوتنەوەیەی بە ڕێگەیەکی نوێ بۆ "بەیەک گەیاندنەوەی سەنتەر و کەنار" وەسف کرد، پشتێنێکی گواستنەوەی نوێی "لەنێوان نەتەوە و دەوڵەت"دا دروست کردووە، هەروەها گونجاندنێکی نوێی لەنێوان "کۆمارەکە و دیموکراسی"دا دروست کردووە. لە سیاسەتی دەرەوەدا هەمیشە جەخت لە "گفتوگۆ" نەک "پێکدادانی شارستانێتییەکان" دەکا[2].

لێکۆڵینەوەی ورد لە ئاکەپە دەریدەخات حزبی هاوپەیمانێتیی چینەکان (سێکتەرە لە ڕووی ئابوورییەوە پەراوێزخراوەکانی دانیشتوان و بۆرژوازیی نوێی ڕوو لە

---

[1] ئەردۆگان و ئەو خەڵکەی دەوروبەری هەرگیز بەهاکان پێناسە ناکەن.

[2] Ahmet Taşgetiren, “Ak Parti Misyonu,” Yeni Şafak, October 13, 2003.

فەهمی کۆرو کە تیۆریزەوانێکی دیاری تورکیایە (Hürriyet, May 6, 2006) ئاماژەی بەو ڕێگەیانە داوە کە تێیاندا ئاکەپە وەک هەریەک لە پارتەکانی تری ڕاستی ناوەڕاستی لێ دێ ئەگەر "خۆی لە حزبی خەڵکەوە بۆ حزبی سەرۆک بگۆڕێ، دیموکراسییەتی ناوخۆی حزب بکاتە قوربانیی زەبتکردنی حزبەکە و ئیرادەی نیشتمانی لەبارەی هەندێ هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی دەرەوە فەرامۆش بکا.

“Ak Parti ye karşı AKP,” Yeni Şafak, October 13, 2003.

لە ڕاستیدا لە کاتی کارکردنم لە بولری کارکردنەکەم لە تورکیا، زۆر لە ڕێکخراوە ناوچەییەکان سکاڵایان دەکرد لەوەی ئاکەپە لەناو پەرلەمان یاخود لە ناوخۆی تورکیادا بەدوای ناسنامە و شەرعییەتدا ناگەڕێ، بەڵکو زیاتر لە دەرەوە لەناو پێوەرەکانی کۆپنهاگن و لە پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بۆی دەگەڕێ.

گەشە) و تایفەکانە، ئەگەر نەڵێین ئایدیۆلۆژیای تورکە سوننی، یان کوردە لە ڕووی سیاسییەوە هەڵاوێرکراوەکانە.

داهێنەرانی پارتەکە گەورەترین کەرتی دەنگدەرەکانی نین، بەڵکو زیاتر بۆرژوازییە نوێ ڕوو لە گەشە و لە ڕووی ئابوورییەوە بەتواناکان و شارەزایانی شارەوانییەکانن. ئەم دوو گرووپە ئامرازی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسین لە تورکیا.

دەنگدەرانی ئاکەپە ناسنامەی تایبەت بە خۆیان هەیە و سنووری نێوان ناسنامەی ئیدارەی پارتەکە و لایەنگرانی، هێشتا گژبەریەکی گەورەیە. بەگوێرەی ڕووپێوێکی GENAR ، لایەنگرانی ئاکەپە ناسنامەی سیاسیی خۆیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەناسێنن: ٢٧% ئیسلامیست، ١٥% ڕاستڕەو، ١٤% دیموکرات، ١٠% موحافیزەکار، ١٠% سۆشیال دیموکرات، ٦% ناسیونالیست، ٣% کەمالیست، ٣% ناسیونالیستی موحافیزەکار، ١٠%یش دڵنیا نین[1].

جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەو شێوەیەی دەنگدەران خۆیان پێناسە دەکەن لەگەڵ ئەو شێوەیەی پارتەکە دەیەوێ خۆی و لایەنگرانی پێناسە بکا. هەندێ لێکۆڵینەوەی وەک ئەو ڕووپێوەی سەرەوە ڕۆڵی ڕوو لە زیادی بۆرژوازی و چینی نوێی ڕۆشنبیرانیان لە داڕشتنی سیاسەتی ئاکەپەدا فەرامۆش کردووە.

لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، لەنێو هەندێ شتی تردا، ئەگەرچی ئاکەپە پابەندیی خۆی بە یەکێتیی ئەورووپا ڕاگەیاند، نیوەی دەنگدەرانی دژی ئەندامێتیی کۆتایی بوون. زیاد لەوەیش، زیاتر

---

[1]Ali Bulaç, “Muhafazakarlığın Referansları,” Zaman, August 28, 2003

لە نیوەی دەنگدەرانی پارتەکە، یان لە خوار، یاخود لەسەر هێڵی هەژاری بوون و چاوەڕوانیان دەکرد پارتەکە بایەخی زیاتر بە سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان بدات لەڕێی دەستتێوەردانی دەوڵەتەوە، کەچی پارتەکە لە پاڵپشتیکردنی ئابووریی بازاڕی ئازاد بەردەوام بوو.

ئەم توێژە گەورەیەی دانیشتوان هێشتا چاوەڕوانی پەرلەمانە، کە سیاسەتە پرۆ-بازاڕییەکان بگۆڕێ بە هیی تر، بە ئاڕاستەی چاودێریی کۆمەڵایەتیی زیاتر. لەو ناوچانەی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ کە تورکی-سوننی بەسەریدا زاڵە دەنگدەرانی ڕاستی ناوەڕاست لە پرسە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا موحافیزەکارن، هەروەها ئەو موحافیزەکارییە لە کایە سیاسییەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، لە ڕووی "پاڵپشتیکردنی دەوڵەتێکی بەهێز، کە بەرگری لە نەریت و پیرۆزییەکان بکا"[١].

ئەم توێژەی دانیشتوان پێگەیەکی نیمچە ئەفسانەیی بە دەوڵەت دەبەخشێ و چاوەڕوانە حکومەت توندتر بێ و پارتە سیاسییەکانیش لەگەڵ دەوڵەت کۆک بن. بەم پێیە، بناغە کۆمەڵایەتییەکانی ئابووریی بازاڕی ئازاد و لیبراڵیزمی سیاسی لە تورکیا، لاوازن و هێشتا کولتوورێکی دەوڵەت-سەنتەر باڵادەستە، تەنانەت ئەگەرچی لەژێر باری گۆڕانیشدایە. AKP چۆنچۆنی ئەم گاپ (بۆشاییە)ـە لەنێوان دەنگدەرانی و ئارەزووی خۆی بۆ پەیڕەویکردن لە ئابووریی بازاڕی ئازاد دادەخات و ژمارەیەک گوتاری سیاسی پێشکەش دەکا؟

ئەم گرژییە ڕۆڵی مەرکەزیی پرسە کولتوورییەکان لە سیاسەتدا پیشان دەدا. پارتە چەپە ناوەڕاستە توندکەمالییەکان

---

[1]Naci Bostancı, “AKP merkez sağın neresinde?,” Zaman, August 23, 2004.

و هەڵوێستی عەلمانی، توێژێکی گەورەی دانیشتوانیان ناچار کردووە تا خۆیان بە ڕاستی ناوەڕاست بناسێنن. بە دەربڕینێکی تر، پرسە کولتوورییەکان هێشتا لە دابەشبوونەکانی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا زاڵن. دووەم، سەرکردەکانی پارتەکانی ڕاستی ناوەڕاست زیاتر لەگەڵ بەها تورکی-ئیسلامییەکاندا تەبا و ئاشتن و بەو شێوەیە دەژین کە زۆربەی تورکەکان دەژین، بەتایبەت تورکە ئایینپەروەرەکان.

پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان شێوەژیانی سەرکردەکان و ئەو پاڵپشتییە جەماوەرییەی لە هەڵبژاردندا بەدەستی دێنن، هەیە. دیمیریل و ئۆزال و ئەردۆگان لەو سەرکردە مەدەنییانە نەبوون کە هەوڵیان داوە خەڵک بەهێز بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوەژیانیان لەگەڵ سروشتی توێژێکی گەورەی دانیشتوان هاوئاهەنگ بووە، لە لایەن جەماوەری موحافیزەکارەوە پشتیوانی کراون. ئەردۆگان کەسێکی ئاساییە و ڕەنگدانەوەی کۆدی کولتووری تورکیایە.AKP لە ناوچە تورکی-سوننییەکانی نیشتەجێی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە ناسیونالیزم هێندەی ئیسلام بەهێزە و هەردووکیان دەست لەناو دەست، کار دەکەن، وەک بەهێزترین هێز سەری هەڵدا.

لەو ڕووەوە پێگەی سەرەکیی پاڵپشتیی حزبەکە لە پارێزگا سوننی-تورکییەکاندایە، سیاسەتەکانی بەرانبەر کورد و عەلەوییەکان بە زەرورەت سەرچاوەیەکە بۆ گرژی و تەنانەت ئەگەری لێکترازانیش. لەگەڵ ئەوەیشدا AKP وەک دووەم بەهێزترین هێز لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دەرکەوت، کە کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانی پێک دێنن. بەم شێوەیە، توخمە

پێکهێنەرەکانی ناسنامە تایفییەکانی ئاکەپە، تورکی سوننی و کوردن.

ئەم ناسنامە ئەتنیکییانە، وەک ناسنامەیەکی ئیسلامی لەگەڵ زمانێکی هاوبەشی ناسنامەی بەرهەڵستکارانەدا دەگونجێن. ناسنامەی ئیسلامی دەبێتە ناسنامەیەکی بەدیل بۆ خواستە کوردییەکان و کوردەکان ئەم ناسنامە ئیسلامییە بۆ خۆخزاندنە ناو سیستەمەکە و بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە تایبەتەکانی خۆیان، بەکاری دێنن. تۆڕە ئیسلامییە قایم و هەڵاوێرکارەکانی پارتی ڕەفا، هێشتا بەسەر دابەشبوونی پۆستە سەرەکییەکان و دەستنیشانکردنە بیرۆکراتییەکانی حزبەکەدا زاڵە.

ئاکەپە حزبێکە لە کۆمەڵگەیەکی بچووکی پێشتر-ئیسلامی پێک دێ. سەرکردایەتیی ئاکەپە بە هەمان چاو تەماشای ناسیونالیزمی تورکی و ناسیونالیزمی کوردی دەکا، وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی و سەرچاوەیەکی گرژی لە تورکیا.

ناسنامەی هەرێمیی ئاکەپە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، چییە؟ پەیوەندی لەنێوان AKP و DTP (پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات) (DEHAPی پێشوو) لەو بەشەی وڵاتدا چییە؟ DTP هەوڵ دەدات خۆی لە باقیی پارتەکانی تر، لەو ناوچەیە جیا بکاتەوە، وەک تاکە نوێنەری خەون و خواستەکانی کورد و هەموو ڕێگەیەک بۆ گژبەریکردنی شەرعییەتی دەسەڵاتی دەوڵەت بەکار دێنێ. ئەنتی-سیستەم نییە، بەڵام ئەنتی پارتی دەوڵەتە. دەنگدەرانی کوردی ئاکەپە خۆیان وەک کایەیەکی

ناوەند لەنێوان دەوڵەت و DTP پیشان دەدەن و بە هەمان دووری لە هەردوو ئەکتەرەکە دەوەستن[1].

DTP جەخت لە پەراوێزخران و مێژووی چەوساندنەوەی لە لایەن دەوڵەتەوە دەکا. هەم DTP و هەم ئاکەپەی کوردی، لەوە حاڵین کە دەوڵەت و سوپای تورکی، یەک شتن. لەو ڕووەوە حکومەتی AKP هەموو فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنی دادەمەزرێنێ بە پارێزگار و بەڕێوەبەرانی پۆلیسیشەوە، تاکە هێز لە دەرەوەی دامەزراندنی ئەوەوە مابێ، سوپایە. بەم شێوەیە، بۆ ئاکەپەی کوردی، سوپا دەوڵەت و سەرکوتکردن دەگەیەنێ، بە پێچەوانەی ئەوەی ئاکەپە خۆی وەک دۆستی مافەکانی کورد دەخاتە ڕوو. زیاد لەوەیش، ئەم هاوپەیمانییەی کورد-ئاکەپە پاڵپشتی تایبەتی خۆی لە ئەنکەرە هەیە و زۆر لە ڕێکخراوە لۆکاڵییە کوردییەکانی ئاکەپە وا لە سیاسەتی "دژی ڕاسیزم"ی سەرۆکوەزیران تێدەگەن، کە "دژی ناسیونالیزمی تورکییە".

دەتەپە لە ناوچەکەدا چەند ڕۆڵێکی تێهەڵکێشی هەیە: ئەو دەوڵەت و حزب و کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردییە و لەڕێی حکومەتەکانی شارەوانییەوە، وەک دەوڵەتێکی بەدیل ڕەفتار دەکا. زۆربەی چالاکییە مەدەنی و سیاسییەکان لە ناوچەکەدا،

---

[1] کاتێ دەوڵەت لە کایەی گشتی کشایەوە، ئەوانەی پێشتر کۆمەڵەکانیان دامەزراندبوو ئەو پانتاییە نوێیانەی دەرفەتیان پڕ کردەوە. لە حاڵەتی کوردەکاندا، پەکەکە بەرەو ئەو پانتاییانەی دەرفەت هەنگاوی نا تا گوزارشت لە ناسنامەیەکی ئەتنی و هەڵاوێرکراوی کوردی بکا. کاتێ ناسیونالیزمی کوردی سەختگیر بوو و دەوڵەت نەیتوانی وەڵام بداتەوە، تورکەکان، ئەوانەی وەک تورک بەرگری لە خۆیان دەکەن، زیاتر بە شێوەیەکی شپرز وەڵامیان دایەوە تا بە شێوەیەکی ڕێکخراو.

لە لایەن ڕێکخستنەکانی DTPەوە دەکرێن. لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ڕێکخستنە ناوچەییەکانی ئاکەپە دەریدەخا ناسنامە ناوچەییەکەی هاوشێوەی DTP کوردانەیە، تاکە جیاوازی ئەوەیە، ئەو حزبی حکومەتە، تەنانەت ئەگەرچی هێشتا لە ململانێدایە لەگەڵ دەوڵەت. سەرباری ئەوە، AKP جیاواز لە DTP، زیاتر موحافیزەکارە و پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ تۆڕە لۆکاڵییە سۆفی و خێڵەکییەکاندا هەیە. زیاد لەوەش، ئەو شارەوانییانەی ئاکەپە تێیاندا باڵادەستە، ڕێگەپێشاندانی هەر جۆرە سیمبۆڵێکی ئایینی، یان کوردی دەدەن، مادام بە ئاشکرا دژی دەوڵەت نەبێ، تەنانەت ڕێگە بە حزبوڵڵای کوردییش دەدەن[١].

نوێترین پەرەسەندن لە ناوچەکە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهێزبوونی ناسنامەی زازاییە وەک ناسنامەیەک، کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئیسلامدا هەیە[٢]. ئەم ناسنامە زازاییە ئیسلامییە نوێیە، لە ناسنامەی تورکی نزیکترە تا ناسنامەی کوردی. سەرەنجام ناسنامەی تورکی وەک ناسنامەیەکی بان-ئەتنیکی supra-ethnic لە سەردەمی حکومەتی ئاکەپەدا تووشی داخوران بووە. هاوشێوەی DTP،

[1]Ercan Citilioğlu, Tahran Ankara Hattında Hizbullah (Ankara: Umit, 2001); I. Bagasi,
Kendi Dilinden Hizbullah ve Mücadele Tarihinden kesitler (Germany, 2004); Ruşen Çakır,
Derin Hizbullah/Islamcı Siddetin Geleceği (Istanbul: Metis, 2001).

[2]زازاکان ئەوانەن بەزازایی قسە دەکەن و زمانەکەیان بە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دادەنرێ. لەم ساڵانەی دواییدا هەڵمەتێکی داکۆکیکردن لە ناسنامەی زازا لە بەرانبەر ناسنامەی گەورەتری کوردی سەری هەڵداوە.

ئاکەپەیش زیاتر وەک ناسنامەیەکی تایبەتی ئەتنیکی لە هەمان ئاستی ناسنامەی کوردی مامەڵەی لەگەڵ ناسنامەی تورکی کردووە، تا وەک ناسنامەیەکی باڵادەستی لە ڕووی دەستوورییەوە بایەخپێدراو مامەڵەی لەگەڵ بکا.

بۆ نموونە، دوو ڕۆژ پێش سەردانەکەی بۆ شاری زۆرینە کوردی دیاربەکر و لە وەڵامی فشارەکانی ناو حزبەکەیدا، ئەردۆگان بە گرووپێکی ناو پارتەکەی گوت کە گرنگترین کێشەی ناوخۆی تورکیا "بریتییە لە پرسی کورد" و داکۆکیی لە چارەسەرکردنی کرد لە چوارچێوەی دیموکراسیدا[1]. **ئەوە یەکەمین جار بوو لە مێژووی کۆماردا، کە سەرۆکوەزیران بابەتی "پرسی کورد" بەو شێوەیە بخاتە چوارچێوە.** زیاد لەوەیش، ئەردۆگان بڕیاری دا سەبارەت بە پرسی کورد لەگەڵ دەستەیەک لە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسان کۆ ببێتەوە. ئەگەرچی دەستپێشخەرییە تازەکەی ئەردۆگان لە لایەن سەرکردە کوردەکانەوە پێشوازیی لێ کرا، چ لەناو پارتەکەی و چ لە دەرەوەی، لەوانە لەیلا زانا پەرلەمانتاری پێشووی دیاری کورد[2]، بەڵام هەندێ لە لایەنگرانی بە توندی ڕەخنەیان لەو دەستپێشخەرییە گرت و بە تەنازولکردن بۆ پارتی کرێکارانی کوردی (PKK)یان لەقەڵەم دا.

ئەحمەد تاسگەرتیرن ستوونووسی ڕۆژنامەی شەفەقی نوێ Yeni Şafak کە لە ئەستەنبوول دەردەچێ و دەنگێکی سەرەکیی باڵی تورکە ناسیونالیستەکانی نێو ئاکەپەیە، تەنانەت سەرۆکوەزیرانی بە "چەواشەکردن" و پاداشتکردنی ڕێکخراوی

---

[1] Adnan Keskin and Tolga Akiner, “Erdoğan: Kürt sorunu demokrasiyle çözülür,” Radikal, August 11, 2005.
[2] Radikal, “Diyarbakır umutlu,” August 12, 2005.

(تیرۆریست)ی پەکەکە تۆمەتبار کرد[1]. ئاکەپە بە وەدەرنانی لە ڕۆژنامەکە و بێدەنگکردنی، وەڵامی ڕەخنەکانی تاسگەرتیرەنی دایەوە.

دەنیز بایکال سەرۆکی پارتی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن بە توندی ڕەخنەی لە "چوارچێوەدان"ەکەی ئەردۆگان بۆ پرسی کورد گرت و بە مەترسی و ددانپێدانانێکی ناڕاستەوخۆی لەقەڵەم دا بە داواکاریی کوردییەکان، لەڕێی بەکارهێنانی هەمان زمانی سیاسییەوە ("کۆماری دیموکرات") هاوشێوەی ئۆجەلان[2].

حکومەتی ئاکەپە نەیتوانیوە سیاسەتێکی ڕوون و تۆکمە لەبارەی پرسی کورد بێنێتە کایە. سیستەمی پاسەوانی گوند کە هێزێکی بەرگرییە و لە نزیکەی ٧٠ هەزار چەکداری گوندنشین پێک دێ، بە مەبەستی بەرگریکردن لە گوندە کوردەکان لە دژی هێرشەکانی پەکەکە دامەزراوە و کراوەتە بەربەستێک بۆ بەرەنگاریکردنی گەریلاکانی پەکەکە.

ئەم سیستەمە هەروەها هەوڵ دەدات داهاتی بەدیل دابین بکا، لابەندیی کوردەکان بپارێزێ و تۆڕێکی هەواڵگریی ناوخۆیی لە دژی چالاکییەکانی پەکەکە دروست بکا. ئەمەیش زیاتر تاکتیکێکی ئەنکەرەیە بۆ چاندنی دووبەرەکی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. حکومەتی تورکی ئەم تۆڕە بزۆزانەی هێزە ئەمنییە ناوخۆیی و تایبەتەکان، نە کۆتایی پێ هێناوە و نە چاکسازیی تێدا کردووە. هەروەها هیچ پلانێکی بۆ ئەو کوردە ڕاگوێزراوانە نییە کە بەزۆر لە گوندەکانی خۆیان ڕاگوێزراون

---

[1]66 Zafer Özcan, "Tasgetiren: Tayyip Bey'i severim ama hatalarına aferin demem," in the
weekly magazine Aksiyon, August 29, 2005.

[2]"Baykal: Başbakan'ın attığı adımla terör örgütüne nefes aldırıldı," Milliyet, August 21, 2005.

و ماڵەکانیان وێران کراوە، کە حکومەت پێی وایە ئەو گوندانە لە لایەن پەکەکەوە بۆ ئامانجی ستراتیژی بەکار هاتوون. لە دوو دەیەی ڕابردووی ململانێکەدا نزیکەی چوار ملیۆن کورد لە شوێنەکانی خۆیان ڕاگوێزراون و ئەو کوردە لە ناوخۆ ڕاگوێزراوانە بوونەتە بارگرانییەکی گەورە بەسەر هەندێ لە ناوەندی شارەکانەوە[1]. حکومەت سەدان گوندی چۆڵ و خاپوور کردووە، گوایە تا بیانپارێزێ لە هێرش و بەکارهێنان و دەستبەسەرداگرتنیان لە لایەن پەکەکەوە.

حکومەت لە ماوەی نێوان ١٩٩٣-٢٠٠٢ بەدەست ئابڕووچوونەکانی گەندەڵی و نزیک لە هەرەسی تەواوی سیستەمی دادپەروەری و بێتوانایی لە مامەڵەکردن لەگەڵ چاوەڕوانییە ئابوورییە ڕوولەزیادەکان و زیادبوونی بێکارییەوە، دەیناڵاند. ئەفسانە بنچینەییەکەی ئەتاتورک کە گوایە تورکیا دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو و ئەورووپیزەکراوە، لە هەر کات زیاتر لەرزەی پێکەوت، کاتێ هەندێ حزبی ئایینی و نەتەوەیی هەوڵیان دا فەزای سیاسیی تایبەت بە خۆیان داببڕن. لەم هەلومەرجەدا ئاکەپە بوو بە جێسەرنج بە لای زۆر تورکی چینی ناوەڕاستەوە، کە بنکە هەمیشەییەکەی پاڵپشتیکردنی پێک دێنن.

ئاکەپە لە هەندێ پرسی دیاریکراوی وەک سیکیولاریزم و پرسی کورد و مامەڵەکردن لەگەڵ بێکاریدا، هێشتا ناڕوونە. نە

---

[1] Göç-der (Immigrants' Association for Social Cooperation and Culture), The Research and
Solution Report on the Socio-Economic and Socio-Cultural Conditions of the Kurdish Citizens Living in the Turkish Republic who are Forcibly Displaced due to Armed Conflict and Tension Politics (2002).

پێناسەیەکی ڕوونی بۆ ناسنامەی تورکی، نە سیاسەتێکی ڕۆشنی بۆ کێشەی کورد نییە. لەو ڕووەوە حزبەکە بەزۆری لە لایەن موسڵمانانی بۆرژوای ئاستبالای "تازە سەرهەڵداو"ەوە سەرکردایەتی دەکرێ و بەدەم ئەوانەوەیە، ڕێکخستنە لۆکاڵی و ناوچەییەکانی پارتەکە نیگەرانن لەوەی هەوادارە پەراوێزخراوەکانی ئاکەپە لەوانەیە دەست بدەنە داکۆکیلەخۆکردن، کە دەکرێ ئەمە ببێتە هەڕەشە بۆ ئەو وێنەیەی حزبەکە بۆ خۆی هەیەتی، وەک خێزانێکی یەکگرتوو لەژێر سایەی کەسایەتیی باوکانەی ئەردۆگاندا. ئەردۆگانیش لای خۆیەوە خۆی بە جێگرەوەیەکی نوێ، بە دین و بە توانا بۆ پارتە لەگەندەڵیداچەقیوەکانی ڕاستی ناوەڕاست و چەپی ناوەڕاست پیشانی چینی ناوەڕاست و ناوەڕاستی نزمی کۆمەڵگە دەدا.

بە هەرحاڵ، هەم ئەردۆگان و هەم سەرکردە سەرەکییەکانی پارتەکە، هێشتا ئامادە نین دەست لە ئیسلامیزم بەربدەن کە لە تەمەنێکی گەنجتردا لە کامپەکانی ڕاهێنان و بازنەکانی خوێندنەوەی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی لاواندا کە ئەربەکان سەرکردایەتیی دەکردن، چووەتە مێشکیان. لێرەوە، پارتەکە بەردەوام دەبێ لە هەڵسەنگاندنی کەشوهەوا سیاسییەکە، بۆ ئەوەی بەرنامە کولتوورییەکەی خۆی بسەپێنێ.

ئاکەپە سەرنجی نەوەیەکی دەوڵەمەندی تورکی ڕاکێشاوە کە لە وڵاتانی ئەورووپا دەژین و پەرۆشن بۆ پەیوەندیی کولتووری و ئابووری لەگەڵ تورکیا. ئەم حەزە زۆریان گۆڕیوە بۆ سپۆنسەری بەجۆش بۆ ئاکەپە و یارمەتیی خودی ئاکەپەیان داوە تا، سەرباری پاشخانە ئیسلامییەکەی، بە پەلە پەرە بسێنێ تا ببێتە پاڵپشتێکی دڵگەرم بۆ بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا.

## دەرەنجام

ئاکەپە دوو خەسڵەتی هەیە کە لە باقیی حزبەکانی تری تورکیای جیا دەکاتەوە: یەکەمیان ئەوەیە ئاکەپە زیاتر حزبی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانە، (hizmet partisi) تا ئەوەی ئایدیۆلۆژی بێ. دووەمیشیان ئەوەیە لە بەرانبەر دەوڵەت و جیهانی دەرەوەدا هەست بە نائاسایشی دەکات و هەوڵ دەدا لەڕێی ئازادکردنی کۆمەڵگەی تورکی لە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت و لادانی سەرجەم بەربەستەکان لە بەردەم دەستپێشخەریی تایبەتدا بەسەر ئەو هەستنەکردن بە ئەمنییەتەدا زاڵ بێ. بەو شێوەیەش دەکرێ بە حزبێکی لە ڕووی ئابوورییەوە لیبراڵ و پرۆ-بازاڕ (لایەنگری بازاڕی ئازاد) ڕیزبەند بکرێ.

بە هۆی ئەم دوو خەسڵەتەوە، واتە ئەوەی حزبی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکانە و هاوکات هەست بە ئارامی ناکا، هیچ پلانێکی سیاسیی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی نییە و ئیسلامی لە کۆمەڵێ "بەهادا کە گرنگییان بۆ نەتەوە حاشاهەڵنەگرە" کورت کردووەتەوە. تێگەیشتنی بۆ حوکمڕانیی زیاتر بریتییە لە چواچێوەی دیموکراسییەکی زۆرینەدا ڕەنگڕێژ بووە تا حوکمی یاسا.

ئاکەپە هاوپەیمانییەکی تایبەتی ئەو هێزانەیە کە لە کاردانەوەی سەرکوتکاریی کودەتاکەی ٢٨ی شوباتدا کۆبوونەتەوە. دڵەڕاوکێی سەرکردایەتییەکەی سەرچاوەی سیاسەتە "لیبراڵ"ەکەیەتی، بە مەبەستی فراوانکردنی بنکەکەی

لە کاتێکدا بە سەختی هەوڵ دەدا جەوهەرە ئیسلامییەکەی بپارێزێ. ئەم هاوپەیمانییە لە بۆرژوازییە سەرهەڵداوەکەی ئەنادۆڵ و هێزە ئیسلامییە کەنارییەکان و هەندێ هێزی کوردی پێک هات. سەرهەڵدانی ئەم یاریزانە نوێیانە، سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی دەوڵەت-کۆمەڵگەی لە تورکیا پێناسە کردەوە و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی دارشتەوە بۆ گواستنەوە لە ئایدیۆلۆژیای عەلمانیی نەتەوەخوازی کەمالیزمەوە، بۆ تێگەیشتنێکی زیاتر فرەکولتوورییانە لە نەتەوە، هەروەها لە دەوڵەت و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا.

ئەو یاریزانە نوێیانە پێک دێن لە بۆرژوازیی ئەنادۆڵیی دژە-نوخبە: دەستەبژێرانی شارنشینی ڕاقی، کە تا ڕادەیەکی زۆر لەو داهاتەی لە سایەی پارتی ڕەفا لە ١٩٩٠ـەکاندا بۆ شارەوانییەکان تەرخان کرابوو، سوودمەند بوون + ئەو سیاسییە نوێیانەی تێکەڵ بە تۆڕەکانی بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانی بووبوون و لەسەر ئاستەکانی حکومەتی شارەوانییەکان فێری سیاسەت بوون + ئەو گوندشینە پێشکەوتوانەی، هەم گوندنشین و هەم شارنشینن.

پرۆسەکەی ٢٨ی شوبات یارمەتیی دان بەرەیەکی یەکگرتوو پێک بهێنن، دیموکراسییش ڕێگەی پێ دان سەرمایە سیاسی و ئابوورییەکەیان یەک بخەن بۆ دارشتنەوەی سنوورەکانی نێوان دەوڵەت-کۆمەڵگە، کەرتی گشتی-کەرتی تایبەت، عەلمانی-ئایینی، کۆن و نوێ. گرنگترین گۆڕان کە ئاکەپە هاوکات هێنایە کایەوە، هێنانەناوە و بەکارهێنانی گوتاری مافەکانی مرۆڤ بوو لە تورکیا، کە ئەمە خۆی زیاتر بە کۆتاهاتنی جەنگی سارد و گفتوگۆکانی چوونە پاڵ یەکێتیی ئەورووپا ڕووی دا.

بە هۆی داخستنی پارتە ئیسلامییەکانی پێشتر لە لایەن دادگەی دەستوورییەوە، ئاکەپە هەست بە نائەمنییەت دەکا بەرانبەر دەوڵەت و سیستەمە یاساییەکە. ئەم نائەمنییەتە ڕەنگڕێژی سەرەکیی کەسایەتیی سەرکردایەتیی حزبەکە و سیاسەتەکانی دەکا. AKP لە هەوڵدایە بۆ زاڵبوون لەڕێی پەیڕەویکردن لە زمانی گوتاری مافەکانی مرۆڤەوە بەسەر ئەو نائارامییە قووڵەدا زاڵ بێ، ئەمەیش وای لێ کردووە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە لیبراڵەکان بکا لە تورکیا، وەک کۆمەڵەی بیرمەندە لیبراڵەکان.

ئەردۆگان و گیول کە بەر لە کودەتاکەی شوباتی ١٩٩٧ دژە یەکێتیی ئەورووپی و دژە-غەرب بوون، ئێستا بە لای بەئەورووپیکردنی تورکیا لەڕێی پێوەرەکانی کۆپنهاگنەوە بایانداوەتەوە. ئەمە وەک ئامرازێک بۆ ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکانی ئوسولێبوون بەکار دێ، کە لە لایەن دەستەبژێرە عەلمانییە کەمالییەکانەوە بەرز دەکرێتەوە. بە هەرحاڵ ئاکەپە لە شەشەمین ساڵی بوونی لە حکومەتدا ئەگەرچی پێشکەوتنی گەورەی لەم بوارەدا بەدی هێناوە، بەڵام هێشتا پێویستی بەوەیە متمانەی تەواوی هێزە لیبراڵەکان لە ناوەوە و دەرەوەی تورکیا بەدەست بێنێ، ئەویش بە هۆی قۆستنەوەی گوتاری مافەکانی مرۆڤ و بادانەوەی سیستەماتیکی بە لای ڕەچەڵەکە ئیسلامییە نیمچە ئوسولێییەکەی، بە مەبەستی جۆشدانی بەردەوامی بنکە جەماوەرییەکەی.

بەڵام ئایا ئاکپارتی حزبێکی ئیسلامییە؟ ئەگەر ئیسلامی نەبێ و ئەگەر بیەوێ ببێتە ئیسلامی، ئایا ئەوە لەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی ئێستای تورکیادا دەکرێ؟

هەندێ شارەزای وەک گراهام فوللەر پێیان وایە AKP حزبێکی ئیسلامییە، ئەزموونێکی سەرکەوتووە و نموونەیەکە دەکرێ لە لایەن دەوڵەتانی تری ئیسلامییەوە چاوی لێ بکرێ. هەندێ بیرمەندی تریش بە لای ئەوەدا دەچن ئەو ئەزموونەی ئێستای تورکیا وەک کامڵبوونێکی سیاسییانەی سەرکەوتووی بزاڤێکی ئیسلامی بخوێننەوە[١].

ئەگەرچی سەرکردایەتیی AKP نکوڵی لە پاشخانە ئیسلامییەکەی دەکا و ئیدیعای ئەوە دەکا پارتێکی دیموکراسیی موحافیزەکارە، بەڵام بە لای سەرجەم چاودێرانەوە ئەوە ڕوونە کە ئەو پارتە لەسەر داروپەردووی هەردوو پارتی فرە ئیسلامی، پارتی ڕەفا RP و پارتی فەزیڵە FP دروست بووە، کە بە تۆمەتی بوونیان بە سەکۆ و پاڵپشتی دژەعەلمانییەت لە لایەن دادگەی دەستوورییەوە داخران. زیاد لەوەیش، زۆربەی پەرلەمانتارانی ئاکەپە موسڵمانی پابەندن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا، بۆ نموونە، نزیکەی هەموو ئەو ئافرەتانەی پەیوەندییان بە ئاکەپەوە هەیە و لەنێو ڕێکخراوەکاندان، بە شێوەیەکی ئاسایی زیاتر هاوسەرن تا ئەوەی پۆستی حزبییان وەرگرتبێ، بە بەردەوامی حیجاب دەپۆشن کە لە شوێنە

---

[1]Graham E. Fuller, “Turkey’s Strategic Model: Myths and Realities,” The Washington Quarterly, 27:3 (Summer 2004), 51–64.

دانیال پایپس دەڵێ: پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا لە ئامرازەکانیدا زۆر جیاوازە لە تاڵیبان، بەڵام لە ئامانجەکاندا هێندە جیاواز نین. ئەگەر ئەو حزبە تورکیا بە تەواوی کۆنترۆڵ بکا، دەشێ هێندەی تاڵیبان لە ئەفغانستان مەترسیدار بێ.

Washington Institute, Policy Watch, 746 (April 10, 2003), http://www.washingtoninstitute.org/watch/policywatch/policywatch2003/ 746.htm.

گشتییەکان و ڕێوڕەسمەکان و زانکۆکاندا قەدەغە کراوە، لەبەر ئەوەی گوایە گژبەرییە بۆ سروشتی سیکیولارانەی تورکیا.

لە بارێکی وادا، ئاخۆ ئەگەر تەنانەت ئیدارەی پارتەکەیش نکوڵی لە بوونی هەر پەیوەندییەک بە ئیسلامی سیاسییەوە بکا، ئێمە دەتوانین هێشتا پارتەکە بە ئیسلامی دابنێین؟ ئایا ڕێی تێدەچێ بزاڤێکی پێشتر ئیسلامی، ببێتە نائیسلامی (وەک پارتە دیموکرات مەسیحییەکانی ئەمڕۆی ئەورووپا)؟ ئایا پابەندیی ئەندامانی ئاکەپە بە بەها ئایینییەکانەوە لە ژیانی شەخسیی خۆیاندا بەسە بۆ ئەوەی پارتەکە بە ئیسلامی لەقەڵەم بدرێ؟ چ کاتێک بزوتنەوەیەک، یان حزبێک دەبێتە ئیسلامی، یان لە ئیسلامیبوون دەکەوێ؟

مرۆڤ دەتوانێ نکوڵیکردنەکەی پارتەکە تەنیا وەک سازشێک لەگەڵ دەوڵەت بخوێنێتەوە.AKP ئازادە لەوەی حوکمی وڵات بکا تا ئەو کاتەی لەنێو چوارچێوەی دەستووردا بمێنێتەوە و خۆ لە داوا ئایینییە زۆروزەبەندەکانی بنکە جەماوەرییە موحافیزەکارەکەی نەبان بکا.

ئایاAKP چیرۆکی سەرکەوتنی پارتێکی ئیسلامییە کە خۆی لەگەڵ کۆمەڵێ هەلومەرجی نوێدا گونجاندووە، یان چیرۆکی توانای سیستەمی سیاسیی تورکیایە بۆ گۆڕین و دەستەمۆکردنی ئیسلامی سیاسی بە ڕادەیەک، سەرباری ڕیشە ئیسلامییە ئاشکراکەی، نکوڵی لە ئیسلامگەرایی خۆی بکا؟

بە پێچەوانەی زۆر کەس کە باوەڕیان بە شێوەیەکی ترە، بەکارهێنانی تورکیا وەک مۆدێلێکی دیموکراسیی ئیسلامی زۆر زەحمەتە و ئاستەمە ئەزموونی تورکیا لە وڵاتانی تری ئیسلامی دووبارە بکرێتەوە. من ئەمە دەڵێم، لەبەر ئەوەی

تورکیا هێشتا زۆر کێشەی گەورەی تایبەت بە جۆشخواردنی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ سیستەمەکە لەڕێی قبوڵکردنیەوە، بە تەواوی چارەسەر نەکردووە، بەڵکو زیاتر ئامرازە دادوەرییە توندەکانی بۆ گۆڕینی ئیسلامی سیاسی بەکارهێناوە، تا ئەو ڕادەیەی بزوتنەوەکە هەوڵ بدات خۆی لە پاڵ حاشاکردن لە ڕابردووەکەیدا پەنا بدات و کاردانەوەی نێگەتیڤی دەبێ کاتێ ئیسلامی یان موسڵمان ناو دەبرێ.

هەر بزاڤێک لە ڕووی مامەڵەی لەگەڵ چەمکی ئوممەت umma بە ئیسلامی وەسف دەکرێ. ئوممە کۆمەڵگەیەکی سیاسییە کە "ئێمە" (باوەڕداران) لە بەرانبەر "ئەوان" (بێباوەڕان) پێناسە دەکا. بزاڤەکە هەوڵ نادات سەنتەری دەسەڵات و پەیوەندییەکانی هێز لە ڕوانگەی ئوممەتەوە بگوێزێتەوە، بەڵکو زیاتر هەوڵ دەدا چواندن assimilate بکات و خۆی ببێتە سەنتەر. من پێم وایە ئەگەر بزاڤێکی ئیسلامی سیاسی ئایدیۆلۆژیا ئیسلامییەکەی شاردەوە، چیتر ئیسلامی نییە. بزاڤ کاتێک ئیسلامییە، ئەگەر داواکارییە سیاسییەکانی لەسەر بناغەی ئیسلام گەڵاڵە بکا. لە حاڵەتی تورکیادا، ئێمە پرۆسەی پۆست-ئیسلامیزم، یان گواستنەوە لە سیاسەتی ناسنامەوە بۆ سیاسەتی خزمەتکردن دەبینین. بەم شێوەیە ئاکەپە حزبی ناسنامە نییە، بەڵکو زیاتر حزبێکە تێدەکۆشێ خزمەتی باشتر پێشکەش بە خەڵک بکا. داوا و خواستی گرنگ لەسەر بناغەی ئیسلام، یاخود ناسنامە ناخاتە ڕوو. لە تورکیا بەدیهێنانی سیاسەتی لیبراڵانە بەو مانایە دەبینێ کە بزوتنەوە سیاسییەکان لە سیاسەتی ناسنامەوە نەگلابن، کە هەمیشە مایەی مشتومڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیە، بەڵکو زیاتر بە سیاسەتی سازش و خزمەت دەکەن.

له حاڵەتی تورکیادا عەقدێکی نوێی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر بناغەی بەها ئابووری و سیاسییە نیو-لیبراڵەکان لە گەشەکردندایە. ئەمە دەکرێ وەک پرۆسەیەکی ئاساییکردنەوە ببینرێ لەو ڕووەوە ئاماژە بۆ ئاوێتەبوونی ئەرێنییانەی وڵات دەکا بەو ئاڕاستە هەمەکییانەی لەسەر ئاستی جیهانی ڕوو دەدەن.

بگەڕێینەوە بۆ پرسیارە سەرەکییەکەمان کە پرسیار بوو لەوەی: کەی و لە سایەی چ هەلومەرجێکدا بزوتنەوەیەک لەوە دەوەستێ ئیسلامی بێ. من پێم وایە هەرکات بزوتنەوەیەک نەیتوانی هیچ بانگەشە و داوایەک لەسەر بنچینەی ئیسلام بکات و تەنها لەسەر بنچینەی خزمەتگوزاریی گشتی کردی، ئیتر لەوە دەکەوێ ئیسلامی بێ (واتە چیتر ئیسلامی نییە).

لە ڕوانگەی کردەوەکانی ئاکەپەوە، دەکرێ ئەو ئەنجامگیرییە بکرێ کە بزاڤی ئیسلامیی سیاسی یارمەتیی پتەوکردنی دیموکراسیی داوە، بەوەی پێگەیەکی بەدیلی بۆ بەشداریکردنی سیاسی بەخشیوەتە گرووپە پەراوێزخراوەکانی تورکیا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم ڕۆڵە ئیجابییە زیاتر دەرەنجامێکی فراوانکردنی ڕووبەرەکانی دەرفەت و سنووردارکردنی دەسەڵاتی دامەزراوە سەربازی-یاساییەکانە، کە بەشێکی زۆری بۆ ڕۆڵی داهێنەرانەی بۆرژوازییە ئەنادۆڵییە تازەسەرهەڵداوەکە دەگەڕێتەوە کە وای کردووە ئەمە مومکین بێ، کە لەگەڵ ئەوە نییە پاڵپشتی لە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە بکا. ئەم دەستەوارە (سەفقە) دیموکراسییە لەنێوان دەوڵەت و ئاکەپەدا و ئاکەپەی ناچار کردووە دەستبەرداری هەر گەڕانێک بەدوای "هەژموونگەرایی" لە

حوکمڕانیدا ببێ و ڕێسا دیموکراتییەکانی یەکێتیی ئەورووپا قبوڵ بکا.

گرووپە ئیسلامییەکانی تورکیا، زیاتر لە عەلمانییەکان، بە دوودڵی پاڵپشتییان لەم دەستەوارە دیموکراسییە نوێیە کرد، لەبەر ئەوەی بە تەواوی لەوە حاڵی بوون کە ئەوە تاکە ڕێگەیە لە ڕێیەوە بتوانن بگەنە دەسەڵات و تێیدا بمێننەوە. ئاکەپە حزبی ئایدیا نییە، بەڵکو زیاتر حزبی مومارەسەیە. ئەو لە مومارەسەوە بەرەو تیۆر دەڕوا، نەک بە پێچەوانەوە. هەوڵ دەدا لەڕێی مومارەسە سیاسییەکانەوە ناسنامەی خۆی دروست بکا، لێرەیشەوە لە لایەن چەمکە ڕووت (ئەبستراکت)ەکان ئاڕاستەی ناکەن.

ڕێساکانی یەکێتیی ئەورووپا یارمەتیدەر بوون بۆ ماڵی و ناچارکردنی دەوڵەت و ئەکتەرە دژە-سیستەمەکان تا وێنا و ستراتیژی خۆیان بگۆڕن و ڕێساکانی یەکێتیی ئەورووپا وەک خاڵی مەرجەعی بۆ هێنانەکایەی عەقدێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لە تورکیا، پەسەند بکەن. پاش ئەوەی وادەیەک بۆ ئەگەری چوونە پاڵ یەکێتیی ئەورووپی دیاری کرا -چاوەڕوان دەکرێ لە ٢٠١٢- زۆر دیار نییە ئاکەپە چی دەکا. ئەگەرچی هەندێ لە ئەندامانی پارتەکە خەریکی داهێنانی هەندێ پلاتفۆرمن بۆ پاش چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپا، هێشتا دەکرێ هەندێ بەرنامەی تری فراوان بۆ ئەو سێکتەرانەی دانیشتوان کە لە ڕابردوودا پاڵپشتیی حزبەکەیان کردووە، ڕابگەیەنرێن.

هێشتا چانسێکی گەورە هەیە کە دەنگدەرانی تورکی بگەڕێنەوە لای ئەو حزبە لەسەر ناسنامە دامەزراوانەی لە ڕابردوودا دەنگیان پێ داون و ئاکەپەیان "وەک ترامێک" بۆ گەیشتنە ئامانجە خوازراوەکەیان (لە بوونە ئەندامی یەکێتیی

ئەورووپا و پاکسازیکردنی پرۆسەی سیاسییە لە سیاسییە گەندەڵەکان) بەکارهێناوە و پاشان هەڵبژاردنی دابەزین. بە بڕوای من ئەمە گەورەترین پرسیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕووبەڕووی سیاسەتی تورکی ببێتەوە.

بە دەربڕینێکی تر، ئایا سیاسەت لە تورکیا، هەر بەڕاستی لە سیاسەتی ناسنامەوە گۆڕاوە بۆ سیاسەتی پرس، یان ئەوە تەنیا پێشکەوتنێکی کاتییە؟ بە لەبەرچاوگرتنی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی کورد و ئەرمەنی و دابەشبوونی عەلمانی-ئایینی، پێدەچێ سیاسەتی ناسنامە هێشتا بەشێکی دانەبڕاو بێ لە ناسنامەی سیاسیی تورکی.

-٤-

# شەقاوە و مافخوراو: ئەردۆگان و گیول

تیشک خستنە سەر ژیان و ڕۆڵی ئەم دوو سەرکردە سیاسییەی AKP، گرنگە، لەبەر ئەوەی تەمەنی سەرکردە سیاسییەکان لە تورکیا هەمیشە لە تەمەنی حزبە سیاسییەکانیان درێژتر بووە. لە کاتێکدا تورکیا گۆڕستانی حزبە سیاسییەکانە، سەرکردە سیاسییەکان بە دەگمەن خانەنشین دەبن و بە زەحمەت دەمرن. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر دەرەنجامی ئەوەیە لە کولتووری سیاسیی تورکیادا سەنتەر، یاخود خولگە کەسایەتیی سەرکردەکانە. لێرەوەیە سەرکردە سیاسییەکان لە ئایدیۆلۆژیا و بەرنامەی حزبەکان گرنگترن. سەرکردەکان دەگونجێ بگۆڕێن بۆ سوڵتان و وەک موڵکی خۆیان حوکمی حزبەکانیان بکەن. ئەم لایەنە نادامەزراوەییانەی پارتە سیاسییەکان هانی ئێمە دەدا بۆ تیشک خستنەسەر هەندێ کەسایەتیی سەرەکی، بەتایبەت ئەردۆگان و گیول.

زیاد لەوەیش جەماوەری چەوساوە و پەراوێزخراو هەمیشە حەزی لەوەیە سەرکردە سیاسییە "قوربانی"یەکان بگۆڕێ بۆ قارەمانانی بەرەنگاری. لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی ئەردۆگان و گیول زۆر گرنگە، بۆ تێگەیشتن، نەک تەنیا لە دامەزرانەوەیان لە یادەوەریی گشتیی خەڵکی ئەنادۆڵدا، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە مانای ئەوەیش، کە ئاخۆ ئەوان چی دەگەیەنن

بۆ خەڵکی ئاسایی. جگە لەوە، ڕیشە کۆمەڵایەتییەکان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیی ئەو دوو پیاوە، دەشێ ئاسۆی نوێ بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی تورکیا خۆیشی بکاتەوە. چیرۆکی ژیانیان و گۆڕانی هەڵوێستە ئایدیۆلۆژییەکانیان، ڕەنگدانەوەی گۆڕانی بزاڤی ئیسلامی و تورکیایەکی پەرەسەندووە.

کاتێ لە پەندیک-ەوە دەچووم بۆ کارتال، لە شۆفێری تاکسییەکم پرسی چۆن لە ئەردۆگان تێدەگا. گوتی:

Kasımpaşalı kabadayı olarak gitti, Etilerli olarak dönüyor"

(واتە: وەک شەقاوەیەکی قاسم پاشا چوو، وەک پیاوێکی ئەتیلەر گەڕایەوە". قاسم پاشا گەڕەکێکی سادەی قەرەباڵغە، کە تێکەڵەیەک لە کرێکارانی ڕۆژانە، قەرەج، کۆچبەرانی نوێی گوندنشینی ئەنادۆڵ و ماسیفرۆشان تێیدا نیشتەجێن. ئەتیلەر Etilerli، بە پێچەوانەوە، نوخبەیەکی زەنگین و سیکیولار و شارنشین تێیدا نیشتەجێن، کە بەگشتی پاڵپشتی لە دامەزراوەی کەمالی دەکەن، ئەمانە وەک خەڵکانی نەخوێندەوار و موحافیزەکاری ئایینی، هەروەها نارۆشنبیر، تەماشای خەڵکی گەڕەکەکانی وەک قاسم پاشا دەکەن. ئاخۆ ئەم وەسفە تەواوی چیرۆکی گۆڕانی کەسایەتیی ئەردۆگان پیشان دەدات، یا نا، ئەمە جێی گومانە، بەڵام بە دڵنیاییەوە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە میزاجی شەقام لە تورکیا، کە لەوێ زۆر خەڵک (ئەردۆگان)، یان وەک شەقاوە (کابادای)یەک دەبینن، یان وەک کەسێک لە دۆخی دروستبووندایە بۆ ئەوەی ببێتە "تورکێکی سپیپێست".

لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا، لە کاتی کۆبوونەوە جەماوەرییە زۆرەکاندا، یەکێک لە پۆستەرە سەرەکییەکان نووسرابوو "گیول-ی مافخوراو و ستەملێکراو، بەخێرهاتی". ئەگەر لە

هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا ئەردۆگان ستەملێکراو "mazlum" بوو، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا گیول بوو بە مافخوراو mağdur (قوربانی).

لە خەیاڵی خەڵکدا هەمیشە ئەردۆگان هەم کابادای و هەم وەک مەزڵووم بووە، ئەویش بە هۆی پاشخانە کۆمەڵایەتییەکەی و سەرکوتکردنی سیاسی لە لایەن دەوڵەتەوە، هەروەها بە هۆی بێبەریکردنی لە سەرۆکایەتی لە لایەن دامەزراوەی کەمالییەوە. گیول ئێستا هەم بووەتە مەغدوور و هەم مەزڵووم.

کابادای ناسنامەیەکە پشت بە سومعە و دەسەڵات و شەرەف دەبەستێ. وا باوە کەسێکی نێرینەی خاوەن دەسەڵاتی ڕێزلێگراوە لە گەڕەکەکەی خۆیدا. دەسەڵاتەکەی لە مەعریفە و ڕەچەڵەک، یان دەسەڵاتی دەوڵەتەوە نەهاتووە، بەڵکو زیاتر لەو کۆد (ڕەمز)ـە کولتوورییەوە هاتووە کە هەیە. کەسی کابادای ڕێزلێگیراوە وەک "پارێزەر"ی خەڵکی لاواز و نەدار و چەوساوە لە دژی بنیاتی دەسەڵاتی ڕەسمی، یان نارەسمی. هەروەها توندوتیژی بەکار دێنێ بۆ سەپاندنی چارەسەرە نارەسمییەکان لەنێو حزبە ناکۆکەکاندا. کابادای چەند سیفەتێکی ئەخلاقییانەی سەرەکیی هەیە: ئازایەتی، بەزەیی بەرانبەر نەداران، بەهێزی و متمانەبەخۆیی. ناسنامەیەکە کەسێک لەڕێی کارلێکی ڕۆژانەی لەگەڵ کاروبارەکانی گەڕەکدا بەدەستی دێنێ. کابادای ڕێکخەری گەڕەکە لەڕێی پاراستنی شەرەفی گەڕەکەکە، هەروەها سەپاندنی سیستەم بەسەر لاوانی هاروهاجدا. بەکورتی، سومعە و دەسەڵات و شەرەف توخمە پێکهێنەرەکانی ناسنامەی کابادایـن.

ئەو لێی چاوەڕوان دەکرێ پارێزگاری لە ناوبانگی خۆی بکا لەڕێی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی گەڕەکەوە تا بتوانێ پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی بکا. هەم کابادای و هەم مەغدوور یارمەتیی ئێمە دەدەن تا ڕۆڵی ڕەمزەکان و خەیاڵگەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە ببینین. ئەو دوو جۆرە ڕۆڵە، کولتووری کۆمەڵایەتی "بەرەنگاریکردن" بەرجەستە دەکەن، بە پێداگرتن لەسەر ڕۆڵی سەرکردەی قارەمان، کە ڕووبەڕووی سەرجەم سەختییەکان دەبێتەوە.

ئەم دوو "جۆرە نموونەییە" قوربانیدەر و بەهێزن، بەڵام هەمیشە لە بەرەی دادپەروەریدا، زبر و لە هەمان کاتدا دادپەروەرن. لێیان چاوەڕوان دەکرێ ڕابەرایەتیی "بەرەنگاربوونەوە" بکەن و لەپێناو دامەزراندنی سیستەمێکی دادپەروەردا تێبکۆشن. ئەردۆگان شانبەشان مامەڵەکردن لەگەڵ گیول لەمەڕ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئایاری ٢٠٠٧دا، لە ڕووی دەربڕینەکانی دەموچاو و میزاج و زمانی جەستەوە ئەم هۆشیارییە سیاسییە قووڵەی کەنارنشینی ئەنادۆڵ بەرجەستە دەکا[1].

جگە لەو دوو مۆدێلەی ڕۆڵبینین، مۆدێلی غازی مستەفا ئەتاتورکیش هەیە. لە سیاسەتی تورکیدا سەرکردایەتی تا ڕادەیەکی زۆر بە بەراورد بە شێوازی سەرکردایەتیکردنی ئەتاتورک دەپێورێ. ئەتاتورک چارەنووسێکی بە خەڵک بەخشی، لە کاتێکدا ئەوانەی پاش ئەو تەنها بەڵێنی

---

[1]Ergun Yıldırım and Hayrettin Özler, "A Sociological representation of the Justice and Development Party (AKP): Is it a political design or a political becoming?," Turkish Studies, 8 (March 2007), 5–24; Nur Vergin, "Siyaset ile Sosyolojinin Buluşduğu Nokta," Türkiye Günlüğü, 76 (2004), 5–9.

بەختەوەرییان دا، بەڵام هەرگیز ئەو بەختەوەرییەیان بە تەواوی بەدی نەهێنا. ئەرکێکی گەورەی خستە سەرشان و لە درێژایی ژیانی خۆیدا جێبەجێی کرد، لە کاتێکدا سیاسییەکانی تر بە هۆی سازشکردنەکان و وابەستەییە جۆراوجۆرەکانیانەوە پەکیان کەوت. بە دەربڕینێکی تر، تەماشاکردنی ئەتاتورک وەک "باوک"ی تورکان، ڕیشەیەکی قووڵی هەیە و سەرجەم سیاسییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەراورد بە کەسایەتیی نائاسایی ئەو پێوروان.

ئەتاتورک سەرکردایەتیی شەڕی سەربەخۆیی کرد و پرۆژەیەکی گەورەی گۆڕانی شارستانییانەی وڵاتی جێبەجێ کرد لەڕێی سەرکوتکردنی زاکیرەی دەستەجەمی و بڕینی ڕەگوڕیشە ئیسلامی و عوسمانییەکەی. هەوڵی دا دیوارێکی گەورە بە ناوی بەغەربیکردنی پێشکەوتنخوازانە لە مێشکی خەڵکدا دروست بکا تا ببێتە بەربەست لە بەردەم کاریگەرییە ئیسلامی و عەرەبییەکاندا. ئەگەرچی ئەمە بە تەواوی سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام پرۆژەکەی بۆ بەغەربیکردن هەستکردن بە یەکێتی دروست کرد لەڕێی دیاریکردنی دوژمنی هاوبەشەوە: ڕابردووی ئیسلام عوسمانی و دامەزراوەکانیان، کە پێویستە لە هەموو کاتێکدا مایەی ترس بن.

بەڵام لەباتی لەدەرەوەهێشتنەوەی ئەو ڕابردووە ئیسلامی و عوسمانییە جێترسە، تورکەکانی لەناویدا بەند کرد. ئەتاتورک دیوارێکی ئەقڵیی دروست کرد بۆ پاراستنی تورکەکان لە ڕابردوو و مێژوویان. لەو پرۆسەیەدا، هەوڵی دا ڕابردوویەکی شکۆمەندانەی تازەداهێنراو دروست بکا کە تەواو لە سەردەمی ئیسلامی جیاوازە. وەک زۆر دیکتاتۆری تر، بناغەی سەرەتایەکی نوێی هێنایە کایە، کە نەکرێ بیرمەند و

سیاسییەکان گژبەری (تەحەدا)ی بکەن. ڕابردووی نزیکی عوسمانی بە بێکەڵک و سەرچاوەی دواکەوتن لەقەڵەم درا. دابڕان لەگەڵ مێژوو، وەهمی سەرەتایەکی نوێ، میسالییەتێکی گەنجانەی هەبوو. ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ، ئازاد لە ئایین و داڕێژراو تەنها لە لایەن ئیرادەی مرۆڤەوە، بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێش بوو.

لە ماوەی سەردەمی ئەتاتورکدا (١٩٢٢-١٩٣٨) بەتایبەت پاش مردنی، پاسەوانانی شۆڕش وایان بیر دەکردەوە کە ئەوان کۆمەڵگە مۆدێرنیزە و بەمەدەنی دەکەن. لە ڕاستیدا ئەوان بەپێی ویستی ئەتاتورک ڕەفتاریان دەکرد بۆ دروستکردنی تورکێکی نوێ. پاسەوانەکان باوەڕیان بە پیرۆزیی خەونەکانی ئەتاتورک هەبوو. بەستەری سەرەکی و یەکخەری پاسەوانان ترسیان بوو لەو دوژمنانەی دەشێ لەناو ماڵدا هەبن[١]. لێرەوە ترسی سەرەکییان ئازادیی بیرکردنەوە و گوزاشتلەخۆکردن بوو.

ئەو بەڵێنی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی دا بەبێ سیاسەت، ئەوەیش لە ڕۆژە بەراییەکانی کۆماردا، کە خەڵک ئەزموونی کارەساتەکانی جینۆسایدی لە قەوقاس و بەلقان و تەنانەت ئەنادۆڵیشیان دیبوو، ڕەواجێکی گەورەی هەبوو،[٢].

ئەو دوو سەرکردەیەی من لەم چاپتەرەدا لێیان دەکۆڵمەوە، نوێنەرانی ئەو یادگە سەرکوتکراوەن کە هات بۆ خستنەسەرپێی پرۆژە شارستانییەکە.

---

[1]Fatih Rıfkı Atay in Zetindağı (Istanbul: Remzi Kitapevi, 1943) examines the sources of these historical fears among the first generation of the Republican elite.
[2]Justin McCarthy, Death and Exile: The Ethnic Cleansing of Ottoman Muslims, 1812–1922(Princeton: Darwin Press, 1996).

## ڕەجەب تەیب ئەردۆگان

هەر گفتوگۆیەک لەبارەی تورکیای هاوچەرخ پێویستە بە ئەردۆگان دەست پێ بکا، لەو ڕووەوە سەرجەم بڕیارە سیاسییە گرنگەکان لە لایەن ئەوەوە دراون[1]. ئەگەرچی ئەو سەرۆکی ئاکەپەیە و تورکیایش سیستەمێکی فرەحزبییە، بەڵام ئەردۆگان خاوەنی ڕێژەیەکی وا بەرز لە دەنگی جەماوەرییە، کە وای کردووە باقیی سەرکردە، یان پەرلەمانتارەکانی حزبەکەی گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبێ. ئەردۆگان لابەندی loyalty لە سەروو هەموو بەهاکانی ترەوە دادەنێ، هەروەها هەندێ لە سەرکردایەتیی حزبەکە بە هۆی سەرکوتکردنە سیاسییەکەی سەروەختی پرۆسەکەی ٢٨ی شوبات پەیوەندییەکی زۆر نزیک و لابەندانە و شەخسییان دروست کرد.

خاڵی لاوازی سەرەکیی ئەردۆگان ئەوەیە ناتوانێ دەرک بەوە بکا کە AKP چیتر بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکار نییە لە دژی دەوڵەت، بەڵکو حزبی دەسەڵاتداری تورکیای بە شانازییەوە دیموکراتە.

بە هۆی ئەم ئاماژە دژبەیەکانەوە، ئاکەپە لە میانەی کارێکی بەردەوامدایە بۆ گۆڕان لە بزاڤێکی کۆنە-ئیسلامییەوە بۆ حزبێکی لیبراڵ. بە لەبەرچاوگرتنی کۆتوبەندە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی تورکیا، ئەم گۆڕانە ئاسان نییە. ئەردۆگان بۆ ئەوەی بە گرنگ و کاریگەر لە ئایندەدا بمێنێتەوە، پێویستە لە

[1]Turan Yılmaz, Tayyip: Kasımpasa’dan Siyasetin Ön Saflarına (Istanbul: Ümit, 2001).

خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە نوێیەکە لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا بەردەوام بێ.

لەم ساڵانەی دواییدا بە هۆی گەندەڵی لە حکومەت و گرژییەکان لەگەڵ هەندێ دامەزراوەی سەربەخۆی دەوڵەتدا، ئەردۆگان بەو ئاڕاستەیە کاری دەکرد جامی تووڕەیی خۆی زیاتر بەسەر دەرەوەدا بڕێژێ، تا ناوەوە، هەروەها هێرش بکاتە سەر ئەوانەی پرسیار لەبارەی ئەدای ئەو و دۆسییە کەڵەکەبووەکانی گەندەڵی دەورووژێنن. هەندێ لە تووڕەیی ئەردۆگان، مایەی تێگەیشتنن. ئەو بە کۆمەڵێ کۆتوبەندی وا لەسەر حکومەتەکەی گەیشتە دەسەڵات، کە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبوون. ئەو دەبوو دەسەڵات لەگەڵ دامەزراوەیی تری هەڵنەبژێردراوی دەوڵەت بەش بکا تا بەردەوامی بە پرۆسەی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا بدات، ئەگەرچی هیچ لەمانە پاساو نین بۆ گەندەڵیی بەردەوامی AKP.

ئەگەرچی من بە ئیسلامگەرایی ئەردۆگان دەست پێ دەکەم، بەڵام زیاتر لەسەر گۆڕانە سیاسییەکەی دەوەستم، کە ئاخۆ گەشەکردنە، یان پاشەکشە، لەبەر زرنگییە یان ئەگەرەکانی ڕزگاربوون.

چوار دامەزراوەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کەسایەتیی ئەردۆگانیان ڕەنگڕێژ کردووە. ئەو ژینگە کەسایەتیسازانە ئەمانەن: گەڕەکی قاسم پاشا + سیستەمی موحافیزەکارانەی ئایینی قوتابخانەکانی ئیمام و خەتیب + یەکێتیی قوتابییانی ئەتنۆ-ئایینی (MTTB) + بزاڤی دیدگەی نیشتمانیی ئەربەکان. ئەم چاپتەرە لە جێپەنجەی ئەم ژینگە سۆسیۆ-کولتوورییە دەکۆڵێتەوە لە دروستکردنی کەسایەتی و جیهانبینیی ئەردۆگاندا. زیاد لەوەیش ئەزموونەکەی وەک سەرۆکی

شارەوانی و ماوەی زیندانیکردنەکەی، دەبنە ڕێنیشاندەر بۆ سیاسەتە هەنووکەییەکانی، وەک سەرۆکوەزیران.

بەکورتی، مرۆڤ پیاوێک دەبینێ بە ناسنامەیەکی دابەشەوە، کە دوولەت بووە لەنێوان ناسنامە ئیسلامییەکەی و ئەو سیاسەتەی کە بۆ مانەوە لە حکومەتدا ناچارە پەیڕەوی بکا. ئەو دەبێ دوو جۆر ڕۆڵ ببینێ: یەکێکیان بۆ لایەنگرە نەریتییە ئیسلامییەکانی و یەکێکیش بۆ جەماوەرە عەلمانییە ناوخۆییەکەی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەو دەبێ بە شەڕکەرانی عێراق هەم بڵێ "شەهید" و هەمیش بڵێ "تیرۆریست". دەبێ بە ئیسرائیل بڵێ "دەوڵەتی تیرۆریست"، بەڵام لەژێر فشاری ئەمەریکادا دەبێ سەردانیشی بکا. ئەو پیاوێکی فرەوەلا و ناسنامەدڕاوە و وێنەیەکی بەرجەستەی ناسنامەی تورکیایە، کە: ناسنامە ناوخۆیی و دەرەکییەکان هەرگیز هەمان شت نین و هەمیشە لە کێشەدان.

## کەسایەتیی ئەردۆگان

کەم سەرۆکوەزیران هەبووە کاریگەرییان لەسەر ژیانی سیاسیی تورکیا لە ئەردۆگان زیاتر بووبێ. ئەردۆگان کە پاش مشتومڕێکی سەختی یاسایی و هەڵاوێران لە لایەن دەوڵەتەوە، گەیشتە دەسەڵات، سەرۆکایەتیی پرۆسەی سەرەکیی یاسادانان بۆ بەدیهێنانی پێوەرەکانی کۆپنهاگن و ئەو گۆڕانە شۆڕشگێڕانە یاساییانەی کرد کە بە شێوەیەکی دراماتیکی ترازووی هێزی لەنێوان سوپا و حکومەتی مەدەنیدا گۆڕی، هەروەها بنیاتێکی ئابووریی نوێی لەگەڵ وەبەرهێنانی دەرەکی دروست کرد، کە لەباریدایە بە شێوەیەکی هەمیشەیی دیمەنی سیاسیی تورکیا سەرلەنوێ ڕەنگڕێژ بکاتەوە، هەروەها

پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا قووڵتر کردەوە و هەوڵی دا زمانێکی سیاسیی نوێ بێنێتە ناوەوە[1].

---

[1] ڕەخنەی ئەردۆگان لە بڕیاری دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە پاڵپشتیکردنی قەدەغەکردنی سەرپۆش ڕەنگدانەوەی ئەقڵییەتی ئەوە. گوتی: "پێم وایە هەڵەیە ئەوانەی هیچ پەیوەندییەکیان بەم بوارە(ی ئایین)ەوە نییە ئەو جۆرە بڕیارە بدەن... بەبێ ڕاوێژکردن بە زانا ئیسلامییەکان." ئاژانسی نیچمەڕەسمیی ئەنادۆڵ بەم شێوەیە گوتارەکەی سەرۆکوەزیرانی گواستووەتەوە: "من بە دواین بڕیاری ECHR سەرم سووڕ ماوە. من گوێڕایەڵی بڕیارەکەی ECHR دەکەم کاتێ بڕیارێکی یاسایی بێ، بەڵام من سەبارەت بە ماف و ئازادییەکان بە هەڵەی دەبینم. بۆچی من ڕەخنەم لە بڕیارەکە هەیە؟ چۆن و بۆچی کەسێک ئازادیی فێربوون و ئایین و هەستی ئافرەتان بە داپۆشینی پرچیان، پێشێل دەکا؟ دادگە دەڵێ "باوەڕ نابێ هەرگیز یاسا تێبپەڕێنێ" ( İnanç hiçbir zaman yasanın önüne geçemez). کچەکەی من شتی وای داوا نەکردووە. ئەو سەرپۆرش لە سەر دەکا لەبەر ئەوەی داوایەکی ئایینییە. دەبێ ئێمە ڕێزی ئەمە بگرین. ئەو دادگەیە مافی ئەوەی نییە لەبارەی ئەم پرسە قسە بکا. دەبێ زانایانی ئایینی یەکەم کەس بن قسە لەسەر سەرپۆش بکەن. تۆ پێویستە پرسیار لە زانایانی ئایینیی یەهودییەت، مەسیحییەت و ئیسلام بکەیت تا بزانیت ئاخۆ ئەمە داوایەکی ئایینییە یان نا. ئەگەر وتیان داوایەکی ئایینییە، ئەوکاتە دەبێ ڕێزی بگریت. ئەگەریش وتیان نا، ئەوە ئیتر بابەتێکی جیاوازە و دەکرێ ببێتە بابەتێکی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی. ئەگەر داوایەکی ئایینی بێ، دەبێ ڕێزی بگیرێ. من دەڵێم ئەمە داوایەکی ئایینییە. من لەم بوارەدا (ئیسلام) خوێندوومە. پێم وایە ئەوانەی هیچ پەیوەندییان بە عەقیدەی ئیسلامییەوە نییە و بەبێ ڕاوێژ بە پیاوانی ئایینیی موسڵمان و بڕیارێک لەبارەی سەرپۆشەوە دەدەن، هەڵەن". Milliyet, November 17, 2005.

لە کاردانەوەی ڕەخنەکانی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان، وتەبێژی ئەردۆگان هەوڵی دا گوتارەکەی ڕوون بکاتەوە بەوەی گوتی "خراپ لە سەرۆکوەزیران تێگەیشتوون".

لە دانیمارک کاتێ ڕۆژنامەنووسێک لە وۆرکشۆپێکدا لە ئەردۆگانی پرسی: حەز دەکەم بزانم ئاخۆ باوەڕە ئایینییەکەت پێش پابەندیت بە مافەکانی

ئەردۆگان هەمیشە گژبەریی سیمای سادەی کردووە[1]. ئەو لە یەکێک لە هەژارترین بەشەکانی ئیستەنبوولدا پەروەردە و گەورە بووە و وەک سەرکردەیەکی ئیسلامیی لاو، لەناو پارتی سەلامەتی نیشتمانی (MSP)ی ئەربەکان، پێی ناوەتە دنیای سیاسەتەوە. هەمیشە پارێزگاریی لەو قەناعەتە ئایینییەی کردووە کە ئیسلام سەرچاوەی ناسنامەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی تورکییە و دەوڵەتی تورکی زۆر ئایدیۆلۆژییە و پێویستی بەوەیە بگۆڕدرێ. باوەڕی وا بوو پێویستە حکومەت هیچ ڕۆڵێکی لە ئابووریدا نەبێ، بازاڕیشی بە چارەسەری کێشە گەورەکانی وڵات دەزانی. سامانێکی بەدەست هێنا و لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەرکەوت، ئەویش لەڕێی دروستکردنی پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ ئەربەکان، هەروەها پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ ڕێکخستنە موحافیزەکارە ئیسلامییە بەهێزەکانی وەک نەقشبەندی و نوورەکان Nurcu دروست کرد.

ئەردۆگان وەک پیاوێکی خاوەن وزەی مەزن، وەک کەسێکی سەرکێش و زۆرزان و تینووی دەسەڵات، لە زۆر لە هاوسەردەمانی خۆی داوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو بەدەست هەستبەئارامی-نەکردنێکی قووڵەوە دەناڵێنێ و وەک

---

مرۆڤ دێ؟ ئەردۆگان وەڵامی دایەوە: "باوەڕە پیرۆزەکانم پێش ئازادیی قسەکردن دێن. ئێمە لە خەڵکانی تر چاوەڕوان دەکەین وەک چۆن ئێمە ڕێزی پێغەمبەرەکانی ئەوان عیسا و مووسا دەگرین، ئەوانیش ڕێزی پێغەمبەرەکەی ئێمە بگرن".

ئەم گفتوگۆیە لە سەروەختی کێشەی بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێرییەکانی ناو ڕۆژنامەی Jyllands Posten ی دانیمارکی ڕووی دا.

Milliyet, November 17, 2005.

[1] Avni Özgürel, "Erdoğan'in sınırları," Radikal, June 21, 2006.

سەرۆکوەزیران بە کۆمەڵێ ڕاوێژکاری پلە سێ دەورە دراوە، کە گوێلەمستی ئەون.

ئەردۆگان ڕکابەریی سلێمان دیمیریلی کرد لە کردنی سەرکردایەتیی AKP بە سەنتەری سەرەکیی دەسەڵات لە ئەنکەرە، هەروەها سەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەر پارتەکەدا. هەر چۆن بێ، لە سەرجەم ململانێ ناوخۆییەکانی حزبەکەدا سەبارەت بە هەندێ پرسی دەرەکی و ناوخۆیی، سەرکەوتوو نەبوو. ئەردۆگان لەڕێی مەرایی و هەڕەشە و مانۆڕکردنەوە هەوڵی دا ئەوانی تر ملکەچی ئیرادەی خۆی بکا. دەزانێ چۆنچۆنی پەنا بۆ پرنسیپ و سیاسەت و بەرژەوەندیی خودی ببا. پشتی بە هەواڵدەر دەبەست و وردەکاریی سیاسەتی حزبەکەی دەزانی، هەروەها لە هەر بەشێکی جیاوازی گۆڕەپانە سیاسییەکەدا، ئەوەی بە خەڵکی ئەو شوێنە دەگوت کە حەزیان لێ بوو بیبیستن.

ئاخر ئەو دەتوانێ لە کۆبوونەوەیەکدا ناسیونالیست و لە یەکێکی تردا پرۆ-کورد و لە هەمان کاتدا پرۆ-جووتیاران و پرۆ-پیشەسازان بێ. سەرەنجام وەک کەسێکی مانۆڕچیی زرنگ، کە خاوەنی هیچ پرنسیپێکی جێگیر نییە، ناوبانگی پەیدا کرد. لە کۆتاییدا، ماندوونەناسانە هەوڵ دەدا وڵاتەکەیش بەو شێوەیە بەڕێوە ببا کە ئاکەپە بەڕێوە دەبا، واتە بە سەپاندنی ئیرادەی خۆی و ئیمتیازدان بە تاکەکان و سزادانی ڕەخنەگران. لەگەڵ ئەوەیشدا وەک سەرۆکوەزیران بە لێکترازانی قووڵی کۆمەڵایەتی و ناکۆکیی سیاسی، کە پێدەچێ ئاشتەوایی تێیدا ئاستەم بێ، ڕووبەڕووی نەهامەتییەکانی وڵات دەبێتەوە.

## ژیانی ئەردۆگان

ئـــەردۆگـــان لـــە ســـاڵی ١٩٥٤ لـــە پۆتامیـــا (گونـــەیـــسو Güneysu) لە ڕایز Rize لەسەر دەریای ڕەش لەدایک بووە، کاتێ تەمەنی سیازدە ساڵ بوو، خێزانەکەی گواستیانەوە بۆ قاسم پاشا لە ئیستەنبوول. ئەو بچووکترینی پێنج منداڵە. باوکی پیاوێکی ئایینی و ڕەق بوو. کەسێکی مەبدەئی بووک کە هەندێ جار خراپ مامەڵەی دەکرد. وەک کاپتنی کەشتییەک کـــاری دەکـــرد. دەگێڕێتـــەوە جارێکیـــان بـــاوکی لـــەســـەر سـوێندخواردن سـزای داوە بـەوەی بـە بـاڵ هـەڵیواسـیوە بـە سەقفدا. دەسەڵات و دیسپلینی توندی باوکی قۆناغی سەرەتای منداڵێتیی ئـەردۆگـانی ڕەنگڕێژ کـرد. ئـەردۆگـان لـە وەرزشـدا چـالاک بـوو و بـۆ مـاوەی شـازدە سـاڵ وەک یـاریزانێکی پیشەوەر یاریی تۆپی پێی دەکرد و ئەوەیشی لەنێو قوتابخانە و چـالاکیی سیاسـیدا دەشـاردەوە. بـۆ چـەنـدین سـاڵ ئـەو یاریکردنەی بە نهێنی لە باوکی دەشاردەوە، کە ڕێگەی بەوە نەدەدا.

قاسم پاشا کە سەرەتا کەسایەتیی لەوێ قاڵبی گرت، ناوچەیەکی جیهانی و لە ڕووی ئابوورییەوە چینی ناوەڕاست-نزمی ئیستەنبووله، لەگەڵ ناسنامە گەڕەکییە تایبەتەکەی.

گەڕەکی قاسم پاشا کاریگەرییەکی پێکهێنەرانەی لەسەر ئەردۆگانی لاو هەبوو. قاسم پاشا ناوچەیەکی کۆن و تەنانەت بەدناوە، کە بە باند و ڕەفتارە تاوانکارەکان بەناوبانگە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەردۆگان بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکی باسی دەکا. ئەو وەک ئەو ئەمەریکییە سەرکەوتوانەی لە هارلێم-ی نیۆیۆرک سـیتی گـەورە بـوون، گـوتی: "مـن لێـرە لـەنـاو ئـەو قـوڕەدا

داڕێژرام، نەک وەک منداڵە هەژارەکانی ئەمڕۆ، کە بە قیر دەورە دراون"[1].

گەڕەکی قاسم پاشا ڕۆحێکی مەعنەویی بەهێزی موحافیزەکارانەی هەیە لەگەڵ هەستێکی قووڵی پێکەوەیی لەنێو دانیشتوانە هەژارەکەیدا. دانیشتوانەکەی هەمیشە حەسوودییان بە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان بردووە[2]. خوێندنی ئایینی لە قوتابخانەی هاوینانەی گەڕەک لە مزگەوت بەدەست هێناوە[3]. شانبەشانی خوێندنی ئاسایی، چووە قوتابخانەیەکی ئیمام خەتیب (حوجرەیەک)یش بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان. قوتابخانەکانی ئیمام خەتیب بەپێی ماددەی ٤ لە یاسای یەکخستنی خوێندن ژمارە (٤٣٠)، بە مەبەستی ڕاهێنانی فەرمانبەران بۆ جێبەجێکردنی خزمەتە ئایینییەکان دامەزراون.

ساڵی ١٩٧٣ بەگوێرەی ماددەی ٢٣ لە یاسای پەروەردەی نیشتمانی، ژمارە: ١٧٣٩ ئامانجی ئەم قوتابخانانە فراوان کرا بۆ پێشکەشکردنی هەندێ بەرنامە لە سیستەمی قوتابخانەی ئامادەییدا، کە دیسان قوتابییانیان بۆ خوێندنی باڵا ئامادە دەکرد. ئەو قوتابخانانە چیتر تەنها قوتابخانەی پیشەیی نەبوون کە فەرمانبەرانی ئایینی بەرهەم بێنن.

چیرۆکی گواستنەوە لەو قوتابخانانەوە بۆ نێو سیستەمی فێرکردنی گشتی، پرۆسەی سازشکردنی نێوان ئەکتەرە ئایینی و سیکیولارەکان لە سیستەمی سیاسیدا دەردەخا. قوتابخانەکان بە بودجەی گشتی دروست کراون و ستافی

[1]Debrah Sontag, New York Times, May 11, 2003.
[2]Muhammed Pamuk, Yasaklı Umut: Recep Tayyip Erdoğan (Istanbul: Birey, 2001), 3rd edn, p. 21.
[3] دیمانەی ئەردۆگان لە: وەتەن، ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٩٤.

بەڕێوەبردنیان لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بۆ دابین کراوە. ئەگەرچی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پەروەردەدان، هەندێ فۆرمی دەسەڵات و کۆمەڵگە و مێژوو فەرز دەکەن و شەرعییەتیان پێ دەدەن. ئەوەی لێرەدا گرنگە لە بیردا بێ، ئەو بابەتە نییە کە لەو قوتابخانانەدا دەخوێندرێ، بەڵکو ئەوە گرنگە ئاخۆ بابەتەکە بە چ شێوەیەک لە لایەن مامۆستا موحافیزەکارەکانەوە دەگوترێتەوە. ئەو قوتابخانانە پرۆگرامێکی "شاراوە" پێشکەش دەکەن، کە چالاکیی دەرەوەی پرۆگرام، کارلێکی قوتابییان و ڕۆڵی مامۆستای ڕێکخەر لەخۆ دەگرێ.[١]

لە قوتابخانەکاندا کەشوهەوای کۆرسەکان (خولەکان) لە ناوەرۆکەکانیان گرنگتر و لە داڕشتنی کەسایەتیدا بەبایەخترە. لەم قوتابخانانەدا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چاندنی ڕێسا و بەها ئیسلامییەکان و شێوازەکانی ڕەفتارکردن لەخۆ دەگرن. مامۆستاکانی قوتابخانە هەمیشە ڕەخنە لە شێوەژیانە بەدیلەکان دەگرن و هێرش دەکەنە سەر پرۆژەی بەغەربیکردنی وڵات. قوتابخانەکان بە هۆی مۆرکە ئیسلامییەکەیانەوە، هانی وابەستەبوون بە شێوەژیانی ئیسلامی دەدەن، وەک تاکە شێوەی ئەخلاقییانەی ژیان.

---

[1] بەگوتەی ڕۆجەر دەیل، پرۆگرامی شاراوە ئاماژە بۆ چوارچێوەیەکی نەنووسراوی تێگەیشتنی هاوبەش دەکا، کە هەڵسوکەوتی ناو پۆل دیاری دەکا.

Dale, "Implications of the Rediscovery of the Hidden Curriculum for the Sociology of Teaching," in Denis Gleeson (ed.), Identity and Structure: Issues in the Sociology of Education (Driffield: Nafferton Books, 1977).

ناسنامەی سیاسیی ئەردۆگان کە تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەرییەکی زۆری پەروەردە ئایینییەکەیدایە، بەرهەمی سیستەمی ئەو قوتابخانەیە. باوک و دایکە دیندارەکان دەیانەوێ لەڕێی ناردنی منداڵەکانیان بۆ ئەو قوتابخانانە، بەها نەریتی/ئیسلامییەکان بپارێزن. ئەردۆگان پەروەردە ئایینییەکەی بە سەرچاوەی هەموو ئەوەی ئەمڕۆ ئەوی پێ گەیشتووە، دادەنێ. ئەو دەڵێ: "سەروەختی قوتابخانەی ئیمام خەتیب مانای هەموو شتێکە بۆ من. لەوێوە چوارچێوە و ئاراستە و هەموو شتێکی ژیانم بەدەست هێنا... قوتابخانەی ئیمام خەتیب خۆمی بە من بەخشی"[1]. لە قوتابخانەی ئیمام خەتیب فێر بوو چۆنچۆنی شیعر بخوێنێتەوە، بەتایبەت شیعری ئایینی و نیشتمانی. لە قوتابخانەی ناوەندیدا قوتابییەکی ئاست مامناوەند بوو، لە زانکۆی مەڕمەڕە لە ئیستەنبوول وەرگیرا بۆ خوێندنی ئابووری و بازرگانی و ساڵی ١٩٨١ تەواوی کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەڕێوەبردنی کار بەدەست هێنا. هەرگیز فێری زمانێکی بیانی نەبوو.

ئەردۆگان لە قوتابخانە یاریی تۆپی پێی دەکرد و لە تەمەنی بیستویەک ساڵیدا بەشداریی خولێکی پیشەوەرانی کرد. وەرزش فێری بەهای کارکردن بە تیم و جووڵەی بەردەوام بۆ وەرگرتنی شوێنی نوێی، کرد. لە سیاسەتیشدا جەخت لەسەر کارکردن بە تیم دەکا تا ئەو کاتەی ئەو ڕاهێنەرە.

بە گوتەی ڕۆجەر دەیل، پرۆگرامی شاراوە ئاماژە بۆ پێکهاتەی نەنووسراوی تێگەیشتنی هاوبەشێکی هاوبەش کە هەڵسوکەوتی ناو پۆل دیاری دەکا.

---

[1] Pamuk, Yasaklı, p. 22.

سێیەم وێستگەی کاریگەریی لەسەر ئەردۆگان کرد، ئەندامێتی بوو لە یەکێتیی قوتابییانی نیشتمانیی تورکی Milli Türk Talebe Birliği (MTTB). ئەگەرچی MTTB وەک کۆمەڵەیەکی قوتابییانی نیشتمانیی سیکیولار دەرکەوت، کە بڕەوی بە سیاسەتە ڕیفۆرمییە سەرتاپاگیرەکانی کەمالی دەدا، ڕێکخراوەکە لە کۆتایی ١٩٦٠ەکاندا دیدگە و سەرکردایەتیی خۆی گۆڕی، ئەویش بە سەرکردایەتیی ڕاسیم جینیسلی و ئیسماعیل کەهرەمان (ئەمەی دوایی پاشتر لە حکومەتەکەی ئەربەکاندا دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری). ناسیونالیزمی ئیتنۆ-ئایینی (ئیسلامۆ-تورکی) بوو بە ئایدیۆلۆژیای سەرەکی، بە کۆپیی تایبەتی خۆیەوە لە مێژووی عوسمانی وەک جەوهەری بنیاتنەری تورکایەتی.

بە هۆی گژبەریی چەپڕەوی و هێزی بیرۆکە سۆشیالیستییەکان، ڕۆشنبیرە موحافیزەکارەکان ئیسلامیان وەک دژەژەهرێک لە دژی ئەم گژبەرییە ڕاست کردەوە. بەئایدیۆلۆژیاکردنی ئیسلام لەسەر دەستی نەجیب فازیڵ و نورەدین تۆپچو و عوسمان تورانەوە ئەنجام درا. نەجیب فازیڵ لە ١٩٧٠کاندا بوو مونەزیری MTTB. ڕێکخراوەکە بوو بە دژەکۆمۆنیست و دژەکەمالی و دژەدەستەبژێر و ئەم ڕێکخراوە موحافیزەکارە نەتەوەییە-ئایینییەی قوتابییان بوو بە ناوەندێک بۆ گفتوگۆی فیکری و تۆڕێک بۆ جۆشدانی کۆمەڵایەتی[1].

---

[1]M. Cağatay Okutan, Bozkurt'tan Kuron'a Milli Türk Talebe Birliği (MTTB) 1916–1980
(Istanbul: Bilgi, 2004), pp. 133–204.

ئەردۆگان لە ١٩٦٩دا چووە ناو MTTB و بەشداریی لەو چالاکییانەدا دەکرد کە تایبەت بوون تەنها بە کوڕان[١]. لەو ڕێکخراوە ئیسلامییەی لاواندا، ئەو زیاتر چالاکوان بوو تا مونەزیر ideologue. زیاتر بە هۆی پەروەردە موحافیزەکارانەکەیەوە لەوێ بوو تا ئەوەی بە هۆی قەناعەتی ئایدیۆلۆژییەوە بێ. ئەو ڕێکخراوە یارمەتیی دا تا بازنەی هاوڕێکانی فراوان بکا، هاوکات لە هێزی برایەتیی ئایدیۆلۆژییش تێگەیشت.

پاش تەواوکردنی کۆلێژ، ئەردۆگان لە دەسەڵاتی گواستنەوەی گشتی لە ئیستەنبوول دەستی بە کار کرد. لەو ماوەیەدا، لە سیاسەتەوە گلا، کاتێ بەڕێوەبەرەکەی داوای لێ کرد ڕیشی بتاشێ، بە پاڵنەری بیروباوەڕە ئایینییەکەی، داواکەی ڕەت کردەوە.

پاش کودەتاکەی سوپا لە ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠دا، وازی لە تۆپی پێ هێنا تا لە کەرتی تایبەتدا کار بکا، پێش ئەوەی ساڵی ١٩٨٢ خزمەتی سەربازی تەواو بکا.

چوارەمین کاریگەریی سەرەکی کە ڕۆڵی لە داڕشتنی ئەردۆگاندا هەبووە، کارکردنی بوو لە MSP وەک سەرۆکی لقی لاوانی پارتەکە لە ئیستەنبوول، تا کودەتا سەربازییەکەی ١٢ی سێپتەمبەر، پاش ئەوەیش لەنێو پارتی ڕەفای ئەربەکاندا[٢]. لە ١٩٨٤ کاتێ تەمەنی ٣١ ساڵ بوو، بوو بە سەرۆکی لقی بەیۆگلو Beyoğluی پارتی ڕەفا. لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ١٩٨٩دا کاندیدی سەرۆکی شارەوانیی ڕەفا بوو

---

[1]Erdoğan's interview in Vatan, September 28, 1994.
[2]Recep Tayyip Erdoğan, Bu Sarkı Burada Bitmez (Istanbul: Nesil, 2001), p. 47.

له ناوچەی فرەکولتووری بەیۆگلوی ئیستەنبوول. هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکەی تا ڕادەیەکی زۆر تەرکیزی دەکردە سەر هەموو بوارەکانی ژیان. هەڵبژاردنەکەی بە جیاوازییەکی کەم دۆڕاند، بەڵام ئەوە ڕۆڵی هەبوو لە زیادبوونی جەماوەریبوونی هەم لەنێو ڕەفا و هەم لەنێو تورکیادا.

بە هۆی کراوەیی و ستراتیژە هەمەجۆرەکانی لە هەڵبژاردن و لایەندیی حاشاهەڵنەگری بۆ ئەربەکانی سەرۆکی حزب، لە هەڵبژاردنی ١٩٩٤دا بوو بە کاندیدی ڕەفا بۆ سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوول. لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی شارەوانیی ١٩٩٤، ڕەفا بوو بە دەنگی کەنار و بە وردی بایەخی بە پێویستییە تێکڕای خەڵکی تورکیا دەدا. ئەو توانا سیاسییەکانی لەنێو ڕەفادا بەدەست هێنا. بە هۆی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و شێوەژیانی باویەوە، تورکانی ئاسایی بە ئاسانی دەیانتوانی خۆیان لەگەڵ ئەردۆگان ببیننەوە[1]. ملیۆنان کەس

[1]Serdar Turgut, “AKP Beyaz Türk İktidarını Yıktı,” Habertürk, June 3, 2004; Ertuğrul
Özkök, “Beyaz Türklerin Tasfiyesi mi,” Hürriyet, April 21, 2006.
ئایا ئێمە شۆڕشێکی نەوەی یەکەمی "غەریب"ە بە ئەسڵ گوندییەکانی نێو شارەکان دەبینین؟ ئایا ئەم شۆڕشە هەلاوێرانی "تورکە سپییەکان"ی دەست پێ کردووە؟ لە ئەنجامی ڕیفۆرم و بەشداریکردنەکانی ئەتاتورکدا کۆمەڵگەی تورکی بزوتنەوەیەکی گەورەی جۆشدانی کۆمەڵایەتیی بەخۆوە بینیوە، هەروەها زۆر لە قوتابییە بە ئەسڵ گوندییەکان ئەوەیان بۆ کۆلێژەکان کرد و ئێستا ڕۆڵێکی گرنگ لە حوکمکردنی وڵاتەکەدا دەگێڕن. سەرۆکی نوێی بانکی ناوەندی دوروموش یەڵماز کە لە پاشخانی خێزانێکی نەریتییەوە هاتووە، لە لایەن حکومەتی ئاکەپەوە دامەزرێنرا، ئەوەیش بووە مایەی مشتومڕێکی گەورە لەسەر هەلاوێرانی "تورکە سپییەکان" لە لایەن "تورکە ڕەشەکان"ەوە.

دەنگیان بە ئەردۆگان دا، لەبەر ئەوەی وەک یەکێک لە خۆیانیان دەبینی، کە ئەزموونی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەژاری هەیە. هەروەها پاڵپشتیان کرد و خۆیان لەگەڵی بینییەوە، لەبەر ئەوەی توانیی لە قاسم پاشا دەربچێ و چارەنووسی خۆی بگۆڕێ. خەڵک لەو ڕووەوە بە یەکێک لە خۆیانی دەبینن، پێی دەڵێن "تەیپەکەمان" (bizim Tayyip).

ساڵی ١٩٩٤ و لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا بوو بە سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوول. ئەو کاتە بزنسمانێکی ناسراو بوو، کۆمپانیایەکی دابەشکردنی هەبوو بە ناوی ئولکەر Ülker، کە خۆراکی بەرهەم دەهێنا. ئەو هەمیشە سەرقاڵی کار بووە و پارەپەیداکردن یەکێک بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ژیانی.

ئەو تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو لە چارەسەرکردنی کێشە درێژخایەنەکانی شارەوانیی ئیستەنبوول، لە دابەشکردنی ئاوی پاکەوە بۆ گواستنەوە. کاتێ سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوول بوو، هاوکات چاوی لە پۆستی باڵای سیاسی بوو. بە بەردەوامی سەردانی ئەنادۆڵی دەکرد و گوتاری زۆر سۆزبزوێنی پێشکەش دەکرد. یەکێک لەو گوتارانە کە لە سیرت پێشکەشی کرد، لە ئایندەدا ژیانی سیاسی دەپچڕێ.

وەک سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوول، ئەردۆگان هەوڵی دەدا لەڕێی کۆمەڵێ دەستپێشخەرییەوە ناسنامەی ئیسلامی بەهێز بکا، ئەویش بە زیندووکردنەوەی بە یادەوەریی عوسمانی. ئەو نەک هەر شوێنە وێرانەکانی تەلارسازیی عوسمانیی نۆژەن کردەوە، بەڵکو ساڵیادی فەتحکردنی قوستەنتینییەی لە ساڵی ١٤٥٣دا کردە ڕووداوێکی کولتووریی

گەورە. مۆدێلەکەی چێژ و هەڵسوکەوتێکی کۆمارییانە نەبوو، بەڵکو زیاتر پارێزگاری لە ڕێزی بۆ عوسمانییەکان دەکرد. بە لای ئەوەوە عوسمانییەکان یادگە و دیدگەیەکی بەدیل بوون بۆ کۆمارەکە.

بە زەقکردنەوەی دینداریی خۆی و بەکارهێنانی زمانی ئایینی لە گفتوگۆی گشتیدا، ئەردۆگان بوو بە "ئازادکەر" و "دروشم"ی بزاڤی ئیسلامیی ڕوو لە گەشە. لەژێر پەردەی خۆدەرخستن بە دینداری و پابەندبوون بە دیموکراسی، تەوژمێکی ژێربەژێری برسێتی بۆ موڵکایەتی و تاکڕەوی، بەڕێوە دەبا، بە مەبەستی "حوکمکردن"، نەک "بەڕێوەبردن"ی حزبەکەی و وڵاتەکە. بە لای ئەردۆگانەوە ئیسلام سەرچاوەیەکە بۆ ناسنامە، تۆڕێکە بۆ جۆشدانی کۆمەڵایەتی و فۆرمێکە بۆ سەرمایەی ڕۆحی، کە دەتوانرێ لە کایەی سیاسیدا وەبەر بهێنرێ. سەرباری ئەو بۆچوونە بەربڵاوەی پێی وایە ئەردۆگان کەسێکی ئایینییە، بەڵام ئەو بە ئاستەم هیچ سیاسەتێکی پەیڕەو کردبێ، کە لە تەسەوری ئیسلامی بۆ دادپەروەرییەوە سەرچاوەی گرتبێ.

خاڵی لاوازی سەرەکیی ئیدارەکەی ئەو، گەندەڵییە بەرفراوانەی دەوروبەری و ناو حکومەتەکەیەتی. ئەو هەرگیز نەیتوانیوە ئاشتەواییەک لەگەڵ کەمالیست و چەپەکاندا بێنێتە کایەوە و دابەشبوونە عەلمانی و ئیسلامییەکەی وەک خۆی هێشتووەتەوە. پەرۆش نییە بۆ تاوتوێکردنێکی جیددی کە بۆ دروستکردنی سازان پێویستە. ئەردۆگان کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە دەوری خۆی کۆ ناکاتەوە، حەزی لەوەیە دەوری خۆی بەو کەسانە بگرێ کە گوێلەمستن و ئەو چیی لێیان بوێ، ئەوە دەکەن. لەم ڕووەوە پێچەوانەی نەجمەدین ئەربەکانە، کە

پێی باش بوو بەپێی توانا بەرپرسیارێتی بە خەڵک بسپێرێ. ئەردۆگان توانای ئەوەی هەیە خەڵکی لابەند لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. حەزی لە یاسا و دامەزراوە و بیرۆکراسی نییە. لە جێبەندە تورکییەکەدا، ئەو لە سیستەمێکەوە هاتووە کە ماوەیەکی دوورودرێژ بە یاسا و دامەزراوە و بیرۆکراسییەتی بێزارکەر بارگران کراوە، لێرەیشەوە هەڵوێستەکەی مانایەکی باش دەگەیەنێ.

**ئەردۆگانی سیاسەتمەدار**

نەیارانی سیاسیی ئەردۆگان، پشتیان بە بێباکیی گشتی دەبەست، لە کاتێکدا لایەنگرانی هیوایان دەخوست ئەگەر ئەو بەند بکرێ، بەناوبانگ دەبێ. لە ڕاستیدا گرووپە ئیسلامییەکان، بەتایبەت شوێنکەوتوانی NOM ئەردۆگانیان لە زینداندا لە یاد نەکرد. ئەردۆگان بوو بە قوربانیی هاوپەیمانییەک لەنێوان سوپا و کۆمەڵەی بزنسمانانی سیکیولار، کە ماکینەیەکی خۆپەرستە و تەنیا لە خەمی بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە. جەماوەر ئەویان وەک قوربانییەکی سیستەمێکی سیاسیی گەندەڵ دەبینی، ئەوەیش هانی دەدان دەنگی پێ بدەن. خەڵک هیواخواز بوون سیستەمی هەڵبژاردن کۆتاییەک بۆ ئەو گەندەڵییە بەردەوام و ناعەدالەتییە سیاسییە دابنێ. بەرزبوونەوەی ئەردۆگان دیسان پەیوەندداریی بە باوەڕی گشتی بە سیستەمی هەڵبژاردن و ئەو هەستەوە هەیە کە خەڵک هێندە بەهێزن، دەتوانن پرۆسەی سیاسی بگۆڕن.

لە کاردانەوەی بۆ زیادبوونی جەماوەرێتی و سەرسەختیی دامەزراوەی دەوڵەتدا، ئەردۆگان خۆی وەک کەسێکی میانڕەو

پیشان دا و بە ئاشکرا ڕەخنەی لە سیاسەتەکانی سەرکردەی پێشووی، ئەربەکان گرت.

ئەویش وەک ئۆزال تەرکیزی کردە سەر دوو بابەت: پەرەسەندنی ئابووری و فراوانکردنی دیموکراسی.

تایبەتاندان Privatization چارەسەری سیحریی ئەردۆگان بوو بۆ کێشەکانی ئابووری و چاودێریی تەندروستی. پێوەرەکانی کۆپنهاگن وەک نەخشەیەکی سیاسی بۆ فراوانکردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ پەسەند کران. پشتگیریی لە داوای تورکیا بۆ بوونەئەندامی تەواو لە یەکێتیی ئەورووپا EU دەکرد.

کاتێ ئەردۆگان پشتی کردە ڕەگوڕیشە ئیسلامییەکانی و بگرە دژایەتیی کردن، لەنێو دەنگدەرانی ڕاستی ناوەڕاستدا، هەواداری زیاتر بوو. بەڵام ئەمە خانەگومانیی قووڵی دەوڵەتی لە نیازە "ڕاستەقینە"کانی ئەردۆگان بۆ هەڵتەکاندنی بنچینە سەرەکییەکانی کۆمارەکە، نەڕەواندەوە. سوپا هەرگیز باوەڕی بە خۆبەمیانڕەوناساندنی ئەردۆگان نەکردووە و ژمارەیەک ئاگەدارکردنەوەی دەرکردووە.

ئەردۆگان پڕ جەماوەرترین و کاریزماترین سیاسییە لە تورکیای هاوچەرخدا[1].

لەو ڕووەوە زۆر لە تورکەکان لە هەلومەرجی نایاساییبوونێکی باودا دەژین (هەم ماڵ و هەم دوکانەکانیان لەسەر موڵکی دەوڵەت دروست کراون و عادەتەن باجی

[1] بۆ دیمانەی پڕ وردەکاریی زیاتر لەبارەی ژیانی ئەردۆگان بڕوانە:
Fatma Aksu’s interview in Meydan, September 26–October 14, 1994.

شایستەیش نادەن)، هەروەها لە ڕووی یاسای ئەخلاقی و شێوەژیانەوە لەگەڵ دامەزراوەی دەوڵەت، کێشەیان هەیە، لەبەر ئەوە بە ئاسانی لەگەڵ ئەردۆگان وەک ڕەمزێک بۆ دۆخە تایبەتەکەیان، دەگونجێن.

ئەردۆگان زۆر کەم لەبارەی دیموکراسی، بەڵام زۆر لەبارەی ئازادییەوە قسە دەکا. تێگەیشتنی ئەو بۆ ئازادی، تا ڕادەیەکی زۆر بە مانایەکی سەلبییە- بە مانای نەهێشتنی بەربەست و دەستتێوەردانەکانە. لەڕێی خوازیاربوون بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و مەودای دەوڵەت وەک مەرجێکی پێویست، پێداگری لەسەر ڕۆڵی هەولە خێرخوازی و خۆبەخشانەکان دەکا بۆ چارەسەرکردنی "دەردوداکان"ی ئابووریی بازاڕ. بە لای ئەردۆگانەوە ئاشتی و سیستەم بەرەنجامی گەشەی ئابوورین، ئەمەیش لای خۆیەوە بوونی گیانی دەستپێشخەری دەخوازێ کە هانی خەڵک دەدا سەرکێشی بکەن و دۆخی خۆیان باشتر بکەن.

ئەردۆگان کاریگەریی هێزە ئایینییەکان، پەیوەندییە ئابوورییەکان و فشارە تایفییەکان لەسەر ئازادی، پشتگوێ دەخا، بەڵام بازاڕی ئازاد بەبێ هەندێ چالاکیی پۆزەتیڤ لە لایەن دەوڵەتەوە، هەمیشە گەشەی ئابووری و ئاستێکی باشتری گوزەران بەرهەم ناهێنێ.

ئەردۆگان جەماوەرییە لەبەر ئەوەی هەمان بایەخ بە لایەنە ماددی (تەکنەلۆژی) و ئەخلاقییەکانی ژیانی مرۆڤ دەدا. ئەو هەر بەوەندە واز ناهێنێ کە دوایین ئامانجی ڕوون بۆ ئاراستەی ئایندەی تورکیا، واتە بوونەئەندام لە EU، دیاری بکا، بەڵکو دەشیەوێ خەڵک لەگەڵ لایەنە ئەخلاقی و هەستە ڕۆحییە قووڵەکانیان ئاشت ببنەوە. ئەو چەندە موحافیزەکارە،

هێندەیش ڕیفۆرمیستە، ئەویش بە گرنگیدان بە لایەنی مەعنەوی و ماددییەکانی ژیان. ئەو نایەوێ ناسنامەیەکی نوێ و کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست بکا، بەڵکو وەک زۆر لە موحافیزەکارەکان دەیەوێ ئەو پەیوەندی و ناسنامانەی هەن لە ژینگەی بازاڕدا "پێناسە بکاتەوە".

ئامانجی باڵای ئەردۆگان، یەکڕیزیی پارتەکەیەتی، کە پێی وایە بەبێ ئەوە ناتوانرێ هیچ بەدی بهێنرێ. ئەو پردی نێوان ئیسلامگەرا گەنج و پیرەکان، دەوڵەمەند و هەژار، نوێخواز و کۆنەپارێزەکانە. ئەو سەرۆکی شارەوانی، چالاکوانێکی بەندکراو، پاڵەوانێکی زیندانیکراو بووە و ئێستایش سەرۆکوەزیرانی تورکیایە[1]. ئەو هەم عوسمانیی کۆن و هەم تورکیای کۆماری بەرجەستە دەکا. ئەردۆگان کە پاش ئەربەکان هات، جیاوازە، بەڵام لە لایەنێکی هەستیاردا هەر وەک ئەوە. هاوشێوەی ئەربەکان، ئەویش سەرکردەیەکی تاکڕەوە (دەسەڵاتگەرا) و بەتایبەت حەزی لە ئایدیا نییە.

لە کاتێکدا ئەربەکان لەڕێی خۆخەریککردن بە پرسە نیشتمانی، یان نێودەوڵەتییەکانەوە پێگەی نیشتمانیی بەدەست هێنابوو و خۆی لە پرسە لۆکاڵییەکان بەدوور دەگرت، ئەردۆگان بە قووڵی لەنێو سیاسەتی لۆکاڵی و وردە-بەڕێوەبردن micro-management چەقیوە. ئەو نیشتەجێی دنیایەکە، تێیدا کۆن و نوێ، ئاینی و عەلمانی، نوێخواز و

---

[1] ئەردۆگان لە ٢٧ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ەوە بە ڕەسمی بە سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان AKP و سەرۆکوەزیرانی تورکیا نەماوە، بەڵکو لەو کاتەوە تا ئێستایش (٢٠١٦) سەرۆککۆمارە. لەجێی ئەو ئەحمەد داودئۆغلو بووەتە سەرۆکی پارتەکە، هەروەها سەرۆکوەزیرانیش وەک کاندیدی ئەو حزبە. (وەرگێڕ)

کۆنخـواز دەتـوانن لـە هـەمـان شـوێن و کاتـدا پێکـەوە بـژین. لـە حاڵـەتی ئـەربـەکانـدا، ئـەفسانە واقیعـی بـەڕێوە دەبـرد، لـەگـەڵ ئـەوەیـشدا ئـەو بـەشـدارکردنی بـەسـەر ڕوبـەڕووبوونـەوەدا هـەڵبـژارد و هـەمیشە لـە گـەڕانـدا بـوو بـەدوای چـارەسـەری مامناوەنددا.

ئـەو لـە هـەردوو سیاسـەتـی نـاوخۆ و دەرەوەی تورکیـادا باڵادەست بووە. لە زۆر ڕووەوە وا دێتە پێش چاو کە AKP یان بزاڤێکی پەیوەندار وجوودی نییە، بەڵکو زیاتر هەژموون و بـاڵادەسـتیی ئـەردۆگـان هـەیـە. دیمـوکراتیزەکـردن و شۆڕشـی مافەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر لە دەرەوەی حزبەکەوە ڕوو دەدەن، بـۆ نموونـە، ئـەردۆگـان ڕەخنـەی لـە پـەرلـەمانتـارانی حزبـەکـەی گـرت لـەسـەر داوای هـەمـوارکردنی هـەنـدێ لـەو پرۆژەیاسایانەی لە حکومەتەوە ئامادە کرابوون[١]. ئەو دەیـەوێ ئـەندام پـەرلـەمـان"ـەکـانی" دەنـگ بـدەن، نـەک گـەنگـەشـەی ئـەو پرۆژەیاسایانە بکەن، کە لە لایەن حکومـەتـەوە ئامادە دەکرێن. ئەمە دەریدەخات، نە هیچ ڕێسایەکی دیموکراسی بۆ گفتوگۆ و نـە هـیچ پرۆسیـسێکی دیموکراسـی لـە لایـەن ئـەردۆگانـەوە پەسـەند نـەکراوە. وا دیارە ئەو دەسـەڵاتی خۆی لـە سـەروو هـەمـوو ئـامرازە یاسـاییەکانـەوە دەبینـێ و سـینەی قبـوڵی هـیچ جۆرە مشتومڕ، یان ناڕەزاییەکی ناوخۆیی ناکا.

ڕێپۆرتەر و نووسەری "نیویۆرک تـایمز" سـتیفن کینـزەر لـە دیدارەکانی لەگەڵ ئەردۆگاندا بەو ئەنجامـە گـەیشتووە کـە ئـەو "هـەسـتێکی ئـاگرینی بـۆ دەسـەڵاتـەکـەی خـۆی هـەیـە. وا دەبینـێ

[1] Cevdet Akçalı, “Başbakan Erdoğan’ın bir itirafı, Türkiye’de kanunları kim yapıyor?,” Yeni Şafak, July 27, 2004.

خۆی بە شەخسی، نەک پارتەکەی، یان حکومەتەکەی، ئەمڕۆ تورکیا بەڕێوە دەبات"[1]. پێی وایە ئەو قەدەرێکە و خوا ڕەوانەی کردووە تا ڕابەرایەتیی وڵات بکات و بە هیچ شێوەیەک حەزی لە ڕەخنە نییە. زیاد لەوەیش کەلێنێکی ڕوولەزیاد لەنێوان ئەندامانی کابینەی پارتەکە و ئەندامە ئاساییەکانی پەرلەماندا هەیە.

ژمارەیەک جیاوازی لەنێوان ئەربەکان و ئەردۆگاندا هەیە. بەکورتی، لەو جێیەی ئەربەکان جەختی لەسەر وریایی و ناسیونالیزمی ئایینی دەکرد، ئەردۆگان پێداگری لەسەر گۆڕان دەکات و هەوڵ دەدا لەڕێی دیموکراسیی موحافیزەکارەوە ئیسلام لە سیاسەت بەتاڵ بکاتەوە. ستراتیژی ئەردۆگان لەسەر ئەکشن و کۆمیونیکەیشن دامەزراوە، کە لەڕێی وزە و زمانی جەستەیەوە گوزارشتیان لێ دەکا. لەم جیهانە پۆست-ئایدیۆلۆژییەدا ئەردۆگان، هەروەک تۆنی بلێر و بیل کلینتۆن، چارەسەرە داهێنەرانە و فیت (پڕاوپڕ)ی لە ئایدیا و تیۆروانینە گەورەکان پێ باشترە. ئەو پراگماتیستێکی سەرسەختە. سەرکردەیەک نییە کە پەیڕەوی لە ئایدیا بکا، بەڵکو زیاتر پشت بە هەست و سۆزی جەماوەر دەبەستێ بۆ پلان بۆدانان و گەورەکردنی دەسەڵاتی خۆی. بە لای ئەردۆگانەوە سیاسەتی حزب بریتییە لە لابەندی و گوێڕایەڵیکردن بۆ سەرۆک. ئەو هەمیشە یاریکەرێکی نێو تیم نییە، بەڵکو زیاتر سەرکردەیەکە کە دەیەوێ فەرمان بکات و گوێڕایەلی بکرێ. هەندێ دەڵێن ئەردۆگان وشک و ڕەق و تاکڕەو و حوکمدەر judgmental و پاڵنەری سەرەکیی دەسەڵات و سامانە. ڕەنگە ڕاستیش بێ

---

[1]Stephen Kinzer, “Will Turkey Make It?” New York Review, July 15, 2004, p. 42.

کە ئەو بەرهەڵستیکردنی قبوڵ نییە و خۆی لە کەسانی خوێندەواری بەتوانا دوور دەگرێ و وای پێ باشە کەسانی مەراییکار لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. دەوترێ ئەو کەسێکی قووڵ نییە و پێویستییەکی زیاد لە حەدی بە بەڵێ بۆکردنە. بێگومان ئەو دەتوانێ سەرنجی ئەو شوێنکەتوانە ڕابکێشێ کە هۆگری دڵسۆزیی ئەون، ئەو لایەندی (وەلا) بە فەزیلەتی گەورە دادەنێ، لە بەرانبەردا لایەندییش دەبەخشێ. ئەو "پیاوی پیاوە" کە بە هاوەڵیی پیاوان ئاسوودەیە، نەک ژنان. نمایشکارێکی ڕاستەقینەیە، کە کاتێ لە بەردەم ئاپۆرای خەڵکدایە بە باشترین شێوە، بە کارێزماترین شێوەی، ئەنجامی دەدات. حەشامات جۆشوخرۆشی پێ دەبەخشن و بەهێزی دەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستی بەوەیە ئەندازەیەک دوور بێ، نزیکی یان دۆستایەتی بۆ ئەو هەڕەشەن. هەروەها کەسێکە گاڵتەپێکردن قبوڵ ناکا، لانیکەم لەبارەی خۆیەوە. ڕەسامێکی کاریکارتێری سیاسیی دایە دادگە لەبەر ئەوەی وێنەی ئەوی وەک پشیلەیەک کێشابوو، کە لە گلۆڵە بەنێکی پێچاوە.

هۆی ئەم بێبارییەی ئەوەیە کەسایەتییەکی پەرت و نایەکگرتووی هەیە، بە بەکارهێنانی زمانی کۆمپیوتەر و سیستەمەکان، دەکرێ بڵێین تۆڕی ناوخۆیی کەسایەتییەکی بە خراپی بەستراوە. ئەو چەپکێک دژیەکییە: کاریزما، بەڵام لە ڕووی فیکرییەوە لاوازە، جەماوەرییە، بەڵام کەللەڕەقە، حەزی لە بازاڕی ئازادە، کەچی دڵی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئایینییشە. میللییە، کەچی تاکڕەویشە. ئەرێ بەڕاست ئەردۆگانی ڕاستەقینە کامەیە؟ دەشێ خەڵک مەیلیان بە لای ئەوەدا بێ هەڵوێستی سیاسیی خۆیان لەبەر تیشکی ناسنامە دژیەکەکانی

ئـەودا بخوێننـەوە. فـەلسـەفـەی ئیـداریی ئـەو تێکـەڵـەیـەکـە لـە ئابووریی سیاسیی لیبراڵ، کە پێی وایـە تایبـەتاندن چارەسـەرە بۆ نەریتە کۆمەڵایـەتییە ئیسلامییە کلاسییەکەکان. ئـەو هـەوڵ نادا شارەزایان و خەڵکی زیرەک لـە دەوری خۆی کۆبکاتـەوە، کە لەگەڵ ئـەواندا دەتوانێ دەستی بگاتـە کرۆکی کێشـەکان و چارەسـەریـان بۆ بدۆزێتـەوە. لـەباتیی ئـەوە، لـە سیاسـەتدا بـە دەسـتـەیـەکـی بچـووک لـە نیمچـە-ڕۆشـنبیر و بزنـسمانی کرچوکـاڵ، هـەروەهـا هاوڕێیـانی دۆسـت کـە بێئـەنـدازە بـە سەرگەورەکەیان سەرسامن، دەورە دراوە.

## زمانی سیاسیی ئەردۆگان

تێگەیشتنی ئەردۆگان لە سیاسەت نهێنیی سـەرکەوتنیـەتی لـە هـەڵبژاردنـەکـانی تـشرینی دووەم/نۆڤـەمبـەری ٢٠٠٢ و تـەمموز/یۆلیـۆی ٢٠٠٧دا. ئـەردۆگـان سـەرەتـا وەک چـالاکێکی سیاسـیی ئیـسلامیی نـاو بزوتنـەوەی دیدگـەی نیـشتمانی-ی ئەربەکان و پاشتریش وەک سـەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوول، لەوە تێگەیشت کە سیاسەت لە جەوهەردا لۆکاڵییە. لەسەر ئاستی لۆکاڵی، سیاسەت بریتی نییـە لـە ئایدیای گەورە و ئایدیۆلۆژیای ئـازادیخواز، بـەڵکـو زیـاتر پێـشکەشـکردنی خزمـەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی ئەوەیە کە بە لای خـەڵکەوە زۆر گرنگە. بە لای ئەردۆگانەوە سیاسـەت بریتییە لـە خزمـەتکردن و باشـکردنی ژیـانی ڕۆژانـەی خـەڵک و ئـامرازێکی پراگماتییـە بـۆ دەربڕینـی خواسـتە جـەمـاوەرییـەکـان. ئـەردۆگـان ئـەوە لـە ئەزموونەکەی لە ئیستەنبوول فێر بوو کە سەرچاوەی سـەرەکیی شـەرعییـەتـی ئاکـەپـە، لـەسـەر بناغـەی بـەدەمـەوەچـوونی پێویـستییەکـانی خـەڵک و دابینکردنـی "دادپـەوەری بـۆ هـەمـوان" دامەزراوە. ئەمە ئەوی کردە پراگماتیترین سـەرکردە لـە مێژووی

تورکیادا، بەڵام ناپابەندترین کەس لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە. سیاسەتی ئاکەپە پشت بە پرسە لۆکاڵییەکان و پێویستییەکانی تورکیا دەبەستێ. سیاسەتێکی بناغە لۆکاڵە، لەسەر ئاستێکی نیشتمانی.

مانای ناسیونالیزم لە گۆڕاندایە، لە خۆشەویستیی بۆ ئەتاتورکیزم و دەوڵەتەوە دەگۆڕێ بۆ خۆشەویستیی نیشتمان. ئەردۆگان هەستێکی تایبەتی ناسیونالیزم، یان تورکبوونی نییە. ناسنامەی بنچینەیی ئەو ئیسلامە و جیهان لە ڕوانگەیەکی دینییەوە دەبینێ، بۆ نموونە لەو وتارەی سیرت کە ڕەخنەی زۆری لێ گیرا، لە دژی دابەشبوونە هاووڵاتییانی تورکی لەسەر بناغەی نەژاد و ناوچە قسەی کرد و لەباتیی ئەوە جەختی لە بوونی ئەو پەیوەندییانە کردەوە کە هەموان لە تورکیادا پێکەوە دەبەستن. گوتی "کاتی لە زانکۆ بووم، خەڵک ڕاهاتبوون دەیانگوت: تۆ خەڵکی ڕایز Rize و تۆ لازیت". ئەو هەمان شتی دووبارە کردەوە کە کاتێ لەبارەی ناسنامەیەوە پرسیاری لە باوکی کرد، باوکیشی وەڵامی داوەتەوە کە ئەویش کاتی خۆی هەمان پرسیاری لە باوکی خۆی کردووە و ئەویش گوتویەتی: "کاتێ دەمرین خوا تەنیا لێمان دەپرسێ: خودات کێیە؟ پێغەمبەرت کێیە و ئایینت چییە؟ ناپرسێ: نەژادت چییە؟ لەبەر ئەوە هەر کات کەسێک لەبارەی ناسنامەتەوە پرسیاری لێ کردی، پێویستە بە سادەیی وەڵام بدەیتەوە: سوپاس بۆ خوا (ئەلهەمدولیللا) من موسڵمانم!، ئەوەندە بەسە".

لەبەر ئەوە بە لای ئەردۆگانەوە ناسنامەی جەوهەریی تاک، ئیسلامە. ئەو تێگەیشتنێکی مەعریفییانەی زۆر کەمی لەبارەی بۆچوونەکان سەبارەت بە نەتەوە و ناسیونالیزم هەیە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەسێکی نیشتمانپەروەر نییە، بەڵکو ئاماژەیە بەوەی جیهانبینییەکەی زادەی پەروەردە ئایینییەکەیەتی، کە

جێگەی بنەچە ئەتنی، یان ناوچەییەکەی دەگرێتەوە. جگە لەمە، "ڕابیتەی ئایینی" کە هەموو کەس لە تورکیا پێکەوە دەبەستێتەوە، لە هەمان ئەو گوتارەیدا "هاووڵاتیبوون"ی وەک دووە پەیوەستی (ڕابیتە) bond باس کرد. ئێستا سیاسەت – بە مانای خزمەتکردنی خەڵک- لە پاراستنی حوکمی یاسا و سیستەمی بەها هاوبەشەکانی کۆمەڵگەدا چڕ بووەتەوە.

بە خۆدابڕین لە تێڕوانینە ئایینی-ناسیونالیستییەکان، AKP دەیەوێ خۆی لە ناسیونالیزمی تورکیی نەژادپەرستانە، یان دەوڵەت-سەنتەر دوور بخاتەوە، لەڕێی پێداگریکردنی لەسەر فرەکولتووری و دداننان بە مافە کولتوورییەکانی کوردەکان و ڕاگرتنی هەڵوێستە ناسیونالیستییە توندەکان لە قوبرس. AKP لە بەرنامە حزبییەکەیدا، خۆی بە "دداننان بە جیاوازییە کولتوورییەکان لە چوارچێوەی پرنسیپەکانی دەوڵەتێکی دیموکراتیدا" پابەند دەکا[1].

لە کاتی سەردانە ڕەسمییەکەیدا بۆ مۆسکۆ، ئەردۆگان ڕووبەڕووی کرێکارێکی کورد بووەوە بە ناوی زولفەقار بۆران، کە شوێنی دروستکردنی سەنتەری بازرگانیی تورکی کاری دەکرد. ئەوە یەکەمین جار بوو ئەردۆگان بۆچوونەکانی لەبارەی کێشەی کوردەوە بە ئاشکرا ڕابگەیەنێ. وەڵامەکانی ئەردۆگان ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و شێوەی بیرکردنەوەی ئەون لە پرسی کورد. دیدی ئەو لەبارەی ناسیونالیزم و ڕۆڵی ناسنامەی ئیسلامی ڕوون دەبێتەوە[2].

بۆران: تۆ پێویستت بەوەیە کێشەی کورد چارەسەر بکەیت.

---

[1]AKP Programme, 2:8.
[2]Mehmet Özgül, “Erdoğan ile Kurt İscisi Boran’ın tartismasi,” Özgür Politika, December 27, 2002. http://www.ozgurpolitika.org/2002/12/27/hab18b.html

ئەردۆگان: من لە سیرت ژنم هێناوە.

بۆران: باشە. کوردەکان یەکێکن لە گەلە مێژووییەکانی جیهان.

ئەردۆگان: من ئەو شتانە دەزانم. من لە سیرت ژنم هێناوە. توانیومە لە سیرت ژنم بێنم.

بۆران: من ژنم نەهێناوە، منیش دەمەوێ ژن بێنم. کورد مێژوویان بۆ دە هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە.

ئەردۆگان: چەند ساڵ؟

بۆران: بە دەربڕینێکی تر، ئەو مێژووەی لێی ئاگەدارین دە هەزار ساڵە. ئێمە لەم هەزارەی دواییدا لەگەڵ تورکەکان پێکەوە ژیاوین.

ئەردۆگان: چۆن ئەو دە هەزار ساڵەی مێژووت زانی؟

بۆران: لە ڕاستیدا ئەگەر بگەڕێیت دەتوانی بیزانیت. ئێمە لەم هەزارەی دواییدا لەگەڵ تورکەکان پێکەوە ژیاوین. دەمانەوێ ئەم کێشەیە چارەسەر ببێ، نامانەوێ ئەم نەهامەتییانە بەردەوام بن.

ئەردۆگان: تۆ نابێ باوەڕت وا بێ کێشەیەک هەیە، پێویستە باوەڕت وا بێ هیچ کێشەیەک نییە. تەنیا ئەو کاتە کێشە دەبێ، کە تۆ باوەڕت وا بێ کێشەیەک هەیە. هەر کات باوەڕت وا بوو هیچ کێشەیەک نییە، کێشەکە نامێنێ. ئێمە دەڵێین بە لای ئێمەوە کێشەیەکی لەو جۆرە نییە.

بۆران: تۆ وەک حکومەتێکی تاک-حزبی گەیشتیتە دەسەڵات، بەڵام دەکرێ لەدەستی بدەیت. تۆ نابێ بەو شێوەیە تەماشای کێشەکە بکەیت. من پیاوێکی کرێکارم، بەڵام کاتێ تەماشای سیاسەت دەکەم... ئەجەوید و زۆر کەسی تر

گەیشتنە دەسەڵات و لەدەستیان دا. کاتێ چاوپۆشی لە کێشەکان دەکەیت...

ئەردۆگان: من ئەو جۆرە کێشەیە قبوڵ ناکەم. من نکوڵی لە بوونی کێشەیەکی لەو جۆرە دەکەم. بڕوانە! من لە سیرت ژنم هێناوە، پیاوێکی بەختەوەرم، ئەوە ڕاستییەکەیە. تۆ پێویستە لەم ڕوانگەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکە بکەیت. هەر کات لەم گۆشەنیگایەوە تەماشای پرسەکە بکەیت، هیچ کێشەیەک نابێ.

بۆران: بەڕێز سەرۆکوەزیران من بە ئەزموون ئەوە دەزانم. من هاوڕێی تورکم هەیە. ئێمە لە ڕاستیدا وەک برا پێکەوە دەژیین و کار دەکەین.

ئەردۆگان: پێویستە بڵێین ئێمە هەموو خەڵکی تورکیاین [Turkiyeliyiz] .

بۆران: ڕاستە. پێویستە قوربانی لەپێناو تورکیادا بدەین.

ئەردۆگان: بەڵێ. ئەوە ڕاستە. پاشان تۆ دەتوانیت بڵێیت "من کوردم"، تورکێکیش دەتوانێ بڵێ "من تورکم...".

بۆران: بە هەرحاڵ هیچ جیاوازییەک ناکا.

ئەردۆگان: هەرچۆن بێ، تۆ دەڵێیت ئێمە هەموو براین.

پاش ئەم گفتوگۆیە سەرۆکوەزیران دەستی کردە ملی بۆران و پێی گوت: "من لەبەر خوا تۆم خۆش دەوێ".

ئەم گفتوگۆیە یارمەتیمان دەدا لە نهێنیی تێنەگەیشتنی ئەردۆگان لە ناسیونالیزم و نەژادگەرایی وەک فاکتەری پاڵنەری سەربەخۆی چالاکیی سیاسی، تێبگەین. لە ڕوانگەی ئەردۆگانەوە، نەتەوە کۆمەڵگەیەکی ئایینییە و گەلی تورکیا لەڕێی ئایینی هاوبەشی ئیسلامەوە نەتەوەیەک پێکدێنێ. ئەم دیدگەیە نەک هەر ڕێگرە لەوەی ئەردۆگان چارەسەرێکی کاریگەر بۆ پرسی کورد بێنێتە کایەوە، بەڵکو دەریشیدەخا

بۆچی نەبوونی ئەم ناسیونالیزمییە تورکییە لای ئەو بووەتە هۆیەکی وروورژێنەر بۆ زۆر نەتەوەپەرستی تورک، کە پێیان وا بێ حکومەتی ئاکەپە دەوڵەتەکە لە تورکیبوون دەخا.

بە لای ئاکەپەوە، عەلمانییەت بریتییە لە ئازادیی ئایین لە دەستتێوەردانی دەوڵەت و پاراستنی مافە ئایینییەکان. بە لای ئەردۆگانەوە عەلمانییەت بۆ دیموکراسی زەroورە، بەڵام سنوورەکانی دیموکراسی دیاری ناکا[1]. تێگەیشتنی ئەردۆگان لە عەلمانییەت زۆر لە تێگەیشتنی سلێمان دیمیرێل دەچێ، کە دەیگوت نابێ عەلمانییەت بە مانای دوژمنایەتیکردنی ئایین لێک بدرێتەوە: پێویستە دەوڵەت عەلمانی بێ، بەڵام تاکەکان نا.

ئەردۆگان دەڵێ:

من بەر لە هەر شتێکی تر موسڵمانم. وەک موسڵمانێک هەوڵ دەدەم گوێڕایەڵی خواستەکانی ئایینەکەم بم. من بەرانبەر خوا، کە منی دروست کردووە، بەرپرسیارم و هەوڵ دەدەم ئەو بەرپرسیارێتییە بەدیبێنم. بەڵام ئێستا زۆر هەوڵ دەدەم ئەمە لە ژیانی سیاسیم بەدوور بگرم، تا وەک شتێکی تایبەت بمێنێتەوە. ناکرێ حزبی سیاسی ئایینێکی هەبێ، ئەوە تەنیا بۆ تاکەکان دەکرێ. بە پێچەوانەوە، تۆ ئایین بۆ خۆت دەقۆزیتەوە، لە کاتێکدا ئایین هێندە باڵایە، ناکرێ بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی بقۆزرێتەوە[2].

لەگەڵ ئەوەیشدا AKP ئەگەرە تێکشکێنەکانی بازاڕی فەرامۆش کرد. هێزەکانی بازاڕ لە تورکیا پێویستیان بە هەندێ

---

[1]Erdoğan, “Atatürk’ün dünya görüşünün temeli akılcılıktır,” Milliyet, November 10, 2004, http://www.milliyet.com.tr/2004/11/10/son/sonsiy06.html.

[2]Deborah Sontag, “The Erdogan Experiment,” New York Times, May 11, 2003.

ڕێکخستنەوە و دەستتێخستن هەیە، بەڵام AKP نە هیچ دیدگە و نە هیچ سیاسەتێکی بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆر لە کاریگەرییە نێگەنیڤەکانی بازاڕ لەسەر کۆمەڵگە نییە. ئەخلاقی AKP لە پراگماتیببوونەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە و بە ئیسلام ڕووپۆش و بە گوتاری مافەکانی مرۆڤ ڕەنگرێژ کراوە. ئاکەپە دەیەوێ ئەتاتورکیزم بە پێناسەکردنەوەی لە چوارچێوەی دیموکراسیدا، پێناسە بکاتەوە[1].

گوتارەکەی ئەردۆگان لە ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٤دا لە ئەنجوومەنی باڵای ئەتاتورک بۆ زمان و مێژوو، داوا دەکا ئەتاتورکیزم لەو چەقبەستووییەی بێنێتە دەرەوە، ئەویش لەڕێی تەفسیرکردنەوەی بنەماکانی، نەک وەک ڕاستیی نەگۆڕ و گەردوونی، بەڵکو زیاتر وەک کۆمەڵێ ڕێسای ئەبستراکت بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگە[2].

وەک هەمووتان دەزانن، ئەتاتورک هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی نەهێناوە و بەڵێنی هێنانی نەداوە. هیچ ئایدیۆلۆژیایەکیشی بەسەر خەڵکدا نەسەپاندووە. ئەقڵانییەت بناغەی جیهانبینییەکەیەتی. ئامانجی هێنانەکایەی شارستانێتییەکی نوێ بوو لەڕێی ئەقڵ، ئەقڵانییەت و ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەوە. ئێمە ئەو ڕاستییە دەزانین کە مستەفا کەمال ئەتاتورک هەرگیز ئایدیا نەگۆڕ و چەقبەستووەکانی بە جیددی وەرنەگرتووە و بایەخی پێ نەداون. ئەتاتورک دیدگەیەکی کراوەی گەشەپێدان و پێشکەوتن هەبوو و لە پرۆسەی گەشەپێداندا متمانەی بە ڕابەریایەتیی ئەقڵ هەبوو.

---

[1]Erdoğan's speech, Milliyet, November 10, 2004.
[2]Erdoğan, "Atatürk'ün dünya gorüşünün temeli akılcılıktır," Milliyet, November 10, 2004, http://www.milliyet.com.tr/2004/11/10/son/sonsiy06.html

پرنسیپە سەرەکییەکانی کۆماری تورکیا بریتین لە کۆمارگەرایی، سەروەریی نەتەوەیی، دەوڵەتی نەتەوەیی و سیکیولاریزم.

ئەردۆگان سەرسەختانە هەوڵی داوە تێڕوانینە ئیسلامییە توندڕەوانەکانی ڕابردووی دابماڵێت و خۆی وەک موحافیزەکارێکی پرۆ-ئەورووپی دابڕێژێتەوە. تەسەوری ئاکەپە بۆ سیکیولاریزم زۆر لە هیی دیمیرێل، یان عەلی فوئاد باسجیل دەچێ، کە بیرمەندێکی یاسایی ناسراوە و یەکێک لە گشتگیرترین توێژینەوەکانی لەبارەی عەلمانییەت نووسیوە.

سەرەنجام، ئەردۆگان بیرمەند نییە، بەڵکو زیاتر سیاسییەکی پراگماتیکە. دەشێ نەبوونی ئەم دیدگە فراوانە بەرپرسیار بێ لە نەبوونی دیدێکی گشتی کە بە ئاشکرا پێیەوە دیارە. ئەوە شتێکی زۆر لەوە باوترە کە زۆر لە ئێمە حەزی لێ دەکەین، کە کەسانی بیرمەند لە هەمان کاتدا هەڵگری چەندین تێڕوانینی دژبەیەکن. لێبوردەییەکی تەمومژاوی پێویستە بۆ قبوڵکردنی ئەمە. ئەو لەباتی ئەوەی کێشەکانی بە تەواوی سەرکوت بکا، دەشێ لەناو ئەو لایەنە جیاوازانەی کەسایەتییەکەیدا بەشیان بکا... ئەو پیاوێکە خۆی خۆی دروست کردووە، هاوکات توانای ئەوەیشی هەیە هەر کات پێویستی کرد، خۆی بە شێوەیەکی تر دابڕێژێتەوە. ئەو لە پەرەسەندن و گۆڕانێکی بەردەوامدایە. ڕەنگە هەندێ کات بە باشی نەزانێ بەڕاستی دیدەکانی چین. هەمیشە لەگەڵ ویستی گشتیدا جۆرە، تا بزانێ دەبێ دیدەکانی چی بن.

یەکێک لە لاوازییە سەرەکییەکانی AKP کە لەوانەیە خاڵی هێزیشی بێ، ئەوەیە پارتەکە ناسنامەیەکی ڕوون و ڕاگەیەنراوی نییە. قەیرانەکەی ٢٠٠٧ و لیستی نوێی پەرلەمانتارانی ئاکەپە، کە

لـە گرووپـی پێـشوو هـەمـەڕەنگتـرە، گـەشـەپێـدانی ناسـنامەی دامەزراوەیی ئاکەپەیان دواخست. ئێستا تاکە بەستەر کە حزبەکە پێکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەی پێ دەبەخشێ، ئەردۆگانە. ئـەوە هـەر ئـەردۆگانـە دەتـوانێ دیـالۆگێکی ڕووبـەڕوو و دۆسـتانە و واقیعییانـە لـەنێـوان تورکیـا و ئـەورووپـای خۆرئـاوا و هـەروەهـا ویلایـەتـە یـەکگرتـووەکانـدا دروسـت بکـا. زیـاد لـەوەیـش، ئـەو سـەرکردەی ڕاسـتەقینـەی ئاکـەپـەیـە و پـەرلـەمانتـارەکـان لـەنێـو پارتـەکـەدا تـەلقین دەکـا. لـەگـەڵ ئـەوەیشدا ئـەردۆگـان سـەربـاری دەسەڵاتە گەورەکەی لە پەرلەمان، هەست دەکا لەژێر گەمارۆدایـە لـە لایـەن بـەرپرسـانی هـەڵنـەبژێـردراوەوە، کـە مـەبـەسـت قـەزا و میدیایە.

ئەو دەزانێ چاوەڕوانییەکانی لایەنگرە سەرەکییەکانی بەدی نەهاتوون. ئەو لەنێوان هەستکردن بە گەمارۆدران و نیگـەرانـی لەوەی لەوانەیە پاڵپشتیی بنکەکـەی لـەدەسـت بـدا، ئـەگـەر بێتـو داواکانیـان نـەهێنێتـە دی، پـەرت بـووە. لایـەنگرانـی ئاکـەپـە چـاوەڕوانـن حکومـەتـەکـەی ئـەردۆگـان کێـشە ئـابووری و سیاسییە گـەورەکـان چـارەسـەر بکـا. سـەبـارەت بـە ئـابووری، گەورەترین کێشە بێکاری و خراپدابەشکردنی داهاتە.

لـە ڕووی سیاسـییەوە، لایـەنگرانـی ئاکـەپـە داوا لـە حکومـەت دەکـەن ئازادییـە ئایینییـەکـان فـراوان بکـا تـا ژمـارەیـەکـی زۆری لایەنگرە موحافیزەکارەکانی ئاکەپە بتوانن مومارەسـەی ئـایینی خۆیان بکەن، بە دەربڕینێکی ڕوونتر، چاوەڕوانـی چارەسـەرێکـی ئیجابین بۆ کێشەی سەرپۆش و قوتابخانەکانی ئیمام خـەتیب لـە خـولی دووەمـی حکومـەتـەکـەدا. ئـەردۆگـان ناچـارە هاوسـەنگـی لەنێوان لیبراڵیزم و پرنسیپە دامـەزرێنـەرەکانی کۆمـاردا دروسـت بکا.

**له ٢٥ی نیسانی ٢٠٠٦دا تێڕوانینی خۆی به کورتی خسته بەردەم گرووپی ئاکپارتی:**

حکومەتی ئاکپارتی پرۆژەی زۆر گرنگی ئەنجام داوه و بڕیاری زۆر گرنگی داوە، که له ئایندەدا وەک شۆڕشێکی بێدەنگ دەبینرێن. بەڵام گرنگترینیان ئەوەیه هەم پرنسیپەکانی کۆمار و هەم دیموکراسی پێکەوه بێنه پاراستن، لەڕێی دەستگرتن به مەرجه زەرووره‌کانی ئابووری و گەشەپێدانی ڕۆحیی خەڵکەوه، هەروەها لەڕێی نەهێشتنی ئەو بەربەسته سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی ماف و ئازادییه بنچینەییەکان سنووردار دەکەن، که وەک ئەرک و ئامانجی دەوڵەت له دەستووری ئێمەدا جێگیر کراون، بەو شێوەیەی لەگەڵ حاڵەتی کۆمەڵایەتی، حوکمی یاسا و پرنسیپەکانی دادپەروەریدا بگونجێ[1].

یەکێک له گۆڕانه سەرەکییەکان له ڕێسا کۆمارییەکانی سیاسەتدا، بۆ پاراستنی پرنسیپه کۆمارییەکانی سیکیولاریزم و ناسیونالیزمە، لەڕێی پرۆسەی دیموکراسییەوه. ئەردۆگان پێی وایه ئاکەپه "لەوه ئاگەداره که پرنسیپه کۆمارییەکان ناتوانرێ لەڕێی سنووردارکردنی دیموکراسییەوه بپارێزرێن، بەڵکو لەڕێی پرنسیپه کۆمارییەکان و دیموکراسی پێکەوه دەبێ[2].

[1]Erdoğan speech, The New Anatolian, April 26, 2006.
[2]Erdoğan speech, The New Anatolian, April 26, 2006.

## عەبدوڵڵا گیول: پیاوی دووەم

Öz yurdunda garipsin, öz vatanında parya!

تۆ لە وڵاتەکەی خۆتدا غەریبیت، لە نیشتمانەکەتدا بێزراویت!. (**نەجیب فازیڵ**)

بۆ تێگەیشتن لە عەبدوڵڵا گیول، پیاوی کارکردن، پێویستە ڕیشە فیکرییەکانی ئەو نەخشە مەعریفی (زهنییەت zihniyet)ەی بناسرێ کە کارەکانی لە بواری سیاسەتدا ئاڕاستە کردووە. لە کاتێکدا فەلسەفەی گشتیی گیول-ی لاو لەبارەی ڕۆڵی دەوڵەت و نەتەوە و ئایین و سیکیولاریزم و خۆرئاوا لە بنەڕەتدا لە نووسینەکانی نەجیب فازیڵ کیساکوڕەکەوە سەرچاوە دەگرن، کە مونەزیرێکی ئیسلامی دژەچەپی دیار بووە. گیول-ی پێگەیشتوو، وەک سیاسییەک زۆر پراگماتییە و کردەوەکانی زیاتر هێزە ئابووری و سیاسییە باوەکان، ڕەنگڕێژی دەکەن، بەتایبەت دەستتێوەردانە سەربازییەکان لە ١٩٩٧ و ٢٠٠٧دا لە دژی کاندیدکردنی وەک سەرۆک.

ئەو یەکەم کەس بوو لە سەرکردایەتیی پارتی فەزیلە کە ئەربەکان بەسەریدا زاڵ بوو، یاخی بوو و یەکەمین سەرۆکوەزیرانی حکومەتی AKP بوو، یازدەیەمین سەرۆککۆماری تورکیایە، ئەو پۆستەی هەمیشە بۆ پاسەوانیکردنی بیروباوەڕی کەمالی لە تورکیا بەکار هاتووە. کاندیدکردنی لە لایەن ئەردۆگانەوە بۆ سەرۆکایەتی لە نیسانی

٢٠٠٧دا هەرایەکی گەورەی نایەوە، تەنانەت سوپای تورکیا یاداشت-ئی (e-memorandum) دەرکرد. ئاخۆ لەبەر چی بووە هۆی ئەو هەرایە؟ ئایا ئەو هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە بوو بۆ عەلمانییەتی وڵات؟

بەرهەڵستیکردنی کاندیدکردنەکەی لە لایەن زانکۆکان، دەسەڵاتی دادوەری، سێکتەری عەلمانیی کۆمەڵگەی مەدەنی و سوپا، قەیرانێکی دەستووریی دروست کرد، کە سەری کێشا بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت لە تەمموزی ٢٠٠٧دا.

ئەم کاندیدکردنە چی بۆ لایەنگرە ئیسلامییەکانی ئاکەپە دەگەیاند؟ بە هۆی کاندیدکردنەکەیەوە بۆ سەرۆکایەتی، گیول خرایە ژێر پشکنینی وردی میدیا و ڕکابەرەکانی. ناخۆشبەختانە ڕێگە ئاسانەکەی هەڵنەبژارد، بەوەی حاشای لە نزیکەی هەموو لێدوانە جێمشتومڕەکانی کرد، تەنانەت هەندێ لەوانەی کە جێی بەرگریلێکردن بوون. ئەمە بە نۆرەی خۆی متمانەی گشتیی بە گیول و هەڵوێستە لایەنگرانە نوێکانی بۆ یەکێتیی ئەورووپی کەم کردەوە، بۆ نموونە، لە ٨ی ئاداری ١٩٩٥دا عەبدوڵڵا گیول کە ئەوکات ئەندامی پەرلەمان بوو، بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە لەبارەی بەئەندامبوونی تورکیا لە EU دەردەبڕێ و دەڵێ:

لە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ EUدا، هەموو شت یەک-لایەنەیە. هەرکات بەرژەوەندییە ئەورووپییەکان بخوازێ، تورکیا ملکەچ دەبێ و هەموو جۆرە تەنازولێک دەکا. بەکورتی، ئەم سیاسەتی تەسلیمبوونە دەرەنجامی سیاسەتی سووربوونە لەسەر بوونەئەندام لە EU بە چاوپۆشین لە تێچووی لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیا. تا ئەو کاتەی حکومەتی تورکیا بەم شێوەیە بیر بکاتەوە، تورکیا قەت ڕێگەی پێ نادرێ

بچێته ناو ماڵی دەوڵەمەندی ئەورووپا، بەڵکو زیاتر داوای لێ دەکرێ وەک سەگی بەرماڵ [bahcedeki kulube] لە باخچەکەدا بمێنێتەوە. چوونی تورکیا بۆ ناو EU چیرۆکێکی خەیاڵییە. تورکیا هەرگیز ڕێگەی پێ نادرێ بچێتە ناو EU و تورکیا قەت نابێتە ئەندامێک، لەبەر ئەوەی EU یەکێتیی مەسیحییەکانە[1].

گیول پاشتر کە بوو بە وەزیری دەرەوە، زمان و تێڕوانینێکی جیاوازی لە لێدوانەکەی پێشووی هەبوو. پاڵپشتیی لە جۆشدانی تەواوەتیی تورکیای دەکرد لەگەڵ EU. دروشمی سەرەکیی ئەوە بوو "چۆنچۆنی دەتوانین بگەینەوە بە ئەورووپا و پارێزگارییش لە ناسنامە و بەها کولتوورییەکانی خۆمان بکەین". ئەگەرچی زۆر کەس دژییەکیی ئەم لێدوانانە بە "بەڵگە"ی توقییە takiyye دەخوێننەوە، بەڵام وا باشترە وەک ڕەنگدانەوەی گۆڕانی گیول تەماشا بکرێ. جیاواز لە ئەردۆگان، گیول پیاوێکی خوێندەوار و بە باشی فێربووە و بە باشییش بەسەر ئینگلیزیدا زاڵە. کەسێکی ڕاستگۆیە و تێگەیشتنی لە سروشتی دەوڵەت لە ئەردۆگان جیاوازە. بە لای گیولەوە، دەوڵەتی تورکی ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی هۆشیاریی دەستەجەمی و سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ئاسایش. جیاواز لە ئەردۆگان، دیدگەیەکی شارستانییانەی فراوانی هەیە.

گیول ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٠ لە کایسەری Kayseri لەدایک بووە. لەو شارەدا قۆناغی ئامادەیی خوێند و پاشان بۆ خوێندنی ئابووری چووە زانکۆی ئیستەنبوول. لەوێ دکتۆراکەی وەرگرت و دوو ساڵی لە لەندەن و ئێکسێتەر

---

[1]Emin Cölaşan, “Bay Gül’ün Dünü ve Bugünü,” Hürriyet, November 23, 2006.

بەسەربرد و بوو بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی ساکاریا Sakarya. ئەو دوو ساڵەی لە لەندەن بوو، گۆڕانیان تێدا دروست کرد: لە ڕووی کولتوورییەوە هۆشی زیاتر کرایەوە و نرخی مۆدێرنێتەی زانی. ئەو ماوەیە، ماوەی داڕشتنی هۆشیاریی ئەو بوو لەڕێی بەراوردکردنی بەردەوامی لەنێوان تورکیا و بەریتانیادا. ١٩٨١ وازی لە پۆستە ئەکادیمییەکەی هێنا و بوو بە ڕاوێژکار لە بانکی گەشەپێدانی ئیسلامی و تا ساڵی ١٩٩١ لەوێ کاری کرد. ئەو ساڵانەی بوونی لە جددە وەک ڕاوێژکار لە بانکی گەشەپێدانی ئیسلامی هۆشیارییان زیاتر کرد. لە بانکەکەدا قووڵتر لە کێشەکانی جیهانی ئیسلامی حاڵی بوو و هەمیشە بە بارودۆخە سۆسیۆ-سیاسییە باوەکان نائاسوودە بوو.

وازی لە پۆستەکەی هێنا تا ببێتە ئەندامی پەرلەمان لە پارێزگای کایسەری لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩١دا. ئەربەکان، گیولی کردە جێگری سەرۆکی کاروباری نێودەوڵەتیی پارتی ڕەفا. ئەو پەنجەرەی پارتەکەی بوو بە ڕووی دنیای دەرەوەدا. بەشداریی لە زۆر کۆنفرانسدا کردووە و لە زۆر پلاتفۆرمدا نوێنەرایەتیی تورکیای کردووە. لە هەڵبژاردنی ١٩٩٥دا جارێکی تر هەڵبژێدرایەوە و بوو بە وەزیری دەوڵەت لە ٥٤هەمین حکومەتدا کە ئەربەکان سەرۆکایەتیی دەکرد. هەروەها وتەبێژی حکومەتیش بوو. ساڵی ١٩٩١ لە پارتی فەزیلە و لە ٢٠٠٢یشدا وەک پەرلەمانتار لەسەر لیستی ئاکەپە هەڵبژێردرایەوە.

ژیانی سیاسیی گیول، هەروەها پوختەی پەرەسەندنی یاریکەرانی نوێی گۆڕان لە ناوچەی ئەنادۆڵ دەخاتە ڕوو.

**پاڵەوانە فیکرییەکەی گیول: نەجیب فازیڵ کیساکورەک**

باوکی گیول، ئەحمەد حەمدی سەرەتا وەک وتاربێژ لە مزگەوتی شارۆچکەی گوڵوک، کاری کردووە. پاش خزمەتی سەربازی، لە کارگەی بەرگریی ئاسمانی کاری کردووە و لەوێ خانەنشین بووە. گیول برایەک و خوشکێکی هەیە. باوکی هەروەها لە سیاسەتیشدا بووە و ساڵی ١٩٧٣ کاندید بووە بۆ پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی سەلامەتی نیشتمانی Milli Selamet Partisi (MSP)ی ئەربەکان، بەڵام هەڵنەبژێردرا. یەکەمین ئەزموونی سیاسیی ڕاستەوخۆی گیول ئەو کاتە بوو بەشداریی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ڕەجایی کۆتانی کرد لە کایسەری ساڵی ١٩٧٤.

پاشخانی بنەماڵەکەی، پاشخانێکی ئایینی و موحافیزەکارە. کاتێ لە ئامادەیی بوو، گیول نووسینەکانی نەجیب فازیڵ کیساکورەک و نورەدین تۆپچو و سەزای کاراکۆچی خوێندەوە، کە گرنگترین بیرمەندە ئیسلامی (تورکی)یەکانی ئەو قۆناغە بوون. گیول دەڵێ "گرنگترین بیرمەند کە کاریگەریی سەرەکیی لەسەر جیهانبینیم هەبووە، نەجیب فازیڵ کیساکورەک بووە. ئەو تەنها بیرمەندێک نەبوو، بەڵکو چالاکوان و شەڕکەرێکیش بوو لە دژی هەموو شێوەکانی سەرکوتکردن"[١]. بەها باڵا فیکرییەکانی گیول بەرهەمی پەیوەندییە ئایدیۆلۆژییەکانی بوون لەگەڵ بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی مەزن Greater Eastern Movement (Büyük Doğu Hareketi)ی کیساکورەک، کە هەوڵی دەدا

[1]Interview with Abdullah Gül, August 8, 2005 (Ankara).

ئیسلامیزم و ناسیونالیزمی تورکی و کۆنزێرڤەتیزم (موحافیزەکاری) کۆبکاتەوە[1].

بۆ تێگەیشتن لەم ئایدیالانەی گیول، کە ناسنامەی شەخسیی ئەو پێکدێنن، پێویستە لە کاریگەریی گەورەی کیساکورەک بکۆڵینەوە کە بە هۆی ڕەخنەی توندی لە پرۆژەی بەغەربیکردن، بووبووە هاوپەیمانێکی نزیکی ئیسلامیزم. لەگەڵ ئەوەیشدا، کیساکورەک بە پێداگرتن لەسەر بایەخی ناسیونالیزمی تورکی و کەلەپووری عوسمانی، ڕۆڵێکی گرنگی لە خۆماڵیکردنیکردنی ئیسلامدا بینی. کیساکورەک لەپاڵ ئەوەی ئیسلامگەرا و ناسیونالیستێکی تورک بوو، هاوکات بە "دوژمنی نمرە یەکی بزوتنەوەی چەپ" لە تورکیا دەژمێردرا. لێرەوە ئەندازیاری فیکریی فۆرمەلەکردنی بزوتنەوەیەکی ئەنتی-کۆمۆنیست و ئیسلامی-ناسیونالیست بوو، کە هاوپەیمانیی بەهێزی لەگەڵ پارتە ئیسلامی و ناسیونالیستەکاندا دروست کرد. ئەو بوو بە ڕەمز لە ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کاندا لە دژی بەغەربیکردن و هەژموونی جەهەپە CHP و بزوتنەوەی چەپ. گوتارە سیاسییەکەی گیانی کردەوە بە بەر سیمبۆڵ و سەرچاوە ئایینی و عوسمانییەکاندا.

ئەو فیکرەکانی خۆی لە بڵاوکراوە دەورییەکەی بە ناوی Büyük Doğu (١٩٤٣-١٩٧٥) بڵاو دەکردەوە، بە ئامانجی هێنانەکایەی فەلسەفەیەکی سیاسیی نوێ، یان ئایینناسییەکی گشتی، کە سەرچاوەکەی ئیسلام و مێژووی عوسمانییە بە مەبەستی گێڕانەوە و دروستکردنی یادگە و ئەرکێکی نوێ بۆ "نەتەوە"-دەوڵەت. یەکێک لە ئایدیا سەرەکییەکانی نووسینەکانی

[1] Interview with Abdullah Gül, August 8, 2005 (Ankara).

کیساکورەک ئەوە بوو کە پێویستە نەتەوە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە لە ئەزموونە مێژوویی و ئەرکە نەتەوەییەکەی تێبگا.

گیول و زۆر لاوی تری ئیسلامی، بە ئاسانی ئایدیاکانی کیساکورەکیان وەردەگرت، لەو ڕووەوە خۆیان لە خێزانە موحافیزەکار و دیندارەکاندا پەروەردە بووبوون. بە لای ئەوانەوە فەلسەفەکەی کیساکورەک گرنگترین نەخشەی مەعریفی بوو، بە مانایەکی گەورەتر لە تەنیا بوونی بایۆلۆژی. ئایدیاکانی کیساکورەک دەرفەتی دەدایە لاوانی ١٩٧٠کان مانایەکی بالا بە نەتەوەکەیان ببەخشن. بەم شێوەیە بزوتنەوەیەکی سیاسیی ڕاستڕەوی نوێ لە دەوری نووسینەکانی کیساکورەک دروست کرا. یەکێک لەو هۆیانەی وای کرد بۆچوونەکانی کیساکورەک بگۆڕێن بۆ کردار و هەواداریێکی زۆری هەبێ، پەیوەندیی بە کۆمەڵێ فیکرە و مومارەسەوە هەیە، کە هەستێکی پێکەوەبوون (ئینتیما) وەک تورکی موسڵمان و جیاوازبوون لە دوژمنە ناوخۆیی (چەپ و کەمالیست) و دەرەکی (غەربی و ڕووسی)یەکان دروست کرد.

پاش کودەتاکەی ١٩٦٠، تورکیا سەرهەڵدانی تەوژمێک بزوتنەوەی چەپ و مشتومڕی فیکریی چەپانەی بەخۆوە بینی. لە کاردانەوەی سەرهەڵدانی ئەو ئایدیۆلۆژیا چەپە "بێدینانە" un-Godlyدا یەکێک لە ڕێکخراوە ئەنتی-چەپەکان کە بە باشی ڕێکخرابوو، ڕێکخراوی MTTB بوو، ئەو بزوتنەوە خوێندکارییەی پێشتر باس کرا، کە لایەنگری بەهێزی کیساکورەک بوو. کیساکورەک لەڕێی ڕێکخستنەکانی قوتابییانی MTTPەوە بیر و بۆچوونەکانی لە ئەنادۆڵ بڵاو دەکردەوە. گیول، کە ئەو کاتە ئەندامێکی لاوی ڕێکخراوەکە بوو، سەردانەکانی کیساکورەکی بۆ کایسەری ڕێک دەخست،

تا ژمارەیەک موحازەرە پێشکەش بکا. زیاد لەوەیش، گیول هەڵمەتی بەشداریکردن (ئیشتیراک)ی Büyük Doğu لە کایسەری بەڕێوە دەبرد و خەڵکی زۆری نوێی ڕاکێشا کە لە بزاڤەکەدا بەشدار بوون. گیول لە ساڵانی خوێندنی ئامادەیی و کۆلێژدا بە نووسینەکانی کیساکورەکەوە سەرقاڵ بوو.

**ئایدیۆلۆژیاکەی کیساکورەک سێ پایەی هەبوو:**

١- کۆمەڵگەی موسڵمانی-تورکی "پەیوەندییەکان"ی لەگەڵ ڕابردوو لەدەست داوە، لەڕێی لەدەستدانی "زمان"ە ئەخلاقییەکەی و یادەوەرییە مێژووییەکەی، لە ئەنجامی سیاسەتەکانی بەغەربیکردن. ٢- ڕیفۆرمە کەمالییەکان بە ئەنقەست هەوڵیان داوە هێزی ڕۆحیی ناوخۆیی نەتەوەی تورک "تێک بشکێنن". ٣- ئەم پرۆژەی نائیسلامیکردنە دەکرێ لەگەڵ گەشەکردنی "دەستەبژێرێکی حوکمڕان" ( yönetici sınıf)ی نوێوە، کە نەخشەیەکی مەعریفی (زهنییەت)ی تورکی-ئیسلامی هاوبەشیان بۆ بوژانەوە هەبێ، پێچەوانە بکرێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، کیساکورەک لەڕێی سپاردنی ئەرکی گێڕانەوەی یادەوەری و ناسنامەیەکی ئیسلامی-تورکی بە لاوان، ناسیونالیزمی لەگەڵ ئیسلام ئاوێتە کرد و پەیوەستییەکی عاتیفیی بەخشییە چالاکیی سیاسی.

لە ١٩٦٠کاندا کیساکورەک بوو بە جەدەلکارێکی گەورە لە دژی چەپڕەوی. لە سەرەتای ١٩٧٠کاندا کیساکورەک بووە هاوپەیمانی نزیکی بزاڤی دیدگەی نیشتمانیی ئەربەکان، بەڵام کاتێ ئەربەکان حکومەتێکی هاوبەندی لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری CHP سەر بە ڕەوتی چەپی ناوەڕاستی بولەند ئەجەویددا پێکهێنا، وازی لە پاڵپشتیکردنی هێنا. پاشان لە MHP

ی ئەلپاسلان تورکس نزیک بووەوە، کە سەرکردایەتیی بزاڤی نەتەوەیی دەکرد. بە هۆی ڕەخنە ڕادیکاڵییەکانی لە دۆخی ئارای کەمالی، کیساکورەک زۆربەی کاتەکانی لە دادگە، یان لەژێر لێکۆڵینەوەی پۆلیس، یاخود لە زینداندا بەسەر برد. ئەو کەسە ستەملێکراو (mazlum)ەکەی ئەنادۆڵ بوو و ململانێکەی کاریگەریی گەورەی هەبوو لە شارە موحافیزەکارەکانی ئەنادۆڵدا، لەوانە کایسەری. زیاد لەوەیش، کیساکورەک ژمارەیەک کتێبی لەبارەی مێژووی گشتی نووسی، تا یادگە (زاکیرە)یەکی بەدیل بۆ مێژووی سیستەمی پەروەردەی کەمالی دروست بکا. یارمەتیی هێنانەکایەی نەوەیەکی نوێی نیمچە-مێژوونووسانی دا، کە مێژوویەکی نوێیان داهێنا بۆ ڕەخنەگرتن لە پرۆژەی بەغەربیکردن.

زیاد لەوە، تیۆرە پیلانگێڕییەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە هێنانەکایەی "مێژوویەکی شاراوە" و هەوڵی دا شفرەی "نیازەکان"ی دوژمنانی ئیسلام و دەوڵەتی عوسمانی و کۆماری تورکی بکاتەوە، تا ئەو ستەمانەی دژی نەتەوەی تورکی ئەنجام دراون، بخاتە ڕوو. لەو کتێبانەدا کار لەسەر گەلاڵەکردنی خودێکی موسڵمانی-تورکی دەکا، کە هەمیشە دژە-کۆمۆنیست، نەتەوەپەروەر و قوربانیدەرە. بە لای کیساکورەکەوە، ئەرکی نەتەوەی تورکی ئەوەیە بەرگری لە ئیسلام بکات و ببێتە "شمشێر"ی دەستی لە دژی خۆرئاوا. لێرەوەیە کیساکورەک هاوکات دژی سەلەفییەت و نەیاری تێگەیشتنە عەرەبییەکان بوو لە ئیسلام. لە نووسینەکانیدا هێرشی دەکردە سەر سەید قوتب و مەودودی.

گیول وەک یەکێک لە شوێنکەوتە نزیکەکانی، هەڵگری ئەگەر هەموویشی نەبێ، بەشێک لە ئایدیاکانی کیساکورەک بوو. پاش

دەرچــوون لــە قۆنــاغی خوێنــدنی ئامــادەیــی، چــووە زانکــۆی ئیستەنبوول و لەوێ پەیوەندیی قووڵتری لەگەڵ بزوتنــەوەکــەی Büyük Doğu بــەســت و چــووە نــاو MTTB[1]ەوە. گیــول هەرگیز نەبووەتە داهێنەری ئایدیا، یان بەرهەمهێنی سیاســەتی نوێ، بەڵکو زیاتر هــەر بە بەکاربــەری ئایدیا و سیاســەتــەکان ماوەتەوە. ئەمەیش تا ڕادەیەکی زۆر لــە کارەکتــەرە حــەزەر و موحــافیزەکــارەکــەیــدا ڕەنگــی داوەتــەوە. ئــەو کــەســێکی ناسیونالیست، ئیسلامیست و تا ئەندازەیەکیش پرۆ-ئەورووپی (ئەورووپا-خواز) بوو.

بــەکــورتی، ئــەو هــەمیشە بــە پیــاوێکی "بــەشــە ناســنامە و ئایــدیۆلۆژیا" مــاوەتــەوە، لــەگــەڵ ئامــانجی پارێزگــاریکردن لــە دەســـــەڵاتـــــەکـــــەی، لـــــەڕێـــــی پـــــەیـــــوەندییـــــە نـــــاوخۆیی و نێــودەوڵــەتییــەکانیــەوە بــە کــەمتــرین ســەرکێــشی. تــرس لــە هەڵەکردن کەسایەتییەکەی بە شێوەیەک لێ کردووە، کە لە هــەر دەستپێشخــەریــەکی گــەورە بسڵەمێتــەوە. لــەو مــاوەیــەی ســەرۆکــوەزیــران و وەزیــری دەرەوە بــوو، گیــول بــەئاســتەم دەستپێشخــەریی سیاسەتێکی کردووە، یان بیرۆکــەیــەکی نوێی خستووەتە ڕوو.

کــاتێ لــە زانکــۆی ئیــستەنبــوول بــوو و جــەمــســەرگیریــی ئایدیۆلۆژی لە لوتکەدا بوو، گیــول ئــەندامێکی چالاکی MTTB بوو. یەکێک لە چالاکییە سەرەکییەکانیان بەشداریکردن بوو لــە یادکردنەوەی ساڵیادی شەڕی دەردەنیلدا. ئــەوان هــەموو ســاڵ ئــەوەیــان دەکــرد لــەڕێــی ســەردانــی گۆڕســتانەکــانی تــەنگــەی

[1]M. Çağatay Okutan, Bozkut’tan Kuran’a Milli Türk Talebe Birliği (MTTB) 1916–1980
(Istanbul: Bilgi Universitesi Yayınları, 2004), p. 205.

دەردەنیل. ئەو خەڵکەی لەژێر کاریگەریی تێڕوانینی ئیسلامیی تورکیدا بوون، زیاتر بایەخیان بە جەنگی دەردەنیل دەدا تا جەنگی سەربەخۆیی.

لە ئیستەنبوول گیول نووسینەکانی ئیرۆڵ گونگۆر و ئیدریس کوچوکۆمەر و جەمیل مەریجی دەخوێندەوە، بۆ ئەوەی خۆی بە گوتاری مافی ئیسلامی و تورکی ئاشنا بکا. وەک یاریدەدەری دەرچوو لە زانکۆی ئیستەنبوول، لەژێر سەرپەرشتیی نەوزاد یالجینتاش و سەباحەدین زەیمجیل، کە دوو هزروانی دیاری ئیسلامی-تورکی بوون، کاری دەکرد.

کاتێ کاری لەسەر تێزەکەی دەکرد، گیول بە مینحەیەکی سەخاوەتمەندانەی (دامەزراوەی کولتووری نیشتمانی)، کە دامەزراوەیەکی موحافیزەکار بوو، چوو بۆ لەندەن، لە ١٩٧٦ تا ١٩٧٨ بۆ خوێندنی زمانەکان. تێزەکەی لەبارەی "گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەنێوان تورکیا و وڵاتانی ئیسلامیدا" نووسی. سەرپەرشتیارەکەی نەوزاد یالچینتاش بوو... چاوگێڕانێکی ورد بە تێزی دکتۆراکەیدا دەریدەخات شێوازێکی وشکی لە نووسیندا هەیە و لە هەر بیرکردنەوەیەکی چەمکبەندی conceptual thinking بێبەشە.

وەک یەکێک لە هەوادارانی کیساکورەک، گیول ڕیفۆرمە کەمالییەکانی زیاتر وەک کێشە دەزانی بۆ کێشە هەرە گرنگەکانی تورکیا، وەک ڕۆڵی ئایین لە کایەی گشتی و پرسی کورد، تا ئەوەی چارەسەر بن. ئەو زیاتر پان-ئیسلامیستە تا ئەوەی ناسیونالیستێکی ئەتنیکی تورک بێ و ئیسلام بە گرنگترین بەستەر (glue) بۆ بوونی نەتەوە دادەنێ. لێرەیشەوە، ئیسلام و میراتی عوسمانی وەک ناسنامەی هاوبەشی گەلی تورکیا دادەنێ و کێشەی کورد بە

پەرچەکرداری ناسیونالیزمی تورکیی دەوڵەتکرد دەزانێ. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەگەر دەوڵەتی تورکی سیاسەتی ناسیونالیزمی تورکی ڕابگرێ و لە سیاسەتیدا موسڵمانێتی بکاتە بناغەی ناسنامە، کێشەی کورد چارەسەر دەبێ. گیول دەڵێ:

"من لە کایسەری لەدایک بووم و هاوڕێکەم لە وان لەدایک بووە. ئەو شتانە لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمەوەن. ئێمە پێویستمان بەوەیە لە ڕوانگەی عەقیدەی هاوبەشەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد بکەین... کاتێ ئێمە لە مەیدانەکانی ترابلوسگراپ Trablusgarp (لیبیا)، یان لە تەنگەی دەردەنێل شەڕمان دەکرد، کەس پرسیاری لە نەژادمان نەدەکرد. تەنانەت کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو لە ڕوانگەی نەژادەوە بیر بکاتەوە لەو ڕووەوە بەشێک نییە لە ئەخلاقی ئیسلامی. ئێمە لەم باکگراوندە مێژووییەوە هاتووین... کۆماری تورکیا بە سیستەمی تاکڕەوانەی تاکحزبی هەندێ سیاسەتی گرتەبەر، کە تەنیا هاووڵاتییە بە بنەچە کوردەکانی تێکنەشکاند، بەڵکو تورکەکانیشی بە هەمان شێوە تێکشکاند... دەوڵەت هێشتا لەسەر چیای جوکورجا Cukurca دەنووسێ "بەختەوەر ئەو کەسەیە خۆی بە تورک بزانێ". هێشتا ئەم جۆرە دروشمانە لە ناوەندی دیاربەکردا نووسراون. ناخۆشبەختانە، ناسیونالیزمی تورکی وەک دەمارگیرییەکی ڕەگەزپەرستانە خۆی خستە ڕوو... سەرچاوەی جیاکاری لە تورکیا هەرگیز نەژاد نەبووە، بەڵکو موسڵمانبوون بووە"[1].

---

[1]Mehmet Metiner, Yemyesil Seriat Bembeyaz Demokrasi (Istanbul: Doğan Kitap, 2004), pp. 481–482.

گوڵ گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە "بەستەری هاوبەشی ئەم وڵاتە برایەتی بووە و چارەسەریش بۆ کێشەکە هەر دیسان ئەم باوەڕە هاوبەشەیە".

کاتێ گیول لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیی نیشتمانیدا لە لایەن ستوونووسی ڕۆژنامەی میللیەت Milliyet ، فیکرەت بیلا، لەبارەی ئەم گوتارەوە پرسیاری لێ کرا، بە توندی نکوڵیی لە گوتنی ئەو شتانە کرد. بە هەرحاڵ، لەو ڕووەوە پاش دیمانەکە بڵاو کرایەوە نکوڵیکردنەکەی، دۆخەکەی خراپتر کرد. ئەو باشتری دەکرد ئەگەر بەرگریی لە وشەکانی بکردایە لەو ڕووەوە لێدوانەکەی لە ڕووی سۆسیۆلۆژیکییەوە ڕاستە. بە هەرحاڵ، گیول ڕێگەیەکی بە نکوڵیکردن لە ڕابردووی خۆی ئاسانی هەڵنەبژارد[1].

دوایین لێدوانی گیول لەبارەی نووسینەکەی دەوڵەت لەسەر دیوار و چیاکان کە "بەختەوەر ئەو کەسەیە خۆی بە تورک بزانێ"، کاردانەوەی توندی سوپای بەدوای خۆیدا هێنا. لە (یاداشت-ئی)یەکی سوپادا ڕێک پاش کاندیدکردنی گیول هاتووە: "ئەوانەی کێشەیان لەگەڵ قسەکانی ئەتاتورک هەیە، بە دوژمنی نەتەوە دەمێننەوە".

[1]Emin Cölaşan, "Inkar size yakışır mı Abdullah bey," Hürriyet, May 3, 2007.

## گیول وەک پەرتکەری حزبی فەزیڵە

بە سەرهەڵدانی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکانی ئۆزال ژمارەیەک لە شارەکانی ئەنادۆڵ بوون بە شوێنی ئەزموونکردنی مۆدێرنێتەی ئیسلامی، کە پێی وایە ئیسلام و مۆدێرنێتە پێکەوە هەڵدەکەن و هێزە ئابوورییەکانیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی تۆکمەمتر، کە ڕیشەی لەنێو ئاوێتەکردنێکی نوێدا بوو لەنێوان بەرژەوەندی و ناسنامەدا. کایسەری وەک سەنتەرێکی شمەکدروستکردن لە کێبلاتەوە بۆ ڕستن و چنین و بۆ کەلوپەل، بە دانیشتوانێکی یەک ملیۆن کەسییەوە، سوودی زۆری لە سیاسەتە ئابوورییەکانی ئۆزال وەرگرتووە و یەکەمین چینی بازرگانانی پێشکەوتووی هەیە کە دەیویست دیمەنی سیاسی لە وڵاتدا بگۆڕێ. ئەم چینی بازرگانانە کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە لێکترازانی پارتی فەزیڵەی ڕەجایی کۆتاندا هەبوو، بوو بە ئەکتەرە نوێکەی گۆڕانی تورکیا و بناغە بۆ پاڵپشتیی ئاکەپە.

گیول لە ١٩٩١ەوە نوێنەرایەتیی کایسەری دەکرد لە پەرلەمان و بە باشی ئاگای لەم گۆڕانە قووڵەی ئەنادۆڵ بوو و خۆی کردە هاوپەیمانی ئەو دەستەبژێرە ئابوورییە نوێیە. ئەم چینە نوێیە نە دەیویست لەگەڵ دەوڵەت ڕووبەڕوو ببێتەوە، نە پاڵپشتیی سیاسەتە ئەنتی-EU ەکانی ڕەفا و فەزیڵەی دەکرد. ئەوان سیاسەتێکی مەیلەو گەشەی ئابوورییان دەویست لەگەڵ ڕۆڵێکی پاڵپشتیکارانەی دەوڵەت، تاریفەی گومرگیی نزمتر و سنووری کراوە بۆ بازرگانی، هەروەها لەبەر ژمارەیەک هۆ بوون بە پاڵپشتی بوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا. ئەم چینە بە پاڵپشتیکردنی ڕەفا و فەزیڵە، زیاتر ویستی دزە بکاتە نێو سیستەمە سیاسییەکە تا ئەوەی سیستەمەکە لەناو ببات.

کاتێ بۆرژوازییە موسڵمانەکە گەیشتە ئەو دەرەنجامەی فەزیلە بەربەستێکە لە بەردەم دیدەکەی لەبارەی تورکیای نوێوە، پاڵپشتی لە لێکترازانی فەزیلە کرد.

گیول ڕۆڵێکی مەرکەزیی بینی لە دابەشبوونەکە و گۆڕانی بزاڤی ئیسلامی، ئەویش بە بوون بە سەرکردەی بۆرژوازییە نوێیەکە لە ئەنادۆڵ. گیول نوێنەرایەتیی دابڕانێک لەگەڵ بزاڤی دیدگەی نیشتمانی دەکا، ئەویش لەڕێی پاڵپشتیکردنی EU و پەیوەندیی بەهێزتر لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پاڵپشتیی MÜSİAD. بۆرژوازییە نوێیەکە بە تەواوی لەوە ئاگەدار بوو کە خۆشگوزەرانیی ئابووری پێویستی بە پەیوەندیی باشتر لەگەڵ دەوڵەت و سیاسەتێکی پرۆ-EUانە دەکا.

ئەحمەد بەکرئۆغلو پێی وایە لە کۆنگرەی TÜSİAD لە ٢٠٠٠دا لێکترازانی فەزیلە ئاشکرا بوو. بەکر ئۆغلو دەڵێ: کۆنگرەی MÜSİAD لە ٢٠٠٠دا بوو بە بازوو نمایشکردن بۆ "ڕیفۆرمخوازان" [yenilikçiler] کە بە دەورەی گیولدا کۆبووبوونەوە. تەنانەت ئەگەرچی ڕەجایی کوتان سەرۆکی فەزیلە داوای کرد بەر لەوەی پێویست بێ بچنە سەر کارێکی تر قسە بۆ کۆنگرە بکات، بەڵام گوێی پێ نەدرا. دەبوو بڕوات سەرۆکی پێشوو و ئێستای MÜSİAD بە توندی ڕەخنەی لە ئەربەکان و ئیدارەی پارتی فەزیلە گرت. ئەوانەی لە کۆنگرەکەدا قسەیان کرد تەیب ئەردۆگان و عەبدوڵڵا گیول بوون، کە دید و سیاسەتی خۆیانیان خستە ڕوو[١].

---

[1]Mehmet Bekaroğlu, “Adil Düzen”den “Dünya gercekleri”ne: Siyasetin Sonu (Ankara: Elips, 2007), p. 223.

لـه ڕاسـتیدا دەیـەمـین کـۆنگرەی MÜSİAD لـە ڕێـی ڕەخنـەگـرتن لـە سیاسـەتـەکانی فـەزیڵـە و سـەرکردایـەتییـە "شـەکـەتـەکـەی" تـۆوی لێکترازانـی فـەزیڵـەی چانـد. سـەرکـردە پێشوو و نوێکانی TÜSİAD ئـەرگومێنتێکی وردیان لـە دژی سیاسـەتـەکـانی فـەزیڵـە و پێویـستی بـە سـەرکردایـەتـی و سیاسـەتێکی نـوێ کـە لـەگـەڵ دەوڵـەت ڕووبـەڕووخـواز نـەبێ، داڕشـت. لـە کـۆنگرەکـەدا گرووپـەکـەی گیـول لـە دژی ڕەجـایی کۆتان جۆش درابوو. کۆنگرەکە بـوو بـە زەمینـەی تاقیکردنـەوە بۆ ململانێی دەسەڵات لەسەر سەرکردایەتیی فەزیڵە[1].

ئـەردۆگـان بـە تونـدی ڕەخنـەی لـە سـەرکردایـەتیی فـەزیڵـە گرت. ئەم کۆنگرەیە، بە درەنگوەخت، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لـە دابـەشـبوونی بزاڤـی ئیـسلامی لـە تورکیـا. بۆرژوازییـەکـەی ئەنادۆڵ بە ئاشکرا بوو بە هاوپەیمانیی گیول و هاوڕێکانی لە دژی دامەزراوە کۆنەکەی ئـەربـەکـان. گیـول تـا ڕادەیـەکـی زۆر ئامانجـەکـانی موسـڵمانانی ئـەنـادۆڵی نوێنـەرایـەتـی دەکـرد. ئـەو هەمیشە بەدوای شـەرعییەتێکی دەرەکیدا دەگـەڕا بـۆ پاراسـتنی ئـەکتـەرانـی نـوێ لـە بـەرانبـەر سیاسـەتـە سـەرکوتکارانـەکـانی دەوڵـەت. گیـول بـە تـەواوی لـەگـەڵ سیاسـەتـەکـانی سـندووقی دراوی نێـودەوڵـەتـی IMFی کـەمـاڵ دەرویشدا کـۆک بـوو و ئاییننیانـە پیـادەی دەکـردن، هـەمـان ئـەو سیاسـەتـە، وەک زۆر کەس پێیان وایە، بووە مایەی تێکشکاندنی جووتیاران و توێژی گوندنشینی دانیشتوان.

ئامـانجی سیاسـەتـە ئابوورییـەکـانی دەرویـش نـەهێـشتنی یارمـەتیدانـەکـانی بـواری کـشتوکاڵ و پاڵپـشتیکردنی فـۆرمێکی نـوێ لـە دەوڵـەت بـوو لـە دەرەوەی "بـەرهـەمهێنـانی چـالاکیی

---

[1] Hürriyet, April 9, 2000.

ئابووری". گیول تەلارسازێکی سەرەکی بوو لە سیاسەتی ئابوورییانەی حکومەتدا. بەبێ ئەوەی ڕیشەیەکی لادێییانەی هەبێ و لەگەڵ ئەوەی لە یەکێک لە سەنتەرە سەرەکییەکانی بازرگانییەوە، واتە کایسەری، هاتووە، لە ئابووریدا زیاتر پێداگری لەسەر ڕۆڵی پارەدارکردن دەکرد تا گەشە.

بە لای گیولەوە بازاڕی دراو و پارەکاری و سیاسەتە نەختینەکان لە بەرهەمهێنان یان وەکارخستن گرنگترن. سیاسەتە ئابوورییەکانی بوونە مایەی هێنانەکایەی دانیشتوانێکی لێکدابڕاو لەو شارانەی خەڵک لەڕێی بەجیا ژیانەوە پێکەوە دەژین. ئەم سروشتە لێکدابڕاوەی شارە تورکییەکان دەشێ لە ئایندەدا ببێتە پێگەیەک بۆ ناسیونالیزمی پەڕگیر. گیول زیاتر و زیاتر دەبووە نەیاری یارمەتییەکانی دەوڵەت لە ناوچە گوندییەکان و هەرگیز پەیوەندییەکی زیندووی لەگەڵ گوندنشینانی تورکیا دروست نەکرد.

## دەرەنجام

تورکیای نوێ لەنێو دژیەکییەکانی نێوان ئەوەی تورکیا چی بووە و ئێستا دەیەوێ ببێ بە چی، لە پەرەسەندنایە. ئەم هەستە پەرەسەندووە بە ناسنامە لە سیاسەتەکانی حکومەتەکەی ئەردۆگان-گیولدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەو تورکیایەی لە لایەن ئاکەپەوە سەرکردایەتی و ڕەنگرێژ دەکرێ ئاوێتەبوونێکە لەنێوان میراتی عوسمانی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی و ئارەزووی کەمالیدا بۆ بوونە ئەورووپی. ئەردۆگان و گیول هەردوو باوەڕیان بە "بانگەشە" غەربییەکەی تورکیا هەیە. بە بڕوای ئەوان، پێویستە تورکیا بچێتە ناو یەکێتیی ئەورووپا EU، لەو ڕووەوە ئەم ڕووکردنە غەربە بە خۆ بەهێزکردن، نەک لاساییکردنەوەی کولتووری دەبینن. هەردووکیان نوێنەرایەتیی کەسایەتیی تەوفیقییانەی وڵاتەکە دەکەن... ئەوان ئایندە وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی تورکیایەکی نوێ، کە هەم موسڵمان و هەم ئەورووپی بێ.

-٥-

# مۆدەکانی سیکیولاریزم

مێژووی نوێی تورکیا دەتوانرێ وەک "ململانێیەک لەنێوان دوو تورکیادا" ببینرێ، ئەویش دابەشبوونە لەنێوان گرووپە عەلمانی و ئیسلامییەکاندا[١]. لە حاڵەتی تورکیادا، سیکیولاریزم، کە بە لایکلیک laiklik دەناسرێ، ناسنامەی خەڵکانی "پێشکەوتنخواز"ـە، واتە پرۆژەی دەوڵەت بۆ مۆدێرنیزەکردن و مۆدێلێک بۆ هێنانەکایەی ئیسلامێکی ڕۆشنگەر، هەروەها

---

[1] لەبارەی سیکیولاریزم بڕوانە:
Steve Bruce, God is Dead: Secularization in the West (Oxford: Blackwell, 2002); Steve Bruce (ed.), Religion and Modernization: Sociologists and
Historians Debate the Secularization Thesis (New York: Oxford University Press, 1992);
David Martin, A General Theory of Secularization (Oxford: Basil Blackwell, 1978).
لەبارەی دژەسیکیولاریزم بڕوانە:
Rajeev Bhargava (ed.), Secularism and its Critics (New Delhi: Oxford
University Press, 1998); Nikki Keddie, "Secularism and its Discontents," Daedalus, 132
(Summer 2003), 14–30. See also Pippa Norris and Ronald Inglehart, Sacred and Secular:
Religion and Politics Worldwide (Cambridge: Cambridge University Press, 2005); Jose
Casanova, Public Religions in the Modern World (Chicago: University of Chicago Press,
1994), pp. 11–39; Wolfhart Pannenberg, "How to Think About Secularism," First Things,
64 (June/July 1996), 27–32.

ستراتیژی تەجریمکردنی بەرهەڵستکاریی ئاینی. لەبەر ئەوە گرنگە وەک دوو چەمکی پێکهێنەر و کارلێککەری دووسەرە لە سیکیولاریزم و ئیسلامیزم بکۆڵرێتەوە، لەو ڕووەوە سیکیولاریزم بریتییە لە ڕێگەی دیاریکردنەوەی مانا و ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەدا.

لێرەوە سیکیولاریزم دەبێتە "ڕێککەوتنێکی سیاسی" بۆ کۆنترۆڵ و سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئیسلام بەو شێوەیەی لەگەڵ پێویستییەکانی دەوڵەت و ئەو دەستەبژێرە سیاسییانەی لە ڕووی مێژووییەوە دەوڵەتی تورکیایان کۆنترۆڵ کردووە، بگونجێ. بە هەرحاڵ، ڕووبەرەکانی دەرفەتی ئابووری و سیاسی کە لەم چەند دەیەی دوایدا بە شێوەیەکی بەرچاو فراوان بوون، بوونە مایەی ئەو ڕێککەوتنەی دەستوور دەستەبەری کردووە بۆ ئەنجامدانی نوێبوونەوە و پێداچوونەوە و تەنانەت ڕەتکردنەوەیش. لێرەوە سەرهەڵدانی تورکیایەکی نوێ پشت بە سروشتی ئەم ڕێککەوتنە نوێیە دەبەستێ لەنێوان ئایین و سیاسەتدا کە پێویستە لەڕێی پرۆسە دیموکراسییەکانەوە دانوستانی لەبارەوە بکرێ.

من لەم چاپتەرەدا لەو گفتوگۆ سەرەکییەی لەمەڕ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سنووری نێوان ئایین و سیاسەت لەئارادایە دەکۆڵمەوە، بە تیشک خستنە سەر تێگەیشتنی AKP لە سیکیولاریزم لە چوارچێوەی میراتی کەمالی و هەلومەرجە گۆڕاوەکانی بازاڕدا. من سەرەتا لە گفتوگۆ تیۆرییە هاوچەرخەکە دەکۆڵمەوە بە تەرکیزکردنە سەر پەیوەندییە شیکاری و سەبەبییەکانی نێوان عەلمانییەت و دیموکراسی و ئیسلام. بەشی دووەمی ئەم چاپتەرە سەرچاوەی دابەشبوونی عەلمانییەتی کەمالی شی دەکاتەوە بۆ سێ فۆرمی ڕکابەر لە

ئەنجامی گۆڕانی پەیوەندییەکانی دەوڵەت-کۆمەڵگەدا. دوایین بەش عەلمانییەتەکەی ئاکەپە شی دەکاتەوە لە ڕووی پرسە هەستیارەکانی وەک پەروەردەی ئایینی و سەرپۆشەوە.

## جۆرەکانی عەلمانییەت (سیکیولاریزم)

ئەدەبیاتی گەشەپێدانی سیاسی کە تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئەزموونەکانی ئەورووپا دامەزراوە، گریمانەی لابردنی ئایین لە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکا لەڕێی پرۆسەی بەعەلمانیکردنەوە وەک بەشێک لە بەرەوپێشچوونی حەتمی و ڕاستەهێڵانەی مێژوویی، کە ئەرێنی و پێشکەوتنخوازانە دەبینرێ[1].

سەرەڕای بنەچە غەربییەکەی، گرنگە لە جێبەندێکی بەرینتردا دیراسەی بەعەلمانیکردن بکرێ، چونکە ئێستا چەمکەکە لە دیراسەکردنی بزاڤە ئیسلامییە هاوچەرخەکاندا بە چڕی بەکار دێ. زۆر لە شوێنکەوتوانی بزاڤە ئیسلامییەکان، یان ئەوانەی خۆیان بە موسڵمانی "هۆشیار" دادەنێن، بەعەلمانیکردن یەکسان دەکەن بە بەخۆرئاواییکردن، هەر بۆیە عەلمانییەت وەک فۆرمێک بۆ داگیرکردنی ناوخۆیی و لەدەستدانی ئایین، ڕەفز دەکەن[2].

باشترین ڕێگە بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان ئایین و سیاسەت ئەوەیە وەک کۆتا بەرهەمێکی حەتمی مۆدێرنێتە لە بەعەلمانیکردن نەکۆڵرێتەوە، بەڵکو زیاتر وەک پرۆسەیەکی

---

[1]Owen Chadwick, The Secularization of the European Mind in the 19th Century (Cambridge:
Cambridge University Press, 1975).
[2]Ali Bulaç, ÇağdaşKavramlar ve Düzenler (Istanbul: Iz Yayıncılık, 1998).

ناڕاستەهێلانەیە دیراسە بکرێ، کە لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکە قابیل بە گۆڕان و هەڵبەز و دابەزە. بەکورتی مەرج نییە عەلمانیزەکردن و ئیسلامیزەکردن یەکتر بکەنە دەرەوە، بەڵکو دەکرێ پێکەوە کار بکەن، دەکرێ گۆڕانەکان بە هەردوو ئاڕاستەکەدا ڕوو بدەن، بۆ نموونە لە دۆخی تورکیادا، لە ئەنجامی فراوانکردن و بەرتەسککردنەوەی ڕووبەرەکانی دەرفەت لە بازاڕ و لە کایەی گشتیدا، ئایدیا و هەڵسوکەوتی ئیسلامی بە ڕێگەی جۆراوجۆر لەنێو دامەزراوە و سیاسەتەکانی دەوڵەتدا ڕەنگیان داوەتەوە.

لە خۆرئاوادا دوو جۆری سەرەکیی عەلمانییەت هەیە: لێکدانەوەی ئەنگلۆ-ئەمەریکانی و لێکدانەوەی فەرەنسیی کۆماری[1]. ت. جێرمی گەن GunT. Jeremy بەم شێوەیە عەلمانییەتی فەرەنسی و ئەنگلۆ-ئەمەریکانی بەراورد دەکا:

بە پێچەوانەی فەرەنسا، کە تێیدا چەمکی "laicité" دەشێ مانای خۆپاراستنی دەوڵەت بێ لە زیادەڕۆیی ئایین، چەمکی "ئازادیی ئایینی" لە ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر بە مانای پاراستنی ئایین دێ لە زیادەڕۆیی دەوڵەت. لێرەوە لە کاتێکدا دەشێ ئەمەریکییەکان گومانیان لەبارەی ئەو یاسایانەی

---

[1]Charles Taylor, "Modes of Secularism," in Rajeev Bhargava (ed.), Secularism and its Critics
(Delhi:OxfordUniversity Press, 1998); WilfredM.McClay, "TwoConcepts of Secularism,"
Wilson Quarterly, 24 (Summer 2000), 63–64; Ahmet T. Kuru, "Reinterpretation of
Secularism in Turkey: The Case of the Justice and Development Party," in M. Hakan
Yavuz (ed.), The Emergence of a New Turkey: Democracy and the AK Parti (Salt Lake City:
University of Utah Press, 2006), pp. 136–159.

دەوڵەت هەبێ کە ئایین ڕێک دەخەن، فەرەنسییەکان زیاتر ڕێی تێدەچێ لە نەبوونی ڕێکخستن بۆ چالاکیی سیاسی سیاسی بەگومان بن. لانیکەم ئەمە تیۆرەکەیە[١].

جۆرە ئەمەریکییەکە زیاتر ئایین-دۆستانەیە و داوای ئازادی بۆ ئایین دەکا لە کۆنترۆڵی دەوڵەت، لە کاتێکدا مۆدێلە فەرەنسییەکە جەخت لە ڕۆڵی دەوڵەت و ئازادیی کایەی سیاسی لە کاریگەریی ئایین دەکا. لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەدا چەند جۆرێکی تایبەتی پەیوەندی لەنێوان ئایین و سیاسەتدا هەیە. بەکورتی، هەلومەرجی تایبەتی هەر کۆمەڵگەیەک تێگەیشتن و مومارەسەی بۆ سیکیولاریزم دیاری دەکا. لێرەوە دەکرێ سیکیولاریزم مانای دژە-پیاوانی ئایینی anti-clericalism یان بێلایەنی دەوڵەت، یان ڕەتکردنەوەی دەستەواژە و سیمبۆڵە ئایینییەکان لە کایەی گشتیدا بگەیەنێ.

لەم چاپتەرەدا، نموونە و تێگەیشتنی سێیەم لە سیکیولاریزم دەخەمە ڕوو، کە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی دامەزراوە و دەربڕینە ئایینییەکان، وەک لە حاڵەتی تورکیادا دەبینرێ. ئەم مۆدە سێیەمەی سیکیولاریزم کۆنترۆڵکردنی ئایین لە لایەن دەوڵەتەوە پیشان دەدا. لەم حاڵەتەدا دەوڵەت ژمارەیەک دامەزراوەی بۆ کۆنترۆڵکردنی سیمبۆڵ و زمان و سەرکردایەتی و تۆڕە ئایینییەکان دروست کردووە.

دەوڵەت لەڕێی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتەوە دەیەوێ سێ ئامانج بەدی بێنێ. دەیەوێ جۆری تایبەتی خۆی لە ئیسلامێکی

---

[1]T. Jeremy Gunn, "Under God but Not the Scarf: The Founding Myths of Religious
Freedom in the United States and Laicité in France," Journal of Church and State, 46
(Winter 2004), 9.

ڕۆشنگەر دروست بکا، کە پرۆژەی نوێگەریی دەوڵەت بەهێز دەکا. ئیسلام وەک سەرچاوەیەک بۆ دروستکردنی ناسنامەی نیشتمانی و دانانی سنوورەکانی دەرەوەی کۆمەڵگەی سیاسی بەکار دێنێ. هەروەها ئیسلام بۆ دەستەبەرکردنی شەرعییەت بۆ دەسەڵاتەکەی و ڕێگرتن لە گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە بەکارهێنانی ئایین لە دژی دەوڵەت، تەوزیف دەکا.

لە حاڵەتی عەلمانییەتی تورکیادا، تێگەیشتنی باو زیاتر کۆنترۆڵکردنی ئایینە تا ئەوەی ئازادیی ئایین یان ئازادی لە ئایین بێ. لە ڕووی مێژووییەوە عەلمانییەتی تورکی بەرهەمی میراتی عوسمانی لە کۆنترۆڵکردنی ئیسلام لە لایەن دەزگەکانی دەوڵەتەوە + بەسیاسیکردنی ئیسلام لە سەدەی نۆزدەیەم بۆ سەرەوە + تێگەیشتنی جاکۆبیانەی شۆڕشی فەرەنسی لە سیاسەت و ئایین و کۆمەڵگەیە.

بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندییەکی تەواوکاری لەنێوان تێگەیشتنە فرێدەر exclusivist و بەسیاسیکراوەکان لە ئیسلام لە لایەک و مۆدە هەڵاوێرکار و عەقڵانییەکانی تێگەیشتن لە سیکیولاریزم هەبووە، کە هەردوو لا ڕۆڵیان لە داڕشتندا بەشدارن. لێرەوە، فەندەمێنتالیزمی ئایینی و عەلمانی ڕۆڵیان لە داڕشتنی شێوەی یەکتردا هەبووە. بە هەرحاڵ، لەگەڵ بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆڵی گەشەکردووی چینی ناوەڕاستی نوێ لە تورکیا، پەرەسەندنی تێگەیشتنی ڕێدەرانە inclusive لەبارەی ئیسلام و سیکیولاریزم دەبینرێ. نەک هەر ئیسلام بەتەنیا، بەڵکو چەمک و بیرۆکەکانی سیکیولاریزمیش گۆڕانی گەورە بەخۆوە دەبینن، بۆ نموونە، لە وەڵامی جۆرە باڵادەستەکەی سیکیولاریزمدا، سێکتەرە ئایینی و نەریتییەکەی کۆمەڵگە پێداگری لەسەر ئەوە دەکا

سیكیولاریزم بە مانای ئازادیی ئایینی، یان ئازادی بۆ ئایین، لێک بداتەوە، لە کاتێکدا هەندێ کەمالیستی توندڕەو و گرووپی چەپڕەو سیکیولاریزم بە مانای ئازادبوون لە ئایین لێک دەدەنەوە.

لە ڕاستیدا لە خۆرئاوا تێگەیشتنی جیاواز لە سیکیولاریزم ئاماژەیە مشتومڕێکی تیۆریش. وەک بیخو پارێخ Bhikhu Parekh کە تیۆریستێکی سیاسیی دیارە دەڵێ:

تێزی سیکیولاریزم دەکرێ چەند فۆرمێک وەربگرێ، دوو لەوانە باوترینن. لە جۆرە لاوازەکەیدا دەوڵەت لە ئایین جیا دەکاتەوە و پێداگری لەوە دەکا کە دەوڵەت نابێ هیچ ئایینێک بسەپێنێ، بیکاتە دامودەزگا، یان بیکاتە ئایینی ڕەسمی... هەروەها بەگشتی پێویستە بە تەواوی بێموبالات بێ بەرانبەر ئایین. لە جۆرە بەهێزەکەیشیدا دیسان ئایین و سیاسەت لێک جیا دەکاتەوە و پێداگری لەوە دەکا ململانێ و گەنگەشەی سیاسی تەنها لەسەر بنەمایەکی سیکیولارانە بکرێ[١].

جۆری جیاواز لە (پەیوەندی) ئایین-سیاسەت لەنێو سەرجەم جێبەندە مێژووییەکاندا ڕیشەی هەیە. بە هەرحاڵ، دەتوانین چوار فاکتەری گرنگی کۆمەڵایەتی-مێژوویی لە

---

[1]Bhikhu Parekh, Rethinking Multiculturalism: Cultural Diversity and Political Theory
(Cambridge, MA: Harvard University Press, 2000), p. 322. Parekh recognizes the role of
religion in democratic politics. He differs from John Rawls. The main source in Rawls is his
Political Liberalism (New York: Columbia University Press, 1996). The debate between
Wolterstorff and Audi is in their jointly authored Religion in the Political Sphere (Lanham,
MD: Rowman and Littlefield, 1997).

پەرەسەندنی ئەو جۆرانەی پەیوەندی لەنێوان ئایین و سیاسەتدا دەستنیشان بکەین:

١- ڕۆڵی ئایین لە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرندا. ٢- ئەوەی ئاخۆ قۆرخکاریی ئایینی هەیە، یان هەمەجۆریی ئایینی لە ڕووی بوونی بیروباوەڕی جیاواز و ڕکابەرەوە. ٣- ئاخۆ تێگەیشتنی باو لە ئایین و سیکیولاریزم ڕێدەرانەیە، یان فڕێدەرانە؟. ٤- ڕۆڵی بنیاتی ئابووریی دەوڵەت لە ڕووی پێکهاتەی چینایەتیی جیاوازەوە، بەتایبەت ڕۆڵی بۆرژوازی.

پرۆژەی نوێگەریی کەمالی لە دژی دامەزراوە و مومارەسە ئایینییەکان جێبەجێ کرا، لە کاتێکدا شۆڕشی ئەمەریکی خۆی لەگەڵ دامەزراوە ئایینییەکان ئەنجام درا لەپێناو ئازادکردنی خەڵک و ڕێگرتن لە دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروبارە ئایینییەکان. زیاد لەوەیش لە دۆخە ئەمەریکییەکەدا، هەمیشە دامەزراوە و مومارەسەی ئایینیی جیاواز و ڕکابەر هەبووە، لە کاتێکدا لە هەردوو دۆخی فەرەنسا و تورکیادا هەمیشە یەک ئایین بە تەواوی مانا و ڕۆڵی فەزا پیرۆزەکەی قۆرخ کردووە. واتە جیاوازییە ئایینی و مەزهەبییەکان (تێگەیشتنە ڕێدەر یان فڕێدەرەکان لە کەلەپووری ئایینی) و دامەزراوە ئایینییە ڕکابەرەکان (پلورالیزمی ئایینی) شێوە و ناوەرۆکی سیکیولاریزمی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دیاری دەکەن. لەبەرئەوە هێڵی نێوان ئایین و سیاسەت، دەتوانرێ بە ئاماژەدان بە تێگەیشتنە ڕێدەر یان فڕێدەرەکان لە ئایین و سیکیولاریزم لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بکێشرێ.

ئەلفرێد ستێپان Alfred Stepan لەم ڕووەوە بەم ئەنجامەی خوارەوە گەیشتووە:

حالی حازر خەریکە بڵێین هیچ دیموکراسییەکی ئەورووپیی غەربی نییە کە جیاکردنەوەیەکی توند و دوژمنکارانەی کەنیسە و دەوڵەتی هەبێ. زۆربەیان لەڕێی دانوستانی دیموکراسییانەوە گەیشتوونەتە ئازادیی ئایین لە دەستێوەردانی دەوڵەت و هەرهەموویان ڕێگە بە ئازادیی گرووپە ئایینییەکان دەدەن، نەک تەنیا بۆ عیبادەتی تایبەت، بەڵکو بۆ خۆ ڕێکخستنیشیان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا... لەبەر ئەوە "وانە"ی وەرگیراو لە ئەورووپای غەربی، لە جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەتدا نییە، بەڵکو لە دروستکردن و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سیاسییانەی بەردەوامی "لێبوردەیی دووسەرە"کانە. لە ڕاستیدا تەنها لە چوارچێوەی "لێبوردەیی دووسەرە" "twin tolerations."دایە کە چەمکی "جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەت" لەناو موفرەداتی نوێی دیموکراسیی ئەورووپای غەربیدا جێی دەبێتەوە[١].

مەبەستی ستێپان لە " لێبوردەیی دووسەرە" دیالۆگی بەردەوامی نێوان دەوڵەت و ئایینە لەسەر سنوورەکانی نێوان هەردوو لا لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی دووسەرە بۆ کایەی سەربەخۆی هەریەکەیان. ئەمە مانای جیاکردنەوەی توند ناگەیەنێ، بەڵکو زیاتر مانای هاوکاریی بەردەمی نێوانیانە تا ئەوکاتەی هەریەکەیان ڕێز لە کایەی سەربەخۆی ئەویتر بگرێ.

بەپێی بۆچوونەکەی ستێپان، لێبوردەیی دووسەرەبوونی عەلمانییەتێکی ڕێدەر و تێگەیشتنێکی پلورالیستانە لە ئایین

---

[1] Alfred Stepan, Arguing Comparative Politics (New York: Oxford University Press, 2001),
pp. 213–253.

دەخوازێ. بە دەربڕینێکی تر، عەلمانییەتی توندڕەو کە ئاڕاستەیەکی ئەقڵگەرایانەی هەیە و باوەڕی بە تێگەیشتنی زانستییانە لە جیهان هەیە بەبێ هیچ ئاماژەیەک بۆ بوونی خودا، یان سیستەمێکی پێوەریی یەکتاپەرستانە، تریاکێکە لە دژی هەر جۆرە سازانێک. ئەم جۆرە لە سیکیولاریزم ئیلحادی و دژی ئایینە و بوار بە هیچ جۆرە سیمبۆڵێکی ئایینی لە کایەی گشتیدا نادا.

لە بەرانبەردا تێگەیشتنی زیاتر ڕێدەر لە سیکیولاریزم هەیە، کە هەوڵ نادا سیمبۆڵ و ڕێسا ئایینییەکان لە کایەی گشتیدا بسڕێتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدا ڕوانگە ئایینییە جیاوازەکان پێکەوە بگونجێنێ.

زیاد لەوەیش، سیکیولاریزمی ڕێدەر بەها ئایینییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ئاراکان بەکار دێنێ. هیچ چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن ناخاتە لاوە، جا ڕیشەی ئایینی بێ، یا نا.

هەرکات فۆرمی یەکەمی عەلمانییەت بالادەست بێ کە ئامانجی پاکسازیکردنی ئایینە لە کایەی گشتی و ڕێگری لە هەر ڕۆڵێکی ئایین لە دیاریکردنی مانای ژیانی باش بۆ هاووڵاتییان کرد، ئەوا بە تەبیعەتی حاڵ بەسیاسیکردن و هەوڵی خۆسەلماندنی ئایین گەشە دەکا، بەتایبەت لە وڵاتانی وەک هیند و تورکیا.

بەکورتی، سیکیولاریزم فۆرمی ڕێدەر و فرێدەر هەیە، کە ئەمەی دواییان فەندەمێنتالیزمی عەلمانی بەرهەم دێنێ.

بە هەرحاڵ بۆ ئەوەی لێبوردەیی دووسەرە لەنێوان ئایین و سیاسەتدا هەبێ، پێویست بە تێگەیشتنێکی ڕێدەر و پلورالیستانە لە ئایین دەکا. لە زۆر حاڵەتدا ئەم جۆرە لە

عەلمانییەت بەرهەمی جۆرە تێگەیشتنێکی ئایینییە. ئەگەر تێگەیشتنی باڵادەست لە ئایین فرێدەر بوو نەیتوانی ئیستیعابی تێگەیشتنی عەلمانییانە بۆ ژیان و سیاسەت بکا، ئەو جۆرە فرێدەرەی ئایین دەبێتە فەندەمێنتالیست "ئوسوڵی". دەگونجێ هەڵوێستی ئوسوڵگەرایانی ئایینی کە ئایین وەک چواچێوەیەکی سەرتاپاگیر بۆ ژیان و سیاسەت دەبینن، وا بکا گرووپە عەلمانییەکانیش هەڵوێستی توند و ڕادیکاڵ لە ئایین وەربگرن. بەم شێوەیە، ئایینە فرێدەرەکان زیاتر لە عەلمانییەت نزیکن، بەڵام ئایینە فرێدەرەکان بە پێچەوانەوە دژ بە هەر فۆرمێکی عەلمانییەتن.

ئیسلام لە ڕووی ئایین و مێژووەوە لە دوو ئایینە ئیبراهیمییەکەی تر سیاسیترە. لێرەوە، مێژووی ئیسلام و ڕۆڵی ئایین لە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها ئەرکی سەختگیرانەی تورکە یەعقوبییە کۆمارییەکان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سیکیولار، پێویستی بە ڕێکخستنێکی تایبەت کردووە لەنێوان ئیسلام و سیاسەتدا. ئەم ڕێکخستنە زیاتر جەخت لە "کۆنترۆڵکردن" دەکاتەوە تا جیاکردنەوە یان لێبوردەیی. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئیسلام ئەنتی-سیکیولارە. بە هەرحاڵ، بۆ ئەوەی بوارێک بۆ سیکیولاریزم دروست بکرێ دەبوو دەستەبژێری کەمالی سەرلەنوێ ئیسلام تەفسیر بکەنەوە، ئەویش لەڕێی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینییەوە (DRA).

هۆی ئەو سیکیولاریزمە توندەی لە تورکیا هەیە پەیوەندیی بە سروشتی فرێدەر (ئیکسکلوسیڤ)انەی ئیسلامی ئەرسۆزۆکسییەوە هەیە. کاتێ ئەتاتورک ساڵی ١٩٢٣ کۆماری تورکیای نوێی دامەزراند، ڕژێمەکەی ڕووبەڕووی سێ

پاشماوەی سیستەمی عوسمانی بووەوە: لابەندیی خەڵکی ئاسایی بۆ زانایانی ئایینی و خەلیفە وەک گرنگترین سەرچاوەی شەرعییەت و سیستەمی کۆمەڵایەتی + دەسەڵات و جەماوەری تەریقەتە سۆفییەکان بەتایبەت تەریقەتی نەقشبەندی + هەروەها بڵاویی نەخوێندەواری و ئیسلامی میللی لەنێو ئەو دانیشتوانی ئەو ناوچانەی هەلومەرجەکانی جەنگەکانی دوایی وێرانی کردبوون.

مستەفا کەمال لەم جۆرە دۆخەدا، لەگەڵ زانا ئایینییە دیارەکان کاری کرد تا هەستی ئایینیی خەڵک لە دژی هێزە داگیرکەرەکان و خیلافەت لە ئیستەنبوول جۆش بدا. کاتێ مستەفا کەمال دەوڵەتی دروست کرد، دامەزراوەی خیلافەتی هەڵوەشاندەوە و DRAی دامەزراند تا بەتەواوی دەست بەسەر مزگەوتەکاندا بگرێ لەڕێی دانانیان لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دەوڵەتدا. سەرجەم فەرمانبەرە ئایینییەکان بوونە کارمەندی دەوڵەت و مۆڵەتپێدان بۆ وتاردان و ڕێنوێنیکردنی نوێژخوێنان پێویستی بە خوێندنی ئایینی لە قوتابخانەکانی دەوڵەتدا دەکرد. زیاد لەوەیش، سەرجەم دامەزراوە ئایینییەکان خرانە ژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی دامەزراوەکان و تەریقەتە سۆفییەکان قەدەغە کران.

بەم شێوەیە، مەبەستی ڕژێمی نوێ دەستەمۆکردنی ئیسلام و تەوزیفکردنی بوو لە خزمەتی ڕیفۆرمە عەلمانییەکان و پتەوکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، بەتایبەت لە گەڵاڵەکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی تورکیی نوێدا. دەوڵەتی تورکی، بە پێچەوانەی دەوڵەتی میسری، هانی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکانی نەدا و نەشیکرد. توندوتیژییە ئیسلامییەکەی پاشتر لە میسر نیشانەی ئەوەیە دەوڵەت

نەیتوانی ئەو هێزانەی ڕەهای کردن، کۆنترۆڵیان بکا. گریمانەی زمنیی سیکیولاریزمی کەمالی بریتی بوو لە خانەگومانیی قووڵی لە ئایین وەک هۆی سەرەکیی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی وڵات. لەبەر ئەوە دامەزراوەکانی کەمالی کاریان بۆ سنووردارکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییانەی ئایین لە کۆمەڵگەدا دەکرد. کەمالییەکان مۆدێرنێتەیان بە شێوەژیانێکی بەدیل و ئازاد لە ئایین پێناسە دەکرد، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەدا دەوڵەت چالاکیی ئیسلامی بە پەرتکەر و دژە-نەتەوەیی و دژە-مۆدێرن وەسف کرد. نانی ئەم مۆرکە بە ئیسلامەوە، وای کرد سیکیولاریزم لە تورکیا وەک فەلسەفەیەکی نوێ و پێشکەوتنخواز و نەتەوەیی و ئازادیخواز پێناسە بکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆماری کەمالی هەوڵیشی دەدا جەخت لە تەفسیری جیاواز بۆ ئیسلام بکا: پێشکەوتنخواز بەرانبەر ئەرسۆزۆکس، ڕۆشنگەر بەرانبەر کۆنەپارێز و نەتەوەیی لە بەرانبەر بان نەتەوەیی.

لە تورکیا ئایین وردەوردە برایە نێو سیاسەت لەڕێی دیموکراتیزەکردن و گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە. ئیسلام بناغەیەکی ئەخلاقی و عاتیفیی بۆ چالاکیی سیاسی پێشکەش کرد، کە ماددەیەکی خاوە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە کاتێکدا سنووری لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دەکێشێ.

## ڕەخنەی ئیسلامی لە سیکیولاریزم و دیموکراسی

ململانێیەکی گەورە لەنێوان لیبراڵیزمی عەلمانی و گرووپە ئیسلامییەکاندا هەیە. بیرمەندە لیبراڵەکان دەیانەوێ لەڕێی سیکیولاریزمەوە بەربەستێک لەنێوان ئایین و سیاسەتدا دروست بکەن، لە کاتێکدا ئیسلامگەراکان ئەم بەربەستە بە هێرشکردنە سەر ئیسلام دادەنێن، لەو ڕووەوە سیکیولاریزم هەوڵ دەدا ئایین سەرکوت بکا. ئەمە جگە لەوەی سیکیولارەکان چەمکی دیموکراسی لە چوارچێوەی گوتاری جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا دادەڕێژن کە گوزارشت لە ئیرادەی خەڵک دەکا بە چەند ڕێگەیەکی دیاریکراو، لە کاتێکدا ئیسلامگەراکان وەک فۆرمێکی مەترسیدار بۆ دەربڕینی ئیرادەی خەڵک بەبێ هیچ سنوورێک، مامەڵە لەگەڵ دیموکراسی دەکەن. بەدیهێنانی "لێبوردەیی دووسەرە" لەنێوان ئایین و سیاسەت لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ئەگەر مەحاڵ نەبێ، ئاستەمە.

ئاشکرایە دیموکراسیی لیبراڵ بۆ ئەوەی جێپێی خۆی قایم بکا پێویستی بە هەندێ فۆرمی سیکیولاریزمی سیاسی هەیە[1].

---

[1] ڕیچارد ڕۆتی Richard Rorty خۆی بە "عەلمانییەکی توندڕەو" وەسف دەکا، دەڵێ: "پێم وایە ڕۆشنگەری لەسەر هەق بوو کە پێی وا بوو ئایین شتێکە باشتر دەبێ بۆ مرۆڤ ئەگەر بتوانێ لێی بێنیاز بێ".

Richard Rorty, "The Moral Purposes of the University: An Exchange,"
The Hedgehog Review: Critical Reflections on Contemporary Culture, 2 (Fall 2000), 107; John Rawls, Political Liberalism (New York: Columbia University Press, 1996), p. 12. Sami Zubaida summarizes Gellner in Islam, the People and the State: Political Ideas and Movements in the Middle East (New York: I. B. Tauris, 1993), pp. xiv–xv. For a concise overview and critique of Gellner on this topic, see Dale Eickelman, "From

له دۆخی جیهانی ئیسلامیدا، لەو ڕووەوە ناسنامەی زۆربەی ئەکتەرە سیاسییە سەرنجڕاکێشەکان لە ئیسلامدا ڕەگی داکوتاوە، گژبەریی گەورە ئەوەیە فۆرمێک لە سیکیولاریزم بدۆزرێتەوە کە ڕێگە بە دەنگە ئایینییەکان بدات بۆ هاتنە نێو کایەی سیاسی بەبێ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێ دەرەنجامەکان بسەپێنن[١].

زۆر زانای سیاسی بەو ئەنجامە گەیشتوون کە دیموکراسیی لیبراڵ پێشوەخت بوونی سیکیولاریزم دەخوازێ، بەڵام لەبارەی شێوە و ناوەرۆکی ئەو جۆرە لە عەلمانییەت ڕای جیاوازیان هەیە. سیکیولاریزم ڕیشەی زیاتر لەنێو ئەزموونی ئەورووپادایە و لەڕێی پرۆژەکانی نوێگەری سەردەمی کۆلۆنیالی یان پاش کۆلۆنیالی بەسەر وڵاتانی موسڵماندا سەپێنراوە. لێرەوەیە لە ڕوانگەی بەرهەڵستیکردن، یان پەیوەندی بە سیکیولاریزمی ئەورووپی داڕێژراوە و گوزارشتی لێکراوە[٢].

---

Here to Modernity: Ernest Gellner on Nationalism and Islamic Fundamentalism," in John A. Hall, The State of the Nation: Ernest Gellner and the Theory of Nationalism (Cambridge: Cambridge University Press, 1998), pp. 258–271.

[1]Sami Selçuk, "Laiklik ve Demokrasi," Türkiye Günlüğü, 56 (Summer 1999), 45–49; Nur Vergin, "Din ve Devlet İlişkileri: Düşüncenin 'Bitmeyen Senfoni'si," Türkiye Günlüğü 72 (2003), 39–44; M. Hakan Yavuz, "The Case of Turkey," Daedalus, Vol. 132:3 (Summer 2003), 59–62.

[2]Marshall Hodgson, "Modernity and the Islamic Heritage," in Marshall Hodgson, Rethinking World History: Essays on Europe, Islam, and World History (Cambridge:

ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی موسڵماندا پاراداکۆسی گەورە ئەوەیە ئاخۆ چۆنچۆنی دەتوانرێ سیکیولاریزم فراوان و بەهێز بکرێ لەپێناو هێنانەکایەی دیموکراسییەکی لیبراڵ؟

لەو ڕووەوە سیاسەت بە شەرعییەتەوە بەستراوە، تورکە موسڵمانەکان چۆن دەتوانن شەرعییەت بۆ سیکیولاریزم لە تورکیا دروست بکەن؟ ئەو ڕیشە کۆمەڵایەتی و فیکرییانە چین کە ڕێگە بە ئەگەری "لێبوردەیی دووسەرە" لە تورکیا دەدەن؟ هۆی ئەوەی دەوڵەتی تورکیا سیاسەتی ئایینی بە دژ لەگەڵ دیموکراسی دادەنێ، ئەوەیە باوەڕێکی بەهێز هەیە کە سیکیولاریزم پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ دیموکراسی. لە حاڵەتی تورکیادا سیکیولاریزەکردن شانبەشانی گۆڕانی ئایینی (یان چاکسازیی ئیسلامیی بەردەوام) پەرەی سەندووە، هەروەها دەتوانین بڵێین سیکیولاریزم لە ئەنجامی دیموکراسییەکی کاراوە شەرعییەتی بەدەست هێناوە.

لە تورکیا سیکیولاریزم تایبەتە بە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئایین و دامەزراوە سیاسییەکان. لە ڕوانگەی موسڵمانانی خاوەن هۆشیاریی سیاسییەوە ئەو جۆرە سیکیویلاریزمەی لە تورکیا پەیڕەو دەکرێ، لەگەڵ ئیسلام ناگونجێ. ئەدەبیاتێکی زۆر هەم لە تورکیا و هەم لە وڵاتانی عەرەبی لە دژی پەیڕەوکردن و

---

Cambridge University Press, 1993), p. 220.

هۆجسۆن پێی وایە مۆدێرنیزەکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کۆمەڵێ ئاڵۆزی دەناسرێتەوە. لە حاڵەتی تورکیادا سیکیولاریزم وەک ئایدیۆلۆژیایەک وەک چاولێکەریی ئەورووپا و بۆ گەیشتنەوە بە خۆرئاوا لاسایی کرایەوە. کۆمەڵگەیەکی لێکترازاوی بەرهەم هێنا لەنێوان دەستەبژێری عەلمانی (غەربزەدە) لە بەرانبەر جەماوەرێکی ئایینی.

Vali Nasr, “Secularism: Lessons from the Muslim World,” Daedalus, 132 (Summer 2003), 68.

ئامانجەکانی سیکیولاریزم هەیە، تەنانەت ئەگەر عەلمانییەتێکی ئینگلوسـﭬتریش پـەیـڕەو بکـرێ ﭬێرژنێکـی ئیحتیواییانـەتـری سـیکیولاریزمیش پیـادە بکـرێ، هێـشتا کۆمـەڵـێ بـەرهـەڵـستیی ئەخلاقی و ئایینی هەر دەمێنن. زۆر لە بڕواداران دژی سەرلەنوێ خوێندنـەوەی ئیـسلامن بـە شـێوەیـەک شـەریعـەت ببـەخـشێتە سیکیولاریزم. ئـەوانـەی بـەرگری لـە "ڕێگـەی نموونـەیـی ژیـان" دەکـەن "وەک تاکـە ژیـان کـە شایـستەی ژیانـە" زۆر شـرۆﭬەی تیۆرییان لە دژی سیکیولاریزم بەرهەم هێناوە.

سـیکیولاریزم دیـاردەیـەکـی ئـەورووپییـە و لـە ئـەزمـوونی ئەورووپییەوە گەشەی کردووە، کە کەنیسە تێیدا باڵادەست بووە. یاخیبوونـە لـە سـتەمـی کـەنیـسەی کاسـۆلیکی کـە ڕۆڵـی عـەقڵ و زانستی پشتگوێ دەخست، جگە لەوەیش، مەسیحییەت مەملەکەتی مرۆﭪ و هیی خودا لێک جیا دەکاتەوە. لە ئیسلامدا کەنیسە نییە، ململانێ لەنێوان عەقڵ و وەحیدا نییە، هەروەها جیاکاری لـەنێوان ڕۆحـی و ماددیدا نییە. بـەم شـێوەیـە، سـیکیولاریزمی غـەربی بـە کـولتـوور و ئـەزمـوونی ئیـسلامی نامۆیـە و نـاتوانرێ بـەسـەر کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا فەرز بکرێ[1].

ئـەوانـەی سـیکیولاریزم بـە تـەواوی ڕەت دەکـەنـەوە دەڵـێن هـەر هـەوڵێـک بـۆ تـەفسیرکردنەوەی ئیـسلام بـە مـەبـەسـتی کردنەوەی فەزایەکی فیکری بۆ سیکیولاریزم بیدعـەیە (bida). ئـەم ڕەوتـە بیرکردنـەوەیـە ئـەو ڕۆشـنبیرانەی بـەرگـری لـە عـەلمانییـەت دەکـەن بـە کـافر (بێبـاوەڕ) یـان دوژمنـی ئیـسلام

---

[1]KevinDwyer, ArabVoices: The Human Rights Debate in the Middle East (Berkeley: Universityof California Press, 1991), p. 63; Alexander Flores, “Secularism, Integralism, and PoliticalIslam: The Egyptian Debate,” in Joel Benning and Joe Stork (eds.), Political Islam: Essaysfrom Middle East Report (Berkeley: University of California Press, 1997), p. 91.

دادەنێ. زیاد لەوەیش، ئیسلامییەکان دەڵێن ئیسلام ئایینێک نییە لە مزگەوتدا قەتیس بکرێ، بەڵکو زیاتر جیهانبینییەکی گشتگیر و گەردوونییە کە هەموو لایەنەکانی ژیان ڕێک دەخا، بە ئابووری و سیاسی و سیستەمی یاساییەوە. بەم پێیە، ئیسلام ناکرێ لە کایەی تایبەتدا تەوق بکرێ.

بە هەرحاڵ، ئەم بۆچوونانە لە لایەن هەندێ لە زانایانی موسڵمانەوە گژبەری دەکرێن کە دەڵێن ئیسلام ئایینێکی گەردوونییە، هەروەها هەمەکی و گشتییە لە کاتێکدا سیاسەت لە بایەخ و ئامانجەکانیدا تایبەت و سنووردارە[1]. بۆ نموونە فەزلوڕەحمان کە پرنسیپەکانی ئیسلام بە سەرچاوەی ڕێنمایی ئەخلاقی دادەنێ، ڕەخنە لە ئیسلامی سیاسی دەگرێ لەسەر "بەکارهێنانی دروشمی (لە ئیسلامدا ئایین و سیاسەت لێک جیا ناکرێنەوە)، کە بەکار دێ بۆ لەخشتەبردنی مرۆڤی ئاسایی بۆ قبوڵکردنی ئەوەی، لەباتی ئەوەی سیاسەتی دەوڵەت خزمەتی ئامانجە دوورمەوداکانی ئیسلام بکا، پێویستە ئیسلام بێت و خزمەتی ئامانجە ڕاستەوخۆ و کورتمەوداکانی سیاسەتی حزبی بکا"[2].

لەو ڕووەوە کۆمەڵگەی تورکی کۆمەڵگەیەکە بەدڵ و گیانە دیندارە و تەوژمێکی ئایینیی بەهێزیش لە وڵاتدا هەیە، دەوڵەت کۆنترۆڵی بەکارهێنان و ڕاڤەکردنی ئیسلامی کردووە و هەندێ ڕاڤەی ڕادیکالانەی پەراوێز خستووە. کەمالییەکان دەڵێن لە ڕوانگەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و داواکانی گرووپە

---

[1]Asma Afsaruddin, "The Islamic State: Genealogy, Myths and Facts," Journal of Church and State, 48 (Winter 2006), 153–173.

[2]Cited in Dale Eickelman and James Piscatori, Muslim Politics (Princeton: Princeton University Press, 1996), p. 53.

ئیسلامییەکانەوە لە تورکیا، دەوڵەت ناتوانێ لە بەرانبەر ڕۆڵی ئیسلام بێلایەن بێ. دەڵێن لەو ڕووەوە مەسیحییەت لەسەر بنەمای "دع ما لقیصر لقیصر وما لله لله" (ئەوەی هیی قەیسەرە بۆ قەیسەری بەجێ بهێڵە، ئەوەیش هیی خوایە بۆ خوای بەجێ بهێڵە) دامەزراوە، بەڵام شەریعەتی کلاسیکیی ئیسلامی ددان بە جیایی ئەو مەملەکەتانەدا نانێ، بەڵکو هەوڵ دەدا سەرجەم بوارەکانی چالاکیی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکا، بوونی فۆرمێک لە سیکیولاریزم پێویستە کە زیاتر جەخت لە کۆنترۆڵکردنی ئایین بکاتەوە، تا جیاکردنەوە.

ئێرنست گیلنەر Ernest Gellner دەڵێ مەسیحییەت ددان بە جیاکردنەوەی مەملەکەتی دنیایی و ئاسمانیدا دەنێ، لە کاتێکدا ئیسلام جەخت لە ئاوێتەکردنی هەردوو کایەی دینی و دنیایی دەکا[1]. پێتەر بێرگەریش پێی وایە بوونی کەنیسە و بیرۆکراسییەتەکەی لە مەسیحییەتدا یارمەتیی پەرەسەندنی جۆراوجۆری کەنیسە و دەوڵەتی داوە، کە ئەوە دواجار یارمەتیی جیاکردنەوەی جیهانی ڕۆحی لە جیهانی زەمەنی داوە[2].

لەو ڕووەوە لە ئیسلامدا کەنیسە نییە، بەدامەزراوەکردنی سەربەخۆی ئایین ڕووی نەداوە.

چالاکی و سیمبۆڵە ئایینییەکان لە یەک تاکە دامەزراوەدا چڕ نەبوونەتەوە و لە لایەن یەک دامەزراوەوە ڕێک نەخراون، بەڵکو لە سەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو بوونەتەوە. بە هەرحاڵ، بەڵگەی ئەزموونی (ئەمبریقی) گژبەریی ئەم

---

[1]Ernest Gellner, Muslim Society (Cambridge: Cambridge University Press, 1981), p. 2.
[2]Peter Berger, The Sacred Canopy: Elements of a Sociological Theory of Religion (New York:Anchor Brooks, 1969), pp. 110–24.

خوێندنەوە جەوهەرانییە بۆ ئیسلام و مەسیحییەت دەکا. سەبارەت بە کایەی سیاسی چەندین جۆری پەیوەندیی ئایینی-سیاسی لە ئیسلام و مەسیحییەتدا هەیە، بۆ نموونە قەیسەری-پاپایی لە کەنیسە ئەرسۆزۆکسییەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر ئاوێتەبوونی هەردوو بواری دینی و دنیایی بە باشتر دەزانی تا جیابوونەوەیان، هەروەها حاڵەتی کەنیسەی ئەنگلیکانی لە شانشینی یەکگرتوویش گژبەریی تاکە مۆدێلە مەسیحی و ئیسلامییەکە لە پەیوەندیی دەوڵەت-ئاییندا دەکا. لە سەردەمی عەباسی (٧٥٠-١٢٥٨)دا بۆ سەرەوە، بۆ سەرجەم ئامانجە پراکیتیکەکان کایە سیاسییەکە سنووری کاروبارە ئایینییەکانیان دیاری کردووە[١].

لەگەڵ ئەوەیشدا لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دامودەزگای ئایینیی سەربەخۆ دروست کران بۆ کۆنترۆڵکردنی چالاکییە ئایینییەکان، هەروەها بۆ هێنانەکایەی ئیسلامێکی دەوڵەت-سەنتەر. ئەم بەدامەزراوەکردنەی ئیسلام ڕێگەی لە سەربەخۆبوونی ئایین گرتووە و ئیسلام هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا ماوەتەوە. ئەم نەریتی کۆنترۆڵکردنی دامەزراوەییە لە سایەی ڕژێمە کۆمارییەکەیشدا لەڕێی دامەزراندنی DRAەوە، بەردەوام بوو. ئەم بەدامەزراوەکردنە دەشێ سەرکەوتنی ڕێژەیی سیکیولاریزم لە تورکیا ڕوون بکاتەوە[٢].

---

[1]Ira Lapidus, “The Separation of State and Religion in the Development of Early Islamic
Society,” International Journal of Middle East Studies, 6 (1975), 363–385.

[2]شەریف ماردینیش باس لە سەرکەوتنی ڕێژەیی سیکیولاریزم لە ڕووی ئەم بەدامەزراوەییکردنە لە لایەن دەوڵەتەوە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەکا. بڕوانە:

### سێ مۆدێلی سیکیولاریزم لە تورکیا

لەم ساڵانەی دواییدا لە تورکیا هەمەجۆری و جیاوازیەکی ڕوو لە گەشە لە بۆچوون سەبارەت بە مانا و ڕۆڵی سیکیولاریزم پەیدا بووە. ئەم هەمەجۆرییە دەرەنجامی ئەو گۆڕانە سۆسیۆ-سیاسییەیە وڵاتەکە لەم دواییەدا بەخۆیەوە دیوە. لانیکەم سێ هەڵوێست لە ناوەندە سیکیولارەکەدا سەریان هەڵداوە، کە بریتین لە: کۆپییەکی سەختگیرانەی کەمالی کە سیکیولاریزمێکی توندڕەوە و جەخت لە "ئازادبوون لە" ئایین دەکا + تێگەیشتنی موسڵمانانی موحافیزەکاری تورکی لە سیکیولاریزم وەک کۆنترۆڵکردنی ئایین + تەسەوری لیبراڵی بۆ سیکیولاریزم کە جەخت لە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئایین دەکا (ئازادیی ئایین). ئەم سێیەم جۆرە لە لایەن دەستەبژێرە بازرگانییە گەورەکەی ئیستەنبوول و هەندێ سیاسی، هەروەها پێکهاتەی عەلەوییەوە داکۆکیی لێ دەکرێ.

یەکەمین مۆدی تێگەیشتن لە سیکیولاریزم کە بە سیکیولاریزمی توندڕەویش ناسراوە، وەک ڕێگەیەکی سەرتاپاگیر بۆ ژیان مامەڵە لەگەڵ سیکیولاریزم دەکا. سیکیولاریستانی توندڕەو کە هاوکات بە لایکچیلەر laikcilerش ناسراون، خۆیان بە ڕۆڵەی ڕۆشنگەری و ئەورووپی دادەنێن کە دژایەتیی ڕۆڵی ئیسلام و مێژووی عوسمانی لە دروستکردنی ناسنامەی تورکیدا دەکەن. ئەم مۆدە کە پێداگری لەسەر گۆڕانی شارستانییانە دەکا لەڕێی عەلمانییەتەوە، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە:

---

Mardin, “Religion and Secularism in Turkey,” in
Ali Kazancigil and Ergun Özbudun (eds.), Atatürk: Founder of a Modern State (Hamden:
Archon Books, 1981), pp. 193–196.

١-سیکیولاریزم وەک "فەلسەفەی تورکیا بۆ ژیان" پێناسە کراوە[1] بە مەبەستی گەیشتن بە ئاستی ولاّتانی ئەورووپی و بە تەواوی خۆ تواندنەوە لەنێو کولتووری ئەورووپیدا. ٢-پەرەسەندنێکی حەتمی هەیە لە کۆمەڵگە دواکەوتوو نەریتی (ئیسلامی)یەکانەوە بەرەو کۆمەڵگەی گەشەسەندووی مۆدێرن (سیکیولار) و سیکیولاریزمیش ئامرازی ئەم مۆدێرنیزەکردنەیە. ٣-سیکیولاریزم ناسنامە و ڕێڕەو بۆ مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگە بۆ دەوڵەت دەستەبەر دەکا، هەروەها ٤-ئیسلام بە سروشت ئایینێکی سیاسییە، لێرەشەوە سیکیولاریزمی تورکی بە هەڵوێستە توندە دژە-ئایینییەکەی لەو کۆمەڵگەیانە جیاوازە کە مەسیحییەت تێیاندا بالاّدەستە[2].

ئەم ڕێبازە پێداگری لەسەر سیاسەتی گشتیی توند دەکا بۆ "پاککردنەوەی کایەی گشتی" لە هەر شێوەیەک لە کاریگەریی ئایینی و بە ڕاڕاییەوە پاڵپشتی لە کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر پەروەردە و ئایینی و دامەزراوە ئایینییەکان دەکا بۆ پاراستنی سیکیولاریزم لە دژی سیاسەتی ئایینی. ئەم گوتارە لەسەر ئەو بیرۆکە ڕۆشنگەرانەیەی پێی وایە دەسەلاّتی یاسا لە عەقڵدایە، دامەزراوە، کە پێچەوانەی دەق یاخود نەریتە ئایینییەکانە. بەکورتی، لە ڕووی ئازادیی عەقڵ یاخود ئازادی لە ئایینەوە پێناسە دەکرێ، کە تێیدا عەقڵ دەبێتە پارێزەری سلوکی ئەخلاقی و سیاسی.

لەم دەیانەی دواییدا، هەندێ دامەزراوەی دەوڵەت، بەتایبەت قەزا، لە وەلاّمی گژبەرییە ئیسلامییە ڕوو لە زیادەکان لە

[1]The TCC’s rulings on the Refah Party case on January 16, 1997, no. 1998/1.

[2]The TCC’s rulings on the Headscarf case on March 7, 1989; no. 1989/12.

کایـــەی گـــشتیدا، لێکدانـــەوەیـــەکـــی تونـــدڕەوانـــەتریـــان بـــۆ سیکیولاریزم پەیڕەو کردووە بۆ ئەوەی " کایەی گشتی لە ئیسلام پاکسازی بکەن".

بڕیـــاری دادگـــەی دەســـتووریی تورکیـــا (TCC) بـــە قەدەغەکردنی سەرپۆش و داخستنی پارتی ڕەفا ڕەنگدانەوەی تێڕوانینـی سـیکیولاریزمی تونـدڕەوە، هـەروەهـا گۆڕانـە لـە تێگـەیـشتنێکی بـالادەسـتەوە لـە سـیکیولاریزم بـە مانـای کـۆنترۆڵکردنی ئـایین، بـۆ ئـازادبوون لـە ئـایین. تێگـەیـشتنی (TCC) لە ئایین لەسەر بناغەی متمانەیەکی سەرسەختانە بە پێشکەوتن و تێگەیشتنی ئەقڵانی لە جیهان دامەزراوە.

ئـەم خوێندنـەوە ئامانجدارە بۆ یاسا TCCی هـان دا تـا یاسا وەک ئامرازێک بۆ هێنانەکایەی کۆمـەڵگـەیـەکی مۆدێرن، پێشکەوتنخـواز و داینـەمیک بـەکار بێنێ، کـە تێیدا ئـەقڵ ببێتە بنەمای ئاڕاستەکار و ئایین بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نەبێ. ئەم چالاکییە دادوەرییە لـەسـەر ئایـدیاکانی ئـەندازیاریی کۆمـەڵایـەتـی دامـەزراوە کـە ڕۆڵێکی گرنگی لە فۆرمەلەکردنی کۆماری کەمالیدا گێڕاوە. بە هـەرحـاڵ کـەمـالیزم، بە پێچـەوانـەی نـەهجـە تونـدەکـەی TCC، پراگماتییـــە بـــە ڕادەیـــەک جـــەخـــت لـــە کردنـــی "پێویـــستییە هەستپێکراو"ەکانی کۆمەڵگەی تورکی و "پرنسیپەکانی سەردەم" دەکا وەک پرنسیپی ئاڕاستەکار بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی.

TCC کاریگـەریی ئـەو هێـزە کۆمـەڵایـەتییانـەی بە توندی ســـنووردار کـــرد کـــە دەیانویـــست "دەســـتتێوەردانـــە مـــۆدێرنیزەکارانـــەکـــان"ی دەوڵـــەت بـــەرتـــەســـک بکـــەنـــەوە. سیکیولاریستە توندڕەوەکان هیچ جۆرە ڕۆڵێکی پێکهێنەرانە لە داڕشتنەوەی ناسنامەی نیشتمانی و بنیاتنانی زمانی ئەخلاقی

لە کایەی گشتیدا بە ئیسلام ڕەوا نابینن. ئەوان زمانێکی سیاسیی خاڵی لە ئیسلامیان دەوێ.

لەم ساڵانەی دواییدا، زیاتر سیستەمی دادگەیە کە بووەتە پاسەوانی سەرەکیی سیکیولاریزمی کەمالی، نەک سوپا. ئەم عەلمانییەتە سەپێنراوە نابێتە مایەی نەهێشتنی خودا لەنێو گفتوگۆی گشتیدا، بەڵکو زیاتر دەبێتە مایەی گەشەکردنی ئیسلام. کولتووری باوی باڵادەست ڕیشەی زیاتر لەنێو ئایدیال و چەمکە ئیسلامییەکاندا چەقیوە. زۆربەی تورکەکان ئایینپەروەرن و باوەڕ بە خودا تێیدا لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی قووڵترە. لەگەڵ ئەوەیشدا، کولتووری گشتیی ڕەسمی دەیەوێ جۆرە توندڕەوەکەی خۆی لە سیکیولاریزم بسەپێنێ، بۆ نموونە TCC ڕایدەگەیەنێ:

"سیکیولاریزم" ڕێگەی شارستانییانەی ژیانە کە دۆگماتیزمی سەدەکانی ناوەڕاست لەناو دەبات و دەبێتە بەردی بناغەی ئەقڵانییەت، زانست، گەشەپێدانی چەمکی ئازادی و دیموکراسی، بوون بەیەک نەتەوە، سەربەخۆیی، سەروەریی نیشتمانی و نموونەی باڵای مرۆڤایەتی. زانستی هاوچەرخ لەئەنجامی هەرەسی شێوە بیرکردنەوەی سکولاستیکیانە سەری هەڵدا و پەرەی سەند. ئەگەرچی لە مانایەکی تەسکدا بە جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کاروبارە ئایینییەکان پێناسە کراوە و بە شێوازی جیاواز تەفسیر کراوە، ئەو بۆچوونەیش لە ڕووی تیۆرییەوە باوە کە پێی وایە سیکیولاریزم لە ڕاستیدا دواین قۆناغە لە پەرەسەندنی فەلسەفی و ڕێکخستنی کۆمەڵگەکان. سیکیولاریزم ڕێکخەرێکی هاوچەرخانەیە بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری کە لەسەر سەروەریی نیشتمانی، دیموکراسی و ئازادی و زانست دامەزراوە. ئەو پرنسیپەیە کە

دەرفەتی ئازادیی دەربڕین و تاکایەتی بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێ، هەروەها ئازادیی ئایین و بیروباوەڕ مسۆگەر دەکا، لەبەر ئەوە دەخوازێ سیاسەت لە ئایین و بیروباوەڕ جیا بکرێتەوە.

لە کۆمەڵگە ئایینییەکاندا ئایدیا و هەڵسەنگاندنە ئایینییەکان بەسەر ڕێکخراوە سیاسییەکاندا زاڵ دەبن و یاساکانیش لەسەر بنەمای ئایین دەبن. لە سیستەمی عەلمانیدا، بە هەرحاڵ، ئایین بە ناسیاسی کراوە و چیتر وەک ئامڕازێکی دەستی حکومەت کار ناکا، بەڵکو گەڕاوەتەوە بۆ شوێنە ئەسڵی و ڕێزگیراوەکەی خۆی و بۆ ویژدانی تاکەکان بەجێ هێڵراوە. پێشکەشکردنی یاسای سیکیولار بۆ کاروبارە مەدەنییەکان و یاسای ئایینی بۆ کاروبارە ئایینییەکان یەکێکە لەو پرنسیپانەی دیموکراسییە هاوچەرخەکانیان لەسەر بنیات دەنرێ. کاروباری گشتی ناکرێ بەگوێرەی یاسا ئایینییەکان ڕێک بخرێ کە ناکرێ ببنە بناغەی یاساکان[1].

بەکورتی، گوتاری قەزایی لە تورکیا بەرهەمی تێگەیشتنێکی ئەقڵانی و نوێیە لە ئایین. TCC نەیتوانی ئیسلام وەک بیروباوەڕ لە ئیسلام وەک ئایدیۆلۆژیا جیا بکاتەوە و ئیسلامی لە دژە-ئایدیۆلۆژیایەکدا لە دژی مۆدێرنیزەکردنی کۆمارەکەدا کورت کردەوە. دادگە لە هەمان حوکمدا دەڵێ:

جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی سیکیولاریزم لە تورکیا هاوشێوەی ئەو وڵاتە ئەورووپییانە نییە. شتێکی سروشتییە کە هەلومەرجی هەر وڵاتێک و تایبەتمەندییەکانی هەر ئایینێک پرنسیپەکانی سیکیولاریزم دیاری دەکەن. لێکچوون یان لێکنەچوونی نێوان ئەو هەلومەرج و تایبەتمەندییانە دەشێ

[1]The TCC's decision to close the Refah Party.

لێکدانەوە و جێبەجێکردنی جیاوازی لێ بکەوێتەوە، ئەویش لەڕێی کارکردنە سەر چەمکی سیکیولاریزم.

ئەگەرچی لە ڕووی تەقلیدییەوە پێناسە کراوە بەوەی جیاکردنەوەی ئایینە لە کاروبارەکانی حکومەت، جیاوازییەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحییەت هەلومەرج و ئەنجامی جیاوازی لە تورکیا و لە وڵاتانی غەربی لێ کەوتووەتەوە. ناکرێ چاوەڕوان بکرێ پرنسیپی سیکیولاریزم بە هەمان مانا و لەسەر هەمان ئاست لەو وڵاتانەدا پەیڕەو بکرێ کە ئایین و مێژوو و ڕێبازی ئایینییان بە تەواوی جیاوازە. ئەمە دەرەنجامێکی سروشتیی جیاوازیی نێوان هەلومەرج و یاساکانە. ئەمە جگە لەوەی سیکیولاریزم تەنانەت لە غەربیش کە هەمان ئایینییان هەیە شێوەی جیاوازی وەرگرتووە. چەمکی سیکیولاریزم لە وڵاتانی جیاوازدا بە شێوەی جیاواز تەفسیر کراوە، هەروەها لە لایەن گرووپی جیاوازەوە و لە ماوەی جیاوازدا بە شێوازی تاکانە تەفسیر کراوە، ئەویش لە ئەنجامی شێوەی بیرکردنەوەیان و هەڵبژاردنە سیاسییەکانیان.

سیکیولاریزم تەنیا چەمکێکی فەلسەفی نییە، بەڵکو هاوکات بووەتە دامەزراوەیەکی یاساییش کە یاساکان پێناسەی دیاری دەکەن. هەلومەرجی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر وڵاتێک کە تێیدا پیادە دەکرێ، کاری تێکردووە. بە هۆی گرنگیی تایبەتی بۆ تورکیا لەبەر پەرەسەندنە مێژووییە جیاوازەکەی، سیکیولاریزم ئەو پرنسیپەیە کە لە لایەن دەستوورەوە پەسەند کراوە و پارێزراوە.

ئەم ئایدیۆلۆژیا سیکیولاریستە باڵادەستە توندڕەوە کە بەزۆری سەرکوتکارانەیە، لە لایەن TCCەوە بەرگریی لێ دەکرێ، شانبەشانی لقەکانی تری قەزا و سوپا، کە دەڵێ "ئایین

بەشی ناوەوەی تاک کۆنترۆڵ دەکا، لە کاتێکدا سیکیولاریزم بەشی دەرەوەی تاک کۆنترۆڵ دەکا[1]. ئەم دابەشکردنە حەدییە لەنێوان ناوەوە و دەرەوە، پێناسەکردنی ئایین بە دژە زانست و دژە ئەقڵ، هەروەها هەوڵدان بۆ قەتیسکردنی ئایین لە کایەی شەخسیدا بەبێ هیچ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی، هەم مایەی سەرهەڵدانی کێشە و هەمیش پەرتەوازەییە.

جیاکاری لەنێوان تایبەت و گشتیدا، کە جەوهەری پێکهاتە و یاسای دەوڵەتی نەتەوەیی نوێیە، بەرهەمی گوتاری لیبراڵییانەی خۆرئاوایە، کە پێی وایە هاووڵاتیی ئازاد مافی بیروباوەڕی تایبەت privateی هەیە کە بە یاسا "پارێزراوە" (و پێناسە کراوە). لە حاڵەتی تورکیادا بە هۆی فشارەکانی مۆدێرنیزەکردن لەسەر کۆمەڵگە، یاسا مانای گشتی publicی فراوان کردووە بۆ نێو هەندێ لە کایە تایبەتەکان تا بیروباوەڕی تایبەتی هاووڵاتییانی "دەستەمۆ و کۆنترۆڵ" بکا.

بەم شێوەیە، ئەم گوتارە هیچ ڕۆڵێکی گشتیی بۆ ئایین نەهێشتووەتەوە. گوتاری دادوەریی تورکی لەسەر پرنسیپە کەمالییەکانی دروستکردنی نەتەوەیەکی هۆمۆجین و دەوڵەتێکی سیکیولار و کۆمەڵگەیەکی خاڵی لە هەر کاریگەرییەکی ئایینی، دامەزراوە. قەزا بە توندی خۆی کردووەتە هاوپەیمانی سوپا، پاسەوانی ئایدیۆلۆژیای کەمالی، بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی کەمالیزم وەک فەلسەفەیەکی گشتی. خاڵی لاوازی سەرەکیی گوتاری قەزا لە تورکیا بێتوانایی بووە لە ئیستیعابکردنی توخمە نائەقڵانییەکانی ئیسلام و هەوڵە بەردەوام و دۆگماکانی بۆ دروستکردنی

[1]Erik Zürcher, The European Union, Turkey, and Islam (Amsterdam: Amsterdam University Press, 2004), p. 94

کۆمەڵگەیەک کە لەگەڵ ڕێنماییە تەقلیدییەکانی کەمالیزمدا بگونجێ. ئەو جۆرە بڕیارە یاساییانە بەشێکی جەوهەرییە لەو جەمسەرگیرییە کۆمەڵایەتییەدا ئێستا لەنێوان ناسنامەی سیکیولار و ئیسلامیدا هەیە[1].

ئەم فۆرمە زبرەی سیکیولاریزم وای لە زۆر گرووپی ئیسلامی کرد بگەنە ئەو باوەڕەی سیکیولاریزم بە شێوەیەکی مەنهەجی بنەما بنچینەییەکانی ئیسلام پێشێل دەکا. هەندێ کەس تەنانەت دەڵێن مافی ئازادیی ئایینی ناکرێ لە جێبەجێکرنی سرووتەکاندا کورت بکرێتەوە. باوەڕیان وایە TCC و دادگەی ئەورووپی تێگەیشتنێکی مەسیحییانە بۆ ئایین بەسەر ئیسلامدا دەسەپێنن لەڕێی سووربوونیان لەسەر ئەوەی ئەرکی ئایینی لە کات و شوێنێکی سنووردا‌ردا جێبەجێ دەکرێ. لێرەوە زۆر لە موسڵمانان عەلمانییەت دژ بە بیروباوەڕ و ئەرکە ئایینییەکانیان دەبینن.

ئەوانە دەڵێن ئیسلام دەیەوێ هاووڵاتییانی لە ڕووی ئایینییەوە هۆشیار پێ بگەیەنێ، تا ڕۆڵێکی چالاکانە لە پرۆسەی سیاسیدا بگێڕن، هەروەها ئەرکی ئەوانە بۆچوونە ئایینییەکانیان بهێننە ناو کایەی گشتی. بەکورتی، لە ڕوانگەی موسڵمانانی دیندارەوە تەفسیری کەمالی بۆ سیکیولاریزم بە سروشتی خۆی مافی ئازادیی ئایینییان پێشێل دەکا.

---

[1] دەستووری ۱۹۲۱ و ۱۹۲٤ ددانی بەوەدا ناوە کە ئیسلام ئایینی دەوڵەتە. ئەم بڕگەیە لە هەموارکردنەکەی ۱۹۲۸دا لابرا، هەروەها سیکیولاریزم لە یاسای ژمارەی ۳۱۱۵ لە شوباتی ۱۹۳۷دا بوو بە ماددەیەکی دەستوور و بنەمایەکی بنچینەیی کۆمارەکە کە قابیل بە هەموارکردن نییە.

دووەم مۆدی تێگەیشتن لە سیکیولاریزم ڕیشەی قووڵتری لەنێو سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگەی تورکی و فەلسەفەی سیاسیی سیستەمەکانی دەوڵەتی عوسمانی و تورکیدا هەیە. ئەم مۆدە سۆسیۆ-سیاسییەی تێگەیشتن لە لایەن پارتە ناوەڕاست و ئایینییە-ڕاستڕەوەکان لە تورکیا داکۆکیی لێ دەکرێ، کە (ئەو تێگەیشتنە) وەک پرۆسێسێک نەک وەک پرۆژەیەک مامەڵە لەگەڵ بەعەلمانیکردن دەکات، کە ڕێککەوتنێکی شێلگیر لەنێوان ئایین و سیاسەت دەخاتە ڕوو کە دەتوانرێ بەگوێرەی پێویستییەکانی کۆمەڵگە لەڕێی دانوستانی دیموکراسییەوە دەستکاری بکرێ.

ئەم جۆرەیان لەسەر چوار گریمانە دامەزراوە: ١-ئیسلام سەرچاوەی ناسنامە و ئەخلاقی تورکییە و پێویستە ڕۆڵی لە پێشینەی هەبێ لە کۆمەڵگەدا، بەڵام نەک لە دەوڵەتدا. ٢-ئەخلاق و تۆڕە ئیسلامییەکان بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی و چالاکیی ئابووری بەسوودن. ٣-دەوڵەت پێویستە لە قوتابخانە گشتییەکاندا پەروەردەی ئایینی (سوننی-حەنەفی-ماتوریدی) دابین بکا، هەروەها پێویستە DRA بەگوێرەی پێویستییەکانی دەوڵەت پارێزگاری لە چالاکییەکانی بکا. ٤-پێویستە یەکێتیی پان-ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەوەدا سوودی لێ وەربگیرێ، هەروەها پێویستە تورکیا بچێتە یەکێتیی ئەورووپا، نەک بۆ ئەوەی تێیدا بتوێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی شارستانێتیی ئیسلامی لە شوێنانی تریش جارێکی تر ببوژێتەوە.

بە لای موسڵمانانەوە، یان ئەوانەی پاڵپشتی لە پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکان دەکەن لە تورکیا، ئیسلام ڕۆحی وڵات و توخمێکی جەوهەریی ناسنامەی تورکیایە و پێویستە ڕێزی بگیرێ و سوودی لێ وەربگیرێ.

مێژوو و زاکیره و ئەرکی تایبەتی تورکیا ناتوانرێ لە مێژووی ئیسلام و عوسمانییەکان جیا بکرێنەوە.

ئەوانەی ئەم جۆرە سیکیولارە برەو پێ دەدەن و داکۆکیی لێ دەکەن، خۆیان بە نەوەی میراتی سەلجووقی و عوسمانی دەبینن و هەوڵ دەدەن ئیسلام و زانست ئاشت بکەنەوە و هەستێکی قووڵی هاوبەشیان لە ڕووی زاکیرە و ئەرکەوە هەیە، کەواتە مشتومڕەکە لەسەر ڕۆحی تورکیا و ئەو شتەیە کە نەتەوەی تورکی پێکدێنێ. لە ڕاستیدا ئەمە ململانێیەکی ئایینی نییە، بەڵکو زیاتر سیاسییە: سەبارەت بە سروشتی ناسنامە و ڕۆڵی سیاسییانەی قووڵی تورکیایە.

لەنێو پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکاندا هەستێکی هاوبەش هەیە کە کایەی گشتی لە ئەنجامی پاشەکشەی بەها ئەخلاقییەکان و زاڵبوونی هەڵوێستی گەڕان بەدوای بەرژەوەندیی شەخسی و تایبەتدا، ڕووت بووەتەوە. خەڵک بەردەوام سکاڵایانە کە بەهاکان لە سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و پیشەکاندا نەماون. ئەگەرچی ململانێیەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندی و دەسەڵات لە ئارادایە، بەڵام ململانێی قووڵتر لەم کۆمەڵگەیەدا بریتییە لە ململانێ لەسەر بەها و ناسنامەکان لە لایەک و دیموکراسی و سیکیولاریزم لە لایەکی ترەوە.

سەرکەوتنی ئاکەپە لە هەڵبژاردندا پەیوەستە بە گەڕان بەدوای سیستەمێکی نوێی بەهادا و سەرکەوتنی دیموکراسی بەسەر سیکیولاریزمی توندڕەودا. ئەم ململانێیە لەسەر بەهاکان نابێ سەربکێشێ بۆ پارچە پارچەبوونی نەسیجی کۆمەڵایەتی، کە دەکرێ تورکیا ناچار بکا عەقدێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لەنێو دامەزراوەکاندا دابنێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ

هەمەجۆریی بەهاکان، هەروەها تێگەیشتنێکی دیموکراسیانەتر لە سیکیولاریزم گەشە پێ بدا.

بەکورتی، تێگەیشتنی تورکی-موسڵمان لە سیکیولاریزم لەسەر سێ تایبەتمەندیی سەرەکی دامەزراوە: ١-پێویستە دەوڵەت لە پەروەردەی ئایینی بگرێتە ئەستۆ و پەرەی پێ بدات و ئەخلاقی ئایینی بسەپێنێ. ٢-ئیسلام، بە لای موسڵمانە تورکە عەلمانییەکانەوە، بەشێکی دانەبڕاوە لە ناسنامەی تورکی و پێویستە ئیسلام لە نێو ناسنامەی نەتەوەیی و هەروەها سیاسەتی دەرەوەدا جۆش بدرێ. ٣-تورکەکان بە سەیفولئیسلام (شمشێری ئیسلام) دانراون تەنانەت لە لایەن زۆر لە سیاسییە ناسیونالیستەکانیشەوە.

ململانێی نێوان دوو تێگەیشتنەکەی یەکەم لە عەلمانییەت (سیکیولاریزم) لەوە قووڵترە کە دێتە پێش چاو، ململانێیە لەنێوان خواستەکانی ژیانێکی ئەخلاقییانەی ڕیشە ئایینیی کۆمەڵگە لە لایەک و خواستەکانی پرنسیپە کۆمارییەکانی کۆمەڵگەیەکی سیکیولار (خاڵی لە ئایین) کە تێیدا زانست دەبێتە تاکە پرنسیپی ڕێکخەر لە لایەکی ترەوە. لێرەوەیە، گفتوگۆ و مشتومڕ لەسەر پەیوەندیی نێوان ئایین و سیاسەت بە توندی تورکەکان دابەش دەکا. لە کاتێکدا هەندێ گرووپی ئیسلامی بە ئاماژەدان پاشەکشەی ئەخلاقی، پێیان وایە کۆمەڵگە خوای لە بیر کردووە، هەندێکی تر لەوە دەترسن هەم حکومەت -بەتایبەت هێزی پۆلیس- و هەم کایەی گشتی بکەونە ژێر دەسەڵاتی هێزە پرۆ-ئیسلامییەکانی وەک ئاکەپە و جەماعەتی گیولەن Gülen.

مۆدی سێیەمی سیکیولاریزم کە لە لایەن هەندێ خەڵکی لیبراڵ و هەندێ ئەندامی پێکهاتەی عەلەوییەوە کاری بۆ

دەکرێ، داوای ڕێکخستنێکی نوێیە پەیوەندیی نێوان ئایین و سیاسەت دەکەن لە ڕووی بە تەواوی لێک جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت. ئەم ڕێچکەیە زیاتر جەخت لەسەر ئازادیی سیاسی دەکا تا ئازادیی ئایینی. خەمی سەرەکییان ئەوەیە سیاسەت لە مشتومڕە ئایینییەکان ڕزگار بکەن تا سیاسەت بکەنە ڕێگەیەک بۆ گفتوگۆ و بڕیاردان لە یاسا ئەخلاقییە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە. هەموو کۆکن لەسەر دوورخستنەوەی دەوڵەت لە کاروبارە ئایینەکان، بەڵام هەندێکیان، بەتایبەت پێکهاتەی عەلەوی، پاڵپشتی لە ئازادیی ئایینی دەکەن (مەزهەبی عەلەوی) لە سیاسەت، هەروەها لە تێگەیشتنی باڵادەستی سوننی لە ئیسلام. ئەم هەڵوێستە لە لایەن گرووپێک لە ڕووناکبیران لەژێر چەتری کۆمەڵەی کۆمەڵگەی ئازاد لە تورکیاوە پەرەی پێ دەدرێ.

ئیسلام بووەتە سەرچاوەی سەرەکیی ئەخلاق و ناسنامە بۆ زۆربەی خەڵکی تورکیا. هەنگاونان بۆ خولقاندنی کایەیەکی سیاسی و گشتی کە لە هەر فۆرمێکی ناسنامە و ئەخلاقی ئیسلامی ڕەها بن، کارێکی ئاسان نییە و هەمیشە سەرچاوەی گرژییەکی بەردەوام بووە. TCC لە بڕیارەکەی سەرەوەیدا هەوڵی دا کایەی سیاسی لە کاریگەریی ئایین پاک بکاتەوە. بە هەرحاڵ، سەرەڕای ئەو لێدوانانەی TCC کایەی گشتیی تورکیا و پرۆسەی سیاسی بە شێوەیەکی ڕیشەیی لە گۆڕاندان، وەک لە بوونی حکومەتی AKP و فۆرمەلەبوونی زمانێکی نوێی سیاسیدا دیارە.

بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان سیکیولاریزم و دیموکراسی، ئیسلام و دیموکراسی، حاڵەتی حکومەتەکەی AKP، بە پاشخانەکەی لە چالاکیی ئیسلامیدا، زۆر گرنگە.

## عەلمانییەتی ئاکەپە:
## نە "جیاکردنەوە" نە "کۆنترۆڵ"

ئاکەپە جەخت لە عەلمانییەتێک دەکا کە دیموکراسییانە گفتوگۆی لەبارەوە بکرێ. دۆخی زەینی سیاسییەکانی ئاکەپە دابەش بووە. ئەوان ناچارن لەگەڵ عەلمانییەتی کەمالی خۆ بگونجێنن لە کاتێکدا لە ناوەوە سیاسەتی ئەوتۆ پەیڕەو دەکەن کە بنکۆڵی دەکا. لێرەوە، توقیەی سەرەکی (خۆپەنادانی خۆپاریزانە) لە کایەی سیاسیدا ڕوو دەدا، بە شاردنەوەی باوەڕە ڕاستەقینەکانی و خۆپیشاندان وەک گونجاو لەگەڵ سیکیولاریزمی ڕەسمیی کەمالی، تا خۆی لە تاوانبارکران دوور بخاتەوە. ئەمە لە وتارێکی سەرۆکوەزیران ئەردۆگاندا ڕەنگی دایەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە عەلمانییەت (سیکیولاریزم) پێناسە دەکاتەوە:

سیکیولاریزم وەک گەرەنتیی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی، چەمکێکە دوو ڕەهەندی هەیە. ڕەهەندی یەکەمی سیکیولاریزم ئەوەیە نابێ دەوڵەت بەگوێرەی یاسا ئایینییەکان دابمەزرێ. ئەمە سیستەمێکی یاسایی تۆکمە و یەکخەر و یەکگرتوو دەخوازێ. ڕەهەندی دووەمی سیکیولاریزم ئەوەیە پێویستە دەوڵەت بێلایەن بێ و هەمان دوورایی لە سەرجەم باوەڕە ئایینییەکانەوە دوور بێ و ببێتە زامنی ئازادیی ئایین و بیروباوەڕی تاکەکان. لە ماددەی دووەمی دەستووردا کە ناوەرۆکی سیکیولاریزمی دیاری کردووە ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە سیکیولاریزم مانای ئیلحاد atheism نییە، بەڵکو زیاتر مانای ئەوەیە هەر تاکێک مافی هەیە ئایین و مەزەبی خۆی هەبێ، مافی ئازادیی ئەنجامدانی ئەرکە ئایینییەکان و مافی مامەڵەی یەکسان لە بەردەم یاسای هەبێ،

بە چاوپۆشین لە بیروباوەڕەکەی. لەبەر ئەم خەسڵەتانە، سیکیولاریزم پرنسیپێکی دامەزرێنەر و یەکخەری کۆمارە. بڕیارە دروستەکانی مستەفا کەمال هەر لە ڕۆژانی بزوتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانییەوە و ئەو چەمکانەی ڕەنگدانەوەی ئەو بڕیارانەن، کە ئەوانیش بە تەواوی لە لایەن نەتەوەکەمانەوە پەسەند کراون، هەروەها چەمکی تەواو یەکخەرن پێویستە بەجۆشوخرۆشەوە بپارێزرێن. من باوەڕم وایە پێویستە ئێمە وریا بین و ئەم چەمکە یەکخەرانە (سیکیولاریزم) نەگۆڕین بۆ ناوچەی "ململانێی کۆمەڵایەتی". لەبەر ئەم هۆیە بۆ ئێمە زەرووره مانا، هەروەها ڕۆحی چەمکەکان بپارێزین[1].

لەبەر ئەوەی سەرجەم حزبە ئیسلامییەکانی پێشوو بە تۆمەتی ئەنتی-سیکیولاریزم داخراون، سەرکردایەتیی AKP زۆر بە حەزەرەوە قسە و پرسیار لەبارەی سیکیولاریزمەوە دەکا. سەمەرەکە ئەوەیە ئەردۆگان دەبێ بەرگری لە سیکیولاریزمی کەمالی بکا لە کاتێکدا ڕەخنەیشی لێ دەگرێ.

دیارترین گژبەری کە ڕووبەڕووی AKP دەبێتەوە ئەو کۆتوبەندانەیە دەوڵەتی کەمالی لەسەر جموجوڵی ئایینی داناون. ئەو کۆتبەندانە وای کردووە بۆ ئاکەپە زۆر ئاستەم بێ چاوەڕوانییە بەرزەکانی زۆر لە لایەنگرانی سەبارەت بە ئازادییە ئایینییەکان و دداننان بە ڕۆڵی ئیسلام لە کایەی گشتیدا بەدی بێنێ. ئەگەرچی AKP چەند هەنگاوێکی بۆ باشترکردنی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان هاویشت و دەستووری هەموار کرد، بەڵام تا ئەمڕۆیش هێشتا ناتوانێ چاوەڕوانییەکانی جەماوەرە دەنگدەرەکەی لەبارەی بابەتی

---

[1] Radikal, May 16, 2006.

سەرپۆش[1] و بەرگریکردن لە قوتابییانی قوتابخانەکانی پێگەیاندنی ئایینی (ئیمام و خەتیب Imam Hatip) بەدی بێنێ.

ئاکەپە وای زانی دەتوانێ بە خۆنزیککردنەوە لە EU و پیادەکردنی داواکانی مافە ئایینییەکانی دەنگدەرە بنچینەییەکانی بەدی بێنێ. بە هەرحاڵ، بڕیارەکەی دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ سەبارەت بە بابەتی سەرپۆش و پاڵپشتیی ئەورووپا لە ئامانجی کەمالیزم لە هێشتنەوەی ئایین لە دەرەوەی کایەی گشتی، تا ڕادەیەک بەدگومانی بەرانبەر پرۆسەکەی EU دروست کردووە و زۆر لە لایەنگرانی ئاکەپە خەریکە دەپرسن ئاخۆ لە ئامانجی ڕاستەقینەی AKP چییە لەوەی دەبێتە ئامرازێک بۆ برەودان بە بەخۆرئاواییکردنی وڵات لەسەر حسابی بەها ئیسلامییە کلاسیکییەکان.

بە دەربڕینێکی تر، دەکرێ کەسێک دیموکراسیی موحافیزەکار وەک ڕێگەیەک ببینێ بۆ کرانەوەی بەها موحافیزەکارانەکانی کۆمەڵگەی تورکی لە بەردەم گفتوگۆی دیموکرات و یاساییدا. سەیر لەوەدایە پابەندیی بێ ئەملاوئەولای ئاکەپە بە پرۆسەکەی EUـەوە، هەم ئامرازێکە بە هۆیەوە دەتوانێ کاریگەر بێ، هەم بەربەستێکیشە لە بەردەم هاویشتنی هەر هەنگاوێک بەرەو ئەگەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئایین و دەوڵەت.

ئەو مشتومڕەی لەنێوان AKP و دامەزراوەی کەمالیدایە لەسەر سیکیولاریزم لە دژی سیۆکراتیی ئیسلامی نییە، بەڵکو زیاتر لەسەر مانا و ڕۆڵی سیکیولاریزمە. ئاکەپە وەک زۆربەی حزبە ڕاستی ناوەڕاستەکان داکۆکی لەوە دەکا کە

[1] چەند ساڵێکە ئەو قەدەغەیە لەسەر سەرپۆش نەماوە. (وەرگێڕ)

سیکیولاریزم سیاسەتێکی سەرتاپاگیری گشتیی نییە کە بیەوێ شێوەی ژیانی ڕۆژانە یان ناسنامە بۆ هاووڵاتییان دروست بکا، بە پێچەوانەوە، بنەمایەکی دەستوورییە بۆ پاراستنی ئازادی و مومارەسەی ئایینی لە دژی دەوڵەت دانراوە.

ئەم خوێندنەوەیە بۆ عەلمانییەت ناوەڕۆک و خواستە فروانخوازیەکانی ئیسلام و هەوڵی ئیسلامییەکان بۆ سنووردارکردنی بیرکردنەوەی گشتی لە چوارچێوەی ڕێسا ئایینییەکاندا، فەرامۆش دەکا. لە دۆخی تورکیادا، سەمەرە ئەوەیە سیکیولاریزم هەم پێشکەوتنخواز و هەم دەسەڵاتگەرایشە. سێکتەری دامەزراوەی کەمالی لە ژمارەیەک تاقمی ڕکابەر پێک دێ، کە لەوانەوە دەست پێ دەکا شەش پرنسیپەکەی کەمالیزم (ناسیونالیزم، سیکیولاریزم، پۆپیولیزم، ئێتاتیزم، ڕیڤۆلیوشنیزم و ڕیپەبلیکانیزم) بە "پیرۆز" دەبینن، تا دەگاتە ئەوانەی پرۆژەی کەمالی بە ئامرازێک دادەنێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی باڵای ئاستێک لە شارستانێتیی جیهانی: واتە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی لیبراڵ دیموکرات و لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەسەندوو.

بولەند ئارینچ سەرۆکی پەرلەمان تێگەیشتنێکی جێمشتومڕتری بۆ سیکیولاریزم لەنێو سەرکردایەتیی ئاکەپەدا فۆرمەلە کردووە، کاتێ لە وتارێکیدا لە پەرلەمان لە ٢٠٠٦دا ڕەخنەی لە پیادەکردنی سیکیولاریزم گرت. بویوکانیت Büyükanıt سەرۆکی ئەرکانی گشتی وتارەکەی ئارنچی بە گژبەری بۆ سروشتی عەلمانییانەی کۆمار لەقەڵەم دا.

ئارینچ گوتی:

هەموو گەنگەشەکان لە لێکدانەوەی جیاوازەوە بۆ پرنسیپەکانی سیکیولاریزم سەرچاوە دەگرن. لە ئەنجامی ئەو

لێکدانەوە جیاوازانەدا لە هەر فەترەیەکدا پیادەکردنی جیاواز بینراون و مشتومڕی زۆر سەبارەت بە کایەی گشتی کراون. کایەی گشتی ئەو شوێنەیە هاووڵاتییان دەتوانن خەم و بایەخدانە هاوبەشەکانیان بە یەکسانی و ئازادانە گەنگەشە بکەن. واتە ئەو کایەیە تێیدا مافەکانی هەر تاکێک بەبێ جیاکاری پارێزراون و هەر کەسێک لەو مافانە بەهرەمەند دەبێ و هەست بە ئازادی دەکا. ئەرکی سەرەکیی دەوڵەت پاراستنی ئاسایشی کایەی گشتی و دڵنیابوونە لەوەی مافەکان بە یەکسانی بۆ هەموان دەستەبەرن. پێویستە بەرژەوەندیی گشتی وەک بەرژەوەندیی خەڵک پێناسە بکرێ، نەک وەک بەرژەوەندیی دەوڵەت. دەوڵەت خاوەنی کایەی گشتی نییە، بەڵکو پاسەوانیەتی. ئەم پاسەوانییە دەستەبەرکردنی یەکسانی و دابەشکردن و بەدەستهێنانی دادپەروەرانەی خزمەتگوزارییەکان بۆ هەموو تاکێک لەخۆ دەگرێ. هەر کاتێ ئازادی و مافەکان بە لای گرووپ یان سێکتەرێکی دیاریکراودا شکانەوە، ئەم پارێزەرییەی دەوڵەت دەستبەجێ دێتە سەر تەختی شانۆ تا ڕێگە لەو ناعەدالەتییە بگرێ. دەوڵەت ناتوانێ ئەو مافانەی هیی هەموو کەسن، لە توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە قەدەغە یان سنووردار بکا. لێرەوە وەک خاڵی سەرەتا، گرنگە جیاوازیی لێکدانەوەکان بۆ عەلمانییەت بخرێتە کارنامەوە. ئەو ماددەیەی تایبەتە بە سیکیولاریزم ماددەیەکە قابیل بە هەموارکردن نییە لە دەستوورەکەماندا، بۆ هەتاهەتایە دەمێنێ، بەڵام گرنگە کۆتایی بە جیاوازیی لێکدانەوەکان (بۆ سیکیولاریزم) کە لەسەر بنچینەی کولتوورە کۆمەڵایەتییەکەمان و بارودۆخی ئارا دامەزراون، بهێنرێ.

پێویستە سیکیولاریزم وەک میکانیزمی ئاشتی و سازشی کۆمەڵایەتی تەماشا بکرێ. سیکیولاریزم بێلایەنبوونی دەوڵەت لە بەرانبەر باوەڕ (ئایین) دەخوازێ و ئەرکی سەرەکیی ئەوەیە بوار بۆ ئازادیی باوەڕ و عیبادەت بڕەخسێنێ.

دەوڵەت ئەو دەزگایەیە ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات و بە دوورییەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ باوەڕەکان دەکا. کێشە تەنها لەو قۆناغەدا سەرهەڵدەدا. پێویستە دەوڵەت مافی تاکەکان بۆ مومارەسەکردنی باوەڕە ئایینییەکانیان مسۆگەر بکا، کەچی مافی ژیان لە هەندێ بیروباوەڕ و مافی دەربڕین لە کایەی گشتیدا سنووردار دەکا. ئەوەیش بە ناوی سیکیولاریزمەوە دەکا، کە ئەوە لە زانستی سیاسیدا دژیەکییەکی گەورەیە. ئەم دژیەکییە ساڵانێک ئاشتیی ناوخۆیی تورکیای تێکداوە و هەندێ کێشەی خولقاندووە کە هەرگیز نابڕێنەوە. ئەمە ئەو دژیەکییە لە جیاوازیی لێکدانەوەکانەوە هاتووە و پێویستە لە لایەن ڕووناکبیر و سیاسی و ئەکادیمییەکانەوە پێکەوە چارەسەر بکرێ[1].

---

[1] وتارەکەی بولەند ئارینچ لە ٨٦ەمین ساڵیادی دەسپێکی ئەنجوومەنی باڵای نیشتمانی تورکیا. ٢٣ی نیسانی ٢٠٠٦.

وتارەکەی ئارینچ هەرایەکی گەورەی لەناو دەوڵەتدا نایەوە و بویوکانیت وتارێکی توندی لە دژی ئارینچ دا و جەختی لەوە کرد ئیسلامگەراکان هەڕەشە لە دەوڵەتە عەلمانییەکە دەکەن. پرسیی: "ئایا خەڵک لە تورکیا ناڵێن عەلمانییەت پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە (وەک ئاماژە بۆ ئارینچ). ئایا ئەو خەڵکانە باڵاترین پۆستەکانی دەوڵەتیان لەژێر دەستدا نییە؟ ئایا ئایدیۆلۆژیای ئەتاتورک، دامەزرێنەری کۆمار، لەژێر هەڕەشەدا نییە؟... ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە "بەڵێ" بێ، کەواتە ئیسلامگەرا کۆنەپەرستەکان بوونەتە هەڕەشە.

وتارەکەی بویوکانیت لە ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا بوو.

شیکردنەوەی وردی گوتارەکەی ئارینچ تەسەوری ئەو بۆ دەوڵەت و سیاسەت و سیکیولاریزم دەردەخا. بە لای ئارینچەوە پێویستە دەوڵەت ئامڕازێک بێ بۆ خزمەتکردنی خەڵک، هەروەها پێویستە بەگوێرەی بۆچوونە سیاسییەکانی زۆرینە بنیات بنرێ. تێگەیشتنەکەی لە سیاسەتی دیموکراتی سازانئامێز نییە، بەڵکو زیاتر زۆرینانەیە، کە دەشێ تەنانەت دامەزراندنی "دەوڵەتێکی ئیسلامی"ش لەخۆ بگرێ ئەگەر هاتوو زۆرینە پاڵپشتییان کرد.

تەنانەت تێگەیشتنی لە سیکیولاریزمیش هەر سەر بە کێشەیە لەو ڕووەوە سیکیولاریزم بە "سازشی کۆمەڵایەتی" social compromise یان "بێلایەنیی دەوڵەت لە بەرانبەر ئایینەکان" و "ڕێگەدان بە بڕواداران کە بۆچوونە ئایینییەکانیان لە کایەی گشتیدا دەرببڕن" وەسفی دەکا.

مرۆڤ بە لایەوە سەیرە ئەم سازشە کۆمەڵایەتییە چۆنچۆنی بەدی دێ و ئاخۆ پێویستە مافی کەمینە بپارێزێ، یان زۆرینە. ئەگەر زۆرینەی دانیشتوان موسڵمان و گرووپە ئیسلامییە سیاسییەوە ڕێکخراوەکان بەهێزتر بن، ئایا مانادارتر نییە ئەگەر ئەو سازشە بۆ پاراستنی بۆچوون و شێوەژیانەکانی کەمینە دروست بکرێ؟.

هەروەها ئارینچ بە پاڵپشتیکردن لە "بێلایەنیی دەوڵەت لە بەرانبەر ئایین" خۆی لە میراتی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا بێئاگا دەکا، زیاد لەوەیش ئەو ڕوونی نەکردۆتەوە مەبەستی لە "بێلایەنی" چییە؟!. بە لەبەرچاوگرتنی چالاکییە سیاسییەکانی لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسیدا، تێگەیشتنی لە ڕێگەدان بە

بڕواداران بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان لە کایەی گشتیدا دەشێ مانای دروستکردنی هێزی ئایینی-سیاسی بێ لە وڵاتدا بگەیەنێ. جا ئایا ئەمە "ئاشتی و سازشی کۆمەڵایەتی" بنکۆڵ ناکا؟!.

ئارینچ و زۆر سیاسیی تری ئاکەپە کاتێ ڕەخنە لە عەلمانییەتی تورکیا دەگرن ئاماژە بۆ تێڕوانینی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ عەلمانییەت دەکەن. بە هەرحاڵ، ئەم بەراوردکردنە بەسوودە، بەڵام لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە حاڵەتی تورکیا یارمەتیدەر نییە. لە ڕاستیدا جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و تورکیادا لە تێگەیشتن و مومارەسەکردنی سیکیولاریزمدا هەیە[1].

ئایا تورکیایەکی موسڵمانی ژێر کاریگەریی میراتی عوسمانی، کە نە ئەزموونی چاکسازیی پرۆتیستانتی و نە شۆڕشی پیشەسازی هەیە، دەتوانێ هەمان فۆرمی سیکیولاریزم تاقی بکاتەوە؟ کەی و لە سایەی چ هەلومەرجێکدا تێگەیشتن و مومارەسەکردنەکانی سیکیولاریزم جیاواز دەبێ؟ لەو کۆمەڵگەیانەی ئایین و دابونەریت تێیاندا باڵادەستە، دەوڵەت زیاتر بەو ئاڕاستەیە کار دەکا کە خۆی بداتە پاڵ سیکیولاریزم لە دژی کاریگەرییەکانی ئایین. بەتایبەت ئەگەر پلورالیزمێکی ئایینییانەی بەدامەزراوەکراو نەبێ دەوڵەت هیچ چاری نییە و هەر دەبێ پاڵپشتیی ڕەسمی و ئایدیۆلۆژی بۆ قووڵکردنەوەی سیکیولاریزم دەستەبەر بکا.

بڕیارەکانی TCC ئەو دەرەنجامەیان تێدایە کە دیموکراسی و شێوەژیانی مۆدێرن دەخوازن بڕواداران دەستبەرداری

[1]Jose Casanova, Public Religion in the Modern World (Chicago: University of Chicago Press, 1994).

باوەڕەکانیان ببن. سەرکردایەتیی ئاکەپە بەرهەڵستیی بڕیارەکانی TCC دەکا لەو ڕووەوە پێی وایە نابێ چالاکییە سیاسییەکانی خەڵکانی ئایینپەروەر و بەکارهێنانیان بۆ تۆڕە ئایینییەکان لە سیاسەتدا سنووردار بکرێ. گوتاری ئاکەپە زۆر نزیکە لە بۆچوونەکەی ڕۆبێرت ئودی Robert Audi کە پێی وایە پێناسەی سیستەمی حوکمی عەلمانی لەسەر سێ بنەما دامەزراوە[1]: بنەمای "لێبوردەیی": حکومەت لە پاراستنی ئازادییە ئایینییەکانی هاووڵاتییانی بەرپرسیارە + بنەمای "دووریی یەکسان": دەبێ بە هەمان دووری لە هەموو ئایینەکانەوە بوەستێ + بنەمای "بێلایەنی": دەوڵەت نابێ نە دەست بخاتە کاروبارە ئایینییەکان و نە پاڵپشتی هیچ ئایینێک بکا[2].

ناکۆکییەکی گەورە لەنێوان گوتار و مومارەسەی حکومەتەکەی ئاکەپەدا هەیە. ئەگەرچی گوتاری AKP لیبرالانەیە، بەڵام مومارەسەکانی زۆر تایفییانە و نالێبوردەیە بەرانبەر بیرکردنەوە جیاوازەکان لە ئیسلامدا.

ئەگەرچی دەشێ حکومەتی ئاکەپە جیاکاری بەرانبەر هیچ گرووپێکی ئایینی نەکا بە کەمینەی عەلەوییشەوە، بەلام هەرچۆن بێ، پێناسەی AKP بۆ ئیسلام تەنها لە ڕوانگەی تێگەیشتنی مەزهەبی سوننی-حەنەفییەوەیە. زیاد لەوەیش، AKP دەرک بە جیاوازیی گەورەی نێوان لۆژیکی ئایینی و سیکیولار ناکا. گوتاری لیبراڵییانەی ئاکەپە لە ڕاستییەکانی

---

[1]Robert Audi, Religious Commitment and Secular Reason (Cambridge: Cambridge
University Press, 2000), p. 26.
[2]R. Audi and N. Wolterstorff, Religion in the Public Square (Lanham, MD: Rowman and
Littlefield, 1997), p. 38.

تورکیا دابڕاوە، کە تێیدا میراتی مێژوویی دەوڵەتی عوسمانی و ئیسلامە بەسیاسیکراوەکەی ڕێککەوتنێکی جیاواز لەنێوان ئایین و سیاسەت دەخوازێ.

لێکۆڵینەوەی ورد لە سیاسییەتەکانی AKP دەریدەخا ئەو پارتە دەیەوێ ئایین ڕۆڵێکی گرنگ لە سیاسەتدا ببینێ، هاوکات تەنها (ئیسلام)ی سوننی-حەنەفیی لە لا پەسەندە.

**ناوچە جێمشتومڕەکانی سیاسەتی عەلمانی**

لە سایەی حکومەتی ئاکەپەدا، مشتومڕی سەرەکی لەبارەی سیکیولاریزم خەریکە بڵێین بە تەواوی لەبارەی خوێندنی ئایینی و پرسی سەرپۆش چڕ بووەوە. قوتابخانەکانی ئیمام خەتیب، کە بەپێی مادەی ٤ لە یاسای یەکسختنی خوێندن، ژمارە ٤٣٠، هەروەها ماددەی ٣٢ لە یاسای خوێندنی نیشتمانی ژمارە ١٧٣٩ دامەزراوە، سەرەتا لە لایەن دەوڵەت بۆ پێگەیاندنی پێشنوێژان (وتاربێژانی مزگەوت) دروستی کردن[1]. ئەو قوتابخانانە گۆڕان بۆ قوتابخانەی گشتیی نیزامی بە ئامانجێکی تریشەوە، کە بریتی بوو لە ئامادەکردنی منداڵانی خێزانە دیندار و موحافیزەکارەکان بۆ خوێندنی باڵا. لە ١٩٩٠ەکانەوە ئیتر هەروەکە کۆمەڵێ قوتابخانەی پیشەیی بۆ ئامانجی پێگەیاندنی فەرمانبەرانی ئایینی نەمانەوە، بەڵکو زیاتر بوونە لانەیەکی گەرمی ئایینی بۆ ئامادەکردنی قوتابییان بۆ خوێندنی باڵا، بەتایبەن لە یاسا و زانستی سیاسیدا.

ئەو قوتابخانانە، کە وەک بەشێک لە مەنهەج هەم ئایین و هەم زانستی سروشتی دەخوێنن، لەڕێی بەخشینی تایبەتەوە

---

[1]Mehmet Ali Gökaçtı, Türkiye’de Din Eğitimi ve İmam Hatipler (Istanbul: İletişim, 2005).

دروسـت کـراون و وەزارەتـی پـەروەردە سـتافی بـۆ دابـین کـردوون. زۆربـەی خێزانـە موحـافیزەکـارەکـان منداڵـەکانیـان دەنێرن بۆ ئەو قوتابخانانە[1].

ئـەو جۆرە قوتابخانانـە، بـە هـۆی پرۆگرامـە هـەم ئاشـکرا و هـەم شـاراوەکـەیانـەوە، بوونـەتـە پـەرەپێـدەر و هانـدەری شـێوەژیـانێکی ئیـسلامی. لـە نـاوەڕاسـتی ١٩٩٠ەکانـەوە قوتابخانـەکـانی ئیمـام خـەتیـب وەک "گـۆڕەپـانی پـشتەوە"ی ئەسلەمەکردنی کۆمەڵگە لە لایەن ئەربەکانەوە بەرگرییان لێ کراوە.

لـە ڕاسـتیدا جیـاوازیکردن لـەنێـوان قوتابخانـە سـیکیولار و ئیمـام خـەتیبـەکانـدا گرژییـەکـی گـەورەی لـەنێـو سیـستەمـی پەروەردەدا دروست کرد و بووە مایەی توندکردنی دوو جۆرە دژبەیەکەی مێژوو، مۆدێرنێتە و ناسنامەی نەتەوەیی. تا ١٩٩٧ دەرچـوانی ئـەو قوتابخانانـە دەیـانتوانی تاقیکردنـەوەی زانکـۆ بکـەن و بخـوێنن تـا ببنـە پارێزەر، پزیـشک یـان ئـەندازیار. بـۆ ڕاگرتنی ئەسلەمەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە، کودەتاکەی سـوپا ئەنجوومەنی باڵای پەروەردەی ناچار کرد ڕێگە لـە دەرچـوانی قوتابخانـەکـانی ئیمـام خـەتیـب بگـرن لـە چوونـە زانکـۆ. چوونـە زانکۆیان سنووردار کرا و پلەیشیان نزم کرایەوە.

لـە ئایـار/مـایۆی ٢٠٠٤ حکومـەتـی ئاکـەپـە پـرۆژەیاسـایەکـی تێپەڕاند بۆ نەهێشتنی سەرجەم ئەو قەیدانەی پاش کودەتاکـەی سوپا لە ١٩٩٧ سەپێنرابوون. هـەوڵـی دا دۆخـی قوتابخانـەکـانی ئیمـام خـەتیـب باشـتر بکـا لـەڕێـی ڕێگـەدان بـە دەرچـوانیـان بـە

[1]The curricula of these included compulsory elective courses in Qur’an Studies, Arabic,
Islamic Law and Islamic Jurisprudence, Tawhid and Islamic Morality, Hadith and Sunna.

چوونە ناو زانکۆکان بەبێ کەمکردنەوەی کاریگەریی GPA ەکەیان (واتە تێکڕای نمرەکانیان) لە تاقیکردنەوەی قبوڵدا. سەرۆککۆمار یاساکەی ڤیتۆ کرد بە پاساوی ئەوەی پرنسیپەکانی سیکیولاریزم پێشێل دەکا کە "جیاکردنەوەی کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، خێزان، ئابووری و یاسا لە حوکمی ئایین" لەخۆ دەگرێ. وەک هەمیشە جیاوازییەکی توندی کرد لەنێوان "ئایین" و "هاوچەرخیبوون و زەروریاتی ژیان" لە لایەک و "مەعریفەی دینی" و "ئەقڵ و زانست" لە لایەکی ترەوە[1].

بە هۆی ڤیتۆکەی سەرۆک، هەروەها ڕەخنەی TÜSİAD و سوپا، حکومەتی ئاکەپە بڕیاری دا بەدوای کەیسەکەدا نەچێ و بۆ جاری دووەم یاسا ڤیتۆکراوەکەی پێشکەشی پەرلەمان نەکردەوە[2].

لەگەڵ ئەوەیشدا لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا حکومەت بڕیاری دا پاڵپشتی ڕێڕەوەکە بکا بە پەسەندکردنی مەرسومێک لەبارەی خوێندنی باڵا کە بەربەستەکانی نمرە لە تاقیکردنەوەی چوونە زانکۆ بۆ دەرچوانی پەیمانگەکانی پێگەیاندنی ئایینی هەڵدەگرێ، ئەویش لەڕێی یاساوە. ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا سکاڵایەکی نارەزایی لەسەر مەرسومەکە پێشکەش کرد و کەیسەکەی بردە ئەنجوومەنی دەوڵەت.

لە شوبات/فێبرایەری ٢٠٠٦، ئەنجوومەن ئەو یاسایەی هەڵپەسارد کە ڕێگەی بە دەرچوانی ئیمام خەتیب دەدا بۆ

---

[1]Quoted by Kuru, "Reinterpretation of Secularism," p. 156 (see note 4 above).

[2]For the statement of the military, see Milliyet, June 6, 2004.

بــەدەســـتهێنانی دیپلــۆمی قۆنــاغی ئامــادەیــی ڕەســـمی و دەربازبوون لە ڕێگرییەکانی تاقیکردنەوەکانی چوونە زانکۆ.

دەستپێشخەرییەکانی حکومەت بە مەبەستی ئاسانکاریکردن بـۆ چـوونی دەرچـوانی ئیمـام خـەتیـب بـۆ زانکـۆ، لـە لایـەن بـەرپرسـانی ئـەکادیمییـەوە بـە جێمـشتومڕ و "دژە-عـەلمـانی" لەقەڵەم دران. لەگەڵ بەردەوامیی شـەڕ لـەسـەر قوتابخانـەکانی ئیمـام خـەتیـب، ڕوو کردنـە ئـەو قوتابخانانـە بـە شـێوەیـەکـی بەرچاو دابەزی و ژمارەی قوتابییان لە ٥١١.٥٠٢ قوتابییەوە لە سـاڵی خوێنـدنی ١٩٩٦-١٩٩٧ بـۆ ٨٤.٨٩٨ قوتـابی لـە سـاڵی خوێندنی ٢٠٠٣-٢٠٠٤دا کەمی کرد.

لـە دێـسەمبـەری ٢٠٠٣دا حکومـەت هـەوڵـی زۆری دا ئـەو یاسایانە هەڵبوەشێنێتەوە کە کودەتاکەی ٢٨ی شوبات لـە دژی خولـــەکـــانی فێربـــوونی قورئـــان (Kuran Kursları) دەریکردبوون. یاسـا نوێیـەکـە گۆڕانی بچووکی لـەخـۆ گرتبـوو وەک ڕێگـەدان بـە خولـەکـانی قورئـان بـە کردنـەوەی خوێنـدنی ئێـواران، کـەمکردنـەوەی پێداویـستییەکانی تۆمـارکردن لـە ١٥-ەوە بۆ ١٠، ڕێگەدان بەوەی خولەکان بۆ ماوەی زیاتر لـە دوو مانگ بە کراوەیی بمێننەوە، هەروەها ئاسانکردنی مۆڵـەتدان بـە کردنەوەی بەشی ناوخۆیی قوتابییان[١].

بەڵام ئەمجارەیش بە هۆی بەرەنگاریی توندی دامـەزراوەی عەلمانییەوە، حکومەت ملکەچ بوو.

---

[1]Kuru, “Reinterpretation of Secularism,” p. 158 (see note 4 above).

**شەڕی سەرپۆش**

سیکیولارەکان حیجاب و سەرپۆش بە هەڕەشە لەسەر پرنسیپەکانی کۆمارەکە و ئەرکی لە هێنانەکایەی هاوولاتییانی "مۆدێرن، دادەنێن، واتە سیکیولاریزم کە پرنسیپی سەرەکیی پرۆژەی مۆدێرنیزەکردن و بنیاتنانی دەولەتە. کۆمارەکە "سەربەستی" بە بێحیجابی و بەشداریی تەواوی ئافرەت لە ژیانی گشتیدا پێناسە دەکا. جلوبەرگ و ئازادیی ئافرەت کراوەتە پێوەری مۆدێرنیزەکردنی وڵات. بەپێی سیاسەتی ئێستای دەوڵەت، ئافرەتان ڕێگەیان پێ نادرێ بە سەرپۆشەوە بچنە ناو قوتابخانە و زانکۆ و شوێنە ڕەسمیەکانی تر. تەنانەت هاوسەرانی وەزیرەکانیش لە ئەرکەکانی حکومەت و بەشداریکردن لە نانخواردنی ڕەسمیی ئێوارانی دەوڵەت بێبەش دەکرێن ئەگەر سەرپۆش بە سەریاندا بدەن. پارتی ئاکەپەی دەسەڵاتدار، کە ڕیشەی لەنێو بزاڤی ئیسلامیدا هەیە، ئارەزووی خۆی بۆ هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر سەرپۆش نەشاردووەتەوە.

لەو کاتەی تورکیا تێدەکۆشێ بۆ بەدەمەوەچوونی داواکارییەکانی EU لەبارەی ڕیفۆرمەکانی مافەکانی مرۆڤ، دادگەی تورکی بووەتە گۆڕەپانی جەنگ لەنێوان ئایدیۆلۆژیا ڕکابەرە ئیسلامی و سیکیولارەکاندا. بە لای نەیارانەوە، دادگەکانی تورکیا گەورەترین کۆسپن لەسەر ڕێگەی دوورودرێژی گەیشتن بە EU، بەوەی: سەرسەختانە موحافیزەکار، ناقابیل بە لێپرسینەوە، دژی مافەکانی مرۆڤ و بەزۆریش گەندەڵن. بەڵام بە لای لایەنگرانیانەوە، دادگە لە بەرەی پێشەوەی جەنگی ڕۆژانەدایە بۆ پاراستنی دەوڵەتی سیکیولار و یەکگرتووی تورکیا لە دوژمنە زۆروزەوەندەکانی، لە ئیسلامییەکانەوە بۆ جوداخوازە کوردەکان. سیستەمی دادگە

لە تورکیا بووەتە پاسەوانی مەدەنیی ئایدیۆلۆژیای کەمالی. ئەرکی سەرەکیی قەزا بریتییە لە پاراستنی ڕژێم و نەتەوە لە دژی بزاڤە دژە-کۆمارییەکان.

لە سایەی پەیماننامەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە تێیدا مافی تاک بۆ سکاڵاکردنساڵی ١٩٨٧ لە لایەن تورکیاوە پەسەند کراوە، لەیلا شاهین ئەو مافەی خۆی بۆ بەدادگەدانی دەوڵەتی تورکی لە دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ECHR بەکارهێنا. ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ ECHR حوکمی خۆی لەبارەی سکاڵاکەی لەیلا شاهین دژی کەیسەکەی دادگەی تورکی دەرکرد، بڕیارەکە بۆ ئافرەتانی موسڵمان نائومێدکەر بوو، کە ڕووبەڕووی دوو بژارە دەبنەوە: یان ئەوەتا ڕێگەیان پێ نادرێ بخوێنن، یان بە شێوازێک ئامادەی خوێندنی باڵا دەبن کە ویژدانیان ئازار دەدات.

پاش دداننان بەو ڕاستییەی کە دەوڵەت دەستی خستووەتە "مافی (لەیلا) لە ئاشکراکردنی ئایینەکەیدا" ECHR لەگەڵ ڕێگریکردنە سەپاوەکەی دەوڵەت لە چوارچێوەی تورکیادا کە "زۆربەی دانیشتوانەکەی، لە کاتێکدا بە توندی ددان بە مافەکانی ئافرەت و شێوەژیانی سیکیولاردا دەنێن، پابەندی ئایینی ئیسلامن"، هاوڕایە. دادگەکە پێی وایە پرنسیپەکانی سیکیولاریزم هێشتا لەژێر هەڕەشەدان، هەروەها دەڵێ قەدەغەکردنی سەرپۆش زەروور بوو بۆ پاراستنی پرنسیپەکانی سیکیولاریزم و یەکسانی کە گەرەنتیی بەها دیموکراتییەکان و حورمەتی ئایین و یەکسانیی هاووڵاتییان لە بەردەم یاسادا دەکا. قەدەغەکردنەکە ماف و ئازادییەکانی ئەوانی تریش دەپارێزێ کە نایانەوێ ناچار بە بەکارهێنانی جلوبەرگی ئایینی لە وڵاتێکی زۆرینە موسڵماندا بکرێن.

دادگەکە هەروەها ئاماژەی داوە بە سێ بڕیاری پێشوو لەمەڕ سکاڵای کارادومان لە دژی تورکیا، دەحلان لە دژی سویسرا و بولوت لە دژی تورکیا. عەلمانییەکان وەک "زللەیەک لە ڕوومەت"ی ئاکەپە، پێشوازییان لە بڕیارەکەی دادگە کرد[1].

ئەنجوومەنی دەوڵەت، کە باڵاترین دادگەی ئیداریی تورکیایە، لەبەر کۆمەڵێ بڕیاری، کەوتووەتە بەر لێشاوی ڕەخنەی موسڵمانانی دیندار، بۆ نموونە، لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا ژووری دووەمی ئەنجوومەنی دەوڵەت پاڵپشتیی لە حوکمی ژمارە: ٦ی دادگەی ئیداریی ئەنکەرە کرد، بەوەی پارێزگای ئەنکەرە لە ڕەتکردنەوەی بەرزکردنەوەی مامۆستا ئایتاچ کیلینچ بۆ پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دایەنگەی بەیرەق لە گۆلباسی نزیک ئەنکەرە، پاساوی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی چوون و گەڕانەوە بۆ قوتابخانەکە سەرپۆشی بە سەرەوەیە. لە بەرانبەردا سیاسییەکانی ئاکەپە لەوانە ئەردۆگان، سەرکۆنەی بڕیارەکەیان کرد.

بڕیارەکەی ئەنجوومەنی دەوڵەت لەسەر ئەو زەمینەیە دامەزرابوو کە مامۆستاکە "دەبووە نموونەیەکی خراپ بۆ قوتابییەکانی و پرنسیپە سیکیولارەکان پێشێل دەکا، کە لەنێو دەستووری تورکیادا ڕیشەیان داکوتاوە و ڕێگە لە دەوڵەت دەگرێ بەباشدانانی ئایینێکی دیاریکراو لە خۆی نیشان بدا".

بەرپرسانی AKP سەرکۆنەی بڕیارەکەیان کرد بەوەی دەسەڵات "بۆی نییە بە مامۆستایان بڵێ لە دەرەوەی قوتابخانە

---

[1] دیمانەی نەشە دوزەل لەگەڵ سەرۆکی YÖK:
"Teziç: Universitelerde Basörtüsü Olmayacak," Radikal, July 26, 2004; Nuray Mert, "AIHM ve Turban Yasağı," Radikal, July 8, 2004; "Hedefleri Islam," Milli Gazete, June 30, 2004.

چی بپۆشن". لەم ساڵانەی دواییدا دادگەکان دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێناوە بۆ فراوانکردنی قەدەغەکردنەکە تا فەرمانبەرانی خزمەتی مەدەنییش بگرێتەوە، کە لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا حیجاب دەپۆشن.

کوژرانی مستەفا یوجەل ئۆزبیلین دادوەری ژووری دووەمی ئەنجوومەنی دەوڵەت کە بڕیاری لە دژی سەرپۆش دەرکرد و برینداربوونی چواری تر لە لایەن تیرۆریستێکەوە لە ١٧ی ئایاری ٢٠٠٦دا جارێکی تر کۆمەڵگەی لەنێوان هەردوو جەمسەری سیکیولار و ئایینیدا دابەش کردەوە. بۆ دەرخستنی بێزاریی گشتی، بەرەبەیانی پێنجشەممە هەزاران کەس بە بەشداریی ژمارەیەک لە دادوەر و مامۆستایانی ئەنکەرە، بۆ دەربڕینی تووڕەییان لەسەر مەزاری ئانیتکابیری ئەتاتورک خڕ بوونەوە.

گەورە بەرپرسانی قەزایی و سەرۆک سیزەر نەیاری حکومەت بۆ قەدەغەکردنی سەرپۆشیان بە یەکێک لە هۆکانی مەرگەساتەکە لەقەڵەم دا. لە ڕاگەیەنراوی هاوبەشی سەرانی دادگە باڵاکانی تورکیادا هاتووە: "ئێمە پێمان وایە هەوڵە قەسابخانەکارییەکە پیلانێکە لە دژی دەوڵەتی سیکیولار ئەنجام دراوە. ئەو هێرشانە نامانترسێنن. ئێمە هەروەها حەز دەکەین ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو سیاسی و دەزگا ڕاگەیاندنانەیش کە نابەرپرسانە خەڵکیان لە دژی بڕیارە قەزاییەکانی ئەم دواییە هان دا، لەم هێرشە بەرپرسیارن. ئێمە لە هەر کات زیاتر لەسەر بەجێگەیاندنی ئەرکەکانمان سوورین".

ڕێوڕەسمی ناشتنی ئۆزبیلین گۆڕا بۆ خۆپیشاندانێکی عەلمانی لە دژی حکومەت. دەیان هەزار کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمی سیکیولارانەیان دەگوتەوە وەک "تورکیا عەلمانییە و بە عەلمانی دەمێنێتەوە". "بڕوخێ شەریعە"، "مەلاکان، بچن بۆ ئێران"،

هەروەها ئاڵای نیشتمانی و وێنەی ئەتاتورکیان بەرز دەکردەوە. حەشاماتە تووڕەکە شوشەی پلاستیکییان دەگرتە وەزیرەکانی ئاکەپە و ئەردۆگانیان –کە لە دەرەوەی شار بوو لە گەشتێکیدا بۆ باشووری تورکیا- بە "بکوژ" ناو دەبرد.

زۆر لە دادوەران بە ناڕاستەوخۆ حکومەتیان تۆمەتبار کرد کاتێ ژنەسەرۆکی ئەنجوومەنی دەوڵەت هێرشە بکوژانەکەی سەر دادوەرانی بە ئەنجامی "لێدوانە سەرچڵانەکانی بەرپرسانی حکومەت" لەبارەی حوکمەکانی تایبەت بە سەرپۆش وەسف کرد. توندترین لێدوان هیی ژەنراڵ حیلمی ئۆزکۆک بوو، کە نارەزاییە گشتییەکانی لە دژی کوشتنی ئۆزبیلین و بریندارbوونی چوار کەسی تری بە ئیلهامبەخش و مایەی سەرسامی وەسف کرد و گوتی، نابێ شەپۆلی پاڵپشتی خەڵک لە کۆماری عەلمانیی تورکیا لە تاکە ڕۆژ یان ڕووداوێکدا سنووردار بکرێ، هەروەها پێویستە نارەزاییەکان گەورەتر ببن و بەشداریی زیاتریان تێدا بکرێ.

ئەردۆگان وەڵامی قسەکانی ئۆزکۆکی دایەوە و بە "نابەرپرسیارانە"ی وەسف کرد کە ئەگەری ئەوە هەیە "کار لە بازاڕە داراییەکان و سەقامگیریی ناوخۆیی بکا".

ئاشکرایە سوپا هەوڵی دەدا ڕووداوەکە بقۆزێتەوە بۆ بەهێزکردنەوەی هەژموونی لاوازبووی بەسەر سیستەمە سیاسییەکەدا. مەبەستی لێدوانەکەی ئۆزکۆک ئەوە بوو بە ئەندازەی پێویست هەستی دژەئاکەپە بورووژێنێ تا ببێتە مایەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانیی پێشوەخت[1].

پاش دەستگیرکردنی بکوژەکە، ڕوون بووەوە هەندێ گرووپی ڕاستڕەوی ئایینی لەپشت هێرشەکەوە بوون.

---

[1] Vincent Boland, "Turkish RiftWidens after General's Call," Financial Times,May 22, 2006.

### زینا و ئاکەپە

ئاکەپە جگە لە گرووپە نەتەوەییەکان، بنکەیەکی موحافیزەکاری ئایینییشی هەیە. ئەمە لە کاتی مشتومڕەکەی تایبەت بە زینا لە ٢٠٠٤دا ڕوون بووەوە. ئەردۆگان ویستی زینا تەجریم بکا، بەڵام جارێکی تر بە هۆی کاردانەوەی نەیار هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات، دەبوو واز لە بابەتەکە بێنێ. لە کاتی ئەو دیبەیتەدا ئەردۆگان وتی "ئەورووپا بۆ هەموو شتێک نموونەی تەواوی perfection نییە"[1]. ئاکەپە بە پێشنیارکردنی بەتاواندانانی زیناکردن، کە مشتومڕێکی گەورەی هەم لە ئەورووپا و هەم لە تورکیا دروست کرد، شەرعییەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی خۆی لاواز کرد.

ئەیلوول/سێپتەمبەری ٢٠٠٤ پەرلەمان کۆبووەوە بۆ تاوتوێکردنی یاسای نوێی سزاکان، کە دەمێک بوو چاوەڕوان دەکرا. گرووپەکانی ئافرەتان لە دژی ئەو ماددانەی نێو ڕەشنووسی پرۆژەیاساکە کە جیاکارییان لە دژی ئافرەتان تێدایە کەوتنە جموجوڵ. هەروەها پێداگرییان لەسەر دانانی سزای قورس دەکرد بۆ "کوشتن لەسەر شەرەف" و دەیانویست ڕێ لەوە بگرن کە "ئیستیفزاز" بە فاکتەرێکی سووکێن بۆ سزا دابنرێ. ئەگەرچی هەموو داواکانی ئەو ڕێکخراوانە جێبەجێ نەبوون، بەڵام پرۆژەکەی کۆتایی لە دەقەکەی پێشوو پێشکەوتنخوازانەتر بوو.

بە هەرحاڵ، ئەو ڕاستییەی کە هەندێ لە پەرلەمانتارانی AKP پێشنیاری تەجریمکردنی زینایان کرد، ئەو ڕێکخراوانە، هەروەها پارتی گەلی کۆماری تووڕە کرد، میدیای عەلمانیی

[1]"The Impossibility of Saying No," The Economist, September 18, 2004, 32.

تورکیایش دوودڵی نەکرد لە بەکارهێنانی کەیسی زینا بۆ دروستکردنی نیشانەی پرسیار لەسەر نیازەکانی ئاکەپە، بۆ نموونە یەلچین دۆگان ستوونووس لە ڕۆژنامەی حوڕیەت دەڵێ: "زینا یەکێکە لە سیمبۆڵەکانی سیکیولاریزم و تێگەیشتن لەمە پرسێکی کولتوورییە"[1].

تا دەرچوونی بڕیارێکی دادگەی دەستووری لە ١٩٩٦دا یاسای سزاکان ماددەیەکی تێدا بوو کە زینای قەدەغە کردبوو. دادگە ماددەکەی بە نادەستووری دانا لەسەر بناغەی یەکسانیی دەستووریی نێوان پیاوان و ئافرەتان. بەپێی یاساکە، ئافرەت دەکرێ لەبەر یەک پێشێلکاری سزا بدرێ، لە کاتێکدا پیاو دەبێ پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ئافرەتێکی تر هەبێ بۆ ئەوەی بە زینا دابنرێ. دادگە ئەم ماددەیەی هەڵوەشاندەوە و بڕیارەکەیش لە لایەن زۆر ڕێکخراوی ژنان و دەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە پێشوازیی لێ کرا.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤ دەستەیەک لە پەرلەمانتارە ئایینییەکانی ئاکەپە بڕیاریان دا بە ناوی پاراستنی "کەرامەتی ئینسان" و "خێزان" پرۆژەیاسای هەمواركردنێک پێشکەش بکەن بە مەبەستی بەتاوانانانی زینا. ئەردۆگان پاڵپشتیی پێشنیارەکەی کرد پاساوی ئەوەی "خێزان دامەزراوەیەکی پیرۆزە بۆ پارتەکەمان. تا خێزان بەهێزتر بێ، نەتەوە بەهێزتر دەبێ. ئەگەر خێزان لاواز بوو، چارەنووسی نەتەوە تێکشکان دەبێ".

پاش ئەوەی یەکێتیی ئەورووپا ڕەخنەی لە کارەکە گرت، ئەردۆگان وتی "خۆرئاوا پێرفێکت نیە. ئەگەر ئێمە لە هەموو

---

[1] Yalçın Doğan, Hürriyet, September 21, 2004.

شتێکدا بە نموونەی تەواوی (کەمال) وەریبگرین، ئەوا حاشا لە خۆمان و لەناو دەچین".

لە ڕاستیدا ئەوە ئەردۆگانی ڕاستەقینە بوو بە باوەڕی قووڵی بە بەها باوکسالارانە ئیسلامییەکان. ڕێکخراوەکانی ژنان لەناو تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا بە توندی دژی پێشنیارەکە وەستان و ڕایانگەیاند پێشنیارەکە هانی جیاکاری دژی ژنان و کوشتن لەسەر شەرەف دەدا. لەو ڕووەوە ژنان زیاتر شوێنکەوتەی مێردەکانیانن، کەمتر ڕێی تێدەچێ ژنێک مێردەکەی ڕابکێشێتە دادگە، بەراود بە پیاو کە بە ئاسانی دەتوانێ ماددەکە لە دژی ژنەکەی بەکار بێنێ. بە هۆی کاردانەوەکان لەنێو تورکیا و لە ئەورووپا ئاکەپە پێشنیارەکەی ڕاگرت. ڕاگەیاندنەکەی EU لەسەر پێشنیارەکە ئەردۆگانی ناچار کرد سەردانی برۆکسێل بکات و پاش گوێشلکردن بۆ سەرنجەکانی گوێنتەر ڤێرگوین، کە ئەو کاتە کۆمسیاری یەکێتیی ئەورووپی بوون بۆ فراوانبوون، تێلی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا کرد و داوای لێ کرد یاسا نوێیەکە بەبێ تەجریمکردنی زینا تێبپەڕێنن.

ئاخۆ بناغەی ئەو مشتومڕە لەبارەی زیناوە چییە؟ "ئەورووپیزەبوون" بەرانبەر "چوونە ناو ئەورووپا بەبێ گۆڕان". ئەم دابەشبوونە لەو مشتومڕەی لەبارەی زینا لە تورکیا سەری هەڵدا زۆر ڕوون بووەوە. ئەردۆگان گوتی: "من یەکگرتنم دەوێ نەک توانەوە". بە لای ئەوەوە لێکچوون یاخود توانەوە assimilation، لەیادکردنی ڕابردوو و فڕێدانی ناسنامە دەخوازێ. پرسی زینا هێمایە بۆ ململانێی نێوان دوو بە بەهاکەی AKP: واتە دیموکراسی و موحافیزەکاری. ئەم دوو بەهایەیش هەمیشە لە جێبەندی تورکیادا کۆک نەبوون.

ئاکەپە خۆی پابەند کردووە بە پەیڕەویکردنی پێوەرەکانی کۆپنهاگن لەبارەی دیموکراتیزەکردن و گۆڕینی بەهاکانی بەو شێوەیەی لەگەڵ EU بگونجێ: واتە پەسەندکردنی پرۆسەی ئەورووپیزەکردن، یاخود پەسەندکردنی بەها ئەورووپییەکان. ئەم دیموکراتیزەکردنە دەخوازێ گۆڕانێک لە بەها کولتوورییەکان و هەڵسوکەوتە ڕۆژانەکان بێتە دی. بەڵام موحافیزەکاریی ئاکەپە کۆسپی سەرەکییە لە بەردەم ئەم گۆڕانی بەهایەدا. موحافیزەکارە لە پرسەکانی جێندەر، ژیانی سێکسی، مافی کەمینەکان و بنیاتی خێزان. ئەگەری زۆر هەیە گرژیی نێوان موحافیزەکاری و دیموکراسی لەسەر حسابی ئاکەپە پەرە بسێنێ.

ئەمە جگە لەوەی هەست بە بوونی بۆشاییەکی ڕوولەزیاد لەنێوان لوتکە و بنکەی پارتەکەدا دەکرێ لەو ڕووەوە سەرکردایەتی و نوخبەکەی لە چاوەڕوانییەکانی بنکە جەماوەرییەکەیان دووردەکەونەوە و زیاتر بەگوێرەی خواستەکانی EU دەجووڵێنەوە. بە مانایەکی تر، ناسنامەکەی (واتە موحافیزەکاری) هەموو کات یارمەتیدەر نییە بۆ سیاسەتە دیموکراسییەکانی. خواستەکانی EU لەگەڵ ستراکچەری بەها موحافیزەکارانەکانی ئاکەپەدا لێک دەدا. ئەگەری ئەوە کەمە کە بنکەی جەماوەریی AKP پاڵپشتی دیموکراتیزەکردنی بەرفراوانی تورکیا بە ڕێنمایی یەکێتیی ئەورووپا بکا.

# دەرەنجام

ململانێی نێوان سیکیولاریزم و ئیسلامیزم هێشتا چوارچێوەی سەرەکیی سیاسەت لە تورکیا پێکدێنێ. بۆ ئەوەی لە سیکیولاریزمی تورکی تێبگەین، پێویستە سیکیولاریزەکردن وەک دەرەنجامێکی تەکنەلۆژی و ئابووری و باقیی هێزەکانی تر کە کۆمەڵگە دەگۆڕن، جیا بکرێتەوە لە سیکیولاریزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی هۆشیارانەی سیاسی بۆ دیاریکردنی ڕێگەیەکی نوێی ژیانی سیکیولارانە. بۆ تێگەیشتن لەو ناکۆکییەی لەسەر بەها میعیارییەکان لە کۆمەڵگەی تورکیدا هەیە پێویستە زیاتر لەسەر ئەم سیکیولاریزمە ئایدیۆلۆژییە بوەستین تا پرۆسەی سیکیولاریزەکردن[1]. خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیکیولاریزمی تورکی لە خەسڵەتەکانی سیکیولاریزمی فەرەنسا یان ویلایەتە یەکگرتووەکان جیاوازن. ئامانجی چاپە تورکییەکە "جیاکردنەوە(ی ئایین)" نییە، بەڵکو ئامانجی زیاتر کۆنترۆڵکردنی ئایین، هەروەها دوورخستنەوەیەتی لە کایەی گشتی.

---

[1]Sami Selçuk, “Laiklik ve Demokrasi,” Türkiye Günlüğü, 56 (Summer 1999), 45–49; Nur
Vergin, “Din ve Devlet İlişkileri: Düşüncenin ‘Bitmeyen Senfoni’si’,” Türkiye Günlüğü, 72
(2003), 39–44; Semih Vaner, “Laiklik, Laikçilik ve Demokrasi,” in İbrahim Ö. Kaboğlu,
(ed.), Laiklik ve Demokrasi (Istanbul: İmge Kitabevi, 2001).

لە سایەی حکومەتی ئاکەپەدا، کۆمەڵگەی تورکی دووچاری ململانێیەکی سەخت بووە، بە شێوەیەکی سەرەکی لەنێوان گرووپە سیکیولار و ئیسلامییەکاندا. ناکۆکییەکان قووڵن و هەردوو لا هەوڵ دەدەن کێشەکە لەڕێی یاسا یان لەڕێی دیموکراسیی زۆرینەوە "چارە" بکەن.

ئەوان لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت لە پەروەردە و ئایین، هەروەها لەبارەی پێناسەی سیکیولاریزم و ئازادیی دەربڕین، ناکۆکن. ململانێکە لەبارەی "بنەما پلەیەکەکانی سیستەمە": باوەڕە بنچینەییەکان لەبارەی ڕۆڵی ئایین و دەوڵەت. ئاکەپە زیاتر حەزی لە سەپاندنی بەها ئەخلاقییە ئایینی-تایفییەکانە بەسەر کۆمەڵگە و پاراستنی ئازادییە ئایینییەکانە، بەڵام کەمتر باس لە پاراستنی ئازادییە شەخسییەکان یان کەمکردنەوەی نایەکسانیی ئابووری دەکا. سەرکردایەتیی ئاکەپە لە داڕشتنەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا جەخت لە دەسەڵاتی بۆچوونی زۆرینە دەکا. لە بەرانبەردا کەمالیستەکان زیاتر هەوڵ دەدەن یاسا و هێزی دەوڵەت بۆ پاڵپشتیکردنی کەیسەکەیان بەکار بێنن، تا ئەوەی کار بۆ گۆڕینی بۆچوونی زۆرینە بکەن.

گرووپە عەلمانی و ئیسلامییەکان مەعزەلەیەکی بوونەتە گرێکوێرەیەکی ئەمنی: هەر لایەک هەست دەکا لە لایەن ئەوی ترەوە هەڕەشەی لەسەرە و ڕێوشوێنی نائاسایی بۆ بەرگریکردن لە شێوەژیان و بەهاکانیان دەگرنەبەر. چالاکیی ئیسلامی و عەلمانییەت لە لایەن هەر لایەنێکی مشتومڕەکەوە بە کێشەیەکی ئەمنی دادەنرێن.

-٦-

# پرسی کورد و ئاکەپە[١]

تورکیا گەورەترین دانیشتوانی کوردی هەیە لە جیهاندا. مەزەندەکان لەبارەی ژمارەی کورد لە تورکیا لە ٢٠٠٧ لەنێوان ٨ بۆ ١٢ ملیۆندایە. کوردانی تورکیا داواکاریی جۆراوجۆریان هەبووە کە لە جیابوونەوەی تەواو تا فیدراڵیزم، لای خواریشی تا دداننان بە مافە تاکەکەسی و کولتوورییەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی چوونی تورکیا بۆ نێو یەکێتیی ئەورووپی[٢].

بێگومان پەڕگیرترین نیشانەی ناسیونالیزمی کوردی لە مێژووی هاوچەرخدا پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بووە، کە سەرکردایەتیی بەرەنگاری و "چالاکیی تیرۆریستی"ی کردووە لە دژی دەوڵەتی تورکی، هەروەها لە دژی کوردە

---

[1] هەندێ بەشی ئەم چاپتەرە لە کتێبی "The Kurdish Question and Turkey's Justice and Development Party,"، م.هاکان یافوز و نیهاد عەلی ئۆزجاندا بڵاو کراوەتەوە.
Middle East Policy, 13:1 (Spring 2006), 102–119.

[2] لەوانەی داوای چارەسەری فیدراڵی دەکەن مالیک فیرات و شەرەفەدین ئالچین. ئەمانە سیستمی فیدراڵی بە "ڕێگەی چارەسەر"ی کێشەی کورد دادەنێن. بەڵام پەکەکە-دەتەپە بۆ چارەسەری کێشەی کورد داوای "کۆنفیدراڵیی دیموکرات" دەکەن. گوترا لە ١٢ی کیەنایەری ٢٠٠٧دا ئۆجەلان داوای لە تورکیا کردووە "ئۆتۆنۆمییەکی ناوچەیی بە هاووڵاتییانی کورد ببەخشێ بۆ کۆتاییهێنان بە ٢٢ ساڵ شەڕ و دووربوون لەو پشێوییەی لە عێراق دەبینرێ".

میانڕەوەکان، کە ئەوە لە بەرانبەردا توندوتیژیی هێزە چەکدارەکانی تورکیایە لە دژی شەڕکەرانی PKK و هەم مەدەنییە بێتاوانە کوردەکانی لێ کەوتووەتەوە. سەربازانی تورک لە ١٩٨٤ەوە لە باشووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ شەڕ PKK دەکەن، ئەو کێشەیەی لانیکەم بووەتە هۆی ٣٧ هەزار حاڵەتی مردن و ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەس لە ماڵوحاڵی خۆیان.

مرۆڤ ناتوانێ لە مێژووی تورکیا لە چارەکە سەدەی دوایی تێبگا بەبێ ئەوەی ڕۆڵی ناسیونالیزمی کوردی بەگشتی و ڕۆڵی PKK بەتایبەتی بە تەواوی لە بەرچاو بگرێ. هەردوو سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا لە بیستوپێنج ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەک لە شێوەکان بووەتە ڕەهنی کێشەی کورد. جگە لە بوونە مایەی نەهامەتیی مرۆیی، ئەو یاخیبوونەی PKK سەرکردایەتیی دەکا، مانا و ڕۆڵی سیاسەتی دیاری کرد، سنوورەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی دیاری کردەوە و بە نائەنقەستانە هەندێ دامەزراوەی دەوڵەتی لەسەر حسابی هەندێکی تر بەهێز کردووە. هاوکات پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی تورکیای خاو کردووەتەوە. زیاد لەوە، کێشەکە خەرجیی بەرگریی تورکیای زیاد کردووە لەسەر حسابی پەروەردە و چاودێریی تەندروستی. جگە لەوانە و هیی تریش، کێشەکە بە هۆی جێگۆڕکێی بەرفراوانی دانیشتوانەوە پێکهاتەی دیموگرافیی وڵاتی گۆڕیوە. ملیۆنان کورد، چ خۆویستانە بووبێ یان بەزۆر، زێدی خۆیانیان لە باشووری تورکیا بەجێهێشتووە و لە شارە گەورەکانی خۆرئاوای ئەنادۆڵدا نیشتەجێ بوونەتەوە.

دەوڵەت هەموو ڕێگەیەکی بەکارهێناوە بۆ ڕێگرتن لەوەی کێشە بگۆڕێ بۆ "کێشەی کۆمەڵگەیی"ی نێوان هەردوو

نەتەوەی تورک و کورد و هەوڵی داوە پەکەکە لە پرسە گەورەترە کوردییەکان جیا بکاتەوە[1]. لە گرتنی سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە لە ١٩٩٩، ئەو ڕێکخراوە ستراتیژی خۆی گۆڕیوە، کێشەی کوردی "بەکۆمەڵگەیی" کردووە کە ئەوە سوپای تورکی و کەمالیستەکانی پەست و بێتاقەت کردووە، ئەویش لەڕێی بەکارهێنانی ئەو ڕووبەری دەرفەتە تازە پەیدابوانەی تورکیا، کە زۆریان بە هۆی پێوەرەکانی کۆپنهاگنی یەکێتیی ئەورووپا (EU)وە هاتوونەتە کایە، کە پەیڕەوکردنی تەواوەتیی دیموکراسی، سەروەریی یاسا، مافی مرۆڤ و پاراستنی کەمینە ئەتنییەکان دەخوازن.

لەسەر بناغەی پێوەرەکانی کۆپنهاگن، EU داوا لە ئەنکەرە دەکا چاکسازی لە سیستەمە یاساییەکەیدا بکات و مافی کەمینە بداتە کوردەکان. لێرەوەیە، زۆر لە سیاسییە تورکەکان گەیشتوونەتە ئەوەی بڵێن "ڕێگەی بەرەو EU بە دیاربەکردا تێدەپەڕێ" —دیاربەکر گەورەترین شاری کوردییە لە جیهاندا—، ئەمەیش هانی حزبە کوردییەکانی تری داوە پەیوەندیی ئۆرگانی لەگەڵ PKK دروست بکەن.

ئەمڕۆ پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (DTP) کە حزبێکی یاسایی پرۆ-کوردییە هاوشێوەی (شین فین)ی سوپای کۆماریی ئیرلەندی IRA هەمان بازنەی دەنگدەرانی PKKی هەیە و وەک باڵی سیاسیی یاسایی ئەو کار دەکا. پرۆسەی EU نە یارمەتیی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی دا و نە

---

[1]Seyit Haşim Haşimi, "Kürt Meselesinde Ak Parti Sınavı," Yeni Şafak, 1 August 2005..
ئەم وتارە ڕاشکاوە بە ڕوونی بەکۆمەڵگەییکردنی کێشەکە لەنێوان تورک و کوردەکان دەکات و لە دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی دەکۆڵێتەوە.

داواکانی کوردیشی لەخۆ گرت. جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان تێڕوانینی EU بۆ پەکەکە وەک "دەرکەوتە"ی داواکارییە سیاسییەکانی کورد، کە داوای دیموکراتیزەکردن دەکەن، لەگەڵ قەناعەتی تورکیا کە پێچەوانەی ئەوەیە و مامەڵەکردن لەگەڵ PKK پرسی ئاسایشی نەتەوەیی و سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵاتە.

لە کاتی هەڵمەتەکەی حوزەیران و تەمموزی ٢٠٠٧دا، پارتە سیاسییە تورکییەکان هیچ پرۆژەیەکی کۆنکریتییان بۆ چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی کورد نەخستە ڕوو، پارتە ئەتنییە کوردییەکەی DTP سەلماندی ئامانجەکانی زۆر بەرتەسکن، کاتێ بڕیاری دا زیاتر تەرکیز بکاتە سەر پرسە کوردییەکان و پێناسەکردنەوەی دەوڵەت، تا ئەوەی بایەخ بە هەلومەرجە سۆسیۆ-ئابوورییەکانی هاووڵاتییانی وڵات بدات.

دیبەیتەکانی هەڵبژاردن گوتاری ناسیونالیستی بەسەریدا زاڵ بوو، کە لەسەر ترس دامەزرابوو. لە ڕاستیدا ئەو هەڵبژاردنە زۆر گرنگ بوو بۆ ئایندە و یەکێتیی نیشتمانیی تورکیا. شکست لە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان کە بۆ سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەرچووبوو، بوو بە بەرچاوترین ڕێگە بۆ تاوتوێکردنی زەقترین کێشەی وڵات.

ئەردۆگان و دەوڵەت باخچەلی لە مەهەپە MHP بە بەردەوامی لەبارەی ئەوەی کە ئایا هەڵەی کێ بوو سەرۆکی پەکەکە ئۆجەلان پاش دەستگیرکردنی لە ١٩٩٩دا لەسێدارە نەدرا، مشتومڕیان بووە. ئەم مشتومڕە ئەرۆدگان دەستی پێ کرد، کە یەکەم کەس بوو بڵێ "تۆ هەر بەوەی بڵێیت ناسیونالیستم، نابیتە ناسیونالیست. ئەوان سەری سەرکردەیەکی تیرۆریستیان وەک دیاری دایە دەستت. تۆیش

لە ئیمرالی (دوورگەیەکی بەندکردنە لە دەریای مەڕمەڕە) بەندت کرد و وازت هێنا، ئاکەپە باجەکەی بدات".

هەر لەو کاتەوە مەهەپە لە حکومەتێکی ئیئتیلافیدا بوو کاتێ ئۆجەلان لە ١٩٩٩دا گیرا، ئەردۆگان لە هێرشکردنە سەر ئەو حزبە بەردەوام بووە. هەمان حکومەت بوو کە سزای لەسێدارەدانی هەڵوەشاندەوە تا لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتیی ئەورووپا بگونجێ.

باخچەلی لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە ئەرزەڕوم لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ وەلامی دایەوە و گوتی "لەجیاتی تۆمەتبارکردنی MHP لەسەر لەسێدارەنەدانی، ئەگەر تۆ گوریست دەست ناکەوێ، لێرە هەندێ گوریس هەیە، ئەگەر تۆ دەتوانیت سەرکردە جیاخوازەکە لە سێدارە بدەیت، دەی لە سێدارەی بدە". جا بەسەر کەسێکدا کە لەسەر سەکۆکە بوو لەپشتیەوە هاواری کرد: "بیهێنە ئێرە"، پیاوەکە بە پڕتاو گوریسێکی هێنا و دایە دەست باخچەلی، ئەویش هەڵیدا بۆ ناو حەشاماتەکە.

ئەردۆگان هەر زوو وەلامی دایەوە و گوتی: "ئەگەر تۆ ئەوەندە بەتوانایت (لەگەڵ گوریسەکە)، ئەگەر خەڵک هەر هێندە گوریسەکەیان بۆ بناردنایە کاتێ لە حکومەتدا بوون، دەتانتوانی کارەکە تەواو بکەن".

مشتومڕ لەسەر "گوریسەکە " کە ئەردۆگان دەستی پێ کرد، ڕەنگدانەوەی هەستکردنیەتی بە نائارامی و بە جۆرە موزایەدەکردنێک بەسەر ناسیونالیستەکانەوە لە گوتارەکەیاندا دێتە بەرچاو.

ئەمڕۆ تورکیا زیاتر لە دە ساڵ لەمەوپێش گیرۆدەی جەمسەرگیرییە لەسەر بناغەی نەتەوەیی و کێشەی کورد لە

گۆڕەپانی سەربازییەوە گۆڕاوە بۆ گۆڕەپانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. ئەوە چیتر دەوڵەتی تورکی نییە کە ڕووبەڕووی کوردەکان دەبێتەوە، بەڵکو دوو کۆمەڵگەکەن –تورک و کورد– کە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. چاوەڕوانییەگی گەورە هەبوو کە حکومەتی AKP پرسی کورد چارەسەر دەکات و جەمسەرگیریی زیاتری کۆمەڵایەتی لەنێوان دوو گرووپە ئەتنییە سەرەکییەکەی تورکیادا دەوەستێنێ.

بە هەرحاڵ، پاش پێنج ساڵ لە دەسەڵاتدا و لە سەروەختی دانوستانی زیاتر بۆ چوونی یەکجارەکیی تورکیا بۆ نێو یەکێتیی ئەورووپا، حکومەتی ئاکەپە شکستی هێنا لە گەڵاڵەکردنی هیچ سیاسەتێکی تۆکمە لەبارەی ئەو کێشەیەی ڕەنگە گرنگترین بابەت بێ ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە، هەروەها ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە تاکە ڕێگەچارەی حکومەت بووەتە ئەوەی پرسەکە گسک بداتە ژێر بەڕەی لەخۆڕازیبوون.

لە هەمان کاتدا، بە هۆی ڕەوایی خواستەکانی کورد و هێرشە نایاساییەکانی پەکەکە بۆ سەر ئامانجە مەدەنییە ئاسانەکان، ئاکەپە وای بە باش زانی پرسی کورد بۆ سوودی تایبەتی خۆی بقۆزێتەوە. پرسی کوردی بۆ ڕەخنەگرتن لە بیری سیکیولاریزم لە تورکیا بەکارهێنا گوایە ئەو "هۆی دابەشبوون"ە لەنێوان تورک و کوردەکاندا. ئەمە چارەسەرەکەی ئاکەپە بوو: "ئیسلام بکرێتە بەستەری کۆمەڵایەتی" تا کۆتایی بە جەمسەرگیریی کۆمەڵگە بهێنرێ.

ئەم چاپتەرە لە ئەسلەمەکردنی پرسی کورد و هۆی شکستی AKP و DTP لە چارەسەری پرسی کورد دەکۆڵێتەوە.

٢٠٠٢ ئاکەپە گەیشتە دەسەڵات و بەڵێنی چارەسەرکردنی پرسی کوردی دا، بە لۆژیکێک کە پوختەکەیە ئەمەی خوارەوەیە:

کێشەی کورد پەیوەندیی بە ناسیونالیزمەوە نییە، بەڵکو زیاتر پەیوەندیی بە سیکیولاریزمی سەپاو و کاردانەوەی بۆ ئەو ناسیونالیزمە تورکییەوە هەیە کە لە لایەن ئایدیۆلۆژیای کەمالییەوە فەرز کراوە. پێداگری لەسەر برایەتی و پەیوەندییە ئیسلامییە هاوبەشەکان پێگەی وڵات (memleket) بەهێز دەکات و کێشەکەیش کۆتایی پێ دێنێ. بابەتی ئەم چاپتەرە ئەوەیە ئاکەپە ناتوانێ سیاسەتێکی تۆکمە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بگرێتەبەر لەبەر چوار هۆ:

١- تێڕوانینی ئەردۆگان بۆ کێشەی کورد زۆر جیاوازە لە هیی هێزە کوردییەکان، بەتایبەت ئەو پارتە سیاسیانەی لەژێر کاریگەریی پەکەکەدان. (بڕوانە چاپتەری ٤)[1].

---

[1] پەکەکە بە شێوەیەکی تایبەت نایەوێ ئاکەپە سیاسەتێکی سەرتاپاگیری هەبێ، لەو ڕووەوە پێدەچی ڕکابەری سەرەکی و تاکانەی پەکەکە لە ناوچەکەدا ئاکەپە بێ. بەتایبەت پاش هەڵبژاردنە ناوخۆییەکەی ٢٠٠٤ پارتی DEHAPی پرۆ-کوردی (پارتی گەلی دیموکرات) شەش لە شارە سەرەکییەکانی خۆی بە ئاکەپە دۆڕاند. لەم مانگانەی دواییدا سەرۆکی بەندکراوی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان زیاتر لە حکومەتی ئاکەپە بێتاقەتە تا لە سوپا. ئەو لە ئیسلامیزەکردنی ناسنامەی کورد دەترسێ لەسەر حسابی کوردایەتییەکی سیکیولاری جوداخواز لە تورکیا.

٢- ململانێیەکی گەورە لەنێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و ئاکەپە لەئارادایە لەسەر تێڕوانینیان بۆ کێشەی کورد و دامەزراوەکانی کۆماری تورکیا.

٣- کێشەی کورد یەکێکە لەو هۆ سەرەکییانەی وای لە ئاکەپە کردووە لە ڕوودانی لێکترازان لەنێو حزبەکەدا بترسێ، بەو هۆیەشەوە پاڵپشتیکردنی لەنێو تورک نەژادەکاندا لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، لاواز دەکا.

٤- کێشەی کورد ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێ ببێتە بایسی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە لەگەڵ سوپادا. زیادبوونی هێرشەکانی پەکەکە لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و سوپا، هەندێ جار سەرکردایەتیی ئاکەپەی ناچار کردووە کە بە ڕاڕاییەوە بەدەم کێشەی کوردەوە بچێ.

سەرەڕای سەرکەوتنەکەی ئاکەپە لە ناوچە کوردییەکان و چاوەڕوانییە گەورەکان لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٧دا، ئاکەپە نەک هەر نەیتوانی سیاسەتێکی تۆکمە بەرانبەر پرسی کورد پێشکەش بکا، بگرە کێشەکەی زیاتر کرد، بەوەی کۆمەڵگەی تورکی ئەمڕۆ لەسەر بناغەی نەژادی زیاتر لە پێنج ساڵ لەمەوبەر دابەش بووە. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، لیبراڵیزەکردن لە چوارچێوەی پێوەرەکانی کۆپنهاگن، نەک نەبووە مایەی کەمکردنەوەی دوژمنکارییەکان و ئاشتییەکی هەمیشەیی، بەڵکو لەباتی ئەوە بووە مایەی

سەنگەرلەیەکترگرتنی سنووورە ئەتنییەکان و زیادبوونی هەستی دژە ناسیونالیزمی تورکی[1].

لە ٢٠٠٧ەوە هەستێکی هاوبەش لە شەقام و تەنانەت لەنێو دەستەبژێری تورکیشدا هەیە، کە هەموو کوردەکان تیرۆریستن، لە دەمەتەقێکاندا پەکەکە و کورد لەجێی یەکتر بەکار دەهێنرێن. بەدەربڕینێکی تر، دیموکراتیزەکردن لە چوارچێوەی پێوەرەکانی کۆپنهاگندا یارمەتیدەر نەبووە بۆ باشکردنی پەیوەندیی نێوان تورک و کوردەکاندا. بە پێچەوانەوە، پەیوەندییەکانیانی پەرتتر و جەمسەرگیرتر کرد. ئەمە کاری ڕێکخستنەکانی پەکەکەیە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی توندتر لە ڕووی ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتی تورکی، کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی تورکی تووڕە کردووە، هەروەها لای خۆیەوە بووەتە هۆی گەشەکردنی ناسیونالیزمی تورکی.

---

[1] داواکاری گشتی لە دادگەی بەرایی، دادگەکەی ڕاسپارد ئەو حوکمی ١٥ ساڵ بەندکردنە جێمشتومڕەی دادگەی ئاسایشی دەوڵەت لە ئەنکەرە بۆ هەریەک لە زانا، خەتیب دیجلە، ئۆرهان دۆغان و سەلیم ساداکی دەرکردووە، هەڵبوەشێتەوە. لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا دادگەی بەرایی حوکمەکەی زانا و سێ پەرلەمانتاری تری کوردی هەڵوەشاندەوە و فەرمانی کرد لەبەر هەندێ کێشەی ئیجرایی لە یەکەم بڕیاردا لە دادگەی تاوانەکان دادگەیی بکرێنەوە. لە هەمان ڕۆژدا یەکەمین پەخشی کوردی لە تەلەڤزیۆنی دەوڵەت دەستی پێ کرد. عەبدوڵڵا گیول چاوی بە چوار پەرلەمانتارەکەی پێشوو کەوت و داوای لێ کردن کار بۆ ئەندامێتیی تورکیا لە EU بکەن. ئەو ڕووداوانە بوونە خاڵی وەرچەرخان لە جارێکی تر بیرکردنەوە لە پرسی کورد. زۆر لە ناسیونالیستەکان بڕیارەکەی دادگە و دیدارەکەی گیول بە تەسلیمبوون بە EU دادەنێن.

پێنج ساڵ پاشتر پارتی ناسیونالیزمی تورکی MHP دەسکەوتی گەورەی بەدەست هێنا و دەنگەکانی لە ٨.٤٣%ەوە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ بۆ ١٤.٢٨% لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا بەرز کردەوە و بە ٧١ کورسییەوە چووە ناو پەرلەمان. سیاسییە کوردەکان نەیانتوانی ناسیونالیزمی تورکی میانڕەو بکەن، لەباتی ئەوە، لەسەر سەرکردایەتیکردنی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی کێبرکێیان کرد.

بەر لەوەی لە سیاسەتەکانی ئاکەپە بەرانبەر پرسی کورد بکۆڵمەوە، گرنگە دوو ئاڕاستەی ڕکابەر و بەهێز لەنێو ناسیونالیزمی کوردیدا جیا بکەینەوە، هەروەها لە پەیوەندیی نێوان ناسنامەی ئایینی و ئەتنی لە چارەسەری پرسی کورد بکۆڵینەوە. بە شیتەڵکردنی ئەکتەرەکانی ڕەوتە سیکیولار و ئایینییەکان لەناو ناسیونالیزمی کوردیدا، جێبەندی کۆمەڵایەتی و کولتووریی پێویست بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتە ناکۆکەکانی ئاکەپە، دەخەمە ڕوو.

لە دواین بەشی چاپتەرەکەدا، دەستپێشخەرییە سیاسییە کۆنکریتییەکانی تایبەت بە مشتومڕی ناسنامە، کەمکردنەوەی بەربەستی ١٠% و پەخشکردن بە زمانی کوردی گەنگەشە دەکرێن.

## ڕەوتە ئیسلامی و عەلمانییەکانی ناسیونالیزمی کوردی

دیمەنی کوردی لە تورکیا بەسەر کۆمەڵێ هێڵی ئابووری، کولتووری و سیاسیدا دابەش بووە[1]. ئەگەرچی کوردەکانی تورکیا بە تەواوی لەنێو ئایدیۆلۆژیای نیشمانیی تورکیدا نەتواونەتەوە، بەڵام بە باشی لەنێو چینە ئابوورییەکانی ژیانی تورکیادا جێی خۆیان کردووەتەوە. ئەگەرچی هەندێ لە توێژەران لە ناسیونالیزمی کوردی، وەک ڕۆبێرت ئۆلسۆن، میکایل گەنتەر و عەباس وەلی، لەژێر کاریگەریی کارە

---

[1]Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State: The Social and Political Structures of
Kurdistan (London: Zed Books, 1992); Bruinessen, Mullas, Sufis and Heretics: The Role of
Religion in Kurdish Society (Istanbul: Isis, 2000); M. Hakan Yavuz and Michael M. Gunter,
“The Kurdish Nation,” Current History, 100 (January 2001), 33–39. For more on Turkey’s
Kurds, see M.Hakan Yavuz, “TheKurdish Ethno-Nationalism,” inMaya Shatzmiller (ed.),
Nationalism and Minority Identities in Islamic Societies (Toronto: McGill–Queen’s University Press, 2005), pp. 156–185; Hakan Özoğlu, Kurdish Notables and the Ottoman State: Evolving
Identities (Albany: State University of New York Press, 2004); Michael Gunter, The Kurds
and the Future of Turkey (New York: St. Martin’s Press, 1997); Robert Olson (ed.), The
Kurdish Nationalist Movement in the 1990s: Its Impact on Turkey and the Middle East
(Lexington, KY: University of Kentucky Press, 1996); Nihat Ali Özcan, PKK Kürtistan İsci
Partisi, tarihi, ideolojisi ve yöntemi (Ankara: Asam, 1999); Mustafa Akyol, Kürt Sorununu
Yeniden Düşünmek: Yanlış Giden Neydi? Bundan Sonra Nereye? (Istanbul: Doğan, 2006).

کلاسیکەکەی وادیە جوایدەدا، جەخت لە سروشتی عەلمانییانەی ناسیونالیزمی کوردی دەکەن، بەڵام هەموویان ڕۆڵی بنچینەیی ئیسلامیان لە دروستکردنی جیاوازی لە دژی چاکسازییەکانی سیکولاریستە کەمالییەکانیان فەرامۆش کرد[١].

تەنانەت ڕۆشنبیرە ناسیونالیستە کوردەکان، کە وا کەوتووەتەوە هەموویان چەپن، وەک حەمید بۆزئەسلان، گوڵستان گەربی، فەرهاد ئیبراهیم و مەسعود یەغین پێیان وایە ناسیونالیزمی کوردی بە سروشت عەلمانییە[٢]. بە هەرحاڵ، هەندێ بیرمەندی وەک مەکدۆواڵ McDowall و بروینیسین Bruinessen بنەچە ئایینی-ئەتنییەکانی ناسیونالیزمی کوردییان دیاری کردووە[٣]. ناسیونالیزمی کوردی لە سێ ئاراستەی ڕکابەری سیکیولار، نەریتی و ئیسلامی پێک دێ. یەکەم و کاریگەرترین گرووپ پەکەکەی جوداخواز و ئەو پارتانەی واجیهەی سیاسیی ئەون وەک پارتی دیموکرات (DEP)، پارتی گەلی دیموکراسی (HADEP)، پارتی

---

[1] Wadie Jwaideh, “The Kurdish Nationalist Movement: Its Origins and Development,”
PhD dissertation, Syracuse University, 1960; Abbas Vali (ed.), Essays on the Origins of
Kurdish Nationalism (Costa Mesa: Mazda Publishers, 2003).

[2] Amir Hassanpour, Nationalism and Language in Kurdistan, 1918–1985 (San Francisco:
Mellen Research University, 1992).
حەسەنپوور لە پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردی کۆڵیوەتەوە لە چوارچێوەی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕووی گواستنەوەی پلەبەپلە لە ناسیونالیزمی فیودالیی کورددیەوە، بۆ ناسیونالیزمی بۆرژوازیی کوردی.

[3] David McDowall, A Modern History of the Kurds (London and New York: I. B. Tauris, 1996).

دیموکراتی گەل (DEHAP) و پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات (DTP)[1].

خەسڵەتی جیاکەرەوەی سەرەکیی ئەو بزاڤەی PKK سەرکردایەتی دەکا ئەوەیە ئاراستەیەکی سیکیولاری هەیە، دژە ترادیسیۆن و بەزۆری لە لایەن کوردانی تازە شارنشین و دەرچوانی زانکۆوە پشتیوانی دەکرێ، کە پەیوەندیی قووڵی ئایینی و خێڵەکییان نییە. لە کۆتاییەکانی هەشتاکاندا کاتێ دەوڵەتی تورکی هەندێ خێڵی دۆستی خۆی لە دژی پەکەکە چەکدار کرد بە هۆی کێبرکێی خێڵەکییانەوە، هەندێ خێڵ بە دوودڵییەوە بوونە پاڵپشتی PKK[2].

---

[1] دیمانە لەگەڵ محەمەد مەتینەر جێگری سەرۆکی HADEP لە ١٠ی نیسانی ٢٠٠٥دا، ئیستەنبوول.

Ali Kemal Özcan, Turkey's Kurds: A Theoretical Analysis of the PKK and Abdullah Öcalan (London and New York: Routledge, 2006).

هەروەها بڕوانە دیمانەیەک لەگەڵ ڕەسیت عەلی، جێگری سەرۆکی هاک-پار (پارتی ماف و ئازادییەکان) لە The New Anatolia لە یەکی یەنایەری ٢٠٠٦دا.

دەڵێ: "زۆربەی کوردەکان حەزیان لە چارەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پەکەکە نییە، بەڵام ناتوانن بە ئاشکرا ئەوە بڵێن لەبەر ئەوەی ترسێنراون". دەڵێ لەو دیمانەیەدا داوای چارەسەری فیدراڵی دەکا و ڕەخنە لە DTP دەگرێ وەک واجیهەی پەکەکە.

[2] Ahmet Kule, "Socialization Process of the Individuals who Join Terrorist Organizations in Turkey", unpublished PhD dissertion, City University of New York, 2007.

ئەگەرچی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی باڵا و بێ ڕکابەرە، بەڵام جەمیل بایک و موراد قەرەیلان زۆر بەهێزن. پەکەکە لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٢دا ناوی خۆی گۆڕی بۆ KADEK (کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتیی کوردستان)، پاشان بۆ کۆنگرەی گەل.

بە هەرحاڵ، ئەم ڕەوتە عەلمانییە ناسنامە ناوچەیی و تایفی و چینایەتییەکەی تێکەڵ بووە. ئەم ڕەوتە لە دوو لاوە یاخی بووە، یاخیبوونێک دژی پێکهاتەی نەریتیی کۆمەڵگەی کوردی و یەکێکی تر دژی سیستەمی کەمالیی دەوڵەت. ئەم گرووپە بەرانبەر دەوڵەت چەند جارێک هەڵوێستی گۆڕیوە. PKK سەرەتا بە بیرۆکەی سەربەخۆیی تەواو دەستی پێ کرد، پاشان گۆڕا بۆ پەسەندکردنی کۆمارێکی ئۆتۆنۆمیی دیموکرات لەنێو تورکیادا، یان لانیکەم داوای گۆڕانی گەورەی لە دەستووردا دەکرد (بڕوانە چاپتەر ٨).

پاش سەرنەکەوتن لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو، ئامانجی PKK بوو بە: ا- ڕازیبوونی حکومەتی تورکی بە ئازادکردنی ئۆجەلانی سەرۆکی حزبەکە لە زیندان. ب- دروستکردنی دەوڵەتێکی دوو-نەتەوەیی (تورکی-کوردی) لەڕێی گۆڕینی دەستوورەوە. ج- بە لامەرکەزیکردنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکان لەڕێی چاکسازییەکانی حکومەتە خۆجێییەکانەوە. د- ڕێگرتن لە لەشکرکێشیی سوپای تورکیا بۆ ناو کوردستانی عێراق و بەهێزکردنی پان-کوردیزم.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، ستراتیژی PKK لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییەوە کە تەنها سەرکەوتنێکی سنوورداری بەدەستهێناوە، گۆڕاوە بۆ داواکردنی گۆڕانکاریی دەستووری لەپێناو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی دامەزراوەکانی کۆماری تورکیا. ئەم ستراتیژە هەوڵێکە بۆ بەکارهێنانی ڕووبەرە نوێکانی دەرفەتی سیاسی، کە لە ئەنجامی دیموکراتیزەکردنەوە بەدیهاتوون، بۆ "جیاکردنەوە"ی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی و بەهێزکردنی ناسنامەی کوردی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە.

جگە لە کۆنترۆڵکردنی پارتی نەتەوەییە کوردیەکان، PKK لانیکەم پێنج ڕێکخراوی لەژێر دەستدایە: میلیشیایەکی چەکداری کە بەزۆری لە باکووری عێراق چالاکە پێی دەوترێ پەکەکە/کۆنگرا گەل + ڕێکخراوێکی لاوان (ڕێکخراوی ئازادیی لاوان) + ڕێکخراوێکی ئافرەتان (ڕێکخراوی ئازادیی ئافرەتان) + ڕێکخراوێکی قوتابییان (کۆمەڵەی قوتابییانی کوردستان)، ئەمە جگە لە ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندن وەک سێ ڕۆژنامە (YeniÖzgur Politika لە ئەڵمانیا، Gündem و Azadiya Welat لە تورکیا، دوو ئاژانسی دەنگوباس (ئاژانسی دەنگوباسی فیرات و ئاژانسی هەواڵی دیجلە)، دوو کەناڵی تەلەڤزیۆنیی ئاسمانی (Ro TV و MMCTV)، لەگەڵ ئێزگەیەکی ڕادیۆ (ڕادیۆی سەرهەڵدان Serhildan).

دووەم گرووپی کوردەکان کە بە "کوردانی عەفەوی" occasional Kurds ناسراون، ئەمانە تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان لەنێو تورکیادا گونجاندووە و وایان پێ باشە لەنێو پارتە نیشتمانییە ڕاستی ناوەڕاست و چەپی ناوەڕاستەکاندا چالاک بن. ئەم کوردە ئەتنییانە لەنێو کایەی دەرفەتە شەرعییەکاندا هەڵدەسووڕێن و پەیوەندییە خێڵەکییەکان بەکار دێنن تا بۆ پەرلەمان بێنە هەڵبژاردن و سەرچاوەکانی دەوڵەتیش بۆ پارێزگاریکردن لە بنکە جەماوەرییەکەیان بەکار دێنن. کێشەی گەورەیان لەگەڵ دەوڵەت نییە، ئامانجی سەرەکییان ئەوەیە پێگەی خۆیان لەنێو کۆمەڵگەی نیشتمانیی تورکیادا دیاری بکەن و ببوژێننەوە. ئەم کوردانە لەو ڕووەوە لە بزنس و بیرۆکراسیدا چالاکن، عادەتەن لە شارە گەورەکانی خۆرئاوای تورکیادا دەژین، هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ گوندە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەیە.

## ئیسلامیزمی کوردی

سێیەمین گرووپی کوردەکان بە کوردانی ئیسلامی وەسف کراون، کە بایەخ بە بەها ئیسلامییەکان دەدەن و وا باوە ناسنامەی ئایینی، پێش نەژاد دەخەن. ئیسلام بووەتە "ناسنامەی بەرهەڵستیکارانە"ی ناوچە کوردییەکە لە سەروەختی سیاسەتە مەرکەزییەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەتایبەت لە دژی پرۆژەی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆماری کەمالی. لە ناوچە کوردییەکانی تورکیادا ئیسلامی سۆفی وەک بەدیلی ناسنامەی کوردی کاری کردووە، لەگەڵ کوردە ئەتنییەکان کە دەیانەوێ ناسنامە کوردییەکەیان لەنێو ئەو تۆڕە ئایینی-خێڵەکییانەدا بپارێزن و برەوی پێ بدەن.

لەم ساڵانەی دواییدا ناوچە کوردییەکە ڕۆڵی کۆگەی کاری بۆ باقیی وڵات بینیوە، لە سەروەختی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکانی ئۆزالەوە لە ڕووی ئابوورییەوە بە سستی ماوەتەوە. کەمیی وەبەرهێنانی حکومەت و پاشەکشەی دۆخی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگەی کوردیی لە دژی دەوڵەت توندتر کردووە و وای کردووە بە ئاسانتر خۆیان لەنێو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە ئەتنی، یان ئایینییەکاندا ببیننەوە. لە کاتێکدا هێزەکانی بازاڕ ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانیان لە دژی دەوڵەت هەڵگێڕاوەتەوە، ئەوانەی لە بازاڕدا ئیشیان باشە، زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیدا ئاوێتە بوون و کەمتر بایەخ بە سیاسەتەکانی ناسنامەی کوردی دەدەن، واتە هەلومەرجی بازاڕ لە هەمان کاتدا هەندێ سێکتەری کۆمەڵگەی کوردیی (لە کۆمەڵگەی تورکی) دابڕیوە و هەندێکیانی ئاوێتە کردووە.

لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی ٢٠٠٧دا، بۆرژوازی کوردی خۆی کردە هاوپەیمانی ئاکەپەی مەیلە بازاڕ. زۆربەی

نوێنەرانی ئاکەپە یان بازرگان، یاخود بزنسمانی ناوچەکەن لەگەڵ هەندێ لە نەقشبەندی و نووریەکان[1]. ئەوانەی بەدەست هێزەکانی بازاڕەوە ئزاریان چەشتووە، بۆ چارەسەری کێشەکەیان داوای "دەوڵەتێکی کوردیی ئیسلامیی خۆشگوزەران" دەکەن. بەکورتی، هێڵە چینایەتییەکان لابەندییە ئایینییەکان لەم بەشەی وڵاتدا ڕەنگڕێژ دەکەن.

ئەگەرچی زۆربەی کوردە سیاسییەکان سەر بە تایفەی عەلەوین، بەڵام کوردەکان زۆربەیان موسڵمانی سوننەی شافیعین. ڕێکخستنە تەقلیدییەکانی سۆفییەکان لەگەڵ بزوتنەوەی (نوور)ی سۆفیی نوێ و هەندێ گرووپی ئیسلامیی ڕادیکاڵی نوێخواز پێکهاتە بالادەستەکانی پێکەوەیی و ناسنامەی ناوچە کوردییەکان پێکدێنن. تۆڕەکانی تەریقەتی سۆفیی نەقشبەندی نزیکەی ٥٠٪، نووریەکان نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتوان پێکدێنن. گرووپە ئیسلامییە ڕادیکاڵە نوێخوازەکان دەوروبەری ١٥-١٨٪ی کوردانی شافیعی پێکدێنن لە تورکیا[2]. تۆڕەکانی تەریقەتی نەقشبەندی کۆنترین ڕێکخستنی ناوچەکەن و هێشتا هەم لەنێو تورکەکان و هەم لەنێو کوردەکاندا بالادەستن. بە شێوەیەکی گشتی بزوتنەوەی نوور-ی سەعیدی نوورسی زیاتر لە شارەکان و لەنێو نوخبەی بزنسمان کە لە دەرەوەی ناوچە تەقلیدییە کوردییەکان دەژین، چڕ بووەتەوە.

---

[1]پەرلەمانتارانی ئاکەپە لە دیاربەکر هەرهەموویان بازرگانن (محەمەد مەهدی ئەکەر، قوتبەدین ئارزو، م.ئیحسان ئەرسەلان، عەبدولڕەحمان کورد، عوسمان ئەسلان و عەلی ئیحسان مەران ئۆغلو).

[2]Rapor: Güneydoğu’da Kürt Grupları (Ankara: Emniyet Genel Müdürlüğu Terörle
Mucadele Dairesi, March 2005).

لەنێو گرووپە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکاندا ڕەوتی ئیسلامیی هەمەجۆر هەیە بە کاریگەریی جیاواز، کە بۆ چەند سەرچاوەیەک دەگەڕێنەوە. حزبوڵڵای کوردی لەژێر کاریگەریی نووسینەکانی سەید قوتب و شۆڕشی ئێرانیدایە و لە باتمان و دیاربەکر و شرناخ و هەکاری و شارە سەرەکییەکاندا بڵاوە. ئیسلام ناسنامەی باڵادەستە لەنێو زۆربەی کوردەکاندا. بە هەرحاڵ، ئەو موسڵمانانە کاتێ لەگەڵ بژارەی سەپاوی ناسنامەیەکی تورکی ڕووبەڕوو دەبنەوە، هەست بە کوردبوونی خۆیان دەکەن.

ئەم ڕەوتە ئیسلامییەی ناسیونالیزمی کوردی پرنسیپە بنچینەییەکانی سیکیولاریزم و ناسیونالیزمی کۆماری تورکی ڕەت دەکاتەوە. یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ئێستای ئەردۆگان بە ناوی م.ئیحسان ئەرسەلان کە پەرلەمانتارێکی ئیسلامگەرای کوردی دیاربەکرە، لە هەردوو هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٧دا، دەڵێ: "ئەوە موعجیزە نییە کە بوترێ دوایین ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئیسلام و دیموکراسیدا (ئەو دیموکراسی وەک فۆرمێکی کوفر (بتپەرستی) وەسف کردووە) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو دەدات". ئەرسەلان هەروەها دەڵێ "ئەم ڕژێمە (دیموکراسی) لە تورکیا دانیشتوانەکەی جاهیل کردووە (cahillestirme)، ئایینەکەی قەدەغە کرد، بگرە تەنانەت هەوڵی دا ئیسلام ڕیفۆرم و لاواز بکا، هەر هەموو ئەوانەیش بەسەر کوردستانیشدا بسەپێنێ... فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی (تورکی)یش لە پرۆژەی لاوازکردنی ئیسلامەوە گلاون"[1].

---

[1] لەبارەی کوردیزمی ئیسلامی بڕوانە: ئەم کتێبە نووسەر نادیارانە:

ئەم لێدوانەی ئەرسەلان هەڵوێستی ئەو لە دیموکراسی و عەلمانییەت و ناسیونالیزمی تورکی دەخاتە ڕوو.

جگە لە PKK، ناسیونالیزمی کوردی لەنێو ڕێکخستنە ئیسلامییەکانیشدا کاری کردووە. ناسیونالیزمی ئیسلامیی کوردی لە دوو لقی سۆفیزمی ئیسلامیی تورکی/کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە: تۆڕەکانی نەقشبەندی و نووریەکان (شوێنکەوتوانی سەعیدی نوورسی). لایەنگرانی ئەم ڕەوتە ئەتنۆ ناسیونالیزمە کوردییە لەگەڵ گرووپە ئیسلامییە تورکەکان کار دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەم سیکیولاریزم و هەم ناسیونالیزمی پەڕگیری تورکی[1]. لەنێو ئەم سێکتەرەدا دوو گرووپی لاوەکی هەن. یەکەمین گرووپی ئیسلامیی کوردی ئەوانەن سەر بە بزوتنەوە تەقلیدییەکانی نەقشبەندی و نوورن و لایەنگری ئاکەپەن. ئەگەرچی تۆڕەکاتی تەریقەتە سۆفییەکان لە ١٩٢٥دا قەدەغە کران، بەڵام بە هۆی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان تۆڕە سۆفی و خێڵەکییەکانەوە لە ناوچە کوردییەکاندا لە کارکردن بەردەوام بوون. لەو ڕووەوە

---

Kürt Soruşturması (Ankara: Sor, 1992), pp. 261; 259; Mazlum-der (ed.), Kurt Sorunu Forumu (Ankara: Sor, 1993).

ئەو کتێبانە هەڵوێستی ئیسلامی لە کێشەی کورد و هەڵوێستی ئیسلامیی کوردی لە بنەما دامەزرێنەکانی کۆماری تورکی دەخەنە ڕوو.

[1] تەریقەتی سۆفیگەریی نەقشبەندی بەربڵاوترین و بەهەژموونترینە لە تورکیا. بزوتنەوەی نوور، بزوتنەووەیەکی ئیمانییە لە لایەن سەعیدی نوورسییەوە دامەزراوە. لەبارەی بزوتنەوەی نوور–ی کوردی بڕوانە:

M. Sıddık Seyhanzade, Nurculuğun Tarihçesi: Medeniyet-i Islamiyye (Istanbul:
Tenvir, 2003); Fulya Atacan, “A Kurdish Islamist Group in Modern Turkey: Shifting
Identities,” Middle Eastern Studies, 37:3 (July 2001), 111–144.

زۆربەی کوردەکان سەر بە مەزەبی شافیعی سەر بە ئیسلامی سونین، تا سەرەتای ١٩٨٠کانیش ناوەندەکانی خوێندنی نارەسمیی ئایینییان (مەدرەسە medrese)یان تێدا مابوو. گوندی مەنزیل لە پارێزگەی ئادیامان بەناوبانگترین تەکیەی نەقشبەندی لە تورکیا تێدایە، بە سەدان هەزار موریدی تورک و کوردەوە، لەوانە نامیق کەمال زەیبەک و موحسین یازیج ئۆغلو سەرۆکی پارتی یەکگرتنی مەزن (BBP)[١].

سەرکردایەتیی تەریقەتی سۆفیگەری هەمیشە لە دەستی کوردەکاندا ماوەتەوە، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر شوێنکەوتەی تورکیشی هەبووە. لە هەڵبژاردنەکەی دواییدا جەماعەتی مەنزیل (کۆمەڵی ئایینی) شانبەشانی تۆڕەکانی تەریقەتی نەقشبەندی و نوور، دەنگیان دا بە حکومەتی ئاکەپە.

لە ناوەڕاستی ١٩٩٠کانەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی بۆرژوازیی نوێی کوردی و چینی ناوەڕاست، زۆر لە کوردەکان وایان بە باش زانی بچنە ناو بزوتنەوەی (نوور)ی سەعیدی نوورسی. ئەم ڕێکخراوە لە دەوری نووسینەکانی نوورسی و ژوورەکانی خوێندنەوە ناسراو بە دەرسخانەکان dershanes ڕێکخرابوو. لەگەڵ پەرەسەندنە ئابوورییەکەی ئێستادا زۆر لە

---

[1]Niyazi Usta, “Menzil Nakşiliği,” Demokrasi Platformu 2:6 (Spring 2006), 21–44; A. Selahattin Kınacı, Seyyid Muhammed Raşid Erol (K.S.A)’nın Hayatı (Adıyaman: Menzil Yayınları, 1996); N. Fazıl Kuru, “Menzil Nakşiliği Merkez Cemaati Üzerine Sosyolojik Bir Araştırma,” MA dissertation, University of Erciyes, Kayseri, 1999.
کاتێ پەکەکە داوای لە تەریقەتی نەقشبەندیی مەنزیل کرد تا پشتگیری لە پرسەکەی بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ بکا، محەمەد ڕەشید ئەرۆڵ مکە ئەو کاتە شێخی تەریقەتەکە بوو، داواکەی ڕەت کردەوە و داوای لە سەرجەم شوێنکەوتوانی کرد "کار بۆ یەکپارچەیی و بەهێزکردنی دەوڵەتی تورکیا بکەن".

کوردەکان پەیوەندەی بە بزوتنەوەی نویی نوورەوە دەکەن، پێشتریش هێزێکی گەورەیان لە ناوچە کوردیەکاندا پێک هێنابوو. بە هەرحاڵ، لەم ساڵانەی دواییدا کە جەماعەتی فەتحولا گیولەن ناسیونالیزمییە تورکییەکەی کاڵ کردووەتەوە، تا دێ هەژموونی لەنێو کوردەکاندا زیاتر دەبێ. هەروەها هەمیشە بزوتنەوەیەکی کوردیی چالاک کە سەرەتا نوور بووە، هەبووە کە بە مێد-زەهرا Med-Zehra ناسراوە.

هاوتەریب لەگەڵ زیادبوونی چالاکیی ڕێکخراوە سۆفی و بزوتنەوە نوورمەشرەبەکان لە ناوچەکەدا، بە هەمان شێوە چالاکیی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حزبوڵلای کوردی (KH)ش لەوێ زیادیان کرد. ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حزبوڵلا کە بەشدارییان لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا کردووە، لە ٢٠٠٤وەوە لە باتمان و دیاربەکر سەریان هەڵداوە. کۆمەڵەکانی چەوساوان Mustazaflar Associations لە ٢٠٠٤ دامەزران و بە شێوەیەکی سەرەکی بە حزبوڵلای کوردی و هەندێ کۆمپانیای قەبارە بچووکەوە بەستران. ڕەنگە ڕەهەندی جیهانیی ئیسلام لە ناوچە کوردییەکەدا بە گەیشتنی KH لە ١٩٨٠کاندا بە باشترین شێوە نمایان بووبێ.

بە هۆی بوونی ڕەوتە ئیسلامییە هەمەجۆرەکان و ئەو کاریگەرییانەی لە سەرەوە باس کران، زۆر حاڵەتی گرژی و پێکدادانی توندوتیژ لەنێوان گرووپە ئیسلامییە کوردییە جیاوازەکاندا ڕوویان داوە، بەتایبەت لەنێوان KH و تۆڕە تەقلیدییەکانی تەریقەتە سۆفییەکاندا. ئەو پێکدادانە خوێناوییانە بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕێگەی بۆ بەدگومانی و بێڕێزی و هاوکارینەکردنی دووسەرە ساز کردووە. KH زۆر

سەرکردەی مێد-زەهرای کردووەتە ئامانج وەک عیزەدین یەلدریم و دەستەیەک لە بزنسمانانی کورد[1].

لەم ساڵانەی دواییدا KH بووەتە ڕێکخراوترین و کاریگەرترین ڕێکخراوی توندوتیژخواز لەنێو کوردانی گوندنشین و نیمچە شارنشیندا. بەکورتی، سیاسەتەکانی دەوڵەت ئەو لێکترازانەی نێوان ئیسلامگەرا کوردەکانی قووڵتر کردووەتەوە، هەر بۆیە ڕێی تێناچێ ئیسلامگەرایانی کورد بتوانن لەژێر سەرکردایەتییەکدا یەک بگرن تا ئاگایان لە بەرژەوەندییە جیاوازەکانیان بێ.

---

[1]تا ئێستا باشترین بەڵگەنامە لەسەر حزبوڵڵای کوردی لە لایەن بەشی یەکەی دژەتیرۆر لە پۆلیسی تورکی ئامادە کراوە بە ناونیشانی:
: Hizbullah Terör Örgütü (Ankara: Emniyet Genel Müdürlüğü, 2001).
هەروەها بڕوانە:

Emrullah Uslu, “From Local Hizbullah to Global Terror: Militant Islam in Turkey,” Middle East Policy, 14:1 (Spring 2007), 124–141;
Human Rights Watch, “What Is Turkey’s Hizbullah?”, February 16, 2000; M. Hakan Yavuz, Islamic Political Identity in Turkey (New York: Oxford University Press, 2003),
p. 176; Milliyet, January 20–23, 2000. The KH has two regular journals, Gönülden Gönüle Damlalar and Inzar. The KH also publishes Mujde in Basel, Switzerland. The KH-linked publishing houses, Davet Kitapevi in Elaziğ and Risale Kitapevi in Batman are very active. The KH benefited from the Copenhagen criteria and the absence of an anti-terror law allowed its non-governmental organization to form: Insan Hakları ve Mustazaflarla Dayanışma Derneği (Association for Human Rights and Solidarity with the Oppressed) in Diyarbakir.

## گژبەری بۆ دەسەڵاتی کلاسیکیی ئایینی:

## حزبوڵڵای کوردی

حزبوڵڵای کوردی (KH) لە لایەن حوسێن وەزیرئۆغلۆ و هاوەڵانیەوە دامەزرا کە پێشتر ئەندامی چالاکی پارتی سەلامەی نیشتمانی MSPی نەجمەدین ئەربەکان بوون. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩ و کودەتا سەربازییەکەی ١٩٨٠ لە تورکیادا، سەرکردایەتیی KH لە گۆڕینی دیموکراسییانەی کۆمەڵگە هیوابڕاو بوون و بیریان لە شۆڕشێکی ئیسلامیی سەرتاسەری کردەوە لەڕێی دەوڵەتێکی ئیسلامیی کوردییەوە. بەڵام لە ئەنجامی مشتومڕی ئایدیۆلۆژی لە کۆتاکانی ١٩٨٠دا، KH بۆی دەرکەوت بە هۆی هێزی سوپای تورکیاوە مەحاڵە بتوانن دەوڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن، هەر بۆیە ستراتیژێکی نوێی پەسەند کرد، کە سەرەتا کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی کوردی و پاش ئەوە دەوڵەتێکی ئیسلامیی کوردی دروست بکا. سەرکردەکانی حزبوڵڵا وەک حوسێن وەلیئۆغلو و فیدا گونگۆر هەوڵیان دا بە سێ قۆناغ بگەنە ئامانجەکەیان: دروستکردنی هۆشیارییەکی سیاسیی ئایینی (تەبلیغ tebliğ)، دروستکردنی کۆمەڵگە (جەماعەت cemaat)، پاشان خەباتکردن (جیهاد jihad).

بۆ بەدیهێنانی یەکەمین ئامانج، گرووپەکە بۆ بەسیاسیکردنی هۆشیاریی ئایینیی کوردەکان زیاتر پێداگریی لەسەر گفتوگۆی ڕووبەڕوو "ئاڵوگۆڕی زارەکی"ی دەکرد تا خوێندنەوە. لەو ڕووەوە کولتووری باڵادەست لە ناوچەکەدا هێشتا لەسەر بناغەی کولتووری زارەکی دامەزراوە و زۆربەی ئەندامانی KH سەر بە خێڵەکانن، KH "دیبەیتی ڕووبەڕووی"ی بەسەر خوێندنەوەدا هەڵبژارد بە مەبەستی

فێرکردنی ئەندامانی[1]. ئەم تێهەڵکێشبوونەی نێوان ناسنامە ئایینی و خێڵەکی و ئەتنییەکان یارمەتیی پێکهێنانی تۆڕی بەهێزی لە شار و شارۆچکە جیاوازەکان دەدا. بە هەرحاڵ، ئەگەرچی شوێنی ئەنجامدانی ئەو دیبەیتانە بەزۆری ماڵی خێزانەکانە، کەناڵی سەرەکیی زانیاری و شوێنەکانی کۆبوونەوەی ڕەسمی لە "کۆگەکانی کتێب"دا دەبێ کە زیاتر وەک ژووری خوێندنەوە بەکار دەهێنرێن.

بوونی کولتووری زارەکی وەک فۆرمی باوی فێرکردن لەنێو کۆگەکانی کتێبدا، پارادۆکسی سەیری پەیوەندیی نێوان کولتووری زارەکی و چاپ لە لایەک و گۆڕانی "دەسەڵات"ی ئایینی لە کۆمەڵگەی کوردی لە لایەکی ترەوە پیشان دەدا. لەو ڕووەوە KH گژبەرییەکی گەورەیە بۆ تۆڕە ئایینییە کلاسیکییە کوردییەکان، سەرکردایەتییەکەی پێویستیان بەوەیە وەک "زانا" سەیریان بکرێ کە لەڕێی خۆ-فێرکردنەوە زانستی ئایینی بەدەست دێنن، بە پێچەوانەی خوێندنی کلاسیکیی مەدرەسەکان[2]. ئەو کۆگایانەی کتێب وێنەی "فێرخوازی و هێزی کتێب" پیشان دەدەن، ئەگەرچی کتێبەکان لە لایەن ژمارەیەکی کەمەوە دەخوێنرێنەوە و لەڕێی کولتووری زارەکییەوە بڵاو دەبنەوە.

پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی تەقلیدیی ئیسلامی، بازرگانانی دیندار، هەروەها سیاسەتەکانی دەوڵەتیش لە

---

[1] KH چەند سایتێکی ئەلیکترۆنی هەیە کە گرووپەکانی گەنگەشەکردن بۆ ئەندامانی دابین دەکەن. گرنگترینیان بریتییە لە:www.inzardergisi.com. پڕ سەردانترین وێبسایت بە هەواڵی جێمشتومڕەوە بریتییە لە:www. yesrip.com کە هاوکات لە ئینتەرنێتەوە بەرنامەیەکی ڕادیۆییش پەخش دەکا.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی سیستمی مەدرەسی شافیعی بڕوانە: Yavuz, Islamic Political, p. 231.

میانڕەوکردنی بزوتنەوەکاندا گرنگن. لە تورکیا بازرگانانی دیندار (سەرکردایەتی KH) ئازاد بوون لەوەی کۆبوونەوەی ئایینی بکەن و گوتارەکانیان بەدڵی خۆیان دابڕێژن.

لە حاڵەتی بزاڤە ئیسلامییە تورکییەکاندا هێشتا دەستەبژێر و دەسەڵاتە ئایینییە تەقلیدییەکان دەسەڵاتی بازرگانانی ئیسلامیی تورکی ڕێک دەخەن. بەڵام دەستەبژێری تەقلیدیی ئایینی لە ناوچە کوردییەکاندا پەرت و لاواز بووە و دەسەڵاتێکی کەمی هەیە بۆ مومارەسەکردنی دەسەڵاتە تەقلیدییەکەی بەسەر ئەو گرووپە ئیسلامییە کوردییە هاوچەرخانەدا. ئەگەرچی دەستەبژێری تەقلیدیی ئیسلامی لە کاتی چاکسازییەکانی مستەفا کەمالدا تێکشکێنرا، بەڵام گرووپە سۆفییە نوێکان، بەتایبەت بزوتنەوەی نوور، هێشتا هەر ڕۆڵی گرنگیان لە "سیاسەتی ناو-گرووپ "“in-group policing”ی چالاکوانە سیاسییە ئیسلامییە تورکییەکاندا دەگێڕا. ئەم سیاسەتی ناو-گرووپە لە داخستنی حزب کاریگەرترە. بازرگانانی سیاسیی ئیسلامیی کوردیی نوێ بە ئاسانی گەشە دەکەن ئەگەر دەسەڵاتدارانی تەقلیدیی ئایینی پەرت بن یان بەرژەوەندیی سیاسیی جیاوازیان لە باقیی کۆمەڵگە هەبێ.

گرژیی نێوان دەسەڵاتدارانی تەقلیدیی ئایینی و بازرگانانی ئایینیی هاوچەرخ بۆ میانڕەوکردن و دەوڵەت زۆر گرنگن. هەرکات دەسەڵاتی تەقلیدیی ئایینی لاواز بێ و شەرعییەتیان لە کێشەدا بێ وەک لە حاڵەتی شارە کوردییەکاندا باوە، لاوە ئیسلامییە کوردییە چالاکەکان جڵەوی دیبەتەکە دەگرنە دەست. لەم ساڵانەی دواییدا KH مزگەوتی خۆیانیان دروست کرد (مزگەوتی بچووکن)، بۆ نموونە، لە شاری باتمان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی هەشت مزگەوتی لەژێر دەستدایە، KH چواری لەژێر دەستدایە.

ئەم مزگەوتانە ژمارەیەک ئەرک جێبەجێ دەکەن، لەوانە دابینکردنی زانیاری لەبارەی گەشەپێدانی ناوچەکە، خوێندنی ئایینیی منداڵان و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەوانەی پێویستیانە. بەڕێوەبەرانی ئەو مزگەوتانە کە بە مەلا mele ناسراون (بە کوردیی کرمانجی، ئیمام) کاریان تەنیا بەرنوێژکردنی خەڵک لە فەرزەکان و فێرکردنی ئیسلام بە منداڵان نییە، بەڵکو بەشداری لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی موسڵمانیشدا دەکەن لەڕێی بەدەمەوەچوونی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە.

ئەو مەلایانە کەمتر لە ئیسلامی کلاسیک و زیاتر لە پرسە سیاسییە ئیسلامی و کوردییە هاوچەرخەکاندا شارەزان. ئەوان ڕەخنەیان لە زانایانی کلاسیک ulema هەیە و جەخت لەوە دەکەن ئەوانە لە لایەن دەوڵەتەوە لاتەریک و دەستەمۆ کراون و بەشداری لە چالاکییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەدا ناکەن. سەرلەئێوارەی هەموو پێنجشەممەیەک لە مزگەوت "گفتوگۆیەک" هەیە و وا باوە مەلای مزگەوت پرسەکانی هەفتە لەگەڵ خەڵک تاوتوێ دەکا. مووچەی ئەم مەلایانە لە لایەن خەڵکەوە دەدرێ، هەروەها بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی خوێندوویانە. ئەمانە، بە پێچەوانەی ئەو ئیمامانەی لە لایەن دەوڵەتەوە دامەزراون، بە کولتووری خۆماڵیی کورد و نەریتە ئیسلامییەکان ئاشنان، هەروەها لە هەژموونی دەوڵەتی تورکیش ئازادن.

لە بەردەم گژبەریی KHدا، PKK چەند دەستپێشخەرییەکی کرد بۆ پارێزگاریکردن لە هێزی خۆی

بەسەر ناوەندە ئایینییە کوردییەکان، ئەویش بە دامەزراندنی "کۆمەڵەی ئیمامانی کوردستان" (Kurdistan İmamlar Birliği). ئەم دەستپێشخەرییە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورەی لێ کەوتەوە لەنێوان KH و PKKدا کە بووە مایەی کوژرانی ۷۰۰ کەس لەنێوان ۱۹۹۲ و ۱۹۹۵دا کە زۆربەیان ئەندامی PKK بوون[1].

ئەگەرچی KH لە بنەڕەتدا خۆی لە توندتیژیی پەکەکەئاسا دوور دەگرت و تەرکیزی لەسەر چالاکیی پەروەردەیی دەکرد بە مەبەستی بەرزکردنەوەی هۆشیاری، دواجار وەک قوربانیدان" و "ئەرکێکی پیرۆز" لە دژی "پەکەکە مولحیدەکان" مامەڵەی لەگەڵ توندوتیژی کرد. هەندێ لە سەرکردە دیارەکانی KH، لەوانە فیدان گونگۆر لە جەماعەتی مەنزیل Menzil، لە ململانێکەیاندا جەخت لە جیهادی فیکری وەک قۆناغی یەکەم و توندوتیژی وەک قۆناغی دووەم دەکا. بە لای ئەوەوە، گرنگ بوو ژمارەیەکی پێویست لە شوێنکەوتوانی ئایدیۆلۆژی ساز و ئامادە بکرێن. ئەم بۆچوونە هێشتا بە توندی لە لایەن حوسێن وەلی ئۆغلۆوە لە ئیلیم جەوسەری ڕەخنەی لێ دەگیرا، کە دەیویست KH زیاتر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و چالاک بێ تا ئەوەی بزوتنەوەیەکی فیکری بێ کە پشت بە دەق ببەستێ. لە ئەنجامی ئەمەدا ڕەتی کردەوە لەگەڵ گونگۆر کار بکا، ئەوەیش بووە هۆی لێکترازانێکی گەورە لەنێو KHدا.

---

[1]S. Özeren and C. Van de Voorde, "Turkish Hizbullah: A Case Study of Radical
Terrorism," International Journal of Comparative and Applied Criminal Justice, 30:1
(2006), 75–93.

باڵی وەلی ئۆغلو پێداگری لەسەر سروشتی قوربانیدەرانەی توندوتیژی لە دژی "پەکەکەی مولحید" دەکرد. وەلی ئۆغلو جەختی لە ڕووبەڕووبونەوەی سەرتاسەری دەکرد لەگەڵ PKK بۆ کردنەوەی بوارێک بۆ چالاکییەکانی خۆی و PKKی بە دوژمنی یەکەم دەستنیشان کرد. لە کۆتاییدا لقی ئیلیم جەماعەتی مەنزیلی بەزاند و بووە بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردیی پێشەنگ، بە چالاکییە تیرۆریستییە پەیوەندارەکانیەوە. KH یەکێکە لە بەهێزترین تۆڕە لۆکاڵییەکان و کۆمەڵەی هەمەجۆری لە ناوچە کوردییەکەدا هەیە، لەگەڵ بوونی هەزاران ئەندام.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی پۆلیس تایبەت بە دەستگیرکردنەکان، زۆربەی ئەندامانی KH لەڕێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان، خێڵ، یان تۆڕە ئایینییەکانەوە چوونەتە نێو ڕێکخراوەکە. پەیوەندییە خێزانییەکان کاریگەرترین تۆڕەکانی ساز (بەسیج)کردنن لەنێو KHدا، کە وەک خێزانێکی گەورە کار دەکا. بە هۆی ئەو پەیوەندییانەی کە لەسەر خێزان دامەزراون، لەچاو پەکەکەدا KH کاراتر و ڕێکخراوترە و پرۆسەی بەسیجکردنی جەماوەریتر و خۆویستانەترە.

لە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە چەند ئەندامێکی KH لە تورکیا گەیشتمە ئەو دەرەنجامەی فاکتەری "ڕاکێشەر"ی سەرەکیی خۆبەسیجکردنی لاوانی کورد لەو ڕێکخراوەدا پەیوەندییە خێزانییەکانە، لەپاڵ کولتووری باوی خێڵەکییانەی "ئابڕوچوون" shame. گەنجانی کورد لە تەمەنێکی زوودا فێر دەکرێن چۆن خۆیان لە ئابڕوچوون بپارێزن و شەرەف بەدەست بێنن لەڕێی ژمارەیەک ستراتیژی تۆڵەکردنەوە و بەرگریلەخۆکردن و

پاراستنی ناوی خێڵ، هەروەها پاکیزەیی ئەندامە مێینەکانی خێزان. هەر کوشتنێکی خزمێک یان توندوتیژینواندن لە لایەن پۆلیسەوە مەسەلەی گێڕانەوەی شەرەف دێنێتە ناوەوە، کە ئەوە لای خۆیەوە، سەردەکێشێ بۆ گێژاوی لە توندوتیژی[١].

لە ١٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٠دا پۆلیسی تورکی زنجیرەیەک ئۆپەراسیۆنی سیستەماتیک و هەڵکوتانەسەری لە دژی KH ئەنجام دا بە مەبەستی تێکشکاندنی ڕێکخراوەکە، کە بووە هۆی کوژرانی سەرۆکەکەی و دەستگیرکردنی زیاتر لە شەش هەزار ئەندامی KH. کەچی هێشتا زیندوو و لە ژمارەیەک خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکاندا زۆر چالاکە. لە سایەی سەرۆکە نوێکەیدا، عیسا ئالتسۆی، کە لە ئەڵمانیا دەژی، هەروەها فەراهەمبوونی ئازادییە نوێکان لە بواری ڕێکخستن، کۆبوونەوە و قسەکردنی ئاشکرادا، KH گەڕایەوە سەر حاڵەتی پێشووی لە برەودان بە هۆشیاری (tebliğ). KH ئێستا کار لەسەر بەشداریی زیاتری کۆمەڵایەتی دەکا بە

---

1 ئیسماعیل بێشکچی لە کاریگەریی شەڕی گەریلا لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دەکۆڵێتەوە. کاتێ چەکدارێکی لاوی کوردی ناو میلیشیا لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەکوژرێ، پێی دەوترێ (شەهید) و نوێژی بەکۆمەڵی لەسەر دەکرێ. خەڵک سەردانی خێزانی گەریلا کوژراوەکە دەکەن و هاوخەمیی خۆیان پیشان دەدەن و مەولود (هۆنراوە لە ستایشی پێغەمبەردا) ڕێک دەخەن، لەگەڵ ئامادەکردنی خوانی نانخواردندا. خوێندنەوەی مەولودنامە بە کوردی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی هەیە. بڕوانە:
Besikci, Kendini Kesfeden Ulus (Istanbul: Yurt Kitap Yayın, 1993), p. 79. For more on the socio-political environment of the recruitment of the PKK militias, see Ciyayı, Gerilla Anıları II (Istanbul: Aram, 2002); H. Uysal, Dağlarda Yasamın Dili (Istanbul: Aram, 2001).

ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی کوردی لەڕێی ڕێکخستنی هەندێ چالاکیی وەک کۆکردنەوەی پارە، زەماوەندی هاوسەرگیری و ڕێورەسمی سوننەت (خەتەنە)کردنی بەکۆمەڵ لە ناوچە گوندییەکاندا.

لە ناوەندی شارەکاندا، فێرکردنی گشتی دەستەبەر دەکا لەڕێی ئینتەرنێتەوە، هەروەها هەندێ پرۆژەی ئابووریی قەبارە بچووک دەکاتەوە، وەک فرۆشتنی کەلوپەلی ئۆفیس یان کردنەوەی کۆگەی خواردن. ئێستا ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە هێنانەکایەی کۆمەڵگەی ئیسلامیی خودکەفایە. ئەم چالاکییانە لە لایەن کۆمەڵەکانی سەر بە KHـەوە ئەنجام دەدرێن کە بە چەوساوان Mustazaflar (واتە موستەزعەفەکان) ناسراون، ئەمانە تۆڕی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان دروست دەکەن، کە زادەی تێڕوانینی KH بۆ ئیسلام، هەروەها پەیوەندییە خێڵییەکانن[١].

ئەم چالاکییانەی بنیاتنانی کۆمەڵگە پەلی هاویشت بۆ سیاسەتی بەشداریکردنی هەڵبژاردن و KH لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا دەنگی بە ئاکەپە دا، لەبەر سێ هۆی سەرەکی: "ئاکەپە ئەنتی کەمالییە و وەک ئێمەی کورد قوربانیی سیستەمەکەیە + سەرۆک شارەوانییەکانی DTP نەیانتوانی خزمەتگوزاریی شایستە دەستەبەر بکەن، ئەمە جگە لەوەی عەلمانی و مولحیدن + خەڵکانی ئاکەپە یارمەتیدەر دەبن بۆ هێنانەکایەی ئازادیی زیاتری ڕێکخستن و ئەگەر پێویستمان بێ پاڵپشتیمان دەکەن"[٢].

لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا نزیکەی سەرجەم مەلاکانی باتمان داوایان لە جەماوەرەکەیان کرد زیاتر دەنگ بە

---

[1]"Diyarbakir'daki Gizli Güç: Mustazaflar!," Sabah, April 20, 2006.
[2]Interview with a KH sympathizer in Istanbul, August 10, 2007.

کاندیدەکانی AKP بدەن تا بە کاندیدە "سیکیولاریست"ەکانی DTP. (سیکیولاریست لە ناوچەکەدا بە مانای دژەئایینی دێ). نزیکەی سەرجەم تۆڕەکانی KH کاریان بۆ سەرکەوتنی AKP کرد وەک ڕێگەیەک بۆ پەسەندکردنی "فەزایەکی نوێ بۆ کردنەوەی دەرفەتەکان" لە سایەی حکومەتی ئاکەپەدا، هاوکات دەنگیشیان لە دژی سیاسەتە سیکیولار و چەپڕەوانەکانی شارەوانییەکانی DTP دا.

بەگوێرەی هەندێ ڕاپۆرتی نوێی پۆلیس، KH ڕێکخراوێکە خێراترین گەشەی لە زۆر گونددا هەیە. لەسەر هەرای کاریکاتێرە دانیمارکییەکە (کاریکاتێر بۆ پێغەمبەری ئیسلام) سەرکردایەتیی حزبەکە خۆپیشاندانێکی گەورەی بە بەشداریی نزیکەی ١٢٠ هەزار کەس لە دیاربەکر ڕێکخست. لە ٢٠٠٦دا گەورەترین کۆبوونەوەی جەماوەری لە دیاربەکر لە لایەن KH ەوە ڕێک خرا بۆ ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر محەمەد. خەڵک قورئانیان دەخوێندەوە و سرودی ئیلاهی (ilahi)ی کوردییان دەوتەوە.

لە وێبسایتەکەی KHدا گفتوگۆیەک لەسەر دامەزراندنی پارتێکی ئیسلامیی کوردی لەئارادایە. ئەمە لە ڕاستیدا دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ناسیونالیزمی کوردیدا، هاوشێوەی دەرکەوتنی حەماس لە دژی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین PLO لە لێکترازانی ناسیونالیزمی فەلەستینیدا. لێرەوە، لە کاتێکدا پەرتبوونی ناسیونالیزمی کوردی لەنێوان ڕەوتە سیکیولار و ئیسلامییەکاندا دەبینین، هاوکات ڕیزبەندییەکی نوێی هێزە ئیسلامییەکانیش لەنێوان KH و AKPدا دەبینین. ئەمە هەم ئومێد و هەم ترس سەبارەت بە پەرەسەندنی دوورمەودای ناسیونالیزمی کوردی دروست دەکا.

## سیاسەتە کوردییە ناکۆکەکانی AKP

بەبێ سیاسەتێکی ڕوون، ئاکەپە لە هەڵبژاردەکانی ٢٠٠٢ەوە دوو ستراتیژی بەرانبەر کێشەی کورد هەبووە: دواخستنی کێشەکە تا هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧، ئەویش بۆ خۆ لادان لە ڕەخنەی گرووپە ناسیونالیستە تورکەکانی بنکە جەماوەرییەکەی و لێرەیشەوە خۆلادان لە ئەگەری سەرهەڵدانی کێشە لەگەڵ سوپا (و هەڕەشەی کودەتا) + هەروەها گواستنەوەی کێشەکە بۆ یەکێتیی ئەورووپا. تا ئێستا AKP لە هەردوو ستراتیژەکەیدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام بەبێ زیادبوونی باجی کۆمەڵایەتییش نەبووە.

هەردوو لایەنە دەرەکی و ناوخۆییەکان لە هەوڵیان داوە سیاسەتەکانی ئاکەپە ڕەنگڕێژ بکەن. یەکێتیی ئەورووپی داوای لە تورکیا کردووە کۆمارە کەمالییەکە سەرلەنوێ پەیکەربەندی بکاتەوە تا کایەی سیاسی لە بەردەم کوردەکان و دەنگە کەمینەکانی تر بکاتەوە، بەربەستی ١٠%ی دەنگەکان بۆ چوونە پەرلەمان کەم بکاتەوە کە دەرفەت دەداتە کورد نوێنەرایەتیی لە پەرلەماندا هەبێ، هەروەها لێبووردنی گشتی بۆ ئەندام و گەریلاکانی پەکەکە ڕابگەیەنێ.

کێشەکە بووەتە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی سەروەری و بەهێزکردنی شارەوانییە خۆجێییەکان. ئەگەرچی ئاکەپە ڕازی بوو کۆمارەکە پەیکەربەند بکاتەوە و شارەوانییە خۆجێییەکان بەهێز بکا، بەڵام لەو ڕووەوە خوازیارە ئەو لە کوردەکان زیاتر لەو گۆڕانە دەستوورییانە سوودمەند بێ، سوورە لەسەر ئەوەی بەربەستی ١٠%ـەکە نەگۆڕێ. هەروەها پرسی دەرکردنی لێبووردنی گشتی بۆ ئەندامانی پەکەکەیش لەنێو لایەنگران و بنکەی جەماوەریی ئاکەپەدا پشتیوانی ناکرێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا ستراتیژی سەرەکیی AKP ئەوەیە دەوڵەت و کۆمەڵگە بە ناسەربازی de-militarize بکا. ئەو سەرکەوتنی خۆی لە دیموکراتیزەکردنی بە ڕادەی پاشەکشەپێکردنی حزووری سوپا لە ژیانی سیاسیدا دەپێوێ.

بە چاوپۆشین لە فشارە دەرەکییەکان (EU و US)، سیاسەتەکانی ئاکەپە لە وەڵامدانەوەی فشارەکانی ناوخۆدا فۆرمەلە بووە، بەتایبەت وەک کاردانەوە بۆ سوپا و پەکەکە. هەربۆیە ئاکەپە ژمارەیەک هەڵوێستی لە پرسی کورددا خستووەتە ڕوو. بەر لەوەی بێتە دەسەڵات، پێداگری لە "نەیاری"ی بۆ ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت و بەکارهێنانی سوپا لە ناوچە کوردنشینەکان دەکرد.

تێزی گشتیی ئاکەپە بۆ ئەو ناوچە کوردنشینانە ئەوە بوو: ئێمەیش وەک ئێوەی کورد بەدەست ئەم دەوڵەتە ئایدیۆلۆژییە کەمالییە و سوپا هاولفەکەیەوە ناڵاندوومانە. کاتێ دەگەینە دەسەڵات، یەکەمین کاری لەپێشمان پێناسەکردنەوەی دەوڵەت و لێک هەڵوەشاندنەوەی ئایدیۆلۆژیا کەمالییەکەی دەبێ. لە ئەنجامی دیاریکردنی زیرەکانەی شوێنی خۆی لە بازاڕە ئایدیۆلۆژییەکەدا، ئاکەپە دەنگێکی بەرچاوی لە ناوچە کوردنشینەکان بەدەست هێنا، ئەویش پاش ئەوەی خۆی وەک پارتی "بەرهەڵستکار"ی سیستەمەکە خۆی پیشان دەدا، لە کاتێکدا بەرانبەر کێشەی کورد "هەستیار" بوو. زۆربەی دەنگەکانی ئاکەپە لە ناوچە کوردییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا لە گوند و شارۆچکە و شارە مەیلە ئیسلامییەکانەوە بوو. ئەو کوردانەی تێڕوانینیان لە لایەن تۆڕە تەقلیدییە ئایینییەکانی نەقشبەندی و گرووپەکانی نوورەوە ڕەنگڕێژ

دەکرا، هەروەها حزبوڵڵای کوردیی توندڕەو، وەک حزبێکی "دژە سیستەم" پاڵپشتییان لە AKP کرد.

دابەشبوونی سەرەکی لە هەردوو هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٧ لەنێوان هەردوو ستراتیژی کوردی و ئیسلامیدا بوو. ئەم دوو ناسنامەیە –نەژاد بەرانبەر ئایین- بە تەواوی یەکترییان لەخۆ نەگرتبوو، بۆ نموونە هەندێ کورد جەختیان تەنها لەسەر ناسنامە ئەتنییە کوردییەکەیان دەکرد لەڕێی DEHAP لە ٢٠٠٢ و DTP لە ٢٠٠٧، لە کاتێکدا هەندێکی تریان وایان بە باش دەزانی لەنێو چوارچێوەی ئاکەپەی پرۆ-ئیسلام و ئەنتی-سیستەمدا کوردایەتیی خۆیان بکەن.

تەنانەت ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا DEHAP تاکە حزب بوو لە شارە کوردییەکاندا و AKP حزبی دووەم بوو، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا AKP لە هەندێ شاری کوردیدا بوو بە حزبی یەکەم، بۆ نموونە لە پارێزگەی دیاربەکر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢دا DEHAP دەنگی پێویستی بەدەست هێنا بۆ هەڵبژاردنی هەشت لە دە نوێنەر بۆ پەرلەمان، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧دا DTP تەنها بەشی چوار کورسیی دەنگی بەدەست هێنا، لە بەرانبەردا AKP شەش کورسیی بردەوە[١].

ئەم دەنگدانە دەنگدانی ناڕەزاییش بوو لە دژی DTP. ئاکەپە لە کۆی سیازدە کانتۆن لە هەشتیاندا بوو بە یەکەم، کە بریتی بوون لە (چەرمیک، چینار، چونگوش، دیجلە، ئەرگانی، ئەغیل، هانی، کولپ).

---

[1]Mehmet Mehdi Eker, Kutbettin Arzu, M. İhsan Arslan, Abdurrahman Kurt, Osman
Aslan, Ali İhsan Merdanoğlu.

له شارۆچکه بچووکه‌کاندا که سه‌رۆکی شاره‌وانییه‌کانی DTP به‌شدارییان له حکومه‌ته ناوخۆییه‌کاندا ده‌کرد، ئاکه‌په زیادکردنی سه‌یری تۆمار کرد، بۆ نموونه له‌و شارۆچکانه‌ی سه‌رۆکی شاره‌وانییه‌کانی DTP به‌رپرس بوون، ئاکه‌په ئه‌م ده‌سکه‌وتانه‌ی خواره‌وی به‌ده‌ست هێنا.

| | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٧ |
|---|---|---|
| بیلمیل | 4,749 | 14,165 |
| ئه‌رگانی | 6,598 | 19,189 |
| سیلڤان | 2,073 | 8,904 |
| کۆجاکۆی | 583 | 1,743 |
| کایاپینار | 10,124 | 13,958 |

سیاسه‌تی حکومه‌ته‌که‌ی ئاکه‌په تا ٢٠٠٧ ئه‌وه بوو کێشه‌ی کورد پشتگوێ بخا، یان وا حساب بکا که کێشه‌یه‌کی وا نه‌بووه ده‌ستی پێ بکرێ. به لای سه‌رکردایه‌تیی ئاکه‌په‌وه، کێشه‌ی PKK له لایه‌ن سوپاوه زیاده‌ڕه‌ویی تێدا کراوه، بگره هه‌ندێ وه‌ک تاکه‌که‌س له پاشمله باس له‌وه ده‌که‌ن سوپا له‌پێناو هێشتنه‌وه‌ی ده‌سکه‌وته ماددییه‌کانیان و ڕۆڵیان له سیاسه‌تی تورکیدا نایه‌وێ کێشه‌که کۆتایی پێ بێ.

له‌و ڕووه‌وه تێگه‌یشتنی سه‌رکردایه‌تیی ئاکه‌په له نه‌ته‌وایه‌تی هه‌ڵقولاوی فه‌لسه‌فه‌ی بزوتنه‌وه‌ی دیدگه‌ی نیشتمانی NOMی ئه‌ربه‌کان بوو، پێیان وایه کێشه‌ی کورد زاده‌ی پرنسیپه که‌مالییه‌کانی ناسیونالیزم و سیکیولاریزمه. هه‌ڵوێستی دژه‌-سوپاییانه‌ی سه‌رکردایه‌تیی AKP له پرۆسه‌که‌ی ٢٨ی شوباتدا، که بووه هۆی تەجریمکردنی

سـەرجـەم بزاڤـە ئیـسلامییەكـان، یارمـەتیـی پـەكـەكـەی دا بـە دوورخستنەوەی حكومەت لـە پلانـەكانی سـوپا[1]. بـەكورتی، بە لای ئاكـەپـەوە پرسـی كـورد تـا ڕادەیـەك لـە لایـەن سـوپاوە دروست كراوە و باشترین سیاسەتیش ئەوەیە پشتگوێ بكرێ و لەباتی ئەوە جەخت لە برایەتیی ئیسلامی بكرێ.

سیاسـەتـی "نكـوڵیكردنی مـاقووڵ"، ئـەگـەر دەربڕینـەكـە دروست بێ، لە ئەنجامی دەستپێكردنەوەی هێرشەكانی پەكەكە لە ئایاری ۲۰۰٥دا كۆتایی هات. جگە لـەوەیش سـەركردایـەتیی پەكەكە، كە هیچ پێشكەوتنێكی بـەرچاوی لـە لایـەن دەوڵـەتـەوە بەرانبەر ئامانجەكانیان نەدی، گومـان وایـە لـە باكووری عێراق كۆبـووەتـەوە و بڕیـاری داوە هێرشـەكانیـان بـۆ سـەر ئامانجـە نەرمەكان لەنێو سێكتەرە جیاوازەكانی دانیشتواندا دەست پێ بكـەنـەوە، كـە ئـەوە بـە لای هـەندێكـەوە سـتراتیژێكە بـۆ دروستكردنی پوازێك لەنێوان نەژاد تورك و كوردەكاندا[2].

بـەپێی "كاریگـەرییـە دەركـەوتـووەكـان پێدەچێ چـەكدارانی پەكەكە لە بەرەنگاریی عێراقییەوە فێری تاكتیكی نوێ بووبن لە ڕووی هێرشـكردنە سـەر ئامانجـە سـەربازییـەكـان، میندانانـەوە لەسەر ڕێگەكان و تەنانەت ئەنجامدانی كردەی خۆكوژی. زیاد

---

[1] كودەتا سەربازییەكەی ۱۹۹۷ كە بە "پرۆسەی ۲۸ی شوبات ناسراوە". سوپا كۆمەڵە ئابوورییە گەورەكان، كارتلەكانی میدیا، سەرۆكی زانكۆكان و دەسەڵاتی دادوەری لە بەرژەوەندیی فەرمانەكانی خۆی تاو دا تا ڕەوتێكی دژ بە پارتی ڕەفا دروست بكات و حكومەتی نەجمەدین ئەربەكان ناچار بە دەستلەكاركێشانەوە بكا. كودەتاكە سەرەنجام سیستمێكی كۆنترۆڵ و چاودێری و تەجریمكردنی هەموو چالاكییەكی ئیسلامی وەك هەڕەشەیەكی ئەمنی لێ كەوتەوە.

[2] Mahsum Şafak, PKK, Yeniden İnşa Kongre Belgeleri (İstanbul: Çetin Yayınları, 2005).

لەوەیش، وەک زانراوە پەکەکە دەستی دەگاتە چەکەکانی سوپای عێراقی. لە ئایاری ٢٠٠٥ەوە هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لەسەر دەستی پەکەکە لە چەندین بەشی باشووری ئەنادۆڵ تووشی زیانی گەورە بوون، کە هێرشیشیان کردووەتە سەر هەندێ ئامانجی مەدەنی لە ناوەندە شارییە گەورەکاندا، وەک ناوەندەکانی گەشتیاری و دامەزراوە بازرگانییەکان[١].

لە بارێکی وادا هەم پێوەرەکانی کۆپنهاگن و هەم هێرشی سەر عێراق بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا ڕووبەری نوێی دەرفەتیان بۆ پەکەکە و هاوەڵانی کردووەتەوە تا سیاسەتێکی تۆکمەتر لە بەرەنگاریکردندا بگرێتەبەر لە ڕووی تۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکیی سیاسی، بەشداریکردن لەسەر بناغەی شارەوانییەکان و هێرشی چەکداری دژی ئامانجەکانی دەوڵەتی تورکی. ئەم سیاسەتە تۆکمە نوێیەی خۆقایمکردنی کورد، کاردانەوەیەکی گەورەی هەم لەنێو کۆمەڵگەی تورکی و هەم لەنێو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا لێ کەوتەوە، بۆ نموونە حیلمی ئۆزکۆک کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەرکانی گشتی بوو، ڕاشکاوانە داوای لە دەوڵەت کرد گۆڕانی یاسایی پێویست بکا بۆ تێکشکاندنی ژێرخانی چالاکیی پەکەکە لە تورکیا[٢].

---

[1] پەکەکە ناوەندەکانی گەشتیاری لەم شارانەی خوارەوە کردە ئامانج: چەسمە لە ١٠ی تەممووزی ٢٠٠٥دا، پەندیک/ئیستەنبوول لە ٣ی ئابی ٢٠٠٥دا، ئەنتالیا لە ١٢ی ئابی ٢٠٠٥دا.

[2] مشتومڕێکی گەورە لەناو تورکیا لەئارادایە. هەندێ ڕۆژنامەنووسی ئیسلامی سوپای تورکیایان بە دانانەوەی ئەو مینانە تۆمەتبار کرد تا حکومەت ناچار بکەن تا چوارچێوەی یاسایی پێویست تێبپەڕێنێ. بە دەربڕینێکی تر، حکومەتی ئاکەپە و هەوادارانی ئۆتۆنۆمی نادەنە ناسیونالیزمی کوردی. وەک ئامرازێک بەدەست سیکیولاریستانی تورکی و

ئەگەرچی ئەردۆگان لە سەرەتاوە بۆچوونەکەی ئۆزکۆکی بەدڵ بوو، بەڵام پاشتر بیری گۆڕی، ئەویش بە هۆی "ڕوونکردنەوەکان"ی ڕاوێژکارەکانی، هەروەها بنکە جەماوەرییە ئیسلامییە سەرەکییەکەی پارتەکە، کە ئاماژەیان بەوە دا دەکرێ ئەو یاسا نوێیەی دژەتیرۆر لە دژی گرووپە ئیسلامییەکانیش بەکار بهێنرێ.

بەم شێوەیە، گرووپە ئیسلامی و کوردییەکان هەڵمەتێکی گەورەیان کرد لە دژی هەر ئەگەرێکی تێپەڕاندنی یاسایەکی دژە-تیرۆر. کاتێ زانیی ناتوانێ بەدەم داواکەی ئۆزکۆکەوە بچێ بۆ گۆڕانی یاسایی نوێ، ئەردۆگان سیاسەتێکی دووسەرەی گرتەبەر: داوای لە ئەمەریکا کرد چالاکییەکانی پەکەکە لە باکووری عێراق ڕابگرێ، هەروەها زمانێکی کورددۆستانە بەکاربێنێ بۆ داماڵینی کاریگەریی ئۆجەلان لەسەر پارتە کوردییەکان.

### دیدی ئەردۆگان بۆ پرسی کورد

پێناچێ ئەردۆگان تێگەیشتنێکی ڕوونی لەبارەی هێزی ناسیونالیزم و ناسنامەی ئەتنی هەبێ. بە شێوەیەکی بەردەوام هەڵوێستی گۆڕیوە، لە نکوڵیکردنەوە بۆ قبوڵکردنی پرسی کورد. ١٣ی نیسانی ٢٠٠٥ لە ئۆسلۆ لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئەو پرسەوە گوتی:

لە تورکیا کێشەیەک نییە بە ناوی کێشەی کورد، ئەوە کێشەیەکی وەهمییە. ئێمە لە چوارچێوەی هاوولاتیبووندا

---

ویلایەتە یەکگرتووەکان، تەنانەت ئیسرائیل مامەڵەی لەگەڵ پرسەکە دەکەن. بڕوانە:
"PKK' nın derdi Kürtler değil," Aksiyon, No. 556 (August 1, 2005).

مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکەین. ئێمە بەدووریەکی یەکسان لەگەڵ سەرجەم ئەو گرووپە ئەتنییانە وەستاوین کە لە تورکیا هەن. هیچ جیاوازییەک لەنێوان گرووپە (ئەتنی)یەکانی وەک تورک، کورد، لاز، جۆرجی و ئەبخازی ناکەین... ئایا هەر بە تەنها تورک لە تورکیا دەژین؟! لەپاڵ ئەواندا نزیکەی سی گرووپی ئەتنیی جیاواز لە وڵاتدا دەژین[1]. ئەوەی نەیتوانی لەسەری بوەستێ، زۆریی ژمارەی کوردنەژادەکانە بەراورد بە ژمارەی کەمینەکانی تری تورکیا.

لە ١١ی ئابی ٢٠٠٥دا ئەردۆگان سەری لە دیاربەکر دا و چاوەڕوان دەکرا بەرنامەی نوێی حکومەتەکەی بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئاشکرا بکا، بەڵام سەردانەکەی شکستی هێنا لە دەستنیشانکردنێکی گشتگیری کێشەکە. ئەگەرچی بە نابەدڵانە ددانی بە بوونی "پرسی کورد"دا نا، بەڵام نەیتوانی هۆ و ناوەرۆکی "پرس"ەکە دیاری بکا. پێش سەردانەکەی بۆ دیاربەکر، میدیاکان پێشبینییان دەکرد حکومەت چارەسەری خۆی بۆ کێشەکە ڕابگەیەنێ. زیاد لەوەیش، لەو ڕووەوە بنەچە کۆمەڵایەتییەکانی ئاکەپە، هەروەک ناسیونالیزمی کوردی، پاشخانێکی بەرهەڵستکارانەی بۆ پرنسیپە تەئسیسییەکانی کۆمارەکە، زۆر چاودێر چاوەڕوانی هەڵوێستێکی جیاوازتر و دۆستانەتریان بەرانبەر کورد لە حکومەت دەکرد.

---

[1] وەڵامی ئەردۆگان بۆ هەندێ پرسیار لەبارەی کورد و ناسیونالیزمی کوردی پاش وتارەکەی لە پەیمانگەی نەرویجی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئۆسلۆ:

; http://www.byegm.gov.tr/YAYINLARIMIZ/anadoluyahaberler-yeni/2005/nisan/ah_13_04–05.htm

بە هەرحاڵ، ئەردۆگان ئەوەی کرد کە بۆی باشە. کاتێ لە ئەنکەرە بوو قسەی بۆ خەڵکی دیاربەکر دەکرد، لە دیاربەکر قسەی بۆ دەوڵەت دەکرد لە ئەنکەرە، لە نەرویج پرسی کوردی بە کێشەیەکی "خەیاڵکرد" ڕاگەیاند. ئەو گوتی: "سەرجەم هاووڵاتییانی تورکیا لەژێر ناسنامەی یەکەمدا کە هاووڵاتیبوونی کۆمارەکەیە یەکیان گرتووە، هەرچۆن بێ، هەموو تورکەکان ناسنامەی لاوەکییان هەیە. نابێ کەس لەبەر ئەوە سووکایەتیی پێ بکرێ. کورد دەتوانێ بڵێ من کوردم". بەرپرسانی دەوڵەت و هەندێ لە ناسیونالیستەکان تووڕە بوون و هۆشدارییان دا لەوەی هەر دارِشتنەوە و بەهێزکردنێکی ناسنامە لاوەکییە نەتەوەییەکان دەکرێ سەربکێشێ بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی تورکیا، هاوشێوەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو.

بەکورتی، ئەردۆگان پێدەچێ بە هیچ پرسێکەوە پابەند نەبێ و لەباتی ئەوە بە بەردەوامی وەک یاریزانێکی لێهاتووی تۆپی پێ شوێنی خۆی دەگۆڕێ. وا دیارە ئامانجی تەنیا بریتییە لە پارێزگاریکردن لە دەسەلاتی خۆی. بە پێچەوانەی گوتاری خۆی، ئاکەپە ددان بە "ناسنامەی تورکی"دا نانێ وەک ناسنامەیەکی بان-ئەتنی کە ناسنامە کوردی و بۆسنی و ئەلبانییەکان لەخۆ بگرێ. لە هەمان کاتدا ناسیونالیزمی کوردیش پێناسەی نەتەوایەتیی تورکی Turkish Nationhood وەک چەمکێکی یاسایی ڕەت دەکاتەوە و پێناسەی نەتەوەی تورکی بەو شێوەیە دەکا کە دەشێ پێناسەی نەتەوایەتیی کوردی پێ بکا.

ئەردۆگان لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە دیاربەکر گوتی:

پێویست ناکا ناو لە هەموو کێشەیەک بنێین. ئەوانە کێشەی هاوبەشی هەموومانن... هەموو کێشەکان کێشەی هاووڵاتییانی تورکیان بە چاوپۆشین لەوەی بنەچەیان چییە، واتە کێشەکانی کورد و چەرکەس و لاز و ئەبخازا. خۆر هەموو کەس گەرم دەکاتەوە و باران نیعمەتی خوایە بۆ هەموو کەس. بەم شێوەیە، من بەوانەی دەپرسن: چی بەسەر کێشەی کورددا دێ؟ دەڵێم: کێشەی کورد، کێشەی منە... ئێمە سەرجەم کێشەکان لەڕێی دیموکراسییەوە چارەسەر دەکەین[١].

ئەردۆگان بەبێ دیاریکردنی ناوەرۆکی کێشەی کورد، گوتی کە لە چوارچێوەی پرنسیپی "یەک ئاڵا، یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە"دا چارەسەی دەکا. میتۆد و تێگەیشتنی ئەو لە کێشەی کورد جیاوازییەکی ڕیشەیی لە هیی ناسیونالیستانی کورد بەتایبەت پەکەکە، هەیە. بە لای ناسیونالیستانی کوردەوە سەرچاوەی کێشەکە ئەو ستەمە مێژووییەیە کوردەکان چەشتویانە. ئەوان دەڵێن: تورکەکان لە ١٠٧١دا بە یارمەتیی کوردەکان هاتنە ئەنادۆڵ لە دژی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی، (دەڵێن) دەرەنجامی شەڕی گەورەی چالدێران لەنێوان عوسمانییەکان و دەوڵەتی فارسی لە ١٥١٤دا بە یارمەتیی کوردەکان لە بەرژەوەندیی تورکەکان تەواو بوو. (دەڵێن) دواجار کاتێ ئەنادۆڵ لە لایەن هێزە ئەورووپییەکانەوە داگیر کرابوو، شەڕی سەربەخۆیی بە سەرکردایەتیی ئەتاتورک بە هۆی کوردەکانەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

ئەگەرچی ئەتاتورک بەڵێنی دابوو دەوڵەتێکی دوو-نەتەوەیی بۆ تورک و کوردەکان دروست بکا، بەڵام پاش جەنگ لەباتی

---

[1] Erdoğan’s speech; see “Son Dakika,” Milliyet, August 12, 2005, www.milliyet.com.tr

ئەوە، بە پێچەوانەوە کوردەکانی سەرکوت کرد و نکوڵیی لە مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانیان کرد. هەموو ئامڕازێکی بەکار هێنا تا لە سەرجەم گرووپە ئەتنییە هەمەجۆرە موسڵمانەکان نەتەوەیەکی تورکی دروست بکا. بەم شێوەیە، سەرچاوەی سەرەکیی گرژی لەنێوان ناسیونالیزمی کوردی و کۆمار بریتییە لەو ڕێگەیەی مێژووی پێ بنیات نراوە و "نەتەوە"ی پێ پێناسە کراوە. بە بڕوای سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە ئۆجەلان، تورکیا لە یەک تاکە نەتەوە(ی تورکی) پێک نایەت، بەڵکو لە دوو نەتەوە پێکهاتووە: تورک و کورد.

چارەسەری ئۆجەلان بۆ کێشەکە لە داواکردنی سەربەخۆیی تەواوی کوردەوە کە هەموو ئامڕازێکی بەردەستی بەکار هێناوە، لەوانە هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر دانیشتوانی مەدەنی، بۆ هەڵوێستێکی میانڕەوانەتر پەرەی سەندووە. پاش دەستگیرکرانی هەڵوێستی خۆی بەم شێوەیە فۆرمەلە کردووە: "کۆماری دیموکرات، نیشتمانێکی دایکی ئازاد، ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی دیموکرات، نیشتمانێکی دایکی یەکگرتوو". مەبەستی لەم دروشمە "دارشتنەوەی تورکیایە لەسەر بناغەی دوو نەتەوە: دداننانی دەستووری بە مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کورد، خوێندن بە زمانی کوردی و داوای لێبوردنکردنی دەوڵەتی تورکی لە کوردەکان لەسەر ئەو ستەمە مێژووییەی لێیان کراوە".

ئۆجەلان بەم شێوەیە باسی پرسی کورد دەکا، کە دیدێکە بە تەواوی دژی بۆچوونەکەی ئەردۆگانە.

ئەردۆگان بە پێداگرتنی لەسەر بیرۆکەی "یەک تاکە نەتەوە" هەمان ئەو پرنسیپە کۆمارییە دووپات دەکاتەوە کە لە دیباجەی دەستووری تورکیدا داکۆکیی لێ کراوە. پرسی کورد

یاخیبوونێکە لە دژی پرنسیپە تەئسیسیەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکی. پەکەکە ئەم پرنسیپە بە سەرچاوەی دژیەکییەکی گەورە دەبینێ و چارەسەرێک پێشکەش دەکا، کە بریتییە لە ددانانان بەوەی تورکیا دوو نەتەوەی تێدایە. پاساوی پەکەکە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی، بەتاڵکردنەوەی ئەو دژیەکییەیە. جەختکردنی ئەردۆگان لەسەر "تاکە نەتەوەیەک" پێچەوانەی گوتاری ناسیونالیستی کوردییە.

ئۆجەلان بە جەختکردنی لەسەر تێزی "کۆماری دیموکرات" هەلومەرجێکی لەبار بۆ دیموکراسییەکی ئەتنی دێنێتە کایە: واتە کێبرکێی سیاسی لەنێوان گرووپە ئەتنییەکان، یان گۆڕینی هەڵبژاردنەکان بۆ جۆرێک لە سەرژمێریی ئەتنی. ئەم فۆرمە لە ڕکابەریی سیاسی بەرەو ئەوە دەچێ پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بنکۆڵ بکات و سەر بکێشێ بۆ هەرەسی هۆشمەندیی سیاسی.

بێتوانایی ئاشکرای ئەردۆگان بۆ تێگەیشتن لە نەژادگەرایی دەشێ سەر بکێشێ بۆ بەئەتنیکردنی کایەی گشتی و هاندانی گرووپە ئەتنییەکان بۆ داواکردنی پاراستنی یاسایی. لە کاتی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ دیاربەکر لە ٢٠٠٥دا کوردنەژادەکان چاوەڕوانی پاکێجێکی ئابووری و سیاسییان دەکرد. بە هەرحاڵ، ئەردۆگان لە ڕیشە و خواستەکانی کێشەی کورد تێناگا لەبەر ئەوەی هەست یاخود تێگەیشتنێکی کەمی لە ناسیونالیزمی ئەتنی یان مەدەنی هەیە. ناسنامەی با ئەو موسڵمانێتییە و پێی وایە ناسنامەی ئیسلامی بە شێوەیەکی سیحری کێشەی کورد چارەسەر دەکا. لە بەرانبەردا، گوتارەکەی ئۆجەلان دەربارەی "کۆماری دیموکرات" مانای

دروستکردنی "ناوچەیەکی کوردیی ئازاد" لەنێو تورکیا دەگەیەنێ.

گوتارەکەی سەرۆکوەزیران لە دیاربەکر مشتومڕێکی لەسەر "پرسی تورکی" کردەوە، ئەویش بە خۆلادانی لە بەکارهێنانی دەستەواژەی هاوولاتیبوونی تورکی و تەرکیزکردنی تەنها لەسەر هاوولاتیبوون وەک پەیوەندییەکی یەکخەر بۆ هەموو ئەو خەڵکەی لە تورکیا دەژین. ئەردۆگان لە گوتارەکەیدا وەک ناسنامەیەکی بالا بەسەر هەموو گرووپە ئەتنییەکاندا مامەڵەی لەگەڵ ناسنامەی تورکی نەکرد. لەباتی ئەوە هەروەک ناسنامەی کوردی، لاز، یان بۆسنی مامەڵەی لەگەڵ تورکبوونیش کرد. لایەنی یاسایی تورکبوون و مانا مێژووییەکەی چەمکەکە بە تەواوی پشتگوێ خران و ئەردۆگان لە نەژادگەراییدا کورتی کردەوە[1].

لە ٦ی دیسەمبەری ٢٠٠٥دا، ئەردۆگان لە کۆنفرانسێکدا بە ناونیشانی "تورکیا و یەکێتیی ئەورووپی: دەرفەت و لەمپەرەکان بۆ نیو زیلاند" لە زانکۆی کانتربێری لە کریستچەرچ، ئەردۆگان قسەی کرد و گوتی: "لە وڵاتی ئێمەدا پێکهێنەرە نەتەوەییەکانی دانیشتوان لەڕێی پەیوەندییە هاوبەشە ئیسلامییەکانەوە یەکیان گرتووە". ئەردۆگان هەروەها دەستەواژەکانی "بنەچەتورک" و "بنەچەکورد"ی بۆ هاوولاتییانی تورک بەکار هێنا و باسی لەوە کرد کە: "کوردەکان ئاستەنگیان نییە (لە تورکیا). زۆر کورد پۆستی سیاسیی زۆر دیاریان بەدەستەوەیە و زۆریشیان بزنسمانن.

---

[1]Fikret Bila, “Türk Sorunu,” Milliyet, August 20, 2005; Ahmet Taşgetiren, “Pişmemiş
Yemek,” Yeni Şafak, August 15, 2005.

شتێک نییه به ناوی کێشەی کورد، ئەوەی لە تورکیا هەیە زیاتر کێشەی جیاخوازییە و لە لایەن ڕێکخراوی پەکەکە/کۆنگرا گەل-ەوە سەرکردایەتی دەکرێ و بەکار دێ".

ئەردۆگان بۆ یەکەمین جار کێشەی کوردی خستە قاڵبی "جیاخوازی" و ئیسلامی وەک بەستەری هاوبەشی هاووڵاتییانی تورک و کورد وەسف کرد. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ یان ئەوەتا بیرۆکەکانی تاقی دەکاتەوە، یان هیچ تێگەیشتنێکی لە کێشەی ئەتنی لە تورکیا نییە. ئەو لە چارەسەری "دیموکراتی"یەوە بۆ کێشەی کورد بایدایەوە بۆ چارەسەری "ئیسلامی". بەڵام ئاشکرایە کە هەندێ کەمینەی ئەتنی و ئایینیی نائیسلامی لە تورکیا هەن وەک گریک و ئەرمەنی و جوولەکەکان کە هەموویان لە بەگوێرەی یاسای تورکی و تا ڕادەیەکی زۆریش بە کردەوە هاووڵاتیی تەواوی تورکین. ڕەنگە پێویست بێ سەرۆکوەزیران ڕوونی بکاتەوە چۆنچۆنی ڕابیتەی ئیسلامی لای ئەو کەمینانەیش هاوبەشە و ئاخۆ کەمینە نائیسلامییەکانیش لەگەڵ زۆرینە بە یەکسان حسێب دەکا؟

سەرەنجام، دەتوانین بڵێین ئەردۆگان دیدێکی ڕوونی نییە لەبارەی نەژادگەرایی یان ناسیونالیزمی ئەتنی. هێشتا دوو شت زۆر ڕوونن: ا-ئەو "ناسنامەی تورکی" یان نەتەوەی "تورک" بە ناسنامەی نیشتمانی دانیشتوانی تورکیا دانانێ. ب-ئەو جەخت لە ناسنامەی ئیسلامی، هەروەها هاووڵاتیبوونی یاسایی دەکا وەک ناسنامەی نیشتمانیی تورکیا. ئاخۆ ناسنامەی ئیسلامی و هاووڵاتیبوونی یاسایی کێشەی کورد چارەسەر دەکەن؟ کوردەکان موسڵمانن و ماوەی چەند سەدەیەک لەگەڵ تورکەکان پێکەوە ژیاون، هەروەها لە دامەزراندنی کۆمارەوە

هـاووڵاتیی تورکیـان. بۆیـە ئاسـانە بـوترێ کوردنـەژادەکـان نایانەوێ تەنها وەک موسڵمان یان تەنها بە هاووڵاتیی تورکی بناسـرێن، بـەڵکو زیـاتر دەیانـەوێ ددان بـە ناسـنامە ئـەتنییـە کوردییەکەیاندا بنرێ، هاویەکسان لەگەڵ ناسنامەی تورکی.

## "تورکیبـوون" وەک ناسـنامەی سـەرەکـی لـەبـەرانبـەر ناسنامەی لاوەکی

بـە هـۆی دەسـتپێکردنەوەی هێرشـەکـانی PKK بـۆ سـەر ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان –ئەوەی هەندێ بە ئاشکرا بـە کـردەوەی "تیرۆریـستی" وەسـفیان کـرد- ئـەردۆگـان لـە ٢٠٠٢دا بڕیاری دا هەندێ بیرۆکەی نوێ لەبارەی پرسی کورد بخاتە ڕوو[١]. بە هەرحاڵ، لـەو کاتـەی هـەوڵی دەدا بیرۆکـەکـانی لەبارەی بابەتەکە ڕوون بکاتەوە، خۆی و پارتەکەی زیاتر هەم لـە دامـەزراوەکـانی دەوڵـەت و هـەم لـەو ئـەکتـەرە کوردییانـەی پەکەکە سەرکردایەتییان دەکا، دوور دەخستەوە.

---

[1] ئەو گرووپە سەرەکییەی دەوری ئەردۆگانیان داوە، هەرهەموویان کوردی ئاوێتەبوون. ئەوان پێکهاتوون لە: جونەید زاپسو، کە بە ژمارەیەک ئابڕوچوونی دارایی تۆمەتبار کرابوو (میللیەت، ٣١ی دیسەمبەری ٢٠٠٥)، عومەر چەلیک (کە لە لایەن گرووپە موحافیزەکارەکانەوە ڕەخنەی توندی لێ گیرا بە هۆی شێوەژیان و ئەو سامانە تازەیەی بەدەستی هێناوە)، موجاهید ئەرسەلان (کوڕی ئیحسان ئەرسەلان). لەناو حزبەکەدا، دەنگیر میر فیرات و م.ئیحسان ئەرسەلان دوو دیارترین پەرلەمانتاری کوردی دیارن. لە حکومەتدا چەند وەزیرێکی کوردی تێدایە. بە هەرحاڵ، سەرجەم ئەو سیاسییانە بە باشی لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیدا جۆشیان خواردووە و قەت نەزانراوە بەشداریی چالاکیی جیاخوازییان کردبێ.

تێگەیشتنی ئەردۆگان لە "تورکیبوون" Turkishness لە خاڵێکدا لە پێناسە دەستوورییەکە بۆ نەتەوایەتی جیاوازە. بە هەمان ئەو شێوەیەی پەکەکە لێی تێگەیشتبوو مامەڵەی لەگەڵ ناسنامەی ئەتنی تورکی کرد، کە هەمان شتە: تورکیبوون ناسنامەیەکی ئەتنییە، نەک بنیاتێکی سیاسی، کە بۆ پێکەوەبەستنی گرووپە ئەتنییە هەمەجۆرە موسڵمانەکانی کۆمار لەژێر چەتری دەوڵەتێکی نەتەوەیی تورکیدا بەکارهاتووە. پێشتر، تورکیبوون زیاتر ناسنامەی دەوڵەت بووە تا ئەوەی ناسنامەیەکی ئەتنی بێ. بەڵام ئەردۆگان ڕایگەیاند کە بوار هەیە بۆ ناسنامە ئەتنییە (کوردی و تورکی)یەکان لەنێو چەمکی هاوڵاتیبووندا. ئەو لە ناوبردنی ئەم هاوڵاتیبوونە بە تورکی دوودڵ بوو، کە ڕاگەیاندنێکی بوێرانەیە لەو ڕووەوە لە ڕووی مێژووییەوە تورکیبوون تاکە ناسنامەی قبوڵکراو بووە. (لە ڕاستیدا تا کۆتایی ١٩٨٠کانیش، کوردەکان تەنانەت بوونیان لە لایەن هەندێ دامودەزگای دەوڵەتی تورکییەوە نکوڵییان لێ دەکرا، بەوەی کوردەکان بە "تورکانی شاخ" وەسف دەکران).

لە ئابی ٢٠٠٥دا ئەردۆگان لە وتەیەکیدا لە ئەنکەرە، جەختی لە بوونی پرسی کورد کرد و زیاتر (هاوولاتیبوون)ی بە ناسنامەی باڵا هەم بۆ کورد و هەم بۆ تورکەکان پێشکەش کرد تا "ناسنامەی تورکی"[1].

---

[1] محەمەد مەتینەر کۆنە ئیسلامییەکی کوردە، کە "سەرەکی" primary لە دژی "ناسنامە لاوەکییەکان" جیادەکاتەوە و وەک چارەسەر "هاوولاتیبوونی دەستووری" پێشنیار دەکا. بڕوانە:

Mehmet Metiner, Ideolojik Devletten Demokratik Devlete (Istanbul: Beyan, 1999), p. 110. For Erdoğan’s statement, see Zaman, August 11, 2005.

بە هەرحاڵ، کاتێ چەند ڕۆژێکی کەم پاشتر لە دیاربەکر بوو جەختی لە سروشتی یەکخەرانەی دەوڵەتی تورکی و یەک نەتەوە دەکرد[١]. ئەم بۆشاییە لەنێوان هەردوو گوتارەکەدا ئاماژەیە بۆ ناتێگەیشتنی ئەردۆگان لە کێشەی کورد. بەکورتی، تێگەیشتنی لە بابەتەکە ڕەنگدانەوەی ڕیشە ئیسلامییەکەیەتی لەنێوان بزاڤی دیدگەی نیشتمانیی ئەربەکاندا. جیاکردنەوەی ناسنامە نیشتمانییە باڵاکان لە لاوەکییەکان لە لایەن ئەردۆگانەوە کێشەکەی چارەسەر نەکرد، بگرە لە ڕاستیدا بەدگومانیی بەرانبەری قووڵتر کردەوە. تەسەورەکەی بۆ کێشەی کوردی لە ڕووی "یەکێتی و برایەتیی ئیسلامی"یەوە نەبووە مایەی ڕەزامەندیی کوردە ناسیونالیست و سیکیولارەکان، کە لە لایەن پەکەکە و دەتەپە DTPەوە سەرکردایەتی دەکرێن، هەردووکیان هەوڵەکانی ئەویان بۆ ئەسلەمەکردنی مشتومڕی ناسنامە ڕەت کردەوە. زیاد لەوە، بۆچوونی زۆر ناکۆک لەنێو فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی ئاکەپەیشدا هەیە. ئەردۆگان دەستی کردبوو بە پەسەندکردنی ناسنامەیەکی باڵا بەسەر ناسنامە لاوەکییەکان و بە لامەرکەزیکردنی حکومەت. چەندە نۆبلانەیش بن، پێدەچێ بیرۆکە خاوەکانی ئەردۆگان زیاتر کێشەیان خولقاندبێ تا چارەسەر. ئەو بە توندی لە لایەن دامەزراوە جیاجیاکانی دەوڵەتەوە ڕەخنەی لێ گیرا، بە نزیکەی سەرجەم پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیشەوە.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا بە هۆی مشتومڕەکانی ئەم دواییە لەسەر "ناسنامە سەرەکییەکان" لە بەرانبەر "ناسنامە لاوەکییەکان"دا نیگەران بوو. ئەردۆگان لە

---

[1] Zaman, August 12, 2005; Milliyet, August 13, 2005.

بەکارهێنانی دەستەواژەی نەتەوەی تورکی دوودڵە بووو "هاووڵاتیبوون" وەک ناسنامەی سەرەکی دیاری دەکا لە بەرانبەر ناسنامە ئەتنی، یان کولتوورییەکاندا. هەروەها جەخت لە ئیسلام دەکا وەک ناسنامەیەکی یەکخەر بۆ گەلی تورکیا.

بەڵگەنامەی سیاسەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی تورکیا ناسنامە کوردی و بۆسنی و ئەلبانی و چیچانییەکانی وەک ناسنامەی لاوەکیی ئەتنی لە سایەی ناسنامەی مەرکەزیی تورکیی دەوڵەتدا.

سوپا باوەڕی وایە مشتومڕ لەسەر ناسنامەی سەرەکی بەرانبەر بە ناسنامەی لاوەکی، ناسنامەی نیشتمانی (تورکی) شڕوورِ دەکا، واتە ئەو پێداگرتنە لەسەر ناسنامەی لاوەکیی لای خۆیەوە "بنیاتی یەکخەری تورکیا دەخاتە مەترسی و زیان بە یەکێتی و سەلامەتیی خاکەکەی دەگەیەنێ". باس لەوە دەکرێ ژەنراڵ ئیلکەر باشبوگ İlker Başbuğ لەو کاتەی جێگری سەرۆکی ئەرکانی گشتی بوو، لەبارەی ئەم بابەتەوە گوتوویێتی "ئەوانەی لەسەر خاکی تورکیا دەژین و لەڕێی پەیوەندییەکانی ئامانجگەلی هاوبەشەوە بەیەکەوە بەستراون، بە نەتەوەی تورکی لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا وەسف دەکرێن"[١].

لە قوتابخانەی فەرماندەیی ئەکادیمیای جەنگ لە ئیستەنبوول لە ئایاری ٢٠٠٣دا، ژەنراڵ یەشار بویوکانیت گوتی، هەم بەرگیکردن لە تاکە کولتوورێک بە ناوی

---

[1]Hilmi Özkök, "Yıllık Değerlendirme Konuşması on 20 April 2005," in Genel Kurmnay
Basını Bilgilendirme Toplantıları ve Basına Açık Ana Faaliyetleri (Ankara: Genel Kurmay
Genel Sekreterliği, 2005), p. 215.

هـاووڵاتیبوونی جیهـانی و کـولتـووری گـەردوونییـەوە، هـەم هـەوڵـدان بـۆ لاوازکردنـی ناسنامەی نـەتـەوەیـی لـەڕێـی بزاڤـە مایکرۆ-ناسیونالیستەکانەوە (نەتەوەییە بچووکەکانـەوە) کـە لـە لایـەن جیاکردنـەوەی ناسـنامە سـەرەکـی و فـەرعییـەکانـەوە پاڵپشتی دەکرێ، قەیرانـی متمانـە لـە گۆڕەپانی جیهانیدا قووڵ دەکاتەوە. ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە لایەنی سیاسیی بەجیهانیکردن globalization دەتوانێ زیـاتر ئـازار بگەیەنێ تا سوود، ئەویش بە لاوازکردنی چەمکەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی و سەروەریی نەتەوەیی[١].

ئەگەرچی سوپا دەیەوێ جەخت لەسەر خاک و نەتەوایـەتی و دەوڵەت وەک یەکەیـەکی ئۆرگـانی و یـەکگرتـوو بکا، ئاکـەپـە بەمـە ڕازی نییـە و هـەوڵ دەدا تێگـەیشتنێکی فرەکولتوورییانـە multicultural لە نەتەوایەتی پێشکەش بکا. ئاشکرایە زمانێکی هاوبـەش نییـە لـەنێوان سـوپا و حکومـەت لـە موناقـەشـەکردنـی پرسی کورددا.

ئـەحمـەد نـەجـدەت سـیزار کـاتێ سـەرۆک بـوو، هـەمیـشە ڕەخنـەی لـە وێنـای ئـەردۆگان بـۆ ناسنامەی تورکی دەگرت[٢]،

---

[1]36 Yaşar Büyükanıt, “Küreşelleşme ve Uluslarası Güvenlik,” Birinci Uluslarası Sempozyum
Bildirileri (Ankara: Genel Kurmay Askeri Tarih ve Stratejik Etüt Baskanlığı Yayınları,
2003), p. 17.

[2]37 “Sezer’den yeni yıl mesajı,” Radikal, January 1, 2006.
سیزەر گوتی "بەپێی دەستوورەکەمان، کۆماری تورکیا یەکەیەکی حاشاهەڵنەگرە بە وڵات و نەتەوەکەیەوە. دەوڵەتی تورکیا پێکهاتەیەکی یەکخەری هەیە. یەکێتی بە کۆمەڵگەیەکی فرەکولتووری دێتەدی بە بنەمای دەوڵەتی نەتەوەییەوە. ئەوە کاریگەرترین میتۆدی پێکەوەژیانە بە پارێ. گاریکردن لە هەمەجۆری. دانانی سەرجەم هاووڵاتییان بە تورک، مانای

بەڵام ئەوەی بە زەقی ڕوونە ئەوەیە ئەردۆگان بە تەواوی لە ئامانجەکانی دڵنیا نییە. ئەو لافی ئەوە لێدەدا کە دەتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکا، بەڵام هاوکات هەر گۆڕانکارییەکی یاسایی کە بە ئاڕاستەی چارەسەرێک بکرێ، ڕەت دەکاتەوە، وەک ڕێگەدان بە نوێنەرایەتیکردنی کوردنەژادەکان لە پەرلەماندا، ئەویش بە کەمکردنەوەی یاسای بەربەستی ١٠% بۆ چوونە ناو پەرلەمان، وەک لە خوارەوە شی کراوەتەوە.

## بەربەستی ١٠% و DTP لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٧دا

لە دەستووری ١٩٨٢دا ئامانجی سەرەکیی سوپا کۆتاهێنان بوو بە نوێنەرایەتیی ڕێژەیی حزبەکان[١]. لێرەوە سیستەمێکی هەڵبژاردنی پێشکەش کرد کە براوە هەموو دەنگەکان ببات، ئەویش بە دانانی ڕێژەی بەربەستی نیشتمانیی ١٠% بۆ نوێنەرایەتیکردنی حزب لە پەرلەماندا. لەم ساڵانەی دواییدا زۆر خەڵک، بەتایبەت ناسیونالیستانی کورد، ویستوویانە بەربەستی

ڕەتکردنەوەی ناسنامە ئەتنییە جیاوازەکان ناگەیەنێ. بە پێچەوانەوە یەکسانی لەنێوان هاووڵاتییاندا دەستەبەر دەکا".

[1] چەند کێشەیەک لە یاسای هەڵبژاردندا هەیە. یاساکە نوێنەرایەتیکردن لەسەر بنەمای دیمۆگرافی، هەروەها جیۆگرافی دیاری دەکا. ئەم دوو بنەمایە دژیەکییان تێدایە و ناعەدالەتی لە نوێنەرایەتیکردندا دروست دەکەن. بۆ نموونە لە هەندێ ناوچە (٨–١٠) هەزار دەنگ بەرانبەر کورسییەکە، لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە لە ناوچەکانی خۆرئاوا دەگاتە ٩٠ هەزار دەنگ بۆ کورسییەک. ئەگەرچی یاساکە دەیەوێ هاوسەنگی لەنێوان نوێنەرایەتیکردنی دیمۆگرافی و جیۆگرافیدا بکا، بەڵام ئەم هاوسەنگییە بە شێوەیەکی ڕیشەیی بە بەرژەوەندیی نوێنەرایەتیکردنی جیۆگرافی لەسەر حسابی بنەما دیموکراسییەکە شکاوەتەوە.

١٠%ەکــە کــەم بکــەنــەوە و نموونــەیــەکــی ڕادیکــاڵ لــە نوێنـەرایـەتیکردنی ڕێژەیی پێشکەش بکـەن، کە زۆر کـەس لـە دەنگـدەرانـی تـورکی بـە توندی دژیـن. زۆر کـەس پێیـان وایـە، سیستەمە ڕێژەییە کۆنەکە، ژمارەیەک حزبی بچووک، چـەنـد حکومـەتێکـی زۆرینـەی ناسـەقـامگیر، حکومـەتگـەلێکـی تـەمـەنکـورت و سازشـکاریی نـەبـڕاوەی نێـوان سـەرکـردەی حزبـەکـانی بـەرهـەم دەهێنـا، هـەرهـەمـوو ئـەمانـە گـەندەڵییـان بـەدامـەزراوەیـی دەکـرد و ڕێگـەی لـە دانـانی سیاسـەتگـەلێکـی ڕوون دەگرت.

یەکێک لـە مشتومڕە سـەرەکییە پەیوەندارەکان بـە پرسـی کـورد پـێش هـەڵبژاردنـەکـانی ٢٠٠٧ پـەیـوەنـدیی بـە یاسـای بەربەستی ١٠%ی هەڵبژاردنەوە هەبوو. ئەم یاسای بەربەستە، کـە هـەمـوو پارتـەکـان پێویـستیان بـەوە بـوو بـەر لـە نـاردنی نوێنـەرانیـان بـۆ پـەرلـەمـانی تورکیا پێـی بگـەن، لـە جـەوهـەردا ٤٥%ی دەنگدەرانی تورکی لە نوێنەرایەتیکردنی پەرلـەمـان لـە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی ٢٠٠٢دا بێبەش کرد و لێرەیشەوە بـوو بـە بـەربـەستێک لـە بـەردەم دیمـوکراتیزەکردنی زیـاتر لـە تورکیا[1].

---

[1] سیزەر ڕەخنەی لە بەربەستی ١٠% گرت و داوای لە پەرلەمان کرد چاو بە یاسای هەڵبژاردندا بخشێنرێتەوە. دەڵێ "ئیرادەی نیشتمانی سەرچاوەی ڕاستەقینەی سەروەریی نیشتمانییە. پێویستە حزبە سیاسییەکان بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی دێنن لە پەرلەماندا نوێنەرایەتی بکرێن. نزیکەی نیوەی دەنگدەران بە هۆی بەربەستی هەڵبژاردنەوە لە پەرلەماندا نوێنەرایەتی ناکرێن. سیستمی ئەمڕۆی هەڵبژاردن دژ بە بنەماکانی دادپەروەرییە لە نوێنەرایەتیکردندا".
Radikal, January 1, 2006.

پاش هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ گرووپێک لە سیاسییەکانی DEHAP سکاڵایەکی یاساییان بۆ دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ECHR بەرز کردەوە و ڕایانگەیاند بەربەستی ١٠% نادیموکراتییە و بە نیەتی ئەوە داڕێژراوە پارتی DEHAPی کوردی نەچێتە پەرلەمان. ECHR تورکیای بە ڕاست بینی بە ئاماژەدان بەوەی بەربەستی ١٠%ی دەنگدان لە سەروەختێکی ناسەقامگیریی سیاسیدا بۆ ڕێگرتن لە پەرتبوونی پەرلەمان پەسەند کراوە، لێرەیشەوە مەبەستی نکوڵیکردن لە نوێنەرایەتیکردنی پارتە کوردییەکان نەبووە[1].

بە هۆی کەیسی داخرانەکە لە دادگەی دەستووریدا، سەرکردایەتیی DEHAP بەبێ چاوەڕوانکردنی کۆتا بڕیاری دادگە و خۆی حزبەکەی داخست، حزبێکی نوێی بە ناوی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات DTP دامەزراند[2]. ئەم حزبە، هاوشێوەی حزبە کوردییەکانی تری پێشوو، هەروەک حزبێکی نەتەوەیی مایەوە و نەیتوانی ببێتە هێزێکی سیاسی لە تورکیا. بە هەرحاڵ، لەنێو ئەو کوردانەی هۆشیاریی سیاسییان هەیە و داکۆکی لە ناسنامەیەکی سەربەخۆ و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی نەتەوایەتی و هەروەها گۆڕانی دەستووری دەکەن، جەماوەرێکی زۆری هەیە. DTP لە ڕاگەیاندنە

---

[1] 40 Milliyet, January 10, 2007.

[2] بەر لە بڕیارەکەی دادگەی دەستووری لەبارەی ئەوەی ئاخۆ حزبەکە دابخات یان نا، بە فەرمانی ئۆجەلان کۆمەڵێ لە سیاسییەکانی DEHAP، لە ٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥دا (DTP)یان دامەزراند. DEHAP خۆی داخست و سەرجەم ٥٦ سەرۆکی شارەوانی و ٨٥٢ ئەندام ئەندامەکەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە دیسەمبەری ٢٠٠٥دا چوونە ناو حزبە نوێیەکە.
Vatan Gazetesi, December 18, 2005

ڕەسمییەکەیدا، داوای لە حکومەت کرد "هەموو قەیدەکانی سەر زمانی کوردی" هەڵبگرێ، هەروەها "زمانی کوردی شانبەشانی زمانی تورکی بکرێتە زمانێکی ڕەسمی لەو ناوچانەی کوردی تێدا دەژین"[1].

پاش بڕیارەکەی دادگەی مافی مرۆڤی ئەورووپی، DTP بڕیاری دا بە کاندیدی سەربەخۆ بچێتە ناو هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۷ بە مەبەستی شکاندنی بەربەستی نیشتمانیی ۱۰% بۆ چوونە پەرلەمان[2]. ئەو کاندیدانەی DTP ڕێژەیەکی کەمێ کەمتریان لە دەنگی پێشینەکانیان لە DEHAP هێنا، کە لە هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۲ بەدەستیان هێنابوو.

هەندێ لە کوردەکان دەنگ بە DTP نادەن لەبەر سێ هۆی سەرەکی: DTP هیچ سیاسەتێکی ئابووری نییە بۆ هیوابەخشین بە لاوان، یان بۆرژوازیی کوردیی سەرهەڵداو. هیچ سیاسەتێکی نەبوو بۆ گەشەپێدانی هەرێمی یان دابەشکردنی "کێک"ی نیشتمانی، ڕوو لە گەشەی تورکیا. خەڵک

---

[1]See “Turkey’s Kurds Want Official Status for Language, Broader Rights,” AFP, March 6,2006.

[2]پاش بڕیارەکەی DTP، ئاکەپە لەگەڵ پارتەکانی تری پەرلەمان، یاسای هەڵبژاردنیان گۆڕی تا نوێنەرایەتیی کوردی زەحمەتتر بکەن. لە سایەی گۆڕانەکەدا ناوی کاندیدە سەربەخۆکانیش، لەباتی ئەوەی بەجیا دابنرێن، وەک ئەوانەی حزبە سیاسییەکان لە هەمان لیستدا داندران. ئەم گۆڕانەی دواین خولەک کە لە لایەن سەرۆک سیزارەوە پەسەند کرا، هەوڵێک بوو بۆ ڕێگرتن لە دەنگدەران لە باشووری ڕۆژهەڵاتی زۆرینە کورد، کە لەوێ زۆر کەس نەخوێندەوارن، یان ناتوانن بە تورکی بدوێن و کێشەیان لە هەڵبژاردنی ناوی کاندیدەکانیان لەنێو لیستی درێژی پارتەکان، یان سەربەخۆکانی تردا دەبێ. لە سایەی حکومەتی ئاکەپەدا کوردەکان هەست ناکەن هاوولاتیی یەکسانی کۆماری تورکیان.

تەنها لەسەر بناغەی ناسنامە دەنگ نادەن، بەڵکو زیاتر داوای هەلومەرجی باشتری ئابووری دەکەن. جگە لەوەیش، گوتاری DTP لەبارەی برایەتیی خەڵک و ئازادی و ئاشتی لە بەرانبەر پێویستییە هەنوکەییەکانی ناوچەکەدا زۆر بە ئەبستراکتی مایەوە. کەس ئەوەی بۆ کوردەکان ڕوون نەکردەوە کە چۆنچۆنی ئەو فیکرانە ژیانی ڕۆژانەیان باشتر دەکەن. سەرۆکی شارەوانییەکانی DTP شکستیان هێنا لە پیادەکردنی ئەو فیکرانە و دروستکردنی جیاوازییەک لە ژیانی خەڵکەکەیاندا. جگە لە هەموو ئەوانەیش، سەرکردایەتییە سیکیولاریستە کوردییەکەی DTP لە جەماوەرە کوردییە موحافیزەکارە ئایینییەکە نزیک نییە، کە ئەو خەڵکە لە سەرکردایەتیی ئاکەپە نزیکترن بە هۆی دینداری و بەها ئەخلاقییەکانیانەوە.

تەنانەت ئەگەرچی حکومەتەکەی ئاکەپە هیچ چارەسەرێکی سیاسییانەی بۆ پرسی کورد، یان بەرنامەیەکی بۆ گەشەپێدانی ئابووریی ناوچەکە نەخستە ڕوو، کوردەکان هەر دەنگیان پێ دا. چەند هۆیەک لەپشت سەرکەوتنی ئاکەپەوەیە لە هەڵبژاردنەکاندا: ئەزیەتدرانی لە لایەن دامەزراوەی دەوڵەتەوە، دووریی حزبەکە لە سیاسەتەکانی سوپا کە دەستتێوەردان لە باکووری عێراق بە باش دەزانێ، بەڵێندانی ئاکەپە بە سەرلەنوێ نووسینەوەی دەستوور تا مافی زیاتر بە کوردەکان بدا، دەستپێشخەرییە نوێکانی ئاکەپە لە پەروەردە و چاودێریی تەندروستیدا، هەروەها بەتایبەت هەڵبژاردنی ناوە لۆکاڵییەکان بەسەر نیشتمانییەکان لە لایەن دەنگدەرانی کوردەوە.

زۆر لە کوردەکان بە ئەنتی-کەمالیست و ئەنتی-سیستەم تەماشای ئاکەپە دەکەن، کە هاوشێوەی ئەوان و لە لایەن

هەمان دوژمنەوە "سەرکوت" کراوە. (یاداشت-ئی) سوپا هەستێکی یەکبوونی لەنێوان کوردەکان و ئاکەپەدا دروست کرد. هەردووکیان ڕووبەڕووی هەمان سوپای سەرکوتکەر و دەوڵەتی کەمالی دەبنەوە. زیاد لەوەیش، زۆر خەڵک حەزیان لە دژە-یاداشتەکەی سەرکردایەتیی ئاکەپەیە لە دژی سوپا.

کاتێ هێرشە تیرۆریستییەکان دوو مانگ بەر لە هەڵبژاردنەکان زیادیان کرد، ئاکەپە لەڕێی "کەناڵە لۆکاڵییەکانی بڵاوکردنەوەی شایعە"ی وەک قاوەخانەکانەوە، ئەوەی بە کاری "هەلۆکان"ی ناو سوپا خستە ڕوو بە مەبەستی عەسکەرەکردنی ناوچەکە و تەنانەت دەستتێوەردان لە باکووری عێراق. زیاد لەوەیش، نوێنەرانی ئاکەپە لە ناوچە کوردییەکە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنیان لە دژی هەڕەشەی سوپا بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری باکووری عێراق ئەنجام دا.

زۆر کەسی ئایینپەروەری کورد باوەڕیان وایە ئاکەپە "ئەجێندایەکی شاراوە"ی هەیە بۆ گۆڕینی دەوڵەتی کەمالی لەڕێی دەستوورێکی نوێی مەدەنییەوە. ئاکەپە یەکەمین بەرنامەی هەڵبژاردنی کوردی هەبوو لە ناوچەکەدا و خەڵک ئەوەیان بە ڕێگەیەک بۆ ناکەمالیکردنی دەوڵەت و بنیاتنانی دەوڵەتێکی دوو-نەتەوە لەگەڵ بە لامەکەزیکردنی دەسەڵات لە سایەی "دەستوورێکی مەدەنی"دا دادەنا کە ئاکەپە بەڵێنی هێنانەکایەی دابوو. کاندیدی ژمارە یەک-ی لیستی هەڵبژاردنی ئاکەپە "قوتبەدین ئارزو" بوو، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی و کەسێکی خۆشەویست بوو لای هەموو گرووپەکان لە ناوچەکە دیاربەکر. نوێنەرەکانی ئاکەپە هەموو کۆمپانیایان لە ناوچەکەدا هەیە و هەروەها پەیوەندیی نزکیان لەگەڵ حکومەت هەیە.

بە پێچەوانەی ئاکەپە، کاندیدەکانی DTP کەسانی لۆکاڵی نەبوون کە ڕیشەی قووڵیان لە ناوچەکەدا هەبێ. کاندیدەکانی DTP سیاسەتوان، ئایدیۆلۆژی، چالاکوانی "پرۆفیشنال" بوون بەبێ هیچ پەیوەندییەکی بازرگانی لەگەڵ ناوچەکەدا. زیاتر چالاکی سیاسیی کورد بوون و ئەرکیان "ئازادکردن"ی کوردەکان بوو لە دەوڵەتی کەمالی، لە کاتێکدا خەڵک خۆیان زیاتر بایەخیان بە باشترکردنی ژیانیان دەدا. زیاد لەوەیش، شارەوانییەکانی DTP کارێکی کەمیان کردبوو و نەیانتوانی ئاستی گوزەرانی خەڵک باش بکەن. خەڵک زیاتر باشبوونی بەرچاوی ژیانیان دەوێ تا گوتاری ئایدیۆلۆژییانەی نابەرچاو.

ئاخۆ ئەمە سەرەتای سیاسەتێکی کوردی نوێیە لە ڕووی پاڵپشتیکردنی پارتێکی ڕاستی ناوەڕاستەوە لەباتی پارتێک کە تەنیا بناغەکەی کوردی بێ؟ ئایا ئەمە نیشانەی گۆڕانێکە لە دیمەنی سیاسیی سیاسەتی کوردیدا؟ ئایا زۆر لە کوردەکان دەنگیان بە بەردەوامبوونی سیاسەتەکانی ئاکەپە دا، یان لەبەر چاوەڕوانکردنی سیاسەتێکی نوێ دەنگیان دا؟ بە دڵنیاییەوە DTP بە بەهێزبوونی ئاکەپە لە ناوچە لە ڕووی مێژووییەوە کوردییەکانی تورکیا، تووشی شۆک بووە.

گۆڕانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگەی دیاربەکر بۆ تێگەیشتن لە پەرەسەندنی ناسیونالیزمی کوردی زۆر گرنگە، ئەویش لەو ڕووەوە ئەو پارێزگەیە لە جەرگەی سیاسەتی مێژوویی کوردیدایە، هەروەها گەورەترین ژمارەی دانیشتوانی کوردی تێدایە. ئەگەرچی DTP چوار نوێنەری نارد بۆ پەرلەمان، بەڵام ئاکەپە سەرکەوتنە گەورەکەی بەدەست هێنا. ئەحمەد تورک، هاوسەرۆکی DTP ددانی بەوەدا نا کە "سەرکەوتنەکەی ئاکەپە حساباتەکانی تێکوپێک داین". لە

ڕاستیدا DTP بە بەراورد بە DEHAPی پێش خۆی لە ٢٠٠٢، ٤٠ هەزار دەنگی لەدەست دا و دەنگەکانی لە ٢٤٠ هەزارەوە بۆ ٢٠٠ هەزار دابەزی. لە بەرانبەردا دەنگەکانی ئاکەپە لە ٦٧ هەزارەوە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢، بۆ ١٩٠ هەزار لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ زیادیان کرد. پارتی گەلی کۆماری CHP دۆڕاوی هەرە سەرەکی بوو کە دەنگەکانی لە ٢٥ هەزار دەنگ لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢، بۆ تەنها ٩ هەزار لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧ دابەزی. پارتی کاری ناسیونالیست MHP لە ٢٠٠٧دا یازدە هەزار دەنگی بەدەست هێنا.

دەنگی جیاواز لەسەر شانۆی سیاسیی کوردی دەردەکەون. ئایشەل توغلوک (هاوسەرۆکی DTP لەگەڵ ئەحمەد تورک) داوا لە کوردەکان دەکا لە ترسان لە سیڤەر لەنێو تورکەکان تێبگەن و ئاشتەوایيەکی نوێ بێننە کایە (ڕێککەوتنامەی ئاشتیی سیڤەر لە لایەن حکومەتی تورکییەوە ئیمزا کرا، بەڵام لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکرا، بەوپێیە باکووری خۆرهەڵاتی تورکیا بوو بە کۆماری سەربەخۆی ئەرمینیا، هەروەها باشووری خۆرهەڵات (کوردستان) مافی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی درایە)[١]، لە کاتێکدا لەیلا زانا داوای دابەشکردنی تورکیا لەسەر بنەمای نوێی فیدراڵی دەکا[٢].

لای مرۆڤ ڕوون نییە ئاخۆ دەنگدان بە AKP لە ناوچەکەدا دەنگدانە بە سیاسەتەکانی ئێستای ئاکەپە لەبارەی کێشەی کورد (ئەمە ئەگەر سیاسەتێکی هەبێ)، یان دەنگدانە بەو چاوەڕوانییەی کە ئاکەپە کۆمارێکی نوێ لەسەر بنەمای

---

[1] Aysel Tuğluk, “Sevr Travması ve Kürtlerin Empatisi,” Radikal, June 14, 2007.

[2] “Pro-Kurdish Politician Zana: Time To Divide Turkey into States,” Today’s Zaman, July 21, 2007.

دەستوورێکی مەدەنیی نوێ دێنێتە کایە کە دەشێ لە کەمالیزم ڕزگاریان بکا، هەروەها دەرگا بۆ چارەسەری دەوڵەتی دوو-نەتەوە والا بکا.

بۆ نموونە ئەوە زانراوە کە AKP بە ئایدیۆلۆژیای کەمالیی دەوڵەت ئاسوودە نییە و دەیەوێ بیگۆڕێ بەبێ ئەوەی بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێ. "پرۆژە نەگوتراو"ـەکەی ئاکەپە ئەوەیە تورکیا لە دەوڵەتێکی نەتەوەیی چەقبەستووەوە بگۆڕێ بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێ لە ناسنامە ئەتنییەکان کە ناسنامە ئیسلامییەکەیان بەیەکیانەوە دەبەستێ. بەم شێوەیە، پارتەکە پاڵپشتی لە مافە ئەتنی و کولتوورییەکانی کوردەکان و باقیی کەمینەکانی تر لە چوارچێوەی بەها کۆنەپارێزانە (ئایینی)یەکاندا دەکا. بەکورتی، ئاکەپە چارەسەری کەمالی بۆ هەمەجۆری وەک یەکڕەنگکردن (بنیاتنانی نەتەوە) قبوڵ ناکا، بەڵکو زیاتر هەوڵ دەدا ددان بە هەمەجۆریدا بنێ. تێگەیشتنێکی جیاوازی بۆ کۆمەڵگەی سیاسی هەیە، هاوشێوەی سیستەمی میللەتی عوسمانی.

## پەخشی کوردی و ڕۆژ تیڤی

بەدەر لە بەربەستی ١٠% لە بەردەم نوێنەرایەتیکردنێکی ڕاستەقینەی کورد، حکومەت ژمارەیەک هەنگاوی پۆزەتیڤی گرتەبەر لەڕێی ئازادکردنی پەخشی کوردی لە وێستگە تیڤی و ڕادیۆییە ئەهلی (تایبەت)ەکانەوە. بە هۆی فشاری پرۆسەی بوونەئەندام لە EU، تورکیا پێشتر یاساکانی گۆڕیبوو و لە ٢٠٠٤ەوە ڕێگەی بە پەخشی سنووردار بە زمانی کوردی و باقیی زمانە کەمینەکانی تر دابوو، تیڤیی دەوڵەتیش هەفتانە نیو سەعات بەرنامەی بە هەردوو دیالێکتە کوردییەکە پەخش

دەکرد. هەرچۆن بێ، تا کۆتاکانی دیسەمبەری ٢٠٠٥ وێستگە تیڤی و ڕادیۆ تایبەتەکان ڕێگەیان پێ نەدرا بە زمانی کوردی پەخش بکەن.

بەڵام دەستەی باڵای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن (RTÜK) بڕیاری دا ڕێگە بەو "وێستگانەی تەتبیقاتەکانیان تەواو کردووە" بدا تا بتوانن لە کۆتایی ٢٠٠٦دا دەست بە پەخش بە زمانی کوردی بکەن. ئەگەرچی ئەم بڕیارە هێشتا ڕێگە بە پەخشی کوردی بە تەنها نادات -لە ڕاستیدا پەخشی کوردی لە سنووری تەنها چلوپێنج خولەک لە ڕۆژێکدا دیاری کرابوو- بەڵام هێشتا هەنگاوێکی گەورەیە بۆ تورکیا، کە تا ساڵی ١٩٩١ قسەکردن بە زمانی دایک بە ئاشکرا، دەکرا لەنێو نەژاد کوردەکاندا ببێتە مایەی غەرامەکران، یان سزادان بە بەندکردن.

دوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی لە دیاربەکر -Gün TV و Söz TV- و ئێزگەیەکی ڕادیۆ لە شانلی ئورفا، Medya FM دەستیان بە پەخش بە زمانی کوردی کرد، بەڵام لە سنووری ٤٥ خولەک لە ڕۆژێکدا قەتیس کرابوون.

لە تەمموزی ٢٠٠٦دا RTÜK سنووری ٤٥ خولەک لە ڕۆژێکدای هەڵگرت و چوار سەعات لە ڕۆژێکدا بەسەر پەخشەکانی زمانی کوردی لە بەرنامە کولتوورییەکان لە تیڤیدا سەپا. بەپێی بڕیارەکە ئەو وێستگە تیڤییانە کە مۆڵەتی پەخشیان بە کوردی هەبوو، دەیانتوانی لە دەرەوەی ئەو کاتەی دیاریکراوە فیلم یا کۆنسێرت پەخش بکەن، بەڵام سنووردارکردنەکە لەسەر بەرنامە هەواڵییەکان و بەرنامە نیقاشییەکان هەر مایەوە. ئێستا لانیکەم سێ کەناڵی تیڤی هەن کە لەڕێی سەتەلایتەوە پەخش دەکەن، لەوانە Roj TV و هەردوو تیڤی میزۆپۆتامیا و MCM.MCM بە درێژایی وەخت

ڤیدیۆ کلیپ پەخش دەکا. Roj TV هەواڵ، هەروەها گەنگەشەی سیاسییش پەخش دەکا.

ویستگەی تەلەڤزیۆنیی ئاسمانیی ڕۆژ-ی سەر بە پەکەکە کە لە دانیمارک پەخش دەکرێ، سەرچاوەی سەرەکیی کێشە بووە بۆ حکومەتی ئاکەپە. Roj TV پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ پەکەکە -کە لە لایەن EUـەوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسراوە- و تورکیا ماوەیەکی زۆر داوای لە دەسەڵاتدارانی دانیمارکی دەکرد دایبخەن. لە کۆتاکانی ٢٠٠٥دا ئەردۆگان تەنانەت ئامادە نەبوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لە کۆپنهاگن ئامادە بێ، لەبەر ئەوەی پەیامنێری Roj TV لەوێ ئامادە بوو.

لەو کاتەی حکومەتەکەی ئاکەپە بێهوودە هەوڵی دەدا داخستنی ڕۆژ تیڤی بسەپێنێ، کە دەوترا تەنیا زوڕنایەکە بۆ پەکەکەی قەدەغە کراو، هەر پەنجاوشەش سەرۆکی شارەوانییە کوردەکەی DTP لە باشووری ئەنادۆڵ لە سکاڵانامەیەکدا بۆ سەرۆکوەزیرانی دانیمارکی لە دێسەمبەری ٢٠٠٥دا داوایان لە حکومەتی دانیمارکی کرد ئەو کارە نەکات و گوتیان: "لەپێناو گەشەپێدانی ژیانێکی دیموکراتیکی ڕاستەقینە لە تورکیا، نابێ Roj TV خامۆش بکرێ". ئەو سەرۆکی شارەوانییە کوردانە گوتیان لەباتی قەدەغەکردنی Roj TV "تورکیا پێویستە لە ئامێزی بگرێ و ناسنامەی یاسایی پێ ببەخشێ".

Roj TV ڕێک وەک Kurdistan TV و Zagros TV و Kurdsat پەرە بە ناسنامەی کوردی دەدا، بە جەختکردن لە هۆشیاریی سیاسیی کوردی و وەسفکردنی تورکەکان وەک "ئەوی تر"ی ناسنامەی کوردی.

## عێراق و پرسی کورد

کاریگـەریـی جـەنگـی عێـراق لـەسـەر پرسـی کـورد، کاریگـەرییـەکی قـووڵ بـووە. لـە کاتێکدا زۆر لـە کـوردەکـانی تورکیا بـە ئیلهاموەرگرتنـەوە تـەماشـای حکومـەتی خۆرێبـەری کورد لە عێراق دەکەن، دەوڵەتی تورکی و زۆربـەی تورکـەکان بە نموونەیـەک دەیبینن بۆ ئـەوەی دەشـێ ئایندە لـەگـەڵ خـۆی بیهێنـێ: واتـە هـەرەسـی دەوڵـەتـی مـەرکـەزی و سـەرهـەڵدانی شەڕێکی ناوخۆیی نەتەوەیی.

زۆربـەی تورکـەکـان سیاسـەتـی ویلایـەتـە یـەکگرتـووەکـانی ئەمەریکا بەرانبەر پەکەکە بـە دوو پێوەرانـە دەبینن. ئـەمـەریکا شەڕێکی جیهانی لە دژی گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەرپا کردووە، کەچی هێشتا شتێکی زۆر کەمی بۆ وەستاندنی چالاکییەکانی پەکەکە لە باکووری عێراق کردووە. فـەرماندەیی ناوەندی ویلایـەتـە یـەکگرتـووەکـانی ئـەمـەریکا CENTCOM ڕازی بوو پلان بۆ هێرشێک لە دژی پەکەکە دابنـێ، بـەڵام هـیچ ئیرادەیەکی پیشان نەدا جێبەجێی بکا، یان ڕێگە بە تورکیا بدات ناوچەکە لە چەکدارانی پەکەکە و تۆڕەکانیان پاک بکاتەوە.

خـاوەخـاوکردنی ویلایـەتـە یـەکگرتـووەکـان سـەرچـاوەی سەرەکیی زیادبوونی بێئومێدییە لـە حکومـەتـەکـەی ئاکـەپـەدا و ئـەنکـەرە بـاوەڕی وایـە واشـنتۆن بـە ئـەنقـەسـت کـارتی PKK بـەکـار دێنـێ بـۆ ئـەوەی کێشـەی نـاوخـۆیی بـۆ AKP دروست بکات و هـەژمـوونی تورکیـا لـە عێـراق سـنووردار بکـا، تـا ئـەو کاتـەی کـوردەکـان دەوڵـەتـی خـۆیـان پێکـەوەدەنـێن. پـەیـوەنـدیی ئێستای نێوان ئـەنکـەرە و واشـنتۆن بـە بـوونی بـەدگـومـانیی دووسـەرە و نـەبـوونی متمانـە لـە لایـەنـی تورکیـاوە جیـا دەکرێتـەوە. تورکـەکـان سـەوەریـی کـوردەکـان لـە عێـراق بـە

هەڕەشە بۆ یەکپارچەیی دەوڵەتەکەیان دەبینن. ئەوان حاڵەتی تەواو سەربەخۆی کوردی لە عێراق بە تەکانێکی بەهێزتر بەرەو سەربەخۆیی و ململانێی مەدەنیی دابەشکارانەتر لەنێو کوردەکانی تورکیا دادەنێن[1]. هەمان ترس لە ئێرانیش هەیە. بە یاریکردن بەم نیگەرانییانە، باڵیۆزی ئێرانی لە تورکیا جەختی کرد "ویلایەتە یەکگرتووەکان چەند پارچەیەک لە ئێمە دەکاتەوە بۆ دەوڵەتێکی کوردی". حکومەتی تورکی لە قەڵسبوونی لە بیرۆکەی دەوڵەتێکی کوردیدا بە تەنها نییە.

جگە لەوەیش، لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە، ئەو وڵاتە بووەتە بازاڕی سەرەکیی چەک لە ناوچەکەدا، بە چیایەک چەک و تەقەمەنی لە لایەن ڕژێمی سەدام حوسێنەوە لەسەر زەوی بەجێ هێلراون. لە ئەنجامدا، چەکدارانی ئیسلامی و تیرۆریستانی پەکەکە کە لە عێراق چالاکن بڕێکی زۆر تەقەمەنیی سەربازی و هاوەن و مووشەکهاوێژ و نارنجۆکیان دەست کەوتووە. پەکەکە دەرفەتی تەواوی هەیە بۆ دەستگەیشتن بە تەقەمەنی و مینە عێراقییەکان و بەکارهێنانیان لە دژی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا. لێرەوە، لە داگیرکردنی عێراقەوە پەلامارەکانی پەکەکە و لێرەیشەوە زیانە گیانییەکان زیادیان کردووە. لە سەروەختی حکومەتەکەی ئاکەپەوە لە ٢٠٠٢دا هێرشەکانی پەکەکە لە هەڵکشاندا بوون. ٢٠٠٢ تەنها شەش سەرباز لە هێرشە تیرۆریستییەکانی پەکەکەدا کوژراون، لە کاتێکدا ژمارەکە لە ٢٠٠٣، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥

---

[1] ئێلکەر باشبوگ فەرماندەی هێزە وشکانیەکان حکومەت و خەڵکی لە مەترسیی ئەگەری سەربەخۆبوونی کورد ئاگەدار کردەوە.
Milliyet, September 24, 2007.

و ۲۰۰٦دا بە ڕیزبەندی ۲۱، ۷۳، ۹۷ و ۱۲۳ بووە. لە یەکەمین نۆ مانگی ۲۰۰۷دا ۲۱۳ سەرباز کوژراون.

ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی سەربازەکان گۆڕا بۆ کۆبوونەوەی نارەزایی لە دژی حکومەت و سیاسەتەکانی ئەردۆگان. خۆپیشاندەران داوایان لە سەرۆکوەزیران کرد کوڕەکەی خۆی بنێرێ بۆ شەڕکردنی گەریلاکانی پەکەکە. لێرەوە بەخاکسپێران لە شاری بەرگاما لە خۆرئاوای وڵات نزیک شاری ئیزمیر، کە بەسەر بەندەری ئیجەدا دەڕوانێ، لە قسەکانی ئەردۆگان لە سێپتەمبەری ۲۰۰٦دا تووڕە بوون کە وتی: "خزمەتی سەربازی ئەو شوێنە نییە کە تێیدا ڕابکشێیت و پشوو بدەیت". کاتێ کەسێکی ئاسایی لێی پرسی چۆن وەڵامی کوژرانی ئەم دواییەی سەربازەکان دەداتەوە؟ گوتی "خزمەتی سەربازی مەترسیی خۆی هەیە، خۆ پشوو نییە". قسەکانی سەرۆکوەزیران تووڕەییان لێ کەوتەوە.

دروشمی سەرەکی کە لە ڕێورەسمەکەدا هەڵگیرابوو دەڵێ: "ئەو ڕانەکشاوە" وەک ئاماژە بۆ سەربازە کوژراوەکان.

هەندێ ئافرەتی تووڕەیش هاواریان دەکرد "بیلال بنێرە بۆ ناو سوپا" وەک ئاماژە بۆ کوڕەکەی ئەردۆگان کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەژی. زیادبوونی گیانە ماددییەکان لە سوپادا ڕێورەسمی ناشتنی سەربازە کوژراوەکانی گۆڕیوە بۆ خۆپیشاندن لە دژی حکومەت، کە حکومەتی ئاکەپە ناچار دەکا بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێ.

# دەرەنجام

سەربارى چاوەڕوانییە گەورەکان، حکومەتی AKP نەیتوانی چوارچێوەیەک بۆ چارەسەری پرسی کورد پێشکەش بکا. ئەم شکستە و ناپابەندیی AKP بە چارەسەری کێشەکە ژمارەیەک هۆی هەیە. نە ئاکەپە و نە حکومەت هەوڵیان نەدا بۆچوونی پسپۆڕان لەبارەی کێشەکە بزانن و وایان بە باش زانی خۆیان لە گفتوگۆی کراوە دوور بگرن. لێرەوە، ئاکەپە نەخشەڕێگەیەکی تۆکمەی نییە کە چۆنچۆنی بەدەم کێشەی کوردەوە بچێ. پارتەکە خۆی لە گفتوگۆی گشتی دزییەوە و هەست بە نائارامیکردنی تورک و کورد نەژادەکانی فەرامۆش کرد. بە هۆی چارەسەرنەکردنی کێشەکەوە لەیەک کاتدا نەیتوانی متمانەی کوردەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەدەست بێنێ. ئاکەپە پێویستە تەوافوقێکی نیشتمانی دروست بکا لەبارەی شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکە، هەم لەنێو پەرلەمان و هەم لەنێو پێکهاتەی حزبەکەی خۆیدا.

قسەکردنی ئیزدیواجییانەی ئاکەپە لەسەر بابەتەکە -لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا دەنگدەرانی کورد ڕازی بکات، هەروەها ئازادیی کوردیش سەرکوت بکا- یارمەتیی ئاکەپەی نەدا، بەڵکو زیاتر متمانەی لەنێو تورک و هەم کوردەکاندا لاواز کرد. لەبەر ئەوە پێدەچێ سیاسەتی کوردیی ئاکەپە بەردەوام بێ لەوەی بریتییە لە "بێ سیاسەت" یان هەوڵێکی چالاک بۆ "لەیادکردنی پرسەکە".

ئەردۆگان هەروەها ڕووبەڕووی تەلەزگەیەک دەبێتەوە. ئەگەر ئاکەپە، کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە دەنگدەرانی تورکی-موسڵمان دەبەستێ، تەرکیز بکاتە سەر کێشەی کورد، ئەوا خۆی دەخاتە بەردەم ڕەخنەی زیاتری مەهەپە MHPی ناسیونالیست لەناو پەرلەمان. هەروەها ئەم هەوڵە بە زەرورەت ناشبێتە مایەی باشکردنی وێنەی AKP لەنێو بنکە نەژادتورکییەکەدا، کە بەگشتی دژی پێدانی مافی زیاترن بە گرووپە کوردییەکە.

زیاد لەوەیش دابەزینی ئەم دواییەی متمانە بە حکومەت، گفتوگۆی لەبارەی چارەسەرەوە ئاڵۆزتر کرد. زۆر ڕێی تێناچێ ئەردۆگان بە ئەڵقە بچووکەکەی ڕاوێژکارە تا ڕادەیەکی زۆر نەشارەزاکانییەوە، چارەسەرێکی لەبار بۆ کێشەکە بێنێتە کایە. خەڵک پێشتر قسەیان لەبارەی پابەندیی ناتەواویی ئەو بە ناسنامەی تورکییەوە کردووە. هەندێ کەس تەنانەت بڕوایان وایە ئەو بووەتە بارمتەی هێزە پرۆ-بارزانییەکانی ناو ئاکەپە. بێبەرنامەیی حکومەت، هاوکات لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی گەورە لە چەکدارانی پەکەکە لەناو تورکیا، دەشێ ببێتە مایەی زیادبوونی هێرشەکان بۆ سەر ئامانجە سەخت و ئاسانەکان. ئەمە لای خۆیەوە هەم جەماوەر و هەم سوپا بەرەو ئەوە دەبا فشار بخەنە سەر حکومەتی ئاکەپە تا چوارچێوەی یاسایی پێویست بۆ شەڕکردن لە دژی "تیرۆریزمی پەکەکە" ئامادە بکا، بە ئەگەری لەشکرکێشیی سەربازییشەوە بۆ باکووری عێراق، بۆ لەناوبردنی کەمپەکانی PKK.

بە هەرحاڵ، هەندێ نوێنەری کوردنەژادی ئاکەپە پێشتر نارەزایی خۆیان بۆ هەر لەشکرکێشییەکی سەربازی دەربڕیبوو، کە ڕەنگە ببێتە مایەی لاوازکردنی حکومەتی

هەرێمە کوردییەکەی عێراق بە سەرکردایەتیی بارزانی[1]. لە کاتێکدا مافە کولتووری و سیاسییەکان لەژێر فشاری یەکێتیی ئەورووپادا زیادیان کردووە، وەک بەشێک لە کۆمەڵە ڕیفۆرمێکی دیموکراتیی گەورەتر، زۆر لە کوردەکان بەڕاستی هەست دەکەن ئەو ڕیفۆرمانە بەس نین. یەکێتیی ئەورووپا، کە بزوێنەری سەرەکیی ئەو ڕیفۆرمانەیە، داوای لە حکومەتەکەی ئاکەپە کردووە پلانێکی سەرتاسەری دابنێ کە لایەنە ئەمنییەکانیش بگرێتەوە، تا بەدەم داواکارییە ناوچەییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە بچێ.

[1]"AKP'den Aykırı Sesler Var," Radikal, October 13, 2007.

-٧-

# سیاسەتی دەرەوەی AKP

***ئێمە ئەندامێتیی تورکیا لە EU بە گەورەرین پرۆژەی دیموکراتیزەکردن دادەنێین پاش ڕاگەیاندنی کۆمارەکە[١].***

***ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ ئەورووپا یەک بگرین، نەک بتوێینەوە[٢].***

***EU خەون و مەراقی ئێمەیە. ئەگەرچی ئێمە هەموو شتی جیاواز لە ئەندامێتیی EU فێر دەبین، ئەم خەونەیە کە ئێمە یەک دەخا[٣].***

چی سیاسەتی دەرەوەی ئاکەپە ئاڕاستە دەکا؟ ئایا حکومەتی ئاکەپە هیچ گۆرانکارییەکی لە ئاڕاستەی ئاسایی خۆرئاواخوازیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا کردووە؟ پەیوەندیی نێوان ناسنامە و بەرژەوەندی لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئاکەپەدا چییە؟. ئەمانە هەندێ لەم پرسیارانەن ئەم چاپتەرە هەوڵ دەدا وەڵامیان بداتەوە[٤].

---

[1]Erdoğan, Konuşmalar, p. 35.

[2]لە ٢٣ی ئەیلوولی ٢٠٠٤دا لە زاری ئەردۆگانەوە گوێزراوەتەوە کە لە پەرلەمانی ئەورووپی وتوویەتی: "ئێمە لەگەڵ یەکگرتنین، نەک توانەوە".

[3] دیمانە لەگەڵ هەندان مەمشی، مامۆستا لە ناوچەی ئایدین، ٥ی ئاداری ٢٠٠٥.

[4] من لە شرۆڤەکردنەکەمدا بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئاکەپە لەسەر ئەم لێدوانانەی خوارەوە بڕیاربەدەستان وەستاوم، بۆ نموونە: "سیاسەتی

لەسەر بناغەی گوتارەکانی سەرۆکوەزیران ئەردۆگان و سەرۆک گیول، کە ئەو کاتە وەزیری دەرەوە بوو، مرۆڤ دەتوانێ سێ پرنسیپی ئاراستەکار بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئاکەپە دەستنیشان بکا: ئەورووپیزەکردنی سیاسەتی دەرەوە وەک ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتی ناوخۆیی و دەرەکی حکومەت + سیاسەتی "کێشە سفر لەگەڵ دراوسێکان" تا ژینگەیەکی ئارام لە تورکیا بەدی بێنێ، ئەویش بە پەرەپێدانی بازرگانی و پەیوەندیی سیاسی لەگەڵ دراوسێکان، بەتایبەت لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان + شوێنکەوتنی سیاسەتێک کە هاوسەنگی لەنێوان شعوری دژە ئەمەریکای لایەنگرانی بنکە

---

دەرەوەی تورکیا لە سەدەی ٢١دا" لە لایەن سەرۆکوەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ٢٦ی کانوونی دووەم/یەنایەری ٢٠٠٤دا./ "دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پلوراليزم لە ئەورووپا: تێڕوانینی تورکی" وتاری سەرۆکوەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، زانکۆی هارڤارد.. لە ٣٠ی یەنایەری ٢٠٠٤/ وتارێکی عەبدوڵڵا گیول وەزیری دەرەوە لە دانیشتنی سییەمینی وەزیرانی دەرەوەی کۆنفرانسی ئیسلامی، تاران، ٢٨ی ئایار/مایۆی ٢٠٠٣./ لێدوانی عەبدوڵڵا گیول جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری تورکیا لەبارەی ڕۆڵی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی، دەریای مردوو، ٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٣./ لێدوانی عەبدوڵڵا گوی جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوەی کۆماری تورکیا لە کۆبوونەوەی وڵاتانی ئیقلیمی لەبارەی عێراق، کویت، ١٤ی شوباتی ٢٠٠٤./

(http://www.mfa.gov.tr); Ahmet Davutoğlu, “Türkiye Küresel Güçtür!”
Anlayış(March 2004), 40–45; Ahmet Davutoğlu, “TürkiyeMerkez Ülke Olmalı,” Radikal,
February 26, 2004.

جەماوەرییەکەی لەگەڵ پێویستییەکانی بە پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، دروست بکا.

بڕیاربەدەستانی ئاکەپە نایانەوێ تورکیا ببێتە "پردێک"، بەڵکو دەیانەوێ ببێتە دەوڵەتێکی "خولگەیی" pivotal لە ناوچەکەدا. شیکردنەوەی وردی نووسینەکانی ئەحمەد داودئۆغلو گەورە ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی حکومەت و لێدوانەکانی وەزیری دەرەوە گیول، دەریدەخا هەردووکیان پێداگری لەسەر ناسنامەی "ڕۆژهەڵاتی"-خوێندنەوەیەکی ئیسلامییانە- دەکەن لە کاتێکدا لە هەمان کاتدا جەخت لە لیبراڵی حکومەت دەکەن بۆ پەسەندکردنی بەها و پرنسیپە خۆرئاواییە باوەکان بۆ ئەوەی بچنە ناو یەکێتیی ئەورووپا[١]. لێرەوە ئیزدیواجیەتێکی قووڵ هەیە لە گەمەکردن لەنێوان "ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی" و "بەها ڕۆژئاواییەکان"دا کە حکومەت هەوڵ دەدا پیادەی بکا.

سیاسەتی تورکیا لە سایەی ئەم حکومەتەی ئێستای ئاکەپەدا دەکرێ بە کۆمەڵێ خەسڵەتی تەواو ناکۆک جیا بکرێتەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی بنەچە تەوفیقییە syncretic تایبەتەکەی ئاکەپەیە[٢]. جگە لەوەیش، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئەنجامی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە دامەزراوەییەکانە لەنێوان دامەزراوەی دەوڵەت و ئاکەپەدا. لەو

[1] مەزەندەکردنەکەی داودئۆغلو کە تورکیا سەنتەری ناوچەکەیە و پێویستە ڕۆڵێکی خولگەیی لە ئاراستە و ڕەنگڕێژکردنی پرسە ناوچەییەکاندا ببینێ، ساویلکانەیە. دابەشبوونە ناوخۆییەکانی تورکیا، لەپاڵ دۆخە ئابوورییە مۆلەقەکە و بەدگومانیی قووڵی نێوان سوپا و حکومەتە مەدەنییەکە، وا دەکەن ئاستەم بێ لەم کاتەدا تورکیا سیاسەتێکی دەرەوەی سەربەخۆی هەبێ.

[2] Erhan Doğan, “The Historical and Discursive Roots of the Justice and Development Party’s EU Stance,” Turkish Studies, 6:3 (September 2005), 421–437.

ڕووەوە هەر دامەزراوەیەک بەرژەوەندییەکانی خۆی یەکسان دەکا لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆژییە قووڵەی لەنێوان ئاکەپە و دەوڵەتدا هەیە، حاڵی حازر چوارچێوەیەکی یەکگرتوو بۆ گوزارشتکردن لە نیشتمانیبوونێکی ڕاستەقینە (بەرژەوەندیی نیشتمانی) نییە.

ئەم لێکترازانە خەسڵەتی سەرەکیی حکومەتەکانی پاش ۲۰۰۲ـە. بۆ نموونە شپرزیی سیاسەتی تورکیا لە بەرانبەر کێشەی قوبرس و ڕەتکردنەوەی جوولەکەی یەکی ئادار/مارسی ۲۰۰۳ لە لایەن پەرلەمانی تورکیاوە، کە بەو پێیە ڕێگە بە بەکارهێنانی خاکی تورکیا لە لایەن ئەمەریکاوە دەدرا بۆ پەلاماردانی عێراق، ناکرێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە دامەزراوەییە ناکۆکەکانی نێوان سوپا و AKP لێی بکۆڵرێتەوە.

لە حاڵەتی جەنگی عێراقدا، سوپا دەیویست لەڕێی بەشدارینەکردنی چالاکانەی خۆی لە پرۆسەی گەڵاڵەکردنی بڕیارەکەدا، حکومەتی ئاکەپە بە تەواوی شکست بێنێ و شەرعییەت لەدەست بدات و چاوەڕوانی دەکرد حکومەتی ئاکەپە بەرپرسیارێتیی تەواوی بڕیارەکە بۆ تێوەگلان لە شەڕی عێراق لە ۲۰۰۳دا بگرێتە ئەستۆ، لە کاتێکدا ئاکەپە دەیویست درزێک بخاتە نێوان سوپا و پاڵپشتە بەهێزەکەی، واتە پنتاگۆن دروست بکا، ئەویش بە دەنگدان لە دژی جوولەکە the motion.

فیکرەی سەرەکی کە هەوڵ دەدەم لەم چاپتەرەدا بیخەمە ڕوو ئەوەیە، ئاکەپە سیاسەتی دەرەوە بەکار دێنێ هەم بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە و هەم بۆ فراوانکردنی شەرعییەتی ناوخۆیی خۆی لە بەرانبەر دامەزراوە (دەوڵەت)[1]. ئاکەپە خەریکی دروستکردنی هاوپەیمانییە لەگەڵ ئەکتەرانی سەرەکیی

[1] M. Hakan Yavuz, Islamic Political Identity in Turkey (New York: Oxford University Press, 2005), p. 262.

نێودەوڵەتی بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی و پاراستنی خۆی لە دژی فشاری ناوخۆ لە لایەن دامەزراوە مەدەنی-سەربازی کەمالیست-سیکیولاریستەکەی وڵاتەوە. بەم مانایە مرۆڤ دەتوانێ بە قەناعەتەوە بڵێ: ئەزموونی حکومەتەکەی ئەربەکان لە ١٩٩٦-١٩٩٧دا کە بووە مایەی دەستلەکارکێشانەوە حکومەت لەژێر فشاری سوپا و دادگە بە پاڵپشتی هەڵمەتێکی چڕی میدیایی، هێشتا پاشخانی کار و سیاسەتەکانی سەرکردایەتیی ئاکەپە پێکدێنێ.

سێبەری کودەتاکەی ٢٨ی شوبات بە ڕوونی لە سیاسەتەکانی حکومەتی ئێستادا دەبینرێ، لەوەی هەوڵ دەدا دامەزراوەی سەربازی-بیرۆکراسی و هاوپەیمانەکانی لەناو سیستەمە سیاسییەکەدا ڕازی لە هەمان کاتدا بێلایەن بکا. AKP لەڕێی داکۆکیلێکردن و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی خواست و ڕێساکانی EU تایبەت بە دیموکراسیی مەدەنی و ئازادییە مەدەنییەکان بۆ بوونەئەندام لە ڕێکخراوەکەدا، دەیەوێ ڕۆڵی سوپا و هاوپەیمانەکانی لە قەزا و بیرۆکراسیدا ڕێک بخاتەوە و سنوورداری بکا.

وا دیارە سەرکردایەتیی ئاکەپە وای دەبینێ تورکیا بەگوێرەی توانا سەربازییەکانی و پێگە جیۆ-ستراتیژی/جیۆ-سیاسییەکەی، هەڵناسەنگێنرێ، بەڵکو لەباتی ئەوانە بە ناسنامە دیموکراتیک و هێزە ئابوورییەکەی هەڵدەسەنگێنرێ[1]. بە هەرحاڵ، بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا و پشتبەستنی تورکیا بە ویلایەتە یەکگرتووەکان، گرنگە بابەتە ئەمنییە ناوخۆیی (خواستەکانی هەردوو ناسنامەی کوردی و تورکی)

---

[1]Saban Kardaş, “Türkiye AB Yolunda Reform dalgasını Sürdürmeli,” Zaman, July 8, 2004.

و دەرەکی (کێشەی قوبرس و کێشەی کورد) چارەسەر بکرێن، ئەویش بە لیبراڵیزەکردنی پرۆسەی سیاسیی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، هەروەها باشکردنی تەواوکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو سێکتەرانەی کۆمەڵگە.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە، ئامانجی ئاکەپە ئەوە بوو خواستە ناسنامەییەکان و کێشمەکێشی گرووپە کوردی و ئیسلامییەکان لە کایە ئەمنیەکە لاببرێ، کە لە ١٩٩٠ەکاندا دەرکەوتووە تەنیا لەڕێی ئامرازە زۆرەملێکانەوە چارەسەر ناکرێن. لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، سەرکردایەتیی ئاکەپە دەیویست هەڵوێستی نێودەوڵەتیی تورکیا باشتر بکا وەک مۆدێلی دەوڵەتێکی دیموکرات و لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێز لە ناوچەکەدا، لەوەشدا لاسایی مۆدێلی هێزی نەرمی کانتی Kantian soft-powerی ئەورووپی دەکاتەوە. زیاد لەوەیش، پرۆسەی بوونەئەندام لە EU لە لایەن پارتێکی سیاسیی پاشخان ئیسلامییەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ –ئەوەیش جێی سەرسوورمانە- کە هەوڵ دەدا باڵادەستیی مەدەنی بەسەر سوپادا، هەروەها ئازادیی بیروڕا و ئایین، بچەسپێنێ، ئەویش لەڕێی داکۆکیکردن لە بناغە لیبراڵ دیموکراتەکانی بەغەربیکردن کە کەمالیستی غەربزەدە بەزۆری پشتگوێیان دەخا، ئەوەیش موفارەقەیە. لەبەر ئەوە هیچ جێی سەرسوورمان نییە کە ئەولەویەتی یەکەمی حکومەتی ئاکەپە بوونەئەندامی تورکیایە لە EU بەم نزیکانە[1]. لە بەشی یەکەمی ئەم چاپتەرەدا، دوو نیشانە ئایدیۆلۆژییەکەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دیاری دەکەم، بە

[1]Bilal Şimsir, AB, AKP ve Kıbrıs (Ankara: Bilgi, 2003).
ئەم کتێبە بەدگومانیی سیکیولاری کەمالی بەرانبەر حکومەتی ئاکەپە دەخاتە ڕوو.

جەختکردن لەسەر: یەکەم، ڕۆڵی نائەمنییەت (سیڤەر سیندرۆم Sèvres Syndrome) کە پێم وایە لەڕێی یادەوەری لەبەریەکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە زیندوو ماوەتەوە. دووەم، پابەندیی حکومەت بە "بەغەربیکردن" وەک ڕێگەیەک بۆ گۆڕانی شارستانی[1].

لەم بەشەدا، هەروەها لەوە دەکۆڵمەوە چۆنچۆنی سێ گرووپی جیاوازی ناسنامە-دەستەبژێر تێڕوانینی جیاوازی لەبارەی سیاسەتی دەرەوە هێناوەتە کایە. هەروەها تەرکیز دەکەمە سەر ڕۆڵی ناسنامە لە دیاریکردنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا. لە دووەم بەشی چاپتەرەکەدا، سیاسەتەکانی ئاکەپە بەرانبەر EU (هەروەها کێشەی قوبرس)، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا (قەیرانی عێراق) و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی شی دەکەمەوە، ئەویش بۆ ڕوونکردنەوەی تێڕوانینی حزبەکە بۆ "بەرژەوەندیی نیشتمانی".

[1] ڕێککەوتننامەی سیڤەر ساڵی ١٩٢٠ لەنێوان هاوپەیمانان و حکومەتی عوسمانیدا ئیمزا کرا و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی لەنێوان گرووپە جیاوازەکاندا دابەش کرد و تەنها بەشێک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی دابووە تورکەکان. ماددەی ٦٢ی ڕێککەوتننامەکە ئاماژەی بە ئەگەر بەخشینی "سەربەخۆیی" بە "گەلی کورد" داوە. ئەم ڕێککەوتننامەیە برینێکی قووڵی لە یادەوەریی دەستەجەمیی تورکەکاندا بەجێهێشتووە و بە سیڤەر سیندرۆم “Sèvres Syndrome.” ناسراوە. ترس لە دابەشکردن لە لایەن هێزە ئەورووپییەکانەوە، پاڵنەری سەرەکیی سیاسەتە کۆمارییەکان بوو بۆ سەرکوتکردنی خواستەکانی ناسنامەی کوردی.

## سیماکانی سیاسەتی دەرەوە و چینەکانی ناسنامە

سایکۆلۆژیای ئایدیۆلۆژیای کۆماریی تورکیا لەسەر بناغەی بیرۆکەی پاراستن و بەرگریکردن لە "پاشماوەی خاکی عوسمانی" لە دژی هێزە جیاخواز و تەرەکان دامەزراوە. پاش بەزین و دوورخستنەوەی هێزە بیانییەکان لەژێر سەرکردایەتیی مستەفا کەمالدا، ئەم ترسی لەبەریەکهەڵوەشانە بوو بە بناغەی پێناسەکردنی دۆست و دوژمنانی کۆمارەکە، بە هەڵوێست بەرانبەر پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیشەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی دەستەبژێری دامەزرێنەری کۆمارەکە دامەزرێن، ناتوانرێ ناسنامەی ئەمنییی دەوڵەتی تورکی لە کەمالیزم جیا بکرێتەوە. نائەمنییەتی دەوڵەتی تورکی تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمی کەمالیستێکە کە بنیاتی "خود" و "ئەوی تر" دیاری دەکا. کەمالیزم وەک پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیایەک بۆ نوێگەری، هەر گژبەریکردنێک لەسەر بناغەی ناسنامە بۆ پرۆژە هەژمونکارانەکەی بە "دوژمن" لەقەڵەم داوە. ئەمە گۆڕەپانی سیاسیی بەرتەسک کردەوە و گەشەکردنی دیموکراسیی پەک خست.

لەم دواییانەدا ئەم سایکۆلۆژیا ڕیشە قووڵەی ترس لە لەبەریەکهەڵوەشان بە هۆی داواکارییەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی، جارێکی تر زیندوو بووەوە، چەند وڵاتێکی ئەورووپی فشار دەخەنە سەر تورکیا تا دان بە بانگەشەی "جینۆساید"ی ئەرمەنییەکاندا بنێ و داوای تەنازول دەکەن لە پرسی قوبرسدا. ئەم داواکارییانە هەر بە تەنها نەبوونەتە مایەی توندبوونی ناسیونالیزمی تورکی، بەڵکو شەرعییەتی

هەر حکومەتێکیشیان لاواز کردووە کە بانگەشەی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشە درێژخایەنانەی کردبێ.

یەکەمین سیمای سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بریتییە لە پاراستنی دەوڵەت و یەکپارچەیی خاکی تورکیا. دووەم سیمایش فراوانبوونی سیاسەتە ناوخۆییەکانیەتی: بەخۆرئاواییکردنی تورکیا لەڕێی پەیوەندییە دەرەکییەکانیەوە.

لە چوارچێوەی پابەندبوونی دەوڵەت بە سیکیولاریزمی دەنگدلێری مستەفا کەمالەوە، ڕیشە ئیسلامییەکەی AKP سەرچاوەی سەرەکیی گومانە، هەم لەناوخۆ و هەم لە دەرەوەی تورکیا. ئەو ڕەگوڕیشە دەبێتە هێمایەک بۆ ناشەرعییەت لە دیدی دەوڵەتدا. ئاکەپە سیاسەتی دەرەوەی خۆی بۆ خۆ دابڕین لە ڕیشەکانی یان تۆمەتی ئیسلامیزم، هەروەها وەک هەوڵێکیش بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی خۆی، بەکار هێناوە. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، لەنێو هەندێ شتی تردا، پارتەکە خۆی لەگەڵ پێوەرەکانی کۆپنهاگن دەگونجێنێ. جگە لەوەیش، سەرکردایەتیی حزبەکە پێی وایە حوکمڕانیی باش و سەربەخۆیی حکومەتی مەدەنی، پێویستی بە پاڵپشتیی دەرەکی هەیە، بەتایبەت پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەبەر ئەوە حکومەتی نوێ زۆر پەرۆشە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان هەستە دژە ئەمەریکییەکەی ناو بنکە جەماوەرییە لایەنگرەکەی و پێویستیی ئەو بە پاڵپشتیی ئەمەریکا.

ئەگەرچی ماوەیەکی کورت پاش دەستپێکردنی پەلاماری ئەمەریکا بۆ سەر عێراق بەشی هەرەزۆری ڕای گشتیی تورکیا دژی بەکارهێنانی خاکی تورکیا لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەروەها داواکاریی ناردنی سوپای تورکی بوو

بۆ عێراق، حکومەتی AKP بەو دەرەنجامە گەیشتبوو هاوکاریکردن لەگەڵ ئەمەریکا حەتمییە و سەرەنجام ناچار دەبێ بەدەم داواکانی ئەمەریکاوە بچێ.

ئاکەپە دەستکراوە نەبوو لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەوە کە لەسەر ناسنامە دامەزرابێ، ئەویش لەبەر تارمایی پرۆسەی ٢٨ی شوبات (کودەتاکەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ بەسەر حکومەتەکەی نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆکی پارتی ڕەفادا) کە بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتەکەی ئەربەکان. دوودڵیی حکومەت لە هاوکاریکردنی US ڕەنگدانەوەی هەم سیاسەتێکی پراگماتی و هەمیش بەکارهێنانی سیاسەتی دەرەوە بوو بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی خۆی لە بەرانبەر دامەزراوە سەربازی و ئابوورییەکان. سەرەنجام، حکومەتی ئاکەپە ویستی زیاتر لە سوپا خۆی بکاتە بەڵێندەری لاوەکیی ئەمەریکا.

حکومەت هەوڵی دا زەم بەسەر سوپادا بکا بە نەدانی هیچ دەرفەتێک بە هێزە چەکدارەکان بۆ سەپاندنی ڕۆڵی خۆیان لە سیاسەتی ناوخۆ، یان دەرەوەدا. لەم چوارچێوەیەدا مرۆڤ ناتوانێ لە سروشتی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا-تورکیا تێبگا ئەگەر ئەو ڕکابەریەی نێوان سوپا و حکومەت لە تورکیا نادیدە بگرێ. ئەم حاڵەتە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەوەی ڕەنگڕێژی سیاسەتی دەرەوەی ئاکەپە دەکا زیاتر گەڕانە بەدوای شەرعییەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، تا ئەوەی ناسنامەی ئیسلامی بێ.

## چینەکانی ناسنامەی تورکیا و
## تێڕوانینەکانی بۆ سیاسەتی دەرەوە

لەو ڕووەوە وا باوە ناسنامە بریتییە لە بابەتی کارلێکردن لەنێوان سێکتەرە جیاوازەگانی کۆمەڵگەدا، هەمیشە ئاسان نییە پەیوەندییەکی هۆیی لەنێوان ناسنامە و سیاسەتی دەرەوەدا دابنرێ[1]. ناسنامەکان نادرێن، بەڵکو زیاتر گەشە دەکەن و لە کارلێکدا دەگوێزرێنەوە. بۆ نموونە ئەو کارلێکە بەردەوامەی لەنێوان حکومەتی ئاکەپە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندایە ناسنامە و هەڵوێستی ئەو حزبەی گۆڕیوە.

چینێک لە چینەکانی ناسنامە لە دۆخێکی دیاریکراودا جەختی لەسەر دەکرێ و پشت بە جۆری ناسنامەی "ئەوی تر" دەبەستێ، جا دەوڵەت یان ڕێکخراوی تر بێ.

ناسنامەی دەوڵەت لە تورکیا لە سیاسەتێکی دەرەوەی پان-ئیسلامی لە سایەی سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)ەوە گۆڕاوە بۆ سیاسەتێکی ناسیونالیستی لە سایەی مستەفا کەمالدا (١٩٢٢-١٩٣٨) کە گریمانەی هاتنەکایەی کۆمەڵێ ڕۆڵ و چاوەڕوانیی نوێی لێ دەکرا. ناسنامەکان گرنگن لەبەر ئەوەی یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی بەرژەوەندییەکان. ئەو بەرژەوەندییانە سیاسەتی تورکیایان لە بەلقان و ئاسیای ناوەڕاست ڕەنگڕێژ کردووە. لەبەر ئەوە هەندێ لە هەڵبەزودابەزەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بە مشتومڕەکانی ناسنامە لەناو

---

[1] İrfan Ciftci, “Avrupa’nın ‘Öteki’si Olarak Türk İmgesi: Olduğu gibi Görünemeyen,
Göründüğü Gibi Olamayan Korkunun Efendileri: Türkler,” Istanbul Bilgi Universitesi
Bilgi ve Bellek, 3 (2006), 61–92.

هەندێ دامەزراوەی ناو تورکیاوە هەیە[1]. بەبێ تێگەیشتنی تەواو لەم گۆڕانی ناسنامە و بەرژەوەندییە، مرۆڤ ناتوانێ –بۆ نموونە– بە تەواوی لە ڕۆڵی تورکیا لە ئاسیای ناوەڕاست، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەلقان تێبگا[2].

ئەز پێم وایە ناسنامەی دەوڵەتی تورکی لە ئەنجامی دوو پرۆسیسەوە دروست بووە: ئەو ڕووداوە نێودەوڵەتییانەی وەک بومەلەرزە ڕاستەوخۆ کاریان لە تەسەوری تورکیا بۆ "خود"ی خۆی کردووە + گۆڕانی ناوخۆیی دەستەبژێری سیاسی. زیاد لەوەیش، میراتی مێژوویی دەوڵەتی عوسمانی و "کولتووری هەستنەکردن بە ئاسایش" دوو لە سەرەکیترین قەیدەکانی سەر پەرەسەندنی ناسنامەی دەوڵەت لە تورکیا بوون. بە هەرحاڵ، جگە لە "خود"ی دەوڵەتی تورکی، کە بە عەلمانی و غەربیکراو پێناسە کراوە، "خود"ی نەتەوەی تورکیش هەیە، کە خودێکە لە گوتاری ڕەسمیی دەوڵەت داینەمیکیتر و کراوەترە بۆ گۆڕان، کە ماوەیەکی دووردرێژە ڕەهن بووە بە دەستی ئایدیۆلۆژیای کەمالییەوە.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم قەیرانە قووڵەی ناسنامە لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەدا، ئاکەپە جەختی لە چینە ئیسلامی و ئەورووپییەکانی ناسنامەی تورکیا کردووەتەوە... دەستەبژێری سیاسی هەمیشە هەوڵ دەدات لەپێناو بەدەستهێنانی هەندێ بەرژەوەندیی دیاریکراودا ناسنامەکان جۆش بدا، یان بنیات

---

[1]M. Hakan Yavuz, "Turkic Identity and Foreign Policy in Flux: the Rise of Neo-
Ottomanism," Critique, 12 (1998), 19–42.
[2]Adler, "Seizing the Middle Ground: Constructivism
in World Politics," European Journal of International Relations, 3 (1997), 344

بنێ. لەبەرئەوە ناسنامە دەبێتە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان. لە هەمان کاتدا دەکرێ هەندێ جار بەرژەوەندی لە خزمەتی ناسنامەدا بێ. بۆ نموونە تورکیا ئینتیما ئایینی و زمانەوانی و کولتوورییەکان بۆ بەهێزکردنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوەڕاستی ئاسیا بەکار دێنێ. لە هەمان کاتدا بەرژەوەندیی نیشتمانیی تورکیش بەوە دیاری دەکرێ کە دەستەبژێر و دانیشتوان چۆن لە ناسنامەکەیان دەڕوانن.

ناسنامەی نیشتمانیی تورکیا بەرەو سێ چینی باڵادەستی ئایینی، نەژادی و بان نەتەوایەتی ئاڕاستەی گۆڕیوە، ئەوانیش چینەکانی ئیسلامی، تورکی و ئەورووپی-ن. ئەو سێ ڕەهەندە وێنای نوخبە بۆ بەرژەوەندی و هەڵبژاردنەکانی ڕەنگڕێژ دەکا، بەڵام ناتوانێ هەندێ بژاری دیاریکراوی سیاسی ڕوون بکاتەوە. سێ چینەکەی ناسنامەی نیشتمانیی تورکیا ئادگارە جێبەندی و پەیوەندیئامێز و هەمەجۆرەکانی ناسنامە پیشان دەدا. دەوڵەتی تورکی بە هۆی ناسنامە نیشتمانییە هەمەجۆرەکەیەوە لە بەرانبەر پرسە سیاسییە جیاوازەکاندا، چینی جیاوازی ناسنامە زەق دەکاتەوە. (بۆ نموونە) لە قەیرانی بۆسنە و کۆسۆڤۆدا دەوڵەت جەختی لە ناسنامە عوسمانی و ئیسلامییەکەی دەکرد، لە کاتێکدا لە ئاسیای ناوەڕاست جەختی لە ناسنامە تورکییەکەی دەکا.

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوەی هاوچەرخی تورکیا گرنگە مشتومڕی ناسنامە تەفکیک بکەین و تاقمە دەستەبژێرە پاشخان ناسنامەکان شی بکەینەوە کە لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا کاریگەرییان هەیە. ئەم چینانەی ناسنامە لە بەردەم گۆڕانە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا کراوەن.

له توركیا سێ تاقمی سەرەکیی دەستەبژێر هەن، کە ناسنامە ئاڕاستەیان دەکا:

١- دەستەبژێری "کەمالی" هەردەم پاڵپشتی لە ئاوێتەبوونی تەواوی تورکیا لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا کردووە، لەگەڵ بوونی پەیوەندیی پتەو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان. لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەورووپا و EUزیاتر وەک ڕاکێشانی "شارستانییانە" دەبینن. لەبەر ئەوە خواستی سیاسەتی دەرەوەی کەمالی بۆ تورکیا بەدیهێنانی گۆڕانێکی شارستانییانەیە، کە وای کردووە تورکیا چەندە لەتوانایدا بێ بەشداری لە زۆرترین ڕێکخراوی ئەورووپیدا بکا، ئەمە جگە لە چەندین شتی تریش.

کەمالیزم هەوڵی داوە وەک گۆڕەپانێکی دەرفەت مامەڵە لەگەڵ "جیهانی تورکی" بکا بۆ ئەوەی گرنگیی جیۆ-ستراتیژیی تورکیا لەبەر چاوی ئەورووپا و سیستەمی نێودەوڵەتی بەرز بکاتەوە و تورکیای وەک "مۆدێلی دەوڵەتێکی عەلمانی" بۆ دەوڵەتانی ئیسلامی پیشان داوە. لەم ساڵانەی دواییدا لایەنگرانی کەمالیزم بۆ دوو تاقم دابەش بوون: توندڕەوانی ناسیونالیست کە بە نەتەوەییەکان (ئولوسالجیلار) ulusalcılar ناسراون + میانڕەوە لیبراڵەکان. ئەمە پاشتر بە درێژی لێی دەکۆڵینەوە.

٢- دەستەبژێری بۆرژوای "ئیسلامی" ئەو سیستەمە ئابووری و سیاسییەی هەیە و لە لایەن کەمالیستی ناوخۆوە سەپێنراوە بە ڕکابەری خۆیان دەزانن[1]. ئەمانە ناسنامەی

---

[1] بۆ بینینی شیکردنەوەیەکی نایاب لەبارەی ڕۆڵی بۆرژوازیی ئیسلامیی نوێ، بڕوانە:

ئەتنی-نەتەوەییان ملکەچی ناسنامەیەکی ئایینی و شارستانی (ئوممە umma) کردووە و پاڵپشتییان لە پەیوەندیی پتەو لەگەڵ وڵاتانی موسڵمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەڕاستی ئاسیا کردووە. دوابەدوای ئەو گۆڕانەی پاش پرۆسەی ٢٨ی شوبات بەسەریاندا هات، هەندێ لە ئەندامانی ئەو گرووپە چیتر دژەخۆرئاوا نین و پاڵپشتی لە چوونی تورکیا بۆ ناو EU دەکەن، لەگەڵ یەک ڕوونکردنەوەی گرنگ، ئەویش ئەوەی: ئەوان مۆدێلی بەئەورووپیکردن (وەک بەغەربیکردن)ی وڵات ڕەت دەکەنەوە.

ئەم تێڕوانینە بەرانبەر جیهانی عەرەبی و ئاسیای ناوەڕاست هەڵگری مۆرکی فیکرەی هاوکاریی ئیسلامی و شارستانێتیی ئیسلامییە. هەوڵ دەدەن تورکیا وەک توخمێکی خولگەیی و مەرکەزی لە شارستانێتیی ئیسلامیدا پێشکەش بکەن، هەروەها دەیانەوێ ببێتە "پارێزەر" لە بەلقان و یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو. هەوڵ دەدەن پەیوەندیی هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی بەهێز بکەن بە مەبەستی پێکهێنانی بلۆکێکی ئیسلامیی گەورە. بەڵام لە هەمان کاتدا تێڕوانینی دەستەبژێرە ئیسلامییەکەیش تورک-سەنتەرییە، بەو مانایەی تورکیا بە "سەرکردە"ی جیهانی ئیسلامی دەبینن و هەوڵدان بۆ چالاککردن یاخود بزواندنی خەونی زیندووکردنەوەی شارستانێتی و بلۆکێکی ئیسلامیی بەهێز و یەکگرتوو، ئەویش لەڕێی کارەکتەرە بزۆزە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و

---

"Islamic Calvinists: Change and Conservatism in Central Anatolia," European Stability Initiative (Berlin, September 19, 2005).

ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆڵی چالاکیی ئابووری لە سەرلەنوێ خوێندنەوە بۆ ئیسلام دەخاتە ڕوو.

سـەربازییـە هـەرە پێشکەتـووەکـەی جیهـانی ئیـسلامی، کـە تورکیایە.

زۆربـەی وەزیـر و ڕاوێژکـار و پـەرلـەمانتـارەکانی ئاکـەپـە ئیـسلام بـە ناسـنامەی جـەوهـەریـی خۆیـان دادەنـێن و بـەرژەوەندییـە نیـشتمانییەکان لـە چوارچێوەیـەکی ئیـسلامیدا دیاری دەکەن[1].

لـەو ڕووەوە بنکە جـەماوەرییـەکەی AKP هـەمان دیدی نوخبـە ئیـسلامییەکـەیان هـەیـە، لـە پـرۆژەکـەی EU زۆر بەگومانن. سەرکردایەتیی AKP باوەڕی وایە تورکیا بەگشتی و ئاکەپە بەتایبەت نوێنەرایەتیی شارستانێتیی ئیسلامی دەکەن. گۆڕانێکی سـەرەکیی نـوێ –کـە هـەم ئـەگـەری سـوود و هـەم سـەرچـاوەیـەکـی دژیـەکیـشە– ئـەوەیـە حزبـەکـە دەیـەوێ ناسنامەیەکی ئیسلامیی نوێ و ڕیفۆرمیست گەڵاڵە بکا، ئەویش لـەڕێی شـوێنپێهەڵگرتنی زۆر ئایدیا و بـەهـای سـەرکـەوتـووی ئەورووپییەوە.

٣- دەستەبژێری "ناسیونالیست" ئەو گرووپانە دەگرێتەوە کـە پاڵپـشتی هاوکـاریی کـولتـووری و سیاسـی و تـەنانـەت یەکگرتوویی لەنێو دەوڵـەتانی تورکزمـان دەکـەن. ئـەم گرووپـە هەندێ نەتەوەپەرستی توندڕەوی تێدایە کە دژ بە ئاوێتەبـوونی تـەواوی تورکیـان لـەگـەڵ EUدا. ئـەم گرووپـە هـەوڵ دەدەن

---

[1]See: Ahmet Davutoğlu, Sratejik Derinlik: Türkiye’nin uluslararası konumu (Istanbul: Küre Yayınları, 2001); Küresel Bunalım (Istanbul: Küre Yayınları, 2002). Also see: Derya Sazak’s interview with Davutoğlu, “Sohbet Odası,” Milliyet, January 13, 2003.

جیهانێکی تورکی –بەڵام نەک بە زەرووڕەت ئیسلامی- لەژێر سەرکردایەتیی کولتووری و سیاسیی تورکیادا پێک بێنن.

نوخبەی ئەورووپاخوازی کەمالی لە ڕابردوودا هەردەم بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا باڵادەست بوون، ئەویش بە هۆی ئەو سیستەمی "دوو دەسەڵاتی"یەوە، کە تێیدا پێویستە حکومەتە هەڵبژێردراوەکە ملکەچی بەرنامەی پێشوەخت دانراوی کەمالی بێ، کە بریتییە لە سیکیولاریزم و یەکڕەنگیی نەتەوەیی بەو شێوەیەی لە لایەن بیرۆکراسیی سەربازی- مەدەنییەوە دەستنیشان کراوە و سەپێنراوە[1]. ئەم بیرۆکراسییە ڕۆڵێکی گەورەی لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەدا گێڕاوە. هەرکات تورکیا دیموکراسیتر دەبێ، سیاسەتی دەرەوەیش ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان دەبێ[2]. لەو ڕووەوە AKP ڕیشەی قووڵی ئیسلامیی هەیە و ناسنامەی بنکە دەنگدەرەکەیشی زیاتر ئیسلامییە تا نەتەوەیی، گرنگە لەو گوتارە ئیسلامییانە بکۆڵینەوە کە پەیوەندییان بە ئەورووپا و پرۆسەی بەئەورووپیکردنی تورکیاوە هەیە.

ئەرگومێنی سەرەکیی سەرکردایەتیی AKP سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ EU و USئەوەیە تارمایی "بەریەککەوتنی شارستانێتییەکان" بخاتە پێش چاو تا لەڕێیەوە ئەو بیرۆکەیە بگەیەنێ کە پێویستە خۆرئاوا پاڵپشتی لە تورکیایەکی

---

[1] Yavuz, Islamic Political Identity, p. 255.

[2] ئەم پەرەسەندنە سەرەتا لە لایەن م.هاکان یاڤوز و موجیب ڕ.خانەوە پێشبینی کرا:

"A Bridge between East and West: Duality and the Development of Turkish Foreign Policy Toward the Arab-Israeli Conflict," Arab Studies Quarterly, 14:4 (Fall 1992), 69–95.

موسڵمانی سەرکەوتوو بکا، چونکە ئەوە دەبێتە گەورەترین بەربەست لە بەردەم بەدیهاتنی تێزەکەی هنتنگتۆن/بن لادندا (تێزی بەریەککەوتنی شارستانێتییەکان). بە هەرحاڵ، دەستەبژێری عەلمانی بەتایبەت سوپا، زۆر بە چاوی گومانەوە بۆ پیشاندانی تورکیا وەک "مۆدێلێکی ئیسلامی" دەڕوانێ، چ لە لایەن ئەمەریکییەکانەوە یان لە لایەن سەرکردایەتیی ئاکەپەوە[1].

لە نیسانی ٢٠٠٥دا، ژەنراڵ حیلمی ئۆزکۆک کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەرکانی گشتیی سوپا بوو، بە توندی ڕەخنەی لەوانە گرت تورکیا وەک نموونەیەک بۆ جیهانی ئیسلامی پیشان دەدەن. لە ڕاستیدا هیچ وڵاتێکی ئیسلامی تورکیا نە بە مۆدێلێک بۆ دیموکراسی و نە بە مۆدێلێک بۆ ژیانی ئیسلامییانە نابینێ، بۆ نموونە ئۆزکۆک بە ئاشکرا بەیداخی "مەترسیی ئیسلامی"ی وەک مەترسییەک بۆ سیستەمی کەمالی

---

[1]Graham Fuller, “Turkey’s Strategic Model: Myths and Realities,” The Washington
Quarterly, 27:3 (Summer 2004), 51–64.

حوزەیرانی ٢٠٠٣ وەزیری دەرەوە گیول لە ئوردن گوتی: "دەکرێ ئەزموونی تورکی بکرێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ هەندێ وڵاتی تر. ئەم ئەزموونە هەوڵدانێکە بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی، ئازادی و مافە مەدەنییەکان، ڕێزگرتنی سەروەریی یاسا، کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکسانیی جێندەر. ئەزموونەکەی تورکیا دەیسەلمێنێ بەها نەتەوەیی و ڕۆحییەکان دەکرێ تەواو لەگەڵ ستانداردەکانی ژیانی هاوچەرخ کۆک و تەبا بن. ئێمە پێمان وایە ئاوێتەبوون لەگەڵ جیهان بەبێ گونجاندنی بەها و نەریتەکانمان لەگەڵ مۆدێرنێتە مومکین نییە. بەدیلی ئەم ڕێگەیە گۆشەگیری و نائومێدییە.
Hüseyin Bağcı and Saban Kardaş, “Post-September 11 Impact: The Strategic
Importance of Turkey Revisited,” in Idris Bal (ed.), Turkish Foreign Policy in
Post-Cold War Era (Boca Raton: Brown Walker Press, 2004), pp. 421–455.

بەرز کردەوە[1]. ئۆزکۆک لە ئیستەنبوول بە کۆمەڵێ لە بەرپرسانی گوت "تورکیا دەوڵەتێکی موسڵمان نییە، بەڵکو وڵاتێکی سیکیولار و دیموکراتە"[2].

سەرۆکوەزیران ئەردۆگان هەمیشە باس لە "هاوپەیمانیی شارستانێتییەکان" دەکات و لافی ئەوە لێدەدا کە تورکیا دەتوانێ ئەو هاوپەیمانێتییە دروست بکا. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر خەڵک دەپرسن ئاخۆ تورکیا وەک وڵاتێکی غەربی، یان ئیسلامی هەوڵ دەدا ئەم ڕۆڵە ببینێ. سیکیولارەکان دەیانەوێ تورکیا ببێتە نوێنەری غەرب، دۆخی مافەکانی مرۆڤ باشتر بکات و نموونەی تورکیای عەلمانی پێشکەش بە جیهانی ئیسلامی بکا، لە کاتێکدا ئاکەپە دەیەوێ ببێتە نوێنەری جیهانی ئیسلامی، لە هەوڵێکدا بۆ باشترکردنی وێنەی ئیسلام و موسڵمانان لە خۆرئاوا.

---

[1]Ahmet Tasgetiren, “Kippa Takmak,” Yeni Şafak, May 2, 2005; Nuray Mert, “Islam
Ülkesi,” Radikal, April 26, 2006.

[2]Özkök said “Turkey is neither an Islamic state nor an Islamic country.” (Türkiye bir İslam
devleti de, bir İslam ülkesi de değildir.)

**پێوەرەکانی کۆپنهاگن:**

**سەرمەشقیی ئاکەپە بۆ گۆڕانی ناوخۆیی**

سەبارەت بە ئەندامێتیی وڵاتەکە لە EU دوو گوتاری جیاواز لە تورکیا هەن[1]. ناسویونالیستە عەلمانییەکان تا دێ زیاتر دەبنە نەیاری EU و داکۆکی و بەرگری لە تێزە کۆنەکەی سەروەریی نیشتمانی و ئاراستە دژە ئیمپریالیزم و دژە جیهانگەرایییەکان دەکەن. لە سەرەتای ٢٠٠٤دا هاوپەیمانییەکی نوێی دژە-EU دروست بوو. ئەم گرووپە لە ڕووی سیاسییەوە لاواز بوو، بەڵام گرووپێکی دەنگدلێرە و بە توندی بەرهەڵستیی ئاوێتەبوون لەگەڵ EU دەکات و داکۆکی لەسەر پاراستنی "سەروەریی نیشتمانی" دەکا. ئەم هاوپەیمانییە لە ڕێکخراوە "کەمالی-چەپ"ەکان کە لە لایەن پارتی کرێکارانی تورکی (TİP)ی سەرکردەی ماوی دۆگو پێرنجیکەوە سەرکردایەتی دەکرا، لەگەڵ هەندێ تاقمی ناسونالیستی توندڕەوی مەهەپە MHP، پێکدێ. ئەمە تۆڕێکی هاوپەیمانیی بە ناوی "سێوی سوور" لێ کەوتەوە، خەونی تورکی بۆ یەکخستنی سەرجەم تورکنەژادەکان لە دژی کۆلۆنیالیزم، کە ژەنراڵانی خانەشین و ئەفسەرانی پۆلیس، هەروەها

[1] M. Hakan Yavuz, “Islam and Europeanization in Turkish-Muslim Socio-Political Movements,” in Peter J. Katzenstein and Timothy A. Byrnes (eds.), Religion in an Expanding Europe (Cambridge: Cambridge University Press, 2006), pp. 225–255; Hasan Kösebalaban, “Turkey’s EU Membership: A Clash of Security Cultures,” Middle East Policy, 9:2 (2002), 130–46.

ڕۆشنبیرانی باڵی ڕاست و هەندێ کەسایەتیی ئەکادیمی لەخۆ دەگرت[1].

ئەم تۆڕە کە بە فشۆڵی دروست بووە، پەیوەندیی توندوتۆڵی لەتەک بزوتنەوەی ئوراسی هەیە، کە لە لایەن ئەلیکساندەر دوجینی ڕووسییەوە دامەزراوە. ئەم بەرە نەتەوەییە عەلمانییە دژە-ئەمەریکایشە. ئەندامە دیارەکانی ئەم هاوپەیمانییە بریتین لە: کۆمەڵەی مەزنی مافناسان، بەرەی هێزە نیشتمانییەکان، یەکێتیی هێزە نیشتمانییەکان، کە زیاتر لە ١٥٠ لقی لە سەرانسەری تورکیا هەیە. هەروەها سەندیکای کرێکارانی شۆڕشگێڕییشی لەخۆ گرتبوو.

ئەم دەستە و تاقمانە پێداگری لەسەر یەکێک لە پرنسیپە سەرەکییەکانی کەمالیزم دەکەن کە بریتییە لەوەی "سەروەریی مافی بێقەیدوشەرت و تەواوەتیی نەتەوەیە"، کە ئەم لێدوانە هێشتا لەسەر کۆتا دیواری هۆڵی گشتیی پەرلەمانی تورکی لە ئەنکەرە هەڵواسراوە. لە هەمان کاتدا ئەم گرووپە مکوڕە لەسەر ئەوەی "نەتەوەی تورکی قابیل بە دابەشکردن نییە" و دژ بە فشارە فرەکولتوورییەکانە بۆ مەلتی-کەلچرەلەکانە بۆ پێناسەکردنەوەی نەتەوایەتی. سەرکۆنەی فشارەکانی ئەورووپا لە بەرژەوەندیی مافەکانی کورد دەکەن و فراوانکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر حسابی کولتووری سیاسیی کەمالیی باڵادەست بەسەر دەوڵەتدا ڕەت دەکەنەوە.

---

[1]Onur Atalay, Kızıl Elma Koalisyonu: Ulusalcılar, Milliyetciler, Kemalistler (Istanbul: Paradigma Yayinlari, 2006), pp. 73–94.

دووەم گرووپ کە بە عەلمانییە لیبراڵەکان ناسراون، کە ئاراستەیەکی چەقبەستوویان نییە، بەڵکو زیاتر داکۆکی لە ئاوێتەبوونی وڵاتەکە لەگەڵ جیهان دەکەن، لێرەوە پاڵپشتی هەم لە بەجیهانیکردن و هەم لە بوونەئەندام لە EU دەکەن. ئەم گرووپە جەخت لە لایەنی شارستانی کەمالیزم دەکەن و لەگەڵ ئەوەن نەتەوایەتی سەرلەنوێ وەک سیستەمێکی فرەکولتووری و یاسایی پێناسە بکرێتەوە.

کەمالیستە لیبراڵەکان ئەندامێتیی EU وەک بەدیهێنانی پرۆژەی بەخۆرئاواییکردن دەبینن کە ئامانجی هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی ئەورووپیزەکراوە[1]. بە لای ئەوانەوە ئەندامێتیی EU بەئەورووپیبوونە لەڕێی دەستبەرداربوون لە ناسنامە و میراتی تەقلیدیی ئیسلامی. بە لای کەمالییە ئەورووپاخوازەکانەوە پرۆژەی EU توانەوەیە لەنێو کولتووری ئەورووپی و ڕزگاربوونە لە جیهانبینییە ئایینییە کلاسیکییەکان.

بە هۆی پێگە باڵادەستیی ئەم گوتارە تا 1980کان، ئیسلامییە سیاسییەکانی تورکیا وەک نەجمەدین ئەربەکان، هەڵوێستێکی نەرێنییان لە ئاوێتەبوونی تورکیا لەگەڵ دامەزراوە ئەورووپییەکان هەبوو، لێرەوە ئیتر"ئیسلامییە ئەورووپاگومانەکان" Islamic Euroskeptics ناسران.

---

[1]25 M. Hakan Yavuz and Mujeeb R. Khan, “Turkey and Europe: Will East Meet West?,”
Current History, 103:676 (November 2004), 389–393.

| هەڵوێست لە ئەورووپا | کەمالیست | ئیسلامی |
|---|---|---|
| **یورۆفایل (ئەورووپاخواز)** | **کەمالیست و لیبراڵ یورۆفایل** TÜSİAD, ANAP, DYP, CHP ئامانج: توانەوە | یورۆفایل و تایفی گرووپی نوور، ئاکەپە ئامانج: ئاوێتەبوون/ پێکەوەژیان |
| **یورۆسکێپتیک (ئەورووپاگومان)** | **ناسیونالیستی کەمالیی یورۆسکێپتیک** TİP, MHP ئامانج: سەروەریی ڕەها | **ئیسلامیی یورۆسکێپتیک** Haydar Baş, SP ئامانج: ئیسلامی و ئەنتی ئەورووپا |

لە ئەنجامی سیاسەتە ئابوورییە نیۆ-لیبراڵەکان و کودەتاکەی ٢٨ی شوبات، گۆڕانێکی گەورە لەناو بزاڤی ئیسلامی سیاسی لە تورکیا ڕووی دا و دوو هەڵوێستی تەواو جیاواز سەریان هەڵدا. ئەمڕۆ بەگشتی دوو جۆر ئەقڵیەتی ئیسلامی هەیە: ئەورووپاگومان "یورۆسکێپتیک" + ئەورووپاخواز "یورۆفایل"، کە ڕەنگدانەوەی ئەو دابەشبوونە فراوانەیە لەمەڕ ئەو سیاسەت و ڕیفۆرمانەی پەیوەندییان بە بوونەئەندام لە EU یان پرۆسەی بەئەورووپیکردنەوە هەیە، لە تورکیا لەئارادایە.

هەڵوێستە یورۆسکێپتیکەکە پێی وایە ڕیفۆرمە سیاسییەکان تورکیا و کولتووری ئیسلامییان خستووەتە بەر هێرشی

کاریگـەریـی ئـەورووپـی، ئـەگـەر نـەڵێـین گـەمـەپێکـردن[1]. ئـەم هەڵوێستە پێی وایە بۆ تورکیا گرنگە ئازادیی سیاسیی زیاتری هـەبـێ بـەبـێ "سازشـکردن" لـەسـەر ناسـنامە ئیـسلامییەکـەی. هەروەها پێیان وایە ئەورووپا لـە گوتـارەکـەی لـەبـارەی مـافی مرۆڤ ڕاستگۆ و دڵسۆز نییـە، بـە بـڕوای ئـەقڵیـەتی ئیسلامیی یورۆسکێپتیک مافی مرۆڤ لە یەکێتیی ئەورووپا بۆ مـەسیحی و جووەکانە، نەک بۆ موسڵمانان. بە بەردەوامی دوودڵیی EU بـۆ دەسـتوەردان بـە مـەبـەسـتی ڕێلێگـرتن، یـاخود وەسـتاندنی جینۆسـایدی بۆسـنییەکـان، بڕیـارە جێمـشتومڕەکـەی دادگـەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مـرۆڤ EHCR لەبارەی داخستنی پـارتی ڕەفـا و بڕیـارە نالیبرالانـەکـەی لـە پاڵپـشتیکردنی قەدەغەکردنی سـەرپۆش وەک ئـەوەی ئـەوە پێشێلکردنی مافـە بنەڕەتییەکانی تاک نەبێ، وەبیر خەڵک دێننەوە[2].

ئـەم ئـەقڵیـەتـە بـەرگریکارانـەیـە پێـی وایـە ئـەورووپـا لـە مامـەڵـەکـردن لـەگـەڵ کێـشەکـانی موسـڵمانان دوو پێـوەری بـەکـاردێنێ، لێـرەوە ڕیفۆرمـەکـان لـەنـاو EU بـە ئاڕاسـتەی

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی بۆچوونە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان لە دژی یەکێتیی ئەورووپا بڕوانە:

Kenan Alpay (ed.), Avrupa Birliği ve Müslümanlar (Istanbul: Özgür-der, 2002). In 2002, seventy-five pro-EU groups and associations, including liberal and Islamic foundations, formed the Avrupa Hareketi 2002 (Movement for Europe 2002).

[2] لەبارەی کاریگەریی کۆمەڵکوژیی بۆسنییەکان لەسەر ڕای گشتیی تورکیا و ناسنامەی نەتەوەیی تورکی، بڕوانە:

Mujeeb R. Khan, "Bosnia-Herzegovina and the Crisis of the Post-Cold War International System," East European Politics and Societies (Fall 1995).

پلورالیزمی زیاتر بەریئانە نییە، بەڵکو ئەجێندایەکی شاراوە هەیە.

لەگەڵ هاتنەکایەی ڕوبەری نوێی دەرفەت لە تورکیا لە هەشتاکاندا، EU وەک چوارچێوەیەک بۆ پاراستن لە دژی دەوڵەتی سەرکوتکەری کەمالی و سەکۆیەک بۆ بەرژەوەندی و ئایدیاکان، بە مەبەستی بەدیهێنانی پێشکەوتنی ئابووری و فیکری، بە شێوەیەکی هۆشیارانە داڕێژرایەوە. لە ئەنجامی ئەوەدا ئەمڕۆ گرووپە ئیسلامییەکان باس لە "بوونە"ئەورووپی ناکەن، بەڵکو زیاتر باس لە چوونەناو یان یەکگرتن لە یەکێتیی ئەورووپادا دەکەن، وەک موسڵمان، تورک، کورد بەبێ دەستبەرداربوون لە ناسنامە تایبەتەکانیان. بە لای زۆربەی ئیسلامییەکانەوە، ئەورووپا و EU تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی ئابووری، ئەمنی و مافەکانی مرۆڤەوە جێپەسەندە، تا لە ڕووی شارستانی یان کولتووری یان ناسنامەوە. یەکێتیی ئەورووپا تا ئەو ڕادەیە بە لای ئەو گرووپانەوە سەرنجڕاکێشە کە دەتوانێ کۆنترۆڵی سەختگیرانەی دەوڵەت بەسەر چالاکییەکانی کۆمەڵە ئیسلامییەکان کەم بکاتەوە و دەرفەتی نوێ لە تورکیا و دەرەوە بۆ کێشەکانیان و ئەندامانیان، دەکاتەوە.

ڕێبازی دووەمی ئەقڵیەتی ئیسلامی یورۆفایل، ئەوەیە کەمتر لەبارەی سیاسەتە پەیوەندارەکان بە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی کۆپنهاگن بەگومانە، کە لە هەر گۆڕانێکی ئابووری و دیموکراتیدا بە گرنگ و جەوهەری دەبینرێن. نیگەرانییە کولتوورییەکان کە لە لایەن گومانداره‌کانەوە گوزارشتی لێ دەکرێ، لە لایەن دەستەبژێری یورۆفایلەوە بە "بێپاساو" لێک دراوەتەوە دەڵێن "ئێمە ئەگەر متمانەمان بە بەها و کولتوورەکەی خۆمان هەبێ، نابێ لە هیچ شتێک بترسین،

بۆچی لە کاریگەریی ئەورووپی نیگەرانن، کەچی زیاتر بیر لە ئەگەری کاریگەریی ئیسلامیی تورکی لە ئەورووپا دەکەنەوە، بازاڕی ئازادی ئایدیاکان و ژیانی بەکۆمەڵ سوود بە موسڵمانان دەگەیەنێ"[1].

ئەم گرووپە موسڵمانانە بەم شێوەیە لەگەڵ مەیلی ئەورووپییانەی تورکیادان و ئەورووپا بە گۆڕەپانێکی نوێ دەبینن کە مرۆڤ دەتوانێ تێیدا ژیانێکی باش بەدەست بێنێ و پەناگەیەکی ئارام و دوور لە چەوساندنەوەی هەبێ. پێیان وا نییە ناسنامەی ئیسلامی و ئەورووپی دژ بە یەکتر بن. لە ڕاستیدا هەندێ بیرمەند و سەرکردەی بزاڤی ئیسلامی تورکی -ئەربەکان، شەوکەت ئەیگی، شەوقی یەلماز و سەعادەتین کاپلان و هیی تریش، زۆر جار ئەڵمانیا و سویسرایان وەک پەناگە بۆ هەڵاتن لە سەرکوتکردنی تورکیا بەکار هێناوە، بەتایبەت پاش کودەتا سەربازییەکان. لەو چەند ساڵانەدا زۆر جار وردەکاریی کۆبوونەوە، قسە و نامەکان لەو تاراوگە کاتییەوە بۆ تورکیا ڕەوانە کراون.

بە هەرحاڵ، هەندێ لە موسڵمانە موحافیزەکارەکان کە ئەورووپاخواز بوون، ئەوانیش وا ڕەخنە لەوە دەگرن کە پێی

---

[1]لەم دواییانەدا، هەندێ گرووپ، بەتایبەت کۆمەڵەکانی شوێنکەوتوانی فەتحولا گیولەن، پشتگیریی لە ئاوێتەبوون لەگەڵ وڵاتانی خانەخوێ دەکەن لەڕێی دروستکردنی کۆمەڵگەی بچووکی "ئیسلامی"ی هاوتەرییەوە. گیولەن ئامۆژگاریی شوێنکەوتوانی دەکا لەو جێیەی "کۆچی بۆ دەکەن" نیشتەجێ بن، خانوو بکڕن، مافی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی بەدەست بێنن و کاری شایستەی فوول تایم بدۆزنەوە. بیرۆکەکە وا دەبێتە بەشێک لە کولتووری گشتی، دیارە بەبێ لەدەستدانی ناسنامە ئیسلامییەکەیان، تا نوێنەرایی ئیسلام بکەن لەو کۆمەڵگەیانەدا.

دەوتــرێ دووپێــوەری (ئیزدیواجیــەت)ی ئــەورووپییــەکــان. بەتاییەت پاش بڕیارەکەی ١٨ی دێسەمبەری ٢٠٠٤، هەندێ خــەڵکــی ئایینپــەروەر کــە پێــشتر پاڵپــشتیی بــەئــەنــدامبوونی تورکیایان لە EU دەکرد، لەبارەی نیەتی یەکێتیی ئەورووپی لە قبوڵکردنی تورکیا بەئەندام بێتاقەت و بەدگومان بوون.

گرووپە ئایینییەکان دەڵێن ئەگەرچی EU وا دەردەکەوێ لە خــەمی کــەمینــە ئــایینی و ئــەتنییــەکاندایــە، بــەڵام هــیچ کــام لــە ڕاپۆرتــەکــانی EU باســیان لــە داخــستن و قــەدەغــەکردنــی قوتابخانــە ئایینییــەکانی پێگــەیاندنی ئیمــام خــەتیب لــە تورکیــا، قەدەغەکردنی سەرپۆش یان هەر بابەتێکی تر نەکردووە کە گرووپە ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی جەوهەری بە پێشێلکردنی ئازادییە ئایینییەکانیان دەزانن. بەم شێوەیە، EU هەڵوێستێکی تەواو دەسەڵاتگەرایانەی شمولیی عەلمانییانەی پەیڕەو کرد بە قبوڵکردنی هەڵوەشاندنەوەی پارتی ڕەفا کە بە شێوەیەکی دیموکراتییانە هەڵبژێردرابوو، پەسەندکردنی بڕیاری سوپای تورکیا بە دوورخستنەوەی بەرپرسانی پابەند بە ئایین لە سوپادا[1]، هەروەها پەسەندکردنی بڕیاری زانکۆکانی تورکیا بە ڕەتکردنەوەی دەرکردنی بڕوانامە بۆ ئەو قوتابییانەی بڕیاریان داوە بە سەرپۆشەوە وێنەی ناسنامەکانیان بگرن[2].

دادگــەی ئــەورووپــی بــۆ مافــەکــانی مــرۆڤ بــە بڕیــارە یاســاییەکــەی ئــەگــەری بــوونی ئیسلامیزمی لــە کایــەی گشتیدا نەهێشت. وێڕای ئەو هەڵوێستە نەرێنییانە، بەشێکی گەورەی خەڵکە موسڵمانە موحافیزەکارەکەی تورکیا لە پاڵپشتیکردنی

---

[1] Kalaç vs. Turkey (App. No. 20704/02, judgment, 23 June 1997).

[2] Karaduman vs. Turkey (App. No. 16278/90, inadmissibility decision, 3 May 1993).

مەیلی ئەردۆگان بۆ EU دەکەن، ئەویش لەبەر ژمارەیەک هۆ. باوەڕیان وایە تەنانەت ئەگەر تورکیا نەشبێتە ئەندامی تەواو، پرۆسەی EU چوارچێوەیەک بۆ چارەسەری پەیوەندییە مەدەنی-سەربازییەکان، فراوانکردنی مافەکانی مرۆڤ، برەودان بە سەقامگیریی ئابووری و بەدیهێنانی حوکمی یاسا دەستەبەر دەکا. لە هەندێ ڕووەوە، ئەوەی زیاتر لەبەرچاو دەگیرێ گەشتە بەرەو ئەندامێتیی یەکێتیی ئەورووپا، تا گەیشتنی ڕاستەقینە بە ئەندامێتیی تەواو.

## ئیسلامانەدنی ناسنامەی ئەورووپی لە بەرانبەر ئەورووپاندنی ئیسلام

ئەو گۆڕانە گەورەیە لە سەیرکردنی EU وەک دوژمنی ناسنامەی سیاسیی ئیسلامی بۆ بینینی وەک دۆستی خۆی، دەرەنجامی ژمارەیەک هۆکارە[1]. زۆر کەس ئەم گۆڕانە بە پێویستییەکی خۆڕزگارکردن لەژێر فشاری جۆراوجۆری سەربازی و یاسایی و ئابووریدا لێکدەدەنەوە، بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەک لەگەڵ تاقمە لیبراڵەکاندا. لە ڕاستیدا یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی وای لە ئەردۆگان کرد خۆی لە ئیسلامیزم دوور بخاتەوە "کودەتا نەرم"ـەکەی ١٩٩٧ بوو. ئەربەکان و هاوڕێکانی ویستیان بە دامەزراندنی پارتی فەزیلە FP بزاڤە ئیسلامییەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بهێڵنەوە.

بە هەرحاڵ، داخستنی FP فەزایەکی چاوەڕواننەکراوی بۆ نەوەی لاو و ڕیفۆرخوازی سیاسەتوانانی ئیسلامی کردەوە تا

[1]31 Saban Taniyici, “The Transformation of Political Islam in Turkey: Islamists’ Welfare
Party’s Pro-EU Turn,” Party Politics, 9:4 (2003), 463–483.

خۆیان لەژێر باڵی پاسەوانە کۆنەکە ڕاپسکێنن و ئیسلامێکی لیبراڵ و دیموکرات، یاخود ئیسلامیزمی ئازا لە ئایینی خۆیان فۆرمەلە بکەن. بڕیارەکەی دادگە کایەی سیاسیی نوێی بۆ دەرکەوتنی سەرکردایەتییەکی نوێ پاش پوکانەوەی پێگەی ئەربەکان، کردەوە. ئەردۆگان بە دڵنیاییەوە دەیەوێ خۆی لە چارەنووسی پێشینەکانی (واتە ئەربەکان) لابدات. بە هەرحاڵ، هەڵەیەکی گەورە دەبێ ئەگەر ئەو گۆڕانە تەنیا بە "ترس" لە دەوڵەت لێکبدرێتەوە. گرنگترین هۆکار لەم گۆڕانەی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا بریتییە لە ڕۆڵی ڕوو لە زیادی چینی ڕوو لە گەشەی بازرگانان.

پاش پرۆسەکەی ٢٨ی شوبات و بەسیاسیکردنی سیستەمی دادوەری، گرووپە ئیسلامییەکان دەستیان کرد بەوەی دامەزراوە و نۆرمەکانی EU بە سەرچاوەیەکی پاراستن لە دژی دەوڵەت و هاوپەیمانییەکی سروشتی لە گۆڕینی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت ببینن. بۆ ئەوەی پاڵپشتیی پێویست لە EU بەدەست بێنن، دەبوو لای خۆیانەوە ئایدیۆلۆژیا کۆنەکەیان بخەنە لاوە و پەیڕەوی لە گوتاری جیهانی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە بکەن. ئەم کۆمەڵە فاکتەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییە توانای دایە گرووپە ئیسلامییەکان تا خوێندنەوەیەکی دیموکراتیانەتر و لیبراڵانەتر بۆ ئیسلام بکەن.

سێ هۆی سەرەکی هەیە بۆ پاڵپشتیی بەرفراوانی ئاکەپە لە بوونەئەندام لە EU. یەکێکیان گەڕانیەتی بەدوای ناسنامەیەکی سیاسیدا. ئاکەپە بە هۆی ڕیشە ئیسلامییەکەیەوە دەیەوێ فۆرمێکی نوێ لە ناسنامەی دیموکراسیی موحافیزەکار گەڵاڵە بکا، ئەویش بە خۆگونجاندنی لەگەڵ ڕێسا ئەورووپییەکانی پارتە دیموکرات مەسیحییەکاندا. لە کاتێکدا حزبە سیاسییە

ئیلهام له ئیسلام وەرگرتووە تورکییەکان سەرەتا EU (پاشان بازاڕی هاوبەش)یان بە هەوڵێک بۆ لاوازکردنی ناسنامەی ئیسلامی و سەروەریی تورکیا دادەنا، لە هەڵبژاردنەکانی ۱۹۹۹ و ۲۰۰۲ـەوە پارتە ئیسلامییەکان ئیتر EUیان نەک وەک دوژمنێک، بەڵکو زیاتر وەک هاوپەیمانێک بۆ دیموکراتیزەکردن و گەشەپێدانی ئابووری لەقەڵەم دەدا.

بەهێزکردنی دیموکراسی و بەرزکردنەوەی ئاستی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا بە پێوەرەکانی کۆپنهاگنەوە بەسترایەوە، بۆ چوونە نێو EU. ئەو چاکسازییانە کە هەم دەستووری و هەم یاساییشن، کایەی نوێی دەرفەتی یاساییان بۆ پێناسەکردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگە، ئیسلام و عەلمانییەت، هەروەها پەیوەندییە گشتی و تایبەتەکان، کردەوە.

دووەم، ئاکەپە لە حزبە سیاسییەکانی تر زیاتر لایەنگری بوونەئەندامە لە یەکێتیی ئەورووپا، لەبەر ئەوەی خۆی بە دژی سوپا دادەنێ و هەوڵ دەدا پرۆسەی EU بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپا لەناو سیستەمی سیاسی، کزکردنی سەدای کەمالی/سیکیولارانەی سیستەمی سیاسیی تورکیا لەڕێی فراوانکردنی چوارچێوەی سیاسەتی دیموکرات و ئازادییە مەدەنییەکانەوە، بەکار بێنێ. لە گۆڕانی ئیسلامی سیاسیدا فاکتەرە سیاسییەکانی وەک ئایدیۆلۆژیای کەمالیی دەوڵەتی تورکی و هەڵوێستی EU ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا. سیاسەتی دامەزراوەکانی دەوڵەت کە هەر جۆرە لادانێک لە سروشتی عەلمانییانەی توندی دەوڵەت و ئامادەیی دامەزراوەکە بۆ بەکارهێنانی سیاسییانەی دادگەکان لە دژی پارتە ئیسلامییەکان، ئەو پارتانەی ناچار کردووە لە چوارچێوەی پێوەرە توندەکانی سیستەمە عەلمانییەکەدا بجووڵێنەوە. بۆ

نموونە ئاکەپە لە بەرنامەی پارتەکەیدا دەڵێ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە ئالوگۆڕی بیروڕا لەنێوان هێزە چەکدارەکان و هێزە سیاسییەکان لە بوارەکانی ئاسایش و بەرگریدا دەستەبەر دەکا، پێویستە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە بەو شێوەیەی لەگەڵ پێوەرەکانی یەکێتیی ئەورووپیدا بگونجێ و لەوەدا نموونەی وڵاتانی دیموکرات لەبەر چاو بگیرێ.

ئەردۆگان و ئەو خەڵکەی لە دەوروبەرین، ئەوە دەزانن دیموکراتیزەکردن و بە دامەزراوەکردنی مافەکانی مرۆڤ پێویستیان بە پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی تەواو، بەتایبەت EU هەیە. ئەزموونی بەندکردنەکەی و کەیسەکانی لە دادگە یارمەتییان داوە تا نەک تەنیا دەرک بە دەسەڵاتی دامەزراوە سیکیولارەکان بکا، بگرە دەرک بە گرنگیی دیموکراسییش بکا بۆ پاراستنی ئازادیی بیرکردنەوە و دەربڕین. ئاکەپە پرۆژەیەکی ڕوونی بۆ گۆڕینی شانۆی سیاسی نییە، بەڵکو پشت بە پێوەرەکانی کۆپنهاگن دەبەستێ وەک ڕێبەری گۆڕان. ئاکەپە پێویستی بە پاڵپشتیی EU هەیە بۆ ئەوەی کایەی سیاسیی خۆی فراوان بکات و دیموکراتییانە دەسەڵات کۆنترۆڵ بکا. بە هەرحاڵ، ئەم پاڵپشتییە مەرجدار کراوە بە پاراستنی سیکیولاریزم و حوکمی دیموکرات لە تورکیا.

یەکێتیی ئەورووپا بوار بە بەکارهێنانی ئیسلام لە سیاسەت یان هەر وتووێژێک لەبارەی پیادەکردنی یاسای ئایینی نادات، کە ئەم هەڵوێستەیە ئیسلامییەکانی تورکیای ناچار کردووە بە زمانێکی سیکیولارانە بدوێن. بەم شێوەیە AKP لە چوارچێوەدانی پرسە ئایینی و لۆکاڵییەکان لە زمانێکی فراوانی ئەورووپی و جیهانی لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و لیبراڵیزمی سیاسی، سەرکەوتوو بووە.

سێیەم AKP پێویستی بە پاڵپشتیی دەرەکی هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر قەیدە ناوخۆییەکانی تورکیا. بە دەربڕینێک تر، باشکردنی مافەکانی مرۆڤ، چارەسەکردنی ناکۆکییەکان لەنێوان مافە ئایینییەکان لە کایەی گشتی و تایبەت، هەروەها گەشەی ئابووری، هەرهەموو ئەوانە پەیوەندیی بەهێزیان بە پرۆسەی EUـەوە هەیە. بۆرژوای سەرهەڵداو لە تورکیا وەک ڕێگەیەک بۆ فراوانکردنی دەرفەتە ئابوورییەکانی تورکیا بەرگریی لە EU کردووە، بەڵام پرۆسەی EU ڕێگەیەکی لەبارە بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانی ناوخۆییش. لە ڕوانگەی پاشخانە ئیسلامییەکەیەوە، ئاکەپە هەوڵ دەدا بەسەر خانەگومانییەکاندا زاڵ ببێ بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەندامێتیی EU وەک "ئەنجامی سروشتی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن".

### وێنەی ئەورووپا لای ئاکەپە: "بوونە.." لە بەرانبەر "چوونە ناو.."

پارتی گەلی کۆماری (CHP)ی کەمالی یەکێتیی ئەورووپا بە پرۆسەیەک دەبینێ بۆ توانەوە لەنێو کولتووورە ئەورووپییەکاندا، کە پرسی ئیسلامی بە یەکجاری و بۆ هەتاهەتایە چارەسەر دەکا. بوزان و دایز لە وتاری ١٩٩٩یاندا دەڵێن ئەندامێتیی تورکیا لە EU بۆ لاوازکردن و ڕێگرتن لە ئیسلامیزەکردنی وڵاتدا گرنگە، هەروەها لەڕێی ئەندامێتیی EU ەوە ناسنامەی ئەورووپی بەسەر ناسنامەی ئیسلامیدا زاڵ دەبێ[١].

---

[1]Barry Buzan and Thomas Diez, “Turkey and the European Union: Where to from Here,”
Survival, 41:1 (1999), 41–57.

له ٢٠٠٦ـەوە ئاکەپە، کە پارتێکی خاوەن ڕیشەی ئیسلامی و پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ زۆر گرووپی ئیسلامیدا هەیە، بووەتە بەجۆشترین پاڵپشتی EU لە تورکیا. دیارە سەرکردایەتیی حزبەکە ناسنامە بە ناکۆک لەگەڵ بوونەئەندام لە EU نابینێ. بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی بوزان و دایز ئەوان پرۆسەکە بە ڕێگەی فراوانکردنی ئازادی و مافەکان لە دژی سیکیولاریزمی دەسەڵاتگەرا دادەنێن.

چاوەڕوان دەکرێ EU پاراستنی یاسایی بۆ گرووپە هەمەچەشنە ئەتنی و ئایینییەکان دەستەبەر بکا، ئەگەرچی زۆر زووە تا ببینین ئاخۆ ئەو مافانە بە تەواوی گرووپە ئیسلامییەکانیش دەگرنەوە یان نا.

ئاکەپە سێ ڕێگەی داناوە کە تێیاندا ئەندامێتیی تورکیا بۆ EU بەسوود دەبێ.

**یەکەم**: وەرگرتنی تورکیا پەیوەندییەکانی EU لەگەڵ جیهانی ئیسلامی بەهێز دەکا، هاوکاریی نێوان شارستانێتییە جیاوازەکان پیشان دەدا، EU لە تۆمەتەکانی هەلاوێران و ئەوەی کە یانەیەک بێ بۆ مەسیحییەکان لە بەرانبەر جیهانی ئیسلامی، ئازاد دەکا، هەروەها ئەندامێتیی تورکیا یارمەتیی تێکەڵبوونی زیاتری ڕەوەندە موسڵمانەکان لەنێو دەوڵەتە ئەورووپییە خانەخوێکانیاندا دەدا.

**دووەم**: تورکیا هێزی سەربازی و ناسنامەی ئەمنیی EU بەهێز دەکا. تورکیا سیاسەتی EU لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا پتەو دەکا، ئەوەیش یارمەتیی EU دەدا بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی گلۆباڵ لە بەرانبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

**سێیەم**: ئەندامێتیی تورکیا ڕۆڵی EU لە قەوقاس، بەلقان، هەروەها بەشە ئیسلامییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بەهێز دەکا.

جیاواز لە کەمالییە عەلمانییەکان کە هێشتا بەسەر بیرۆکراسییەتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بالادەستن، ئەردۆگان دەیەوێ بچێتە پاڵ، یان ناو یەکێتیی ئەورووپا وەک وڵات یان کولتوورێک کە لەگەڵ باقیی ئەورووپادا زیاتر خاوەن نۆرمە لیبراڵ و دیموکراتە هاوبەشەکانە، تا ئەوەی تەنها خاوەنی نۆرمە ئایینی، یان کولتوورییەکان بێ.

ئەمە گرنگترین جیاوازییە لەنێوان AKP و CHP سەبارەت بە ئەندامێتیی لە یەکێتیی ئەورووپا. یەکێک لە گوتە باوەکانی ئەردۆگان هەرکات داکۆکی لە ئەندامێتیی تورکیا دەکات ئەوەیە: "ئەگەر بڕیارە یەکێتیی ئەورووپا یانەیەکی مەسیحی نەبێ، کەواتە پێویستە تورکیا قبوڵ بکا. لەگەڵ بوونەئەندامی تورکیا وەک نوێنەری شارستانێتییەکی جیاواز، EU دەبێتە کایەیەک بۆ ئاوێزانبوونی شارستانێتییەکان"[1].

ئەردۆگان دەیەوێ تیشک بخاتە سەر ناسنامەی ئیسلامی و بیگوێزێتەوە، ئەویش بەوەی وەک نوێنەری "شارستانێتیی ئیسلامی" بچێتە ناو ئەورووپا. لە بارێکی واشدا دەکرێ بوترێ کارلێک لەگەڵ EU هۆشیاریی ئیسلامی لە تورکیا بەهێز و هاوکات لیبراڵیزەیش دەکا[2]. ئاکەپە هەردوو ناسنامەی ئیسلامی

---

[1]Vincent Boland, “Eastern Premise,” Financial Times, December 3, 2004.
[2]Mehmet Aydın, “Turkey and the European Union: A Cultural Perspective,” in Turkey

و ئەورووپیی تورکیا زیاتر بە تەواوکاری یەکتر دادەنێ تا دژبەیەک. دەیەوێ جەخت لە ڕۆڵی تورکیا وەک دەروازەیەکی ئەورووپی بە ڕووی جیهانی ئیسلامی، یان دەروازەیەکی ئیسلامی بە ڕووی ئەورووپادا بکا. تورکیا هەوڵی ڕێکخستنی چەند کۆنفرانسێکی لەنێوان EU و ڕێکخراوی هاوکاریی ئیسلامی (OIC) لە ئیستەنبوول، داوە. حکومەتی ئاکەپە زۆر سەرکەوتوو بوو لەوەی وای کرد OIC کاندیدە تورکییەکەی وەک سکرتێری گشتیی ڕێکخراوەکە هەڵبژێرێ.

مەیلی تورکیا بۆ ئەورووپا چەند پرسیارێک دێنێتە پێشەوە. ئایا تورکیا دەوڵەتێکی ئیسلامییە، یان دەوڵەتێکی عەلمانییە کە دانیشتوانەکەی موسڵمانە؟ ئایا تورکیا بۆ چەسپاندنی پرۆژەی کەمالی دەیەوێ بچێتە پاڵ EU؟ ئایا تورکیا دەتوانێ بەبێ چوونەپاڵ EU بە دەوڵەتێکی مۆدێرن و سیکیولار بمێنێتەوە؟ ئایا کارلێکی تورکیا لەگەڵ EU هۆشیاریی سیاسیی ئیسلامیی وڵاتەکە زیاد دەکا؟

زۆربەی تورکیا دەست بە هەردوو ناسنامە ئیسلامی و ئەورووپییەکەیەوە دەگرن. خەڵک ئەو دوو چینەی ناسنامە بە ناکۆک نابینن، بەڵکو زیاتر بە پەیوەندییەکی تەواوکاری دەبینن، بەتایبەت دووەمیان وەک زەروور بۆ بوونی یەکەمیان. ئۆون ماتیۆس و لۆرین هۆلاند پێیان وایە: لەوە گرنگتر، ڕیفۆرمە دراماتیکییەکانی ئەردۆگان لەبارەی ئازادیی دەربڕین، شانبەشانی لەبەریەکهەڵوەشانێکی سیتماتیکی دامودەزگەکانی دەوڵەتی پۆلیسی کۆن لە تورکیا، لە هەموو کات زیاتر تورکیا

---

and the EU: Looking Beyond Prejudice (Maastricht: Maastricht School of Management,
2004), pp. 56–66. The proceedings of this symposium have a number of very interesting essays.

له ئەندامێتیی EU نزیکتر دەکەنەوە، ئەوەیش ئاماژەیە بەوەی ئاسایية موسڵمان و له هەمان کاتدا ئەورووپییش بیت[1].

ئەو حزبە پرۆسەی EUی کردووەتە ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی و حەڤدە جار ناوی EUی له بەرنامەی حزبەکەیدا هێناوه، بۆ نموونە:

"بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پرنسیپانەی پەیوەندییان بە دیموکراتیزەکردنی پێوەرەکانی کۆپنهاگنەوە هەیە و لای خواری ئەو پێوەرانە پێکدێنن کە پێویستە هەر ئەندامێکی یەکێتییەکە پەسەندیان بکا، لە کورتترین ماوەی مومکیندا هەموارکردنی پێویست لە سیستەمی قەزایی نیشتمانیماندا ئەنجام دەدرێ"[2].

ئەگەری بوونە ئەندامی EU، ئەگەرچی هێشتا زۆر مەرجدارە، ئێستا کراوەیە open-ended، ئەویش بەپێی ڕێککەوتنی نێوان EU-تورکیا لە دیسەمبەری ٢٠٠٤، کە بەپێی هەموو ئەگەرەکان لە ٢٠١٢دا جۆرە ئەندامێتییەکی EU بە تورکیا دەبەخشێ. ئەنجوومەنی EU ئاشکرای کرد "ئامانج لە دانوستانەکان گەیشتنە". ئامانجەکە لەژێر فشاری هەندێ وڵاتی ئەندامدا دیاری کرا، بە باسکردن لەوەی ئەم دانوستانانە پرۆسەیەکی کراوەن کە ناتوانرێ پێشوەخت دەرەنجامەکەیان گەرەنتی بکرێ. زیاد لەوەیش دەرگای بۆ ئەگەری پێدانی "پەیوەندییەکی تایبەت" بە تورکیای کردەوە بە ئاماژەدان بەوەی "ئەو دەوڵەتە کاندیدە لەڕێی بەهێزترین پەیوەندیی

---

[1]Owen Matthews and Lorien Holland, “Islam’s Happy Faces,” Newsweek, Dec. 27–Jan. 3, 2005.
[2]http://www.AKParti.org.tr/programeng3.asp

مومکینەوە بەتەواوی لەناو ستراکچەری ئەورووپادا جێ کراوەتەوە".

ئەم بڕارەی پەیوەندییە تایبەتە لەژێر فشاری ئەنجێلا مێرکل سەرۆکی پارتی دیموکرات مەسیحی و ڤالێری جیسکار دیستان سەرۆکی پێشووتری فەرەنسادا خرایە ڕوو. لە ئەڵمانیا پارتە موحافیزەکارەکان، یەکێتیی دیموکرات مەسیحی CDU و یەکێتیی سۆشیال مەسیحی CSU بە توندی دژی ئەندامێتیی تەواوی تورکیان لە یەکێتیی ئەورووپا. مێرکل گوتی "من باوەڕم نییە تورکیا بتوانێ لە ئایندەیەکی بەرچاودا ببێتە ئەندامی یەکێتییەکە. دانوستان لەبارەی شەراکەتێکی تایبەت ڕێگەیەکە بۆ پارێزگاریکردن لە پەیوەندیی پتەو لەنێوان تورکیا و EUدا"[1].

زیاد لەوەیش، لە کاتی مشتومڕ ڕیفراندۆمەکەی فەرەنسا لەبارەی دەستووری یەکێتیی ئەورووپا، گرووپێکی بیستوپێنج کەسی لە پەرلەمانتارانی فەرەنسی ڕاگەیەنراوێکیان لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی فەرەنسی Le Figaro لە ئایاری ٢٠٠٥دا بڵاوکردەوە، کە ڕەخنە بوو لە تورکیا. ڕاگەیەنراوەکە بە

---

[1] Angela Merkel, Deutsche Welle, February 16, 2004.
لە هەمان گوتاردا مێرکل ڕایگەیاند "دیموکرات مەسیحییەکان حەز ناکەن دەرگا بە ڕووی تورکیادا دابخەن... هەروەها CDU یەکێتیی ئەورووپا بە یانەیەکی مەسیحی دانانێ.. تورکیا بۆ EU لەبار نییە لەبەر ئەوەی "لە ڕووی کولتوورییەوە جیاوازە". مەبەستی مێرکل لە کولتوور ئیسلام بوو. ئەو لە دیمانەکەیدا گوتی: "زۆر لەسەر ئەوە وەستاوە تورکیا چ ڕێچکەیەک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.. ئەوە لەبارەی ئایینەوە نییە. بەڵام ئەوە ڕۆڵی هەیە کە ئیسلام بە ئەزموونی ڕۆشنگەریدا تێنەپەڕیوە".
Süddeutsche Zeitung (Munich), December 16, 2004 (translation by FBIS).

ناونیشانی "چۆن دەتوانین ئەوانە قبوڵ بکەین کە دەڵێن: مەنارەکانمان ڕمەکانمانن" و هانی جەماوەری فەرەنسی دەدا ئەندامێتیی تورکیا لە EU لە بەرژەوەندیی ڕێککەوتنێک بۆ بوونی "پەیوەندییەکی تایبەت" لەنێوان هەردوو لا ڕەت بکەنەوە.

ناونیشانەکە ئاماژە بۆ هۆنراوەیەک دەکا کە حەوت ساڵ پێشتر ئەردۆگان بەر لەوەی ببێتە سەرۆکوەزیران خوێندیەوە و لە ژمارەیەک لە بۆچوونەکانی پێشووی پاشەکشە بکا. جاک شیراکی سەرۆکی فەرەنسا بۆ ئەوەی مشتومڕە دەستوورییەکە لە ئەندامێتیی تورکیا لە EU کە پاڵپشتی نییە، جیا بکاتەوە، ڕازی بوو ئەندامێتیی تورکیا بخرێتە ڕاپرسیی گشتی. هەم فەرەنسا و هەم هۆڵەندا لەبەر چەند هۆیەک دەستووری ئەوروپییان ڕەت کردەوە، لەوانە زیادبوونی مەرکەزییەت، جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵەکان، زیادبوونی نیگەرانی لەبارەی لاوازکردنی ناسنامەی نیشتمانیی ئەورووپی لە لایەن کۆچبەرانەوە، بەتایبەت ئەگەری بوونەئەندامی تورکیا. بەپێی ڕاپرسییەکەی فەرەنسا "٣٥%ی ئەوانەی بە "نەخێر" دەنگیان دا، بۆ بەرهەڵستیکردنی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپی ئەوەیان کرد".

پاش ئەو سەرنجانەی لە چاپەمەنیی ئەورووپیدا بڵاوبوونەوە، زۆر لە تورکەکان دەپرسن ئاخۆ خەونبینینیان بە ئەورووپاوە شایانی ئەو هەموو کۆششەیە، هەروەها دەمارگیرییەکی قووڵ لەنێو زۆر وڵاتی یەکێتیی ئەورووپادا خۆی حەشار داوە. ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپی سەرەنجام دژ بە هەوڵەکەی تورکیا دەوەستن، فەرەنسا و نەمسا هەمیشە لە سەرسەختترین نەیاران بوون. ئەو

ڕاپرسییانەی لە سەرانسەری یەکێتیی ئەورووپادا ئەنجام دراون بەگشتی دەریدەخەن زۆربەی ئەورووپییەکان دژی بەئەندامبوونی تورکیان. بەپێی ڕووپێویکی یورۆبارۆمەتر لە ئایار و حوزەیرانی ٢٠٠٥دا ئەنجامی داوە پیشانی داوە کە ٥٢%ی هاووڵاتییانی یەکێتیی ئەورووپا دژی بەئەندامبوونی تورکیان، بەرانبەر ٣٥% کە لەگەڵ هەوڵەکەی تورکیان. بەگوێرەی ڕاپرسییەکان، ٨٠%ی نەمساییەکان دژی ئەندامێتیی تورکیان و تەنیا ١٠% پاڵپشتی دەکەن. لە فەرەنسا و ئەڵمانیا ڕێژەی نەیاری ٧٠-٧٤%ـە.

ئەوانەی دژی ئەندامێتیی تورکیان چوار هۆ بۆ هەڵوێستەکەیان ڕیز دەکەن: ئەورووپا پرۆژەیەکی شاستانییە و بەها تورکییەکان لەگەڵی ناگونجێن. تورکیا لە ڕووی جوگرافییەوە بەشێک نییە لە ئەورووپا لەبەر ئەوەی تەنیا ٣%ی تورکیا دەکەوێتە ناو ئەورووپا + بە بەئەندامبوونی تورکیا، یەکێتیی ئەورووپا سنووری هاوبەشی لەگەڵ هەندێ وڵات دەبێ کە ئاسایش تێکدەدەن، وەک ئێران، عێراق و سوریا + ئابووریی تورکیا ئامادە نییە بۆ چوونە پاڵ یەکێتیی ئەورووپا، هەروەها لەبەر بەرزیی ڕێژەی بێکاری لەو وڵاتە ڕەنگە بە چوونەپاڵی ببێتە هۆی کۆچکردنێکی گەورەی تورکەکان بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا.

فینلەندە بە ڕێژەی ٧٥% پاڵپشتی لە بەئەندامبوونی تورکیا دەکا لە بەرانبەر ١٦%ی دژ. حکومەتی بەریتانیای مەزن پاڵپشتە.

ئەندامێتیی تورکیا ژمارەیەک پرسیاری لەبارەی ناسنامەی ئەورووپی خۆیەوە دروست کردووە. ئایا بناغەکەی ئابووری، کولتووری و مافە، یان جیۆگرافییە؟ لێکۆڵینەوەی ورد

دەریدەخا ناسنامەی یەکێتیی ئەورووپا لە سێ چین بارستەی بە توندی پێکەوەبەستراو پێکدێ. یەکێتییەکی ئابوورییە و جەخت لەسەر بەرژەوەندییە ئابوورییە هاوبەشەکانی دەکاتەوە لە بەرانبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین. کۆمەڵگەیەکی بناغە بەهایە و لەسەر ئەو پاشخانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە دامەزراوە کە سنوورەکانی دەوڵەتانی "نائەورووپی" دیاری دەکەن. لەسەر هاووڵاتیبوون دامەزراوە و یەکێتییەکی "ماف-بناغە"ی پەیوەندارە بە هاووڵاتیبوونی سیاسییەوە. ئەم سێ بارستەیە جەخت لەو گۆڕانانە دەکەن کە پەیوەندییان بە گژبەری و نیگەرانییە گۆڕاوەکانەوە هەیە. ئەندامێتیی تورکیا پرسێکە زیاتر "پاشخانی کولتووری"ی هەیە و گژبەریی پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناسنامەی کولتووریی ئەورووپی دەکا. لە ڕاستیدا دڵەڕاوکێیەکی گەورە هەیە کە ئەندامێتیی تورکیا ناوەرۆکی ئەو ناسنامە ئەورووپییە بخاتە ژێر پرسیار.

## کاریگەریی گەشتەکەی یەکێتیی ئەورووپا

ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپی لە کانوونی دووەم/دێسەمبەری ٢٠٠٤دا دای بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی بەئەندامبوونی تورکیا لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥ زۆر گرنگ بوو. حکومەتی AKP پاش گەیشتنی بە دەسەڵات، سیاسەتەکانی حکومەتی پێشووی ئەجەویدی خێراتر کرد لەڕێی جێبەجێکردنی خواستەکانی پێوەرە سیاسییەکانی کۆپنهاگن و هەمواركردنی دەستوور، لەوانە: هەڵوەشاندنەوە سزای لەسێدارەدان، کەمکردنەوەی ڕۆڵی سوپا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی، هێنانی بودجەی سوپا بۆ ژێر دەسەڵاتی

مەدەنی، ڕێگەدان بە پەخشکردن بە شێوەزارە کوردەکانی وەک زازا و کرمانجی، پاڵپشتیکردنی پلانەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکخستنی دوورگەی دابەشبووی قوبرس، باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ یۆنان.

سەرجەم ئەم گۆڕانە ناوخۆیی و دەستپێشخەرییانەی سیاسەتی دەرەوە بە هۆی سیاسەت یان پلانی ئاکەپەوە نەخرانە ڕوو و جێبەجێ نەکران، بەڵکو زیاتر خواستی بەئەندامبوون بوون لە EU. ئاکەپە هەوڵی داوە لەڕێی داڕشتنی سیاسەتەکانی بە زمانی EU بنکەی کۆمەلایەتی و سیاسیی خۆی فراوان بکا.

پرۆسەی EU گرنگترین بزوێنەرە لە گۆڕانی سیاسەتی دەوڵەت سەبارەت بە پرسی کورد. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١دا هەموارکردنە دەستوورەکان لە ماددەی ٢٦ و ٢٨دا قەدەغەکردنی لەسەر بەکارهێنانی زمانە لۆکاڵییەکان هەڵگرت و ڕێگەیشی بەوە دا پەخش بەو زمانانە بکرێ. پەخش بە کوردی گرنگترین چاکسازی بوو لە سێیەم پاکێجی دیموکراتیزەکردن لە ئابی ٢٠٠٢دا. حکومەت ژمارەیەک چاکسازیی ئەنجام دا، وەک لیبراڵیزەردنی سیستەمی یاسایی بۆ پەخشکردن بە زمانی کوردی، هەروەها مافی فێربوون و خوێندن بە زمانی کوردی لەگەڵ حەوتەمین پاکێج لە تەمموزی ٢٠٠٣دا ئەگەرچی جێبەجێکردنی ڕاستەقینەی ئەو جۆرە ڕیفۆرمانە خاو بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە ئاداری ٢٠٠٤دا کۆرسەکانی زمانی کوردی لە باتمان و شانلی ئورفا و وان کرانەوە. تەنانەت لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا تەلەڤزیۆنی تورکی دەستی بە پەخش بە زمانی کوردی کرد، شانبەشانی بۆسنی و عەرەبی و شەرکەسی.

زیاد لەوەیش، یاسای تۆماری مەدەنی لە ۲۰۰۳دا هەموار کرا تا ڕێگە بە دایک و باوکان بدات ناوی کوردی لە منداڵانیان بنێن، کە ئەوە مافێکی بنچینەییە و بۆ چەندین دەیە قەدەغە کرابوو. هەروەها حکومەتی AKP "پرۆژەی گەڕانەوە بۆ گوند و شیاندنەوە Rehabilitation"ی ڕاگەیاند بە مەبەستی ئاسانکردنی گەڕانەوەی کوردە ڕاگوێزراوەکان بۆ گوندەکانیان. یەکێک لە مشتومڕە بنچینەییەکان لە تورکیا ئەمڕۆ ئەوەیە چۆنچۆنی نەتەوایەتی پێناسە بکرێتەوە تا کوردەکان و باقیی گرووپە ئەتنییەکانی تریش بگرێتەوە[1].

ئەم گۆڕانکارییانە یارمەتیدەر بوون بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی لە تورکیا، بەبێ ئەوەی بە زەروورەت ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی دیموکرات و گۆڕینی کولتووری سیاسی بگرێتەوە. ئەم گۆڕانانە یارمەتیی بەهێزکردنی دیموکراسیی لە تورکیا داوە بەبێ ئەوەی بە زەروورەت ڕیشە دیموکراتییەکان قووڵ بکاتەوە و کولتووری دیموکراسی بگۆڕێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا تورکیا لە زۆر ڕووەوە لەچاو دەیەیەک لەمەوبەر لیبراڵتر و کراوەتر و دیموکراتترە. بەڵام کێشەی بنیاتی ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، ملکەچیی پەرلەمان، تاکڕەویی سەرکردەکانی حزبە سیاسییەکان، هەروەها لاوازیی دادگەکان هەر ماوە. بۆ نموونە نزیکەی سەرجەم گۆڕانە یاساییەکان هێشتا لە لایەن حکومەتەوە ئامادە دەکرێن و لە لایەن

---

[1]Dilek Kurban, “Confronting Equality: The Need for Constitutional Protection of
Minorities in Turkey’s Path to the European Union,” Columbia Human Rights Law
Review, 151:35 (2003), 151–214.

پەرلەمانەوە "بەیاسایی" دەکرێن، لەبەر ئەوە ڕۆڵی پەرلەمان لە دارشتنی پرۆژەیاساکاندا زۆر لاواز بووە.

پەرلەمانتارەکانی AKP دەنگ بە هەر گۆڕانێکی یاسایی دەدەن کە خواستی بوونەئەندام بێ لە EU، یان لە لایەن سەرۆکی پارتەکە، واتە ئەردۆگانەوە پێشکەش کرابێ. ئەم پابەندبوونە بێ ئەملاولایە بە پرۆسەی EU زۆربەی گۆڕانە ناوخۆییەکان ئاراستە دەکا. لەگەڵ ئەوەیشدا پرۆسەی EU کاریگەرییەکی کەمی لەسەر دیموکراسیی ناوخۆیی پارتەکە هەبووە.

وەک پاداشتێک بۆ بەردەوامیی تورکیا لەسەر ڕێسا سیاسییە ئەورووپییەکان، EU پاراستن و شەرعییەتی پێشکەش بە ئاکەپە کردووە لە بەرانبەر دامەزراوە سەربازی-مەدەنییەکە. هەروەها بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی دەستپێشخەرییەکانی AKP، پاڵپشتیی دارایی و ئەگەری کردنەئەندامی پێشکەش کردووە. بەر لەوەی ئەردۆگان بۆ پەرلەمان هەڵبژێردرێ، زۆر بەرپرسی EU بە ئاشکرا لەگەڵی کۆبوونەوە و ئەو شەرعییەتەیان بۆ دەستەبەر کرد کە پێویستی بوو بۆ ئەوەی دەسەڵات لە تورکیا بەدەست بێنێ[1].

---

[1] سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییانە بەرەنگارییەکی بەهێز لە چەند وڵاتێکی ئەورووپیدا بەرانبەر ئەندامێتیی تورکیا هەیە. ئەو ناوەندانە دژی بەئەندامبوونی تورکیان بەوەی دەڵێن قەبارەی تورکیا، ناوچە گەشەنەکردووەکانی و بەرزیی ڕێژەی بێکاری لەو وڵاتە پێویست بە پاڵپشتییەکی دارایی گەورە بۆ جووتیاران و سیستمی خوێندن و گواستنەوە دەکا. ترس لە، هەروەها ترس لە تێکچوونی دۆخی کار و ئیسلام و "جیاوازبوون" هەیە. ئەوە گژبەرییەکی گەورەیە بۆ ئەورووپا کە وڵاتێک بێنێتە ناو خۆی کە خاوەن ئەزموونی ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری نییە، کە بناغەی ناسنامەی ئەورووپی پێکدێنن. بە هەرحاڵ، زۆر سیاسەتوانی

ئەردۆگان دەزانێ EU یان دیموکراسیی بەگشتی، تەنیا ترامێک نییە کاتێ گەیشتیتە شوێنی مەبەست (بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی) لێی دابەزیت. وەک سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوول ئەردۆگان پێشتر دیموکراسی لەگەڵ ئەو ترامە بەراورد کرد کە دەتوانێ یارمەتیت بدات تا بگەیتە شوێنی مەبەست و پاشان لێی ڕزگار ببیت. ئەو لەوە تێدەگا دەسەڵاتە سیاسییەکەی لەڕێی دیموکراسییەوە بەدەست هاتووە و هەر ئەو دیموکراسییەیش پاراستن و پاڵپشتیی بەردەوامی یەکێتیی ئەورووپی بۆ دەستەبەر کردووە. ئەو وەک سەرۆکوەزیران لیبراڵتر و لە بەرانبەر ئایدیا جیاوازەکاندا کراوەتر بووە.

پرۆژەکەی EU هەر بە تەنها شەرعییەتی حکومەتی ئاکەپەی فراوان نەکردووە، بەڵکو لەوە گرنگتر ڕێچکەیەکی ڕوونی بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێشکەش کردووە. مەیلە EU لای خۆیەوە یارمەتیی ئەردۆگانی داوە تا بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانیی ئەربەکان تێبپەڕێنێ و شەبەنگێکی سیاسیی بەرینتر و گشتگیرتر دروست بکا. ئەم ئاڕاستەیە بووەتە پاڵپشت بۆ خواستەکانی ئاکەپە بۆ نوێنەرایەتیکردنی ڕەوتی "ڕاستی ناوەڕاست" لە سیاسەتی تورکیدا، هەروەها یارمەتیی داوە تا بەسەر تۆمەتبارکردنەکانی بە ئیسلامیزم زاڵ ببێ. Disruption

لە ١٩٩٠ـەکاندا ئەو هێزە ناوخۆییانەی ویستیان پەیوەندییەکانی دەوڵەت-کۆمەڵگە بگۆڕن، بە توندی خۆیانیان بە هێزەکانی بەجیهانیکردنەوە بەستەوە و بۆ دروستکردنی

---

ئەورووپی باش دەزانن کە گوتنی "نا" بە تورکیا دەبێتە هۆی ئەوەی بەرەو ناوەوە بشکێتەوە، ڕەنگە زۆر لە موسڵمانانیش "نا" بە نیشانەی جیاکاریی ئایینی بخوێننەوە.

سیستەمێکی یاسایی نوێ کە لەسەر ماف دامەزرابێ، کاریان کرد. لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەت پاش پەلاماردانی عێراق لە ۲۰۰۳، ئەو هێزانە بوونە یەکتربڕ، ئەوەیش سەرکردایەتیی سیاسی شپرزە دەکا و کۆمەڵێ پرسیار لەبارەی نوێنەرایەتیکردن و ئایندەی هێزە کەنارییە ناوخۆییەکان دێنێتە پێشەوە. ئەگەرچی سێکتەرە کەناری و پەراوێزخراوەکانی دانیشتوان و خوازیار بوون لەڕێی تێکەڵبوونیان بە پرۆسەکانی بەجیهانیکردن پشکیان لە ئابووری و سیاسەتدا زیاد بکەن، بەڵام بە دەرەنجامەکە قایل نەبوون. باری دابەشکردنی داهات لە تورکیا و EU خراپ بووە و بۆشایی نێوان دارا و نەدارەکان فراوانتر بووە، بۆ نموونە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان کە EU ڕوبەری زیاتر بۆ ئازادییە ئایینییەکان دەکاتەوە، دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ سەرپۆشی قەدەغە کرد . بەجیهانیکردن سوود بەوانە دەگەیەنێ کە پێشوازی لە ئاکامە زۆرەکانی دەکەن و ئەوانەی هەوڵ دەدەن زیاتر لە دەرەوە دەمج ببن، نەک لە ناوەوە. هەمان پرۆسەی بەجیهانیکردن ئەو سیاسییانە لاواز و هەلاوێر دەکا کە بەرەنگاری ئاکامەکانی دەکەن، ئەوان بە "ناوچەیی" provincial یاخود بێبەش لە بیرکردنەوەی گلۆباڵیانە لەقەلەم دەدەن، لە کاتێکدا ئەوانەی تەسلیم بە پرۆسەی بەجیهانیکردن دەبن کراونەتە "بەلێندەری لاوەکی"ی پرۆسەکە.

هەندێ بەرەنگاری بۆ هەندێ لەو ڕیفۆرمانەی EU دەیانخوازێ لەئارادایە. ئەو بەرەنگارییە چەند گرووپێک لە ناسیونالیستی ڕاستڕەوی عەلمانی و ناسیونالیستی چەپی تێدایە، لە هەردوو دامەزراوەی مەدەنی و سەربازیدا. لە دیدی ئەواندا، EU پێوەرەکانی کۆپنهاگنی بۆ دروستکردنی کێشەی

نوێی "کەمینە"کان بەکارهێناوە، وەک هەردوو کێشەی ئەرمەنی و کوردی. ئەمە لای خۆیەوە شەرعییەتی پرۆسەی EUی لە تورکیا لاواز کردووە، پێویستییە ئەمنییەکانی وڵاتی وروژاندووە و بووەتە هۆکارێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی تەوژمی ناسیونالیزم.

ئەگەرچی هەندێ لە ناسیونالیستانی عەلمانی وایان بە باش زانیوە پەیوەندیی توندوتۆڵتر لەگەڵ کۆمارە تورکییەکانی ئاسیای ناوەڕاست دروست بکەن، هەندێ لە ئیسلامییە ناسیونالیستەکانیش دژی ئینديماجی تەواوی تورکیان لەگەڵ EU. سیکیولاریستە کەمالییەکانی وەک سوپا و بیرۆکراسییەتی مەدەنی، حەزیان لە بەشکردنی دەسەڵات نییە لەگەڵ بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان. دەیانەوێ پارێزگاری لە سەروەریی تورکیا لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بکەن. زۆر لە تورکەکان گومانی قووڵیان لە نیازەکانی سیاسەتوانانی EU هەیە و دەترسن لەوەی دوور نییە یەکپارچەیی خاکی تورکیا و کولتوور و دابونەریتی وڵاتەکە تێک بشکێنێ. بەکورتی، EU لە هەمان کاتدا سەرچاوەی سەرنجڕاکێشان و بێزارییە.

### گرێکوێرەکە: کێشەی قوبرس

کۆماری قوبرس بەپێی ڕێککەوتننامەکانی زیوریخ و لەندەن لە ١٩٥٩ و ١٩٦٠ دامەزرا[1]. لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنامانەدا تورکیا بوو بە پارێزەری دۆخی ئارا لە دوورگەکەدا

---

[1] David Hannay, Cyprus: The Search for a Solution (New York: I. B. Tauris, 2005). For the international treaties that founded the Republic of Cyprus, see http://www.cyprusconflict.net/Treaties%20–1959–60.htm

شانبەشانی یۆنان و بەریتانیا، یەکگرتنی دوورگەکە لەگەڵ یۆنان قەدەغە کرا. قوبرسییە تورکەکان بوونە هاو-دامەزرێنەری دەوڵەتە نوێیەکە و ڕێککەوتننامەکان ڕێگەیان بە تورکیا دا ژمارەیەکی کەم سەرباز لە دوورگەکەدا بهێڵێتەوە[1].

لایەنی قوبرسی یۆنانی حەزی بە دوو تایفەکەی پێکهاتەی قوبرس نەبوو و هەموو ڕێگەیەکی بەردەستی بۆ کەمکردنەوەی مافی قوبرسییە تورکەکان بەکار دەهێنا. مشتومڕ لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان دوو پێکهاتەکەدا لە کۆتایی ١٩٦٣ و سەرەتای ١٩٦٤دا بووە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژیی تایفیی ناوخۆ. نەتەوە یەکگرتووەکان هێزی ئاشتیپارێزی ڕەوانە کرد بۆ پاراستنی کەمینە تورکییەکە لەدەستی میلیشیا چەکدارە یۆنانییەکان.

کێشەکە گەیشتە ئەوەی لەساڵی ١٩٧٤دا حکومەتی سەربازیی ڕاستڕەو لە ئەسینا کودەتایەکی لە قوبرس ئەنجام دا بۆ لکاندنی دوورگەکە، ئەوەیش غەزووی تورکیا بۆ دوورگەکەی بەدوادا هات بۆ پاراستنی قوبرسییە تورکەکان لە دژی ناسیونالیستە یۆنانییە توندڕەوەکان. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکە و بەدوای ئەویشدا داگیرکردنی قوبرسی باکوور لە لایەن تورکیاوە بووە مایەی گواستنەوە دانیشتوان لە هەردوو لای دوورگەکەدا، تێیدا زۆربەی قوبرسییە یۆنانییەکان کە لە باکوور دەژیان ڕەویان کرد بۆ بەشی باشووری دوورگەکە، لە کاتێکدا قوبرسییە تورکییەکان لە باشوور بە ئاڕاستەی پێچەوانە ڕەویان کرد. قوبرسی باکوور لە ساڵی ١٩٧٥دا دەوڵەتی فیدراڵیی تورکی قوبرسی ڕاگەیاند. لە ساڵی

---

[1]41M. Hakan Yavuz, "Cyprus and International Politics," The Cyprus Review, 4:2 (Fall 1992), 135–143.

١٩٨٣دا بوو بە "کۆماری تورکیی باکووری قوبرس"، کە تەنها تورکیا ددانی پێدا نا.

بەم شێوەیە دوورگەکە دابەش بوو، UN ژمارەیەک دەستپێشخەریی بۆ چارەسەری کێشەکە کرد. دامەزراوەی سەربازی و بیرۆکراسی لە تورکیا هەوڵیان دا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قایل بکەن ددان بە دابەشکردنی دوورگەکە لە لایەن تورکیاوە بنێ، بەڵام داوای لایەنی قوبرسی یۆنان بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپی پەیوەندییەکی لەنێوان خەونی تورکیا بۆ چوونە ناو EU و کێشەی قوبرس دروست کرد.

لە ئەنجامی جەنگی سارد، داوای بەئەندامبوون لە لایەن قوبرسی یۆنانەوە، هەروەها حەزی تورکیا بۆ چوونە ناو EU، کێشەی قوبرسی بەئەورووپی کرد. هەڵوێستی تورکیا لە کێشەی قوبرس زادەی ویستی دامەزراوە سەربازی-بیرۆکراتییەکەی وڵات بوو بۆ بەکارهێنانی "کێشەکە" وەک ئامرازێک بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لە پرۆسەکانی جیهانگەرایی و "سەلماندن"ی متمانەنامەی ناسیونالیستانەی ئەو دامەزراوەیە.

کێشەی قوبرس لە لایەن دامەزراوەی دەوڵەتەوە بەکار هێنراوە بۆ درێژەدان بە بەئەمنیکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و پیشاندنی ناسیونالیزمەکەی بە ڕای گشتی. ئەوانەی دژی چارەسەرکردنی کێشەی قوبرسن، ئەو بەشەی دامەزراوەیە کە زۆر لە حکومەتی ئاکەپەیش بەگومانن. ئاکەپە پێویستی بە EUـە تا دەسەڵاتی دامەزراوەی دەوڵەت هاوسەنگ بکا، کێشەی قوبرسیش بووەتە مەیدانی جەنگ لەنێوان دامەزراوە و حکومەتە نوێکەدا.

ئامانجی سەرەکیی AKP بەلامەرکەزیکردنی سیاسەتە ناوخۆ و دەرەکیی تورکیایە لەڕێی پرۆسەی EUـەوە، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندا لیبرالانەکەی. هەڵەی گەورەی سەرۆکی قوبرسییە تورکەکان ڕەووف دەنکتاش ئەوە بوو خۆی کردە هاوپەیمانی هاوپەیمانێتییەکی دژە AKP بۆ شەڕکردن لە دژی یەکگرتنی دوورگەکە. بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەردۆگان و گیول تا ڕادەیەکی زۆر زادەی حەزە قووڵەکەیان بوو بۆ لاوازکردنی هاوپەیمانیی بیرۆکراسییەتی مەدەنی-سەربازی ناوخۆ.

سەرکردایەتیی ئاکەپە لە بەرانبەر بڕیارەکەی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا لە ٢٠٠٣ دەنگی هەڵنەبڕی کاتێ یەکەمین پەیوەستی لەنێوان ئەندامێتیی تورکیا و چارەسەری کێشەی قوبرس دروست کرا. لە ڕاستیدا ئاکەپە ویستی چارەسەرێک بۆ کێشەی قوبرس بدۆزێتەوە تا خۆی لە دامەزراوەی دەوڵەت و دەنکتاش جیا بکاتەوە. سەرکردایەیی AKP ئایندەی سیاسیی خۆی بە پرۆسەی بەئەندامبوون لە EUـەوە بەستەوە. لەو ڕووەوە AKP دەیزانی پرۆسەی EU "تاکە ڕێگە"یە بۆ لاوازکردنی هەژموونی گوتار و دەسەڵاتی کەمالی، سوور بوو لەسەر چارەسەکردنی کێشەی قوبرس بۆ ئەوەی بەربەستە گەورەکان لە بەردەم پرۆسەی بەئەندامبوونەکەدا نەهێڵێ. بە لای ئاکەپەوە پرۆسی EU پەیوەندییە لاسەنگەکانی تورکیا و پشتبەستنی گەورەی بە ئەمەریکا تەواو و تەنانەت هاوسەنگ دەکا. حکومەت EU بە بەلانسێک دادەنێ بۆ نەهێشتن یان لانیکەم کەمکردنەوەی پەیوەندییە گەرموگوڕەکانی نێوان سوپا و ئەمەریکا.

به لای ئەردۆگانەوە قوبرس سیمبۆلێک بوو بۆ پاسەوانە کۆنەکە و دەسەڵاتی مەیلەو ئەمری واقیعی وەزارەتی دەرەوە بەسەر ئایندەی وڵات و هێمایەک بۆ کەللەڕەقیی تورکی. ئەو باوەڕی بە ڕکابەریی سەرەمڕ نەبوو، بەڵکو باوەڕی بە هاوکاریی سەرەمڕ هەبوو. کێشەی قوبرسی وەک ڕێگەیەک بۆ بەزاندنی دامەزراوەی کەمالی دەبینی. لە ماوەی شەش ساڵی حکومەتەکەیدا ئەردۆگان دەستپێشخەریی کرد بە ئاڕاستەی دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ یۆنان و یەکەمین سەرۆکوەزیرانی تورکیا بوو سەردانی کەمینەی تورکی لە یۆنان بکا. هەوڵی دا کێشەی قوبرس لە چوارچێوەی UNو EUدا چارەسەر بکا.

گفتوگۆکانی یەکگرتن لەنێوان هەردوو قوبرسی تورکی و یۆنانی لە ١٠ی شوباتی ٢٠٠٤دا لە نیویۆرک دەستی پێ کرد و گەیشتنە ڕێککەوتننامەیەکی سێ قۆناغی. بەگوێرەی پلانەکە، سەرکردەکانی قوبرسی تورکی و یۆنانی بەگوێرەی مەرجەکانی پلانەکەی کۆفی ئەنان (سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان) دانوستان دەکەن و دەبێ تا ٢٢ی ئادار/مارسی ٢٠٠٤ دەقێکی کۆتایی دابڕێژن. ئەگەر دوو لایەنەکە نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتن، تورکیا و یۆنان دێنە ناو دانوستانەکان بۆ ماوەی هەفتەیەکی تر تا بۆ ٢٩ی ئاداری ٢٠٠٤ کۆتا دارشتە بنووسرێ. سەرەنجام، لە حاڵەتی بەردەوامیی چەقبەستندا ئەنان داوەری دەکات و دەسەڵاتی بڕیاردانی خۆی بەکار دێنێ بۆ پڕکردنەوەی هەموو ئەو کەلێنانەی ماون بۆ ئەوەی دواین دەق بەرهەم بێ، تا لە ٢١ی نیسانی ٢٠٠٤دا بخرێتە دوو ڕیفۆراندۆمی جیاوە[1].

[1]http://www.tcea.org.uk/Annan-Plan-For-Cyprus-ettlement.htm

تەنیا لە بارێکدا هەردوو لا دەنگ لە بەرژەوەندیی پلانەکە بدەن "کۆماری یەکگرتووی قوبرس" لە یەکی ئایار/مایۆی ٢٠٠٤دا دەبێتە ئەندامی EU. تورکەکان دەنگیان بە پلانەکە دا، بەڵام یۆنانەکان لە دژی دەنگیان دا، لەئەنجامی ئەوەدا تەنیا بەشە قوبرسی یۆنانی دوورگەکە چووە پاڵ EU. ئاکەپە پاڵپشتیی تەواوی لە دەنگدان بە "بەڵێ" بۆ پلانەکەی UN کرد.

بە دەنگدانی بە "بەڵێ" لایەنی تورکی باندەستی بەسەر سەرکردەی قوبرسی یۆنان تاسۆس پاپادۆپۆلۆسدا بەدەست هێنا، کە سەرکردایەتیی هەڵمەتی "نا"ی بۆ پلانەکەی UN لە ڕیفراندۆمەکەی نیسانی ٢٠٠٤دا کرد[1]. بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی EU لە ١٧ی دیسەمبەری ٢٠٠٤دا تورکیا هەشت مانگی تری درایە بۆ چارەسەری کێشەی قوبرس لەڕێی تەنازولکردنی زیاتر بۆ لایەنی یۆنانی بە دداننان بە پاپادۆپۆلۆسدا وەک سەرۆکی قوبرس.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەدای دەوڵەتییانەی دەوڵەتی قوبرسی تورکی لە دیدی تورکیا لە بیست ساڵی دواییدا، کردنی ئەوە، کردنی تەنازولێکی دژوار بوو. لایەنی قوبرسی یۆنانی هیچ هۆیەک نەبوو وای لێ بکا هیچ تەنازولێک لەسەر دوورگەکە

[1] قوبرسە یۆنانییەکان لەبەر چوار هۆ دەنگیان لە دژی ڕیفراندۆمەکە دا: پلانەکەی ئەنان چارەسەری ئایندەی ئەو نیشتەجێ تورکانەی نەدەکرد کە لە پاش ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی ١٩٧٤ هاتبوونە قوبرس + ڕێککەوتنەکە ژمارەیەکی گەورە و ناشایستە لە کورسیی پەرلەمانی دەبەخشییە قوبرسییە تورکەکان + ڕێککەوتنەکە دوورگەکەی لە بوونی سەربازی دانەدەماڵی و ڕێگەی بە بوونی ٦٠٠ سەربازی تورکی دەدا + هەروەها ماددەی تایبەت بە مافی گەڕانەوەکە نادادپەروەرانە بوو، بەوەی ڕێگەی تەنها بە ٢٠%ی قوبرسە یۆنانییەکان دەدا کە لە ماوەی بیستوپێنج ساڵدا بگەڕێنەوە ناوچە تورکییەکە.

بکا لەو ڕووەوە لە لایەن EUـەوە بە تەواوی ددانی پێدا نرابوو. نە EU نە US هەوڵیان نەدا هیچ پاڵەپەستۆیەک بخەنە سەر لایەنە یۆنانییەکە تا لەگەڵ لایەنە تورکییەکەدا بگاتە لێکگەیشتن. قوبرس دەبووە خەسارەتێکی مێژوویی بۆ حکومەتی ئاکەپە ئەگەر بڕیاری بدایە ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ لایەنی یۆنانییەکە واژۆ بکا.

لە تەمموززی ٢٠٠٥دا، تورکیا پرۆتۆکۆلێکی ئیمزا کرد بۆ فراوانکردنی ڕێککەوتنی گومرگی لەگەڵ بەلجیکا تا دە نوێترین ئەندامەکانی بلۆکەکە، بە قوبرسیشەوە، بگرێتەوە، بەڵام ڕایگەیاند ئیمزاکردنەکە ناگاتە ئاستی ددانان بە حکومەتی قوبرسیدا. تورکیا ڕەتی کردەوە بەندەر و فڕۆکەخانەکانی لە بەردەم جووڵەی هاتوچۆ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی قوبرسی یۆنانییەوە بکاتەوە و جەختی کرد ئەوە تەنها کاتێ ڕێگە بەوە دەدا کە ئەو کۆتبەندە نێودەوڵەتییانەی بەسەر کۆماری تورکیی قوبرسی باکوور، کە تەنها لە لایەن تورکیاوە ددانی پێدا نراوە، سەپێنراون هەڵدەگیرێن.

ئەم ڕەتکردنەوەیە لە لایەن گرووپی دژە-تورکی لە یەکێتیی ئەورووپا لە کۆنگرەی لوتکەی یەکێتیەکە لە دیسەمبەری ٢٠٠٦دا بۆ خاوکردنەوەی ئەندامێتیی تورکیا قۆزرایەوە، کە لەو کۆنگرەیەدا سەرکردەکانی EU بڕیارێکیان پەسەند کرد بۆ سڕکردنی کردنەوەی هەشت لە سیوپێنج چاپتەری دانوستان لەگەڵ تورکیا. تەنانەت بەو شێوەیەش، ڕوونکردنەوەی ڕەسمی EU بۆ ئەو "خاوکردنەوەیە"ی پرۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا ئەوە بوو کە هەڵەی تورکیا بووە لەبەر ئەوەی حکومەتی ئاکەپە ڕەتی کردووەتەوە بەندەرەکانی بۆ کەشتییەکانی قوبرسی یۆنانی بکاتەوە. پرسی قوبرس لە لایەن سەرکردە

ئەورووپییە ئەنتی-تورکییەکانەوە بۆ ڕێگرتن لە بەئەندامبوونی تورکیا بەکار هاتووە.

پارتە سیاسییەکانی قوبرسی یۆنان داوای ڕۆڵێکی چالاکانەتری EUدەکەن لە هەر گفتوگۆیەکدا، لە کاتێکدا تورکیا بە توندی بەرهەڵستیی هەر لاوازکردنێکی دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا. کێشەی قوبرس لە ئەنکەرە لە لایەن ئەورووپاگومانەکانەوە بەکار دێ بۆ تانەدان لە ڕاستگۆیی EU، هەروەها وەک بەڵگەیەک لەسەر بێتوانایی حکومەتەکەی ئەردۆگان لە بەرگریکردن لە مافەکانی قوبرسییە تورکەکان بەکاری دێنن. گرووپە ڕاسترەوەکان دەڵێن حکومەتەکەی ئەردۆگان قوبرس دەفرۆشێ بۆ ئەوەی پیشانی بدا تورکیا چەندە گوێڕایەڵی یەکێتیی ئەورووپایە. بەدەر لە پرسی قوبرسیش، ناسیونالیستانی کەمالی ئێستا چوونەتە پاڵ گرووپە ئیسلامییەکان کە ئەوانیش بە شێوەیەکی ڕوولەزیاد لە داخوازییەکەی تورکیا و توانای دامەزراوەکانی EU بۆ مامەڵەکردنی بێلایەنانە لەگەڵ ئازادییە ئایینییەکانی تورکیا، بەگومانن. هەستکردنێکی ڕوولەزیاد بە نائومێدی هەیە لە ئاست پابەندیی EU بە داکۆکیکردن لە مافەکانی ئەو موسڵمانانەی خوازیار بوون لەڕێی خۆنزیککردنەوەی زیاتر لە EU ئازادیی ئایینی فراوان بکەن[1].

ئەردۆگان سەرمایەیەکی سیاسیی گەورەی بۆ گژبەریکردنی ناسیونالیستە تورکەکان و دامەزراوەی دەوڵەت بەکارهێنا لەڕێی جەختکردن لەوەی پێویستە هەموو قوبرسییە تورکەکان پلانەکەی ئەنان قبوڵ بکەن و کێشە درێژخایەنەکە

---

[1]Senem Aydın Düzgit, Seeking Kant in the EU's Relations with Turkey (Ankara: TESEV, 2006).

چارەسەر بکەن. شکستی پلانەکەی ئەنان نسکۆیەکی گەورە بوو بۆ ئاکەپە، بەڵام هاوکات ڕەسیدی سیاسیی ئەردۆگانی لەنێو EU زیاد کرد. ئەگەرچی کێشەکە چارەسەر نەبوو، ئێستا چاوەڕوان دەکرێ زیان بە کەیسەکەی تورکیا بۆ بوونەئەندامی EU نەگەیەنێ.

## کزبوونی سیحری یەکێتیی ئەورووپا

ئەگەرچی ئەردۆگان ئایندەی سیاسیی خۆی بەست بە ئەندامێتیی EUـەوە، نەشوەی EU ڕووی لە کزی کرد پاش بڕیارەکەی دیسەمبەری ٢٠٠٤ بۆ دەستکردن بە دانوستانەکانی بەئەندامبوونی تورکیا لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا. کاتێ ئەنجوومەنی نیشتمانیی فەرەنسی گۆڕانێکی لە دەستووری وڵاتدا پەسەند کرد، کە بە "مادده تورکییەکە"یش ناسراوە، بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر فراوانکردنی EU لە ئایندەدا، ئەمە زەبرێکی گەورە بوو بۆ تورکە یۆرۆفایل (ئەورووپاخواز)ەکان، کە دەریخست زۆر لە ئەورووپییەکان لەبارەی ئەندامێتیی تورکیا جیددی نەبوون. بە هەڵبژاردنی نیکۆلا سارکۆزی بە سەرۆکی فەرەنسا، کە یەکێکە سەرسەختترین سیاسەتوانە ئەورووپییە نەیارەکانی بەئەندامبوونی ئەورووپا، کە گوتوویەتی "تورکیا لەناو یەکێتیی ئەورووپیدا شوێنی نابێتەوە"[1] بەدگومانی و تووڕەیی لەناو خەڵکی تورکیادا زیادی کرد.

---

[1]George Parker, “France in Threat to Turkey’s EU hopes,” Financial Times, July 22, 2007.
سارکۆزی لەم دیمانەیەی خوارەوەیشدا هەڵوێستەکەی دووپات کردەوە:

بەگوێرەی دواین ڕووپێوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیو Pew Research Center (لە تەمموزی ٢٠٠٧)، تەنها ٢٧%ی تورکەکان بۆچوونیان لەبارەی EU ئەرێنییە، بە بەراورد لەگەڵ ٥٨% لە ٢٠٠٤دا. لە تەمموزی ٢٠٠٧ بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم تێڕوانینە ڕوو لە خراپیەی ڕای گشتیی

---

TNI - پێت وایە تورکیا ئەگەر ئەو مەرجانەی EU دایناون جێبەجێ بکا، شوێنی لە ئەورووپادا دەبێ؟

سارکۆزی: تورکیا مەرجەکان جێبەجێ بکا، یاخود نا، کێشەکە چارەسەر ناکا. من لەم ڕووەوە هەمیشە ڕوون و ڕاشکاو بووم: من پێم وایە تورکیا مافی ئەوەی نییە بێتە ناو یەکێتیی ئەورووپا، لەبەر ئەوەی ئەورووپی نییە. بەڵام هەر لەبەر ئەوەی پێویستە تورکیا نەبێتە ئەندامی ئەورووپا مانای ئەوەیە لە لایەن ئەورووپاوە دوور بخرێتەوە. کەس هەیە بە جیددی پێی وا بێ پێویستە نزیکیی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەورووپا کە بەرهەمی مێژوویەکی دوورودرێژی هاوبەش و دۆستایەتییەکی ڕاستگۆیانەیە، تێکبشکێنرێ ئەگەر تورکیا نەهاتە ناو EU؟ تورکیا وڵاتێکی گەورەیە کە لە کۆمەڵێ بەرژەوەندی و بەهای هاوبەشمان پێکەوە هەیە. لەبەرئەوە پێویستە لەڕێی "شەراکەتێکی بەئیمتیاز"ەوە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو وڵاتە بەهێز بکەین". بەڵام پێویستە ئێمە زیاتر بچین و دامەزراندنی "یەکێتیی دەریای ناوەڕاست" پێشکەش بە وڵاتانی نزیک دەریای ناوەڕاست بکەین کە تێیدا تورکیا دەبێتە وڵاتێکی خولگەیی. ئەم یەکێتییە لە نزیکەوە کار لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا دەکا. دەستوانی کۆبوونەوەی دەوری ئەنجام بدا لەنێوان سەرۆکی دەوڵەتەکانی، هاوشێوەی مۆدێلی G8. دەکرێ ئەنجوومەنی دەریای ناوەڕاست هەبێ هاوشێوەی ئەنجوومەنی ئەورووپی. دامەزراوەکانی ئەو ناوچەیەی سۆلیداریتی و هاوکاری دەبێتە سیاسەتێکی هاوبەشی کۆچ، گەشەپێدانی بازرگانی و ئابووری، بەهێزکردنی ڕۆڵی سەروەریی یاسا، پاراستنی ژینگە و پەرەدان بە پەرەسەندنی هاوبەش بۆ نموونە بە دامەزراندنی بانکی وەبەرهێنانی دەریای ناوەڕاست، کە لەسەر بناغەی مۆدێلی ئەورووپی بێ.

تورکیا بۆ EU، هەروەها بۆ بەهێزکردنی چانسی ئاکەپە کە لایەنگری یەکێتیی ئەورووپایە لە هەڵبژاردنەکاندا، ڕاوێژکاری ئەڵمانی ئەنجیلا مێرکل شانبەشانی کۆمیتەی EU هیوایان خواست مانگێک بەر لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکان سێ "چاپتەری تری دانوستان" –لە کۆی ٣٥ چاپتەر– لەگەڵ تورکیا بکەنەوە، ئەویش لە دوو بواری نوێی سیاسیدا: ئامارەکان و چاودێریی دارایی. لەگەڵ ئەوەیشدا بەرهەڵستیی فەرەنسا چاپتەری سێیەمی دواخست کە بریتی بوو لە ئابووری و سیاسەتی نەختینە.

نیکۆلا سارکۆزی ویستی مشتومڕێکی تر بکاتەوە دەربارەی ئەوەی ئاخۆ تورکیا وڵاتێکی ئەورووپییە یان نا. سارکۆزی باوەڕی وایە تورکیا وڵاتێکی ئەورووپی نییە لەبەر ئەوەی موسڵمانە. کاردانەوەیەکی نیشتمانیی گەورە لە ناوەندە شارییە گەورەکانی تورکیا لە دژی "هەڵوێستی ڕەگەزپەرستانە(ی هەندێ ئەورووپی) بەرانبەر ئەندامێتیی تورکیا" هەیە. ئەم شەپۆلەی ئێستای ناسیونالیزم، کە تێکەڵەیەکە لە ئایدیۆلۆژیای عەلمانی و ئایینی، دوو ئامانجی هەیە: پارێزگاریکردن لە سەروەریی نیشتمانی (ڕژێمی کەمالی) و پاراستنی دەوڵەت و یەکێتیی نیشتمانی.

ئەم فۆرمە نوێیەی ناسیونالیزم تا ڕادەیەکی زۆر پەرچەکردارە بۆ چەند شتێک، لەوانە: خراپ مامەڵەکردنی EU لەگەڵ پرسی بەئەندامبوونی تورکیا، پرسی قوبرس، تۆمەتبارکردنی تورکیا لە لایەن ئەورووپییەکانەوە بە جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان، داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە، نوێبوونەوەی هێرشەکانی PKK لەناو تورکیا. ئەم ناسیونالیزمە نوێیە بەجەماوەری بووە و گۆڕاوە بۆ

کـردار، ئـەویـش لـەڕێـی ژمـارەیـەک ڕێکخـراوی کۆمـەڵگـەی مەدەنییەوە، وەک کۆمەڵەی فیکری کەمالی (ADD) و کۆمەڵەی پاڵپشتیکردنی ژیانی نویێ(CYDD).

زۆر سـەیـرە، لـەو کاتـەی ئاکـەپـە ئیتـر خـەریکـە بـاوەڕ بـە پرۆسەی EU لەدەست بدا، هاوکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکەڵ بە کۆمەڵێ بەرژەوەندی و بەشدارییەکی بەهێزتر دەبێ. بڕیـاردانی حکومـەتـی ئاکـەپـە بـۆ ئـەنجامـدانی گفتوگـۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی، بەشداریی ئەردۆگـان لـە لوتکـەیـەکی کۆمکـاری عـەرەبی، سیاسـەتی لـە سوریا، هـەروەهـا ڕەخنـەگرتنی لە چـەند سیاسـەتێکی غـەربی بـەرانبـەر ناوچـەکـە، نموونـەن لـەسـەر گـەڕانـی بـەدوای سیاسەتێکی نوێدا.

## تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا-ئەمەریکا

لـە سـەرەتـای جـەنگی سـاردەوە پـەیـوەندییـەکانی تورکیـا لەگەڵ US بڕبڕەی پشتی سیاسـەتی دەرەوەی تورکیا بووە. ئـەگـەرچـی گیـول، کـە ئـەو کاتـە وەزیـری دەرەوە بـوو، ئـەو پـەیـوەندییانـەی وەسـف کـرد بـەوەی "لـە سـەروو هـەر شـتێکی ترەوەن"، مرۆڤ سـەری سـووڕ دەمێنێ کە ئاخۆ ئەم وەسفە لە واقیعدا چ مانایەک دەگـەیـەنێ. سیاسـەتی ئـەمـەریکا بـەرانبـەر عێراق و ڕازینەبوونی تورکیا بە قبوڵکردنی داواکانی ئـەمـەریکا ئـەو پـەیـوەندییانـەی بـۆ نزمتـرین ئاسـت لـە کۆتـایی جـەنگی جیهانیی دووەمەوە دابەزاند.

جیـاوازیی نێـوان تورکیـا و ئـەمـەریکـا بـەرەنجـامی بەریەککەوتنی تێگەیشتنەکانیشە لە ڕووداوە سیاسییەکان، بۆ نموونـە هـەندێ پـەرلـەمانتـاری دیـاری ئاکـەپـە ئۆپـەراسـیۆنی

فەلوجەیان[1] بە "جینۆساید" لەقەڵەم دا، سەرۆکوەزیران ئۆرپەرسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیلی لە دژی چالاکیی فەلەستینییەکان بە "تیرۆریزمی دەوڵەت" وەسف کرد.

تورکیا و ڕووسیا تا ڕادەیەکی زۆر هەمان تێڕوانینیان لەبارەی ئاسایشی دەریای ڕەش هەیە، هەروەها ئەردۆگان ڕایگەیاند لە دارفۆری سودان "جینۆساید نەبووە" لەو ڕووەوە "ئیسلام ددان بە ڕاسیزمدا نانێ". بەم شێوەیە دەبینین ڕیشەی دنیابینیی ئاکەپە هێشتا ئیسلامیزمی سیاسییە و ڕاوێژکارانی حزبەکە لە بنەڕەتدا هەڵگری دیدگەیەکی ئیسلامیی نەتەوەیین[2].

دوودڵیی تورکیا لە بەشداریکردن لە شەڕی عێراق لە ڕیزی هاوپەیمانێتییەکەی ئەمەریکادا بۆ کۆمەڵێ هۆ دەگەڕێتەوە. گرنگتر لەوە، بەر لە جەنگی کەنداو لە ١٩٩١دا، تورکیا پەیوەندیی سیاسی و ئابووریی بەهێزی لەگەڵ عێراق هەبوو، هەروەها تورکیا داهاتێکی بەرچاوی لەکیس چوو کاتێ بۆرییە نەوتەکانی کەرکووک-یومورتالیک لە جەنگی ١٩٩١دا داخران.

---

[1] ئۆپەراسیۆنی هێزە ئەمەریکی و عێراقییەکان لە دژی گرووپە تیرۆریستیی قاعیدە و گرووپەکانی تر لە شارۆچکەی فەلوجە لە ٢٠٠٤ و ٢٠٠٦دا. (وەرگێڕ)

[2] ڕاپۆرتێکی ئاشکرانەکراوی ئاکەپە لەژێر ناونیشانی "پرۆژەی تورکیا"دا دەڵێ "پارتەکەمان باوەڕی وایە پێویستە تورکیا ئەو بۆشاییە دەسەڵاتە پڕ بکاتەوە کە بە کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بووە. پێویستە تورکیا ببێتە ئەکتەرێکی دەستتێوەردەری گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکانی دەوروبەری. ئێمە باوەڕمان وایە تورکیا بەبێ بوون بە هێزێکی مەزن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانێ کێشە دوولایەنە و ناوخۆییەکانی چارەسەر بکا. هەروەها جگە لەوە ڕێگەیەکی تر بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا نییە".

سەرباری بەڵێنەکان واشنتۆن قەرەبووی داهاتە گەورەکەی تورکیای لە بۆرییە نەوتەکان و لەدەستدانی بازرگانی نەکردەوە. زیاد لەوەیش جەنگی ١٩٩١ کاریگەریی گەورەی لەسەر ئابووریی تورکیا هەبوو، بەتایبەت گەشتیاری و بازرگانی، هەروەها تورکیا نیگەران بوو لەوەی جەنگێکی نوێ لە عێراق دەبێتە هۆی لاوازکردنی بوژانەوەی ئابووریی تورکی لە سایەی بەرنامەی چاودێریی سندووقی دراوی نێودەوڵەتیدا. سێبەری جەنگی ١٩٩١ تەنیا کەرتی ئابووریی نەگرتەوە، بەڵکو ژمارەیەک قەیرانی سیاسییشی دروست کرد، بۆ نموونە لایەندیی حاشاهەڵنەگری سەرۆک ئۆزال بۆ سیاسەتەکانی ئەمەریکا ژمارەیەک کاردانەوەی نێگەتیڤی لێ کەوتەوە، لەوانە دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی ئەرکانی گشتیی تورکیا نەجیب تۆرومتای.

لەو کاتەی سیاسەتە مۆد کەسایەتییەکەی ئۆزال بەردەوام بوو، هەندێ کاردانەوەی تری لێ کەوتەوە. هەردوو وەزیری بەرگری و دەرەوەیش وەک نارەزایی لە دژی سیاسەتە پرۆ-ئەمەریکییەکانی ئۆزال دەستیان لە کار کێشایەوە و بەڵگە هەیە کە ئۆزال پاڵپشتییەکی باشی جەماوەری تورکی لەدەست داوە. بە لەبەرچاوگرتنی شکستە کارەساتاوییەکە و جێبەجێنەکرانی بەڵێنەکانی غەزووی ئەمەریکی بۆ ناوچەکە لە ١٩٩١دا، ئەنکەرە ئیتر زۆر دڵگەرم نەبوو بۆ پاڵپشتیکردنی US لە ٢٠٠٣دا. زیاد لەوەیش، حکومەتە نوێیەکەی ئاکەپە خەمی پان-ئیسلامی هەبوو، بەو هۆیەشەوە نەیدەویست بچێتە پاڵ US و هاوپەیمانییەک کە بەزۆری هێزی مەسیحی بوون لە دژی وڵاتێکی موسڵمان. زۆربەی پەرلەمانتارانی ئاکەپە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بێئەزموون بوون و لە تۆڕە

ئیسلامییەکانی پێشترەوە هاتبوون. زیاد لەوەیش، میدیای پرۆ-ئیسلام و حکومەتی ئاکەپە زۆر نیگەران بوون لەبارەی هەستی دژە-تورکیی ناوچەکە ئەگەر تورکیا بەشداریی جەنگ لەپاڵ ئەمەریکادا بکا.

حکومەتی ئاکەپە دەیویست بە خۆدوورگرتن لە پلانەکانی شەڕی ئەمەریکا وێنەیەکی ئیجابیانەتر لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بۆ خۆی دروست بکا. کاتێ داوای لێ کرا بچێتە ناو پەلامارەکە بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا، حکومەتەکەی گیول بە کێشەی قوبرس و گفتوگۆکانی بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپاوە سەرقاڵ بوو. زۆر تەرکیزی دەکردە سەر ئەو دوو پرسە و کاتی زۆر، یان ئیرادەی نەبوو خۆی بخاتە نێو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا-عێراق.

بە هەرحاڵ، ئەو شتەی لە لایەن شرۆڤەکار و میدیای نێودەوڵەتییەوە بەزۆری پشتگوێ خراوە ئەوەیە گرنگترین فاکتەر کە سیاسەتی ئەنکەرەی بەرانبەر پلانەکانی شەڕ بە سەرکردایەتیی ئەمەریکای دیاری دەکرد، کێشەی هەمیشەیی کورد بوو. ئەنکەرە پاڵپشتی شەڕی دژ بە عێراقی بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا لە ١٩٩١دا کرد لەڕێی چوونە پاڵ هاوپەیمانان و داخستنی بۆرییە نەوتییەکان و لە ئەنجامدا هۆشیارییەکی سیاسیی گەورەی کوردی دروست کرد. لە ١٩٩١ (و پاشتر) US هانی یاخیبوونێکی کوردی لە دژی حوکمی سەدام دا، ئەوەیش کاردانەوەیەکی سەربازیی گەورەی لە لایەن حکومەتی سەدامەوە لێ کەوتەوە کە بە هۆیەوە یەک ملیۆن کورد ئاوارەی سنوورەکانی تورکیا و ئێران بوون. کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرانبەر ئەم قەیرانە مرۆییەدا دروستکردنی پەناگەیەکی ئارام بوو بۆ پەنابەران و

ناوچەیەکی دژەفڕینی سەپاند، ئەویش بە فڕینی چاودێریکردن/یان بۆردوومانکردنی ڕۆژانە لە لایەن فڕۆکە ئەمەریکی و بەریتانییەکانەوە کە لە بنکەی ئینجەرلیک لە تورکیا جێگیر بوون.

تورکیا پاڵپشتی لە دروستکردنی "پەناگەی ئارام" کرد و ڕێگەی دا بنکەی سەربازیی ئینجەرلیک بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنرێ. حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیا کە وەک ئەمری واقیع پشتیوانی لە سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە" دەکەن، تۆوی ئەم نیمچە دابەشبوونەی ئێستای عێراقیان بۆ سێ ناوچە وەشاند. ئەگەرچی ئەمەریکا و تورکیا پابەندیی خۆیان بە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەربڕیوە، بەڵام پێدەچێ وڵاتەکە بەسەر سێ پارچەدا دابەش ببێ.

پاش کشانەوەی هێزەکانی سەدام لە باکووری عێراق لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا، حکومەتێکی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا بە پاڵپشتی ئەمەریکا و تورکیا دروست بوو. ئەم ئەزموونە سیاسییە بە سەرکردایەتیی هەردوو حزبی کوردی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، تۆوی دروستبوونی دەوڵەتداریی کوردی وەشاند. ئەگەرچی ئەو دوو پارتە بە زەحمەت بەیەکەوە کاریان دەکرد و ململانێیەکی سەربازیی گەورەیان هەبوو، بەڵام خۆبەڕێوەبەری هۆشیاریی سیاسیی جوداخوازیانەی کوردی یەک خست.

ئەنکەرە بە وردی چاودێریی هەڵکشانی بزاڤی ناسیونالیستیی کوردی عێراق و بە ئامانجی سەربەخۆیی تەواوەوە دەکرد. ئەوەی مایەی نیگەرانیی تورکیا بوو، ئەوە بوو ئەزموونێکی خۆبەڕێوەبەریی ناسیونالیزمی کوردی لە

عێراق هانی کەمینە کوردییەکەی خۆی و باڵە سەربازییەکەی کە لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستان PKKـەوە سەرکردایەتی دەکرێ، بدات. لە ١٩٩١ەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق، تورکیا ژمارەیەک پێگەی سەربازی لە باکووری عێراق هەیە بۆ چاودێریکردنی چالاکییەکانی PKK. لە دیدی ئەنکەرەوە، گەشەی بزوتنەوەی سەربەخۆیی کوردی بووەتە جێبایەخی گەورەی ئاسایشی نەتەوەیی. تورکیا نایەوێ حکومەتی هەرێمە کوردییەکە ببێتە مۆدێلێک بۆ کوردەکانی تورکیا، یان بنکەیەک بۆ ناسیونالیزمی جوداخوازی پان-کوردی. بۆ ئیحتیواکردنی ئەم ناسیونالیزمە جوداخوازە، ئەنکەرە لە نزیکەوە لەگەڵ ئێران و سوریا کاری کردووە، کە ئەوانیش لەگەڵ هەمان هەستی سەربەخۆخوازی و زیادبوونی مافە کولتوورییەکانی کەمینە کوردییەکانی خۆیان لە کێشەدان. لەبەر ئەوە تورکیا نەیویستووە شەڕی عێراق زەمینە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە باکووری عێراق بڕەخسێنێ.

پاش ئەوەی لە ئاداری ٢٠٠٣دا پەرلەمانی تورکیا ڕێگری لە تێپەڕینی ئازادی هێزەکانی ئەمەریکا لە تورکیاوە بۆ باکووری عێراق کرد، کوردەکان بوونە "شەریکی ستراتیژی"ی سەرەکی لە کۆششەکانی شەڕی ئەمەریکا. بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندییەکانی ئەمەریکا-کوردەکانی عێراق لەسەر حسابی تورکیا پەرەیان سەندووە. لەو ڕووەوە تورکیا ڕێگەی نەدا بە کردنەوەی بەرەی باکوور، US ئیتر زیاتر پشتی بە میلیشیا کوردییەکان لە باکووری عێراق دەبەست. لە ٢٠٠٧ـەوە ئەنکەرە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق نەماوە و پشتبەستنی US بە کوردەکان ئەوانی کردووە

بە هێزێکی ئەمنیی حاشاهەڵنەگر لە باکووری عێراق. زیاد لەوەیش، US پێشمەرگەی لە ئۆپەراسیۆنەکان لە ناوچە زۆرینە سوننییەکانی عێراق بەکار هێناوە، کە ئەوان لە هێزە چەکدارەکانی عێراق ڕێکخراوتر و مەشقدراوترن.

ئەمڕۆ گرووپە کوردییەکانی عێراق سیاسەتێکی ڕوونیان هەیە: چەسپاندنی قەوارە فیدراڵییە ئەتنییە کوردییەکەی عێراق، لکاندنی شاری دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکووک بە هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکە و کردنی کەرکووک بە پایتەختی هەرێمەکە، پێکهێنان و هێشتنەوەی میلیشیا کوردییەکان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی سوپای عێراق، هەروەها پێداگرتن لەسەر ئەوەی هەرێمە کوردییەکە مافی دەستووری هەیە بۆ جیابوونەوە لە عێراق وەک هەنگاوی یەکەم بەرەو سەربەخۆیی بەهاتنی ٢٠١٠ یان کەمێک پاشتر[١].

---

[1] ڕەشنووسی دەستوورێک کە ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن دوو حزبە کوردییەکەوە ئامادە کراوە، هەوڵی داوە ناوچەی ژێر قەڵەمڕەویان فراوان بکەن بەوەی شاری کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت بە هەرێمەکەوە بلکێنن بەو نیازەی کەرکووک بکرێتە پایەخت، هەروەها داوا دەکەن یەکە چەکدارە کوردییەکان (پێشمەرگە) لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی مەرکەزی بەدەستی خۆیانەوە بهێڵنەوە. کوردەکانی عێراق لە دەستوورەکەی ٢٠٠٢ەوە ئارەزووی خۆیان بۆ جیابوونەوە ڕاگەیاندووە. هاوکات لەگەڵ زیادکردنی خۆبەڕێوەبەریی کوردەکان و ئارەزوویان بۆ سەربەخۆیی لە عێراق، ترسەکەی ئەنکەرەیش وردەوردە هەڵکشاوە. تورکیا لەوە دەترسێ حکومەتی هەرێی کوردستان KRG ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ پەکەکە و بنکەیەک بۆ بەهێزبوونی ناسیونالیزمی کوردی لەسەر حسابی ئەنکەرە. ئەنکەرە نیگەرانە لە ئەگەری پاڵپشتیکردنی نێودەوڵەتی لە دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ و بەوەیش هەڕەشەکردن لە یەکێتیی نیشتمانیی یەکپارچەیی خاکی تورکیا.

لە وەڵامی ئەم خەونە کوردییانەدا، ئەنکەرە سیاسەتی تایبەتی خۆی داناوە، کە بەگشتی بە "هێڵە سوورەکان" ناسراوە، لە بەرگریکردن و پاراستنی دۆخی ئارام: هێشتنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک و موسڵ لە دەستی حکومەتی مەرکەزیی عێراقدا، ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە فیدراڵیزمێکی ئەتنی لە عێراق، بەرگریکردن لە مافی کەمینەی تورکمانی لە عێراق کە نزیکەی سەرجەمیان لە باکووری عێراق دەژین، بەتایبەت لەناو کەرکووک و دەوربەری.

سیاسەتی "هێڵە سوور"ەکانی تورکیا زیاتر بۆ (ئیستیهلاکی محەلی) دانراوە و هەوڵەکەی حکومەتی AKP بۆ دانانی سیاسەتێکی عێراقی، پیس شکستی هێناوە. بۆ نموونە وەزیری دەرەوە گیول بەڕێوەبەرانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئاکەپە، گرووپی ئارتەر-ی نارد تا پاڵپشتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی تورکمانەکان بکەن لە عێراق، بەڵام هیچ کام لە بەڕێوەبەرانی هەڵمەتەکە سەردانی باکووری عێراقیان نەکرد. سیاسەتی تورکیا لە عێراق لە یەکەم ڕۆژەوە شکستی هێناوە، هەروەها بەبێ خەمخۆرییەکی ئەوتۆ بۆ خۆشگوزەرانیی گەلی تورکمان لە عێراق.

سەرچاوەی سەرەکیی کێشەکە ترسی تورکیایە لەوەی سیاسەتی US ببێتە "پەرتکە و زاڵبە"یەکی نوێ کە ببێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی عێراق، کە ئەوەیش سەر دەکێشێ بۆ دروستبوونی کۆمارێکی کوردی لە باکوور، کە ئەویش لای خۆیەوە زیاتر هانی جوداخوازیی کوردەکانی تورکیا دەدات.

سیاسەتی ئەمەریکا بەرانبەر کوردەکان گەورەترین فاکتەرە لە دیاریکردنی بینینی تورکیا بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا. ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا-تورکیا تا

ڕادەیەکی زۆر کێشەی کورد دیاری دەکا کە وای کردووە ئەمەریکا وەک هێزێک بێتە بەرچاو ڕای گشتی کە بەبێ ئەوەی مەبەستی بێ عێراق دابەش دەکا، هەروەها ڕێگەی بەوە داوە باکووری عێراق کە لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادایە، ببێتە بنکەیەک بۆ هێرشەکانی پەکەکە بۆ سەر تورکیا. ئەگەرچی بەرپرسانی مەدەنی و سەربازیی تورکیا داوایان لە US کردووە زیاتر لە دژی پەکەکە بکا، بەڵام US ئەو داوایانەی پشتگوێ خستووە.

## تێکشکانی متمانە: جووڵەکەی یەکی ئاداری ٢٠٠٣

ئەگەرچی بێئەزموونیی حکومەتەکەی گیول لە شکستی ڕۆڵی گەورەی لە شکستی جووڵە motionـەکەی[١] یەکی ئاداری ٢٠٠٣دا لە پەرلەمان هەبوو، بەڵام بەدگومانیی نێوان سوپا و حکومەتە مەدەنییەکەیش لە شکستی سیاسەتی تورکیا لە عێراق یەکلاکەرەوە بووە. سوپا بە داواکردنی لە حکومەت بۆ وەگرتنی جڵەوی بەڕێوەبردنی بابەتەکە، بەدەم داواکانی ئەمەریکاوە نەچوو. سوپا پێشبینیی دەکرد بابەتی جووڵەکە ئاکەپە دابەش بکات و تەنانەت ببێتە مایەی دابەشبوون و شکستی حکومەتیش. سوپا ویستی حکومەتی ئاکەپە بەرپرسیارێتییەکە بکرێتە ئەستۆ و حکومەت بکاتە بەرپرسیار لە کێشەکانی ئایندە، کە ئەوە ستراتیژێک بوو ئەنجامی

---

1 جووڵە یاخود مۆشن motion پرۆژەبڕیارێک بوو داوای لە تورکیا دەکرد ڕێگە بە بەکارهێنانی خاکی تورکیا بۆ پەڕینەوەی سوپای ئەمەریکا لێیەوە بۆ باکووری عێراق بە مەبەستی کردنەوەی بەرەی باکوور لە شەڕی ئەمەریکا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن لە ئاداری ٢٠٠٣دا، کە پرۆژەکە لە لایەن پەرلەمانەوە ڕەت کرایەوە. (وەرگێڕ)

پێچەوانەی لێ کەوتەوە. پەرلەمان دەنگی لە دژی جووڵەکە دا و حکومەتی ئاکەپە بە ڕووبەڕووبوونەوەی داواکانی US ستایش کرا، هەم لە ناوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوە، جەماوەری ئاکەپە زیادی کرد و سوپا یەکێک لە بەهێزترین پاڵپشتەکانی، کە پنتاگۆن بوو، لەدەست دا.

گرژی و ڕکابەریی نێوان سوپا و حکومەت لە لایەک و لەنێوان گرووپەکانی ئاکەپە لە لایەکی ترەوە دۆخەکەی لەوە چاوەڕوان دەکرا خراپتر کرد و سەرەنجام بووە مایەی پەراوێزخرانی تورکیا. گیول پێویستی بە کات هەبوو تا دەستپێشخەرییە سیاسییە هەرێمییەکانی تاقی بکاتەوە و پەیڕەوی لە دیپلۆماسییەتی هەنگاو بە هەنگاو دەکرد، لە کاتێکدا بیرۆکراسی و سوپا پاکێجێکی تەواوی دەویست. کاتێ سوپا و دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوە لە تاکتیکە دواخەرەکانی حکومەت تێگەیشتن، حکومەتی ناچار کرد جووڵەکە بباتە پەرلەمان بۆ تاقیکردنەوەی ئیرادەی حکومەت و پابەندبوونی بە هاوپەیمانییەکە بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا.

گیول کە دەیزانی پاڵپشتی بۆ جووڵەکە لەنێو گرووپی پەرلەمانیی ئاکەپەدا لاوازە، داوای لە وەزیرانی حکومەتەکەی کرد جووڵەکە ئیمزا بکەن و لێبگەڕێن پەرلەمان بڕیار بدات. دابەشبوونەکانی ناوخۆی پارتەکە و هەڵوێستی توندی پەرلەمانتارە ئیسلامی و کوردەکان ڕێگەی لە تێپەڕاندنی ئەو جووڵە مێژووییە گرت. بە هەرحاڵ، دوودڵیی گیوڵ ڕۆڵێکی گێڕا کە هاوشێوەی جیاوازیی نێو پارتەکە لە شکستی جووڵەکەدا گرنگ بوو. لەو ڕۆژەدا ٥٣٣ پەرلەمانتار دەنگیان لەسەر جووڵەکە دا، لەوانە ٢٦٤یان لە بەرژەوەندی دەنگیان دا

و ٢٥٠يش له دژی، ١٩يش بێدەنگ بوون. جووڵەکە پێویستی بە ٢٦٧ دەنگ هەبوو، لەبەر تەنها سێ دەنگ، ڕەت کرایەوە.

لەژێر سەرکردایەتیی ئەردۆگان و گیولدا، دوو گرووپی جیاواز لەسەر پرسە سیاسییەکان کێبرکێیان بوو. گرووپێکی پراگماتی و هەلپەرست بە سەرکردایەتیی ئەردۆگان (کە لە جونەید زاپسو، عومەر چەلیک و ئەیمەن باگیش پێک هاتبوو) لەگەڵ سیاسەتێک بوون کە لەسەر بناغەی واقیعی سیاسی، هەروەها زیاتر لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان تا بەرژەوەندیی نەتەوە دامەزرابێ. گیولیش بە کۆمەڵێ مۆرالیست و ئایدیالیست دەورە درابوو (بۆ نموونە ئەحمەد داودئۆغلو) کە جەخت لە پرسەکانی ناسنامە و ئەخلاق دەکەن. داودئۆغلو دیدگەیەکی شارستانییانەی ڕوونی لەبارەی سیاسەتی دەرەوە و ناوەوە هەبوو. فیکرەکەی لەسەر سێ گریمانە دامەزرابوو: شارستانێتیی ئیسلامی خاوەن جیاوازیی ئەپستمۆلۆژی و ئەنتۆلۆژیی خۆیەتی لە غەرب + تورکیا بەشێکە لە شارستانێتیی ئیسلامی و دەتوانێ شوێنی ڕاستەقینەی خۆی لەسەر شانۆی جیهانی بگرێ ئەگەر ڕابەرایەتیی سەرلەنوێ بووژانەوەی شارستانێتیی ئیسلامی بکا + تورکیا پێویستە بەسەر دوو ناسنامەییەکەیدا زاڵ بێ، ئەویش بە ئاوێتەبوون لەگەڵ پرۆسە گلۆباڵەکان و سەرکردایەتیکردنی بلۆکە هەرێمییەکەی وڵاتانی ئیسلامی.

بە چاوپۆشین لە شێوازە جێمشتومڕەکەی بیرکردنەوەی، داودئۆغلو بیرمەندێکی خۆماڵییە کە هەمیشە دڵسۆز بۆ ناسنامەکەی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی تورکیا ماوەتەوە. جیهانبینییەکەی و کۆدە ئەخلاقییەکەی تا ڕادەیەکی زۆر لە ئیسلام وەرگیراون و پیاوێکە بەهاکانی تێڕوانینێکی بەرینتر بۆ

دەوڵـەتـی عوسـمانی لـەخـۆ دەگـرێ. بیرکردنـەوە و ئاڕاسـتە سیاسـییەکـانی زادەی جیهانبینییـەکـەیـن. ئـەو پیـاوی هێـزە نێودەوڵەتییەکان نییە، بە لای ئەوەوە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و گەلەکەی لە سەروو بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیەوەن، " بێگانەیەکی خۆماڵی"ش نییە کە ناسنامەی خۆی لـە ڕوانگـەی خزمەتکردنی ناوەندەکانی دەسەڵات لە دەرەوەی تورکیا دیاری بکـا. داودئۆغلـو دژی پاڵپشتیی تورکیـا بـۆ شـەڕی ئـەمـەریکـا وەستا و هەموو ڕێگەیەکی بۆ وەستاندنی شـەڕەکـە و ڕێگـرتن لە بەکارهێنانی خاکی تورکیا بەکارهێنا.

ڕۆژنامەنووسێکی تورکی، کە پەیوەندیی توندوتۆڵی لـەگـەڵ موحافیزەکارە نوێکانی نێو ئیدارەی ئەمـەریکی هـەیە و لـەگـەڵ بوونی پەیوەندیی بەهێزی تورکیایە لەگەڵ ئەمـەریکا، لـەبارەی جیـاوازیی نێـوان ئـەو دوو سـەرکـردەوە، ئـەم سـەرنجـەی خوارەوە نووسیوە:

"ئەردۆگان کەسێکی زۆر پراگماتیترە لـە گیـول.. نوخبـە پێی وایە گیول پیاوێکی قسەنەرمە، ئەردۆگان پیاوێکی زبرە. بـەڵام لەوەدا هەڵەن کە گیول زیاتر عەقائیدییە، بەڵام ئەردۆگان زیاتر گرنگی بە خواستەکانی واقیعی سیاسی دەدا"[1].

گیول لەگـەڵ پرۆسـەی دیموکراتییە و پاڵپشتیی ئـەوە دەکـا پەرلەمان ڕۆڵێکی گەورەتری لە داڕشتنی سیاسـەتی دەرەوەدا هەبێ، لە کاتێکدا ئەردۆگان دەیەوێ خۆی بەڕێوەی ببـات. ئـەم ستایلە لـە سیاسـەت یارمـەتیی دەرکـەوتنی دیدێکی نـوێی بـۆ سیاسـەتـی دەرەوە نـەداوە. بـە هـەرحـاڵ، گیـول نایـەوێ

[1]Ilene R. Prusher, “New Turkish Leader Lifts US Hopes,” The Christian Science Monitor,
March 10, 2003.

سەرکێشی بکا و حەز دەکا هەر بڕیارێک دوابخا یان خۆی لێ لابدا ئەگەر شیمانەی ئەوە هەبوو سەرکێشییەکی تێبکەوێ. ئەردۆگان حەز دەکا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی واقیع ببێتەوە و بەرپرسیارێتیی تەواوی دەرەنجامەکانیش دەگرێتە ئەستۆ، بۆ نموونە گیول بەرپرسیارێتیی جووڵەکەی یەکی ئاداری نەگرتە ئەستۆ، لەو ڕووەوە ئەردۆگان بەرەو جێگرتنەوەی دەچوو. گیول وای بە چاک زانی بڕیاری چوونی تورکیا بۆ ناو شەڕی عێراق بە دیدی ئەردۆگان بێ، نەک دیدی ئەو.

ئەوانەی لە بزاڤی دیدگەی نیشتمانییەوە هاتبوون بەدەوری گیولدا کۆبوونەوە و باوەڕیان وا بوو تورکیا دەتوانێ خۆی لە تێوەگلان لە جەنگی عێراق لابدات، ئەویش بە هاوکارینەکردن لەگەڵ US. ئەگەرچی بژارەی "نا-جەنگ" قەت نەدەچووە، هاوەڵانی گیول هەوڵیان دا باوەڕ بە خەڵک بێنن کە جەنگ بەبێ تورکیا ڕوو نادات. هەوڵی جیددیی دا بۆ ڕێگرتن لە جەنگ لەڕێی هاندانی وڵاتانی ناوچەکە و یەکێتیی ئەورووپا بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام سەرەنجام سیاسەتەکەی شکستی هێنا لەبەر ئەوەی US نەیدەیوست ئەو سەربکەوێ و خۆی بۆ پەلاماردانی عێراق ئامادە کردبوو. زیاد لەوەیش ڕۆشنبیران و داڕێژەرانی ڕای گشتیی ئاکەپە لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە شرۆڤەیان بۆ سیاسەتی ئەمەریکا دەکرد و داوایان لە حکومەت دەکرد شوێن بەرژەوەندیی کورتمەودا نەکەوێ، بەڵکو لەباتی ئەوە بەپێی پرنسیپەکانی هاوکاریی ئیسلامی بجووڵێتەوە.

دابەشبوونە ناوخۆییەکانی حزبەکە ڕۆڵێکی یەلاکەرەوەیان بینی لە پرۆسەی دەنگدانەکەدا، کە زۆربەی پەرلەمانتارە ئیسلامی و کوردەکان لە دژی جووڵەکە دەنگیان دا.

## سیاسەتی پێچەوانەی بەردەوام

بە ڕەفزکردنی جووڵەکەی یەکی ئاداری ۲۰۰۳، تورکیا حەزمەی ٦ ملیار دۆلاری قەرەبووی جەنگ، هەروەها ٢٤ ملیار دۆلار قەرزی هەرزان و درێژخایەنی لەدەست دا کە US دەیکرد بەسەر حکومەتدا وەک دەستخۆشانە بۆ ڕێگەپێدانی بە بەکارهێنانی خاکی تورکیا بۆ پەلاماردانی عێراق. دەستخۆشانە داراییەکە گرنگ بوو و تێچوونە گەورەکەی جەنگی کەنداوی لە ۱۹۹۱دا وەبیری بڕیاربەدەستانی تورکیا هێنایەوە. بە هەرحاڵ حکومەتە نوێ و بێئەزموونەکە لە سایەی هەلومەرجێکی تەواو ئاڵۆزدا کاری دەکرد: نەیاریی گشتیی بەربڵاوی جەماوەری لە تورکیا لە دژی بەرپاکردنی جەنگ لە عێراق، ڕاڕایی سوپا، دڵنیانەبوون لەوەی بڕیاری دووەمی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە سەرپشککردن بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لە عێراق، تێدەپەڕێ یان نا.

لەوانە هەموو گرنگتر، ڕەتکردنەوەی جووڵەکە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا-تورکیای بۆ نزمترین ئاست لەپاش گەمارۆی چەک لەسەر تورکیا لە ۱۹۷٤دا دابەزاند. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر هەمان ڕووداو وێنەی تورکیای هەم لە جیهانی ئیسلامی و هەم لە ئەورووپا گۆڕی. هەڵوێستی تورکیا لە شەڕەکە وێنەی گشتی و متمانەی حکومەتی لە پایتەختەکانی وڵاتانی عەرەبی باشتر کرد. جگە لەوە، بە خۆدوورگرتن لە جەنگە خوێناوییەکەی عێراق و تێوەنەگلان لە ململانێی نێوان هێزە کوردییەکانی عێراق، تورکیا هەڵوێستی خۆی لە عێراقیش باشتر کرد.

سیاسەتی "نا-شەڕ"ی تورکیا قورساییەکی ئیجابیی خستە سەر پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا. ئەو

ڕاستییەی، سەرباری هەڵەکانی پێشووی، حکومەتی تورکی بڕیارێکی سەربەخۆ و دیموکراتییانەی لەبارەی جەنگەوەدا، لە کاتێکدا لە هەمان کاتدا لە باکووری عێراق ددانی بەخۆیدا گرت، پەیامێکی پۆزەتیڤی نارد، بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی ئەورووپای خۆرئاوا کە لە ڕووی مێژووییەوە لە بەئەندامبوونی تورکیا لە EU بەگومانن، بەڵام هاوکات دژی جەنگ لە عێراقیش بوون.

گەورەترین دەرەنجامی دەنگدانەکەی یەکی ئادار لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیا ئەوە بوو US ناچار بوو خۆی بکاتە هاوپەیمانی میلیشیا کوردییەکانی عێراق. کوردەکان پێشوازییان لە هێزەکانی ئەمەریکی کرد و هەموو جۆرە پاڵپشتییەکی لۆجیستیان لەناو، هەروەها لە دەوروبەری ناوچە سوننییەکان بۆ دەستەبەر کرد. زیاد لەوە، هەندێ بەرپرسی ئەمەریکی دەستیان کردووە بە قبوڵکردنی دیاریی چەور لە سەرکردایەتیی کوردی لە عێراق، کە ململانێیەکی گەورەی بەرژەوەندی لای هێزەکانی ئەمەریکی دروست کردووە. لەباتی ئەوەی داوا بکا سەرکردەی کورد مەسعود بارزانی سەفەر بکا بۆ بەغدا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی حوکمی کاتی، پۆل بریمەر بە خۆشحاڵییەوە فڕی بۆ بارەگای بارزانی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین و وەک "حاکمی عەسکەریی عێراق" مامەڵەی لەگەڵ کرا.

زۆر لە سەرکردە شیعە و تورکمان و سوننەکان هەستیان بە ناڕەحەتی کرد و دەپرسن ئاخۆ ئامانجەکانی ئەمەریکا لە عێراق پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییشی لەخۆ گرتووە.

فاکتەرێکی تر کە بووە مایەی خراپترکردنی پەیوەندییەکان نەبوونی هیچ جۆرە تێگەیشتنێکە لە تورکیا لە سەنتەری

فەرماندەی ناوەندیی ئەمەریکی Central Command Center (CENTCOM) لە پەیوەندی بە ئۆپەراسیۆنی عێراق. پەیوەندییە سەربازییەکانی تورکیا- US هەمیشە لەڕێی فەرماندەیی ئەورووپی (فەرماندەیی ئەورووپی ئەمەریکی) European Command (EUCOM)ەوە ڕێک خراوە و بەرپرسانی CENTCOM وەک هەر دەوڵەتێکی تری عەرەبی کە هیچ ئەزموونێکی دیموکراسی نەبێ مامەڵە لەگەڵ تورکیا دەکەن.

پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا بە شێوەیەکی جیددی گرژ بوون کاتێ لە ٤ی تەمموزی ٢٠٠٣ هێزەکانی ئەمەریکا لە سلێمانی بە ڕەزامەندیی بریمەر یەکەیەکی تایبەتی تورکییان دەستگیر کرد. تورکیا لە ١٩٩٤ەوە هێزی سەربازی لە عێراق جێگیر کردووە، بە پشتبەستن بە میلیشیا کوردییەکان کە هەمیشە ویستوویانە هێزە تورکییەکان ناوچەکە بەجێبێڵن، سوپای ئەمەریکی هەڵوێستێکی دەستدرێژکارانەی لە دژی یەکەکەی سوپای تورکیا وەرگرت بە کەلەپچەکردن و سەرداپۆشینی سەربازانی تورکی. یەکەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە بەغدا گیرا، پاساوی بەرپرسانی ئەمەریکی بۆ ئەو کارە ئەوەبوو گوایە یەکە تورکییەکە بایی زیاتر لە ١٠٠ هەزار دۆلار کەرەستەی سێرەگرتنی پێ بووە، لەگەڵ پازدە کیلۆگرام ماددەی تەقەمەنیی پلاستیکی و نەخشەی شاری کەرکووک کە ڕوونی دەکاتەوە پارێزگاری شارەکە لە کوێ دەژی و دیارە باوەڕیان وایە یەکە تورکییەکە لە هەوڵدا بووە پارێزگار تیرۆر بکا. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەرلەبەری ئەو ئیدیعایانەی ڕەت کردەوە.

بە هەرحاڵ، هیچ ڕووداوێک هێندەی ئەو ڕووداوە پەیوەندییەکانی تێک نەدا، کە ڕای گشتیی تورکی لە دژی داگیرکردنی ئەمەریکا بۆ عێراق گۆڕی. بەکارهێنانی چڕی هێز لە دژی کەمینەی تورکمانی لە تەلەعفەر، هەڵوێستی ئەمەریکای لەناو تورکیا زیاتر لاواز کرد و وردەوردە بەدگومانی بەسەر پەیوەندییەکاندا زاڵ دەبوو.

لێرەوە بڕیارەکەی یەکی ئاداری ۲۰۰۳ لەبەر چەند هۆیەک گرنگ بوو: ڕۆڵی پەرلەمانی لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەدا دەرخست، هێشتنەوەی ئاراستەی مەبدەئییانەی وڵات بۆ مانەوە لە دەرەوەی ئەو جەنگەکە بە چاوپۆشین لە بەڵێنەکانی US، دامەزراوەکانی دەوڵەتی تورکی لە دەرەنجامی جەنگەکە زۆر بەگومان و بە بڕیارەکەی پەرلەمان خۆشحاڵ بوون[١]. لەگەڵ ئەوەیشدا گرووپێک کە دەوری سەرۆکوەزیرانیان دابوو، بڕیارەکەی پەرلەمانیان بە خۆدوورگرتن لە جەنگەکە بە "هەڵەیەک" دەبینی و هەوڵیان دا ڕاستی بکەنەوە[٢]. بەرچاوترین هەنگاو لە لایەن ئەم تاقمە پرۆ-جەنگەوە بریتی بوو لە بڕیارەکەی پەرلەمان لە ئۆکتۆبەری ۲۰۰۳دا بۆ ناردنی ۱۰ هەزار سەربازی تورکی بۆ عێراق بۆ پاڵپشتیکردنی کۆششە جەنگییەکانی US. ئەمجارەیان ۳۵۸ بەرانبەر ۱۸۳ دەنگیان بە بڵاوکردنەوەکە دا. لەژێر فشاری کوردەکاندا ئەنجوومەنی حوکمی عێراق ڕایگەیاند کە سەربازانی تورکی ناوێ. کوردەکان ئۆفەر (عەرز)ـەکەیان ڕەت

---

[1]General Özkök’s statement, Milliyet, August 26, 2004.

[2]50 Recep Tayyip Erdoğan, “My Country is Your Faithful Ally and Friend,” The Wall Street . Journal, March 31, 2003.

کردەوە و فشاریان خستە سەر US تا ڕێگە نەدات سوپای تورکیا بێتە ناو عێراق.

پاش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق، ئەردۆگان ئەنجامەکانی بە نایاسایی وەسف کرد و کۆمەڵێ پرسی لەبارەی ئایندەی عێراق ورووژاند. بەڵام پاش کاردانەوەی واشنتۆن حکومەت وردەوردە بە ئاڕاستەی ویستی واشنتۆن هەڵوێستی گۆڕی. تورکیا بەرگریی عێراقی بە بزوتنەوەیەکی "تیرۆریستی" لەقەڵەم دا و کۆنفرانسێکی بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە لە ئیستەنبوول ساز کرد، بۆ پاڵپشتیکردنی حکومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم جەعفەری، هەروەها ئەردۆگان سەردانی ئیسرائیلی کرد[١].

هەموو ئەمانە بێسیاسەتیی ئاکەپە و هاوسەنگیڕاگرتنێکی بەردەوام لەنێوان US و هێزە ناوخۆییەکان پیشان دەدەن. ساڵی ٢٠٠٤ پەیوەندییەکان لەگەڵ واشنتۆن تێکچوونەوە کاتێ سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی تورکیا کردەوەکانی USی لە فەلوجە بە "جینۆساید" وەسف کرد. ئەردۆگان یاخیبوانی عێراقی بە "شەهید" لەقەڵەم دا و هەندێ ئەندامی پارتەکەی هێرشەکانی ئەمەریکایان لە شارە جیاوازەکانی عێراق بە بیرخەرەوەی "هێرشی مەغۆلەکانی لە ساڵی ١٢٥٨دا" ناوبرد. نەرێنیترین ڕاپۆرت لەبارەی US لە ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق" بڵاو بووەوە، کە ڕۆژنامەی جێپەسەندی ئەردۆگانە و بەپێی هەندێ ڕاپۆرت بەشێکی خۆی خاوەنیەتی.

---

[1] سەرۆکوەزیرانی عێراق ئیبراهیم جەعفەری یەکەم سەردانی ڕەسمیی خۆی بۆ تورکیا ئەنجام دا. ئەو و وەزیرانی دارایی و پیشەسازی و نەوت و کارەبا و ئاو گفتوگۆی دووقۆڵییان لەگەڵ هاوتا تورکییەکانیان لە ١٩ی ئایاری ٢٠٠٥دا ئەنجام دا.

پاش چەند مانگێک دوودڵی، لە ئایاری ٢٠٠٥دا تورکیا لەڕووی مەبدەئییەوە ڕازی بوو کە ڕێگە بە بەکارهێنانی فراوانی بنکەی ستراتیژیی ئاسمانیی ئینجەرلیک بدا وەک ناوەندێکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی کاڵا نابکوژەکان بۆ عێراق و ئەفغانستان. تورکیا پێویستی بە US هەیە، لەبەر ئەوەی ئابووریی تورکیا تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە قەرزی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی IMF و بانکی نێودەوڵەتی دەبەستێ. جگە لەوە، تورکیا پێویستی بە پاڵپشتیی US هەیە بۆ ا- پرۆژەی بۆرییەکانی یورۆسیان (ئەورووپی-ئاسیایی ). ب- لە چارەسەری کێشەی قوبرس، ج- وەک هاوپەیمانێک ئەگەر پرۆسەی بوونەئەندامی تەواوی EU بەدی نەهات.

هەروەها ژمارەیەک ناوچەی جیاواز لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی US و تورکیادا هەیە. تورکیا و ئێران ناتوانن بەو شێوەیەی US دەیەوێ لە هاوکاریکردنی یەکتر بوەستن. تورکیا پاڵپشتی لە بەئەتۆمیبوونی ئێران ناکا، بەڵام پەیوەندیی ئابووریی بەهێزی لەگەڵ ئێران هەیە. ئێران سەرچاوەی سەرەکیی گازی سروشتی و شەریکێکی سەرەکیی بازرگانیی تورکیایە. زیاد لەوەیش، تورکیا و ئێران هەمان ئامانجیان هەیە لە ئیحتیواکردنی جیاخوازیی کوردی، هەروەها ئێران هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا ناکا بەو شێوەیەی هەندێ نەخشەی موحافیزەکاری نوێی ئەمەریکی و ئیسرائیلی لە ناوچەکەدا دەیکەن. نابێ US چاوەڕوانی هاوکاریی تەواو لە تورکیا بکا لە پاڵپشتیکردنی سیاسەتەکانیدا.

بە هەرحاڵ تورکیا دەتوانێ، هەروەها پێویستیشە لە بەلقان و قەوقاس لەگەڵ ئەمەریکا کار بکا.

## دەرەنجام

سەرباری گشت هەوڵەکانی تورکیا، ئەگەری بوونەئەندامی لە EU لە هەموو کات تاریکتر دیارە. تورکیا دانیشتوانێکی گەورەی هەیە بە کۆمەڵێ کێشەی ئابووریی گەورەوە. زۆر لە ئەوروپییەکان هەست بە نائاسوودەیی دەکەن لە بوونێکی بەهێزی ئیسلامی لە ئەورووپا و پاڵنانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەرەو سنوورەکانی سوریا و ئێران و عێراق. حکومەتی ئاکەپە سەبارەت بەم هەولانە چیتر هیچ دەسەلاتێکی نییە بۆ فۆرمەلەکردنی سیاسەتێک بۆ تورکیا. هەموو ئەوەی دەتوانێ بیکا ئەوەیە، پێوەرەکانی کۆپنهاگن پەیڕەو بکا.

حکومەت دەزانێ تا ئەو کاتەی تورکیا بەردەوام بێ لە تەقەدان، لە دەرگای EU پێویستە هەڵوێستەکەی برۆکسل قبوڵ بکات و چی لێ داوا بکرێ، بیکا. هەروەها حکومەت پێویست بزانێ کە دوور نییە برۆکسل لە هەر کاتێکدا کۆمەڵێ بڕیار بەسەر تورکیادا بسەپێنێ، وەک ددانانان بە جینۆسایدی ئەرمەنییەکاندا، تەنانەت با ئەمانە بە ڕاشکاوی لە لایەن ڕاپۆرتی لیژنەکەشەوە داواکراو نین. بە کورتی هەمان چەتری ئەمنیی دەرەکی لە دژی هێزە مەدەنی-سەربازییەکان کردەوەکانی ئاکەپە دیاری دەکەن.

کاتێ بابەت دێتە سەر پرسی ئەندامێتیی EU، حکومەت دەبێتە حکومەتێک بۆ "جێبەجێکردن"ی بڕیارەکانی برۆکسل، نەک حکومەتێک بۆ "دروستکردنی بڕیار" لەو ڕووەوە سەرجەم بڕیارە سەرەکییەکان لە لایەن برۆکسلەوە ساز

دەکرێن و ئەرکی ئەنکەرە ئەوەیە جێبەجێیان بکا. زیاد لەوەیش، بۆ پارێزگاریکردن لە پاڵپشتیی هاوپەیمانیی عەلمانیی نێوان بزنسمان و میدیا و سوپا، ئاکەپە پێویستە پابەند بە پرۆسەی EU بمێنێتەوە.

جگە لە گەشەی ئابووری و دیموکراتیزەکردنی زیاتر، کۆتایی جەنگی سارد مانای ئەوەی دەگەیاند کە تورکیا بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد، بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی سەربەخۆ لە US دیاری کردووە. لە ئەنجامدا، بەرژەوەندیی نیشتمانیی هەردوو لا، بەتایبەت لە پەیوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە شێوەیەکی ڕوولەزیاد جیاواز بووە. چیتر لە پەیوەندیی نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا هەستێکی هاوبەش بە هەڕەشە یان بەرژەوەندیی هاوبەشی سەرتاسەری، نەماوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان کە هێشتا بەسەر سیستەمی جیهانیدا باڵادەستە، دەیەوێ بەبێ بەربەست دەستی بگاتە نەوت، لە گرووپە دژە ئەمەریکییەکان ڕزگاری بێ، پەرە بە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بدات و ڕێگە بە هیچ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدا کە بە ئاراستەی بوون بە هێزی باڵادەستی ناوچەیی پەرەبستێنن و گژبەری باڵادەستیی ئەمەریکا-یان ئیسرائیل لە ناوچەکەدا بکەن. بەم شێوەیە US دەیەوێ ناوچەکە جڵەو بکا، یان ئەگەر پێویستی کرد دابەشبوونەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێک بخاتەوە. ئەوەیش ڕاستەوخۆ لەڕێی هێزی پەتییەوە، یان ناڕاستەوخۆ لەڕێی پشتیوانیکردنی هاوپەیمان و بەکرێگیراوەکانی دەکا، یان گۆڕینی ڕژێم بەسەر دوژمنەکانیدا دەسەپێنێ.

لە ٢٠٠٣وە، پەیوەندییەکانی ئەمەریکا-تورکیا وردەوردە تێکچوون، ئەویش لەبەر پاڵپشتیی US بۆ حکومەتی هەرێمی

کوردی لە عێراق و ستراتیژی ئەمەریکی-ئیسرائیلی بۆ بەکارهێنانی کوردەکان بە پەکەکەیشەوە، لە دژی ئەو وڵاتە هەرێمییانەی بە شەڕخوازیان دەبینێ، وەک ئێران و سوریا. لێرەوە، باکووری عێراق بووەتە ناوچەیەکی پارێزراو بۆ پەکەکە، تا بە شێوەیەکی ئاسایی دزە بکاتە ناو تورکیا، کە حکومەتی تورکی و زۆر لە هاووڵاتییان بە کردەوەی تیرۆریستی دادەنێن. ئەگەری سەرەنجام سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی کوردی، یان کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی عێراقدا، دەبێتە مایەی پشێوییەکی گەورە بۆ تورکیا کە چەندین دەیەیە لەگەڵ خەونی کوردەکانی خۆی لە ململانێدایە.

پێناچێ ئاکەپە سیاسەتێکی ڕوونی لەبارەی عێراق یان US هەبێ، لەبەر ئەوەی لە سایەی سێبەری دەستتێوەردانە سەربازییە کەمالییەکاندا دەجووڵێتەوە. حاڵی حازر US وەک هێزێکی هاوسەنگکار لە دژی سوپای تورکی دەبینێ. بەم پێیە ململانێی ناوخۆی تورکیا لەسەر دەسەڵات لەنێوان دامەزراوەی سیکیولار و ئاکەپەدا، ڕاستەوخۆ پەلی بۆ سیاسەتی دەرەوەیش هاویشتووە.

ئەم بلۆکبەندییە ناوخۆییە لە تورکیا، هاوشێوەی وڵاتانی تری ئیسلامی، ڕێگرە لە فۆرمەلەکردنێکی یەکگرتوو و درێژخایەنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان لە ڕووی دەستتێوەردانە غەربییەکان لە ناوچەکەدا.

-٨-

# قەیرانی سیاسی و هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧

ئەم چاپتەرە لە هۆ سۆسیۆ-سیاسییەکان، ئەکتەرەکان، هەروەها بە رەنجامەکانی قەیرانە سیاسییەکەی نیسانی ٢٠٠٧ و کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنە نیشتمانییەکەی تورکیا لە تەمموزی ٢٠٠٧ دەکۆڵێتەوە. ئەکتەرەکانی ئەم قەیرانە بریتی بوون لە: سەرکردایەتیی ئاکەپە، سێکتەرێکی عەلمانیی توندی کۆمەڵگەی مەدەنی کە زنجیرەیەک "کۆبوونەوەی کۆمارییانە"ی ڕێک خست، دەسەڵاتی دادوەریی عەلمانی و پاسەوانانی سیستەمی کەمالی (واتە سوپا).

سێ هۆی گرنگ هەبوون بۆ ئەو شتەی دەکرێ بە "قەیرانی دەستەبژێر" وەسف بکرێ: ڕێکنەکەوتن لەسەر پرنسیپە دامەزرێنەرەکانی کۆمار، نیگەرانییەکانی سوپا، هەروەها ترسی سێکتەری عەلمانیی کۆمەڵگەی مەدەنی.

بۆ تێگەیشتن لە هۆکانی قەیرانەکە یەکەم شت لە ڕێکنەکەوتنی نێوان ئاکەپە و سێکتەری کەمالی لەسەر مانا و ڕۆڵی ئەو جۆرە پرنسیپە تەئسیسییانە دەکۆڵمەوە، وەک سیکیولاریزم و ناسیونالیزم لەڕێی هەڵوەستەکردن لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ٢٠٠٧. لە بەشی دووەمدا تیشک دەخەمە سەر جۆشدانی کۆمەڵگەی مەدەنیی عەلمانی لە نیسان و ئایاری ٢٠٠٧دا لەڕێی لێکۆڵینەوە لە داواکان و ناسنامەی بەشداران، هەروەها لە (یاداشت-ئی)یەکەی سوپاوە لە ٢٧ی

نیسانی ۲۰۰۷دا کە نزیکەی سەرجەم ئەو ڕەخنانەی لە کۆپییە کەمالییەکەی سیکیولارزم و ناسیونالیزم دەگیرێن، بە "دەنگی دوژمنکارانە"ی توندڕەویی ئایینی (ئیرتیقا) یان ئەتنۆ-ناسیونالیزمی کوردی "جوداخواز" لەقەڵەم دا، گرنگە ڕۆڵی خواستەکانی ناسنامەی کوردی و "فراوانبوون"ی بزوتنەوەی گیولەن شی بکەینەوە تا لە دەستتێوەردانی سوپا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تێبگەین.

دواین بەشی چاپتەرەکە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی ۲۰۰۷ شی دەکاتەوە. ترس و نیگەرانییەکانی کەمالیستەکان بەرهەمی تێڕوانینیانە بۆ سیکیولاریزم و ناسیونالیزم وەک پرنسیپە بنچینەییەکانی کۆماری تورکیا. قەیرانەکە لە کۆتایی ویلایەتە حەوت ساڵییەکەی سەرۆک ئەحمەد نەجدەت سیزار لە نیسانی ۲۰۰۷دا سەری هەڵدا. لە دیدی دامەزراوەی کەمالیدا، سیزەر لە پرۆسەی بەرهەڵستیکردنی ئیسلامیزەکردنی دەوڵەتدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە، لە کاتێکدا سەرکردایەتیی ئاکەپە سیزەری بە لەمپەری سەرەکی لە بەردەم دامەزراندنی بیرۆکراتە سەرەکییەکان، بە لامەرکەزیکردنی دەسەڵات و لیبراڵیزەکردنی سیستەمەکەدا دادەنا. زۆر لە کەمالییەکان لەوە دەترسان کاندیدکردنی عەبدوڵڵا گیول بۆ سەرۆکایەتیی وڵات دەبێتە مایەی ئیسلامیزەکردنی دەوڵەت لەڕێی دامەزراندنی بیرۆکراتە مەیلە ئیسلامییەکان لە پۆستە باڵاکانی دەوڵەتدا.

جگە لە ترسی ئیسلامیزەکردنی دەوڵەت، گرنگترین نیگەرانی پەرەسەندنەکانی پرسی کورد بوو. سوپای تورکیا لە پەرەسەندنە شیمانەکراوەکان دەترسا، وەک سەرهەڵدانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی (کوردستان) لە کۆتاییدا، کە دەشێ ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوتی کەرکووکیش بگرێتەوە.

سوپای تورکیا دەترسا لەوەی ئەم پەرەسەندنە مومکینە یەکێتیی نیشتمانی و یەکپارچەیی خاکی تورکیا بخاتە مەترسییەوە. سوپا پێی وا بوو حکومەتی ئاکەپە، یان ئەوەتا دەرک بەو هەڕەشە دوورمەودایە ناکا، یان دەیەوێ پرسی کورد لەڕێی گۆڕینی ڕژێم (دەوڵەتی نەتەوەیی)یەوە لە تورکیا چارەسەر بکا.

سوپا هەروەها دەترسا لە لەدەستدانی ئەو سەربەخۆییەی لە دەسەڵاتدا هەیەتی بەسەر دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە و بودجەکەیدا، هەروەها دزەتێکرانی لە لایەن دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییەکان لەڕێی پێوەرەکانی کۆپنهاگنەوە، کە بۆ بوونەئەندام لە EU پێویستن. جگە لەوە، سوپا هەروەها لەو هەوڵانە بەئاگا بوو کە بۆ سنووردارکردنی ئەو ئیمتیازاتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە دەدران، کە ئەندامەکانی بۆ چەندین دەیە لێیان سوودمەند بوون. لەگەڵ دامەزراندنی یەشار بویوکانیت وەک سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتی لە ٢٠٠٦دا، سوپا لە پارێزگاریکردنی لە ئیمتیازات و ڕۆڵی سیاسیی خۆی توندگیرتر بوو.

لە کۆتاییدا، سەربەخۆیی و بەهێزبوونی هەندێ گرووپی ئیسلامی، بەتایبەت کۆمەڵی فەتحولا گیولەن، لەنێو بیرۆکراسی و بزنسدا، سەرچاوەیەکی تری ترس و نیگەرانی بوو لەنێو عەلمانییەکاندا[1].

[1] جەماعەتی گیولەن پەیڕەوی لە سیاسەتی ڕاکێشانی زانا و سیاسییەکان دەکا لەڕێی سازکردنی کۆنفرانسی "ئەکادیمی" لە وڵاتانی جۆراوجۆر، هەروەها "گەشت" بۆ وڵاتان ڕێک دەخا بە مەبەستی "کڕین"ی ئەو زانا یاخود سیاسییانە. دواین دوو کۆنفرانسی لەو جۆرە لە ئەریزۆنا و لەندەن

## ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی

بە ڕاوێژێکی کەم لەناو یان دەرەوەی پارتەکەی، لە بەهاری ٢٠٠٧دا سەرۆکوەزیران ئەردۆگان گیولی کاندید کرد تا ببێتە سەرۆکی داهاتووی وڵات (ئەوکاتە وەزیری دەرەوە بوو)، ئەمە بیستوچوار سەعات بەر لەوەی لە پەرلەمان دەنگدان بکرێ، ڕووی دا. عەلمانییەکان، ژەنراڵەکان، زۆر لە زانکۆ و دادگەکان کران بۆ ڕاگرتنی پرۆسەکە کەوتنە خۆ. کاتێ پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکان (پارتی ڕێگەی ڕاستی محەمەد ئاگار DYP، پارتی نیشتمانی دایکی ئەرکان مومجو ANAP) و پارتی ئۆپۆزۆسیۆنی چەپ (پارتی گەلی کۆماری CHPی دەنیز بایکال، بایکۆتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکیان لە ٢٦ی نیساندا کرد، ژەنراڵەکان لە ٢٧ی نیساندا لێدوانێکی بەهێزیان لە وێبسایتی ڕەسمیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بڵاو کردەوە، کە تێیدا هەڕەشەی ئەوەیان کرد لەپێناو پاراستنی سروشتی عەلمانییانەی کۆماردا ئەگەر پێویست بکا حکومەت دەڕوخێنن:

ئەو کێشەیەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا سەری هەڵداوە، تەرکیزی کردووەتە سەر ئەو جەدەلەی لەبارەی سیکیولاریزم لەئارادایە. هێزە چەکدارەکانی تورکیا سوورن لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکی یاسایی خۆیان لە پاراستنی خەسڵەتە نەگۆڕەکانی کۆماری تورکیا. تێبینی کراوە هەندێ ناوەند هەوڵی نەپساوە دەدەن بۆ لەقاندنی بەها بنچینەییەکانی کۆماری تورکیا، بەتایبەت سیکیولارزم و لەم دواییەدا هەوڵەکانیان چڕتر کردووەتەوە. لەو چالاکییانە

---

کران بە مەبەستی ڕەواجدان بە جەماعەتی گیولەن. جگە لەوەیش گرووپەکە پاداشتی چەور دەداتە بەشداران.

داواکردنی سەرلەنوێ دیاریکردنەوەی بەها بنچینەییەکانی کۆمارەکە و هەوڵدانە بۆ ڕێکخستنی ئاهەنگی بەدیل لەباتی فێستیڤاڵە نەتەوەییەکانمان کە هێمان بۆ یەکێتی و تۆکمەیی نەتەوەکەمان. ئەوانەی ئەو جۆرە چالاکییانە ئەنجام دەدەن، کە گژبەری (تەحەدایەکی بێپەردەیە لە دژی دەوڵەت، سڵ ناکەنەوە لە قۆستنەوەی هەستی پیرۆزی ئایینیی گەلەکەمان، هەروەها هەوڵ دەدەن ئامانجە ڕاستەقینەکانیان لەژێر پەردەی ئاییندا بشارنەوە... ئەوانەی دژی تێگەیشتنی سەرکردەی مەزن مستەفا کەمالن کە دەڵێ "چەند بەختەوەرە ئەو کەسەی دەڵێ: من تورکم" دوژمنی کۆماری تورکیان و هەر بەو شێوەیەیش دەمێننەوە. هێزە چەکدارەکانی تورکیا سوورن لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکی یاسایی خۆیان لە پاراستنی خەسڵەتە نەگۆڕەکانی کۆماری تورکیا. ئەم سووربوونەیان ڕەهایە.

ئەم لێدوانە مشتومڕێکی سیاسیی گەورەی دروست کرد و کۆمەڵگەی تورکی لەنێوان دوو جەمسەری سوپا و هەوادارانی AKPدا دابەش کرد. حزبی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن لە ٢٨ی نیساندا یەکەمین دەنگدانی بردە دادگەی دەستووری. دادگەی دەستووری لەژێر کاریگەریی لێدوانەکەی ٢٧ی نیسانی سوپا و کۆبوونەوەی جەماوەریی بەرفراوان لە ئەنکەرە و ئیستەنبوول، دەنگدانەکەی پەرلەمانی بۆ گیول هەڵوەشاندەوە، ئەویش لەسەر ئەو بنەما تەکنیکییەی کە زۆرینەی دوو لەسەر سێی پێویست بۆ تەواوبوونی نیسابی یاسایی تێدا نەبووە. پێشینەیەکی ڕاستەقینە نەبوو بۆ ئەوەی زۆرینەی سێ لەسەر چواری پەرلەمانتاران لەناو پەرلەمان بن.

ئەردۆگان بڕیارەکەی دادگەی بە "لێدانی فیشەکێک لەسەر دڵی دیموکراسی" ناوبرد.

لە بەردەم ئەم جۆرە بەرهەڵستییەدا، گیول کاندیدکردنی خۆی کێشایەوە و ئەردۆگان داوای هەڵبژاردنی پێشوەختی کرد و پێشنیاری ژمارەیەک گۆڕانی دەستووریی کرد کە مەبەست زەمینەسازی بوو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک لەڕێی دەنگدانی ڕاستەوخۆی جەماوەرییەوە. ئەم گۆڕانانە قەیرانی سیاسیی تورکیایان قووڵتر کردەوە و ئەگەری ئەوە هەبوو زنجیرەیەک قەیرانی دەستووری پاش هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٧ بهێننە کایەوە.

لە سایەی ئەو گۆڕانە دەستوورییە پێشنیارکراوانەدا، سەرکۆمارەکانی ئایندە بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێدردرێن کە قابیل بە نوێکردنەوەیە بۆ پێنج ساڵی تر. ئەوەیش گۆڕانێکە لەوەی ئێستا کە ماوەی ویلایەت حەوت ساڵە. پرۆژە پێشنیارەکە، هەروەها ماوەی خولێکی پەرلەمانی بۆ چوار ساڵ و نیسابیشی لە ٣٦٧ەوە بۆ ١٨٤ کەم کردەوە. پەرلەمان گۆڕانکارییە دەستوورییەکانی تێپەڕاند، بەڵام سەرۆک سیزەر لە ٢٥ی ئایاری ٢٠٠٧دا لەبەر چەند هۆیەک پاکێجەکەی ڤیتۆ کرد. کاتێ پەرلەمان بۆ جاری دووەم دەنگی لەسەر پاکێجەکە دایەوە، سەرۆک سیزەر بڕیاری دا هەموارکردنە دەستوورییەکە کە سەرۆک لە دەنگدانی گشتیی ڕاستەوخۆدا هەڵبژێردرێ، بخاتە ڕیفراندۆمەوە، هەروەها داوای لە دادگەی دەستووری کرد یاساکە هەڵبوەشێنێتەوە.

لەم کاتەدا لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا CHP داوایەکی بۆ دادگەی دەستووری بەرزکردەوە و داوای کرد پاکێجی چاکسازییەکە هەڵبوەشێنێتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی پەرلەمان پەیڕەوی ناوخۆی پێشێل دەکا. دادگە لە دژی داواکەی CHP

و سیزەر بڕیاری دا و ڕێگەی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم والا کرد، کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا بەڕێوە چوو[1].

پاڵنەری سەرەکیی پشت قەیرانەکە دژایەتیی دامەزراوەی کەمالی بوو بۆ شێوازی ئاکەپە و ئەردۆگان لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا. ئەردۆگانیان تۆمەتبار دەکرد بە تێکەڵکردنی فراکسیۆنە پەرلەمانییەکەی ئاکەپە لەگەڵ سروشتی هاوکاریخوازانەی کۆمەڵگەی تورکی، هەستیان دەکرد ئاکەپە هەوڵی نەداوە "پرد"ی نوێ بۆ سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بێنێتە کایە، بەڵکو زیاتر کار لەسەر سروشتی "پێکەوەبەستن"ی سیاسەتێکی تائیفییانە دەکا، بە بازنەیەکی سنووردار لە ڕاوێژکارانەوە.

---

[1] ڕیفراندۆمەکە لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا بەڕێوە چوو و زۆرینە دەنگیان پێ دا. گفتوگۆیەکی زیرەکانی گشتی لەبارەی کاریگەرییە دوورمەوداکانی ڕیفراندۆمەکە نەبوو و هیچ ناوەڕۆکێکی دیموکراسییانەی نەبوو. هەڵبژاردن سەرۆک بە دەنگدانی جەماوەری بە زەوورەرت دیموکراسی زیاتر ناهێنێ، بەڵکو زیاتر ئەگەری سەرهەڵدانی ڕژێمێکی سەرکوتکەرانەتری لێ دەکرێ. تورکیا جیاواز لە ئەمەریکا و فەرەنسا سیستمێکی پەرلەمانیی هەیە و سەرۆکوەزیران سەرۆکی حکومەتە هەڵبژێردراوەکەیە، لە کاتێکدا سەرۆک "سەرۆکی دەوڵەت" و "پاسەوان"ی دەستوورە. هەڵبژاردنی سەرۆک لە لایەن خەڵکەوە قورسایی سیاسیی پۆستەکە زیاتر دەکا و سەرۆک دەتوانێ شەرعییەتی دیموکراتیی زیاتر لە حکومەت بۆ خۆی ئیددیعا بکات. سەرۆک دەتوانێ ئیدیعای ئەوە بکا کە نوێنەرایەتیی "تەواوی نەتەوە" دەکا، بە پێچەوانەی حکومەت کە لە حزبە سیاسییەکان پێک دێ. لە نموونەی ترەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە سەرۆکی هەڵبژێردراو لە سەرۆکەکانی پێش خۆی بەهێزتر دەبێ. جگە لەوە، لە حاڵەتی تورکیادا پۆستی سەرۆکایەتی دامەزراوەی کەمالی بەسەریدا زاڵە وەک دژە قورساییەک لە بەرانبەر ئیغرائاتە باوەکانی حکومەت.

بەکورتی، گرووپە عەلمانییە توندەکان، بەتایبەت کەمینەی عەلەوی، هەستیان بە مەترسی دەکرد لە پرۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسییە ئاشکراکان. حکومەت خۆی لە سیاسەتێکی گشتی بۆ دروستکردنی هەستی ئینتیما و پێکەوەژیان لەنێو گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا نەبان کرد. هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بوو بە ئامرازێک بۆ جۆشدانی جەماوەری هەم لەسەر ئاستی دەستەبژێر و هەم لەسەر ئاستی میللی.

ڕەنگە ئەردۆگان لە کاندیدکردنی وەزیری دەرەوەی، واتە گیول، بۆ سەرۆکایەتی، کە لە بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانیی ئەربەکانەوە هاتووە، زیاد پەلی ڕاکێشابێ. ئەو گوێی بە بەرهەڵستیی سیکیولاریست/کەمالیستەکان و گرنگیی سەرۆکایەتی بۆ دامەزراوەی کەمالی و ئەرکی ئەو لە پارێزگاریکردن لە "پیوریتیی ڕژێمەکە" نەدا.

بە لای دامەزراوەی عەلمانی و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، حزبی دەسەڵاتدار ڕێگەی پێ دراوە ڕیشەی ئیسلامی هەبێ، وەک حاڵەتی حکومەتەکەی ئاکەپە، هەروەها لەژێر چاودێریی سەرۆک و سوپادا حوکمڕانی بکا. بە هەرحاڵ، بە لای کەمالیستەکانەوە، سەرۆکایەتی تەنها "ماڵەکەی ئەتاتورک" نییە، بەڵکو پارێزەری یەکلاکەرەوەی ڤێرژنەکەی ئەوانە بۆ خەسڵەتی عەلمانییانەی دەوڵەتی تورکی. هەوڵدانی ئەردۆگان بۆ کاندیکردنی گیول وەک سەرۆکی داهاتووی تورکیا بەبێ تەوافوقی کۆمەڵایەتی، سەری کێشا بۆ دەستتێوەردانێکی پلەبەپلەی سوپا لە سیاسەتدا بە مەبەستی ڕزگاربوون لە حکومەتی ئاکەپە.

سوپا، شانبەشانی قەزای عەلمانی و ئیدارەی زانکۆکان، لەبەر چەند هۆیەک بەرەنگاری بەسەرۆکبوونی گیول-یان

دەکرد. سەرۆک لە سیستەمی تورکیادا دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە لە بلۆککردنی یاساکان و دامەزراندنی بەرپرسانی باڵادا. سەرۆک دەسەڵاتی دامەزراندنی دادوەرانی دادگەی دەستووری و ئەندامانی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا و هەروەها سەرۆک زانکۆکان، دادوەرە باڵاکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی تورکیای هەیە. سەرۆک هاوکات فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دەکات و دەسەڵاتی هەیە باری نائاسایی و تەنانەت جەنگییش ڕابگەیەنێ ئەگەر پەرلەمان لە دانیشتندا نەبوو. وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، سەرۆک ڕۆڵێکی گرنگ لە پلەبەرزکردنەوەی ژەنراڵەکاندا دەگێڕێ، هەروەها دەتوانێ ئەو بەرپرسانە لابدات کە گژبەریی یەکێتیی ئایدیۆلۆژی (کەمالی) و هۆمۆجێنی سوپا بکەن. لە ماوەی ویلایەتی سەرۆک سیزەردا سوپا پەیوەندییەکی باشی کارکردنی لەگەڵ دامەزراوە سیاسییەکان دروست کردبوو.

سوپا ئەوەی بە لاوە باشترە کەسێکی هەبێ هیچ هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیی (ناکەمالییانە)ی نەبێ، بەڵکو زیاتر وابەستە بێ بە ڕۆحی کەمالییانەی سیکیولاریزم و بنیاتنانی نەتەوەوە. لە ١٢ی نیسانی ٢٠٠٧دا ژەنراڵ بویوکانیت بە کۆمەڵێ لە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند کە سوپا چاوەڕوانی سەرۆکێکی نوێی دەکرد، "کەسێک بێ بەڕاستی ڕێز لە پرنسیپەکانی کۆمارەکە بگرێ، نەک کەسێک بێ وا خۆی پیشان بدات کە وایە".

بە هۆی نیگەرانییەکانی سوپاوە، کە هەمان هەست لای سێکتەری سیکیولاریش هەبوو، ئەردۆگان دوودڵ بوو لە ئاشکراکردنی کاندیدی سەرۆکایەتی تا دواین سات. سوپا

حەزی لە کەسێکی وەک گیول نەبوو کە نەیاری کەمالیزم بووە و ڕیشەی لەنێو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیدا هەیە. لەبەر ئەوە هەوڵدانەکەی ئەردۆگان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرۆکایەتی وەک تێکدانی پێوەر و هاوسەنگییەکانی دەوڵەت و هەوڵێک بۆ گۆڕینی مۆرکە سیکیولارەکەی دەبینرا. لە کاردانەوەی ئەو هەوڵەدا، ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی نەیاری ئاکەپە چوونە پاڵ هێزەکان و چەندین کۆبوونەوەی جەماوەرییان لە ئەنکەرە و ئیستەنبوول و مانیسا و جاناکال، ئیزمیر و سامسون ڕێک خست کە بە کۆبوونەوەی کۆمارییانە "cumhuriyet mitingleri" ناسران. ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییانە کە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس دەبوون، هاوسەنگیی وردی نێوان سوپای کەمالی و حکومەتی ئاکەپە و سێکتەرە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا تێکشکاند.

### گردبوونەوە کۆمارییەکان

خۆپیشاندەران وروژابوون لەبەر ئەوەی باوەڕیان وا بوو: ١- هەڕەشەیەکی ئیسلامی هەیە بۆ سەر شێوەژیانی سیکیولاریان. ٢- حکومەتی ئاکەپە زۆر پرۆ-کوردییە و هەوڵ دەدا پرنسیپە تەئسیسییەکانی کۆمارەکە بگۆڕێ تا لەگەڵ داوا سیاسییەکانی کورددا بگونجێ، ٣- حکومەت دڵسۆز نییە بۆ ناسنامە و بەرژەوەندییەکانی تورکیا و بووەتە بووکەڵەیەک بە دەست هێزە جیهانییەکانەوە. بەکورتی، خۆپیشاندەران حکومەتی ئاکەپەیان بە "هەڕەشەیەکی وجوودی" بۆ میراتی کەمالی لە ستراکچەری دەوڵەتی نەتەوەیی. ئاپۆرا جەماوەرییەکان ڕەنگدانەوەی نەسازان بوو لەسەر ئەوەی چۆنچۆنی لەگەڵ "ئەکتەر و دەنگە نوێکان" لە کایە گشتییەکاندا

پێکەوە بژین. سیاسەتە ئابوورییە نیو-لیبراڵە پراگماتیکییەکانی ئۆزال لەگەڵ بزاڤی ئیسلامی بەرەی لەژێر پێی دیمەنە کۆمەڵایەتییە کۆنەکە و داینەمیکی چینەکان دەرکێشا و ڕووبەری دەرفەتی نوێی بۆ تاقمە پەراوێزخراوەکان دروست کرد. بۆرژوازیی ئەنادۆڵ ڕووبەرەکانی دەرفەتی ١٩٩٠ەکانی بەکارهێنا بۆ هێنانەناوەی بەرژەوەندییەکانی لە دژی هاوپەیمانیی چینایەتی بالادەستی نێوان بۆرژوازیی شارە گەورەکان (TÜSIAD) و دامەزراوەی عەلمانیی سوپا. لە ڕاستیدا پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ (TÜSIAD) هەڵوێستێکی ئەنتی-سوپای گرتەبەر و زیاتر جەختی لە "حوکمڕانیی باش و شەفافییەت" دەکرد بەسەر عەلمانییەتی سوپادا.

ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییە بووە مایەی گواستنەوەی سیاسیی دەسەڵات لە حزبە سیکیولارەکانەوە بۆ حزبە ئیسلامییەکان و ئاکەپەی ئیسلامیی میانڕەو. لەگەڵ ئەوەیشدا تەسەووری ئاکەپە بۆ سیاسەت هەر لە سنووری کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەسەڵاتدا مایەوە و چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بۆ وەگەڕخستنی سیاسەتە ئابوورییە نیۆ-لیبراڵەکان دەستەبەر کرد.

چوار گردبوونەوە جەماوەرییەکەی سەرەتای ٢٠٠٧ ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە جۆشدانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی تورکی. ئەگەرچی ئەو گردبوونەوانە سەرجەمیان لە لایەن بەرپرسە خانەنشینەکانی سوپا، کۆمەڵە نالیبراڵە کەمالییەکان و ڕێکخراوە سیکیولارەکانی ئافرەتانەوە ڕێک خرابوون، زۆربەی خۆپیشاندەران لە چینی ناوەڕاست بوون و وەڵامی ئەو هەڕەشانەیان دەدایەوە کە ڕووبەڕووی شێوەژیانیان بووبووەوە. ئەم چینی ناوەڕاستە کەمالیستە زۆر جیاوازە لە

چینی کلاسیکیی بارزگانان، که زیاتر موحافیزەکارن و وا باوە دەنگ بە حزبە ڕاستی ناوەڕاستەکان دەدەن[١].

چینی ناوەڕاستی کەمالی لە ئابووریی خزمەتگوزارییەوە پەیدا بوو، کە لە پارێزەرانی دەربایس، ئەندازیاران، پزیشکان و شارەزیانی کۆمپیوتەر و سێکتەرە ئابوورییەکانی بانکینگ و دڵنیایی، پێک دێ. ئەوانە جەخت لە تاکایەتی و خۆسەلماندنی کەسی دەکەن. هەروەها زیاتر جەخت لە ڕەسمیبوون و سەروەریی یاسا دەکەن تا سەروەریی ئەو تۆڕانەی سۆلیدارێتی کە لەسەر نەژاد، خێڵ یان ئایین دامەزراون. چینی ناوەڕاستی کەمالی هەست بە نائارامی دەکەن لە ئاڕاستەی وڵات لە سایەی پارتە ئیسلامییەکاندا –با پارتێکی میانڕەوی وەک ئاکەپەیش بێ[٢].

هەستکردنێکی بەهێز بە ترس لەنێو خۆپیشاندەران هەبوو کە شێوەژیانی مۆدێرنیان لەژێر هەڕەشەدایە. ئەوان بە شێوەیەکی تایبەت ئاماژەیان بۆ پێوەرە نوێکان بۆ پلەبەرزکردنەوە و جۆشدانی کۆمەڵایەتی دەکرد، بۆ نموونە ئایدن، مامۆستای قوتابخانە لە جینە Cine دەڵێ:

من بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ئامادەیی بووم، کاتێ AKP گەیشتە دەسەڵات منیان لە پۆستی بەڕێوەبەر لابرد و مامۆستایەکیان دانا کە تەنها ئەزموونی سێ مانگی هەیە لە وانەوتنەوەدا و پێشتر لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ئایینی

---

[1]Sencer Ayata, “Meydanlardakiler ‘yeni orta sınıf’tır,” Milliyet, May 21–22, 2007; Yavuz’s
email exchange with Professor Ayata on May 22, 2007.
[2]Gündüz Aktan, “Korkmazcanlar,” Radikal, April 24, 2007; Aktan, “Çıplak Gercekler,”
Radikal, May 1, 2007.

فەرمانبەر بووە. لە سایەی سیستەمە کۆنەکەدا بۆ ئەوەی ببیتە بەڕێوەبەر دەبوو بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەک مامۆستا کار بکەیت، دوو تاقیکردنەوە لەبارەی ڕێوشوێنی ئیداری ببڕیت، هەروەها بەشداری لە دوو کۆبوونەوەی ئاڕاستەکردنی هاوینانە بکەیت. ئاکەپە ئەم سیستەمە توندەی گۆڕی تا لە جێیان ستافی قوتابخانەکان بە کەسانی هەواداری خۆی و مەیلە ئیسلامی پڕ بکاتەوە.

ئەگەرچی ئەنجوومەنی دەوڵەت (Danıştay) لە دژی گۆڕینی ڕێوشوێنەکان بڕیاری دا، بەڵام حوسێن چەلیک وەزیری پەروەردە کە چەند وتارێکی لەبارەی بزوتنەوەی نوور نووسیوە، نزیکەی سەرجەم پۆستە ئیدارییەکانی بە شوێنکەوتوانی جەماعەتی گیولەن پڕ کردەوە.

ئەوان جەختیان لەسەر کاریگەرییە دوورمەوداکانی سیاسەتە موحافیزەکارانەکانی AKP دەکرد کە دەیانەوێ کۆمەڵگەی تورکی زیاتر ئەسلەمە بکەن. بەم شێوەیە هەستکردن بە نائارامی ئەو بەستەرە بوو کە خۆپیشاندەرانی یەک خستبوو. ئەوان تووڕە بوون لەوەی سیاسەتەکانی AKP لە هەمان کاتدا کۆمەڵگە و دەوڵەتیش دەگۆڕن.

لە ڕاستیدا ئەردۆگان شکستی هێنا لە پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان ناوەندی ئایینیی تورکیا و تورکە عەلمانییەکان و سیاسەتەکانی ئەو هەستەی لەنێو عەلمانییەکاندا قووڵ کردەوە کە ئەوان لەژێر گەمارۆی ئیسلامییەکاندان. ئەمە یەکەم جار بوو لە مێژووی تورکیادا کە هاووڵاتییانی ئاسایی و کۆمەڵگەی مەدەنی بەو ژمارەیە بڕژێنە سەر شەقام بۆ بەرگریکردن لە شێوەژیانی خۆیان و مۆرکی کەمالییانەی دەوڵەت و کۆمەڵگە. دروشمەکانیان بریتی بوون لەمانە: "تورکیا عەلمانییە و هەر بە

عـەلمـانییش دەمێنێتـەوە!"، "نـابێ سـەرپـۆش بـەنـاو کۆشـکی جانکایادا تێبپەڕێ!"، "ئێمە هەموو تورکین!"، "نە شەریعەت و نـە کودەتای سەربازی!"، "تـەماشـای ئێمـە بکـە! بژمێرە! ئێمـە لێرە ژمارەمان چەندە؟".

خۆپیـــشاندانەکـــە خـــەڵکێکـــی زۆری لـــە مـــۆدێرنترین و سیکیولارترین و غەربزەدەترین توێژەکانی وڵاتی تێدا بوو. لەگەڵ ئەوەشـدا کۆمـەڵێ دژیـەکی لـەنێو ئـەو خۆپیشاندانانەدا ڕەنگی دابـــووەوە. هـــەســـتێک هـــەبـــوو کـــە ئاکـــەپـــە EU بـــۆ ڕووبـەڕووبوونـەوەی دامـەزراوەی کـەمـالی بـەکـار دێنـێ. ئـەو ناسیونالیستە سیکیولارە تورکانە باوەڕیان وایـە EU، هـەروەهـا ویلایـەتـە یـەکگرتـووەکـان تـەنهـا لـە خـەمـی بـەرژەوەندییـە نیشتمانییەکانی خۆیاندان، نـەک سیکیولاریزم، یان مۆدێرنیتە لـە تورکیا. لـە کاتێکدا ئیدیعای ئـەوە دەکـەن لـەگـەڵ سـیکیولاریزم و لیبراڵیزمدان، کەچی بۆچوونی نالێبوردانە سەبارەت بە مافەکانی هاووڵاتییانی ئایینپەروەر دەردەبڕن و ناتوانن دەرک بە دژیـەکی بکەن لە بەرگریکردنیان لە ئازادییە شێوە غەربییەکان، لـە کاتێکدا بەرگری لە مافەکانی ئەفسەرانی هەڵنەبژێردراوی سوپا دەکەن بۆ دەستوەردان لە سیاسەتە مەدەنییەکان.

زیـاد لـەوەیش، خۆپیشاندەران بـاوەڕیـان وایـە US دەیـەوێ لەڕێی بەکارهێنانی حاڵەتی تورکیا وەک ئەزمـوون، پـەرەسـەندنی بزاڤی ئیسلامی ببینـێ، هـەروەهـا لـە دیدی ئـەو خۆپیشاندەرانـەدا حکومـەتـەکانی ئـەورووپا و ئـەمـەریکا باوەڕیـان وایە کـارکردن لەگەڵ AKP لە کارکردن لەگەڵ سێکتەرە عەلمانییەکانی کۆمەڵگە ئاسـانترە، لـەو ڕووەوە سـەرکردایـەتـی AKP بـۆ خۆپاراسـتن لـە "کودەتایەکی تری نەرم" لە لایەن دامەزراوەی کەمالییەوە پشت بە واشنتۆن و خۆرئاوا دەبەستێ.

## نیگەرانیەکانی سوپا: جیاخوازیی کورد و جەماعەتی گیولەن

لە قەیرانەکەی نیسانی ٢٠٠٧دا سوپا وەک "پارتێکی ئۆپۆزسیۆن" ڕەفتاری کرد. بۆ تێگەیشتن لە کاردانەوەی سوپا بەرانبەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، پێویستە لە ڕێکخستنە گرنگەکانی هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکۆڵینەوە. سوپا زۆر نیگەران بوو لە جیاخوازیی کورد و گژبەرییەکانی بزاڤە ئیسلامییەکان، بەتایبەت جەماعەتی گیولەن. زیاد لەوەیش، هەردوو چالاکوانانی کورد و ئیسلامی گوتاری مافەکانی مرۆڤی US هەروەها داگیرکردنی عێراقیان لە لایەن ئەمەریکاوە دەورووژاند بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پرنسیپە دامەزرێنەرەکانی کۆمارەکە. شیکردنەوەی ئەم چوارچێوە مەعریفییەی سوپا گرنگە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و ستراتیژەکانی لە دژی گژبەرییە کوردی و ئیسلامییەکان.

سوپا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە دامەزراندنی کۆمارەکە و پێکهێنانی ناسنامەی تورکیدا گێڕاوە[1]. ژەنراڵەکان وەک

[1] دژیەکییەک لەنێو سیستمی خوێندنی ئەفسەرانی سوپای تورکیدا هەیە. لە کاتێکدا وا فێر دەکرێن کە خۆیان لە سیاسەتی ڕۆژانە دوور بگرن... لە هەمان کاتدا داوایان لێ کراوە ببنە پاسەوانی بنەما دامەزرێنەکانی کۆمارەکە، کە مەبەست دەوڵەتی نەتەوەیی و سیستمی سیاسیی سیکیولارە، ئەگەر پێویستی کرد خۆیان لەپێناویاندا بکەنە قوربانی. لە خوێندنەکەیاندا دوو ڕووداو بە بەردەوامی بە گوێی قوتابدیانی لاودا دەدرێ. کاتێ کۆمەڵێ ئەفسەری ئایدیۆلۆژیی سوپا لەنێوان ١٩٠٨-١٩١٨دا حکومەتیان کۆنترۆڵ کرد، ئیمپراتۆرییەتەکەیان تێکشکاند و کۆتاییان بە دەوڵەتی عوسمانی هێنا، هەروەها مانەوەی تورکەکانیان وەک گرووپێک خستە مەترسییەوە. لەوکاتەی ئەو ئەفسەرانە ئیمپراتۆرییەتەکەیان بەرەو جەنگی جیهانیی یەکەم برد، کە بووە مایەی بەزینی وڵاتەکە و پارچەپارچەبوونی، سوپا متمانەی خۆی لەدەست داوە. یەکەمین شۆک لە جەنگی یەکەمی بەلقان بوو. جەمسەرگیرییەک لەناو فەرماندەکانی سوپادا لە بەرەی شەڕ بووە هۆی بێسەروبەری و پابەندنەبوونی

ئەفسەرە لاوەکان بە فەرمانەکانی فەرماندەکانەوە. سوپا بە خراپی شکا و بەلقان لەدەست چوو. ئەو ڕووداوانە بە بەردەوامی لە کۆلێجەکانی جەنگ لە تورکیا بەکارهێنراون بە مەبەستی دەرخستنی مەترسیی جەمسەرگیریی ئایدیۆلۆژی لەناو سوپادا، بەتایبەت شکاندنی پلەبەندیی سەرکردایەتی. ئەم ڕووداوانە بوونە نیشانەی هەمیشەیی لەسەر ناسنامەی دامەزراوەیی سوپاوە و تا سەرکەوتنەکانی مستەفا کەمال خۆی نەیتوانی بەسەریاندا زاڵ ببێ. ئەو تاکە کەس بوو هەیبەت و متمانەی بۆ سوپا گێڕایەوە. هەر بۆیە سوپای تورکی دەیەوێ "حزبە سیاسییەکان" لە دەرەوە بمێننەوە.
دووەم ڕووداو زنجیرەیەک یاخیبوونی بچووکی سەربازی بوون پاش ١٩٥٨ لە دژی حکومەتی DP. کودەتاکەی ١٩٦٠ لە لایەن ٣٧ ئەفسەری پلەنزمەوە کە خۆیان ناونابوو لیژنەی یەکێتیی نیشتمانی ئەنجام دراوە و بووە مایەی لەسێدارەدانی سەرۆکوەزیران و دوو وەزیری دیار. کودەتاکە هەروەها ئەفسەرە پلەبەرزەکانیشی ناچار کرد زوو خۆیان خانەنشین بکەن و ئەفسەرە گەورەکانیشی پاکسازی کرد. ئەمە کاتێک بوو پلەبەندیی سەرکردایەتی بە تەواوی پێشێل کرا. پاش کودەتاکە سوپا بە توندی بە دەوری ژەنراڵە چوارئەستێرەکاندا چەقی بەست و سەرۆکی ئەرکانی گشتی بوو بە بڕبڕەی پشتی سوپا. سیاسییەکان بەم بەمەرکەزیکردنە ڕازی بوون بۆ ئەوەی ڕێگە لە تێکچوونی پلەبەندیی سەرکردایەتی بگیرێ. ئەم بەخولگەکردنەی سەرۆکی ئەرکان سیاسییە مەدەنییەکانی لە بەرانبەر کودەتای ئەفسەرە لاوەکاندا پاراست. سەرۆکی ئەرکان بۆ ئەوەی پارێزگاری لە لابەندیی ئەفسەرە لاوەکان بکا، گوزارشتی لە نیگەرانییەکانیان دەکرد و ڕێگەی لە هەر لێدوانێک لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆی دەگرت. کاتێ بویوکانیت فەرماندەی کۆلێژی جەنگ بوو لە ئەنکەرە (Okulu Kara Harp) لە ٢٦ی نیسانی ١٩٩٥دا کۆنفرانسێکی ڕێک خست بۆ لێکۆڵینەوە لە "وانەکانی جەنگەکانی بەلقان و کاریگەریی هاوچەرخەکانیان". ڕووداوەکانی ئەو کۆنفرانسە لە کۆلێژی جەنگ بڵاو کرانەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کاریگەریی جەنگەکانی بەلقان لەسەر سوپای تورکیا، بڕوانە:
Selek Sabahattin, Anadolu İhtilali (Istanbul: Kastaş Yayınları, 1987), pp. 105–
117. For the impact of the military coups on military discipline, see Doğan Akyaz, Askeri
Müdahalelerin Orduya Etkisi, Hiyerarşi Dışı Örgütlenmeden Emir Komuta Zincirine (Istanbul: İletişim Yayınları, 2002).

چارەسەرێک بۆ دابەشبوونە تایفی و نەژادییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگەیەک بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی مامەڵە لەگەڵ عەلمانییەت دەکا.

سوپا سەبارەت بە سیکیولاریزم بێئەندازە هەستیارە، چونکە وەک بنەمای سەرەکیی ڕۆحی کۆمارییانەی بنیاتنانی دەوڵەتی نوێ مامەڵەی لەگەڵ دەکا. لەبەر ڕۆشنایی توندوتیژییە ئەتنی و تایفییەکانی عێراقدا سوپا تەنانەت بەرانبەر پرنسیپەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و سیکیولاریزمیش هەستیارتر بوو. زیاد لەوەیش، بە لەبەرچاوگرتنی میراتی هەرەسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، سوپا پێی وایە قەوارە فرە-ئەتنی و فرە-ئایینییەکان ناتوانن بەردەوام بێ و زەمینەیەکی لەبارن بۆ دەستتێوەردانی بەردەوامی دەرەوە لە کاروبارەکانی ناوخۆدا و سەرەنجام بۆ تێکوپێکشکاندنی دەوڵەتەکە[١].

---

[1] ئیلکار باشوگ فەرماندەی هێزە وشکانییەکان لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ی ئەکادیمیای سەربازی لە ئەنکەرە، قوتابییانی لەو هەڕەشە نوێیانە ئاگەدار کردەوە کە ڕووبەرووی بنەما دامەزرێنەرەکانی کۆماری تورکیا دەبنەوە. ئەو دەوڵەتی نەتەوەیی، سیستمی یەکگرتووی سیاسی و سیکیولاریزمی بە بنەما دامەزرێنەرەکانی کۆمارەکە دانا و داوای لە قوتابییان کرد چاوکراوە بن بۆ پاراستنی ئەو بنەمایانە. گوتی: "جێی سەرنجە کە دەبینینستراکچەری دەوڵەتی نەتەوەیی لە لایەن دژەعەلمانی و ناسیونالیستە ئەتنییەکانەوە کراوەتە ئامانج". لە درێژەی قسەکانیدا گوتی کە هێزە چەکدارەکانی تورکیا هەمیشە لەگەڵ ئەوانەن دەیانەوێ دەوڵەتی نەتەوەیی بپارێزن، بەو شێوەیە بەرگری لە عەلمانییەت دەکا. هەروەها گوتی هەندێ گرووپ هەوڵیان داوە "سیستمی سیاسی" کە لە لایەن دامەزرێنەری کۆماری تورکی، ئەتاتورکەوە دامەزراوە، بگۆڕن بۆ سیستمێک کە لەسەر بناغەی ئایین یان ناسیونالیزمی ئەتنی دامەزرابێ. لە هەمان گوتاردا لە بەرانبەر ئەو مشتومڕەی لە لایەن ئاکەپەوە لەبارەی

بۆ خۆ دوورگرتن لە لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتەکە، سوپا جەخت لە یەکڕیزیی نیشتمانی و دەوڵەتێکی هۆمۆجینی (یەکڕەنگ) دەکا لەڕێی سیکیولاریزم و ناسیونالیزمی تورکییەوە. لە دیدی سوپادا مۆدێرنیتە یەکسانە بە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی سیکیولار. ئیلکار باسبوگ پێی وایە "جەوهەری ڕیفۆرمەکانی ئەتاتورک ئەوە بوو دەوڵەتی نەتەوەیی، هەروەها نەتەوەی تورکی دروست بکا... تێگەیشتنی ئەتاتورک لە دەوڵەتی نەتەوەیی بناغەیەکی ئەتنی، یان ئایینی نەبوو. چاکسازییەکانی گواستنەوەن لە کۆمەڵگەیەکی بناغە ئایینییەوە بۆ دەوڵەتێکی ناسیونالیستیی عەلمانی. بەم شێوەیە، عەلمانییەت بەردی بناغەی پرنسیپە دامەزرێنەرەکانی کۆمارەکەیە"[1]. هەر گژبەرییەک بۆ ئەم فەلسەفەیە بە هەڕەشەیەک لەسەر دەوڵەت حسێب دەکرێ. دوو گژبەریی گەورە هەبوون بۆ پرۆژەی بنیاتنانی دەوڵەتێکی عەلمانی، ئەوانیش چالاکیی ئیسلامی و کوردین، کە هەردووکیان بە دوژمنی کۆمارەکە ناسێنراون.

ئەتاتورک هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە سوپا بکاتە پاسەوانی سیکیولاریزم و دەوڵەتی نەتەوەیی. سوپا ئەم ئەرکە "پیرۆزە"ی لە کاتی کودەتا سەربازییەکەی ١٩٦١دا گرتەئەستۆ. سوپا بەپێی ماددەی ٣٥ لە یاسای خزمەتی ناوخۆی ساڵی ١٩٦١ لە ڕووی یاساییەوە ئەرکی پاراستنی سیکیولاریزم و ناسیونالیزمی بە خۆی سپارد، کە دەڵێ "هێزە چەکدارەکانی

ڕەشنووسێکی دەستوور لەئارادایە، گوتی پرنسیپی "سیکیولاریزم نابێ ببێتە بابەتی گفتوگۆ".

(Milliyet, September 24, 2007).

[1]Milliyet, September 24, 2007.

توركیا بەرپرسیارە لە پاسەوانیکردن و بەرگریکردن لە کۆماری تورکیا بەو شێوەیەی لە دەستووردا دیاری کراوە". لەو کاتەوە سوپا وەک پارتێکی نیمچە-سیاسی کاردەکا لە دژی حکومەتە مەدەنییەکان، بە تێڕوانینە تایبەتەکەی بۆ سیاسەت و بنکە جەماوەرییە تایبەتەکەیەوە.

بە هەرحاڵ، کۆدەنگییەکی ناڕاستەوخۆ (زمنی) لە کۆمەڵگەدا هەیە کە هەرکات وڵات کەوتە بەر هەڕەشە، ئەرکی سوپایە بێتە ناوەوە و بیپارێزێ، واتە کودەتایەکی ئەنجام بدا، بەڵام هەر هەمان جەماوەر پاش کودەتاکان قەت دەنگی بە پارتێکی مەیلەو سەربازی نەداوە. سوپا نزیکەی هەر دە ساڵ جارێک کودەتایەکی کردووە، لە ١٩٦٠، ١٩٧١، ١٩٨٠ و ١٩٩٧، چ بۆ لەناوبردن یان لەبۆتەدانی ئەو گژبەریانە بێ. بەزۆری لە لەبۆتەدانیاندا سەرکەوتوویش بووە، ئەگەرچی زۆربەی جار شێوازە وەحشییانەکەی (بەتایبەت لەسەر حسابی کەمینە کوردییەکە) بووەتە مایەی پێشبینییەکی خۆسەلمێن، ئەویش مکوڕترکردنی کوردە جوداخواز و ناسیونالیستانەکانە لەسەر داواکانیان[1].

پەیوەندییەکانی نێوان سوپا و بزاڤی ئیسلامی سیاسی، بزاڤی دیدگەی نیشتمانی کە لە لایەن نەجمەدین ئەربەکانەوە دامەزرێنرا، هەمیشە ڕووبەڕووبوونەوە بووە. سوپا دوو جار کودەتای لە دژی پارتە پرۆ-ئیسلامییەکانی ئەربەکان ئەنجام داوە (١٩٨٠ و ١٩٩٧). لەو ڕووەوە AKP لە بزاڤی دیدگەی

[1]M. Hakan Yavuz and Nihat Ali Özcan, "The Kurdish Question and the JDP," The Middle
East Journal, 13:1 (2006), 102–119; M. Hakan Yavuz and Michael M. Gunter, "The
Kurdish Nation," Current History (January 2001), 33–39.

نیشتمانییەوە پەرەی سەندووە، سوپا هەمیشە لە "نیازەکان"ی ئەو پارتە و سەرکردایەتییەکەی: ئەردۆگان، گیول و بولەند ئارینچ، بەگومان بووە کە پێشتر ئەندامی چالاکی بزاڤە ئیسلامییەکەیش بوون.

کاتێ AKP لە ٢٠٠٢دا گەیشتە دەسەڵات، سەرۆکی ئەرکانی گشتی حیلمی ئۆزکۆک بوو، کە کەسێکی میانڕەو و دیموکرات بوو و بەرگریی لە ستانداردە ئەورووپییەکان لەبارەی پەیوەندییە مەدەنی-سەربازییەکان دەکرد. کەچی زۆربەی فەرماندەکانی پەڕگیرانە لە AKP و نیازەکانی بەگومان بوون. حکومەت نەیتوانی سوود لە ئۆزکۆک وەربگرێ بۆ دروستکردنی پەیوەندیی توندوتۆڵتر لەگەڵ سوپا. یەکەمین کارلێک لەنێوان سوپا و حکومەتدا لەسەر بڕیارەکەی حکومەتی ئەمەریکا بۆ کردنەوەی بەرەیەکی دووەم لەڕێی تورکیاوە بۆ ناو عێراق ڕووی دا. ئاکەپە لۆمەی سوپای کرد لەسەر بڕیارەکەی پەرلەمان بە ڕێگەنەدان بە هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ناو تورکیا، یاخود ناردنی هێزەکانی تورکیا بۆ عێراق[1]. بە دەربڕینێکی تر، سیاسەتی سەرەکیی دەرەوە و ناوەوەی AKP ئەوە بووە دەسەڵات و هەژموونی سوپا سنووردار بکات و سەرکەوتنی خۆی بەپێی ڕادەی پاشەکشەی

---

[1] بڕوانە:
Saban Kardaş, “Turkey and the Iraqi Crisis: JDP between Identity and Interest,” in
M. Hakan Yavuz (ed.), The Emergence of a New Turkey: Democracy and the AK Parti (Salt
Lake City: University of Utah Press, 2006), pp. 306–333.
Fikret Bila, Sivil Darbe Girişimi
ve Ankara’da Irak Savaşları (Ankara: Ümit Yayıncılık, 2003), pp. 42, 43.

سوپا لە گۆڕەپانە سیاسییەکان پێوانە کردووە. ئەو سیاسەتانە کاریگەریی نەرێنی لەسەر سوپا هەبووە، بەوەی زۆر ئەفسەری ئاستناوەند کەوتنە دروستکردنی نیشانەی پرسیار لەسەر نەرمیی ئۆزکۆک بەرانبەر حکومەت[1].

گەورە ئەفسەران پێیان وا بوو حکومەتی ئاکەپە بە سکالاکردنی بەردەوام لە هەڵوێستی سوپا لەبارەی عێراق و پرسی کورد و کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەیەوێ ئۆباڵەکە بخاتە ئەستۆی سوپا و بەوە پەیوەندییەکانی نێوان سوپای تورکیا و پێنتاگۆن تێکبچێ.

بەکورتی، دابەشبوونە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی تورکی وای لە حکومەتی ئاکەپە کرد، هاوشێوەی ڕکابەرە کەمالییەکەی لە ڕابردوودا، پەنا بۆ US ببا وەک هاوپەیمانێک لە دژی دوژمنە ناوخۆییەکانی، هەروەها بۆ گەڕان بەدوای شەرعییەتدا لە واشنتۆن لەڕێی بەرهەڵستیکردنی ڕۆڵی سوپا لە سیستەمی سیاسیی تورکیادا[٢].

---

[1] لەبارەی هەڵگەڕانەوە لە دژی سیاسەتە نەرمەکانی ئۆزکۆک، بڕوانە:
Mustafa Balbay, “Genç Subaylar tedirgin,” Cumhuriyet, May 23, 2003.
ئۆزکۆک بەرگریی لە سیاسەتەکانی دەکرد لەڕێی سازکردنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییەوە، بڕوانە:
“TSKda görüş ayrılığı yok,” Radikal, April 14, 2004.

[2] یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی ئەوەی زۆر لە پەرلەمانتارە ئیسلامی و پەرلەمانتارە پرۆ-باروانییەکانی ئاکەپە لە دژی جوولەکەی ١ی ئادار دەنگیان دا پەیوەندیی هەبوو بە ڕۆڵی زیادی سوپا و ڕاگەیاندنی یاسای باری نائاسایی لە سنووری تورکیا-عێراق. بۆ نموونە ئەحمەد داودئۆغلو بە CNN-Turk TVی ڕاگەیاند "ئەگەر ئێمە ڕێگەمان بە هاتنەناوەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بدایە، دەبوو باری نائاسایی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی

## جیاخوازیی کوردی

کێشە قووڵەکە نەبوونی تێگەیشتنی هاوبەش بووە لە سروشت و سەرچاوەکانی کێشەی کورد. سەرکردایەتیی ئاکەپە وەک کێشەیەکی زادەی تاکڕەویی کەمالی مامەڵەی لەگەڵ گژبەریی کوردی کردووە، تەنانەت کوردەکانی بە هاوپەیمانێکی ئایدیۆلۆژی لە دژی ئایدیۆلۆژیای سەرسەختی کەمالی داناوە، بۆ نموونە ئەردۆگان لە لایەن ناوەندە ناسیونالیستەکانەوە بەوە تۆمەتبار کراوە کە ژمارەیەکی زۆر ڕاوێژکاری هەیە کە پاشخان کوردین. سوپا لای خۆیەوە، گژبەریی جیاخوازیی کوردی لە گۆشەنیگای یەکپارچەیی خاکی وڵات و یەکێتیی نیشتمانی و مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی هۆمۆجینی کەمالییەوە، دیاری کردووە. لەبەر ئەوە ستراتیژی جۆراوجۆر بۆ ئیحتیواکردنی گژبەریی کوردی گیراونەتەبەر.

حکومەتی ئاکەپە، هەروەها بەوە تۆمەتبار کراوە کە لە بەکارهێنانی هێزی سەربازی (سیاسەتێکی هێرشبەرانە) بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هێرشەکانی PKK دوودڵە، بۆ نموونە، لە ٢٠٠٦دا بە کۆمەڵێ لە ڕۆژنامەنووسانی گوت: "هیچ هۆیەک نییە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دژی PKK ئەگەر ئەوان هێرش نەکەن"[١].

باشبورگ فەرماندەی هێزە زەمینییەکان وەڵامی لێدوانەکەی ئەردۆگانی دایەوە و گوتی "ئۆپەراسیۆنی هێرشبەرانە لە دژی

---

تورکیا ڕابگەیەنین. ئەوەیش کێشە بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ EU دروست دەکا..(February 16, 2004)

[1]Hasan Cemal, "Başbakan Erdoğan'dan Amerika yolunda Komutanlara Mesajlar: İrtica diye Bir Tehdit Yok," Milliyet, October 1, 2006.

PKK بەردەوام دەبێ تا هیچ تیرۆریستێک نامێنێ"[1]. لە وەڵامی هەڵوێستە هێرشبەرانەکەی سوپادا حکومەتی ئاکەپە هەوڵی دا دامەزراوە و ڕێساکانی یەکێتیی ئەورووپا بۆ جڵەوکردنی هێزە چەکدارەکان بەکار بێنێ[2].

هەندێ کەسی نزیک لە حکومەت باس لەوە دەکەن "سوپا دەیەوێ بە زیادەڕەویکردن (لە بوونی هەڕەشە) و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی بەردەوام لە دژی PKK پارێزگاری لە دەسەڵات و بودجەکەی بکا". پرسی کورد بووەتە گرنگترین چەک کە هەریەک لە سوپا و حکومەتی ئاکەپە بۆ ناشەرعاندنی یەکتر بەکاری دێنن. بەم مانایە، پەلاماری ئەمەریکی و داگیرکردنی عێراق زەبرێکی گەورەی لە پەیوەندیی نێوان ئاکەپە و سوپا وەشاند. زیاد لەوەیش، داگیرکردنی ئەمەریکی جبەخانەیەکی زەبەلاحی چەکی هێناوەتە عێراق، کە پەکەکە لەڕێی پێشمەرگەی کوردییەوە (میلیشیاکان) دەستی دەگاتێ، ئەمە جگە لە ئەگەری دەسکەوتنی تاکتیکی نوێ کە بۆ شەڕکردن لە دژی سوپای تورکیا[3].

---

[1] بۆ بینینی لێدوانەکەی ئیلکەر، بڕوانە:
http://www.kkk.tsk.mil.tr/BasinHalklaIliskiler/BasinAciklama/DiyarbakirBasinAciklama.doc.

[2] İlhan Uzgel, “Dış Politikada AKP: Stratejik Konumdan Stratejik Modele,” Mülkiye, 252 (2006), 69–84.

[3] وەزیری دەرەوە گیول ڕایگەیاند لە سایەی داگیرکردنی ئەمەریکیدا پەکەکە تەنها پاڵپشتیی سەربازی لە گرووپە عێراقییەکان وەرناگرێ، بەڵکو مەشق و تاکتیکی نوێی سەربازییش لە بەرەنگاریی عێراقی و هەندێ پێشمەرگەی کوردەوە وەردەگرێ.
دیمانە لە ئەنکەرە لە ١٢ی نیسانی ٢٠٠٧دا.
Hürriyet, June 14, 2007.

## چالاکییەکانی جەماعەتی گیولەن

خراپترین قەیران بە هۆی کاردانەوەی سوپا و هەندێ سێکتەری عەلمانییەوە بوو لەسەر دامەزراندنی شوێنکەوتوانی سەرکردەی میانڕەوی ئایینی ئیسلامی فەتحولا گیولەن لەناو پۆلیسی نیشتمانی و وەزارەتی پەروەردەدا. ئەفسەرێکی پایەبەرزی سوپا لە چەند دیمانەیەکدا گوتبووی: ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگە لە لایەن گرووپە جیاوازە ئیسلامییەکان و تەریقەتە سۆفییەکانەوە تەواو کرا. ئێستا ئیسلامیزەکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و بیرۆکراسی دەبینین. ئەوە زۆر لە ئیسلامیزەکردنی بیرۆکراسی لە پاکستان دەچێ، بەتایبەت پەروەردە و هێزی پۆلیس. نەیانتوانیوە دزە بکەنە ناو سوپا. ئەو گرووپەی سەرکردایەتی ئەم ئیسلامیزەکردنەی دەوڵەت دەکا جەماعەتی فەتحولا گیولەنە. ئەوان نزیکەی هەموو ئامرازێک بەکار دێن، تەنانەت ئەوانەیش نائیسلامین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەیان لە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتدا. حکومەتی ئاکەپە کە کادری شارەزای خۆی نەبوون تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە شوێنکەوتوانی گیولەن دەبەستێ. زیاد لەوەیش، تاقیکردنەوە زانکۆییەکان ئێستا دەرچوانی ئەو قوتابخانانەی گیولەن تێیاندا باڵادەستن. ئەوان دەست بەسەر دامودەزگا ئیدارییەکاندا دەگرن[1].

---

[1] من و نیهاد عەلی ئۆزجان لە نیسانی ٢٠٠٧دا دیمانەمان لەگەڵ ١٢ بەرپرسی ئەمنی و ئیداریی پلەبەرز کرد. هەندێ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە: "Political Crisis in Turkey: The Conflict of Political Languages," Middle East Policy, 14:3 (Fall 2007), 118–135. بڵاو کراونەتەوە. دیمانەکان ڕووبەڕوو لە ئەنکەر کراون. ڕێگە دراوە قسەکان بگوێزرێنەوە بەبێ ئەوەی ناوەکان ئاشکرا بکرێن.

لە ڕاستیدا دەنگی ڕەخنە لە لایەن ژمارەیەک بەرپرسی حکومیی کەمالییەوە بەرز کرایەوە لەبارەی هەوڵدانی جەماعەتی گیولەن بۆ بەکارهێنانی پۆلیس لە دژی سوپا[1]. لە کاتی دیمانەکانمدا لە ئەنکەرە، ژمارەیەک لە گەورە ئەفسەرانی سوپا پرسیاریان لە ڕادەی ئەو پلە بەرزکردنەوانە دەکرد کە لە هەندێ وەزارەت لەسەر بناغەی هاوگرووپیی ئایینی کراون. ئەم ئیختیراقەی جەماعەتی گیولەن بۆ دامودەزگاکانی حکومەت کە باس دەکرێ سەرچاوەیەکی گەورەی نیگەرانیی سوپایە و نایانەوێ هەمان پرۆسە لەناو سوپایشدا ڕوو بدات[2].

جگە لەو جیاوازییە سیاسییانەی نێوان حکومەتی ئاکەپە و سوپا، سەرۆکی نوێی ئەرکانی گشتی یەسار بویوکانیت Yasar Büyükanıt بەرگریی لە ڕۆڵی چالاکی تەقلیدیی سوپای لەناو سیستەمی سیاسیدا دەکرد و دوودڵ نەبوو کە بەرەنگاری سیاسەتەکانی حکومەت بکا.

---

[1] 17 Rusen Cakir, http://ntvmsnbc.com/news/275733.asp; Ahmet Insel, “Neofeodal devlette ilerlerken,” Radikal II, March 4, 2007. For more on the military vs. Turkish police force, see: http://www.tsk.mil.tr/10_ARSIV/10_1_Basin_Yayin_Faaliyetleri/10_1_7_Konusmalar/2006/harpakademilerikonusmasi_02102006.html

[2] جەمیل چیچەک وەزیری داد بوو بە ئامانجی سەرەکیی جەماعەتی گیولەن بە هۆی پشتگیریکردنی لە یاسای دژەتیرۆر. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کاردانەوەی سوپا، بڕوانە:

Cumhuriyet, April 9, 2007; Ahmet Hakan, “Cemaat, ey cemaat,” Hürriyet, April 2, 2007; Ahmet Hakan, “Cemaat diyor ki: O bakan bize düsman,” Hürriyet, April 4, 2007.

پێش ئەوەی بویوکانیت وەک سەرۆکی ئەرکان دابمەزرێ، هەڵمەتێکی توند –دەکرێ بە "ڕەگەزپەرستانە" ناوببرێ– لە دژی هەبوو. سەرەتا تۆمەتبار کرا بەوەی "تورک" نییە بەڵکو ساباتییە، واتە باوباپیرانی جوولەکەن[١]. بە گوتەی ئەفسەرێکی سوپا، "کاتێ ئەم تۆمەتانە لە وێبسایتەکاندا بڵاو دەبوونەوە، بویوکانیت لە لایەن جەماعەتی گیولەنەوە کرابووە ئامانج، ئەویش لەڕێی ڕووداوی سەمدینلییەوە Semdinli"، کە تێیدا هێزە ئەمنیەکانی تورکیا بە تەقاندنەوەی دوکانی کتێبفرۆشیی چالاکوانی پێشووی کورد لە سەمدینلی (لە وان) لە ٢٠٠٥، تۆمەتبار کران، ئەمە لەنێو هەندێ ڕووداوی تردا.

فەرهاد ساریکایا داواکاری گشتی لە شاری وان کە بە بوونی پەیوەندی بە جەماعەتی گیولەنەوە ناسراوە، داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کرد لەگەڵ یەسار بویوکانیت و سێ ژەنراڵی تری کرد لەسەر ئیددیعای خراپ بەکارهێنانی پۆستەکانیان و پێکهێنانی گروپی نایاسایی بۆ دروستکردنی پشێوی لە شارە زۆرینە کوردەکان، بەوەیش شکست پێهێنانی هەوڵەکانی تورکیا بۆ چوونە پاڵ یەکێتیی ئەورووپا. تۆمەتنامەکە گرووپێکی نیمچە سەربازی، گوایە لە لایەن بویوکانیتەوە دامەزراوە، تۆمەتبار کرد بە تەقاندنەوەی کتێبخانەیەک لە سەمدینلی، کە بووە هۆی مردنی کەسێک و برینداربوونی چەند کەسێکی تر[٢].

---

[1] ئەو تۆمەتانە لە وێبسایتەکاندا بڵاوبوونەوە، بڕوانە:

Mehmet Yılmaz, Hürriyet, March 6, 2006; Bekir Coskun, Hürriyet, March 7, 2006.

[2] تەواوی تۆمەتنامەکە ببینە لە:

http://www.milliyet.com.tr/sabitimg/06/gazete/siyaset/semdinli_iddianame.pdf

هەندێ لە نوێنەرانی AKP گومانیان لە توندڕەوانی سوپا هەبوو کە لە ڕووداوەکەوە گلابن و پاڵپشتییان لە تۆمەتنامەکەی داواکاری گشتیی وان کرد لەسەر بویوکانیت. بۆ نموونە فاروق ئونسال پەرلەمانتاری ئاکەپە لەسەر ئادیامان گوتی "ئەو تۆمەتنامەیەی لە لایەن نووسینگەی داواکاری گشتیی وانەوە ئامادە کراوە ئەوەی کردووە کە ئێمە نەمانتوانی بیکەین". نوێنەرێکی تری ئاکەپە بە ناوی حەسەن تاشجی لە مانیسا گوتی "ئەوەی ئێمە بە تەواونەکراوی بەجێمان هێشت، ئێستا لە لایەن داواکاری گشتیی وانەوە تەواو کرا. ئەو کاری خۆی کرد"[1].

سوپا باوەڕی وایە جەماعەتی گیولەن هەڵمەتێکی گەورەیان لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هێزی پۆلیسی سەر بە گیولەنەوە لە دژی بویوکانیت ئەنجام داوە تا دامەزراندنەکەی بوەستێنن. لە ڕاستیدا جەماعەتی گیولەن نەیاندەویست بویەکانیت ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەرکانی گشتی، لەبەر ئەوەی کاتێ فەرماندەی قوتابخانەی ئامادەیی سەربازیی کولەلی Kuleli و کۆلێژی جەنگ بوو لە ئەنکەرە، ژمارەیەک قوتابی پاکسازیی کرد کە پەیوەندییان بە جەماعەتی گیولەنەوە هەبوو.

هەڵمەتەکە دژی بویوکانیت و ڕاپۆرتە نێگەتیڤەکان لەسەر سوپا میزاجێکی ئەنتی-گیولەنی لەناو سوپادا دروست کرد و هەندێ ژەنراڵی پایە بڵند لەسەر بەکارهێنانی جەماعەتی گیولەن لە دژی سوپا لۆمەی حکومەتی ئاکەپەیان دەکرد. ژەنراڵ بویوکانیت هەڵمەتەکەی دژی بە کاری جەماعەتی گیولەن لەناو پۆلیس و حکومەت لەقەڵەم دا. ئەمەیش وای لێ کرد زیاتر

[1]Mehmet Yılmaz, Hürriyet, March 7, 2007.

ڕووبەڕووخواز بێ و لە هاوپەیمانیی جەماعەتی گیولەن لەگەڵ حکومەتی ئاکەپە بکەوێتە گومان.

ڕۆژنامەی ڕۆژانەی زەمان Zaman کە ڕۆژنامەیەکی دیاری سەر بە جەماعەتی گیولەنە، هەروەها گۆڤاری هەفتانەی نۆکتە Nokta هەوڵیان دا ببیەستنەوە بە ڕێکخراوە ژێرزەمینەکانی "دەوڵەتی قووڵ" کە تۆمەتبارن بە دروستکردنی ناسەقامگیری لە وڵات لە ڕابردوودا. حکومەت بەرگریی لە سوپا نەکرد، یان ڕووبەڕووی ئەو ڕۆژنامەنووسانە نەبووەوە کە ئەو گومانانەیان خستە ڕوو.

لەپاڵ ئەو فاکتەرە ناوخۆیی و شەخسییانەدا، کێشە لەگەڵ EU یارمەتیدەر بوو بۆ دەرکردنی یاداشتەکەی سوپا لە ٢٧ی نیسانی ٢٠٠٧دا. بەو پێیە سوپا دەرفەتێک بۆ سوپا هەڵکەوت تا خۆی بسەلمێنێ. ڕووداوی سەرەکیی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئەورووپی بوو لە دیسەمبەری ٢٠٠٥دا کە ئومێدەکانی تورکیای بۆ چوونە پاڵ EU تێکشکاند. هەم سوپا و هەم سێکتەرێکی زۆری کۆمەڵگەی تورکی کەوتنە گومان لە ڕاستگۆیی EU لە بەخشینی ئەندامێتیی تەواو بە تورکیا. ئەمە بوارێکی بۆ مانۆڕکردن لە دژی حکومەتی ئاکەپە دروست کرد. لە چاوی زۆربەی تورکەکاندا EU پاش هەڵبژاردنی نیکۆلا سارکۆزی بە سەرۆکی فەرەنسا میسداقیەتی خۆی لەدەست دا.

ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە بە قووڵی چەقیبووە ناو پرۆژەکانی "دیموکراتیزەکردن" لە عێراق و ئەفغانستان، کاتی زۆری نەبوو بۆ سیاسەتی تورکیا و ئەنتی-ئەمەریکانیزمیش لە تورکیا لە ئاستێکی بەرزدا بوو. لێرەوە، سوپا زۆر نیگەران نەبوو لەبارەی کاردانەوەی دەرەکی بەرانبەر یاداشتەکەی، هەروەک لە ڕاستیدا کاردانەوەیەکی گەورەیش نەبوو.

## گۆڕانی ئاکەپە

ئەو کۆبوونەوانە، شانبەشانی ئاگەدارینامەکەی سوپا لە نیسانی ٢٠٠٧دا، کۆمەڵێ دەرەنجامی سیاسیی گەورەیان لەسەر پرۆسەی سیاسیی تورکیا هەبوو. گیول کاندیدبوونەکەی کشاندەوە و بوو بە ستەملێکراو “mazlum” [١]–کەسێکە "ناهەقی"ی بەرانبەر بکرێ– داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت کرا، پەرتبوون لەنێوان پارتە سیاسییەکاندا لەڕێی یەکگرتنێکی سەرکەوتوو و یەکێکی سەرنەکەوتووەوە تەواو بوو، هەروەها ئەردۆگان گۆڕانێکی ڕیشەیی لە لیستی نوێی کاندیدانی پەرلەمان پێشکەش کرد کە نزیکەی سەرجەم نوێنەرە مەیلە ئیسلامییەکانی تێدا پاکسازی کردبوو[٢]، لەگەڵ هەر دەنگێکی ڕەخنەگری ناو حزبەکە وەک ئەرتوغرول یالچینبایر کە بە "ویژدانی ئەخلاقیی ئاکەپە" ناسراوە[٣].

---

[1] لە ڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە mazlum بە مانای "ستەملێکراو"، "ئەشکەنجەدراو" یان "چەوسێنراو" دێ، مەزلووم ئەو کەسەیە دووچاری ستەمێکی زۆر دەبێ. لە ئیسلامدا کچەزای پێغەمبەر محەمەد، ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی، نموونەیە بۆ مرۆڤی مەزلووم.

[2] زۆر لە پەرلەمانتارانی پێشووی ئاکەپە وەک عەبدوڵڵا چالیشکان دەڵێن دەنگدانەکەیان بۆ یاداشتەکەی سوپا لە ٢٧ی نیسان و کۆبوونەوەی نێوان ئەردۆگان و بویەکانیت لە ٥ی ئایاری ٢٠٠٧دا لە کۆشکی دۆلمە باخچە دەگەڕێتەوە. پەرلەمانتاری پێشوو ئێرۆنمەز یاربای لە ئەنکەرە، کە هەمیشە لایەنگری پرۆسەی دیموکراسی بووە لەناو ئاکەپەدا، گۆڕانە گەورەکەی لیستەکەی بە ڕەنگدانەوەی تۆڕێکی سۆلیدارێتیی ناوچەیی لێکدەداتەوە. (Milliyet, June 7, 2007).

[3] یالچینبایەر دەڵێ "ئەردۆگان بە جەختکردن لەسەر سێ "Y" هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٢ی بردەوە:

لــه هــەوڵێکــی تــا ئێــستا ناســەرکــەوتــوودا بــۆ ڕازیکردنــی ڕەخنەگرانی کەمالی/عەلمانی ئەردۆگان سێ کەسی کۆنە چەپی کاندید کرد، سێ ڕۆشنبیری عـەلـەوی لـە پێکهاتـەی عـەلـەوی، هــەروەهــا هــەنــدێ ئــافرەت، ئــەویــش بــۆ ڕەوانــدنــەوەی ئــەو تۆمــەتانــەی کــە دەڵــێن ئاکــەپــە "حزبێکــی تایفــەیــەکــی ئــایینی-سیاسییە"[1].

ئەردۆگان لە هەوڵێکدا بۆ گۆڕینی ئەو وێنایەی کە پێی ئاکەپە زۆر موحــافیزەکــارە، هــەروەهــا بــۆ جێکردنــەوەی لــە نــاوەنــدی شەبەنگە سیاسییەکەدا، ژمارەیەکی گەورە لە نوێنەرانی ئاکەپەی دوورخستەوە کە پێشتر سەر بە بزوتنەوەی دیدگەی نیشتمانیی

---

Yolsuzluk + (هەژاری) Yasaklar + (یاساغەکان) Yoksulluk (گەندەلی). ئێستا ئێمە پێویستمان بەوەیە پێنج "Y"دیکە زیاد بکەین تا بتوانین وەسفی ئەو حزبەی پێ بکەین:

Yozlaşma, Yandaşlık (مەحسوبیەت), Yağcılık, Yiyicilik (بەرتیل), Yobazlık (دەمارگیریی ئایینی)

(Radikal, June 8, 2007).

بە گوتەی کینان جومورجو شرۆڤەکاری ناسراوی ئیسلامی سیاسی "ئەردۆگان ڕێگە بە هەندێ لە سیاسییە "خۆماڵی"یەکان نادات کە ڕەخنە لە سیاسەتەکانی بگرن و حەز دەکا "میوان"ی وەک ئەرتوغرول گونای بێنێتە ناو حزبەکە، تا ئەو هەستە بگەیەنێ کە حزبەکە کراوەیە، بەڵام نایەوێ باڵادەستییە تاکڕەوانەکەی لەدەست بدات.

دیمانە لەگەڵ جومورجو ٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٧.

[1] ئاکەپە ژمارەیەک سیاسیی دیاری چەپی هێناوەتە ناو حزبەکە وەک ئەرتوغرول گونای، زافەر ئوسکول، هالوک ئۆزدالگە، ئەردال کالکان و ئایشەنور باهچەکاپیلی، هەروەها دوو ڕۆشنبیری دیاری عەلەوی ڕەها چامورئۆغلو و حوسێن توغجو، لەگەڵ هەندێ گۆرانیبێژ و بزنسمان.

(ZaferÇağlayan, Osman Yağmurdereli); and wrestler Hamza Yerlikaya – as a way of becoming a party of the center.

ئەربەکان بوون. زیاد لەوەیش، زۆربەی ئەو نوێنەرانەی جارێکی تر کاندید نەکردەوە کە لە دژی جوولەکەی یەکی ئاداری ٢٠٠٣ دەنگیان دا، کە بەو پێیە دەکرا ڕێگە بە هێزەکانی ئەمەریکا بدرێ لە تورکیاوە داخلی عێراق ببن.

لە کودەتاکەی ١٩٨٠وە، پرۆسەی سیاسیی تورکی زیاتر لەنێو کەسایەتییە کاریزماییەکاندا دابەش و گۆڕەپانی کێشمەکێشیان بووە تا ئەوەی لەسەر زەمینەی ئایدیۆلۆژی دابەش بووبێ. ئەوانەی لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا وتاریان دەدا، هەروەها دروشمەکانی نارەزاییش بەردەوام داوایان لە پارتە سیکیولاریستەکان دەکرد لە دژی ئاکەپەی "ئیسلامی" یەک بگرن. لە ڕاستیدا لە وەڵامی ئەو بانگەشانەدا، سەرکردەکانی هەردوو پارتە ڕاستی ناوەڕاستە سەرەکییەکە، ڕێگەی ڕاست و نیشتمانی دایک (واتە DYP و ANAP) هەوڵیان دا لەژێر ناوی پارتی دیموکرات DPدا یەک بگرن. ئەم یەکگرتنە مانگێک پێش لە هەڵبژاردنەکە شکستی هێنا و نەک هەر ڕێگەی لە نوێنەرایەتیکردنیان لە پەرلەمان گرت، بەڵکو دەنگدەرانی ڕاستی ناوەڕاستیشی لە بژارەیەکی ڕاستەقینە بۆ دەنگدان بێبەش کرد.

لە ٢٤ی ئایاری ٢٠٠٧دا پارتی چەپی دیموکرات (DSP) گەیشتنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ پارتی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆن، پارتی گەلی کۆماری (CHP) بۆ ئەوەی بە لیستێکی هاوبەش بچنە هەڵبژاردنەکان. ئەردۆگان ڕەخنەی لەم یەکگرتنانە گرت و گوتی: "تێکەڵکردنی چل هێلکەی گەنیو، دانەیەکی باشی لێ دەرناچێ". لە ڕاستیدا ئەم یەکگرتنە یارمەتیی CHPی نەدا، هەروەها پارتە ڕاستی ناوەڕاستەکانی لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکاندا تێکشکاند. پاش هەڵبژاردنەکان سێ نوێنەر ئیستیقالەیان لە CHP کرد و چوونە ناو DSP.

**شیکردنەوەیەک بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧**

ڕێکخستنی هێزەکان لە کۆبوونەوە کۆمارییەکاندا، لێدوانی سوپا، بڕیارەکانی دادگەی دەستووری، هەروەها یەکگرتنی پارتە چەپڕەوەکان نەیتوانی ڕێگە لە دەستگرتنی ئاکەپە بەسەر سەرۆکایەتیدا بگرێ. بە هەرحاڵ، ئاکەپە ئەو قەیرانەی بەکارهێنا بۆ گژبەریکردنی هێزە ئاراکان و لە هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی تەممووزی ٢٠٠٧دا وەک گەورەترین پارت دەرکەوت. پاش بەدەستهێنانی ٣٤.٤%ی دەنگەکان لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢دا (بڕوانە خشتەی 8.1) لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا ڕەسیدەکەی بۆ ٤٦.٥% بەرز کردەوە. ئەمە زیادبوونی ١٢% بوو لە خولی دووەمیدا.

ئەو ئەنجامە ٣٤١ کورسی لە کۆی ٥٥٠ ئەندامی پەرلەمان بەخشییە ئاکەپە. CHPی سیکیولاریست ١١٢ کورسی و MHPی ناسیونالیست ٧١ کورسییان بەدەست هێنا. ٢٥ کورسییش چوو بۆ کاندیدە سەربەخۆکان، لەوانە ٢٠ نوێنەری کورد کە لەژێر باڵی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات Demokratik Toplum Partisi (DTP)ی لایەنگری کورددا یەکیان گرت. بەرنامەی هەڵبژاردنی CHP لەسەر بناغەی ترس لە ئەسلەمەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە دامەزرابوو. سەرکردایەتییە توندوتیژ/دوژمنکارانەکەی داوای لە خەڵک کرد وەک دەنگدان بە ڕیفۆرمەکانی مستەفا کەمال دەنگ بە CHP بدەن.

جەهەپە CHP ئێستا لە لایەن دەنیز بایکالەوە سەرۆکایەتی دەکرێ[1] کە مامۆستای زانستە سیاسییەکان، هەروەها وەزیری دەرەوەی پێشوویشە. بایکال کەسایەتییەکی سەربەکێشەی هەیە، ئامانجی زیاتر مانەوەیە بە سەرۆکی جەهەپە بمێنێتەوە تا ئەوەی ببێتە سەرۆکوەزیران. حزبەکەی بایکال نەیتوانی پردی پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرە ئابوورییە تازەسەرهەڵداوەکانی ناو کۆمەڵگە دروست بکا. بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی لەسەر ترس و هەڕەشەی گریمانەکراو بۆ سەر سیکیولاریزم دامەزرابوو. هەرچۆن بێ، ئەنجامەکە دەنگدان بوو لە دژی دەستتێوەردانی سوپا لە سیاسەت، بەتایبەت سیاسەتی ترس کە لە لایەن ژەنراڵەکانەوە کاری لەسەر دەکرا. بەم شێوەیە، سوپا ڕەفزی لە نەتەوەوە وەرگرت لەسەر ئەو ڕۆڵی پاسەوانیکارییەی بە خۆی بەخشیوە. خەڵک وایان پێ باشە بەگوێرەی پێوەرەکانی EU سوپا بکشێتەوە بۆ بنکەکانی خۆی.

خشتەی 8.1

| پارت | ژمارەی دەنگ | % | کورسی | % |
|---|---|---|---|---|
| AKP 2007 | 15,641,382 | 46.5 | 341 | 61.5 |
| AKP 2002 | 10,804,458 | 34.4 | 365 | 66.4 |
| CHP 2007 | 6,974,598 | 20.9 | 112 | 20.2 |
| CHP 2002 | 6,096,488 | 19.4 | 177 | 32.2 |
| MHP 2007 | 4,842.024 | 14.3 | 71 | 13.5 |
| سەربەخۆکان | 1,713,769 | 5.7 | 27 | 4.9 |

[1] دەنیز بایکال چەند ساڵێک لەمەوبەر بە هۆی بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆییەوە، دەستی لە سەرۆکایەتیی حزبەکە کێشایەوە و لەو کاتەوە کەمال کلیچدار ئۆغلو سەرۆکایەتیی دەکا. (وەرگێڕ)

بەبەدەستهێنانی ١٤.٣%ی دەنگەکان مەهەپە MHP سێیەم پارت بوو بچێتە پەرلەمان بە ٧١ کورسییەوە. ئەگەرچی زۆر کەس پێشبینییان دەکرد مەهەپە ١٨%ی دەنگەکان بەدەست بێنێ، دەبوو لە ئەنادۆڵ کێبرکێ لەگەڵ ئاکەپە بکا. ئەو پارتە بە حزبی سەرەکیی ناسیونالیستی تورکی مایەوە ئەگەرچی لە ناسیونالیزمێکی نەژادیی تورکییەوە گۆڕا بۆ ناسیونالیزمێکی مەدەنیی تورکی. حزبەکە لە لایەن دەوڵەت باخچەلییەوە سەرۆکایەتی دەکرێ کە پسپۆڕی ئابووری و جێگری پێشووی سەرۆکوەزیرانە. لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٢دا MHP تەنانەت نەیتوانی ١٠%ی دەنگەکانیش کۆبکاتەوە. بەردەوام لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ بوونەئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا بەگومان بووە، حکومەتی ئاکەپە بەوە تۆمەتبار دەکا کە لەگەڵ گەریلا جوداخوازە کوردەکان زۆر نەرمە، هەروەها پاڵپشتی لە لەشکرکێشی بۆ باکووری عێراق دەکا بۆ لەناوبردنی یاخیبوانی پەکەکە، کە بنەکەیان لەو ناوچەیە.

سەیر لەوەدایە مەهەپە لە ئەجێندای سەربازی خۆی دوور گرتووە و پاڵپشتی لە دەستتێوەردانی سوپا لە سیاسەت ناکا. سەرکەوتنی مەهەپە لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ گەشەی ناسیونالیزمی تورکی لە ئەندامی یاخیبوونە کوردییەکە و هەستکردن بۆ مامەڵەی خراپی EU لەگەڵ تورکیا دەگەڕێتەوە. هەروەها ئیسلامیش بە فاکتەرێکی گرنگی ناسنامەی تورکی دادەنێ. زیاد لەوەیش، ژمارەیەک ڕۆشنبیری گرنگی وەک گوندوز ئاکتان و عوسمان بۆلوکباسی بۆ پەرلەمان کاندید کردووە.

جارێکی تر دەرکەوتنەوەی ئاکەپە وەک پارتی سەرەکی پاش هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٧ جێی سەرسووڕمان نییە. بە

هەرحاڵ، کەسانێکی زۆر کەم، بە ئاکەپە خۆیشیەوە پێشبینیی ئەم سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەیان دەکرد. ئەو سەرکەوتنە دەنگدانێک بوو بە سیاسەتەکانی ئاکەپە و لە دژی ئەو قەیرانەی دامەزراوەی سیکیولار-سوپا لەسەر سەرۆکایەتی دروستیان کرد. ئاکەپە لە هەوڵەکەیدا بۆ لە کۆنترۆڵکردنی پەرلەمانی تورکیا توانیی زۆر دەنگدەری جیاواز یەکبخات. هەندێ خەڵک دەنگیان بە دیموکراسی دا، هەندێکی تر لە دژی (یاداشت-ئی)، هەندێکی تر بە ئومێدی دەستوورێکی نوێ دەنگیان دا، هەروەها دەشێ لە بەرژەوەندیی بوونەئەندام لە EU دەنگیان دابێ. لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و دیموگرافییەوە، لە گرووپە بازرگانییەکانەوە تا جەمەلۆننشینەکان، لە موسڵمانە دیندارەکانەوە بۆ ئەرمەنییەکان[1]، لیبراڵەکان و موحافیزەکارەکان هەرهەموو لەوەدا کۆبوونەوە کە دەنگ بە هەمان حزب بدەن. بەکورتی، بنکەی دەنگدەرانی ئاکەپە یەک تاکە ناسنامە یەکی نەخستوون، بەڵکو زیاتر هاوپەیمانیی ناسنامەکانە کە نزیکەی نیوەی (46.5%)ی کۆی دەنگەکانی ڕاکێشاوە.

دوو هۆی سەرەکی لەپشت سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکەی ئاکەپەوە بوون لە هەڵبژاردنەکەدا: ئابووری و سیاسی. بەگوێرەی ڕاپرسییەکانی ڕای گشتی، گرنگترین فاکتەر وای لە خەڵک کردووە بڕیار بدەن دەنگ بە ئاکەپە بدەن، ئابووری بووە. بۆ نموونە کاتێ پرسیار لە دەنگدەران کراوە گرنگترین فاکتەر دیاری بکەن کە وای لێ کردووە دەنگ بە ئاکەپە بدەن،

---

[1] پاترێرکی ئەرمەنی مەسرۆبی دووەم موتەیفیان بە دێر شبیگلی ڕاگەیاند "ئەرمەنییەکان دەنگ بە ئاکەپە دەدەن".

Yeni Şafak, June 4, 2007.

٧٨% ئاماژەیان بە "دۆخ و چاوەڕوانییە ئابوورییەکان" داوە، ١٤% وەک فاکتەرێکی گرنگ لە بڕیاردانیاندا ئاماژەیان بە "دیموکراتیزەکردن" و ١١%یش ئاماژەیان بە "هەڕەشەی سیکیولاریزم" داوە[١]. بەکورتی، نە دیموکراتیزەکردن و نە سیکیولاریزم، بەڵکو فاکتەرە ئابوورییەکان بڕیاری زۆرینەی خەڵکیان دیاری کردووە.

وەک پێشتر تێبینی کرا، لە ماوەی پێنج ساڵی پێشوودا تورکیا تێکڕای ٧.٥% گەشەی ساڵانەی لە تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی بەدی هێناوە، وەبەرهێنانی بیانی ڕیکۆردی تۆمار کردووە و لە ١.٢ ملیار دۆلاری ئەمەریکییەوە بازی داوە بۆ ٢٠ ملیار دۆلار لە ساڵێکدا و ڕێژەی هەڵاوسانی دابەزاندووە. تۆڕەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی سەر بە ئاکەپە ڕۆڵێکی گرنگیان لە کەمکردنەوەی دەرەنجامە سەلبیەکانی ئابووریی بازاڕدا بینیوە. زیاد لەوەیش، دراوی تورکی سەرلەنوێ ڕێک خراوەتەوە و لەو کاتەوە پارێزگاریی لە بەهای خۆی بەرانبەر دۆلار و یورۆ کردووە.

بەکورتی، خەڵک زیاتر لە خەمی ژیانی ڕۆژانەیاندا بوون تا هەر گریمانەیەکی هەڕەشەی درێژخایەنی ئایدیۆلۆژی لە لایەن ئاکەپەوە. بەم شێوەیە، نە ناسنامە و نە ئایدیۆلۆژیا، بەڵکو زیاتر خزمەتگوزارییەکان و باشکردنەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا بوون کە جۆری دەنگدانی خەڵکیان دیاری کرد. ئاکەپە شارەوانییەکانی بۆ دەستەبەرکردنی خۆراک و خەڵووز و بەتایبەت چاودێریی تەندروستی -لەڕێی کۆمەڵێ چاکسازیی نوێوە- بۆ ملیۆنان خەڵک بەکارهێنا. لە سایەی چاکسازییە نوێکەی چاودێریی تەندروستیدا، خەڵک بە پاڵپشتیی حکومەت

[1]Bekir Ağırdır, “Seçmenin röntgeni I,” Radikal, July 25, 2007.

توانـای دەسـگەیـشتنە چـاودێریی تایبـەتیـان دەسـتکەوت. بـە دەربڕینێکـی تـر، لـە سـایەی ئاکـەپـەدا، تایبـەتانـدنی چـاودێریی تـەندروسـتی دۆخـەکـەی لانیکـەم لـە کورتمـەودادا باشـتر کـرد. حکومەتی ئاکەپەک هەروەها لەڕێی خزمـەتگوزاریی کـارگێڕیی نوێوە بیرۆکراسی فراوان کرد.

سـەبارەت بـە فاکتـەرە سیاسـییەکان، لانیکـەم پێنج فاکتـەر هـەن کـە ئـەنجـامی هـەڵبژاردنـەکـەیـان یـەکـلا کـردووەتـەوە: سـتراتیژی تونـدی AKP لـە دژی (یاداشـت-ئـی)ی سـوپا + کردنە قوربانیی گیول لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا + کـەسـایەتـی کاریزمـایی ئـەردۆگـان + لیـستە گـشتگیرترەکـەی نوێنەرە تـازەکـانی AKP بۆ پـەرلـەمـان + هـەروەهـا جۆشـدانی تۆڕە ئیسلامییەکان و داڕشتنی پرسەکان بە زمانێکی "لۆکاڵ".

خـەڵـک هـەر تـەنهـا دەنگێکـی "نـاڕەزایـی"یـان نـەدا، بـەڵکو هاوکات دەنگیان بە "عەقدێکی کۆمەڵایەتی"ی نوێ دا. یەکێک لـە بـەڵێنـە سـەرەکییـەکانی بانگـەشـەی هـەڵبژاردنـی AKP دانـانی دەستوورێکی نوێ بوو کە دیموکراسـی و کۆمـەڵگـەی مـەدەنـی قووڵتر بکاتەوە. ئەم بەڵێنە هەم لـە بـەرنامـەی هـەڵبژاردنـەکـە و هەم لە لێدوانە زارەکییەکانی سەرکردەکانی پارتـەکـەوە ڕووی دا. زۆر خەڵکی وڵاتەکە هـەستیان دەکرد ئـەمـە دەرفـەتێکـە بـۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کۆمارەکە بەپێی پێویستییەکانی EU. سـەرکـەوتنـی AKP لـە هـەڵبژاردن لـە ناوچـە کوردنشینەکـان پەیوەندیی پتەوی بەم بەڵێندانـەوە بۆ بـە دانـانی دەسـتوورێکی نوێوە هەبوو.

پـاش (یاداشـت-ئـی)یـەکـەی سـوپا ئاکـەپـە بـە ناڕاسـتەوخـۆ گـژبـەریکردنـی دەسـتێوەردانـی سـوپا پـەیـڕەوی لـە وەڵامدانـەوەیـەکـی چـەنـد لایـەنـە کـرد،. سـلی لـە دەرکردنـی

وەڵامێکی توند بۆ سوپا نەکردەوە لە کاتێکدا پێشنیاری ڕاستەوخۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی لەڕێی گەلەوە دەکرد.ئاکەپە هاکات هەلمەتێکی گەورەی ئەنجامدا بۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردنی خەڵک لەبارەی لێدوانەکانی سوپا و متمانەهێنان بە دەنگدەران کە ئاکەپە نەک هەڕەشە نیە، بەڵکو ئومێدە بۆ خەڵک. دواجار، ئاکەپە بۆ شکستهێنان بە فشارەکانی سوپا پێشنیاری هەڵبژاردنێکی پێشوەختی کرد.

بەبەکارهێنانی ئەم فێلانە، ئاکەپە سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی ململانێکە لەنێوان سوپا و ئاکەپە بۆ ململانێ لەنێوان دۆخی ئارا لەدژی گۆڕانی دیموکراتی یان سوپا لەدژی دیموکراسی. دوای پیادەکردنی سەرکەوتوانەی ئەو سیاسەتانە خەڵک بەزۆرینەی ڕەها دەنگیان دا بە ئاکەپە و لەدژی ئەو هەلمەتەی سوپا سەرکردایەتی دەکرد. لەوکاتەی سوپا بەسادەیی لێدوانی خۆی دەرکرد و چاوەڕوانی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکەی تەمووزی دەکرد، ئاکەپە لە سەرکەوتنەکەیدا قەرزاری هەوڵە باش ڕێکخراوەکەی بنکە جەماوەریەکەیەتی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە لێدوانەکانی سوپا و پیشاندانی بەرهەڵستیکردنی کاندیدبوونی گیول وەک یاخیبوونی هێزە کەمالیەکان لەدژی شێوەژیانی ئیسلامی. بە دەربڕینێکیتر، هەلمەتی هەڵبژاردنی ئاکەپە تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر کاندیدبوونی گیول دامەزرابوو وەک "هەڵبژاردنی سەرۆکێکی دیندار".

بە پیشاندانی کاردانەوە بەرانبەر گیول وەک هێرشێک بۆ سەر دینداریی تەقلیدیی ئیسلامی، ئاکەپە تۆڕە ئیسلامییەکانی لە سەرانسەری ئەنادۆڵ شانبەشانی میدیای ئیسلامی بەسیج کرد بۆ بزواندنی خەڵک لەدژی پارتە بەرهەڵستکارەکان. لەو

ڕووەوە ماکینەی دەوڵەت و هەروەها حکومەتەکانی شارەوانیەکان لە دەستی ئاکەپەدا بوو، ئاکەپە لە سوپا زیاتر دەستی دەگەیشتە خەڵک. (یاداشت-ئی)ی سوپا ئاکەپەی لە پرسیارە سەختەکان لەناو گفتوگۆکانی هەڵبژاردن ڕزگار کرد و هەڵبژاردنەکان بوونە ڕیفراندۆمێک لەسەر کەمالیزم لەدژی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە میراتی ئیسلامیی تورکیا.

"بەکارهێنان"ی بەرەنگاریی پەکەکە و تیرۆریزم و پێویستیی دەستتێوەردان لە باکووری عێراق لەلایەن سوپاوە وەک پرسێکی گەرمی ئاسایشی نەتەوەیی، وای کرد ئاکەپە لەڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە لاواز دیار بێ. حکومەتی ئاکەپە بە سیاسەتێکی زیرەکانە وەڵامی دایەوە بەوەی داکۆکی لە وەڵامێکی بەهێزی سەربازی بۆ هەڕەشەکانی پەکەکە کرد، بەڵام هاوکات جەختی لە نەگونجاویی کاتەکە و دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی کرد. ئاکەپە هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە سوپا بەشێوەیەکی شایستە بەرگری لە سنوورەکان نەکردووە و جەختی لەوە کرد تیرۆریستان لەناو وڵات زیاترن تا لە دەرەوە. بەدەربڕینێکیتر، سوپا سەرجەم کارتەکانی لە دژی ئاکەپە بەکارهێنا و بە خراپی شکستی هێنا لە بەدیهێنانی هەر شتێک، بەڵام دوایین متمانەی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لەدەست دا.

دیبەیت لەسەر لەشکرکێشییەک بۆ ناو عێراق لەژێر پاڵەپەستۆی سوپا و جەهەپە و مەهەپەدا یەکێک بوو لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نیگەرانی بوو لەناو زۆر خەڵکدا، کە دەترسان ئەمە سەقامگیریی وڵات لاواز بکات و بیباتە ناو تونێلێکی تاریکی مەترسیدار. خەڵک تا ڕادەیەکی زۆر دژی هەر

جـۆره لـــەشکرکێــشییەک بــوون و زیــادبوونی چالاکییــە تیرۆریستییەکانیان لە ماوەی سێ مانگ بەر لە هەڵبژاردنەکاندا بە بیانوویـەک بۆ دەرخستنی "نانیشتمانیبوونی ئاکـەپـە" و بـە "کاری هێزە ئەمنیەکان" لێک دەدایەوە.

بـە دەربڕینێکـی تـر، زۆر لـە تورکـەکـان دەیانپرسـی ئـاخۆ سـوپا بـەئـەنقـەسـت وا سیاسـەتـی ڕووبـەڕووبوونـەوەی بـۆ لاوازکردنی حکومەتی ئاکەپە گرتووەتە بەر.

لـە هـەڵبژاردنـەکـەی ۲۰۰۷دا، زۆرینـەی ڕەهـای کـوردەکـان ئاکەپەیان پەسەند کرد. ئـەمـە بـووە مایـەی پاشـەکشـەی پـارتی ئەتنی کوردی DTP، کە پێشتر DEHAP بوو، کە دەنگـەکـانی لە ٦.٢% لە ۲۰۰۲ بۆ ٤% لە ۲۰۰۷ دابەزی. زۆر لە کوردەکان دەنگیان بە سیاسەتەکانی ئاکەپە دا بە ئومێدی ئـەوەی دۆخیـان لە سایەی حکومەتێکی تری ئاکەپەدا باشتر دەبێ. چاوەڕوانـی مـافی زیـاتری کـولتـووری، باشـتربوونی دۆخـی ئابوورییـان و مامەڵـەی دادپـەروەرانـە لـە لایـەن دەوڵـەتـەوە دەکـرد. فاکتـەری هەرە سـەرەکیی کاریزمایی ئـەردۆگان بـوو وەک سـەرکـردەی بـالای جـەمـاوەرە موحـافیزەکـارەکـە. ئـەو لـە ڕووی زمـانی جەستەیەوە، ئەو مۆدێلەی پێشکەشی دەکات، هەروەها تەواوی شێوە ژیانی، هەمیشە وەک یەکێک لە خۆیان تـەماشـای کـراوە. جگە لەوە، گیولیش لە هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۷دا وەک ئـەردۆگان گرنگ بوو، لەو ڕووەوە بەرنامەی هەڵبژاردنی ئاکەپە زیاتر بـە دەوری هـەڵـمـەتـە کـەمالییـەکـە لـە دژی سـەرۆکایـەتیـی ئـەو دامـەزرابـوو. کاریگـەریـی هـەڵبژاردنـە سـەرۆکایـەتییـەکـە لـە بەرژەوەندیی ئاکەپە کاری کرد.

ئاکـەپـە مـەزلـووم (کـەسـێکی سـتەملێکـراو) و مـەغـدوور (کـەسـێکی بـەقوربـانیکراو)، هـەروەهـا هـەڵاوێرانـی خـەڵکـانی

دینداری له کایەی گشتی له لایەن "تورکه سپیپێست"ەکانەوه به شێوەیەکی دراماتیکی پیشان دەدا. دامەزراوەی کەمالی وەک "سپیپێستەکان" و لایەنگرانی ئاکەپەیش وەک "ڕەشپێست"ەکانی تورکیا، که له لایەن سیستەمەکەوه پەراوێز خراون، پیشان دەدران. ئەم قاڵبڕێژکردنەی قەیرانەکه لەناو خەڵکی ئاسایی تورکدا زۆر سەرکەوتوو بوو. تۆڕه ئیسلامییەکانی بەسیج کرد، بەتایبەت جەماعەتی گیولەن که ململانێیەکی بەردەوامی لەگەڵ سوپادا له بەرژەوەندیی ئاکەپە هەبوو. ئاکەپه به پاڵپشتی تۆڕه ئیسلامییەکان چەندین کۆبوونەوەی ساز کرد و پەیامەکەی خۆی گەیاندە هەموو کونوقوژبنێکی وڵات[1]. بۆ نموونە، له بانگەشەی هەڵبژاردنی ٢٠٠٧دا کۆبوونەوەی جەماوەری له پەنجاوهەشت پارێزگه ئەنجام دا، له کاتێکدا جەهەپه تەنها له بیست دانەدا هەیبوو.

## نیگەرانیی پاش هەڵبژاردن: دەستووری نوێ

سەرکەوتنە (پەرلەمانی و سەرۆکایەتی)یەکەی ئامەپه له هەڵبژاردنەکاندا نیگەرانیی کۆمەڵگەی زیاد کرد و دابەشبوونی قووڵ لەنێوان ئاکەپەی مەیله ئیسلام و ڕکابەره سیکیولار-ناسیونالیستەکانی زەق کردەوه، که دەترسن لەوەی سیستەمی سیاسی وڵات له لایەن گرووپه ئیسلامییەکانەوه، بەتایبەت بزوتنەوەی گیولەنەوه، ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی وجوودی دەبێتەوه. سوپا به شێوەیەکی تایبەت زۆر نیگەرانه[٢].

---

[1] لەبارەی جۆشدانی ڕێکخراوەکانی گیولەن له ناوچه کوردییەکاندا بڕوانه دیمانەکەی ئەلتان تان له: میللیەت، ٣٠ی تەمموزی ٢٠٠٧.

[2] حیلمی ئۆزکوک سەرۆکی خانەنشینی ئەرکانی گشتی نیگەرانییەکانی خۆی لەبارەی ژمارەیەک بابەت لەگەڵ فیکرەت بیلا باس کردووه. Milliyet, October 1–5, 2007.

لـەگـەڵ ئـەدای لاوازی CHPدا، کـە خـراپ شکـستی هێنـا لەوەی نیگەرانییەکانی تورکە عەلمانییەکان بقۆزێتەوە، تـەنانـەت پـاش کۆبوونـەوەی جـەمـاوەرییـە گـەورەکـانیش، سـوپا ئیتـر زەمینەیەکی جەماوەریی کەمتری هەبوو بۆ دەربڕینی نـەیاریی خۆی بۆ سیاسەتەکانی ئاکەپە.

سوپا شانبەشانی هەندێ توێژی سیکیولار زیاتر لـە پێشوو هەست بە لاوازی دەکەن و هەستێکی قووڵ بە "گەمارۆدران" و بێئومێدییان لـە لا دروسـت بـووە. ئـەم بـاری دەروونـە، لای خۆیەوە، دەشێ ببێتە هەڵگری تۆوی گرژیی نوێ، ئـەگـەر بێتـو ئەردۆگان ئەم هەستیاری و نیگەرانییانە بە هەند وەرنەگرێ. بە هۆی چوونی هـەریـەک لـە MHP و DTP بـۆ نـاو پـەرلـەمـان، لـەوانـەیـە هـەڵبژاردنـەکـانی ٢٠٠٧ جـەمـسـەرگیـری هـەم لـەنـاو پەرلەمان و هەم لەناو کۆمەڵگەدا قووڵ بکاتەوە. دەشێ کەمینە ناسیونالیستەکان زیـاتر خـۆ جـۆش بـدەن، لـە کاتێکدا دەشـێ ئـەقڵیـەتـە بـەرتـەسـکەکـەیـان ببێتـە مایـەی هـەنـدێ ڕووداوی خوێناوی ئەگەر بێتو AKP ئەو نیگەرانییانە لەبەر چاو نەگرێ.

نیگـەرانیی گـەورەی گرووپـە عـەلمانییـەکان پـەیـوەنـدیی بـە دەستپێشخەرییەکەی ئاکەپەوە هەیە بۆ داڕشتنی دەسـتوورێکی نـوێ. ئاکـەپـە لـەڕێـی گفتوگـۆی دەسـتوورییەوە هـەوڵ دەدات بنەما دامەزرێنەرەکانی کۆمارەکە پێناسە بکاتەوە. ئـەمـە پێشتر دابەشبوونێکی نوێی لەنێوان گرووپە ئیسلامییەکان لە لایـەک - کـە دەیانـەوێ لایـەنـە دەسـەڵاتگـەرانـی سیـستەمـی کـەمـالی پاشەکشە پێ بکەن- و گرووپە سیکیولارەکان -کـە دەیانـەوێ بیپارێزن- دروست کرد.

ئاکـەپـە گرووپێـک لـە مامۆسـتایانی یاسـای دەسـتووری بـە کرێ گرتووە بە سەرۆکایەتی ئەرگون ئۆزبودون، مامۆسـتا لـە

زانکۆی بیلکەنت، کە چەند ڕەشنووسێکی دەستووری بۆ ژمارەیەک ڕێکخراوێکی جیاواز ئامادە کردووە. ئامانجی ئاکەپە پێناسەکردنەوەی بنەما دامەزرێنەرەکانی کۆمارەکەیە بە پاڵپشتیی لیبراڵەکان، تا بە ئیسلامیبوون تۆمەتبار نەکرێ. ڕەشنووسی دەستوورەکە ڕەنگدانەوەی خواستی بیرمەندانی خاوەن ڕا و لیبراڵە. هەندێ لەو بیرمەندانە کە داکۆکی لە دامەزراندنی "کۆماری دووەم" دەکەن تێگەیشتنێکی مێژوویی جێمشتومڕیان بۆ پەرەسەندنی سیستەمە سیاسییەکە، هەیە[1].

مەبەستیان لە "کۆماری دووەم" تورکیایەکی بە تەواوی ناکەمالییە بە پێناسەیەکی نوێوە بۆ عەلمانییەت بە مەبەستی کردنەوەی ڕووبەری زیاتر بۆ ئەرگومێنتە سیاسییە خاوەن بناغە ئایینییەکان، هەروەها پاڵپشتیکردنی ڕێکخستنێک کە تێیدا زۆر لە دەسەڵاتەکان شۆڕ ببنەوە بۆ پارێزگەکان (وەک

---

[1] محەمەد ئالتان کە یەکێکە لە لایەنگرانی گفتوگۆکانی کۆماری دووەم، زاراوەکە بەم شێوەیە پێناسە دەکا "ئەو کۆمارەی لە ساڵی ١٩٢٣دا دامەزرا سیفەتە دیموکراسی و پلورالیستیەکانی تێدا نییە، سەروەری بۆ خەڵک نییە، بەڵکو بۆ بیرۆکراسی و سوپایە، تێگەیشتنی لە سیستمی ئابووریی دەوڵەتی گۆڕا بۆ "سیستمێکی چەپاوکردن" .robbery system' لەبەر ئەوە پێویستە کۆمارەکە دیموکراتیزە ببێ و سیستمە سیاسییەکە بچێتە قۆناغی سەرلەنوێ داڕشتنەوە.

ئەمە کرۆکی بیرۆکەی پشت کۆماری دووەمە. چی دەگەیەنێ؟ دەیەوێ سیستمە بیرۆکراسییەکە بگۆڕێ بۆ سیستمێکی دیموکراسی. ئەمە مانای کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەتە لە ئابووریدا، بەرهەمهێنانی سیستمێکی شەفافی سیاسی و ئابووری و بەخشینی دەسەڵاتێکی زیاتر بە باجدەرەکان. بەتایبەت مانای نەهێشتنی باڵادەستیی سوپایە بەسەر ڕژێمەکەدا و داڕشتنەوەی دەوڵەت و کردنی بە ڕژێمێکی بەرهەمهێن و دیموکرات بە بەشداریی سەرجەم گرووپە کۆمەڵایەتییەکان".

(The Turkish Daily News,September 28, 2007).

ڕێگـەیـەک بـۆ وەڵامدانـەوەی داواکـانی کـەمینـە کوردییـەکـە)، هـەروەهـا هێنانـەکایـەی سیـستەمێـک کـە ئایدیۆلۆژیایـەکـی بەڕەسمی سەپێنراوی نەبێ.

بـە دەربڕینێکـی تـر، بـاوەڕیـان وایـە پێویـستە کۆمـارەکـە لایەنگری هیچ هـەڵوێستێکی نـەتـەوەیی یان ئایدیۆلۆژی نـەکا، بـەڵکو بـە هـەمـان دووری لـە سـەرجـەم بـژارە و بۆچـوون و ئایینەکانەوە بوەستێ. بەڵام هـەندێ لـە ڕەخنـەگران وا هـەست دەکەن ڕەشنووسـەکە نـەیتوانیوە دەرک بـەوە بکا کە تورکیا خـاوەن نـەریتێکی قـووڵی لیبـراڵ نییـە، هـەروەهـا ئـەوانـەی بـە باشی ڕێک خراون و دڵڕەقن، سەرکەوتووتر دەردەکەون، بۆیە هـیچ دوور نییـە ئـەم بـژارەیـەی ئـەوانـەی لـەگـەڵ گـۆڕانی ڕادیکاڵانەی کۆمارە کەمالییەکەن سەربکێشێ بۆ دابەشبوون و ناسەقامگیرییەکی زیاتر.

وردبوونـەوە لـە ڕەشنووسـی دەسـتوورەکە دەریـدەخـا کـە: ستایشی ئابووریی بازاڕ و خاوەندارێتیی تاکەکەسی دەکا وەک ئایدیالێکی بـاڵا، تورکیبوون پێناسـە دەکاتـەوە، زمـانی کـوردی وەک دووەم زمانی خوێندن لە قوتابخانە حکومییەکان دادەنێ، دادگەی دەسـتووری و ئـەرکـەکانی سـەرلـەنوێ دادەڕێژێتـەوە، سـەربـەخـۆیی سـوپا کۆتـایی پـێ دێنـێ لـەڕێـی ملکـەچکردنـی بڕیارەکانی ئەنجوومـەنـی باڵای سـەربازی بۆ پێداچوونـەوەی یاسـایی، هـەروەهـا دەسـەڵاتـەکـانی سـەرۆکـی تورکیـا کـەم دەکاتـەوە. AKP هـەوڵ دەدا لـەڕێـی گـۆڕانی دەسـتووری لـە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵادا کێشەی سەرپۆش چارەسەر بکا.

ڕەشنووسی دەستوورەکە پێشتر بووە مایەی مشتومڕێکی گـەورە و کاردانـەویـەکـی بـەهێـز لـە سـێکتەرە جیـاوازەکـانی کۆمەڵگەدا. زۆر لە نەیارانی ئاکەپە بەگومانن لەوەی ئەو حزبە

لە هەوڵدایە بۆ پێناسەکردنەوەی کۆمارەکە بەگوێرەی پێکهاتە فرە کولتوورییەکە. ڕەشنووسە پێشنیارکراوەکە ژمارەیەک ماددەی تێدایە کە دەشێ ببنە مایەی بەتەواوی بە لامەرکەزیکردنی دەوڵەت، کردنەوەی ئاسۆی نوێ بۆ پێناسەکردنەوەی دەوڵەت وەک سیستەمێکی دوو نەتەوەیی (کورد و تورک)، هەروەها بنکۆڵکردنی ڤێرژنە کەمالییەکە لەبارەی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین. هەندێ لە کاردانەوەکان ڕەنگدانەوەی لێکدانەوەی تایبەتی کەمالی بوون بۆ لیبراڵیزمی خۆرئاوایی. بۆ نموونە، مستەفا بومین سەرۆکی پێشووی دادگەی دەستووری گوتوویەتی ڕەشنووسەکە هەوڵ دەدا قەدەغەی سەر سەرپۆش سووک بکا، ئەوەیش لای خۆیەوە فشار دەخاتە سەر هەموو ئافرەتان تا لە زانکۆکاندا بیپۆشن.

ئەم ئەکادیمیستانە نیەتی باشیان هەیە، بەڵام واقیعی تورکیا ناناسن. تورکیا وڵاتێکە تێیدا خەڵک لەسەر ئەوەی لە کاتی ڕەمەزاندا ڕەچاوی ڕۆژوو ناکەن لێیان دەدرێ. ئەگەر دەستوور ڕێگە بە خەڵک بدات چۆنیان دەوێ جل بپۆشن، قوتابییە سەرپۆشبەسەرەکان ڕێگە لەوانە دەگرن کە نایانەوێ سەر دابپۆشن[1].

زیادبوونی ژمارەی چینی ناوەڕاست لە ئەنادۆڵ کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە هاوشێوەکانیان لە پایتەخت موحافیزەکارترن- و تا دێ کاریگەرییان زیاتر دەبێ، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ململانێدا بوون تا بە ناوی ئازادیی خوێندن و ئازادیی هەڵبژاردنەوە قەدەغەکە هەڵبگرن. ئەگەرچی دادگەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕیاری

[1] For Bumin’s interview, see Hürriyet, September 17, 2007.

دا کە قەدەغەکە مافی ئافرەتانی لاوی بۆ خوێندن یان ئازادیی هەڵبژاردنی پێشێل نەکردووە، حکومەتی ئاکەپە دەیەوێ لەڕێی گۆڕانی دەستوورییەوە قەدەغەکە هەڵبگرێ. ئامانجی ئاکەپە لە هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر سەرپۆش گەورەترە.

ئامانجی دەستووری ١٩٨٢ زیاتر پاراستنی بنەما دامەزرێنەکانی دەوڵەت بوو تا مافەکانی هاووڵاتییان. لێرەوەیە کە لەمپەرێکی سەرەکییە لە بەردەم دیموکراتیزەکردن و گۆڕاندا. لە ڕاستیدا ئەردۆگان و هەندێ لە لایەنگرە لیبراڵەکانی سەرکەوتنەکەی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٧یان بە دەرفەتێک زانی بۆ دامەزراندنی "کۆماری دووەم"، واتە پێناسەکردنەوەی سیکیولاریزم و ناسنامەی نەتەوەیی و ناکەمالیزەکردنی دەوڵەتی تورکی. ئەمە لای خۆیەوە دامەزراوەی عەلمانی بە ئاڕاستەی پێچەوانە جۆش دا و وای لێ کرد حزبی حاکم وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر سیکیولاریزم تاوانبار بکا.

دوای هەموارکردنە دەستوورییەکان بۆ ڕێگەدان بە پۆشینی حیجاب لە زانکۆکانی تورکیادا، عەبدولڕەحمان یالچینکایا گەورە داواکاری گشتیی دادگەی بەرایی باڵا ئاکەپەی تۆمەتبار کرد بە هاندانی "چالاکیی دژەعەلمانی" و بوون بە "چاوگی بنکۆڵکردنی سیکیولاریزم". لە تۆمەتنامەیەکی ١٦٣ لاپەڕەییدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی AKP، یالچینکایا باسی لە هەوڵەکانی حکومەت کرد بۆ هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر سەرپۆشی ئیسلامی لە زانکۆکان، هەوڵدان بۆ پاشەکشەپێکردنی بەربەستەکانی بەردەم خوێندنی ئایینی، دەربڕینی لێدوانی دژە-عەلمانی لە لایەن بەرپرسانی پارتی دەسەڵاتدارەوە، کرد. داواکاری گشتی داوای لە دادگەی دەستووری کرد ٧٠ کەس،

لەوانە ئەردۆگان و گیول، بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە کاری سیاسی قەدەغە بکا.

لە ٣١ی ئاداری ٢٠٠٨دا، دادگەی دەستووری کە هەشت کەس لە یازدە دادوەرەکەی لە لایەن سەرۆکی پێشوو ئەحمەد نەجدەت سیزارەوە دانرابوون، کە پاڵپشتێکی بەهێزی کەلەپووری عەلمانییەتی کەمالی تورکیا بوو، بە کۆی دەنگ دەنگیان دا بە گوێگرتن لە کەیسەکە. پارتی دەسەڵاتدار بە توندی ڕەخنەی لە کەیسی هەڕەشەی داخستن لە لایەن دادگەوە گرت و جەختی لەوە کرد ئەو کارە دەشێ ڕیفۆرمە سیاسی و ئابوورییەکان کە بەشێکن لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ چوونە پاڵ یەکێتیی ئەورووپا، لەبار ببات.

لە ڕاستیدا، هەفتەیەک دوای کەیسەکەی داواکاری گشتی، حکومەتی AKP هەڵمەتێکی دەستگیرکردنی دراماتیکیی نیوەشەوانەی لە دژی ڕکابەرە دیارەکانی ئەنجام دا، لەوانە ئیلهان سەلجوقی تەمەن ٨٣ ساڵ ستوونووس لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی جمهوریەت Cumhuriyetی سیکیولاری توندڕەو، کەمال عەلەمدارئۆغلو سەرۆکی پێشووی زانکۆی ئیستەنبوول و دۆگو پەرینجیک سەرۆکی پارتی کرێکارانی ناسیونالیستی چەپڕەو. سەرجەمیان تۆمەتبار بوون بەوەی ئەندام بوون لە گرووپی چەتەکانی ئەرگەنەکۆن ، "Ergenekon çetesi" کە پلانیان هەبووە بۆ تێوەگلان لە "چالاکیی توندوتیژیی نایاسایی" بۆ "ڕوخاندنی حکومەت".

لە ٣٠ی تەمموزی ٢٠٠٨ دادگەی دەستووری داواکەی داواکاری گشتی ڕەت کردەوە بۆ یەکجاری داخستنی ئاکەپە و قەدەغەکردنی ئەردۆگان و گیول و حەفتا سەرکردەی تری ئاکەپە لە کاری سیاسی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە تۆمەتی

ئـەوەیـە ئاکـەپـە بـووەتـە چـاوگی "چـالاکیی دژە-عـەلمـانی" و "هەوڵدان بۆ گۆڕینی دەوڵەت بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامی".

هەرچۆن بێ، دادگە لەگەڵ تۆمەتنامـەکەی داواکاری گشتی کۆک بوو لەوەی ئاکەپە ئاماژەی ئەوتۆی پیشان داوە لە بوون بـە "چـاوگی چـالاکیی دژەعـەلمـانی" و بڕیـاری دا پارتـەکـە بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵ لـە ٥٠%ی ئـەو کۆمـەکییـە داراییـەی لـە گەنجینەی دەوڵەت پێی دەدرێ، بێبەش بکرێ. ئەگەرچی دادگە حزبـەکـەی دانـەخست، بڕیـارەکـەی نیگـەرانییـەکـەی سـێکتەری ئەنتی ئاکەپەی کەمالی کۆمەڵگە قووڵتر دەکاتـەوە، ئـەویش بـە شــەرعییــەتـدان بـە ترسـەکـەیـان لـەوەی AKP لـە چـالاکیی دژەعەلمانییەوە گلاوە.

لــە ڕاســتیدا دادگــە ئاکــەپــە و ئــەردۆگــانی خــستە ژێــر تاقیکردنــەوەیــەکــی ســەخــت. چـاوەڕوان دەکـرێ بڕیـارەکـە دەرەنجامی ناڕاستەوخۆی لەسەر حوکمڕانی ئاکەپەیش هـەبێ. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بڕیارە، پارتی دەسەڵاتدار ناچار دەبێ بە وریایی زیاترەوە لەمەڕ پرسە هەستیارەکانی وەک مافی تورکە دیندارەکان و کەمینە ئەتنییەکان و ڕیفۆرمـە دەستوورییەکـان لــەپێنــاو فراوانکردنــی ئازادییــە مــەدەنییــەکــان بــەگــوێرەی پێوەرەکانی EU، ڕەفتار بکا. بەکورتی، ئەردۆگان دەبێ خۆی لـە پرسـە ئایینییـە جێمشتومڕ و پـەرتکـەرەکان کـە لێکترازانـی کۆمەڵگە قووڵتر دەکەنەوە، دوور بگرێ.

بڕیــارەکــەی دادگــە گرووپــە ئیــسلامییە لیبراڵــەکــان و بانگـەشــەکـاران بـۆ بـاڵادەسـتیی زیـاتری مـەدەنـی بـەسـەر دامـەزراوەی سـەربـازی-بیرۆکراسـی و فراوانکردنـی ئازادییـە مــەدەنییــەکــان، لــە گرژییــەکــی بــەردەوام لــەگــەڵ گرووپــە

کەمالییەکاندا هێشتەوە، کە دەیانەوێ پارێزگاری لە دۆخی ئارا، هەروەها دەسەڵاتی دامەزراوە کۆنە کۆمارییەکە بکەن.

کەیسەکە ڕەنگدانەوە ململانێی دەسەڵات بوو لەنێوان دامەزراوەی کەمالی-سیکیولار و هێزە پرۆ-ئیسلامەکان لەسەر ئایندەی تورکیا، هەروەها ئاستی ئەو بەلانسەی پێویستە لەنێوان کۆماریگەرایی و دیموکراسی لە لایەک و سیکیولاریزم و ڕۆڵی ئیسلام لە سیاسەت و کۆمەڵگە لە لایەکی ترەوە هەبێ. کەیسەکەی دادگە دابەشبوونە قووڵەکانی ناو تورکیا و سیاسەتە فاشیلەکانی حکومەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ترسەکانی دامەزراوەی عەلمانی زەق کردەوە. وێنای ئاکەپە بۆ دیموکراسیی "زۆرینە"، واتە دیاریکردنی بڕیارەکان بە حوکمی زۆرینە، هەروەها دەمارگیریی نالیبراڵانەی زۆرێک لە دامەزراوەی کەمالیدا نەیانتوانیوە زمانێکی سیاسیی هاوبەش و ئەندازەیەک لە سازان لەناو کۆمەڵگەدا بەرهەم بێنن. زمانێکی هاوبەش نییە بۆ مامەڵەکردن لەتەک ئەو پرسە جێناکۆکانەدا، هەروەها پەرەسەندنی دوو زمانی سیاسیی پێچەوانە ناتوانرێ لەنێو پرۆسەی هەڵبژاردندا چارەسەر بکرێ، بەڵکو زیاتر پێویستی بە دیموکراسییەکی ئاڵوگۆڕانە و جەماوەرێکی بەشدار هەیە بۆ داهێنانی زمانێکی نوێی بێلایەنی "سیاسی". نە دیموکراسیی زۆرینە و نە جەمسەرگیریی دادگەکان ناتوانن زمانێکی هاوبەش دروست بکەن، بەڵکو ئەوە قەیرانەکە لە وڵاتدا قووڵتر دەکاتەوە. هێزە پرۆ-ئیسلامەکان لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی شێوە ژیان و زمانی خۆیان لەڕێی زۆرینەی پەرلەمانییەوە، لە کاتێکدا کەمالیستەکان قەزا بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەتە هەڵبژێردراوەکە بەکار دێنن.

## ترس لە "زۆرینەگەرایی"ی ئیسلامی

پرۆسەی ئەسلەمەکردنی دامەزراوەیی و سلوکیی لەسەرخۆ لە ناوەڕاستی ١٩٨٠کانەوە لە تورکیا بەردەوام بووە. ئەم ئەسلەمەکردنە ڕۆژانەیە یاخود ئاییندارییە گشتی شانبەشانی سەرکەوتنی ئیسلامییەکان هەڵبژاردنەکانی حکومەتە لۆکاڵی و نیشتمانییەکاندا گەشە دەکا. بەم شێوەیە دەبینین ئەسلەمەکردن پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە. بۆ تێگەیشتن لە ئاسەوارە کورتمەودا و درێژمەوداکانی ئەو پرۆسەیە پێویستە لە هۆکارە ورد و درشتەکان و گرژیی نێوان سترەکچەر و بکەر پێکەوە لێیان بکۆڵرێتەوە.

پرۆسەی سەرەکیی ئەسلەمەکردن لەسەر ئاستی ڕێکخراو (تۆڕ) ڕوو دەدات و ئەو تۆڕانەیش بۆ جۆشدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاردێن. بە دەربڕینێکی تر، پەیوەندییە ناوخۆییەکانی گرووپ لەسەر حسابی بەیەکەوەبەستنی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە دەرەوەی گرووپ بەهێز کراون. لە ٢٠٠٢ـەوە ئاکەپە کەسانی لە ڕووی ئایینییەوە پابەندی لە هەموو توێژەکانی بیرۆکراسی تەوزیف کردووە، بەتایبەت لە وەزارەتی پەروەردە، کە ئێستا شوێنکەوتوانی فەتحولا گیولەن بەسەریدا باڵادەستن.

ئەم گۆڕانە لە زمانی سیاسی و کایە گشتییەکاندا لە ڕووی ئیسلامیزەکردنەوە، کرۆکی ترس و پاڵنەری گردبوونەوە جەماوەرییەکەی نیسان و ئایاری ٢٠٠٧ دا. زۆر خەڵک لەبارەی ئاسەوارە دوورمەوداکانی ئەو ئیسلامیزەکردنە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و دەوڵەت نیگەرانن. لەگەڵ ئەوەیشدا، هەڵەیە ئەگەر ئەم ئیسلامیزەکردنە بەتەواو نەرێنی بخوێنرێتەوە، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی لەو گەشەپێدانە ئابوورییەی لە وڵاتدا

لەئارادایە گێڕاوە و سەرەنجام زۆر لە موسڵمانەکان میانڕەوتر بوون. بە دەربڕینێکی تر، پرۆسەی ئەسلەمەکردن لە کاتێکدا بیرۆکەی سیکیولاریزم دادەڕێژێتەوە هاوکات بە جارێکی تر پێکەوەبەستنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگە ڕۆڵێکی میانڕەوانەی لە کۆمەڵگەدا بینیوە. لەگەڵ ئەوەیشدا بە لای تورکە سیکیولارەکانەوە ئەم کاریگەرییە میانڕەوانانە هەنگاوی یەکەمن بەرەو ئیسلامیزەکردنی تەواوی دەوڵەت بە ئاڕاستەیەکی دەسەڵاتگەرایانە. ئەم گۆڕانانە دەرەنجامی چەندین دەیە لە گۆڕانی ئابووری و سیاسین.

خاوەنی دوکانێکی زێڕ بە ڕیپۆرتەری نیویۆرک تایمزی گوت: "تۆ دەتوانیت هەست بە ئیسلامیزەکردنێکی هێمن و قووڵ بکەیت... ئەوان بەدوای گۆڕانێکی بە پەلەوە نین. ئەوان وەبەرهێنان بۆ پەنجا ساڵی تر دەکەن"[1].

ترسی ڕوولەزیادی نێو پێکهاتە لە ڕووی تەقلیدییەوە سیکیولارەکانی کۆمەڵگە ئەوەیە AKP لەڕێی هێنانەکایەی کۆمەڵێ پرنسیپی تر لەبارەی پێناسەی "کەسی باش و ڕێگەی باشی ژیان"ەوە، هەوڵ دەدا شێوەژیانی مۆدێرن بگۆڕێ. پرسەکە ئاڵۆزە و لەبارەی خودی ئاکەپەوە نییە، بەڵکو زیاتر لەبارەی پێکهێنانی مۆد و مومارەسەی نوێوەیە. کاتێک سەرۆکی پێشوو سیزەر هەوڵی دا دامەزراندنی ستافێکی پرۆ-ئیسلام بۆ پۆستە سەرەکییەکانی حکومەت بوەستێنێ، حکومەت ئەوانەی وەک جێگرەوە، یاخود بریکار (vekil) دامەزراند تا بەسەر ڤیتۆی سەرۆکایەتیدا زاڵ ببێ. لە هەڵبژاردنی عەبدوڵلا گیولەوە بە سەرۆک، زۆربەی پۆستە

[1]32The New York Times, June 1, 2007.

باڵاکانی حکومەت لە لایەن بەرپرسانی سەر بە ئاکەپەوە پڕ کراونەتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا، وەک بە شێوەیەکی سەیر بووەتە ڕەوتێک لە ئەمەریکا، گۆڕانێکی گەورە لە پرۆگرامی خوێندن لە تورکیا هاتووەتە کایە، ئەویش بە سەپاندنەوەی تیۆری "نەخشەی زیرەک"ەوە (پێدانی ڕووبەری زیاتر بە ڕوانگە ئایینییەکانی خەلق و کەمتر بە تیۆری "پەرەسەندن" و "هەڵبژاردنی سروشتی"ی داروین).

هەندێ ئاماژە هەن لەسەر ئەسلەمەکردنی پلەبەپلەی سێکتەرە پێشتر کەمالییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە. مەبەستم لە ئەسلەمەکردنی پلەبەپلە دزەکردنی ئایدیا و بەها ئیسلامییەکانە بۆ نێو دامەزراوەکان، شێوەژیانەکان، زمانی سیاسی، هەروەها میدیا.

ئەم شێوە ئەسلەمەکردنی خشکەییە، شتێکە تۆ دەرینابڕیت، یاخود نایسەپێنییت، بەڵکو زیاتر بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانیت کارت تێدەکات و بەسەرتدا دەسەپێ. ئەوە ئەسلەمەکردنە لەڕێی فشاری مەعنەوییەوە، کە کەشوهەوای سیستەمێکی میعیاریی نوێ دروست دەکا. بە دەربڕینێکی تر، خەڵک دەست دەکەن بە لاساییکردنەوەی شێوە ئیسلامییەکانی هەڵسوکەوت لەڕێی سڵاوکردن، شێوازی جلپۆشین dress codes و نوێژکردنەوە تا ئینتیمای خۆیان بۆ کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی پیشانی بدەن، با تەنانەت هەندێکیان باوەڕیشیان بەو شێوانە نەبێ. ئەمە ئیسلامیزەکردنە لەڕێی لاساییکردنەوە و فشاری گشتییەوە. کۆمەڵناسی تورک شەریف ماردین ئەمەی ناوناوە "فشاری گەڕەک" mahalle baskısı کە لەم ئەسلەمەکردنە

دامــەزراوەییــەوە پــەرەی ســەنــدووە و بــە لای هــەنــدێ لــە نەیارانەوە، دەشێ ئازادییە کەسییەکان سنووردار بکا[1].

ئــەم فــشاری گــەڕەکــە دزەی کــردووەتــە نــاو قوتابخانــە ئامادەییەکان، گەڕەکەکان و تەنانەت دامەزراوەکانی دەوڵەتیش. تەرزی نوێی هەڵسوکەوت و کارلێککردن، سڵاوکردن و درێس کــۆدەکــان، وەک "ئیــسلامی" خراونــەتــە ڕوو، بــەوەیــش شەرعییەتیان پێ دراوە تا کۆمەڵگە شوێنیان بکەوێ.

تەسەوری ئەردۆگان بۆ دیموکراسیی دەنگدان، کە تەنها هەر زۆرینەگەرا نییە، بەڵکو تائیفیشە، سەرچاوەی سەرەکیی ترسـی ئێـستای سـێکتەرە عـەلمانییـەکـەیـە. دیموکراسـییە تائیفییەکەی لە دوو بیرۆکە پێک دێ: ١-ئەوانەی سەر بە یەک ئایین بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی هاوبەشیان هەیە بە چاوپۆشین لە بنەچەی نەتەوەییان. ٢-بەرژەوەندییەکانی موسڵمانانی بڕوادار لە بەرژەوەندییەکانی شوێنکەوتوانی گرووپە خاوەن ناسنامە نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژییەکانی تر جیاوازە.

بە پێداگرتن لەسەر سۆلیدارێتیی ئیسلامی و ناسیونالیزمی موسڵمان بەسەر ناسیونالیزمی نەژادیدا، ئەردۆگان هەوڵ دەدا دەرفەت (یان مۆلەت) بۆ کاری حکومەت دابین بکا. ئەو پێی وایە ئایین و نەتەوە وەک دوو ڕووی هەمان دراو یەکیان گرتووە، هەروەها سیاسەت ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی سیستەمێکی ئەخلاقی و بەختەوەری.

ئـەردۆگـان زیـاتر زمـانێکی سازشـکارانەی لـەنێـو هێـزە سیاسییە دژەبەیەکەکاندا پەیڕەو کردووە، نەک سەپاندنی ئەو زۆرینەگەراییە، بەڵام زیاتر پەیڕەوی لە بیرۆکەی تورکیایەکی

---

[1]33See Şerif Mardin's interview in Vatan, May 15, 2007.

پەسەند کرد کە لەنێوان زۆرینەیەکی براوە و کەمینەیەکی دۆڕاودا. پەیڕەوکردنی بێ لاموجیمی ئەو بیرۆکەیەیش کە پێی وایە بازاڕی ئازادی جڵەونەکراو دەتوانێ دەست بەسەر ئەرکەکانی دەوڵەتدا بگرێ، بە هەمان شێوە جێی مشتومڕە. ئەم ئایدیۆلۆژیا ڕێگن-تاچەرییەی لیبراڵیزمی نوێ بەرپرسیارێتییە بنچینەییەکانی دەوڵەتی کەم کردووەتەوە و خستووەتە ژێر پرسیار، تەنانەت لە هەندێ بواری هەستیاری وەک پەروەردە و چاودێریی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی ناوچە هەژارەکانی وڵاتیشدا.

ئەم حوکمکردنە پشت بە بازاڕ بەستووە سەرچاوەی سەرەکیی ئەو نایەکسانییە تێکدەرەی کە لە تورکیا هەیە و ئەمڕۆ گرژییەکی ڕوولەزیاد لەنێوان براوە و دۆڕاوەکانی بازاڕ لەئارادایە. ئەم سیستەمە ئابوورییە نوێیە یارمەتیی برەودان بە خۆپەرستی و تاکایەتیی کێبرکێکارانەی سیستەمی بازاڕی داوە.

بە لای نەیارانەوە، پاڵنەری قازانج وای کردووە بە ڕەسمی بەرژەوەندیی تایبەت پێش بەرژەوەندیی گشتی بخرێ. بەرەی پێشەوەی ئەم گرژییە لە ڕۆژنامە و مینبەرەکان و ئێزگەکانی ڕادیۆ و قاوەخانە و ڕێڕەوە جیاوازەکانی ژیانی تایبەتدا بە ڕوونی دیارە. لە کاردانەوەی ئەو ئەخلاقە بناغە بازاڕەدا دژە ئەخلاقێکی نوێ لەگەشەدایە. لە زمانە ئەخلاقییە دژە-ناسیونالیستییەکەیدا دەوڵەت و نەتەوە بوونەتە بابەتی سەرەکی، توێژە پەراوێزخراوەکانی دانیشتوانیش هان دراون تا بە هەستێکی پاڵەوانێتییەوە و لەڕێی خەونی سیاسییەوە، فەزایەک بۆ خۆیان لە بەرژەوەندیی خزمەتی گشتی دروست بکەن. هەروەها ڕەفتارباشی لە ڕوانگەی قوربانیدانەوە پێناسە کراوەتەوە.

## دەرەنجام

تورکیا لە هەوڵی پەرەپێدانی زمانێکی سیاسیی هاوبەش و ڕێدەر (ئینکلوسڤ)دایە بۆ پێناسەکردنەوەی ئایندەی خۆی، نموونە تورکییەکەی "دیموکراسی"ی هەڵبژاردن لەژێر گوشاردایە بۆ بەدیهێنانی تەواوکاریی دەوڵەت و کۆمەڵگە، کە لە سەردەمی کۆماریدا ماوەیەکی زۆر هەوڵی بۆ دراوە. سوپا دەیەوێ پارێزگاری لە بنیاتی دەسەڵاتی تورکیای کۆن (کە باش دەیناسێ) بکا لە کاتێکدا حکومەتی AKP دەیەوێ نموونەکەی خۆی لەبارەی تورکیایەکی نوێ بسەپێنێ. AKP هەوڵ دەدا پرۆژەی نەتەوەسازیی دەسەڵاتگەرای کەمالیزم بوەستێنێ و لەباتی ئەوە فرەکولتووری (مەلتیکەلچەرلیزم) بۆ وڵات بەدی بێنێ -با بە مەسحەیەکی ئیسلامیش بێ- بە مافە سیاسی و کولتوورییەکانی کەمینە کوردییەکەوە. قەیرانەکە لەنێوان ئەو دوو دیدە دژبەیەکەدایە لە تورکیا.

گژبەرییە سەرەکییەکان بریتین لە ڕۆڵی ئیسلام لە کایەی گشتی و پێناسەکردنی "نەتەوە"ی تورکی. ئاکەپە بەرگری لە دارشتنەوەی ڕیشەییانەی وڵات دەکا لەسەر بنەمای فرە-ئەتنی، لەگەڵ ڕۆڵێکی گەورەتری ئیسلام وەک بەستەرێکی نوێ بۆ نەتەوە یان دەوڵەتی تورکی. سوپا، هەروەها سێکتەرە عەلمانییەکانی کۆمەڵگە لە سێبەری فرە-ئەتنی و فرە-ئایینیی میراتی عوسمانی و ئەگەری لێکترازانی دەوڵەتەکە دەترسن.

سەرکەوتنە یەکلاکەرەوەکەی ئاکەپە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧دا نیشانەیەکی جیاکەرەوە بوو لە گواستنەوەی دوورودرێژ و سەرەمڕی تورکیا بۆ دیموکراسی و تۆکمەکردنی. هەڵبژاردنە دیموکراسییەکە و حوکمی پارتێکی سیاسی کە لە بزاڤێکی ئیسلامیی ڕیفۆرمخوازی کۆمەڵایەتی-سیاسییەوە هاتووە، هەم پارادۆکس و هەم بەڵێنە لەپاش سەرهەڵدانی قەیرانە جیهانییەکەی 9/11دا.

لە ڕووی مێژووییەوە شەرعییەتدانی کەمالی بە حوکمی تاکڕەوانە و بێبەشکردنی زۆرینەی خەڵکی نەریتخوازی سوننەی ئەنادۆڵ لە دالانەکانی دەسەڵات، لەسەر بنەمای ئەرکێکی مۆدێرن بۆ کردنی تورکیا بە بەشێک لە شارستانێتیی ئەورووپی دامەزرابوو. بە هەرحاڵ، پارادۆکسی گەورەی سیاسەتی تورکیا لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا، ئەوە بوو کە قارەمانی ئاوێتەبوون لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا و بەهێزکردنی لیبراڵ دیموکراسییەکی عەلمانی AKPی پێشتر ئیسلامی و نەیاری سەرەکییش کەمالیستە بەڕواڵەت غەربزەدەکان بوون.

ئاکەپە دەرکی بەوە کرد کە بەدیهێنانی پێورەکانی کۆپنهاگن بۆ چوونەپاڵ EU باشترین گەرەنتیی پێشکەش بۆ جڵەوکردنی سوپا لە لایەن دەسەڵاتی مەدەنییەوە، ئازادیی ئایینی و تەنانەت چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردیش، گەرەنتی دەکا. بە هەرحاڵ، هەندێ لە نەیاران حکومەتی AKP تۆمەتبار دەکەن بەوەی تەنها وەک تاکتیک و ڕێگەیەک بۆ هەلپڕوکاندنی دەسەڵات لە دەستی دامەزراوەی کەمالی، وابەستەی ئەم ئامانجانە بووە. بەڵام گۆڕانەکان لە کۆمەڵگەی تورکی لە سەروەختی ڕیفۆرمە لیبراڵە ئابووری و سیاسییەکانی تورگۆت ئۆزالەوە لە ١٩٨٠کاندا، لەوە قووڵتر بوون.

ئـــازادکردنی ئـــابووری لـــە ســـێکتەرە ســـەرەکییـــەکـــانی هەناردەکردندا بووە مایەی دەرکەوتنی بۆرژوازیەکی ئەنادۆڵی، کە لای خۆیـەوە لـەڕێی کـارلێکی لـەگـەڵ هێـزە کـولتـووری و ئایدیۆلۆژی و ئابوورییەکانی جیهانگەراییدا، گۆڕاوە. زانایانی سیاسی تێبینییان کرد گەیشتنی تێکڕای داهاتی تاک بە ٦٠٠٠$ پەیوەندیی بەهێزی گۆڕان بەرەو دیموکراسییەوە هەیە.

ئـەم موسـڵمانە تورکییـە نـوێ و دژە-نوخبـەیـە، خـەون و سەرکەوتنە دنیاییەکان لەگەڵ سیمبۆڵ و مومارەسـەکانی هـەم دینـداری و هـەم مۆدێرنێتـە تێکـەڵ دەکـا، کـە بـە شـێوەیـەکـی تایبەت زۆر لە ئەندامانی نوخبەی کۆنی کەمالی تووڕە دەکا. بە پێچـەوانـەی ئـەو جیاکـاریی جێنـدەرییـەی لـە هـەنـدێ ڕژێمـی ئیسلامی وەک عەرەبستانی سعودی و ئێران هـەیە، لـە تورکیا قوتابییە مێینـە بـزۆزە سـەرپۆشبەسـەرەکان ڕێگرییان لـێ کـرا لەوەی ئامادەی زانکۆکان بن، تەنانـەت ژنـانی سـەرۆکوەزیـر و بەرپرسانی تری کابینەی حکومەتیش لە وەزیفە ڕەسمییەکانی دەوڵەت قەدەغە کران... بـەڵام سـەرەڕای ئـەو جـەمسـەرگیرییە توندەی ئێستا لەنێو کۆمەڵگەی تورکیدا هەیە، هێشتا بوارێک بۆ ئومێد ماوە. ژمارەیەکی زۆر لە تورکانی ئایینی و غەیرە ئایینی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و سیاســییەکـــانی ئێـــستایان فۆرمێکـــە لـــە دیموکراســـی و سـیکیولاریزمی لیبـراڵ، کـە گـەرەنتیـی لێبـوردەیـی دووسـەر، هەروەها ئازادیی ئایینی و ئازادی لە ئایینیش دەستەبە بکا.

ئەم جۆرە پـەرچـەکردارە کۆمـەڵایـەتییە جیدییە لـە کایـەی گشتیدا ئەنجامی مومارەسەرکردنی دووبارەی دیموکراسییە و ڕوونـــی دەکاتـــەوە کـــە بـــۆچی پاڵپـــشتی خۆرئـــاوا بـــۆ دێزەبەدەرخۆنەکردنی گواستنەوە دیموکراسییە ئیسلامییەکان

لە شوێنانی وەک جەزائیر و فەلەستین، لە لاوازکردنی ڕادیکالیزمدا هێندە کارەساتئامێزە.

لەم ڕووەوە، سەرکەوتنی گواستنەوەی دیموکراسییانەی تورکیا بایەخێکی گەورەی بۆ ناوچە بەرینترەکەیش هەیە، لەبەر ئەوەی وەک زێدی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وڵاتەکە بۆ ماوەیەکی درێژ پێشەنگی خەبات بووە لەپێناو بەدیهێنانی سەربەخۆیی و گەشەپێدانی سیاسی و سۆسیۆ-ئابووری لە جیهانی ئیسلامیدا. لە ڕاستیدا زۆر لە نەهامەتی و کێشەکان کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان گرفتار کردووە، ڕەگوڕیشەی بنیاتی-سیستەمی هەیە کە بۆ کاتی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی ئیسلامیی عوسمانی دەگەڕێتەوە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم.

سەرکەوتنەکانی براوەکانی جەنگ بۆ ماوەیەکی کورت سەرەتایەکی ئومێدبەخشی لەڕێی ڕیفۆرمی پەرلەمانی و لیبراڵیی ئیسلامی لە دەوڵەتی عوسمانی، میسر و ئێران، هێنایە کایە. لە سەروەختی شکستەکەیەوە، جەوهەری شارستانیی جیهانی ئیسلامی، جیاواز لە هاوشێوەکانیان وەک چین یان هیندستان، خاوەنی دەوڵەتێکی باڵادەست نەبووە کە بتوانێ ڕێگە لە دەستتێوەردانە دەرەکییەکان بگرێ و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی/تەکنەلۆژییانە لەسەر ئاستێکی جیهانی ئەنجام بدات.

## دەرەنجام:
## کۆتایی جووت دەسەڵاتی و زمانی سیاسیی کریۆل

شۆڕشی بێدەنگی تورکیا دوو گۆڕانی بنچینەیی تێدایە. دووەمین بردنەوەی ئاکەپە لە هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی عەبدوڵڵا گیول وەک سەرکۆمار کۆتاییهاتنی جووت سەروەری، یان "حکومەتە هاوتەریبەکان" لە تورکیا پیشان دەدا، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سوپا کەم کرایەوە. جگە لەوە، پەرەسەندنی زمانێکی ئەخلاقیی نوێ لە سیاسەتدا لەئارادایە کە تا ڕادەیەکی زۆر زادەی گوتارە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤە.

ماناکانی دەوڵەت، ناسنامەی نەتەوەیی، سیکیولاریزم و کۆمەڵگەی سیاسی لە ئەنجامی چوار گۆڕانی تێهەڵکێشدا جارێکی تر پێناسە کراونەتەوە.

ئەو گۆڕانانە بریتین لە گۆڕانی: ئابووری (خستنەڕووی مەرجەکانی بازاڕ) + ئایدیۆلۆژی (بەها و ئایدیا ئیسلامییەکان کراونەتە بەها هاوچەرخ) + کۆمەڵایەتی (بەشارییبوون، بڵاوکردنەوەی خوێندنی باڵا و ئاستێکی باڵا لە جۆشدانی کۆمەڵایەتی) + سیاسی (دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی).

ڕیفۆرمە نیو-لیبراڵە ئابوورییەکانی تورگۆت ئۆزال، هەروەها ڕیفۆرمە سیاسییەکان بە سەرکردایەتیی EU، گۆڕانێکی ئایدیۆلۆژییان دەخواست، بەتایبەت لە بواری تەفسیرکردنەوەی ئایدیا و ڕێسا ئیسلامییەکان بەگوێرەی پێویستییەکانی بۆرژوازییە نوێکە. گۆڕانە ئابوورییەکە کاری لە سەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەڵگە کردووە، بەتایبەت گرووپە

موحافیزەکار و کەنارنشینەکان بە بەها و ڕێسای جیاواز لەو بەها و ڕێسای سێکتەرە مۆدێرن (سیکیولار)ەکەی کۆمەڵگە و دامەزراوەی کەمالی[1].

تورکیا لەناو ئەزموونی پرۆسەیەکی دووسەرە، هەروەها هاوزەمانی ئاوێتەبوون و جەمسەرگیریدایە. لە کاتێکدا دوورایی نێوان شار و لادێ لە لایەک و نێوان دەوڵەت و سێکتەرێکی گەورەی جەماوەری موحافیزەکار لە لایەکی ترەوە لەگەڵ پرۆسە دیموکراتییەکەدا کەم بوونەتەوە، کەچی سێکتەرە هەرە سیکیولارەکەی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی بەسیاسیکراوی کوردی هەست دەکەن لە دەوڵەت نامۆ کراون. ئەم دابەشبوونە سۆسیۆ-سیاسییە قووڵە لەنێو کۆمەڵگەدا هێنانەکایەی سازانێکی نیشتمانی ئەگەر مەحاڵیش نەبێ زەحمەتتر کردووە. تورکیا، جیاواز لە زۆر لە وڵاتی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شانبەشانی گۆڕانە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیشی تاقی کردووەتەوە.

گۆڕانی سەرمایەدارانە شەڕی ڕای گشتی لە دژی تەسەوری کەمالی بۆ مۆدێرنیزەکردن، نەتەوە، سیکیولاریزم و بەکارهێنانی دەسەڵات، بردووەتەوە. کەلێنی نێوان بۆرژوازی و باقیی کۆمەڵگە لەمەڕ بەها و ناسنامەکان بەرتەسک بووەتەوە، هەروەها چینی بۆرژوازی لەڕێی پەسەندکردنی بەها و ڕێساکانی EUەوە وەک هێزی سەرەکیی گۆڕانی سیاسی

---

[1] بەپێی گشتگیرترین ڕاپرسی، ژمارەیەکی بەرچاو و ڕوولەزیادی خەڵک "کە ناسنامەی خۆیان یەکەم شت بە موسڵمان داناوە" لە ٣٦% لە ١٩٩٩ بۆ ٤٥% لە ٢٠٠٦ بازی داوە. بەپێی هەمان ڕووپێو ٤١% پشتگیری لە حزبێکی سیاسیی پاشخان ئایینی دەکەن.

Ali Çarkoğlu and Binnaz Toprak, Religion, Society and Politics in a Changing Turkey (Istanbul: TESEV, 2007).

دەرکەوتووە. لەگەڵ سیاسەتە نیولیبراڵە ئابوورییەکانی ئۆزال و ڕیفۆرمەکانی EUدا، مەترسیی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بیرۆکراسیی مەدەنی و سەربازییەوە گۆڕاوە بۆ هاوپەیمانیی مەدەنی، بە سەرکردایەتیی بۆرژوازی.

بۆرژوازییە نوێیەکە ڕۆڵی پشتوێنێکی گواستنەوە دەبینێ لەنێوان سێکتەری موحافیزەکار (ئایینی)ی کۆمەڵگە و ستراکچەرە سیاسیدا کە لە گۆڕاندایە. بیرۆکەکانی بازاڕ لەگەڵ بەها ئایینییەکان هێمان بۆ تەرزێکی نوێی بیرکردنەوە کە هۆشیاریی جەماوەر لەبارەی شەرعییەتی ئەو سیستەمەی هەیە ڕەنگرێژ دەکات. چینی بۆرژوازیی سەرهەڵداو و هێزە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان پێکەوە کار لە شێوەی یەکتر دەکەن، ئەوەیش لای خۆیەوە، پرۆسەی سیاسیی وڵات جارێکی تر پەیکەربەند دەکاتەوە.

## پەیوەندییە سەربازی-مەدەنییەکان: کۆتایی جووت سەروەری

لە سەروەختی چاکسازییەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا، کەمالیزم چوارچێوەیەک بوو بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێی تورکیا، لەڕێی تۆڕە میللییەکانەوە. ئەرکی بنیاتنانی نەتەوە لە لایەن ئەو نوخبە کۆمارییەوە ڕێنوێنی دەکرا. لە ١٩٥٠کاندا سوپا هەوڵی دا شەرعییەت بەسەر سیاسەتی هەڵبژاردندا بەدەست بێنێن بەوەی خۆی وەک "پاسەوان"ی کەمالیزم ناساند. ئەمە بوو بە سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵاتی سوپا و پاساو بۆ دەستتێوەردانە بەردەوامەکانی لە سیاسەتی مەدەنیدا. بەم شێوەیە وەک کەلەپووری ئیسلامی بۆ ئاکەپە چۆنە، کەمالیزمیش بە هەمان شێوە ئایدیۆلۆژیایەکی

پیرۆزی دامەزراوەی سەربازییە. ئەمڕۆ ئەو بیرۆکراسییە مەدەنییەی لە لایەن سوپاوە ئاڕاستە دەکرێ زیاتر بە پاراستنی کەمالیزمەوە پابەندە تا چەسپاندنی دیموکراسی. کەمالیزم بووە بە ئایینێکی نوێ بۆ دەستەبژێری حوکمڕان.

لە تورکیا دەسەڵاتێکی سیاسی (siyasal ikdidar)ی جیاواز، هەروەها پێگەی دەسەڵاتی دەوڵەت (devlet ikdidarı) هەیە، کە ئەمەی دووەمیان شەرعییەتی خۆی لە ڕەفتارکردن وەک "پاسەوان"ی خۆسەپێنی کەمالیزم وەردەگرێ. ئەو کەمالیستانە بە زەروورەت بە تەواوی "باوەڕیان بە کەمالیزم نییە، بەڵام هەر هەموویان ئینتیمایان بۆی هەیە" چونکە سەرچاوەی شەرعییەتیانە.

دامەزرێنەرانی کۆماری تورکیا، مستەفا کەمال و عیسمەت ئینۆنو هەردووکیان ژەنراڵ بوون. ئەوان سوپایان کردە شەریکێکی گرنگ لە دامەزراندن و پاراستنی یەکێتی و عەلمانیبوونی دەوڵەت بە کارنامە و ڕێڕەوێکی ئەورووپییانەوە. لێرەوەیە، سەروەری لە تورکیا هەمیشە لەنێوان ئەوانەی هەڵبژێردراون و ئەوانەی تەعین کراون، وەک دامەزراوەی سەربازی و بیرۆکراسیی مەدەنی، دابەش بووە.

ئەم گرووپەی دوایی دەسەڵاتی زیاتری هەبووە بۆ دانانی کارنامەی پەرلەمان و ئەو یاسایانەی دیموکراسی کە دەکرێ کاریان پێ بکرێ، هەروەها دیاری دەکرد دەنگی کێ بە شەرعی، یان ناشەرعی دابنرێ. لە حکومەتەکانی پێشوودا، ئەوانەی تەعین دەکران، هەرگیز قابیل بە لێپرسینەوە نەبوون لە لایەن گەلەوە و شەرعییەتی خۆیان تەنها لە "پارێزگاریکردن لە ئایدیۆلۆژیای کەمالی"یەوە وەردەگرت. وەک پارێزەرانی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، دەسەڵات و پێگەکانی خۆیان دەپاراست،

هەروەها جگە لە هەندێ شتی تریش، هەوڵیان دەدا حکومەتە هەڵبژێردراوەکە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتدا بهێڵنەوە، ئەویش لەڕێی مانۆڕکردن و بەکارهێنانی میدیا و سوپا و قەزاوە. ئامانجیان پاراستنی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیاکەی بوو لە خەڵک و سیاسییە بە دیموکراسییانە هەڵبژێردراوەکان.

ئەو گرووپە تەعینکراوە خۆی ئەو "ئەرکی بەرگریلێکردن و پاراستن"ـەی کەمالیزمە بۆ خۆی دیاری و فۆرمەلە کرد. ئەوان، ڕێک وەک مەلاکانی ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور (شورای نیگەهبان) Council of Guardians لە ئێرانی دراوسێ، سنوورەکانی حکومەتە هەڵبژێردراوەکەیان دیاری دەکرد. لە ئێران گرووپە تەعینکراوەکان وەک ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور بە ناوی ئیسلامی شیعییەوە پاساو دەدەنە ئەرکەکانیان. لە تورکیا هەمان شت بە ناوی مستەفا کەمال و پرۆسەیەک بە ناوی "بەخۆرئاواییکردن"ەوە پاساو دەدرا. ئەم دەبڵ حکومەتییە بە گۆڕانە دەستوورییەکانیساڵی ٢٠٠٤ کۆتایی هات. ئەم گۆڕانە بە پاڵپشتیی هێزە ناوخۆییەکان کرا، بەتایبەت ئەو هاوپەیمانیەی لەنێوان ئیستەنبوول و بۆرژوازیی ئەنادۆڵنشیندا دروست کرا، ڕووی دا.

دەسەڵاتی سوپا لەبەر دوو ڕووداوی تێهەڵکێش کۆتایی هات. لەگەڵ کودەتا نەرمەکەی ١٩٩٧ لەڕێی جێبەجێکردنی کۆمەڵێ سیاسەتی توند لە دژی گرووپە ئیسلامییەکان و بوونی هێما ئیسلامییەکان لە کایەی گشتیدا، سوپا بنکە جەماوەرییە پاڵپشتەکەی لەدەست دا، کە پاڵپشتیی موسڵمانە

سوننییە دیندارەکان بوو[1]. زیاد لەوەیش، پێوەرەکانی کۆپنهاگن بە ڕاشکاوی داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سوپایان لە بوونی سیاسیی دەوڵەتدا کرد. موسڵمانانی موحافیزەکاری ئەورووپاگومان (یورۆسکێپتیک)ی تورکیا پاش کودەتاکەی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ لە شەو و ڕۆژێکدا بوونە ئەورووپاخواز (یورۆفایل)[2]. زۆر کەس دەیانزانی هێزە ناوخۆییەکان هێز و

[1] بڕوانە: Yavuz, Islamic Political Identity, p. 49.
"سەچاوە دژبەیەکەکانی شەرعییەت لە سوپای تورکیادا تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن ڕۆشنبیرانی تورکیاوە پشتگوێ خراون. سوپای تورکیا خۆی بە نوێکەرەوەی کۆمەڵگەی تورکی دەبینێ و هەوڵ دەدا شەرعییەتی خۆی لە ئەرکی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگە (لەڕێی پرۆسەی بەئەورووپیکردنەوە) و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سیکیولارەوە وەربگرێ. ئەمە لە کاتێکدا جەماوەر سوپا بە پیرۆزترین دامەزراوە دەبینێ بۆ پاراستنی بەها پیرۆزە وەکیەکەکانی تورکەکان: دەوڵەت و ئایین. بێمتمانەیی و ترسێکی زۆر لەنێوان خەڵک و سوپادا نییە. یەکێک لەو هۆیانەی یارمەتیی سوپای داوە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی مۆدێرنیزەکردنی پەیوەندیی بە ڕیشەی ئەو "وێنە" پیرۆزەوە هەیە، کە لە خەیاڵدانی تورکانی ئاساییدا هەیە. سوپا بە ڕێکخراوێکی زۆر جەماوەری و جێمتمانە دەمێنێتەوە، تەنانەت لەناو ئەوانەیشدا کە پێناچی لە کارنامە عەلمانییە ڕادیکاڵەکەیدا هاوڕای بن. سوپای تورکی، پارێزەری سیکیولاریزم، لە ڕووی مێژووییەوە ڕیشەی لەناو شەرعییەتی ئیسلامیدا چەقاندووە. ئامانجی سوپا پاراستنی دەوڵەتە. لەو ڕووەوە وا باوە تورکەکان بوونی دەوڵەت بە مەرجی مانەوەی ئیسلام دەبینن، هەمیشە پاساو دەدەنە هەر کارێک بۆ پاراستنی دەوڵەت بکرێ و بە ئەرکێکی پیرۆزی دەزانن. بۆ نموونە بە هەموو ئەندامێکی سوپای تورکی دەوترێ محەممەدجیک 'mehmetcik' (واتە سەربازی محەمەد). هێزە چەکدارەکان بە دڵی پێغەمبەر OçağıPeygamber دادەنرێن. هەر سەربازێک لە ئەرکەکەیدا بکوژرێ، بە شەهید دادەنرێ و ئەوانەی چوونەتە ڕیزی سوپا پێیان دەوترێ غازی gazi.

[2] Murat Yetkin, “Beni 28 Subat ABci yaptı,” Radikal, June 5, 2005.

توانای پێویستیان نییە بۆ کۆتاهێنان بە دەسەڵاتی سوپا و پێوەرەکانی کۆپنهاگنیان بە تاکە ڕێگە زانی بۆ پاشەکشەپێکردنی دەسەڵاتی سوپا و بەوەیش کردنەوەی ڕووبەری سیاسیی زیاتر بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی، حوکمی یاسا و پاراستنی ئازادییە جەوهەرییەکان.

ئەمڕۆ بە هۆی ئەم پرۆسەیەوە، دەرکەوتنی تورکیایەکی دیموکرات و لە ئەنجامی ئەوەیشدا فراوانبوونی ئازادیی سیاسی دەبینرێ. لە ١٩٩٩ەوە پەرلەمانی تورکیا حەوت پاکێجی چاکسازیی سەرەکی و ژمارەیەک یاسای گونجاندنی بە مەبەستی جێبەجێکردنی پێوەرە سیاسییەکانی کۆپنهاگن بۆ بوونەئەندام لە EU، پەسەند کردووە[1].

تێگەیشتنی دامەزراوەی کەمالی (واتە تێگەیشتنی سوپا) لە دەوڵەت و کۆمەڵگە تا ڕادەیەکی زۆر بەسەر دەستووری ١٩٨٢دا زاڵە. فەلسەفەی سەرەکیی دەستوور زیاتر گێڕانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و پاراستنی دەوڵەت بوو لە دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییەکانی کۆمەڵگە، تا ئەوەی پاراستنی مافە مەدەنییەکان و بەهێزکردنی کۆمەڵگە بێ لە بەرانبەر دەوڵەتدا. دەستوورەکە هەموو ڕێگەیەکی بەکارهێنا بۆ گێڕانەوەی هێزی دەوڵەت. ماف و ئازادییەکان لە ڕوانگەیەکی بەرتەسکەوە دیاری کران. زیاد لەوەیش دەستوور لەڕێی هێنانەکایەی

[1]Bertil Emrah Oder, "Enhancing the human face of constitutional reality in Turkey through accession partnership with the EU," in Bertil Duner (ed.), Turkey: The Road Ahead? (Stockholm: The Swedish Institute of International Affairs, 2002), pp. 72–104.

"ناوچە پارێزراوەکان"ەوە دەسەڵاتی سوپای بەهێزتر کرد، هەروەها گەرەنتیی بەهێزی دەرچوونی بۆ ڕژێمە سەربازییەکە مسۆگەر کرد. لێرەوەیە دەستوورەکە حەوت جار هەموار کراوە (لە ١٩٨٧، ١٩٩٣، ١٩٩٥، ١٩٩٩ دوو جار، ٢٠٠٤) کە لە نزیکەی سەرجەم هەموارکردنەکاندا مافە تاکەکەسییەکان بەهێز کراون و دەسەڵاتی دەوڵەت بەگشتی و سوپا بەتایبەتی سنووردار کراوە.

بە هۆی پێویستییەکانی بوونەئەندام لە EU پەرلەمانی تورکیا نۆ پاکێجی چاکسازی تێپەڕاندووە کە بە "یاساکانی گونجاندن (هارمۆنیزەکردن)" "harmonization laws" ناسراون. پاکێجی سەرەکی لەبارەی مافە بنچینەییەکان لە ٢٠٠١دا پەسەند کرا کە ڕێبازی مافە بنچینەییەکانی بە تەواوی گۆڕی بە: لابردنی سەرجەم قەیدەکانی سەر ئازادی و ئاسایشی شەخسی، تایبەتمەندیی ژیانی تاک، نهێنیبوونی پەیوەندیکردن، ئازادیی نیشتەجێبوون و گەشت، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی ڕۆژنامەوانی، مافی دادگەییکردنی دادپەروەرانە، هەروەها سزای لەسێدارەدانی لە چەند جۆرێکی دیاریکراوە تاواندا سنووردار کرد.

بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەی "زمانی قەدەغەکراو بە یاسا" لە ماددەی ٢٦دا، کە لە دەستووری ١٩٨٢دا هەبوو لە دژی بەکارهێنانی زمانی کوردی (کە زمانی دایکی قسەکردنی ملیۆنان خێزانە لە تورکیا) هاوکات دەرگای لە بەردەم پەخشکردن بە زمانی کوردی، هەروەها ئازادیی ڕێژەیی لە بەکارهێنانی زمانەکەدا والا کرد. لە ٢٠٠٢دا ماددەی ٣١٢ی تایبەت بە یاسای سزاکان Penal Codeی هەموار کرد کە "هاندانی خەڵک بۆ دوژمنایەتی" لەڕێی قسەکردن و

نووسینەوەی سزا دەدا و سنووورداری کرد لە "دروستکردنی مەترسی بۆ سەر سیستەمی گشتی". لە ۲۰۰۳ پاکێجەکە "تاوانەکانی بیر"ی هەڵوەشاندەوە.

گرنگترین هەموار کە ئامانجی بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بووە لە ساڵی ۲۰۰٤دا پەسەند کرا کە یاسایەکی بەتەواوەتی نوێ بوو (ژمارە ٥٢٣١) تایبەت بە کۆمەڵەکان. ئەمە پێشکەوتووترین یاسای تورکیایە تایبەت بە کۆمەڵەکان و نزیکەی سەرجەم بەربەستەکانی بەردەم پێکهێنان، بەشداریکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییە داراییەکانی لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات هەڵگرت. ئەوانە هەنگاوی گەورە بوون لە ئازادکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چاودێریی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ڕێگەی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان واڵا کرد تا کارنامەی تایبەت بۆ خۆیان دابنێن. بە هەرحاڵ، گرنگترین گۆڕانی یاسایی لە پەیوەندییە مەدەنی-سەربازییەکاندا ڕووی دا.

سوپا بە هۆی ڕۆڵی تەقلیدیی خۆی وەک دامەزرێنەر و پاسەوانی کۆمارەکە و پارێزەری پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن لە تورکیا، وەک جێمتمانەترین دامەزراوە دەمێنێتەوە. زیاد لەوەیش، گەندەڵیی بەربڵاوی سیاسییە مەدەنییەکان، تۆڕەکانی زانیارییە نویکانی سوپا، هەروەها سەرکەوتنە بینراوەکانی لە شەڕ لە دژی PKK، لە سەرەتای ۱۹۹۰کاندا پێگەیان بەهێز کرد. لێرەوە، دیموکراسیی تورکی هەمیشە لەژێر سێبەری دەسەڵاتی سوپادا کاری کردووە.

تەنانەت پاش ئەو هەموو گۆڕانەیشدا، پەیوەندییە مەدەنی-سەربازییەکان بە تەواوی لەگەڵ وەک دۆخی ئەو پەیوەندییە لە دەوڵەتانی ئەندام لە EU نییە. زۆر لە شرۆڤەکاران پێیان

وایە کێشەی گەورە زیاتر لای سیاسییە مەدەنییەکان دەبێ تا سوپا. بە هۆی پرۆسەیەکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تایبەت و چوار دەستتێوەردانی سەربازییەوە (١٩٦١، ١٩٧١، ١٩٨٠ و ١٩٩٨) سیاسییە مەدەنییەکان هەست دەکەن ناچارن بەر لەوەی هیچ بڕیارێک لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ، یان دەرەوە بدەن، پێویستە ڕەزامەندیی سوپا بەدەست بێنن. لە کاتی یەکەمین جلەووەرگرتنیەوە، سوپا کۆمەڵێ ئیمتیازی گرنگی بۆ خۆی داناوە، لەوانە دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (NSC)، کە ڕێگە بە سوپا دەدا تا سیاسەتەکانی حکومەتە مەدەنییەکە ئاڕاستە و ڕەنگڕێژ بکا.

دەستووری ١٩٦١ سەرۆکی ئەرکانی گشتی لە وەزارەتی بەرگریی نیشتمانییەوە گواستەوە بۆ نووسینگەی سەرۆکوەزیران. ئەمە باری هەرەمیی سەرۆکی ئەرکانی گشتیی گۆڕی. پاش کودەتاکەی ١٩٧١ سوپا دادگەی بالای ئیداریی سەربازیی تایبەت بە خۆی دامەزراند تا بڕیارەکانی لەدەست دادگە مەدەنییەکان ئازاد بکا. دەسەڵات درابووە دادگەکانی ئاسایشی دەوڵەت بۆ بەکارهێنانی ئەفسەرانی سوپا بۆ تاقیکردنەوەی تاوان دژ بە ئاسایشی دەوڵەت. زیاد لەوەیش، خەرجییەکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە پێداچوونەوەی قەزایی لە لایەن دیوانی چاودێریی داراییەوە (Say⊥stay) هەڵاوێر (ئیستیسنا) کرا. فراوانکردنی گەورەی ئیمتیازاتەکان بە هاتنی دەستووری ١٩٨٢ ڕووی دا. سەرۆکی کودەتاکە –سەرۆکی ئەرکانی گشتی- بە ڕیفراندۆمێکی دەستووری بوو بە سەرۆکی وڵات. ئەگەرچی دەستوور دەسەڵاتی داوەتە پەرلەمان کە سەرۆک هەڵبژێرێ، بەڵام ماددەی کاتیی ١ ئیستیسنایەکی کردووە بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی

سەرۆکی کودەتا بۆ ماوەی ویلایەتێکی حەوت ساڵی دەبێتە سەرۆک.

ئەرکی سەرەکیی ژەنراڵ ئەڤرین ئەوە بوو قۆناغی گواستنەوە بۆ حکومەتی مەدەنی ببڕێ، هەروەها دەستووری ١٩٨٢ بپارێزێ. دەستوور بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرپەشتیی دەوڵەت، کە دەزگایەک بوو دەسەڵاتی پێ درابوو، بڕیار لە یاساییبوون (یاخود یاساییبوون)ی بەڕێوەبردن بدا، نووسینگەی سەرۆکی بەهێز کردبوو.

دەستوور پێکهاتەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی NSC ی گۆڕی، ئەویش بە زیادکردنی ئەندامانی سوپا لە ئەنجوومەنەکە، هەروەها زاڵکردنی بڕیارەکانی NSC بەسەر کابینەی حکومەتدا. بەگوێرەی ماددەی ١١٨ی دەستوور:

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەرۆکوەزیران، سەرۆکی ئەرکانی گشتی، وەزیرانی بەرگریی نیشتمانی، کاروباری ناوخۆ و کاروباری دەرەوە، فەرماندەکانی هێزی وشکانی و دەریایی و ئاسمانیی سوپا و فەرماندەی گشتیی ژاندرمە، بە سەرۆکایەتیی سەرکۆمار، پێک دێ... ئەنجوومەنی وەزیران پێویستە ئەولەویەت بدا بە لەبەرچاوگرتنی بڕیارەکانی NSC کە پەیوەندییان بەو هەنگاوانەوە هەیە، بە گرنگ زانراون بۆ پارێزگاریکردن لە بوون و سەربەخۆیی دەوڵەت، یەکپارچەیی و لێکنەترازانی وڵات، هەروەها ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە.

نۆ یاساکەی هارمۆنیزەیشن (گونجاندن) ژمارەیەک لە ئیمتیازاتەکانی سوپایان هەڵوەشاندەوە. ساڵی ١٩٩٩ قازیی سەربازی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەت لابرا. ڕیفۆرمی ٢٠٠١ گۆڕانی گەورەی لە ماددەی ١١٨دا کرد، کە NSC ڕێک

دەخا. گۆڕانە نوێیەکان پێکهاتەی NSCیان گۆڕی ئەویش بە زیـــادکردنی جێگـــری ســـەرۆکـــوەزیـــران و وەزیـــری داد و زیادکردنی ژمارەی ئەندامە مەدەنییەکان . زیاد لەوە، ئەرکی NSCیش سەرلەنوێ دیاری کرایەوە: "NSC تێڕوانینی خۆی دەربارەی ئەو بڕیارە ڕاوێژکاریانەی دەرکراون پێشکەش بە ئـەنجوومـەنـی وەزیـران دەکـات و گـەرەنتیـی هاوئاهـەنگیـی پێویست سەبارەت بە فۆرمەلەکردن، بڕیاردان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی نیشمانیی دەوڵەت دەکا...". بەم شێوەیە، بەم گۆڕانە، بڕیارەکانی NSC لاواز کران و کۆبوونەوەکانی NSC بۆ دوو مانگ جارێک کەم کرانەوە.

یاسایەکی نوێ لەبارەی NSC (ژمارە ٤٩٦٣) کە لە ئابی ٢٠٠٣دا چـووە واری جێبـەجێکـردن، کۆمـەڵێ گۆڕانکـاری لـە پەیکەر و ئەرکەکانی NSCدا پێشکەش کرد. لە یاساکەداNSC وەک دەزگایـــەکـــی ڕاوێژکـــاری پێناســـە کـــراوە. ئیمتیـــازی هـــەڵاوێرکردنـــی خـــەرجییـــەکـــانی ســـوپا لـــە کـــۆنترۆڵکردنی قەزاییانەی دیوانی چاودێریی دارایی لە حەوتەمین پاکێجی دیموکراتیزاسـیۆندا لـە ٢٠٠٤دا هـەڵـوەشـێنرایەوە. لـەگـەڵ شـەشـەمین پـاکێجی هـارمۆنیزەکردنـدا لـە ٢٠٠٣، نوێنـەرانـی NSC لـە دەسـتەی سـەرپـەرشـتیی سینەمـا، ڤیـدۆ و میوزیـک لابران. لەگەڵ هەموارکردنە دەستوورییەکەی ئایاری ٢٠٠٤دا نوێنەرە سەربازییەکە لە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا (YÖK)یش لابـرا. ئایـا ئـەو هـەمـوو گۆڕانـە یاسـاییانە مانـای کۆتاهـاتنی هـەژمـوونی سـوپا دەگـەیـەنـن؟ ئایـا هـەڵـوەشـاندنەوەی ئیمتیازاتـەکـانی سـوپا مانـای دیمـوکراتیزەکردنـی سیاسـەت دەگەیەنێ؟

به هۆی ڕۆڵی سوپا له دامەزراندنی کۆمارەکە و هەڕەشە ئەمنییە دەرەکییەکان له دژی یەکێتیی وڵاتەکە، سوپا بووەتە "دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا" به مەبەستی پاسەوانیکردنی دەوڵەتە نەتەوەییە سیکیولارەکە و یەکپارچەیی وڵات. بەگوێرەی وردترین و گشتگیرترین ڕاپرسیی گشتیی کارکئۆغلو Çarkoğlu و تۆرپاک Toprak، له سەدا پەنجاونۆی خەڵک پاڵپشتی لەو دیدە دەکەن کە سوپا "هەرکات بە زەرووری بزانێ دەتوانێ ڕەخنه له حکومەتە مەدەنییەکە بگرێ"[1].

لەو ڕووەوە سەرچاوەی دەسەڵاتی سوپا یاسایی نەبووە، بەڵکو زیاتر کۆمەڵایەتی-مێژوویی بووە، ئەم گۆڕانە یاساییانە مانادارتر دەبن ئەگەر گۆڕانێک لە کولتووری مەدەنی-سەربازیدا هەبوایە. لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕۆڵی ئاڕاستەکردن ئێستا له سوپاوە گوێزراوەتەوە بۆ بۆرژوازییە نوێیەکە. هێزە نوێیەکەی گۆڕان له تورکیا چیتر سوپا نییە، بەڵکو بۆرژوازیی پێگەیشتووە. چینی نوێی ڕۆشنبیران که له لایەن بۆرژوازییەوە پاڵپشتی دەکرێن و لە دەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت کار دەکەن، ڕۆڵێکی گرنگ له پرۆسەی داڕشتنەوەی زمانی سیاسی لە تورکیادا بەگوێرەی گوتارە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئابووریی بازاڕ، دەبینن. بەکورتی، خەڵک چیتر ژێردەستە نین، بەڵکو ملکەچی چارەنووسی تایبەتی خۆیانن. چیتر نایانەوێ له لایەن دەوڵەتەوە پێناسە بکرێن، بەڵکو لەباتی ئەوە هەوڵ دەدەن ئەوان دەوڵەت پێناسە بکەن. تورکیا بەدوای عەقدێکی کۆمەڵایەتیی تازەدا دەگەڕێ له دەرەوەی فەلسەفەی گشتیی چەقبەستووی کەمالی. لەم پرۆسەیەدا زۆر گرنگە ڕۆڵی ئایین و سوپا سەرلەنوێ دیاری بکرێتەوە. بڕیارەکانی

[1]Çarkoğlu and Toprak, Religion, p. 102.

ئەم دوایییەی دادگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە یەکێتیی ئەورووپی چوارچێوەیەکی بۆ ئەم عەقدە کۆمەڵایەتییە نوێیە لە کۆمەڵگەی تورکیادا پێشکەش کردووە، ئەویش بە پێداگرتن لەسەر سروشتی عەلمانییانەوە کۆمارەکە لە بەرانبەر ئەگەری ئەسلەمەکردنی دەوڵەتەکەدا، لە هەمان کاتدا ئازادییە سیاسییەکان و مافەکانی تاک فراوان دەکا.

## زمانێکی سیاسییانەی نوێ

دووەم گۆڕانی گەورە کە ڕووی دا، تەسەورێکی نوێیە بۆ مانای زاراوە سیاسییەکان لە تورکیا کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە (بەڵام لەوانەدا قەتیس نەبووە): مانای سیاسەت، نەتەوە، سیکیولاریزم، ئەخلاق و دەوڵەت. ئایدیاکانیش هاوشێوەی چینە ئابوورییە تازەدەرکەوتووەکە ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی تورکیایەکی نوێدا گێڕاوە. بۆرژوازییە تازەکە پاڵپشتیی ماددیی پێویستی دەستەبەر کرد تا ئەو ئایدیایانە بخاتە بواری جێبەجێکردن. پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە هەمان کاتدا چیرۆکی پاڵپشتیی ئەم چینە نوێیە و توانایەتی بۆ گواستنەوەی فیکرەکانی بۆ گۆڕەپانە سیاسییەکە. ئەم چینە سەرەتا پاڵپشتیی پارتی ڕەفای کرد، نەخشەی گۆڕانێکی لەناو پارتەکەدا دروست کرد و سەرەنجام سەری لە پاڵپشتیکردنی پلیتی گیول-ئەردۆگانەوە دەرچوو. لە ئەنجامی کارلێکی نێوان ئابووری و سیاسەت و ڕۆشنبیران، زاراوە سیاسییەکان لە تورکیا پێناسە کرانەوە.

مانای چەمکەکانی نەتەوە، دەوڵەت، سیکیولاریزم، بەخۆرئاواییکردن و ئاسایش سەرلەنوێ بەگوێرەی شەپۆلی نوێی جیهانگەرایی و لەوەیش گرنگتر، خواستەکانی پێوەرەکانی

کۆپنهاگن پێناسە کرانەوە. بە هەرحاڵ، گرنگترین شۆڕش لەسەر ئاستی مەعریفی ڕووی داوە. بە پاڵپشتیی دامەزراوەییانەی EU گرووپە نوێکانی بەرژەوەندی دەیانەوێ ئازادییە بنچینەییەکانیان مسۆگەر بکەن و پارێزگاری لە مانا نوێکانیان بکەن.

گۆڕانێکی تری گەورە سەبارەت بە پێناسەی دەوڵەت وا ڕوو دەدات. دەوڵەت هەمیشە مانایەکی نیمچە پیرۆزی هەبووە، نەتەوەی تورکی و بیروباوەڕی ئیسلامیش بۆ خزمەتکردنی دەوڵەت پەیدا بوون. ئەم فیکرەیە گۆڕاوە و ئیتر دەوڵەت وەک کۆمەڵە دامەزراوەیەک تەماشا دەکرێ بە مەبەستی خزمەتکردنی گەل و پاراستنی سیستەمە بەهاییەکانی کۆمەڵگە.

هەوادارانی ئاکەپە نایانەوێ حزبەکە خۆی لە ڕوانگەی نیگەرانی و پێویستییەکانی ناوەندە سیاسییەکەوە خۆی پێناسە بکا. ئەوان بەها جەوهەرییەکانی ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەیان سەرلەنوێ پێناسە کردووەتەوە و داوا دەکەن حزبەکە ناوەندە سیاسییەکەیش سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە. لە تورکیا سیاسەت هەمیشە وەک ئامڕازێک بۆ بڵاوکردنەوەی بڕیارە بیرۆکراسییەکان بۆ خەڵک مامەڵەی لەتەکدا کراوە، نەک وەک ئامڕازێک بۆ گوزارشتکردن لە خواست و داواکانی کۆمەڵگە. لەبەر ئەوە گفتوگۆ سیاسییەکان لە تورکیا هەمیشە تەرکیزیان کردووەتە سەر پاراستن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەوڵەت بە درێژکراوەی نەتەوە لەقەڵەم دراوە. پەندێکی باوی تورکی دەڵێ: "خوا دەوڵەت و نەتەوە بپارێزێ" (Allah devlete ve millete zeval vermesin). بۆ نموونە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەوە چاودێریی چالاکییەکانی دەوڵەتیان نەکردووە، بەڵکو زیاتر لە

ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەوە کردوویانە. ئەگەرچی سیاسەت وەک ململانێ لەنێوان هێزەکانی مۆدێرنێتە و فەندەمێنتالیزمی ئایینی خراوەتە ڕوو، بەڵام ئامرازێک بووە بەدەست نوخبەوە کە تێیدا پرۆسەی فڕێدان (ئێکسکلوژن) لە سیستەمەکە و ڕێدان (ئینکلوژن) بۆ ناو سیستەمەکەی ئەنجام داوە. ئەوە عەدنان مەندرێس و تورگۆت ئۆزال بوون یەکەم جار هەوڵیان دا پێناسەی سیاسەت بکەنەوە بەوەی ئامرازێکە بۆ بەهێزکردنی گەل لەبەرانبەر دەوڵەت. لە ئەنجامی باڵادەستیی هێزەکانی بازاڕ و سەرهەڵدانی بۆرژوازیی نوێ، ئەردۆگان "سیاسەتی بازرگانانە" (tüccar siyaseti)ی پێشکەش کرد، ئەویش بە جەختکردن لە بازاڕ وەک مۆدێلێک بۆ سیاسەت و کۆمەڵگە.

بە لای ئەردۆگانەوە یەکخستنی هێزی کۆمەڵگە بریتییە لە پرۆسەی گەشەی ئابووری کە چاوەڕوان دەکرێ ئاستی گوزەران باشتر بکات و یارمەتیی هێنانەکایەی سیستەمێکی ئەخلاقیی نوێ دەدات.

## ئەخلاقی بازرگانی

لە ئەنجامی بازاڕاندنی کۆمەڵگەی تورکی، گۆڕانێکی گەورە لە ئەخلاقی بیرۆکراسییەوە بۆ ئەخلاقی بازرگانی پەیدا بووە. تا ئەم دواییە، ئادابی گشتی لە لایەن عەقیدەی کەمالییەوە دادەنرا کە لە گوتارەکانی مستەفا کەمالەوە سەرچاوەیان دەگرت، بەتایبەت لە نوتوک Nutuk[1]. لێرەدا هەستێک هەیە بە

[1]Aysel Morin, “Crafting a Nation: The Mythic Construction of the New Turkish National
Identity in Atatürk’s Nutuk,” unpublished PhD dissertation, University of Nebraska, 2004.

"یەکەمین ئەرک" بەرانبەر دەوڵەت و نەتەوە. ئەم یەکەمین ئەرکە بە خزمەتکردن لە ڕیزەکانی سوپادا ئەنجام دراوە. بە خزمەتی سەربازی کوڕەکان دەبنە "پیاو" و "ڕۆڵەکانی نەتەوە". خۆشەویستیی وڵات، شەرەفی نیشتمانی، سەربەخۆیی، بەرەودان بە بەرژەوەندیی گشتی و قوربانیدان لە بنەما سەرەکییەکانی ئەخلاقی گشتیی کەمالین. مرۆڤی تورک ئەو کەسەیە دەوڵەت و نەتەوەکەی خۆش دەوێت، ئەویش بە قوربانیدان بە بەرژەوەندییەکانی لەپێناو بەرژەوەندیی وڵاتەکەیدا. لە گوتاری گشتیدا، نەتەوە هەمیشە یەکسان کراوە بە سوپا و ئاکارەکانی سوپا کراونەتە ئاکارە جەوهەرییەکانی نەتەوە.

دووەمین بەردی بناغەی گرنگی ئەم ئەخلاقە گشتییە، شەڕکردن بووە لە دژی دوژمنە ناوخۆیی (گرووپە خێڵەکی، ئەتنی، تایفی و ئایینییەکان) و دەرەکییەکان (هێزە ئیمپریالییە ئەورووپییەکان)ی دەوڵەت و نەتەوە. ئامانج پەیڕەوکردنی شێواز و کردەوە ئەورووپییەکان بووە بە مەبەستی بوون بە وڵاتێکی شارستانی. لەبەر ئەوە ئەخلاقی کەمالی لەسەر بەرهەڵستیی دووسەرەی نێوان دواکەوتن لە بەرانبەر پێشکەوتن، تایبەت لە بەرانبەر گشتی، ئایینی لە بەرانبەر عەلمانی، ئوممە لە بەرانبەر نەتەوە، دامەزراوە. هەوڵی دەدا خەڵکانی ئایینپەروەر بە کۆنەپەرست و دوژمنی دەوڵەتی نەتەوەیی سیکیولار و مۆدێرن پیشان بدا.

لە گوتاری کەمالیدا دوو تێڕوانینی ڕکابەر بۆ ئەورووپا هەیە. تێڕوانینی یەکەم بە ئەورووپا سەرسامە، دووەمیشیان پێی پەستە. وێنەی یەکەم سیکیولار و مۆدێرنە و خۆی لە کاریگەریی ئایین دابڕیوە. ئەم تێڕوانینە سیکیولاریزم بە ڕێگە،

یاخود میکانیزمی بەئەورووپیکردن دادەنێ. لە وێنەی دووەمدا ئەورووپا کۆلۆنیالیست و فراوانخواز و مەسیحی و چاوچنۆکە.

کەمالییەکان چاندنی ئیسلامێکی لیبراڵ و بناغە ئایینی-عاتیفییەکەی کۆمەڵگەی تورکییان فەرامۆش کرد. گوتارە نەتەوەییەکەیان یارمەتیی دروستکردنی کولتوورێکی گشتیدا لە ئیکسکلوژن و تەنانەت ڕق لەوانەی گژبەریی پێناسەی ڕەسمیی نەتەوەیان دەکرد.

کەمالیستە سیکیولارەکان لە دامەزراندنی کۆمەڵێ دامەزراوەدا تەواو سەرکەوتوو بوون، بەڵام نەیانتوانی بناغەیەکی شیلگیری میعیاری (ئایینی یان فەلسەفی) بۆ حوکمڕانی پێشکەش بکەن. کەمالیزم نەیتوانیوە شێوەیەک لە بیرکردنەوەی جیددی و ڕەخنەلەخۆگرانە لای تاک دروست بکا، بەڵکو زیاتر داوای لە خەڵک کردووە "گوێڕایەل و ملکەچ بن" بۆ ئەو فەرمانانەی دەوڵەت بە ناوی پێشکەوتنەوە دەریدەکردن. هیچ دەرفەتێک بۆ بیرۆکەیەک لەبارەی ژیانێکی ناوخۆیی an inner life یان خۆخوێندنەوە نەبووە بۆ بەرهەمهێنانی هاووڵاتییەکی چالاک، کە بۆ کولتوورێکی دیموکرات پێویست بوو. نوخبە و موریدەکانی سیستەمی کەمالی پێیان وا بوو ئەوە بەرپرسیارێتیی ئەوانە ئیدارەی دژیەکییە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگە بکەن.

بە هەرحاڵ، ئەخلاقە نوێکان زیاتر تائیفی و کەمتر وێنای گشتی بوون بۆ ئەخلاق. بیرۆکەی جەوهەری لەو ئەخلاقە بازرگانییەدا، دەوڵەمەندبوون و بەرجەستەکردنی توانا شاراوەکانی هەر کەسێکە، تا ئەوەی بوونە بەشێک لە کۆمەڵێکی گەورەتر بێ.

ئەخلاقە نوێیەکەی کار، هەروەها چەمکی کاری قورس لە ئەنجامی گۆڕانە ستراکچەرییەکان لە کۆمەڵگەی تورکیا لە پەرەسەندندایە. تۆڕە ئیسلامییەکانی وەک تەریقەتە سوفییەکان و کۆمەڵەی نوور ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیستەمێکی سەرمایەداری بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەخلاقە نوێکانی کاردا، دەگێڕن. بزاڤە ئیسلامییە هاوچەرخەکان لە تورکیا، لە داهێنانی سیستەمێکی ئەخلاقیی نوێدا کە هەڵوێستی لە سەرمایەداری capitalism دۆستانەیە، تەنها گوێزەرەوە نین، بەڵکو شۆڕشگێڕانەیشن. مرۆڤ لێرەدا تەنیا گۆڕانی ناوخۆیی ئیسلام نابینێ، بەڵکو هاوکات ئەوەیش دەبینێ کە چۆنچۆنی ئەم گۆڕانە ناوخۆییە یارمەتیی دروستکردنی مانایەکی نوێیان بۆ کۆمەڵێ تۆڕ و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، هەروەها کردەوەی تایبەت داوە، کە لەسەر مانایەکی نوێ بۆ دیسپلین و ڕزگارکردن لەڕێی قازانجەوە، دامەزراوە. ئەکتەرە ئیسلامییەکان دەیانەوێ بە کاریگەریی ئایینەوە دزە بکەنە ناو هەموو لایەنێکی ژیان، تا سەرلەنوێ جیهان دابڕێژنەوە.

کاتێ هێزەکانی بازاڕ قووڵ دەبنەوە و ئەرکی چاودێریی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت ڕوو لە کزی دەکا، تۆڕە ئایینییەکان تاکە ئەکتەرن متمانەی پێویست و زانیاریی زیاتر بۆ دەستاودەستکردنی شمەک و ئایدیا پێویستەکان دەستەبەر بکەن. بە هۆی ئەم گۆڕانە هەیکەلییانەی نیو-لیبرالیزمەوە، زۆر باوەڕدار ناچار بوون یان دڵگەرم بوون کە ئەقڵیان بەکار بێنن بۆ هێنانەکایەی زمانێکی نوێ، لەباتی شوێنکەوتنی دابونەریتە کۆنەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گژبەرییە تازەکان.

خەسڵەتی سەرەکیی جێبەندە لیبراڵییە نوێیەکە بەدامەزراوەبوونی پرنسیپی کێبرکێ بوو لەناو هێزە ئابووری، ئایدیا، سیستەمی پەروەردەیی، ناسنامە و بەتایبەت سیستەمە

ئەخلاقییە کۆن و نوێکاندا. ئەم ژینگە کێبڕکێئامێزە دەرفەتی بۆ شێوە ژیانێکی ئیسلامی ڕەخساندووە بۆ کێبرکێ لەگەڵ شێوە ژیان و سیستەمە ئەخلاقییەکانی تر.

لە ڕوانگەی زمانە ئەخلاقییە نوێکەوە، بەناو موسڵمانبوون بەس نییە، مرۆڤ دەبێ ببێتە موسڵمانێکی خاوەن هۆشیاریی سیاسی و کۆمەلایەتی لەڕێی بەکارهێنانی ئەقڵی خۆی بۆ برەودان بە کۆمەڵێ پرنسیپی ئەخلاقیی پاشخان ئیسلامی، تا بتوانێ ڕووبەڕووبوونەوەی گژبەرییە نوێکان ببێتەوە.

کۆدە ئەخلاقییە بازرگانییەکە جەخت لە پاشەکەوتکردنی زیاتر و بەدەستهێنانی زیاتر دەکا، هەروەها تێگەیشتنە کۆنەکە لە "بەکەمڕازیبوون" و بایەخدان بە عیبادەت دەخاتە لاوە. جگە لەوە، یاسا ئەخلاقییە نوێکە بزنسمانەکان هان دەدا لە ڕووی شێوە ژیان و چێژەوە، لەگەڵ باقیی کۆمەڵگە ئاوێتە و هاوئاهەنگ بن، تا ئەو دابەشبوونە نەهێڵن کە لەنێوان دەولەمەندانی ئیستەنبوولنشین و باقیی کۆمەڵگەدا هەیە. زیاتر بەرەو ئەوە دەچێ ئەخلاقێکی کۆمەڵگەیی و لە دەرەوە سەپاو گرنگتر بێ، تا ئەخلاقێکی لە ناوەوە بەرهەمهاتوو. ئەم کۆدە ئەخلاقییە نوێیە لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزراوە کە پێویستە گۆڕان بە ئاڕاستەی ئەخلاقێکی تاکپەسەند بێ تا ئەوەی لەسەر بناغەی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەیی بێ. ئەم باوەڕە ناوەکییەی تاکەکان یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو ئەخلاقانەی پشت بە خۆجلەوکردن دەبەستن. جیهانی ناوەکیی تاکەکان بە گۆڕانێکی گەورەدا تێپەڕ دەبێ لە ڕووی بەئەقڵانیکردنی باوەڕی ئایینی و بەئامرازکردنی ئەخلاق بۆ دروستکردنی "بەهەشتێک" لێرە و هەر ئێستا.

**وێناکردنەوەی نەتەوایەتی**

لە پرسی پێناسەکردنەوەی نەتەوایەتیدا تورکیا ڕووبەڕووی کێشەیەکی تر بووەتەوە، واتە: گرژیی نێوان پلورالیزم و دیموکراسیی لیبراڵ لە لایەک و فیکرەی کۆماری (کەمالی) لەبارەی نەتەوایەتی لە لایەکی ترەوە.

لە گوتاری کەمالیدا سەرجەم ئەوانەی هاووڵاتیی تورکیان، تورکن، بە هەردوو مانای ئەتنی و نیشتمانییەکەی. دەوڵەت ئامرازی جۆراوجۆری بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی ئەم نەتەوە وێناکراوە چ بە قایلکردن بێ یان بەزۆر. ئەمەیش پێویستی بە مەرکەزیکردنی دەسەلاتی سیاسی کردووە، بەتایبەت لە بواری سیستەمی پەروەردەدا. لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە حزبە دەوڵەت-سەنتەرەکان سەرجەمیان پاڵپشتییان لە ئیدارەیەکی مەرکەزی کردووە تا بتوانێ بەدەم پرسەکانی مۆدێرنیزەکردن و پلانی ئابووری و بنیاتنانی نەتەوەوە بچێ. تەنها لە سەردەمی ئۆزالدا تورکیا ئاستێک لە لامەرکەزییەتی بەخۆوە بینی، هەروەها لەگەڵ هاتنی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵەکان و پرۆسەی بەئەندامبوونە لە EUدا، پرۆسەیەکی لەسەرخۆی بە لامەرکەزیکردن لە سێکتەرە جیاوازەکانی دەوڵەت، وەک حکومەتەکانی شارەوانی و پەروەردە و چاودێریی تەندروستی و پلاندانانی ئابووریدا ڕوو دەدا.

لە ٢٠٠٠کاندا، گوتاری کۆمارییانەی کەمالی لە کاردانەوەیدا بۆ بە لامەرکەزیکردن و خواستە ناسنامەییەکانی کوردەکان، سیاسەتی فرە کولتووری وەک هەڕەشەیەک بۆ یەکێتی و سەوەریی نیشتمانی لەقەڵەم دا. تایبەتاندنی کەرتی پەروەردە بە لای زۆر لە کەمالییەکانەوە وەک پرۆسەیەک بۆ

لەبەریەکهەڵوەشاندنی تەسەوری کۆماری بۆ نەتەوایەتی دەبینرێ. ئەمە هەروەها هۆیەکی سەرەکییشە کە بۆچی زۆر لە کەمالییەکان دژی پرۆسەی EUن، کە وەک لەدەستدانی سەروەریی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی EU دەکەن و هەوڵ دەدەن بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی و سەروەری بکەن لە دژی هێزەکانی جیهانگەرایی و مەلتی کەڵچرالیزم (فرە کولتووری). لە ڕاستیدا کۆمارگەرایی کەمالی کە جەخت لە "یونیڤێرسالیزم و هاووڵاتیبوون" دەکا، ناتوانێ دان بە کەمینەکان یان مافەکانیاندا بنێ، بەتایبەت هیی "ئەوی تر"، واتە کوردەکان. بە بڕوای سوپای تورکی، یەکێتیی نیشتمان و یەکپارچەیی خاکی تورکیا پشت بە لێکنەترازانی نیشتمانی و یەکگرتوویی دەبەستێ. لە ڕوانگەی کۆمارییەوە، پرسی کورد تورکیا و یەکێتییەکەی دەخاتە مەترسی. پرۆسەی EU چوارچێوەیەک بۆ گەنگەشەکردن لەبارەی ناسنامە، سەروەری، نەتەوایەتی، کەرامەت و لێبوردەیی بەرانبەر جیاوازییەکان دەستەبەر دەکا. پێویستە پرسی سەرپۆش (پەچە)یش لە هەمان ڕوانگەی جیاوازییەوە ببینێ.

لێرەوەیە، ئەمڕۆ لێکنزیکبوونەوەی هەندێ هێزی ڕاست و چەپ لەسەر پرسی یەکگرتوویی نەتەوە و لەدەستدانی سەروەری دەبینرێ. نە لایکییەکان و نە ناسیونالیزمی کەمالی چیتر لەسەر پرنسیپەکانی کۆمارەکە کۆک نین. هەردووکیان زیاتر بوونەتە ناوچەی جێناکۆک کە شەڕیان لەسەر بکرێ.

لە ڕوانگەی کەمالییەوە، داوا ناسنامەییەکانی کورد و عەلەوی و ئیسلامییەکان هەڕەشەن بۆ نەتەوە و پێویستە کایەی تایبەتدا ئیحتیوا و لاتەریک بکرێن. هەرچۆن بێ، پێویستە کەمالییەکان بزانن ئەو خواستە ناسنامەییانە ڕەگ و

ڕیشەی قوولّی سۆسیۆ-ئابوورییان هەیە و ناتوانرێ بە ئاسانی لە ژیانی ناوخۆییدا حەسر بکرێن.

لە کاتێکدا کەمالیزم لە ١٩٢٠ و ١٩٣٠کاندا ئایدیۆلۆژیایەکی ئازادیخوازانە بوو، لە ماوەی چەند دەیەیەکدا فۆرمێکی تاکڕەوانەی ڕوو لە زیادی لەخۆ گرتووە بە هۆی هەست بەنائەمنیکردنە تایبەتەکانی لەبەر تیشکی ڕاستییە سۆسیۆ-سیاسییەکانی تورکیادا. ئێستا ئیتر کاتی ئەوەیە عەقدی کۆمەلاّیەتی لە تورکیا نوێ بکرێتەوە. پێویستە کۆمەڵگەی تورکی جارێکی تر بیر لە بیرۆکەکانی نەتەوایەتی، هاوولاّتیبوون و کایەی گشتی بکاتەوە بۆ ئەوەی بەسەر قەیرانی ئێستادا زاڵ ببێ.

دەگونجێ ددان بە گرووپە کولتوورییەکان و گەڕانی تاکەکان بەدوای کەرامەت لەناو چوارچێوە کولتوورییە تایبەتەکەی خۆیدا بنرێ مادام ئەمە هەستیارییە هاوبەشەکانی گوتاری مافەکانی مرۆڤ و شەرعییەتی دەولّەت پێشێل نەکات. بۆ ئەم ئامانجە، یان هەر ئامانجێکی تر دیالۆگ و قەناعەتپێکردن تاکە ڕێگەن بۆ بنیاتنانی سازان و عەقدێکی کۆمەلاّیەتیی نوێ. ئەوانەی ناسنامەی ئەتنیی کوردیی هاوبەشیان هەیە، دەکرێ پابەند بن بەوەی هەم تورکی بن (بە مانا مەدەنییەکەی) و هەم کوردی (بە مانا ئەتنییەکەی). ئەگەر زەحمەت بوو سازانێک لەسەر ناسنامە مەدەنییە تورکییەکە بەدی بێ، پێویستە جارێکی تر لە ئەگەری ناسنامەیەکی "موسلّمانی سیکیولار" وەک بەستەرێکی کۆمەلاّیەتی تاقی بکرێتەوە، ڕێک وەک ڕۆڵی ئیسلام لە بۆسنە یان لە مالیزیا (ئەگەرچی ئەو مۆدێلە جیاکاری دەکا لە دژی کەمینە

ناموسڵمانەکانی وەک جوولەکە و ئەرمەنی و گرووپی تا ڕادەیەک گەورەی مولحیدان لە تورکیا).

بە هەرحاڵ، بە لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی بەعەلمانیکردن لەنێو دەستەبژێری کوردیدا، بوونی ناسنامەیەکی ئیسلامیی سیکیولار ئەگەرێکی قورسە. لێرەوە ئێمە پێویستە چوارچێوەیەک بۆ سیاسەتی ددانپێدانان دابنێین کە داوای ددانپێدانان و سەلماندنی داوا ناسنامەییە کوردی و عەلەوی و ئیسلامییەکان ببەستێتەوە بە ئامانجی گێڕانەوەی ڕێزی خود و کەرامەتی ئەو ناسنامە لەدواییەکانە[1]. نابێ ئەم ددانپێدانانە سەربکێشێ بۆ لێکترازانی کۆمەڵگەی نیشتمانی و بەتایبەت بۆ پرۆسەی بەلوبنانبوون. پێویستە شێوەیەک لە شێوەکانی مۆدێلە مەدەنییە ئەورووپییەکان (بۆ نموونە ناسیونالیزمی مەدەنیی فەرەنسی، یان تەنانەت سویسری) بکرێتە ئامانج.

تۆ بڵێیت پێشنیارەکەی کیملیکا پەیوەندییەکی بەو کێشەوە هەبێ کە ئێمە لە تورکیا ڕووبەڕووی دەبینەوە[2]. ئەو پێی وایە دوو جۆر کۆمەڵگە هەیە کە تاکەکان ئینتیمایان بۆیان هەیە: کۆمەڵگەی سیاسی (تورکی)ی هاووڵاتییان + کۆمەڵگەی کولتووریی (کوردی و باقیی کەمینەکانی تر) کە تێیاندا خەڵک دەتوانن بە زمان و دابونەریت و باوەڕی خۆیانەوە بژین مادام هەستیارییە هاوبەشەکان و مافەکانی ئەوانی تر پێشێل نەکەن. بۆ زۆر لە تورکەکان ئاسان نییە دەستبەرداری پرنسیپە کۆمارییەکانی سیکیولاریزم و یەکسانی لە بەردەم یاسا و

---

[1]Charles Taylor, “The Politics of Recognition,” in Amy Gutman, ed., Multiculturalism (Princeton: Princeton University Press, 1994), pp. 25–73.

[2]Will Kymlicka, Liberalism, Community and Culture (Oxford: Clarendon Press, 1989), p.135.

هاووڵاتیبووندا ببن. بەم شێوەیە، پێویستە لە تورکیا پلوزالیزمێکی کۆمارییانە و لێبوردەییەکی لیبراڵانە بێتە کایە، کە ڕێگە بە دداننان بە ناسنامە ئەتنی و ئایینییەکان بدات، شانبەشانی سەلماندنی تاکایەتیی لیبراڵی کە ڕێگە بە هاووڵاتییان دەدا سنوورە پێناسەییەکان ببڕن و لەناو پێناسە ڕێژەییەکانی "خود"دا دەرگای لێ دانەخرێ.

تەنها بەم ڕێگەیە ئایدیالە عوسمانییەکان سەبارەت بە سۆلیداریتیی کۆمەڵگەیی و لێبوردەیی دووسەرە لە لایەک و ئایدیالی کۆماری سەبارەت بە هاووڵاتیبوونێکی یەکگرتووی نیشتمانی یەکسان لە بەردەم یاسادا، سەرەنجام ئاشت ببنەوە.

## زمانی سیاسیی کریۆل

لە تورکیا زمانێکی سیاسیی "کریۆل"ی نوێ وا دەردەکەوێ لە ئەنجامی ژمارەیەک خاڵی لاوازی بنچینەیی لە گوتاری عەلمانییەتی کەمالیدا[1]. شەڕی چەمکەکان لەنێوان ئیسلامیزم و سیکیولاریزمدا تەواو نەبووە. لەم ساڵانەی دواییدا دیموکراتیزەکردن و گەشەپێدانی ئابووری بوونەتە مایەی بەهێزبوونی هێزی ئیسلامی لەسەر حسابی سیکیولاریزم.

گرووپە ئیسلامییەکان ئەم سەرکەوتنەیان لەڕێی خۆگونجاندن و میانڕەوکردنی هەڵوێستەکانیان بەرانبەر عەلمانییەکان و پەسەندکردنی گوتاری مافەکانی مرۆڤەوە کردووە. گرنگترین پەرەسەندن ئەوەیە عەلمانییەکان لای خۆیانەوە بە شێوەیەکی ڕوولەزیاد گوتاری ئیسلامی بۆ بەرگریکردن لە ئایدیا و ناسنامە عەلمانییەکەیان بەکاردێنن.

---

[1]9 Sheri Berman, "Islamism, Revolution and Civil Society," Perspectives on Politics, 1:2 (June 2003), 257–272.

ئەم پەرەسەندنە بووەتە هۆی گۆڕانێکی گەورەی زمان لە توركیا بۆ هێنانەكایەی زمانێكی گشتیی پاشخان ئیسلامیی بەهێز بۆ گفتوگۆی سیاسیی شەرعی.

ئەگەرچی لە توركیا هێشتا سیكیولاریزم لە كایە گشتییەكاندا باڵادەستە، بەڵام ئیسلام زیاتر لە پێش ١٩٩٧ لە كۆمەڵگەدا هەژموون پەیدا دەكا. هەڵكشانی زمانی ئیسلامی بۆ ئاستی باڵادەستی دەرەنجامێكی لاوازبوونی كۆمەڵگەی مەدەنییە. گرووپە ئیسلامییەكان لەناو كۆمەڵگەی مەدەنیدا بەهێزتر دەبن، ئەم دیاردەیەیش لای خۆیەوە لە گۆڕەپانە سیاسییەكەدا ڕەنگی داوەتەوە.

هێشتا زۆر زووە جەخت لە سەركەوتنی بزاڤە ئیسلامییەكان بكەینەوە، ئەگەرچی دزەیان كردووەتە ناو سەرجەم توێژاڵەكانی كۆمەڵگە و هەندێ كەرتی دەوڵەت بە گوتارە باڵادەستەكەیانەوە. ئاوێتەبوونێكی گەورە، بەڵام پلەبەپلە، لەنێوان زمان و كردارە ئایینی و سیكیولارەكاندا هەیە. فۆرمێكی نوێ لە زمانی سیاسی لە پەرەسەندندایە. ئەم زمانە نوێیە نە عەلمانییە و نە ئیسلامی، بەڵكو تەوفیقی و كریۆلە "creole". زمانە سیكیولارەكە هێشتا بەسەر سوپا و قەزا و خوێندنی باڵادا زاڵە، بەڵام وا هەژموونی خۆی لە كۆمەڵگەی مەدەنیدا لەدەست دەدات.

دەوڵەت، وەک گرامشی دەڵێ، چیتر بە هەژموون حوكمڕانی ناكا (گوتاری سیاسیی كەمالی بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی سیكیولار)، بەڵكو زیاتر ناچار دەبێ بۆ پارێزگاریكردن لە شەرعییەت و باڵادەستیی خۆی، زمانی ئیسلامی تەوزیف بكا.

تورکیا لە دووڕیانێکی یەکلاکەرەوەدایە لەگەڵ سێ ئاڕاستەی دارشتنەوەی پەیکەریدا: دەرکەوتنی بۆرژوازیی ئیسلامی + فراوانبوونی کایەی گشتی + هۆشیاریی نوێ سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ. ئەم گۆڕانە میحوەرییانە لە گۆڕینی زمانی سیاسیی وڵات بە شێوەیەکی ڕیشەیی بەردەوام دەبن. ڕۆڵی هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٧ لە دیاریکردنی ئاڕاستەی وڵاتەکە لە سەدەی بیستویەکەمدا لەڕێی جۆشخواردنی زیاتر لەگەڵ بەجیهانیکردن و بەئەورووپیکردندا، سەرەکی بوو.

بە هەرحاڵ، سیاسەتە دژە تورکییەکانی هەندێ گەورە وڵاتی ئەورووپی و ئەنجامە نێگەتیڤەکانی جیهانگەرایی ڕێی تێدەچێ بەرهەڵستییەکی ناوخۆیی دروست بکا و تورکیا بەرەو وڵاتێکی داخراو بەسەرخۆ سەرەولێژ بکاتەوە. سەرەڕای پێشکەوتنی دیموکراسییانەی بەرچاوی تورکیا لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەهێزکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکاندا، هێشتا سوپا دامەزراوەیەکە کە لە هەر سیاسییەک یان پارتێکی سیاسی جێمتمانەترە. خەڵک هێشتا سوپا بە پارێزەری ڕەهای سیکیولاریزم و/یان سەقامگیری دادەنێن. بەم شێوەیە، ململانێ لەسەر زمانە سیاسییە نوێیەکە، شەڕێکە لەنێوان سێکتەرە جیاوازەکانی گرووپە سەربازی و مەدەنییەکان و هاوسۆزانیاندا بەڕێوە دەچێ. جگە لەوەیش، سازان لەسەر زمانێکی سیاسیی هاوبەش و مانای ناسنامە، بەبێ ڕەزامەندیی سوپا نایەتە دی.

هەر شێوەیەک لە شێوەکانی ڕێککەوتن بۆ بەهێزکردنی دیموکراسی، پێویستە نیگەرانییەکانی سوپا لەبەرچاو بگرێ. لە

هەمان کاتدا پێویستە سوپایش خۆی لەگەڵ ڕاستییە نوێکانی سیاسەتی تورکیدا بگونجێنێ.

بە لەبەرچاوگرتنی بەدگومانیی نێوان سوپا و AKP بەرانبەر نیازەکانی یەکتر و گەڕانی ئاکەپە بەدوای شەرعییەتی زیاتر لە واشنتۆن لەسەر حسێبی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی تورکیا، ئاستەمە بتوانرێ بیر لە بەهێزکردنێکی ئاشتییانەی دیموکراسی بکرێتەوە ئەگەر سوپا قایل نەکرێ و هەندێ حەوافیزی بە مەبەستی کشانەوەی لە کایەی سیاسی، نەدرێتێ. سوپا هیچ سازانێک پەسەند ناکا ئەگەر پرنسیپە دامەزرێنەرەکانی کۆمارەکە –ئایدیالەکانی کەمالی لەبارەی دەوڵەتی نەتەوەیی سیکیولار و جیاکردنەوەی مزگەوت لە دەوڵەت– ڕێز نەگیرێن.

ئاکەپە حزبەکانی تر نابێ سوپا بئالۆسکێنن بە دروستکردنی نیشانەی پرسیار لەسەر هیچ کام لەو جۆرە پرنسیپە دامەزرێنەرانەی کۆمارەکە. لە هەمان کاتدا پرۆسەی جیهانگەرایی ناڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیا لەڕێی دابەشکردنی سەروەری (واتە دەسەڵات) لەگەڵ باقیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان. سوپا و باقیی گرووپە نەتەوەییەکانی تر بە نابەدڵی و پلەبەپلە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی دەوڵەتی نەتەوە و فۆرمێکی نوێ بۆ سەروەری قبوڵ دەکەن.

دێبەیت لەسەر سیکیولاریزم (ڕۆڵی ئایین لە کایەی گشتی و سنووری نێوان کەرتی تایبەت و گشتی)، بەسیاسیکردنی قەزا، هەروەها گرژیی نێوان سوپا و حکومەتی مەدەنی هەرهەموویان دەرەنجامی کێشە بنیاتییەکانی تورکیان.

سەختترین گژبەری کە ئەمڕۆ وڵاتەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، خواستە سیاسییەکانی ناسیونالیزمی کوردییە.

تورکیا لە ناوەندی ململانێیەکی گەورەدایە لەسەر دەسەڵات لەنێوان هێزی فرەکولتووری و هێزی نەتەوەگەرای هەژمونخوازدا. ئەم ململانێی دەسەڵاتە لەسەر پرسە هەستیارە کوردی و ئیسلامییەکان دەکرێ. شەڕ لە دژی PKK بووەتە گرنگترین چەک بەدەست هێزە ناسیونالیستەکانەوە بۆ گومان خستنەسەر شەرعییەت و لابەندیی AKPی دەسەڵاتدار. گرووپە ناسیونالیستەکان هێزە سیاسی و مەدەنییەکانیان لە دەوری پرسی کورد و لە دژی حکومەتی ئاکەپە ئاڵاندووە، هەروەها وەک هێزی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی ڕەفتار دەکەن لەڕێی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی حکومەت. لە ئەنجامی ئەم هەڵکشانەی ناسیونالیزمی تورکی، پارامێترەکانی کایەی سیاسی لە ڕوانگەی نیگەرانییە ئەمنییەکانی دەوڵەتەوە، پێناسە کراونەتەوە.

کایەی سیاسی دەکرێ بە ئاسانی بچێتە یەک، هەروەها سیاسەت تەنها لە ئیدارەکردنی ئاسایشی سیکیولاریزم و یەکێتیی نیشتمانیدا کورت بکرێتەوە. لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٧ـەوە زمانی ڕۆژانەی سیاسەت بووەتە تۆمەتبارکردنی یەکتر و تانەدان لە لابەندی و ڕەگوریشەی ئەتنیی یەکتر، هەروەها تۆمەتبارکردن بە خزمەتکردنی دەوڵەتانی بێگانە.

لەگەڵ هەڵکشانی بۆرژوازییە تازەکەدا دیمەنی تەسەوریی کۆماری تورکیا لەژێر گۆڕاندایە. ئەم گۆڕانە تەنها بریتی نییە لە بەرهەمهێنانی مۆدێرنێتەیەکی شکستخواردوو یان ئەنجامی "ئایینیبوونێکی تازەدۆزراوە"، بەڵکو دەرەنجامێکی سەرکەوتنی

مۆدێرنێته و گەڕانە بەدوای ناسنامە، دادگەریی کۆمەڵایەتییە بەتایبەت سیستەمێکی نوێی ئەخلاقیدا.

ئەم گۆڕانە دوو ئاڕاستەی پێچەوانە دەخوازێ: ١- هەڵکشانی هۆشیاری سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و ئارەزووی زیاتر بۆ ئینديماج لەگەڵ پرۆسەی جیهانگەرایی و ٢-هەڵکشانێکی ڕادیکالانەی ناسیونالیزمێکی دەوڵەتیی کۆنەپەرستانە، بەتایبەت پاش دواین بەشی ٢٠٠٤. ئەم شێوە نوێیەی ناسیونالیزمی تورکی کە بە ulusalcılar ناسراوە، خۆی بە هەڵگری ئەرکی "پاراستنی نیشتمان و دەوڵەت" لە دژی هێزە دژە سەنتەرەکانی نەژادی کوردی و ناسیونالیزمە ئایینییەکان دەناسێنێ.

لێرەوە ژمارەیەک هۆی هەیکەلی هەن بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ناسیونالیزمی ئایینی و ئەتنی بۆ هێنانەکایەی تورکیایەکی ئارامتر و دیموکراتتر، هەروەها ئەگەر ئەو هێزە هەیکەلییانە بە شێوەیەکی شیاو مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ، دەشێ سەربکێشێ یان بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی وڵاتەکە، یان بۆ جەمسەرگیریی زیاتری کۆمەڵگە لەسەر بنەما ئەتنی و ئایینییەکان.

قەیرانە سیاسییەکە هەڵبەز و دابەز دەکا تا ئەوکاتەی هاووڵاتییانی تورکیا زمانێکی سیاسیی هاوبەش بۆ زاڵبوون بەسەر ترسەکانیان و بنیاتنانی تورکیایەکی نوێ لەڕێی پرۆسەی دیموکراسی و مومارەساتە لیبراڵەکانەوە، دەدۆزنەوە. یەکێک لەو گژبەرییە گەورانەی سوپا ڕووبەڕووی دەبێتەوە خۆ گونجاندنیەتی لەگەڵ ئەم تورکیا نوێیەدا. تورکیا تازە سەرهەڵداوەکە لەسەر سێ بنەما دامەزراوە: هەوڵ دەدا سیکیولاریزم وەک سەرچاوەیەکی گرژی و جەمسەرگیری لە

کۆمەڵگەدا نەهێڵێ، ئەویش لەڕێی جارێکی تر دیاریکردنەوەی مانا و ئەرکی سیکیولاریزمی تاکڕەو + دەیەوێ کۆمەڵگەی سیاسی زیاتر لەسەر بناغەی میراتی جیهانی cosmopolitan ی عوسمانی پێناسە بکاتەوە تا لەسەر چەمکی ناسیونالیزمی ئەتنی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد + هەروەها دەیەوێ دەوڵەتێکی دیموکرات، کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز، هەروەها ڕۆڵێکی کەمتری سێکتەری گشتی لە ئابووری و سیاسەتی ناسنامەی نیشتمانیدا هەبێ.

بنیاتنەرانی ئەم تورکیا مەلتیکەڵچراڵ و دیموکراتە نە سوپا و نە نوخبەی بیرۆکراتن، بەڵکو بازرگانەکانی ئەنادۆڵ، چالاکوانە کوردەکان، بزاڤە ئیسلامییە نوێکان و تایفەی عەلەوین. سەرکەوتوو بن یان نا، ئەم ماوە ڕاگوزەرەی ئێستا، مژدەی ئەوە دەدا کە لە گرنگیدا بۆ وڵات هاوشێوەی گرنگیی ماوەی نێوان ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و گەشەی کۆماری کەمالی بێ.

# زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

| | ناوی کتێب | نووسین | وەرگێران |
|---|---|---|---|
| ٨١٢ | سلێمانییەکان (کۆمەڵەچیرۆک) | فاروق هۆمەر | |
| ٨١٣ | شوناسی عێراق ململانێی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان | شێرکۆ کرمانج | |
| ٨١٤ | کوردەکان و وڵاتی کوردەواری | مێجەر شێخ عەبدولواحید | ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی |
| ٨١٥ | گفتوگۆ لەگەڵ کافکا | گوستاف یانۆخ | کەریم پەرەنگ |
| ٨١٦ | فەلسەفەی هونەر | د. محەمەد کەمال | |
| ٨١٧ | دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت | ناتاشا ئێزرۆ . ئێریکا فرانتز | د. بایەزید حەسەن عەبدوڵڵا |
| ٨١٨ | دۆستۆیڤسکی | هێنری ترۆیا | حەمەکەریم عارف |
| ٨١٩ | یادەوەرییەکانی ژێرزەوی | فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی | رەووف بێگەرد |
| ٨٢٠ | گەران لەنێوان واقیع و خەیاڵدا | عەتا قەرەداغی | |
| ٨٢١ | وێرانەپیاو | عەبدولعەزیز بەرەکە ساکن | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٢ | وەرگێران | میشل ئۆستینۆف | فەرشید شەریفی |
| ٨٢٣ | رەهەندەکانی حەسەن زیرەک | عادل محەمەد | |
| ٨٢٤ | ئەنتوان چیخەف | دانا رەئووف | |
| ٨٢٥ | ستایش | سان ژۆن پێرس | د. موحسین ئەحمەد عومەر |
| ٨٢٦ | ریکلام و پەیوەندیی گشتی و بازارکردن | د. بەهادین ئەحمەد محەمەد | |
| ٨٢٧ | دیموکراسی و یەکسانی | ئێریک کیسلاسی | حەمە رەشید |
| ٨٢٨ | کوژرانی کابرای کتێبفرۆش | سەعد محەمەد رەحیم | سەباح ئیسماعیل |
| ٨٢٩ | شاعیرە کوژراو و ستەملێکراوەکانی سەردەمی ئیسلام | حەسەن بارام | |
| ٨٣٠ | گەرانەوە بۆ ماڵ | ولیەم سارۆیان | فاروق هۆمەر |
| ٨٣١ | قانوونی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ | | ئاسۆ کەریم |
| ٨٣٢ | ئۆزدەمیر و کورد | ئەحمەد باوەر | |
| ٨٣٣ | رێبازی دیکتاتۆرەکان | ئیتاتسیۆ سیلۆنی | عەبدولخالق یەعقووبی |
| | | | |
| | | | |
| | | | |